وەزارەتی مەعاریف یارمەتیی داوە بۆ لەچاپدانی

دیوانی

مەولەوی

گۆکردنەوەو ، لێکۆلینەوەو
لێکدانەوەو ، لەسەرنووسینی :

مەلا عبدالکریمی مدرس

پێشنوێژو خوتبەخوێنی مزگەوتی نەحمەدی
وە مامۆستای خوێندنگای شێخ عبدالقادری گەیلانی
لە بەغدا

بەغدا ـ چاپخانەی (النجاح)
١٣٨٠ هـ ١٩٦١ م


بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين

والصلاة والسلام على سيدنا محمد وآله وصحبه أجمعين

سەرەتا

لە کوشی ئەم کوردەواریەی ئیمەدا گەلی ئەدیبی پایەبەرز پەروەردە بوون کە بە گویرەی سەردەم و ریوشوینی خویان هیچیان لە ئەدیبانی بەناوبانگی ولاتانیتر کەمتر نەبووە ، بەلام کەمیان بویان هەلکەوتووە لەگەل مردنیانا ناویان کویر نەبیتەوە و نیشانەیەکیان لەپاش بەجیبمینیو هەوالیکی کەمو کورتیان بزانری .

دوستی خوشەویستم (سید علاالدینی سجادی) توانیویە بە هەر زەحمەتیك بووە ناوی کومەلیك لە شاعیرەکانی کوردستان کوبکاتەوە لە میژووەکەیدا ، بەلام سەرگوزەشتەی تەنها چەند کەسیکیانی دەس‌کەوتووە ، ئەوانەیش زوربەیان لەم سەردەمانەی دواییدا ژیاون .. ئاخو ئەوانەی کە نە ناویان ماوەتەوە و نە نیشانیان گەیشتبنە چەندصەد کەس ؟ مەگەر هەر خوا خوی بزانی ! لە خوالیخوشبوو (شیخ علاالدینی بیارە)م بیست فەرمووی کە مەولەویم بیست وتی جاریکیان بە سەفەر چووم بو (قەلای جوانرو) لەوی کتیبیکی (شیرینو فەرهاد)ی ناتەواوم دی لە تاقیکا کەوتبوو ، کە تەماشام کرد زور لە لام شیرینو ناسك بوو ویستم بە شیعری خوم تەواوی بکەم ، وەدەستم کرد بە نووسینو چەند شیعریکم نووسی ، پاشان کە بەراوردم کرد لەگەل شیعری ئەسلی کتیبەکە هینەکانی خومم ئەوەندە بە ناتەواو هاتە بەرچاو شەرمەزار بووم و دەسم لە نووسینو تەواوکردنی کتیبەکە هەلگرت .. ئیستاش ئیمە نازانین ئەو شیرینو فەرهادە کام شیرینو فەرهادەو دانەرەکەی کییە کە ئەوەندە هونەرمەند بووە مەولەوی خوی لە عاستیا بە هیچ نەزانیوە .

هوی ونبوونی سامانی ئەدەبیمان بە پیی تیگەیشتنی من چەند شتە ، یەکەم : هیرشی زوری لەشکری بیگانە بو سەر ولاتەکەمان کە بووە بە هوی فەوتانی زور خیزانو ویرانبوونی گەلی شوینو لەناوچوونی گەلیك کتیبخانەو کتیبی نایاب . دووهەم : نەخویندەواریی خەلکی ولاتو نرخ دانەنانیان بو ئەدەبو پاشماوەی دیرینمان . سەهەم : بیقیمەتیی ئەدەبی خومالی لە

بەرچاوی زوربەی گەورەکانمانا کە زمانی کوردیان بە زمانیکی سووک و بی‌بایەخ دائەناو لایان‌وابوو ئەبی هەر چاویان لە ئەدەبیاتی زمانانی دراوسی بی .

ئەمروش کە ئەو هوبانەی زوو تا رادەیەکی زور لەناوچوون ، لام‌وایە هوی گەورەی زیندوو نەبوونەوەی سامانی ئەدەبی‌ی کونمان بریتی‌یە لە بی‌پەیوەندی‌و لەیەکنەگەیشتنی ئەو کوردانەی کە بە شیوەی جیاجیا قسە ئەکەن ، وە لە کەمی‌ی چاپخانەو هوی بلاوکردنەوەو بازار دەس نەکەوتن بو هەموو جورە چاپەمەنی‌یەکی کوردی لە هەموولایەکی کوردستانا .

* * *

یەکیك لەو ئەدیبە بەرزانەمان کە سەردەم‌و شوینی ژیانیان وانەبوە بە زووپی ناوونیشانیان کویر بکاتەوە (سید عبدالرحیمی تاوەگوزی)یە کە زانایەکی بەرزی ئایینی‌و سوفی‌یەکی بی‌گەردو شاعیریکی بی‌هاوتا بووە ، وە هەلبەستە پرشورەکانی لە بەشیکی گەورەی کوردستانا بووە بە ویردی سەرزوبانی هەموو ئەدەب پەروەریك‌و خاوەنی هەستیکی ناسك . وردی‌و ناسکی‌و سوزی غەزەلیاتی مەولەوی لە هەموو کوریکی ئەدەبیدا ناوبانگی دەرکردووە . ئەوەی لە شیعری مەولەوی گەیشتبی بە ناچاری گیرودەی دلگیری‌ی مەعنای بووە . بویە شیعری مەولەوی خوی گەیاندووەتە هەر کوریکی ئەدەبی ، وە لە دیوەخانی هەر گەورەیەکی ئەدەب پەروەری کوردا لە لای ژوورووەوە جی‌ی خوی کردووەتەوە ، وە ئیستاش ناوی مەولەوی لە هی هەر شاعیریکی‌تری کورد زیاتر بەسەر زمانی گەلەوەیەو خویشی لە زوریان زیاتر مانی خوی وەرگرتووە . ئەمراستی‌یە بەشیکیشی ئەگەریتەوە بو ئەو پەیوەندی‌یە بەتینەی کە مەولەوی لەگەل خوالی‌خوشبووان (شیخی سراج‌الدین)و (شیخی بهاءالدین)و (شیخی ضیاءالدین) بوویەتی کە ئەوانیش خاوەنی گەورەترین خانەقاو خویندنگای ئایینی بوون لە سەردەمی خویانا لە کوردستانا وە مەنسوبیان لە هەموولایەکیدا بووە ، وە خویندنگاو خانەقاکانیان فەقی‌و سوفی‌ی لە زوربەی ناوچەکانی کوردستانەوە تیابووە . ئەمەش بووە بە هوی ئەوە شیعری مەولەوی زوربەی ناوچەکانی کوردستان بگەری . جگە لەوە کە سەردەمی ژیانیشی پیشکەوتووتر بووە لە سەردەمی یەکیکی وەك (بیسارانی) و (سەیدی) کە لەگەل پایەی بەرزی شیعری‌یشیانا هیشتا ناوبانگیان لە دەرەتانیکی تەسك دەرنەچوە .

شـــاعیری خوالیخوشبوو (حاجی توفیقی پیرەمیرد) وەختی خوی. هەنگاویکی دلسوزانەی نا کە ژمارەیەکی زوری لە پارچە شیعرەکانی مەولەوی. کوکردەوەو وەریگرایە سەر شیوەی سلیمانیو (أصل) و (روح)ەکەی لە. دوو بەرگا بلاوکردەوە .. منیش دەمیکە خـەریکی کوکردنـەوەی شیعری. مەولەویم و ئەیانتوسمەوە . تا لەم دوایيەدا توانیم بەری ئەو رەنجی چەند. ساڵەیەم بکەم بەم کتیبە ، وە بو بەجیهینانی هەندیك لـە واجبی سەرشانم. بەرامبەر ئەدەبی نەتەوایەتیمان پیشکەشی خویندەوارانی کوردی بکەم .. لەم. کتیبەدا بو ئاسانی هاتووم پارچە هەلبەستەکانم بە پیی تیپەکانی (ئەلفو بی). ریکخستووە لەسەر بنچینەیی تیپی یەکەمی یەکەم شیعری هـەر پارچە. شیعریك ، وە بە گویرەی ئەوەی کە دیومە نووسراوە یا لە شارەزایانم بیستووە. هوی دانانی هەندیکیانم باسکردووە ، وە مەعنای ئەو وشانەم لیداوەتەوە کە. بە ئاسانی نازانرین یا تەنها هەر لە شیوەی شیعری کونمانا بەکارهینراون . وە. ئەگەر مەعنای شیعریك تەنها بە لیکدانەوەی مەعنای وشە گرانەکانی نەزانری ، پوختەی مەعنای ئەو شیعرەشم لیداوەتەوە . وە ئەگەر مەعنای چەند شیعریك. بەسرابی بە یەکەوە ، مەعنای هەموویانم لە ئاخر شیعریانا پیکەوە لیداوەتەوە .

لە کوکردنەوەی ئەم شیعرانەی مەولەویدا یارمەتیم لە گەلیکەس دیوە. وەك جەنابی (سید طاهری هاشمی) لە (دەولەتئاوا) و (حسن فهمی بەگی. جاف) و (حاجی حیدری کورەزای محمودی یاروەیس) و (شیخ احمدی. شیخ صدیقی نیرگسەجار) و (مەلا کریمی دەلەمەری) و (مەلا کریمی گولپی) و (فەقی رشیدی هەمەوەند)و چەندکەسیتر کە یا دیوان یا چەند پارچە شیعریکی. مەولەویان لابوو بویان ناردمو بەراوردم کرد لەگەل ئەوەی لام هەبوو ، وە چیم نەبوو نووسیمەوە ، یان یارمەتیی ئەدەبیی ترم لیوە دین لـە بارەی. مەولەویەوە . سوپاسیکی گەرمی ئەم زاتانە ئەکەم ، وە بە تایبەتی جەنابی. (سید طاهر) کە کەلکیکی زورم وەرگرت لە نامیلکە فارسییەکەی کە لە بابەت. مەولەویو شیعری مەولەویەوە بوی نووسیبووم ، وە جەنابی (حسن فهمی. جاف) کە کەشکولە شیعریەکەی خوا لیخوشبوو (محمود پاشا)ی باپیری. دایە لام . هەروەها ئەبی سوپاسی ئەدیبی بـەرزی کورد خوا لیخوشبوو (رفیق حلمی)یش بنووسم کە کتیبەکەی خویندەوە ، وە هەندی سرنجی وردی.

پیشان دا ، وه بریار بوو سەرەتای بو بنووسی ، بەلام مەرگ مولەتی نەدا .

دیوانی مەولەوی بە دەسنووس ، جگە لەو زاتانەی کە وتم یارمەتی‌یان داوم ، لای گەلی کەسی‌تریش هەیە ، بەلام من هەرچەند هەولمدا نەمتوانی دەسیان خەم . وەك زانیومە لای بەگزادە جافەکانی (کەلار)و لای منالەکانی (شیخ رسولی گومەتەی قەرەداغ)و لای شیخانی (شاقەلا) لە (سەرشیوی سەقز)و لای سەیدەکانی (لون)یش هەیە . وەك بیستوومە نوسخەی سەیدەکانی (لون) هوی دانانی غەزەلەکانیشی لی‌نووسراوە . نامەی زورم بو هەموو ئەوانە نووسی بو داوای شیعری مەولەوی ، بەلام وەرامم لە کەسیانەوە دەسگیر نەبوو . هەروەها لامۆایە کومەلە شیعری مەولەوی لای سەیدەکانی (باینچو)یش هەبی ، بە نیشانەی ئەوە کە لە سەرەتای ماموستایما لە خویندنگای خانەقای (بیارە) خوا لی‌خوش‌بوو (أمین‌السادات باینچویي)یش لەوی‌بوو زوربەی شیعری مەولەوی‌ی لەبەر بوو ، وە مەعناکانی باش ئەزانین‌و ئەیزانی کەی وە لە چ موناسەبەتیکا دای‌ناون . داخی گرانم ئەو روژە هەرچەند شیعری مەولەویم ئەنووسی‌یەوە ، بەلام فکری ئەوە نەکەوتبوە کەللەم کە بیکەم بە کتیب تا ئەو شتانەی (أمین السادات) ئەی‌زانین بی‌یان‌نووسمەوە . (أمین السادات) هەموو جاری ئەوەندە بەسوز شیعری مەولەوی‌ی ئەخویندەوە وەك دەرویش حالی لی‌بیت وا لە حالی تەبیعی دەرئەچوو .

هەرچون بی من ئەوەی لە تواناما بوو کردم ، وە وەنەبی بلیم کەم‌وکورتی لە ئیشەکەما نی‌یە ، چونکە پروژەی وا هەرگیز بە تاقەکەسیك بە بی‌کەم‌وکورتی ناهینریتەدی . لەبەر ئەوە ئەم تکایانەی خوارەوەم بەردو رووی هەموو ئەوانە ئەکەمەوە کە ئەم کتیبەیان بەرچاو ئەکەوی ، بو ئەوەی کەلك لە یارمەتی‌یان وەربگرم ، وە ئەگەر عومر وەفای کرد جاریکی‌تر بە شیوەیەکی باشتر لە چاپی بدەمەوە :

(۱) هەرکەس پارچە هەلبەستیکی لاهەبی کە لەم دیوانەدا بلاو نەکرابیتەوە . یا بلاوکرابیتەوە بەلام لە نوسخەکەی ئەودا شیعریك یا چەند شیعریکی زیاتر بی ، ئەو پارچە هەلبەستە ، یا شیعرە زیادەکانمان بو بنیری .

(۲) ئەگەر لای ئیمە شیعریك لە پارچەیەکدا بلاو کرابیتەوە ، وە لە

نوسخەی کەسیکدا لە پارچەیەکی‌ترا بی ، یا چەند پارچەی لای ئیمە لە نوسخەی کەسیکدا یەك پارچە بن ، یا بە پیچەوانەوە ، ئاگادارمان بکات .

(٣) ئەگەر وشەیەك لە شیعریکا ، یا جوملەیەکی لای کەسیك بە جوریکی‌تر بی ، بومان بنووسی .

(٤) هەرکەس لای وابی ئیمە مەعنای شیعریکمان خراپ لی‌داوەتەوە ، بان هوی دانانی پارچەیەکمان بە ناراست نووسیوە ، رای خویمان بو بنیری .

ئیتر هیوام وایە هەرکەس لەم رووەوە وا هەست بکا ئەوەی لایەتی ئەمانەتی ئەدەبی کوردە لای ، وە ئەبی ئەو ئەمانەتە بگەیەنی بە جێی خوی ؛ تا بە هەمور لایەکمانەوە بتوانین میراتی ئەدەبیمان بە شیوەیەکی راست‌و دروست بگەیەنین بە نەوەکانی پاشەوەمان .

مەولەوی لە چەند لاپەڕەیەکدا

ناوی (سید عبدالرحیم)ی کوری (مەلا سعید) وە لە نەوەی (مەلا یوسفجان)ی کوری (مەلا ابوبکری مصنفی چوری)یە کە نەگەریتەوە سەر خوانامی بەناوبانگ (سید محمد زاهد) کە بە (پیرخدری شاهو) ناوبانگی دەرکردووە . وە لە وەچەی حەزرەتی (حسینی کوری علی کوری ابوطالب) ە . نازناوی شیعریشی (مەعدوومی) وە لە ناوخەلکو لە کوری ئەدیبانا بە (مەولەوی) ناوبانگی دەرکردووە .

مەولەوی لە ۱۲۲۱ی هیجری لە دێی (سەرشانە) لە نزیکەی (تاوەگوزی) ــ بەشی عیراق ــ لە خیزانیکی ئایینپەروەری بە حورمەتدا لە دایك بووە . وە هەر لە سەردەمی منالیدا مالی باوکی هاتووە بو دێی (بیژاوە) لە نزیکی (هەلەبجە) . وە لەوی لای باوکی قورئانی پیرۆزی تەواو کردووەو وردە کتیبە سەرەتاییەکانی فارسیو صەرفو نەحوی خویندووە . پاشان لەسەر ئوسوولی فەقیکانی کوردستان چووە بو خویندن بو (پاوە) لە ناوچەی (هەورامانی لهون) وە پاش ماوەیەك لەویوە چووە بو (چور) لە (مەریوان) وە لەوێشەوە چووە بو (سنە) وە لە مزگەوتی (وەزیر) دامەزراوە ، ئەنجا چووە بو (بانە) وە لەوێشەوە چووە بو (سلیمانی) وە لە (مزگەوتی گەورە) دامەزراوە کە لەو کاتەدا هیشتا جەنابی (شیخ معروفی نودی) ماموستا بووە تیایا . ئەنجا چووە بو (هەلەبجە) وە لە (مزگەوتی جامیعە) لای (مەلا صادقی تەویلەیی) کە موستەعید بووە لە خزمەتی (شیخ عبداللەی خەرپانی)دا . خویندوویەتی . ئەنجا چووە بو (قەلای جوانرو) وە لە خزمەتی (مەلا محمدی قاضی)دا خویندوویە ، لەوێشەوە بو جاری دووەم لە سەردەمی (رەزاقولی خانی والی)دا چووەتەوە بو (سنە) وە لە مزگەوتی (دارالاحسان) دامەزراوە . وە ماوەیەکی زیاتر لە جاری پیشوو لەوی ماوەتەوە . ئەنجا دیسانەوە هاتووەتەوە بو (سلیمانی) وە لە خزمەتی (مەلا عبدالرحمانی نوتشەیی)دا کە مفتیی (سلیمانی)و ماموستای مزگەوتی (مەلکەندی) بووە خویندنی تەواو کردووەو ئیجازەی دەرس وتنەوەی وەرگرتووە .

— و —

ئەوەی کە مەشهوورە گوایە مەولەوی لە زەمانی (رەزاقولی خانی والی)دا لە مزگەوتی (دارالاحسانی سنە) لە خزمەتی (حاجی مەلا أحمدی نوتشەيي)دا ئیجازەی وەرگرتووە ، راست نییە . چونکە (حاجی مەلا احمد) هەتاوەکو پاش زەمانی (فەرهاد میرزا) کە پاش (غولامشا خان)و (رەزاقولی خان)ی برای بووە بە حوکمرانی (ئەردەلان) ، وە پاش سەفەری حەجی لەگەل (شیخی بهاُالدین) کە پاش ١٢٩٠ای هیجری بووە ــ رویشتووە بو (سنە) ، وە لەو کاتەدا مەولەوی عومری لە ٦٠ سال کەمتر نەبوە ، بەلکو پاش ئەوە تەنها چەند سالیك زیاوە . کەواتە چون ئەگونجی لە عومری وادا ئیجازە وەربگری . هەروەها لە سالی ١٢٧١دا (شیخی سراج الدین) مەولەوی لەگەل (حاجی شیخ عبدالرحمان)ی کوری ئەنیری بو (سنە) بو مەسەلەی ناکوکی‌ی بەینی (غولامشا خان)و مەلاکانی سنە ؛ دیارە ئەبی مەولەوی لەوکاتەدا مەلایەکی پایەبلند بووبی ؛ ئەگینا بو ئیشی‌وا نەئەنیررا . جگە لەوەش ری‌ی تی‌ناچی مەولەوی ئیجازەی لای (حاجی مەلا احمد) وەرگرتبی ، چونکە هەشت سال لەو گەورەتر بووە وەك لەم شیعرە فارسی‌یەوە دەرئەکەوی کە میژووی لە دایك بوونی (حاجی مەلا احمد)ە بە (حروفی ابجد) :

هاتفی از سر الهام بتاریخش گفت :
بود احمد خلف امجد عبدالرحمن

کە ئەکاتە ١٢٢٩ هـ . بەلگەیەکی‌تریش هەیە بو ئیسپاتی ئەوە کە مەولەوی لە سلیمانی ئیجازەی وەرگرتووە ؛ ئەوەش ئەو چیروکەیە کە پاشان هەر لەم کورتە میژووەی ژیانیدا ئەی‌گیرینەوە لە بارەی چوونیەوە بو سەیران بو (سەرچنار) لەگەل هەندی لە میرەکانی بابان پاش تەواو بوونی ئاهەنگی ئیجازە وەرگرتنی .

مەولەوی لە سەردتای مەلایەتیدا لە دێی (چروستانە) لە نزیکی (هەلەبجە) دامەزراوەو نەقی‌ی راگرتووەو دەسی کردووە بە دەرس وتنەوە . پاش ماوەیەك هەوای (تصوف) ئەکەویتە کەللەی‌و گورفتاری زەوقی (ئەهلی مەعنا) ئەبی‌و ئەروا بو (تەویلە) بو خزمەتی (شیخ عثمان سراج الدین)ی خەلیفەی (مەولانا خالدی نەقشبەندی) کە یەکەم کەس بووە ئەو تەریقەتەی لە کوردستانا بلاو کردووەتەوە . مەولەوی لە (تەویلە) ئەبی بە مریدی (شیخی

سراج‌الدین) وه وه‌ختیکی زور به سلووکه‌وه ئه‌باته‌سه‌ر ، وه پاش چه‌ند سالیك، ئه‌گویزیته‌وه بو (بیاویله) که دی‌یه‌که لـه ژووری (هه‌له‌بجه)وه . پاش ماوه‌یه‌کی‌تریش له‌ویوه بارئه‌کا بو (گونه) که یه‌کیکه له دی‌یه‌کانی هوزی (نه‌ورولی) . پاش چه‌ند سالیك ئه‌وی‌یش به‌جی‌ئه‌هیلی‌و ئه‌چی بو (شه‌میران)، که ئه‌وکاته له ژیر ئیداره‌ی (شیخ علی عه‌بابه‌یلی‌یي)دا بووه . شیخی ناوبراو زور خزمه‌تی مه‌وله‌وی‌و ده‌س‌و پیوه‌نده‌کانی ئه‌کا ، به‌لام پاش ماوه‌یه‌ك به‌ته‌ئیری (محمد پاشای جاف) به‌ریوه‌بردني (شه‌میران) له ده‌ستی ئه‌و (شیخ علی)یه ئه‌ســه‌نریته‌وه‌و ئه‌دریته ده‌ستی (عثمانی خــاله) که لــه پیاوماقوولانی هوزی (یه‌زدان به‌خشی) بووه . له ئه‌نجامی ئه‌م‌لابردن‌و دانانه‌دا مه‌وله‌وی مالی له (شه‌میران) بار ئه‌کاو ئه‌رواته‌وه بو (سه‌رشاته) که تیا له دایك بووه ، وه له‌وی ئه‌مینیته‌وه تا کوچی دوایي ئه‌کا .

مه‌وله‌وی له دوا ساله‌کانی ژیانیا تووشی گه‌لی کاره‌ساتی ناخوش بووه . وه ئه‌و کاره‌ساتانه‌ی له چه‌ند پارچه شیعردا بــه سوزه‌وه هونیوه‌ته‌وه . کتیبخانه‌که‌ی سووتاوه ، وه له‌و کتیبخانه‌یه‌دا گه‌لیك کتیب‌و دانراوو دیوانی شیعری سووتاوه . وه (عه‌نبه‌ر خاتوون)ی خیزانی مردووه که جیگایه‌کی تایبه‌تی‌ی بووه له دلی مه‌وله‌وی‌دا . وه حه‌وت سال پیش وه‌فاتی کویر بووه . هه‌ر ئه‌م کویربوونه‌شی بووه به هوی مردنی . ئه‌وه‌بووه جاریکیان بو سه‌رخوشی کردن له دوستیکی ئه‌روا بو (پریس) ، که له گه‌رانه‌وه‌دا نزیکی (هانه سووره) ئه‌بیته‌وه به جله‌وراکیشی ولاخه‌که‌ی ئه‌لی من چاوم نابینی ، دارتوویه‌ك له‌سه‌ر ریگه‌مانه لقیکي لاری هه‌یه ریگه‌که‌ی گرتووه ، که گه‌یشتینه لای پیم‌بلی با سه‌رم دانه‌وینم . وا ری‌ئه‌که‌وی که ئه‌گه‌نه ئه‌و شوینه کابرا له‌بیری نابی ئاگاداری بکا ، مه‌وله‌وی سنگی ئه‌دا به داره‌که‌داو به پشتا ئه‌که‌ویته خوار له ولاخه‌که‌ی‌و پشتی ئه‌شکی ، وه له ئه‌نجامی ئه‌وه‌دا له ۱۳۰۰ی هیجریدا کوچی دوایي ئه‌کا وه له گورستانی (ئه‌صحابه) له نزیکی (سه‌رشاته) ئه‌ی‌سپیرن به خاك .

* * *

مه‌وله‌وی پایه‌یه‌کی بلندی هه‌یه له ناو زاناکانی کورددا ، وه به تایبه‌تی له (عیلمی که‌لام)دا ده‌سیکی بالای بووه . ئه‌و دانراوانه‌ی که له‌پاشی ماونه‌ته‌وه هه‌موو له‌م عیلمه‌دان ، وه بریتین له‌مانه‌ی خواره‌وه :

(الفضيلة) كه ٢٠٣١ شيعرى عەرەبى‌يە وە لە ١٢٨٥ى هيجريدا داى‌ناوە ، بۆ عەقيدەى نەقشبەندى‌يەكى هونەرى‌يە جگە لەوە كە مەعنا عيلمى‌يەكەى زور وردو بەرزە . يەكەم شيعرى ئەم كتيبە ئەمەيە :

بسم الله الرحمن ، الرحيم
من تاه فيه نهية الحكيم

دانەيەكم لەم كتيبە لايە ئاخرپەرەى نەماوە ، لەبەر ئەوە نازانم كى‌نووسيويەتەوە ، بەلام ئەبى فەقى‌يەكى مەولەوى خوى نووسيبيتيەوە ، چونكە خەتى مەولەوى‌ى پيوديە ، هەروەها حاشيەى زورى (مەلا فتاح) ناويكى فەقى‌ى مەولەوى‌يشى لەسەر نووسراوەتەوە . شەرحيكى دوورو دريژم لەم كتيبە كردووە لە دوو بەرگى گەورەدا .

(العقيدة المرضية) كه ٢٤٥٢ شيعرى كوردى‌يە ، وە لە ١٣٥٢ى هيجريدا لە لايەن (محى‌الدين صبرى النعيمى)يەوە لە ميسر لەچاپ دراوە . يەكەم شيعرى ئەم كتيبە ئەمەيە :

زوبدەى عەقيدەو خولاصەى كەلام
هەر لە تو بو توس حەمدو ثەنای تام

مەولەوى خوى ئەم عەقيدەيەى كورت كردووەتەوە ، وە باسە گرانەكانى لى لابردووە بو ئەوەى قوتابى‌يە تازە پى‌گەيشتووەكان لى‌ى حالى ببن .

(الفوائح) كە ٥٢٧ شيعرى فارسى‌يە وە لەگەل عەقيدە كوردى‌يە باسكراوەكەدا لەچاپ دراوە . يەكەم شيعرى ئەم كتيبە ئەمەيە :

چو در خود بينم از بس رو سياهى
نگنجد اي آلهى يا آلهى

جگە لەمانەش نامىلكەيەكى بە فارسى هەيە باسى ئوسوولى تەريقەتى نەقشبەندى لەكا .

* * *

وەك وتمان مەولەوى مريدى (شيخى سراج الدين) بووە ، وە پاش وەفاتى ئەو بووە بە مريدى (شيخى بهاالدين) وە عەلاقەى روحى‌ى لەگەل (شيخى ضياالدين)يش بووە . زوربەى هەلبەستەكانى پرن لە هەستى

بەسوزی بەرامبەر بە (پیر) ، وە نیشانەی ئەوەن کە مریدیکی چەند راست بووە ، وە لە ریگای ئەم مریدیەتیەوە دەستیکی گەورەی لە (تصوف)دا پەیدا کردووە . جاریکیان لە خانەقای (تەویلە) ئەبی ، لە (چروستانە)وە دین بە دوایا کە بگەریتەوە بو مال چونکە کوریکی نەخوش ئەبی ، ئەمیش سوار ئەبیو ئەگەریتەوە . کە ئەگەنە پشت دێی (عەنەب) هەناسەیەکی دریژ هەلئەکیشیو فرمیسك بە چاوەکانیا دیتە خوار . هاوریکەی عەرزی ئەکا بوچی وا عاجزی ؟ ئەمیش ئەلی چون عاجز نەبم حەزرەتی یەعقووب بو دلخوش بوون بونی کراسی یوسفی کوری ئەدرا بە لووتیا ، کەچی من بونی کفنی کورەکەم ئەدری بە دەماخما .. کە ئەگەنە مالەوە ئەزانن لەوکاتەدا کە ئەو هەناسەکەی هەلکیشاوە خەریکی کفن کردنی کورەکەی بوون ..

بە بونەی مردنی ئەم کورەیەوە (شیخی بهاالدین) ئەچی بو لای بو سەرخوشی لیکردنی . مەولەوی بە هاتنی شیخ ئەوەندە خوشحال ئەبی وەجد ئەیگریو ئەلی حەزم ئەکرد تا ماوم سالی کوریکم بوایەو بمردایە ، بەو شەرتە تو هەموجاری بهاتیتایە بو لامو سوودی روحیم لی وەربگرتیتایە .

مەولەوی زوربەی شەوەکان بیدار بووە ، فەرەنجیەکی سووری دریژی بووە لە وەرزی سەرمادا داویە بەسەر خویاو رووەو قیبلە دانیشتووەو بیری لە خوا کردووەتەوەو ئادابی تەریقەتی بەجیهیناوە .

مەولەوی جگە لەوەش کە خوی مریدی (شیخی سراجالدین)و (شیخی بهاالدین) بووە ، پەیوەندی دوستایەتیی لەگەل هەندیکیتر لە پیاوانی خوادا بووە وەك (شیخ عبدالرحمانی خالصی تالەبانی)و (کاك احمدی شیخ) . لە (شیخ فتاحی کربچنەیي)م بیست وتی جاریکیان مەولەوی ئەچی بو (کەرکووك) ، لە دەمەوبەیانا ئەگاتە (تەکیەی تالەبانی) ، کە ئەچیتە ژوورەوە سەیر ئەکا (شیخ عبدالرحمان) خەبەرە . کە شیخ بە مەولەوی ئەزانی دی بە پیریەوە . مەولەوییش ئەم شیعرەی (بیسارانی)ی بەسەرا ئەخوینیتەوە کە لە عەقیدەکەشیا لە باسی میعراجا نووسیویە ، وە لە پارچەی ژمارە (٤)ی (تیپی بی)یشدا هەیە :

شەوەن ، خەلوەتەن ، مال بیئەغیارەن
ئالەم گرد وتەن ، دوس خەبەردارەن

« شیخ عبدالرحمان)یش گورج بەم شیعرە وەرامی ئەداتەوە :

ئیرادەم ئیدەن وەی کەلپوسەوە

شەو نالین وەشەن وە لای دوسەوە

شایانی باسە مەولەوی لاواندنەوەیەکی جوانی هەیە بو (شیخ عبدالرحمان) ، وە بە حەرفی ئەبجەد میژووی وەفاتی بو داناوە . ئەو لاواندنەوەیەمان لە (تیپی دال)دا بلاو کردووەتەوە لە ژیر ژمارەی (١٨)دا .

هەروەها لە (سید احمدی کوری شیخ عبدالرحمانی عازەبانی)م بیست وتی روژیکیان مەولەوی ئەچی بو (سلیمانی) بو زیارەتی (کاك احمدی شیخ) ، پاش نویژی عەسر بە خزمەتی ئەگا . (کاك احمد)یش زور حورمەتی ئەگریو پیئەفەرموی مەولەوی حەز ئەکەم نەسیحەتیکم بکەی . مەولەوی بیدەنگ ئەبی . (کاك احمد) داواکەی دووبارە ئەکاتەوە ، بەلام مەولەوی هەر دەنگ ناکا . شیخ بو جاری سەهەم داواکەی تازە ئەکاتەوە ، ئەمجارە مەولەوی ئەلی یاشیخ نەسیحەت یا ئەمر بە چاکەیە یانەهی لە خراپە ، جاری یەکەم ورد بوومەوە واجبیکو سوننەتیکم نەدی تو نەیکەیت تا پیتبلیم بیکە . جاری دووهەمیش ورد بوومەوە حەرامیکو مەکروهیکم نەدی تو بیکەیت تاپیت بلیم مەیکە . ئەمجارە پیت ئەلیم دیارە شەیتان زور دلگرانە لیت ، دەخیلتم ئاگات لە خوت بی تەفرەت نەداو تووشی خراپەیەکت نەکا .. (کاك احمد) ئەم جوابەی مەولەویی زور پی خوش ئەبی ، وەجد ئەیگریو دەسئەکا بە گریانو ئەندازەیەکی باش فرمیسك بە خور ئەریژی ..

* * *

باری ژیانی ئابووریی مەولەوی زور ناخوش بووە ، بەلام ئەو رازی بووە بەو ژیانە ، وە زوربەی وەختی خوی بە شیوەی دەرویشی رابواردووە . لە (حاجی شیخ مصطفیی هەولیری)م بیست وتی بیستوومە جاریکیان (حاجی مەلا احمدی نوتشە) ئەچی بو دیدەنی مەولەوی . مەولەوی هیچ لە مالیا نابی . ئەو ئیوارە بە قسەی خوش وەخت ئەبەنە سەر تا خەو ئەیانباتەوە بە لادا . بو سبەیی نیوەرو هەندی نانی جوو دو دینو دەسئەکەن بە نانو دو خواردن . لەکاتی نان خواردنەکەدا (حاجی مەلا احمد) زور تەعریفی

خوراکه‌که ئه‌کاو به شان‌وبالیا هه‌ل‌ئه‌دا .. مه‌وله‌وی‌یش ئه‌لی میوانی وه‌ك تو به ده‌گمه‌ن ری‌ی ئه‌که‌ویته لای ئینسان ، له‌به‌ر ئه‌وه پیویسته به‌له‌زه‌ت‌ترین خوراکی بو دانری ! دیاره به نیسبه‌ت که‌سیکه‌وه که هیچ شك نه‌با نان‌و دو خوراکیکی ئیجگار به‌له‌زه‌ته .

له‌گه‌ل ئه‌وه‌شا مه‌وله‌وی هه‌میشه ئه‌و هه‌ژاری‌یه‌ی پی باشتر بووه له‌وه که ناوچه‌و خزم‌و که‌س‌وکاره‌که‌ی به‌جی‌بیلی‌و برواته شوینی‌وا به خوشی تیا بژی . پیاوی ده‌سه‌لاتداری وه‌ك (فه‌رهاد میرزای قاجاری) که مه‌وله‌وی‌ی زور خوش‌ویستووه داوای لی‌کردووه بچیته ئیران وه له په‌نای ئه‌وا دانیشی‌و خزمه‌تیکی زوری بکا ، به‌لام مه‌وله‌وی به‌گوی‌ی نه‌کردووه . مه‌وله‌وی چاو له‌به‌ری هیچ گه‌وره‌یه‌ك نه‌بوه ، له (حسن‌به‌گی علی‌به‌گی جاف)م بیست وتی پاش ئه‌وه‌ی که (محمود پاشای جاف) روتبه‌ی پاشایه‌تی‌ی له ئه‌سته‌موولەوه بو دی روژیك مه‌وله‌وی له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌یه‌ك دلی لی‌دیشی ، وه نامه‌یه‌کی بو ئه‌نیری تیا ئه‌نووسی پاشا ئه‌گه‌ر تو به‌وه‌وه ئه‌نازی که له مه‌حموودبه‌گی‌یه‌وه بووی به مه‌حموود پاشا ، منیش به‌وه ئه‌نازم که هه‌ر مه‌وله‌وی بووم‌و هه‌ر مه‌وله‌ویم .

مه‌وله‌وی هه‌میشه له‌سه‌ر خزم‌و عه‌شره‌ته‌که‌ی هاتووه‌ته ده‌نگ . وه بو ئه‌وان دلی له ده‌سه‌لاتدارانی ئه‌وروژه ئیشاوه . کاتیك که مالی له (شه‌میران) بووه (شیخ علی عه‌بابه‌یلی‌یي) سه‌رکاری (شه‌میران) بووه ، پاش ماوه‌یه‌ك به ته‌ئثیری (محمد پاشای جاف) ئه‌و شیخه له سه‌رکاری لائه‌بری‌و (عثمانی خاله) له شوینی دائه‌نری که یه‌کیك بووه له پیاوماقوولانی (یه‌زدان به‌خشی) . ئه‌م ئال‌وگوره له‌گه‌ل وه‌زعی مه‌وله‌وی نه‌گونجاوه ، له‌به‌ر ئه‌وه مه‌وله‌وی له (شه‌میران) باری کردووه‌و چووه‌ته‌وه بو (سه‌رشاته) له (تاوه‌گوزی) . که (محمد پاشا) به‌مه ئه‌زانی نامه‌یه‌کی بو ئه‌نووسی‌و گله‌یي لی‌ئه‌کا تیایا که بوچی (شه‌میران)ی به‌جی‌هیشتووه . ئه‌میش له وه‌لامی نامه‌که‌یدا بوی ئه‌نووسی که (عثمانی خاله) له‌گه‌ل خزمه‌کانی ئه‌م باش نه‌بوه ، له‌به‌ر ئه‌وه ناچار بووه بار بکا . له‌گه‌ل نامه‌که ئه‌م چه‌ند شیعره فارسی‌یه‌شی بو ئه‌نووسی :

وزان سوی وطن هجرت نمودم
خلافت از علی دانسته بودم

به تأثیر محمد میر اکمـــل
خلافت چون به عثمان شد محول
دل خویشان مارا پر ز خون کرد
به خویشاوند خود نعمت فزون کرد

وانه : بویه گواستمه‌وه بو نیشتمان چونکه خه‌لیفه‌ییم بو (علی) به حه‌ق ئه‌زانی ، وه که به ته‌ئویلی (محمد پاشا) درا به (عثمان) دلی خزمه‌کانی ئیمه‌ی پرکرد له خوین . وه خه‌لات‌و به‌راتی بو خزمه‌کانی خوی زیاد کرد . مه‌به‌ستی له علی (شیخ علی) وه له عثمان (عثمانی خاله)یه . مه‌وله‌وی له‌م شیعره ناسکانه‌یدا ئیشاره‌تی بو مه‌سه‌له‌ی خه‌لافه‌تی (عثمانی کوری عفان)و (علی کوری ابوطالب)یش کردووه ، وه ئه‌و وه‌زعه رابوردووه‌ی هیناوه‌ته به‌رچـــاو .

* * *

وه‌ك وتمان مه‌وله‌وی له سه‌رده‌می فه‌قی‌یه‌تیدا زور لای کوردستانی عیراق‌و ئیران گه‌راوه . پاش ئیجازه وه‌رگرتنیشی گه‌رانی هه‌ر بووه ، سه‌فه‌ری (جوانرو)و (کرماشـــان)و (هـــه‌ورامان)و (مـــه‌ریوان)و (ســـنه)و (بانه)و (سابلاخ)ی کردووه . هه‌تاوه‌کو که ئه‌چیته (سابلاخ) له پیشانا خیلی (سیدی نظامی) که له نه‌وه‌ی (مه‌لا ابوبکری مصنف)ن‌و هاوپشتی مه‌وله‌وین زور گوی‌ی نادەنی ، به‌لام پاشان که شاره‌زای عیلم‌و فه‌ضلی ئه‌بن ناچار ئه‌بن ده‌وری بده‌ن‌و حوره‌تی بگرن . هه‌روه‌ها سه‌فه‌ری (سلیمانی)و (خانه‌قی)و (که‌رکووك)و (به‌غدا)یشی بووه . جاریکیان به نیازی حه‌ج ئه‌که‌ویته‌ری ، که ئه‌گاته (به‌غدا) هاوری‌که‌ی پاره‌ی ریگای حه‌جه‌که‌ی لی‌ئه‌دزی‌و ئه‌گه‌ریته‌وه‌و بلاوی ئه‌کاته‌وه که گوایه مه‌وله‌وی مردووه ، وه‌ك‌بلی‌ی وابزانی ئیتر مه‌وله‌وی ناتوانی بگه‌ریته‌وه . که‌س‌وکاری پرسه‌ی بو دائه‌نین . پاش ماوه‌یه‌ك هه‌ندی له زاناو ئه‌دەب‌په‌روه‌رانی به‌غدا که به مه‌سه‌له‌که ئه‌زانن خه‌رجی‌ی ریگای بو ئاماده ئه‌که‌ن‌و ئه‌ینیرنه‌وه . که ئه‌گاته به‌رده‌وه منال‌و که‌س‌وکاره‌کانی ده‌س‌به‌جی ئه‌چن کنبرای دزی دروزن ئه‌گرن‌و ئه‌یبه‌نه لای مه‌وله‌وی . مه‌وله‌وی‌یش بی‌ئه‌وه‌ی هیچی لی‌بکا پی‌ی‌ئه‌لی رولـــه خوا رووی ئه‌جه‌ل ره‌ش‌کا وا منی خه‌جاله‌تی لای تو کرد .. خوزگا بمردایه‌م‌و توم وا به رووزه‌ردی نه‌دیایه ..

* * *

له نیوانی مەولەوی‌و گەلی له زانایان‌و پیاوانی خواو پیاوماقوولانی ئەو دەمەی کوردو ئیرانیدا پەیوەندیکی بەتین بووە . مەولەوی پارچە شیعری بەرزو نامەی رازاوەی بو (شیخ محمد جسیمی سنە)و (شیخی سراج‌الدین)و (بهاالدین)و (ضیاالدین)و (محمد پاشای جاف)و (محمود پاشا)ی کوری‌و (معتمدالدولە فەرهاد میرزا)و (حسام‌الدولە)ی برای نووسیوە کە مامی (ناصرالدین شای قاجار) بوون . هەروەها هەمیشە هەلبەستی جوانی ناردووە بو دوستانی وەك (شیخ مؤمنی سازانی)و (شیخ حسنی سازانی)و (شیخ یوسفی نوسمەیي)و (شیخ عزیزی جانەوەرەیي)و (احمدبەگی کوماسی)و (شیخ عبداللەی داخی)و گەلیك له شاعیرەکانی‌تر .. زوربەی شیعرەکانی بە کوردی‌و نامەکانی بە فارسی بووە ، جارجاریش چەند دیریکی عەرەبی‌ی لەو نامە فارسی‌یانەدا نووسیوە . ژمارەیەکی زورم لەو نامانەی مەولەوی لەلایە . هەندیکیان دوستی موحتەرەمم (سید طاهری هاشمی) لە (دەولەت ئاوا)وە بوی ناردووم . ئەگەر بومری‌کەوتایە یەکم‌ئەخستن‌و لە شیوەی کتیبیکی ئینشادا بلاوم ئەکردنەوە .

* * *

مەولەوی زاتیکی قسەخوش‌و نوکتەبازیش بووە . جاریکیان میوانی دوستیکی ئەبی لە (پاوە) ، تا لەوی ئەبی خواردنیکی خوشی دەرخوارد نادا . کە مالاوایي لی‌ئەکاو ئەگەریتەوە دوستەکەی تا ملەی (کەلیان) کە شوینیکە لە نزیکی (پاوە) رەوانەی ئەکا . لەویا پی‌ی‌ئەلی بی‌قەزابی پەلەت‌کردو زوو تەشریفت برد .. من بە تایبەتی کاوریکم هەلگرتبوو ئەمشەو بوتی سەربرم‌و بیکەین بە کەباب‌و پیکەوە بیخوین‌و رابویرین .. مەولەوی‌یش لە وەراما ئەلی مادەم وابی وەللا دلت نایەشینم‌و لەگەلت ئەگەریمەوە تا کەبابەکە بخوین .. وە ئەگەریتەوە ، کابراش ناچار کاورەکە سەرئەبری‌و بوی ئەبرژینی ..

روژیکیشیان لەگەل (شیخ سعیدی ناوجاف)دا ئەروا بو دیدەنی (کاك فرجی بەرزنجە) کە سەرگەورەی سەیدەکانی (بەرزنجە) بووە بو ئەوەی شەجەرەی سەیدی‌یەکەیانی پی مۆر بکا . کە نزیکی (بەرزنجە) ئەبنەوە (کاك فرج) بە هاتنی مەولەوی ئەزانی‌و تی‌ئەگا بوچی هاتووە . بە دانیشتووانی مەجلیسەکە ئەلی کە مەولەوی باسی مورکردنی شەجەرەکەی کرد من تا بەینیك

ڕۆی مور ناکەم‌و تووردی ئەکەم تا بزانین ئەلی‌چی ؟ کە مەولەوی ئەگاتە بەرەوە‌و ئەحەسیتەوە مەسەلەی موری شەجەرەکە ئەخاتە ئاراوە . (کاك فرج) ئەلی مەولەوی حاشا ئیوە سەید نین‌و بەرزنجەیي دان بە ئیوەدا نانین . مەولەوی‌یش ئەلی فرج .. فرج ئەگەر بە شەرع ڕەفتار ئەکەی ئەوە (خاتمەی ابن حجر) وە ئەگەر ئەشڵییت ئیمە حازرین بو (ابن خنجر) .. بەخوا قەسەم ئارام ئەبی باشە ئەگینا لە حەرەکە‌و جم‌وجوولت ئەخەم‌و ساکنت ئەکەم .. واتە (فەرەج) ئەکەم بە (فەرج) .. ئەویش دەسئەکا بە پیکەنین‌و ئەلی خوم بو قسەیەکی‌وا ڕاگرتبوو ، وە شەجەرەکەی بو مور ئەکا .

* * *

مەولەوی لەگەڵ هەرجورە خەلکیکا بە گویرەی عەقلی ئەوانە جوولاوەتەوە . جاریکیان لە مەجلیسی (شیخ عبدالقادری مهاجر)دا ئەبی لە (سلیمانی) ، کابرایەك دیتە ژوورەوە‌و ئەپرسی مەلاکان ئامین کردن لە نویژا واجبە یا سوننەتە ؟ مەولەوی گورج هەڵئەداتی‌و ئەلی باوکم ئامین کردن واجبە ، وە ئەگەر نەیلی‌ی نویژەکەت بەتاڵ ئەبیتەوە . کابرا ئەروا ، مەلاکان ئەلین مەولەوی ئەم فتوا غەلەتە چی‌بوو دات ؟ مەولەوی‌یش ئەڵی کورە ئیوە عەوام ناناسن ، وەللا ئەگەر بزانی (ئامین) سوننەتە (ولا الضالین)یشی پیوە ئەخوا .

ڕۆژیکی‌تر هەر لە مزگەوتی (شیخی مهاجر)دا کە ئیستا پی‌ئەلین (مزگەوتی شیخ لطیفی دانساز) خەریك ئەبی خوی ئامادە ئەکا بو نویژی مەغریب وە فەردنجی‌یەکی دریژی لەبەردا ئەبی ، کابرایەك بانگی ئەکا کورە کابرا فەردنجی‌یەکەت نویژی پیوە نی‌یە فری‌ی‌دە ، ئەویش گورج فری‌ی ئەداو نویژ دائەبەستی . کە لە نویژ ئەبنەوە یەکیك لی‌ی‌ئەپرسی ئەوە لە ڕاستی‌دا فەردنجی‌یەکەت نویژی پیوە نەبوو وا فریت دا ؟ مەولەوی ئەڵی نەوەللا پاك‌و نویژی بوو ، بەڵام تا من کابرام حاڵی ئەکرد کە نویژی‌یە ، نەك جەماعەتی مەغریب بەڵکو هی عیشایشم لەکیس ئەچوو .. وتم چاکتر ئەوەیە فری‌ی‌دەم‌و نەکورتی بیبرمەوە .

* * *

مەولەوی زاتیکی زیرەك‌و حازر جواب‌و قسە بەمەعنا بووە . لە (حسین

بەگی حسن بەگی جاف)م بیست وتی بیستوومە پاش تەواو بوونی ئاهەنگی ئیجازە وەرگرتنی مەولەوی لە خزمەتی (مەلا عبدالرحمانی نوتشەیي)دا کە مفتیی (سلیمانی)و ماموستای مزگەوتی (مەلکەندی) بووە ، (احمد پاشای بابان)و پاشازادەکانیترو تاقمیك لە مەلاو فەقی ئەچن بو (سەرچنار) یو سەیران . لە ریگەدا فەلاحیك سەرریگەیان لی ئەگریو دەس ئەکا بە سکالای حالی خوی لای (احمد پاشا)و پیی‌ئەلی پارچە بەراویکم هەیە هەموسالی ئەیکەم بە تەرەکالو بو خوم پیی‌ئەژیم ، ئەمسال یەکیك لە پیاوەکانی تو لیی داگیر کردووم‌و زوریشم لی‌ئەکا بە جووتی خوم بیکیلم‌و بیکەم بە تەرەکال بو مالی پاشا . مەولەوی نایەلی پاشا وەرامی فەلاحەکە بداتەوە ئەچیتە پیشەوەو خوی لە فەلاحەکە تووڕە ئەکا . کابرای فەلاح سەرسام ئەبی‌و بە مەولەوی ئەلی مەلا تو لای خوت مەلایت‌و پیاوی دینی ، کە تکایەکم بو ناکەیت‌و چاکەت لە دەم دەرناچی بوچی خراپەم لەگەل ئەکەی ؟ مەولەوی‌یش ئەلی مردووت مری من لەبەر بی‌عەقلی‌ی تو تووڕە بووم ئاخر تو نەتبیستووە دنیا مەزرەعەی ئاخیرەتە ، ئیستا پاشا ئەگەر بە جووتی بیکاری زەوی‌ی داگیرکراو نەکیلی‌و نەی‌کا بە تەرەکال بو دیوەخان ، دنیای چون ئەبی بە مەزرەعەی قیامەتی ؟ کە پاشا ئەم قسەیەی مەولەوی ئەبیسی شەرمەزار ئەبی‌و ئەلی مەولەوی تکا ئەکەم بەسیەتی .. کابرا برو زەوی‌ی خوت بو خوت ، وە هەر پیاویکی من هات بە لاتا دەری‌کەو گوی‌ی مەدەری .

مەولەوی لە ۱۲۷۱ی هیجریدا بە فەرموودەی (شیخی سراج‌الدین) لەگەل (حاجی شیخ عبدالرحمان)ی کوری شیخا ئەروا بو (سنە) بو لای (غولام‌شا خانی والی) بو مەسەلەیەکی ئایینی . پاش ئەوەی چاویان بە والی ئەکەوی روژیکیان والی بە مەولەوی ئەلی حەز ئەکەم بوم بەیان بفەرموی کە لەگل بوونی (امیر المؤمنین علی)دا چون قابیلە بیگانە ببی بە خەلیفەو جیگە نشینی پیغەمبەر درووی خوای لی‌بی ؟ (میرزا جعفر خانی وەزیر)و مامەیەکی والی‌یش کە قلیانداری خوی بووە لەو مەجلیسەدا ئەبن . مەولەوی‌یش لە وەراما بە والی ئەلی رجا ئەکەم لەبەر خاتری ریشی سپی‌ی مامت ئەم پرسیارە لە جەنابی وەزیر بفەرموی .. والی تی‌ئەگا مەولەوی مەبەسی چی‌یەو سەردانەخا . مەبەسی مەولەوی ئەوەبووە ئەگەر خزمایەتی بووایە بە هوی

نزیکی‌و به‌لگه‌ی جی‌نشینی ؛ نه‌ئه‌وو والی مامی خوی بکا به قلیان‌دارو بیگانه بکا به وه‌زیر .. هه‌روه‌ها ئیشاره‌تی بو ئه‌وه‌ش کردووه ئه‌گه‌ر خه‌لافه‌ت به‌سرابوایه به خزمایه‌تی‌یه‌وه خو حه‌زره‌تی (عباس) مامی پیغه‌مبه‌ر بووه ، وه حه‌زره‌تی (علی) ئاموزای بووه ، که‌واته ئه‌وو والی داوای خه‌لافه‌تی بو (عباس) بکردایه نه‌ك بو (علی) .

هه‌ر له‌و سه‌فه‌ره‌دا روژیکی‌تر والی مه‌عنای ئایه‌تی (کل یوم هو فی شأن) له مه‌وله‌وی ئه‌پرسی ، ئه‌میش ئه‌لی خوا له‌سه‌ر باسکی (أزل)ه‌وه رووی‌کردبوه ده‌شتی (أبد) وه وینه‌ی جزئیاتی عاله‌می وه‌ك ران له‌به‌ر عیلمی خوی‌دا راگرتبوو ؛ وه گالوکی قه‌زای گرتبوو به ده‌ستی قودره‌تیه‌وه ، وه به‌و گالوکه هه‌ریه‌کیکی له‌و جزئیاته نیشانه کردبوو بو شتی . ئیستا هه‌موو روژی ، به‌لکو هه‌موو تاویك ؛ له‌سه‌ر ئه‌و نیشانانه ئیش‌و کاری خوی به‌رامبه‌ر به عاله‌م ده‌رئه‌بری‌و جی‌به‌جی‌ی ئه‌کا .

مه‌وله‌وی جاریکیان له‌گه‌ل زانایه‌کی جه‌عفه‌ری گفتوگو ئه‌کا ، زاناکه لی‌ی ئه‌پرسی بوچی ئه‌هلی سوننه‌ت به‌رامبه‌ر به حه‌زره‌تی (علی) چاو له راستی ئه‌نووقینن‌و حه‌قی خوی نادنه ده‌ست‌و دان به‌وه‌دا نانین که خه‌لیفه‌ی یه‌که‌م بووه ؛ به‌لکو خوشیشیان ناوی ؟ مه‌وله‌وی له‌ وه‌راما ئه‌لی سوننی‌یه‌کان لایان‌وایه (علی) ناو دووکه‌سن ، یه‌که‌میان کابرایه‌ك بووه له ترسی خه‌لك فه‌رموودی پیغه‌مبه‌ری خستووه‌ته پشت‌گوی که له‌باره‌ی خه‌لیفه‌یي ئه‌وه‌وه فه‌رموویه‌تی ؛ وه ده‌ستی له حه‌قی خه‌لافه‌ت هه‌لگرتووه بو یه‌کیکی بیگانه‌ی ناشایان ؛ وه گوی‌ی به شه‌رع نه‌داوه‌و جاریه‌ی له خه‌لیفه‌یه‌کی غه‌صب‌که‌ر وه‌رگرتووه‌و کچی خویشی داوه به خه‌لیفه‌یه‌کی‌تری غه‌صب‌که‌ر .. ئیمه ئه‌و (علی)یه‌مان خوش‌ناوی . دووهه‌میشیان که‌سیکی خاوه‌ن باوه‌رو ئازاو نه ری لانه‌دەر بووه ؛ وه له خوا به‌ولاوه له که‌س نه‌ترساوه‌و جاریه‌ی له خه‌لیفه‌ی شه‌رعی نه‌بی له که‌سی‌تر وه‌رنه‌گرتووه‌و کچی خوی به خه‌لیفه‌ی پیغه‌مبه‌ر داوه‌و به جیگه‌داری راستی ئه‌وی زانیوه . ئه‌و (علی)یه‌مان خوش‌ئه‌وی‌و به شیری خواو خوشه‌ویستی پیغه‌مبه‌رو ده‌رگای شاری زانستی ئه‌زانین .. که ئاخوونه‌که ئه‌م وه‌رامه ئه‌بیسی هیچی پی‌ناوتری‌و بی‌ده‌نگ ئه‌بی . مه‌به‌سی مه‌وله‌وی ئه‌وه‌بووه ئه‌گه‌ر حه‌زره‌تی (علی) خوی به خه‌لیفه بزانی‌یایه‌و لای وابوایه پیغه‌مبه‌ر بریاری داوه ئه‌و خه‌لیفه‌بی ، ده‌ستی له‌و

خەلافەتە هەلنەئەگرتو جاریەی وەرنەئەگرت لە حەزرەتی (ابوبکر)و کچی خوی نەئەدا بە حەزرەتی (عمر) .

جاریکیان (محمد پاشای جاف) لە گەرمیان نەخوش ئەبی . مەولەوی ئەچی بو لای بو هەوالپرسی . پاشا بە مەولەوی ئەلی دوعایەکی خیری بو بکاو ئاموژگاریەکیشی بکا . مەولەویش ئەلی بو دوعای خیر دریغی ناکەم . ئاموژگاریەکەشم ئەوەیە تو خاوەنی دووشتی : مالی دنیاو ئیمان . مالەکەت هیشتا خوت ساغی (محمود بەگ)و (عثمان بەگ)و منالەکانیتر دابەشیان کردووە لە نیوانی خویانا ، ئیمانیشت شەیتان خوی بو ملاس داوە . مالەکەت هەرچی لیدی قەیدی نیە چونکە مالی باوك هەر بو ئەولادە ، دەخیلتم ئاگات لە ئیمانت بی شەیتان بەتالان نەبا ..

* * *

مەولەوی شیوەناسیش بووە . لە (شیخ جافری شیخ احمدی ناوجاف)م بیست کە ئەویش لە نەوەی (مەلا ابوبکر)ەو خزمی مەولەویە ، وتی روژیکیان باوکمو (شیخ سعید)ی مامی ئەچن بو لای مەولەوی . مامم لە مەولەوی ئەپرسی ئەمکورە ئەناسی کە لەگەلمە ؟ مەولەویش لە باوکم ورد ئەبیتەودو ئەلی بەخوا کاکەشیخ ئەم کورە سەری لیشیواندووم ، بە چاوو برویا لە خومانەو بە شیوەی قسەو جلوبەرگو سەروپیچیشیا لە قەرەداغی ئەچی . مامم ئەلی راست ئەفەرمووی برازامەو دایکیشی لە سەیدەکانی (بەلخە)ی (قەرەداغ)ە .

* * *

ئیستا هەر ئەم وردە سەرگوزەشتانەی مەولەویم لەیادبوو ، وا نووسینمەوە بەلکو بو ئەوە بشین لە سەریکەوە کەلکیکیان لیوەربگیری . لە (سید احمدی کوری شیخ عبدالرحمانی عازەبانی)م بیست وتی کتیبیکم لای (شیخ نجم الدینی بیارە) دی مەولەوی نووسیبووی وە سەرگوزەشتەی خوی تیا نووسیبوەوە . داخەکەم من بە دریژایی ماوەی مانەوەم لە (بیارە) نە ئەو کتیبەم دی ، وە نەهیچم بیست لە بارەیەوە .

بەر لە خوێندنەوەی کتێبەکە ئەم چەوتی‌یانە ڕاست بکەرەوە

لاپەڕە	دێڕ	چەوت	ڕاست
٤	٢٣	ییکیکی	پیکیکی
٦	٣	بەێو	بەێۆ
٦	٩	فانی	بادی
٧	٣	دێۆانەی	دێوانەی
٨	١٠	جاریۆتەر	جارێوتەر
١٦	١٩	بال‌پەروار	بال‌پەرواز
١٧	٢٤	هوگری	هوگر
٢٣	١٢	پەشیووی‌ی	پەشیوی‌ی
٣٩	٢٥	گیژەلوکە	گیژەلووکە
٦٢	٤	پامالّ	پامال
٦٤	٢٣	حیگەی	جیگەی
٧٣	١٦	مەولاناو	مەولاناوا
٧٤	٢٥	گومەتەش بەست	گومەتەش بەس
٩٣	١	نا	تا
١٠٢	٥	تەندبێت	تەندەبێت
١١٥	٣	کەفتەبیم	کەفتەبێم
١٢٤	٨	ببی	بی
١٢٦	٨	تەل	تەڵ
١٣٩	٥	زوخاوەن	زووخاوەن
١٤٧	٨	ڕەخت	ڕەخت
١٦٠	١٨	گیچ	گیج
١٦٢	٢٢	رازن	رازان
١٦٥	٣	شەر	سەر
١٦٨	١١	سیر	سێر

لاپەڕە	دێڕ	چەوت	ڕاست
١٦٨	١٢	چیش	چێش
١٨٥	١٤	مەینەتش	مەینەتیش
١٩٢	١	ــ	ــ ٢ ــ (١)
٢٠٥	١٢	ــ	ــ ١ ــ
٢٢٨	٢١	بویە	بوێر
٢٣٢	١٩	ئەگیننا	ئەگینا
٢٣٥	١٣	زووڕە	زوڕە
٢٣٧	١٢	مەیناتا	مەینەتا
٢٤٠	١٢	(١٨)	(٨)
٢٤٤	٢٣	یر	:
٢٤٦	١٤	شیعرەی	شیوەی
٢٦٩	١٤	دڵسوتین	دڵسووتین
٢٦٩	١٧	(٩)	(٨)
٢٧٩	١٤	مەیخوازدنەوەی	مەیخواردنەوەی
٢٩٩	١٢	حەققیقەت	حەقیقەت
٣٠٧	١٨	لیبیرزان	لیبیزران
٣١٢	٢٥	ئەمانزانی	ئەمەمانزانی
٣٥٨	٢٧	بەردن	بەردەن
٣٥٩	٢٠	سووچیا	سوچیا
٣٦٠	٧	گێجاو	گێجاوگێج
٣٦٠	٩	کورپە	کۆرپە
٣٦٣	١٢	ــ	ــ ١ ــ
٣٦٨	١٢	خوشکیی	خوشکی
٣٧١	١٦	بووە	بوو
٣٨٦	١٠	بازاڕت،	بازارت

لاپەڕە	دێڕ	چەوت	ڕاست
٤١٢	٤	خۆی	خووی
٤١٢	٢٠	خوی	خوو
٤٣٢	٢٥	— ١ —	— ١٠ —
٤٣٧	٩	بەردوە	بەردەوە.
٤٣٨	١١	بۆ	بوو.
٤٤١	٩	عەقل	عەقڵ.
٤٤٤	١٨	ئەمحاریش	ئەمجاریش
٤٥٧	٢٣	پیری	پیری سپیی‌یە،
٤٧٤	١٧	ئاولەکانیان	ئاودلەکانیان.
٤٧٥	٧	صولحشا	صوڵحشا
٤٧٧	٨	٣٦٤	٣٦٥
٤٧٧	١٠	٣٦٥	٣٦٦
٤٨٤	١	کەوانی	کەوانێ.
٥٣٦	٢	لێدر	لێدەر
٥٣٨	١	جووش	جۆش.

تیپی ٹرلف

ئیمشەو تەنیا بی جەستەی زەبوونم
دیسان سەرواز کەرد دڵەی پڕ هوونم (١)
خەیاڵان خام هاوردم بەردم
ـ هاوار جە دەمەی هەناسەی سەردم ! ـ (٢)
زووخاو گێج مەدا دیگ دەروونـدا
هوونـاو هورشاناش جەستەی زەبوونـدا (٣)
ڕەنگا ڕەنگ ڕەنگ ، ڕەنگ گوڵ گوون هوونم
قرچەی بڕێشتەی کووڕەی دەروونم (٤)
چون دانەی سەر ساج هور ئامام جار جار
جە تاو دووکەڵ ، جە شەرارەی نار (٥)
سۆزیام هەی سۆزیام ، وێنەی شوعلەی نوور
بیم سورمەی سوبحان ئاوەردەی کۆی توور (٦)

(١) سەرواز کەرد : سەر ڕیژی کرد . هوون : خوین .

(٢) خام : خاو . دەمە : کزە بای ساردی سەر کیوان کە زستانان بە بەفر دەوە بەرز ئەبیتەوە .

(٣) گیج مەدا : گێژی ئەخوارد . دیگ دەروونـدا : لـە مەنجەلی سینەدا . هور شاناش : قولپی ئەدا . جەستەی زەبوونـدا : لە لەشی لاوازما .

(٤) ڕەنگا ڕەنگ ڕەنگ : ڕەنگی ڕەنگاو ڕەنگ . گول گوون : گول ڕەنگ بریشتە : برژاو ، واتە : گیرودەی ئەم حالەم .

(٥) هور ئامام : هەڵئەهاتمەوە : شەرارەی نار : بلیسەی ئاگر .

(٦) سۆزیام : سووتام . سورمەی سوبحان : کلەی خوایی . ئاوەردەی کۆی تووڕ : هێناوی کیوی تووڕ .

من قەقنەس نەویم ، ها بیم وە قەقنەس
یەکجاریچ ئیمشەو ، ها بەرشیم جە دەس (٧)
ئەوەند خەیالآن بەردم وە دەروون
پەی دووری‌ی یاران بەتەر بیم زەبوون
ڕۆ جە شەو فێشتەر ، زار و زەلیلم
ساقی ! سا جامێ ، ئەمجار دەخیلم (٨)
بدەر پێم نۆش کەم چون هەردە جاران
وە ڕەغم گردین گرۆی مەیخواران (٩)
شیعر وێم تەنخوای سەمتوور سازێ
لێدەر ، سا نەی چی ! هەر تارێش گازێ (١٠)

---

(٧) قەقنەس : پەلەوەریکە . نەویم : نەبووم . بەرشیم : دەرچووم . وەك ئەلین قەقنەس کە مردنی نزیك ئەبیتەوە هەندی پەلو پووش کو ئەکاتەودو دەس ئەکا بە خویندن بە سەریا ، وە لە خوشی‌ی دلی خویا ئەوەندە بال ئەدا بە یەکا تا ئاگر لە بالەکانی ئەبیتەوەو پەلو پووشەکەش ئاگری تی بەر ئەبی‌و خویشی ئەسووتی . دیسان خولە میشەکەی ئەبیتەوە بە قەقنەسیکی ترو هەر بەم چەشنە .. واتە : لە گری دەروونی خوما ئاگرم تی بەربوو سووتام‌و ئەمشەو بە یەکجاری لە دەس دەرچووم .

(٨) فیشتەر : زیاتر . لە (بیشتر)ی فارسی‌یەوە هاتووە .

(٩) بدەر پیم : بمدەری . هەردە جاران : جاری جاران . وە ڕەغم : بە کویرایی چاوی . گردین : هەموو . گرو : دەستە .

(١٠) تەنخوا : لە باتی . لیدەر : لی بدە . تار : تەل . واتە : شیعرەکانی خوم بە نەی لە باتی‌ی سازو سەمتوور لی بدە ، با هەر تەلیکی وەکوو گازی وابی بو دەرکیشانی ریشەی جەرگم .

چنگ پێکۆ نه جەرگ نەغمەی سازەکەت
بەرارۆ تۆ تۆ میقراز گازەکەت (١١)
سا دەرۆیش ! کەفێ بدە نە ڕووی دەف
گیان منتظرەن پەرێ ڕێزەی دەف (١٢)
مغنی ! لێدەر یەك ئیمشەو سازان
بەشقی ئەو کەسە تۆش ئاوات وازان (١٣)
بەڵکە خەمانم تۆ دەری وە باد
هەی های جوانم ، فرێم هەن مراد (١٤)
ساقی ! سا دەخیل وە فریادم ڕەس
بە ڕووی نازەوە جام گێرە وە دەس
دەور دەرە وە ناز چون هەردە جاران
پێمدەر یەك مەنێ سەباو ئێواران (١٥)
با وەس باڵینم سێڵاو هوون بۆ
ئامێتەی زووخاو دیگ دەروون بۆ (١٦)

---

(١١) بەرارو : دەربینی . تو تو : چین چین . میقراز : مەقەس . واتە با نەغمەی سازەکەت چنگ گیر کا لە جەرگم ، وە چین چین وەکو گازی مەقەس دەری کیشی .

(١٢) کەف : بەری دەس . ریزەی دەف : لەرینەوەی ئەو ئەلقانەی بە کەللەی دەفەوەن .

(١٣) سازان : سازدکان . بەشقی ئەو کەسە : بە عەشقی ئەو کەسەوە . توش ئاوات وازان : بە ئاواتی گورانی وتنی تووەیە .

(١٤) دەری : بدەی . فریم هەن مراد : ئاواتم زورە .

(١٥) دەور دەرە : سووری بخو . یەك مەنی : یەکیکی یەك مەنی ، واتە : گەورە ..

(١٦) با وەس : با بەس . باڵینم : سەرینم . سێلاو : لافاو . ئامیتە : تیکەلاو .

وەختەن سەر تا پام ببۆ وە زوخاڵ
بۆی سفتەکەم هور گێڕۆ شەماڵ (١٧)
ساقی ! ئامانەن ، نەشوو جە ویرت
وە فریادم ڕەس تۆ بەشقی پیرت (١٨)
بەڵ ئیمشەو خەمان نەدەرۆم وە باد
ساقی ! گیان ، قوربان ، خاطر کەرە شاد (١٩)
بووە وە باعث ئەی نیم گیان سەخت
سا بەڵکە نەمرۆ (مەعدوومی)ی بەدبەخت (٢٠)

ـ ٢ ـ [1]

ئازیز ! دیارەن ، وادەی لوامەن
ئەلوەدای ئاخر ئەوەنامامەن (٢)
دەوڵەتەکەی وەصڵ پا نە زەوالەن
جارێو تەر دیدەن بااڵت مەحاڵەن (٣)

---

(١٧) ببو : ببی . بوی سفتەکەم : بو پرووزم . هور گیرو : هەلگری ، بیبا .
(١٨) نەشوو جە ویرت : لە بیرت نەچم .
(١٩) نەدەروم وە باد : نەمدا بە با . خاطر کەرە شاد : دلم خوش کە .
(٢٠) واتە : ببە بە هوی مانەوەی ئەو نیوە گیانە نارەحەتەم با نەمرم .

ـ ٢ ـ

(١) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە سەردەمی فەقێیەتیدا بو ا شیخ عەزیزی جانەوەردیي) هاوڕێی نووسیوە کـە لێی جوی بووەتەوەو چووە بو بانە .
(٢) لوامەن : رویشتنمە . ئەلوەدا : الوداع ، مالاوایي . ئەوەنامامەن : نەگەرانە دواوەمە . لە هەندی نوسخەی تردا نووسراوە : (ئاماو نامامەن) واتە : هاتنەوەو نەهاتنەوەمە .
(٣) وەصل : بە یار گەیشتن . پا نە زەوالەن : پێ لە لە ناو چوونە . جاریو تەر : جاریکی کە .

سا دڵم وەش کەر وە ئیلتیفاتێ
بدیە وە لاوە ، بوینووت ساتێ (٤)
با بەیو شنۆی شیرین ڕازەکەت
گۆش دەرۆ لادێ مەینەت گازەکەت (٥)
ئاخر سەفەرەن ، ڕا خەیلێ دوورەن
مەنزڵ بێ پایان تۆشە زەروورەن (٦)
دینت تۆشەی چەم ، مەیلت تۆشەی دڵ
ڕازت تۆشەی گۆش ، مەنزڵ وە مەنزڵ (٧)
کێ زانۆ چۆن بۆ ئەی دنیای فانی ؟
با ببۆ نە بەین گەردن ئازادی !
من شەوێ نااڵەم جۆش ئاوەردە بۆ
سەگی ئاسانەت بێدار کەردەبۆ ، (٨)
یا ناستەبۆ سەیل دیدەم ، نەفەسێ
نەسیم گەرد پات بەرۆ پەی کەسێ (٩)

---

(٤) وەش کەر : خوش که . ئیلتیفات : لا لی کردنەوە . بدیه وه لاوه : بروانه به لادا ؛ لایه بکەردوه . بوینووت : بتبینم .

(٥) با بەیو : با بیت . شنو : شنه . شیرین رازەکەت : قسه خوشەکەت . گوش دەرو : گوی شل کا . لادی : تاوی . مەینەتگازەکەت: ئەو خوشەویستەت که مەینەت گازی لی گرتووه .

(٦) ئاخر سەفەردن : دوا سەفەره . را : ری . توشه : تویشوو .

(٧) دینت : دیتنت . چەم : چاو .

(٨) ئاسانەت : بەر قاپیت . له (ئاستان) ەوه هاتووه . واته : نەوەك شەویکیان نالەی من جوشی هینابیو سەگی بەر قاپیتی بیدار کردبیتەوه .

(٩) ناستەبو : نەیهیشتبی . نەفەسی : هەناسەیەك ، تاویك . بەرو : بەری ؛ ببا . واته : یا خود لافاوی چاوم تاویك نەیهیشتبی بای نەسیم توزی پیت بەری بو یەکیك .

جەمینت زەحمەت نیگام کێشابۆ
کەف پات وە خار دیدەم ئێشابۆ (١٠)
یا کەردەبۆ دڵ دیۆانەی دڵ تەنگ
وەخت نیشانەی دڵان پەی خەدەنگ (١١)
پەلە پەل پەی زەوق زامێ وە تیرت
ئازار دابۆ تای زوڵف زنجیرت (١٢)
یاخۆ تۆ دابۆت وە دڵ مەزەی مەرگ
تیر خەدەنگت دابۆ نە تۆی جەرگ (١٣)
یا مەڕدەبۆت دڵ دێوانەی دڵگیر
جە تیر ئەندازی کەردەبۆت تەقصیر (١٤)

---

(١٠) جەمینت : ناو چاوت ، تەویلت . لە (جبین)ی عەرەبی‌یەوە هاتووە . نیگام : سەیر کردنی من . کەف پات : بەری پیت . خار : درك . موژدم : برژانگم . واتە نەوەك ناو چاوت ئازاری پی‌گەیشتبی بە هوی ئەوەوە کە من بوم روانیوە ، یا خود بەری پیت بە درکی برژانگم ئیشابی کە بە سەریا ئەرویشتی .

(١١) خەدەنگ : تیر . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دوایی‌دایە .

(١٢) زەوق : ذوق ، چەشتن . واتە : یا خود دلە شیتە خەفەتبارەکەم کاتیك کە دلان ئەبن بە نیشانە بو تیری چاوت ، پەلە پەلی کردبی بو چەشتنی زامی لە تیرەکەی تووە ، وە لەو پەلە پەلەدا ئازاری گەیاندبی بە تای زولفی تو کە بووە بە زنجیرو دلی منی پی بەسراوەتەوە .

(١٣) دابوت : دابیتت . شاعیر پاش ئەوەی داوای لی بووردنی تاوانەکەی خوی کرد لە یار ، دیتە سەر باسی تاوانەکانی ئەویش تا گەردنی ئازاد بکا . ئەوەتە ئەلی یا خود تو تامی مەرگت بە دلم چەشاندبی‌و بە تیری برژانگەکانت جەرگمت بریندار کردبی‌و دلت بی بەش کردبی لە پیکران بە تیر ..

(١٤) مەردەبوت : شکاندبیتت . واتە : ئەگەر دلیشمت لە تیر بی بەش نەکردبی ، کەمت دابیتی‌و دریغیت لی کردبی ، وە بەوە دلت شکاندبم .

یا نەدابۆت تۆز گەرد پالاکەت
پەرێ سورمەی چەم سفتەی بالاکەت (١٥)
تۆ بویەر جە من ، من زوو ویەردم
هیممەت بۆ ، ها ژار مەحروومیت وەردم (١٦)
چەپگەرد پەی دووریت شانا مۆرەی نەرد
وە ظاهر (بانە)ش وە بەهانە کەرد (١٧)
تا فەڵەك پەیمان نە بەهانە بۆ
ئەر صەد بانە بۆ ، باز شوکرانە بۆ (١٨)
ئەر فرسەتش دا پەی دڵ خەمینت
عومرێ دووبارەن جاریۆ تەر دینت (١٩)

---

(١٥) پالا : کەوش . پەری : بو . واتە توزی کەوشەکانت نەدابی بو کلەی چاوی ئەو کەسەی سووتاوی عەشقی بالاتە .

(١٦) بویەر : ببووزە . ویەردم : بووردم . هیممەت بو : خوا حافیز بی . وەردم : خواردم .

(١٧) چەپگەرد : گەردوونی چەپ گەر . شانا : وەشاندی . بانە : شاریکە لە کوردستانی ئێران لە سنووری ناوچەی پینجوینەوە . واتە : گەردوون کە زاری خوی هەلدا دووری‌ی هینا ، ئێتر چون بوو بانەی کرد بە بیانوو ، ئەم شیعرە لە نوسخەکەی مەحموود پاشادا بەم جورە نووسراوە :

چەپگەرد جە خاطر ویش هەرگیز نەویەرد
کەی بی جامیمان پر جە گەرد نەکەرد

واتە : گەردوون روژی دەستی لە ئارەزووی خوی هەلنەگرت ، روژی نەبوو جامی مەی‌مان پر نەکا لە توزو خول .

(١٨) پەیمان : بومان . ئەر صەد: با صەد جاریش، هەرچەند . واتە: تا گەردوون لە سەر بیانوو بی پیمان ، ئەگەر هەر بو بانەشمان دوور بخاتەوە هەر شوکرانە بژیرین .

(١٩) دل خەمینت : دوستە دل پر لە خەفەتەکەت .

ۆەز نأستش ، ئازیز ! تۆ وە سلاّمەت
دیدەن دیدار کەوت ئەو قیامەت ! (٢٠)

ـ ٣ ـ

ئەمجار سەخت تەرەن زامم جە جاران
چڵ مدۆ دایم چون گەستەی ماران (١)
هەر وە زۆر مەندەن ڕای ئامای نەفەس
تای ڕیشەی تاقەت شیەنم جە دەس (٢)
بڵێسەی فیراق سۆچنان جەستەم
ناسۆرەن زامان گاز خەم بەستەم (٣)
دووی کەواو دڵ پۆشان سەر هەردان
زەرد کەردەن ڕوخسار پایز دەردان (٤)
سەرسامەن عاڵەم یەکسەر جە ناڵەم
فەڵەك مۆرەی بەد شانا وە تاڵەم (٥)

---

(٢٠) ناستش : نەیهیشت . نیو شیعری دووهەمی ئەم شیعرە لە هەندی نوسخەدا بەم جورە نووسراوە :

کەوتەن ئەو دیوان سارای قیامەت

واتە : چاو پی کەوتنەوەت کەوتەوە دیودخانی دەشتی مەحشەر .

ـ ٣ ـ

(١) چل مدو : چل ئەدا .

(٢) ئامای نەفەس : هەناسە دان . شیەنم جە دەس : لە دەسم دەرچووە .

(٣) سوچنان : سووتاندوویە . ناسورەن : لێی کردووم بە تیراوی . گاز خەم بەستەم : کە بە گازی مەینەت لیم پەیدا بووە .

(٤) دوو : دووکەل . کەواو : کەباب . پوشان : دای پوشیوە . زەرد کەردەن . . تاد : پایزی دەردیش روخساری زەرد هەلگیراوم .

(٥) تالەم : طالعم ، بەختم . واتە : گەردوون زاری خرابی بو بەختی من هەلدا .

مەینەت سەر بەرزەن ، شادیم زگارەن
ساقی ! جامەکەت ئەمجار وە کارەن (٦)
بۆرێ وە مەجلیس لا بەر پەردەی شەرم
وە دەورێ دیسان بەزمێ کەرمێ گەرم (٧)
تا مطرب وە ساز حەنجەرەی بێ گەرد
هوردۆ مەقامێ دەوا کەرۆ دەرد (٨)
بەڵ ناکا نەی چی بەیۆ جە لاوە
وە مەقامەکەی قەقنەس ئاساوە (٩)
بەزمێمان جەم بۆ چون هەردە جاران
بنۆشین جامێ وە یاد یاران (١٠)
هەر وە زۆر مەندەن نیم نەفەس باقی
پڕ کەر جامەکەت ، دەخیلم ساقی !
ئەر ئازیز وەی تەور لێم کەرۆ ستەم
خەڵاصیم نیەن ئەمجار خاتر جەم (١١)

---

(٦) زگار: زویرو خەفەتبار. واتە: ئەمرو کە مەینەت باویەتی‌و شادیم لە دڵا نیە ، وەختی ئەوەیە پیالەیەکم بدەیتی .

(٧) بوری : وەرەوە . دەوری : هەلسووڕانیکی تر . کەرمی : بکەین ،

(٨) حەنجەرە : ئاوازەی بین . هوردو مەقامی : هەل بداتە لیدانی نقامی .

(٩) بەیو : بیت . وە مەقامەکەی .. تاد : واتە : بە نقامەکەی کە وەك ئاوازی قەقنەس خوش‌و دلگیرە .

(١٠) بەزمیمان جەم بو : کوری ببەستین .

(١١) لیم کەرو ستەم : ستەمم لی بکا . شیعرەکانی دواوە باسی ستەمی یار ئەکەن .

غەرەق چون شەونم نیشتەن نە ڕووی گوڵ
تەڕ کەردەن تا تای توغراکەی سونبوڵ (١٢)
جە قازان خەم دڵ کەردەن وە ئاو
وە درۆ ماچۆ مەگێروو گوڵاو (١٣)
ئازیزم ! گوڵاو بۆی خۆی کوڵم تۆن
ئەر بۆی تۆ نەبۆ بۆی گوڵاو جە کۆن ؟ (١٤)
زەڕەی بۆی زوڵفت کەفتەن نە بەرزان
بۆی گوڵان کەردەن جە بەرزان هەرزان (١٥)
ئازیز ، وە مەرگت گەر ئینسافت بۆ
هەنی کافیەن بۆی زوڵفت پەی تۆ (١٦)
ئیتر چ حاجەت وێت مەدەی عەزاو :
قەبووڵ کەری جەور مەگێری گوڵاو ؟ (١٧)

---

(١٢) گول : مەبەسی کولی یارە . توغراکەی سونبول : زولفە لوول خواردووەکەی کە وەك موری توغرایی وایە .

(١٣) واتە : لە مەنجەلی خەما دلی تواندوەتەوەو کردوویە بە ئاو . کەچی بە دروی خوی ئەلی گولاو ئەگرم .

(١٤) خوی : ئارەق . جە کون : لە کوێیە .

(١٥) زەرەی : توزیکی .

(١٦) هەنی : ئیتر . کافیەن : بەسە .

(١٧) عەزاو : عذاب ، ئازار . قەبوول کەری .. تاد : خوت ماندوو ئەکەی گولاو ئەگری .

ئیحیا نەبوون ، سا نەشوون مەردەن :
نامەکەش ئامان ، گلەییش کەردەن (٢)
قاصد ! شۆ وە لای ئەو نەو نەمامە
چون یاوای ، پێش دەر ئەی جواو نامە (٣)
جەو ئەسکەنجەبین دەس سوروشتەکەت
یانێ : نامەکەی زێباو زوشتەکەت (٤)

---

(١) مەولەوی ئەم غەزەلەی لە وەلامی دوستیکیا نووسیوە کە نامەی بو ناردووەو گلەیي لی کردووە لە نامەکەیدا .

(٢) ئیحیا نەبوون : زیندوو نەبمەوە . نەشوون مەردەن : نەچمەوە مردن . ئەم شیعرە بە پێی هونەری (بدیع) پێی ئەلین (لف و نشر) . نیوەی شیعری یەکەم دوو بەشە ؛ نیوەی شیعری دووهەمیش هەروەها . بەشی یەکەمی نیوە شیعری دووەم ئەگەریتەوە بو بەشی یەکەمی نیوە شیعری یەکەم ، بەشی دووەمی نیوە شیعری دووهەمیش ئەگەریتەوە بو بەشی دووهەمی نیوە شیعری یەکەم . واتە چون زیندوو نەبمەوە لە پاش مردن لە بەر دووریی ئەو ، کە نامەی هاتووە بوم ؟ وە چون نەمرمەوە کە گلەیي لی کردووم ؟

(٣) قاصد : نیرراو . شو : برو . یاوای : گەیشتی . پیش دەر : بیدەری .

(٤) ئەسکەنجەبین : جورە شەربەتیکی ترش و شیرینە . دەس سروشتەکەت : بە دەستی تو دروست کراوەکە . زیباو زوشتەکەت : جوان و ناشیرینەکەت ؛ بەلام لیرەدا مەبەس (خوش و ناخوشەکەت)ە ، چونکە نامەکەی هەندیکی خوشەو هەندیکی ناخوشە . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە مەعنای شیعری دوایيەوە .

به بادەکەی وێت جام جام وەردەوە
تاڵی‌ی سەفرای دەرد دووریش بەردەوە (٥)
فەرمابێت بەو لەفظ شەکەر ڕازەوە
گا جە ڕووی عیتاب گا وە نازەوە : (٦)
نە وەخت هیجران وێداعت فاما ،
نە وە شەماڵدا پەیامت ئاما (٧)
دەیسا هورێزە ، خەمیارەکەی وێم !
بۆ شاد بەر وە دین دیدارەکەی وێم (٨)
تۆ تیرەکەی وێت ، وە زامداری‌ی وێم
تۆ بێ باکی‌ی وێت ، بوردە باری‌ی وێم (٩)
ئەو وەخت پای کاو هەرد دڵ تەم بۆ
ئەساسەی دووری‌ی ئازیزان جەم بۆ (١٠)

---

(٥) بادە : مەی . وێت : خوت . وەردەوە : خواردیەوە . واتە : نیراو بچو پی‌ی بلی کەوا نامە پر لە قسەی خوش‌و ناخوشەکەتی خویندەوە کە وەك سکەنجەبینی ترش‌و شیرین وابو کە بو نەهیشتنی سەفرا ئەخوریتەوە . وە بە خویندنەوەی سەفرای دەردی دووری‌ی لابرد . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (بە بادەکەی وێت) نووسراوە : (بیمارەکەی دل) واتە : دل بریندارەکە . .

(٦) فەرمابێت : فەرموبووت . بەو لەفظ . . تاد : بە قسە وەك شەکر شیرینەکانت . گا : گاهی ، جاری . وتراوەکەی لە شیعری دواوەدایە .

(٧) وێداعت فاما . فامیت خوا حافیزی بکەی . پەیام : پەیغام .

(٨) هوریزە : هەلسە . خەمیارەکەی وێم : هاوری‌کەی کاتی خەمباریم . لەم شیعرەدا قسەکەی ئەو دوایی دی کە پی‌ی وتبوو .

(٩) بوردەباری : سابیری . لەم شیعرەو شیعرەکانی پاشەوەدا وەرامی ئەداتەوەو بیانووی بو دینیتەوە ، ئەلی : سوێندت ئەدەم بە تیرەکەی خوت‌و بە بریندارەی‌ی خوم . . تاد .

(١٠) کاو : زەردو ما . ئەساسەی : هویەکانی . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی هەموو لە شیعری ژمارە یانزەدا لی ئەدریتەوە .

چۆن نەبڕیۆ تای ڕشتەی سەبووری ؟
گۆش چۆن وێش مدۆ وە قسەی دووری ؟
زوان چۆن تاقەت هیممەت وازیشەن ؟
دیدە چۆن تاقەت شۆن دیاییشەن ؟ (١١)
گێج مدۆ دەروون چەنی نێش ، ئامان !
بەلام هەی سەر خێل نەو تووڵ نەمامان (١٢)
چۆن یارای نەفەس بەراوەردەمەن ؟
سۆزش وە شەماڵ ڕەوان کەردەمەن ؟ (١٣)
مەترسوو جە حفظ تەقریر ئەحوال ،
سۆچۆ خەزانەی خەیاڵ شەماڵ (١٤)
من خۆ شەوو ڕۆ ئارەزووی تۆمەن
پەرێ دیدەنت نەزرو فتۆمەن (١٥)
بەلام ، یەن وە یاد بالاکەی تۆوە
دەورم دان وە دەور ساراو سەر کۆوە (١٦)

---

(١١) هیممەت وازی : مالاوایي . شون دیایي : بە شوینا روانین . واتە : کاتی کە داوینی هەردی دل تەم دای گرتبی‌و هەموو هویەکی دووری‌ی ئازیزان کو بووبیتەوە ؛ تالی رشتەی سابیری‌ی من چون ناپچری‌و گوی چون ئەتوانی باسی دووری ببیسی‌و زوبان چون توانای مالاوایي ئەبی‌و چاو چون تاقەتی بە شوینا روانینی ئەمینی ؟

(١٢) نیش : ئیش . نەو تووڵ : تازە هەڵچوو .

(١٣) یارا : توانا . نەفەس بەراوەردەمەن : هەناسە دانمە . سوزش : سوزی دەروون . ردوان کەردەمەن : ڕەوانە کردنمە .

(١٤) مەتەرسوو : ئەترسم . سوچو : بسووتی . واتە : ترسی ئەوەم هەیە ئەگەر شەماڵ باسی حاڵو ئەحوالم بینی بو لاتان گەنجینەی خەیاڵی شەماڵ گری تێچی چونکە ئەوەندە سوزم هەیە .

(١٥) پەری : بو . نەزرو فتو : نذر الفتوح ، بەو سەدەقەیە ئەڵین کە بو هاتنە دێی دڵخواز ئەکری .

(١٦) یەن : ئەوەندە . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایي‌یەوە .

بۆی بالآت هەرزان وە دەشت و دەردان
نمەز ڕای لای تۆم وە کام گوزەردان (١٧)
گلەی تۆ وەی تەور ، حاڵەت وەی نەسەق
دووریچت وەی ڕەنگ ، خودا تۆ وە حەق ! (١٨)

ئارەزوومەندیم جە حەد وێەردەن
فراوان خەیلێ تاسەی تۆم کەردەن (١)
قیبلەم ، بەو ئەحەد بێ هەمتای فەردەن
سەوگەند یەکێوەن چەنی تۆم وەردەن (٢)
فکرو خەیاڵان وەسواسەی وەفات
دایم نە دڵەن نە ڕووی سەر بسات (٣)
شەوان تا وە ڕۆ فکرم جە لاتەن
ڕۆح ڕەوانم نە خاك پاتەن (٤)

---

(١٧) نمەز : نازانم . واتە : دیارە من هەمیشە خوا خوای ئەوەمە . بوم هەلکەوی بتبینم ، وە بو گەیشتن بەم ئامانجە خیرو حەسەنات ئەکەم . بەڵام ئەوەندە بە یادی بالای تووە گەراوم ، بونی تو هەموو دەشتو دەری گرتووەتەوە . لە بەر ئەوە نازانم ڕیی لای تو لە کام گوزەرەوەیە تا بیم بو لات . مەولەوی بەم شیوە جوانە وەرامی خوشەویستەکەی ئەداتەوەو بوی باس ئەکا کە بوچی پێی نەکرا مالاوایي لی بکاو ئیستاش نەئەتوانی سەریکی لی بداو نە ئەش توانی نامەیەکی بو بنووسی .

(١٨) واتە : تو وا گلەییم لی بکەیتو منیش حاڵەتم وابیو دووریشت ئەوەندە ناخوش بی ، مەگەر هەر خوا خوی بەزەیي پیاما بیتەوە . .

(١) وێەردەن : تێپەڕیوە .
(٢) بەو ئەحەد : بەو خوا تاکو تەنیایە . سەوگەند : سوین .
(٣) وەفات : وەفای تو . نە رووی . . تاد : لەم سەر زەوێیەدا .
(٤) روح ڕەوانم . . تاد : گیانم لە سەر خاکی بەرپێتایە .

قالبم بێ ڕۆح ، ئەروام نەمەندەن
مَن دان حەیات زیندەگیم کەندەن (٥)
نامت چون ئەوراد سوبح و ئێواران
موانووش وە گەرم نە پای دیواران (٦)
چەمم چون شاباز وێڵ شکار بۆ
دایم باڵ پەرواز نە سەر دیار بۆ (٧)
جە سەر قەڵاوە مەگێڵوون پەی تۆ
دەك دیدەم هەر دوو صەد جار فدێت بۆ (٨)
ئامان ، هەی ئازیز بینایي چاوان !
گلەم هەن جە تۆ خەیلێ فراوان
یانێ چێشش مەیلت فەرامۆش کەردەن
مەر بادەت نە جام بێ شەرتی وەردەن ؟ (٩)
وەر نە یانێ چێشش نە جاران جارێ
خەبەر نەپەرسی جە ڕا ویارێ ؟ (١٠)

---

(٥) قالبم : لاشەم . ئەروام : ئەرواحم ، گیانم . من دان .. تاد : من دانی ژیانم کەندووەو تازە بە تەمای ژیان نەماوم .

(٦) ئەوراد : ویردو دوعا . موانووش : ئەی‌خوینم . نە پای دیواران : لە پەنای دیوارانا .

(٧) شکار : راو . بال پەروار : بالی گرتبیتەوە . نە سەر دیار بو : بە سەر ولاتانا . واتە : ئەی چاوەکەم من وەکوو شاباز .. تاد . قسەکەی لە شیعری پاشەوەدا تەواو ئەبی .

(٨) سەر قەلا : هەوارگەیەکە ئەکەوێتە پشتی دێی (سەر شاتە) کە نشینگەی مەولەوی بووە . مەگیلوون : ئەگەریم . فدیت بو . بە قوربانت بی .

(٩) مەر : مەگەر ؛ بوچی . بادەت .. تاد : شەرابت لە پیالەی بی شەرتی‌یا خواردووەتەوە ؟

(١٠) وەر نە : ئەگینا . نە جاران جاری : جاری لە جاران . را ویار : ڕیبوار .

ئومێدم ئێدەن ، ئامانەن ئامان !
جەی فێشتەر ناسۆر نەوزی زامان (١١)
ئەحواڵ حاڵات شەرت و وەفاکەت
بکیانە پەرێم تۆ بی خوداکەت ! (١٢)
نە ساڵ و نە ماە ، نە هەفتە نە شەو
نە ساتێ ئارام ، نە دەقیقە خەو
نمەشۆم نە چەم ، دیدەم ، نە دووریت
هەر ئێد موانوون : ئاخ جە مەهجووریت ! (١٣)
ئیسە کێ تاقەت دووری‌ی تۆ دارۆ ؟
دەك بەرق غەزەب وە جەسەم وارۆ ! (١٤)
بە سەرگەردت بام ، ئەرواحەکەی وێم !
جواب صەریح بکیانە پەرێم ..

-٦-

ئەنیس خەیاڵ دەردان پڕ زام !
مەرهەم جەستەی خەستەکەی ناکام ! (١)

---

(١١) ئیدەن : ئەمەیە . نەوزی : نەخەی . واتە : لەمە زیاتر زامەکانم بە ناسور نەخەیتەوەو نەیان کولینیتەوە .
(١٢) بکیانە پەریم : بنیرە بوم .
(١٣) نمەشوم نە چەم : ناچیتە چاوم . ئەم جوملە مەعنای شیعری پیشوو تەواو ئەکات . هەر ئید .. تاد : واتە : ویردی زوبانم ئەوەتە هەمیشە ئەلیم ئاخ لـە دووریت .
(١٤) دارو : هەیەتی . وارو : ببارێ .

(١) ئەنیس : هوگری پیوە گیراو . مەولەوی بەم شیعرانە قسـە لە گەل خوشەویستەکەی خوی ئەکا .

خەیلێن نە گێجاو بەحر مەهجووری
نە دەور دوەی تەنووڕەی دووری (٢)
پووشەکەی جەسەم وە پەنا کەفتەن
سامیعەم خەبەر یاران نەشنەفتەن (٣)
ئینشەڵلاّ ، چەنی خۆشحاڵی ، شادی
نە شاخەی شۆخیی گەردوون ، ئازادی (٤)
چەنی وەش بەختی دوو دەس نە گەردەن
عومرتان وە عەیش عوشرەت ویەردەن (٥)
نەك چون من جە دەس بێ مەیلیی دڵبەر
مەکێشوو هەر سات هەزار دەرد سەر (٦)
دایم دڵ ڕەنجوور هیجران یارم
زنجیر جەفای زوڵف نیگارم (٧)
خصووص شەڕارەی دووری زۆر کەردەن
مەزرەعەی هەستیم وای سەبوون بەردەن (٨)

---

(٢) دوه : دووکەل . تەنووڕە : گیژ . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

(٣) کەفتەن : کەوتووە . سامیعەم :گوێچکەم . نەشنەفتەن : نەیبیستووە . واتە : دەمیکە لەشی وەك پووشم لە بەر گیژە لوولی دەلیای دووریو دووکەلی تەنووڕەی لی جوی بوونەوەت کەوتووەتە لاوە . ئەوەتە هیچ باسیکی تۆم بەر گوی نەکەوتووە .

(٤) چەنی : لە گەل . شاخە : پیا هەل شاخان . شوخی : گاڵتە پی کردن .

(٥) وەش بەختی : بەختیاری . عوشرەت : خوش ڕابواردن . ویەردەن : بە سەر بردووە .

(٦) مەکێشوو : ئەکێشم .

(٧) دل ڕەنجوور : دل شکاو . زنجیر : بەندی . نیگار : وینەی جوان . مەبەس لە یاری وەك وینە جوانە .

(٨) زور کەردەن : زوری هیناوە . هەستیم : بوونم . مەبەس لە لەشیەتی . وا : با .

کەس بە وێنەی من پڕ مەینەت نەبۆ
گورفتار دۆس بێ بەینەت نەبۆ (٩)
هیچ کەس موبتەلای دووری‌ی یار نەبۆ
چون من سەرگەردان بێ قەرار نەبۆ
کەس نەبۆ چون من یار بەدکاران
زامدار موژەی دیدە خوماران (١٠)
جە هاژەی هوونا‌و دەروون پڕ دەرد
نە گەردش چەرخ گەردوون چەپ گەرد
تا جە تۆ برِیام وە مەرگت قەسەم
ساتێ ئاسایش نەدیەنم وە چەم
نەکەری خەیاڵ گلەیي کەردەن
نەواچی بادەی بێ شەرتی‌یش وەردەن (١١)
ئەر زەلیل دەس بێ شەرتان نەبوون ،
کەی مەبۆ مەیلت فەرامۆش کەروون ؟ (١٢)

ـ ٧ ـ

ئیمشەو هەم خەمان وەنەم سەرداوە
سەر تا پای تەنم ئایر وەرداوە (١)

---

(٩) بی بەینەت : بی وەفاو بی بەین .
(١٠) موژە : برژانگ . دیدە خوماران : چاو مەستان .
(١١) نەواچی : نەلی‌ی . وەردەن : خواردووەتەوە .
(١٢) نەبوون : نەبم . کەی مەبو : کەی نەبی . کەروون : بکەم .

ـ ٧ ـ

(١) وەنەم ســـەر داوە : سەری لی دامـــەوە . ئایر وەرداوە : ئاگری بەردایەوە .

جەستەی زەعیفم ، ئیستیخوان ڕێش
هەر ئازای ڕێشم مەگریا پەی وێش (٢)
گۆشت و پۆستەکەم نەفت پێدا ڕژیا
مەغز و ئیستیخوان وە هەمدا پژیا (٣)
کەس نەبی ئاوێش بکەرۆ سەردا
بلێسەش بەرز بی وە هەر تەرەفدا
ظاهرا دڵم هەم کۆسش کەفتەن
داخۆم جە دۆسان هەم کێ دوور کەفتەن ؟
جە تاو ئایر تەنوورەی دەروون
دیسان سەرواز کەرد زووخاو چەنی هوون (٤)
ساقی باوەرە ئەو مەی دوو ساڵە
پێم دەر یەك جامێ حاڵم بەد حاڵە (٥)
مغنی ! کۆ کەر سازانت وە هەم
سەمتووڕێ ، تارێ ، وە هەم کەرە جەم (٦)
نەی چی ! سا لێدەر ، قەزات وە ماڵم
دەمێ دەر جە نەی ، دەروون زوخاڵم (٧)

---

(٢) ئیستیخوان : ئیسقان . ریش : بریندار . هەر : هەموو . مەگریا : ئەکولا .

(٣) وە هەمدا پژیا : پژان بە یەکا .

(٤) سەرواز کەرد : لیشاوی هینا .

(٥) باوەرە : بینە . مەی دوو سالە : مەی کون . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (پیم ددر یەك جامی) نووسراوە : (پیم دەرە جامی) .

(٦) مغنی : گورانی بیژ . کو کەر سازانت وە هەم : سازەکانت بخەرە یەك .

(٧) ددمی ددر جە نەی : ددمی بنی بە شمشالەوە .

هۆشێ کەر ، هام فەرد ! سازان بسازە
بالّات وە کالّای خەمان بوورازە (٨)
باوەرە بساط تەمام تەیار کــە
شەو خەفتەن شووم بە ژار مار کە (٩)
قەزای پەنجەکەت دەك لە من کەفێ
خەیلێ عاجزم ، سا لێدەر دەفێ (١٠)
باوەرە کووڕەی دڵ نە جەهدو جەخت
ڕووی تەوبیخ وە لای (مەعدوومی) ی بەدبەخت (١١)

— ٨ —

ئیمشەو دیارەن بانگم بێ شەرمەن
زایەڵەی سەمتوور کەللەم وە گەرمەن (١)
صەدای زیل و بەم مەینەت صەد تەرزەن
خەفەت شادیشەن ، خەم دەماخ بەرزەن (٢)

---

(٨) هوشی کەر : هوشی بکەرەوە . هام فەرد : هاو دەم . سازان بسازە : سازەکان ریك خە . کالا : بەرگ . بووڕازە : بدووڕە .

(٩) بساط : ڕاخەر ، بەرە . لێرەدا مەبەس لێی هوی ڕابواردنە . تەیار : ئامادە . شەو خەفتەن شووم : خەوی ناخوشی شووم . واتە : خەوم لی تال کە با خەوم لی نەکەوی . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (بە ژار مار کە) نووسراوە : (وە ژار مار کە) .

(١٠) لە من کەفی : لە من کەوی .

(١١) جەهدو جەخت : جوشو خروش . تەوبیخ : سەرزەنشت . واتە : کاکەی دەف لیدەر بە ئاوازی دەفەکەت دل بینە جوشو ڕووی سەرزەنشت بکەرە (مەعدوومی) ی چارە ڕەش با بیری بکاتەوە .

— ٨ —

(١) زایەڵە : ئاوازە . واتە : ئاوازەی کەللەی وەك سەمتوورم گەرمی کردووەو دەنگ ئەداتەوە .

(٢) زیلو بەم : دوو ئالەتی موسیقان . تەرز . جور .

هۆشم بێ هۆشەن ، فامم قامەت قاخ
بۆی دووری‌ی ئازیز مەیۆم نە دەماخ (٣)
نەی چی ! درەنگەن سا مەکەر درەنگ
فیدای پەنجەت بام ، نەی باوەر وە دەنگ (٤)
هەر تەرزێ پەی وێش بکەرۆ ڕازێ
گێرۆ نە دەروون هەر سازێ گازێ (٥)
بجۆشۆ هەر کەس وە قەد ناڵەی وێش
بنۆشۆ هەر کەس وە پیاڵەی وێش (٦)
جەلای هەر گەردێ وە صەدایێوەن
دەوای هەر دەردێ وە نەواییوەن (٧)
هەر مەقامێوەت جگەر تاون بۆ
طفلی بێچارەی دلاّن لاون بۆ (٨)
ئەو صەدای دەردە خەیلێ دڵکەش بۆ
دڵ طفلان ئاسا بەڵکم دڵ وەش بۆ (٩)

---

(٣) فام : تی‌گەیشتن . قامەت : بالا . قاخ : وشەیەکی تورکی‌یە واتە هەستە ، ئەبی لە (قالق) دەوە هاتبی . دەماخ : لووت . مەبەس ئەوەتە بالای تی‌گەیشتنم هەستەی لی کراوەو رویشتووە .

(٤) مەکەر درەنگ : درەنگی مەکە . بام : بم . باوەر وە دەنگ : بینە دەنگ .

(٥) واتە : هەر رەنگەی قسەیي بو خوی بکاو هەر سازیکی گازی لە دل بگری .

(٦) بجوشو : بجوشی ، بکولی . بنوشو : بنوشی ، بخواتەوە .

(٧) جەلا : پاك بوونەوە . گەرد : توز . وە صەداییوەن : بە ئاوازیکەوەیە . وە نەواییودن : بە لیدانی نقامیکەوەیە .

(٨) تاون : تویەردوە . لاون : لاوینەرەوە . واتە : دلەی بەسە زمانی وەك منالم بلاوینیتەوە .

(٩) واتە : ئەو دەنگەت هەرچەند ئاوازی دەردیش بی ، با خوش‌و دلگیر بی ، بەلکو دلم وەك منال پی‌ی شاد ببی .

هەی پەشێوی‌ی هۆش ، هەی شێویای فام
هەی عەقڵ عەبەس ، هەی خەیاڵ خام (١٠)
من‌و دڵ وەشی و صەفایي کەردەن ،
هوونی‌ی یەکتەرین تا وە ڕۆی مەردەن (١١)
سا دەی ، صاحیب نەی ! ڕیشەی دڵ کەر پەی
تالیم دەر ئەی فەرد وە نەزمەکەی نەی : (١٢)
ئیمشەو وە هەر حاڵ شەو وە ڕۆ بەروون
ئەی خوا سا مەرگێ ، سەحەر چێشێ کەروون ؟ (١٣)

(١) ـ ٩ ـ

ئەیاز هەمڕاز نالە و ئاخ و دوود
عەرزش هەن وە خاك ئاسانەی مەحموود (٢)

---

(١٠) شیویا : شیواو . عەبەس : هیچ‌و پووچ . واتە : هاوار لە پەشیووی‌ی هوش‌و تیکچوونی فامم .. تاد . هوی ئەم هاوارەش لە شیعری دوایي‌دا دی .

(١١) هوونی‌ی یەکتەرین : دوژمنی خوینە خوری یەکترین .

(١٢) ریشەی دل کەر پەی : ریشەی دل ببرە . تالیم دەر : تەعلیم دادە . ئەی فەرد : ئەم تاقە شیعرە . نەزمەکەی : بەزم‌و ئاوازەی .

(١٣) وە هەر حال : هەر چون بی . شەو وە رو بەروون : شەو روژ ئەکەمەوە . ئەم شیعرە ئەوەبوو کە داوای لە شمشال ژەن کرد بە شمشالەکەی لی‌ی دا .

ـ ٩ ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە وەلامی مەحموود پاشای جافا نووسیوە کە لە مانگی ردمەزانا بوی نووسیبوو دوعای خیری بو بکاو بوی بپارێتەوە لە بارەگای خوا .

(٢) ئەیاز : وەزیرە بە ناو بانگەکەی سوڵتان مەحموودی گوری سوبوکتەگینی غەزنەوي‌یە . مەبەس لە ئەیاز مەولەوی خویەتی . دوود : دووکەڵ . ئاسانە : بەر دەرگا . ئەم هینانی ناوی ئەیازو مەحموودە بە هونەری بەدیع (توریە)ی پی ئەڵین . توریە ئەوەیە وشەیەك دوو مەعنای هەبی . یەکیکی نزیك‌و یەکیکی دوور . وە بو مەعنا دوورەکەی بە کار بهێنری نەك بو مەعنا نزیکەکەی . ئەوەتە لێرەدا مەبەس لە ئەیاز مەولەوی‌یە نەك ئەیازی وەزیر . وە مەبەس لە مەحموود مەحموود پاشای جافە نەك سوڵتان مەحموود .

یاوا ، وات ، نامەی شیرین انشادت :
نەی ڕەمەزاندا نەشوون جە یادت (٣)
نەکەردەن افطار ـ دۆسەکەی کامڵ ! ـ
سیوای وە مەی کووس خەیاڵەکەت ، دڵ (٤)
فاتحەی کتاب دوعام ، شەو ئەر ڕۆن
التماس حسن خاتمەکەی تۆن (٥)
حەق وە لطف وێش باوەرۆ ئەو ڕێت
سوود سەرمایەی عەقیدەکەی وێت (٦)
وەر نە من لافاو تاوانان بەردەم
دوعا ڕای دەرگای قەبووڵ گوم کەردەم (٧)
نەی چی ! من پەنجەی پای نااڵەم سفتەن
تۆ دەی چون تأثیر وە نااڵەت جفتەن (٨)

---

(٣) وات : وتی . شیرین انشادت : خویندنەوە خوشەکەت . نەشوون : نەچم . وشەی (یاوا) و (وات) هەردووکیان دینەوە بە سەر جوملەی (نامەی شیرین انشادت) دا .

(٤) سیوای : بیجگە . مەی کووس : کاسەی مەی . واتە : ئەی دوستی کامڵ دل بیجگە لە کاسەی شەرابی خەیالی تو بە هیچی تر بەر بانگی نەکردووەتەوە .

(٥) فاتحەی کتاب : ئەوەلی کتیبی . التماس : داوا . حسن خاتمە : ئاخر خیری . یەك خستنی (فاتحە) و (خاتمە) بە هونەری بەدیع (تقابل) ی پی ئەڵین .

(٦) باوەرو ئەو ڕیت : بینیتە ڕیت . واتە : خوا ، بە میهرەبانی‌ی خوی قازانجی باوەری خوتت دەسگیر کا .

(٧) واتە : ئەگینا من لافاوی گوناح بردوومی‌و دوعام ڕیگای قوبوول بوونی ون کردووە .

(٨) تو دەی : تو فەرموو شمشال لیدە . واتە : من پەنجەی پی‌ی نااڵەم سووتاوە لە بەر ئەوە نااڵەم ناروا ، بەڵام نااڵەی تو لە گەڵ کار کردنا جووتە ، دەسا شمشال لی بدە .

چەند فەرد (مەعدووم) دەروون نە وەی دا
باوەر جە تەنخوای نالّە وە نەی دا : (٩)
من وێم مزانوو کام تۆمم کالّان
یاران پەی هیممەت وەنەم مەلالّان (١٠)
کەرەم دەر نە دەس ڕجای ئەوگاران
بۆ بەخشەم وە عەشق مظنەی یاران (١١)
وەختێ گۆشەی شار خامۆشان بۆ جێم
نەبوون وە تصدیع هامسایان وێم (١٢)

ئازیزم ! ئاهیر دووری‌ی بالّای تۆ
جەستەم کەرد وە بووڵ ، شەماڵ بەرد پەی کۆ (١)
ورشەی پرشەی تاو کووڕەکەی جەستەم
شەڕارەی لوولەی پێشەی شکستەم (٢)

(٩) دەروون نە وەی‌دا : دەروون لە ئارەحەتی‌دا . باوەر : بینە .
(١٠) توم : توو . کالان : چاندووە . وەنەم مەلالان : لێم ئەلالینەوە .
(١١) ئەوگاران : گوروفتاران . مظنە : مەزننە . گومان . واتە : ئەی خوایە کە تو بەخشیش ئەخەیتە دەستی تکای ئەوانەوە کە زور گیرودەن . بم‌بەخشە بە عەشقی گومانی چاکی دوستان پیم . مەبەسیش لە بەخشینەکە لە شیعری دواییدا باس ئەکا . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (کەرەم دەر نە دەس) نووسراوە : (کەرەم دامنەی دەس) واتە : ئەی خوایە کە بەخشندەگیت ئەوەندە زورە وەك داوینەی پیاوی پەنادار وایە خەلك دەستی پیا ئەپیچن .
(١٢) نەبوون : نەبم . تصدیع : مایەی سەر ئیشە . واتە : کە مردم نەبم بە هوی ئارەحەت بوونی دراوسی گورەکانم .

(١) ئاهیر : ئاگر . بوول . خولە میش . بەرد پەی کو : بردی بو کیوان .
(٢) ورشە : شەوق . پرشە : پزیسك . تاو : جوش . پیشە : ئیسقان . شکستە : شکاو .

گرمەو پزیسکەی چەخماخەی پارە
بەرق بریسکەی شوعلەی شەراڕە (٣)
شاخەی شریخەی بروسکەی دەروون
نە چەم شەتاوان جاری کەرد چون هوون (٤)
مەوج مدۆ لافاو هوون دەجلەی دڵ
نە فوارەی چەم هور مشانۆ گڵ (٥)
کای دڵم نە گێج مەوج فەنا دا
مۆڵەقەن نە بەین خۆف و ڕجا دا (٦)
تۆیچ ئینسافت بۆ هەنی وەسەن وەس
باللە جە دووریت ها بیم وە قەقنەس (٧)
تا کەی چون مەجنوون وێڵ هەردان بم ؟
تا کەی خەم زەدەی بار هیجران بم ؟ (٨)

---

(٣) پارە : پارچەی دل .

(٤) بەشی دووەمی ئەم شیعرە مەعنای شیعرەکانی پیشوو تەواو ئەکات . واتە : شەتاو لە چاومەوە دینیتە خوار وەك خوین . مەولەوی ئەبوو بیوتایە : خوین لە چاوەکانمەوە دینی وەك شەتاو ، بەلام چونکە ئەیەوی ئەوە بگەیەنی کە خوینیکی زوری لە چاوەکانیەوە هیناوە ، هاتووە شەتاوی کردووە بە (مشبە) و خوینی کردووە بە (مشبە بە) .

(٥) مەوج مدو : شەپول ئەدا . هور مشانو : هەل ئەدا . واتە : لافاوی خوینی دلی وەك دەجلەم شەپول ئەداو لە فوارەی چاوەکانمەوە گل فری ئەداتە سەر . مەبەسیشی لە گل زووخاوی دلیەتی .

(٦) مەوج فەنادا : لە گیژی لە ناو چوونا . مولەق : معلق ، وەستاو . واتە : دلەی وەك پووشم لە گیژی شەپولی لە ناو چوونا وەستاوە لە بەینی ترسی لە ناو چوون و هیوای مانەوەدا .

(٧) تویچ : تویش . هەنی : ئیتر . وەسەن : بەسە .

(٨) خەم زدده : خەم لی داو .

هەر ساتێ دووریت صەد ساڵەن جە لام
دەردم کاری‌یەن ، وە سەرگەردت بام !
بەزەییت بەیۆ وە جەستە و حاڵم
ڕیشەم بەراما ، هەرەس وە ماڵم (٩)

— ١١ —

ئازیزم ، ئامای ، ئای بێ قەرار وێم !
ئای ئای چەمە ڕا ، ئای انتظار وێم ! (١)
مەوتەنەکەی چەم دیدەش ها نە ڕێت
غەریبی تا کەی ، بۆ وە ماوای وێت (٢)
های ساقی ! بازاڕ جیلوەی دڵدارەن
سەودای خڕیدار ، دانەی دیدارەن (٣)
یەکێ وە مایەی گەنج (کەی) ەوە
چون منیچ وە تای فەرتووت نەیەوە (٤)

---

(٩) بەیو : بیت . بەراما : دەرهات .

— ١١ —

(١) ئامای : هاتی . ویم : خوم . چەمە را : چاودری .

(٢) مەوتەن : موطن . شوین . ها نەریت : لە ریتە . واتە : نیشتمانەکەت که چاومە چاوی لە ریتە . سا بەس بی غەریبی وەردەوە بو جیگای خوت . ئەش گونجی مەبەسی ئەودبی : سەرچاودی چەمی فرمیسکم که چاومە چاوەریتە .. تاد .

(٣) سەودا : مامەلە . خریدار : کریار . دانە : گەوهەر . واتە : ئەی ساقی ئیستا بازاری دەرکەوتنی دلدار گەرمە . وە کاتی سەودا کردنی کریارانە بو گەوهەری ڕووی یار .

(٤) مایە : سەرمایە . کەی : کەیخەسرەو . ئەلین پادشایەکی دەولەمەند بووە . منیچ : منیش . تا . تال . فەرتووت نەی : دەزووی رزیو . واتە : هەندی کەس لەم سەودادا سەرمایەی دەسیان گەنجی کەیخەسرەوە . منیش دەسمایەم تالە دەزووی رزیوە . ئەم شیعرە ئیشارەتە بو چیرۆکەکەی فرۆشتنی حەزرەتی یوسف که پیرە ژنیکیش هاتبوو کلافەیی دەزووەی پی‌بوو ئەی‌وێست یوسفی پی بکری !

ئەر صەد هەر کەسێ پەی وێش وە ڕاوەن
وە قیمەت نیەن ، اخلاص حەساوەن (٥)
مایل کەر بالا وەی لادا چون نەی
دەسێوت دەف بۆ ، ئەو دەس جام مەی (٦)
با بێدار کەرۆ تا کەی بۆ غافڵ
دەف وە صەدا گیان ، جام وە ڕەشحە دڵ (٧)
با کلاڤە بۆ ، ئاخر لەوانم
خاك پای حەزرەت پیر موغانم (٨)
چون دەف ، بەرگ پۆس ئیرادەت پۆشم
غولام بەر دەس حەڵقە نە گۆشم (٩)
خوم ئاسا خەیلێن وەتەن مەیخانەم
چون پیاڵەی واق شیشەی پەیمانەم (١٠)

---

(٥) ئەر صەد : هەرچەند . وە راوەن : بە ریوەیە .

(٦) مایل کەر : لار کەردوە . نەی : قامیش . دەسیوت : دەسیکت .

(٧) ڕەشحە : تەری ، نم . واتە : با دەف بە ئاوازەی خوی گیانم بیدار بکاتەوەو پیالەی شەرابیش بە تەری دلم پاراو بکا .

(٨) پیر موغان : گەورەی ئاگر پەرستەکان . لیرەدا مەبەس لە خوشەویستەکەیە . واتە : با دەسمایەکەشم کلافە دەزوویەك بی ، قەی ناکا منیش لە کریارەکانم و خاکی بەری پێی ئەو خوشەویستەم کە هەموان ڕوویان تێ کردووە .

(٩) پۆس : پێست . واتە : وەکوو دەف پێستی خوشەویستیم بو ئەو لە بەر کردووەو ئەڵقەی بەندەگیم کردووەتە گویم .

(١٠) خوم ئاسا : وەك کووپەی مەی . وەتەن مەیخانەم : مەیخانە جیمە . واق : خاڵی و بوش . واتە : شیشەی دلم وەکوو پیالەی خالی وایە هیچی تیا نیە .

ئازیز ! تەن وە نێشی زامانت خەستەن
مەینەت پای ئامام وە زنجیر بەستەن (١)
قاصدێ‌یچ واچوون پەی سەفەر خاسەن
ڕەوان بۆ تێز ڕەو ، هەرس و هەناسەن (٢)
هێز پای ڕەفت و ئاماشان نی‌یەن
ئەو سەرچەمەش وشك ، ئێد کۆتا بی‌یەن (٣)
سا تۆ بۆ وە ڕەغم بەخت بەرگەشتەم
جا گێر نە دیدەی وە هووناو ڕشتەم (٤)

(١) تەن : لەش . نیش : ئیش . زامانت : ئەو زامانەی لیت کردووم . ئامام : هاتنم .

(٢) قاصدی‌یچ : قاصدیکیش . واچوون : بلیم . ردوان بو : خوش بروا . تێز ڕەو : تیژ ڕەو . هەرس : فرمیسك . واتە : ئەو نیرراودی کە من پیما بپێ‌ڕوومەوەو بلیم بو ناردن دەس ئەداو تیژ ئەروا . هەر فرمیسك‌و هەناسەمە .

(٣) ڕەفت‌و ئاماشان : هات‌و چوویان . سەرچەمەش : سەر چاوەی . ئێد : ئەم . بی‌یەن : بووە . واتە : فرمیسك‌و هەناسەشم کە بە تەما بووم ببن بە قاصد ، ئەوانیش کەلکی ئەوەیان پیوە نەماوە : یەکیان کە چاوینەتی سەرچاوەکەی وشك بووەو فرمیسکی پیا نایەت . ئەویشیان کە هەناسەیەتی کۆرت بووەو ناگاتە بەرەوە .

(٤) بو : وەرە . بی . وە ردغم : لە رقی . بەرگەشتە : وەرگەراو . جا گیر : جی بگرە . نە : لە . رشتە : ڕیژراو . واتە کە من نەم‌توانی بیم بو لات‌و کەسیشم نەبوو بینێرم . خوت وەرە لە ناو چاوما جیگا بگرە .

با ساتێ‌یچ ڕەقیب دووریت بکێشۆ
شەوێ وێنەی من وەی ڕۆوە نیشۆ (٥)
وەر نە ، سا چونکە ئاسانەت دووڕەن
ڕا نمەزانوو ، بەڵەد زەروورەن (٦)
دڵ وە لاتەوەن ، ئامان صەد ئامان
ئامۆشۆش کەردەن ، فرە جار ئامان (٧)
چون وە تام زام دووری سەرشارەن
ویانە مارۆ ، بەدەن بێزارەن (٨)
هیچ مەوەر وە تەنگ ویانەشەوە
پەرێ بەڵەدیم ، بکیانەشەوە (٩)

---

(٥) ساتی‌یچ : سەعاتیکیش . ڕەقیب : بەدکار . بکیشو : بکیشی . وەی رووە : بەم ڕو ڕوو هاوار هاواردوە ؛ یا بەم ڕوژە ڕەشەوە . نیشو : دانیشی .

(٦) وەر نە : ئەگینا ئەگەر نایەی بو لام . نمەزانوو : نازانم . مەبەسی ئەم شیعرەی لە شیعری داهاتوودا دەرئەکەوی .

(٧) وە لاتەودن : بە لاتەوەیە .

(٨) سەرشار : بە تەواوی سەرخوش بوو . ویانە : بیانوو . مارو : دینیتەوە . واتە : بەڵەدەکەیشم کە دڵە بە تامی زامی دووری لە من سەرخوش بووە ؛ ئیستا لای تویەو بیانوو دینیتەوە ، بیزار بووە لە لەشی من‌و نایەتەوە بو لام .

(٩) مەودر وە تەنگ : مەبە بە تەنگی . پەری : بو . بکیانەشەوە : بینیرەوە . واتە : گوی بە بیانووەکانی مەدەو بینیرەوە بو لام تا ببی بە بەڵەدم‌و لە گەلی بیم بو لات .

ئەی گرد مەوجوودێ جە تۆ گرت مایە
مەوجوود هەر تۆنی ، ماسیوا سایە (١)
پەنهان بی تەنها ، وەحدەتت مەوج وەرد
پەی شناسایي ظهوورێوەت کەرد (٢)
بە وێت ، جەی عالەم بێ بەقای ناسووت .
ئەر وەی گرد جیلوەی وەرین نەشناسووت (٣)
بە صەد جیلوەی تەر بێ چوونو چەنی
شناسایي تۆم نمەبۆ ، هەنی (٤)

---

(١) گرد : گشت . ماسیوا : غەیرە . سایە : سیبەر . واتە : ئەی خوایە کە هەرچی هەیە بوونی لە تووەیە . ئەوەی بە راستی هەبی هەر توی . وە لە تو بەولاوە وەك سیبەر وایە .

(٢) پەنهان بی : پەنهان بوویت . وەحدەتت : یەکیەتیو تەنهاییت . مەوج وەرد : شەپولی دایەوە . شناسایي : ناسران . ظهوورێوەت کەرد : دەرکەوتنیکت کرد . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل نیو شیعری دواییدا دی .

(٣) بە وێت : بە خوت . ئەم وشەیە بەسراوە بە شیعری پیشووەوە . ناسووت : ئینسان . ئادەمیزاد . واتە : تو بو خوت بە تەنیا بوویت . دەرکەوتنیکت بە خوت کرد لەم دنیای بی بەقای ئینسانیەدا تا بناسرێیت . ئەر : ئەگەر . وەی : بەم . وەرین : لەمەوپێش . مەعنای ئەم نیوە شیعرە لە گەل شیعرەکانی پاشەوەدا دی .

(٤) بی چوونو چەنی : ئەی خوایە کە بی چونیەتیو چەندیەتیت . نمەبو : نابی . هەنی : هیشتا . واتە : ئەگەر بەم هەموو دەرکەوتنەی پیشینتەوە نەتناسم ، بە صەد دەرکەوتنی تریشەوە نات‌ناسمو تیت ناگەم ئەی خوای بی چونیەتیو چەندیەتی .

سەروەشم بەی وەصف جەمالیتەوە
باز هەم بەی جیلوەی جەلالیتەوە (٥)
ئەر هەر بەو عادەت سەروەش نیگاران
پەی فەنای یەکسەر خاطر پڕ خاران (٦)
چار نی‌یەن جە دەس جیلوە نەکەردەن
بسم الله ئەو تێخ ، ئێد کەچی‌ی گەردەن (٧)

---

(٥) سەروەشم : سەرخوشم . بەی وەصف : بەم وەصفە . باز هەم : دیسان . جیلوە : دەرکەوتن . صفاتی خوا دوو جورن ، صفاتی جەمال کە مەعنای ئیجابی ئەگەیەنن ؛ وەکوو (منعم ، کریم ، معطی) ؛ وە صفاتی جەلالی کە مەعنای سەلبی ئەگەیەنن وەکوو (قدیم ، واحد) واتە : ئەوەلی نی‌یەو هاوری‌ی نی‌یە . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعرەکانی دواییدا دی . لە هەندی نوسخەدا نووسراوە : (بازەم) لە جیاتی‌ی (باز هەم) ؛ وە (وە) لە جیاتی‌ی (بەی) ؛ بەلام مەعنای هەردوو وشەکە هەر وەك یەکە .

(٦) بەو عادەت : بە عادەتی . سەروەش نیگاران : جوان چاکە سەرخوشەکان . پەی فەنای یەکسەر : بو لە ناو چوونی یەکجاری . خاطر پر خاران : دلدارە دەروون پر لە درکەکان .

(٧) چار نی‌یەن . . تاد : واتە : هەر ئەبی خوت دەرنەخەی . بسم الله . . تاد :واتە : فەرموو ئەوە تیغو ئەمە گەردنی کەچ!مەعنای ئەم چەند شیعرە ئەوەیە: کاتی کە تو خوتم بو دەربخەی بە نیشانەکانی صفاتی جەمالی‌و جەلالیت من لە خوشی‌یا سەرخوش ئەبم . جا ئەگەر دەوام بەو خو دەرخستنە بدەی زورم پی خوش ئەبی . بەلام ئەگەر بە عادەتی یارانی بی باك‌و جوان‌و سەرمەست گویم نەدەیتی ، وە وەك ئەوان بو لە ناو چوونی یەگجاری‌ی دلدارە دل پر لە درکەکان کە خویان ئەشارنەوەو ناچارن خویان دەرنەخەن ، توش خوتم لی بشاریتەوە . ئەوە مەعنای وایە ئەتەوی بمکوژی . جا کە واتە فەرموو بسم الله ئەوە تیغی تو و ئەمە گەردنی کەچی من چی ئەکەی بیکە .

یاگێو تەر نیەن داد وێم کەروون
جە دەس تۆ بێداد وەلای کێ بەروون ؟ (٨)
واوەیلام بێ حەد ، زاریم بێ شۆمەن
جە لای تۆ فەریاد جە دەس تۆمەن (٩)

 (١)

ئای کێ بی هەواڵ لوای تۆ ئاوەرد ؟
بەختش بەرگەشت بۆ ، هۆشم وەحشی کەرد (٢)
مدیا ئەو شۆنت دڵ نە پەنهانْدا
چون اسم (رحیم) وە شۆن (رحمان) دا (٣)

---

(٨) یاگیوتەر : جیگەیەکی تر . نیەن : نیە . داد ویم کەروون : هاواری خوم بکەم . بیداد : شکات . بەروون : بەرم ، ببەم .

(٩) بی شو : لە ئەندازە بە دەر . جە لای تو .. تاد : واتە لای خوت هاوارت لە دەس ئەکەم .

(١) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی بو حاجی مەحموودی کوری یاروەیسی پیاو ماقوولی مەحموود پاشای جاف نووسیوە لە لاواندنەوە (مرثیە)ی عبدالرحمانی کوری دا .

(٢) کی بی : کی بوو . لوای : رویشتنی . مردنی . بەرگەشت بو : وەرگەری . هوشم .. تاد : هوشمی ویلی کیوان کرد .

(٣) مدیا : ئەی‌روانی . ئەو شونت : بە دواتا . نە پەنهانْدا : بە نهینی . چون اسم .. تاد : واتە وەك چون ناوی (رحیم) لە (بسم الله الرحمن الرحیم)دا ئەروانی بە دوای (رحمان) دا . ئەم شیعرە نەزاکەتیکی جوانی تیدایە چونکە مەولەوی خوی ناوی (عبد الرحیم) بووە ، وە ئەو کەسەش کە ئەم پارچە شیعرەی بە سەردا هەلداوە ناوی (عبد الرحمن) بووە .

کۆتره‌که‌ی ئازاد حه‌ریم دڵ بیت
دانه‌ی مۆبه‌ت چین په‌ی وێت غافڵ بیت (٤)
صیاد چه‌پ گه‌رد ئاخر فرسه‌ت سه‌ند
ناکاو دوور ئه‌نداز دووریت وه دڵ شه‌ند (٥)
هاڵای کزه‌ی زام جگه‌ر گۆشه‌ی وێم
موو ئاسا و ئایر هه‌ر پێچ مه‌دا پێم (٦)
ئێش زام سه‌خت تۆیچ ئاما پێشدا
هه‌ر ئێشه‌ن مدیه‌ی که‌فته‌ن وه ئێشدا (٧)

---

(٤) حه‌ریم : ئه‌رزی حه‌رام . دانه : ده‌نکه گه‌نم‌و شتی وا . موبه‌ت : محبت . خوشه‌ویستی . واته : تو کوتریکی سه‌ربه‌ست بووی له ئه‌رزی حه‌رامی دلدا که که‌سی تر ناتوانی پی‌ی تی بنی ، بو خوت چینه‌ت ئه‌کرد له دانه‌ی خوشه‌ویستی‌داو ئاگات له هیچ نه‌بوو .

مه‌وله‌وی ته‌شبیهی دلی خوی کردووه به ئه‌رزی حه‌رام که مکه‌و ده‌ورو پشتیه‌تی ، چون له‌وی بالدارو په‌له‌وه‌ر به ئازادی ئه‌سوورینه‌وه‌و چینه ئه‌که‌ن ، وه که‌س ناتوانی ده‌ستیان بو به‌ری ، دلیشی وه‌ك ئه‌رزی حه‌رام وایه لـه یار به‌ولاوه ریگای که‌سی تیا نابیته‌وه ، وه هه‌ر ئه‌و ئه‌توانی به سه‌ربه‌ستی چینه‌ی دانه‌ی خوشه‌ویستی‌ی تیا بکا .

(٥) دوور ئه‌نداز : له دووره‌وه وه‌شین . شه‌ند : وه‌شاندی . واته : گه‌ردوون له ناکاو فرسه‌تی هیناو له دووره‌وه تیری دوور خستنه‌وه‌ی دا لـه دلت .

(٦) هالای : هیشتا . موو ئاسا : وه‌ك موو . واته : هیشتا کزه‌ی ئیشی مردنی منالەکه‌ی خوم وه‌ك مووی هه‌لقرچاو پیچی پی ئه‌خواردم . قسه‌که له شیعری دوایدا ته‌واو ئه‌بی . وا دیاره مه‌وله‌وی خویشی لـه‌و روژانه‌دا منالیکی مردبی .

(٧) پیشدا : به سه‌ریا . مدیه‌ی : ئه‌بینی . که‌فته‌ن : که‌وتووه .

وێت تەنیا ئەیاز مەحموود نەزانی
من شەیدا تەر بیم پەرێت پەنهانی (٨)
بەڵام با جە تیر بەڵای قەزاوە
پاڵ دەیم وە قوللەی قەڵای ڕەزاوە (٩)
تا بدۆ صەفای بێگانە و خوێشەن
هەر وەختێ بەرۆ باز ماڵ وێشەن (١٠)

ـ ١٥ ـ

ئەی دڵ ، مزگانی ، ئاما کۆچ یار
شای شادی سەر دا ، خەمان کەرد فیرار (١)
ها گەردو غوبار مەحمەل دیارەن
دەك لێڵاوێت بۆ چۆنت قەرارەن ؟ (٢)

---

(٨) واتە : ئەی پیاو ماقوولی مەحموود پاشا کە وەك ئەیازیت بو سولتان مەحموود ، خوت بە تەنها نەزانی لەم بەلادا کە هاتووە بە سەرتا ، من دووراو دوور لە خوت نارەحەت تر بووم بوت .
(٩) پال دەیم : پال بدەین . واتە : با لە بابەتی تیری بەلای قەزاو قەدەری خواوە پال بدەین بە لووتکەی قەلای رازی بوون بە قەزاو قەدەرەوەو ملی بو کەچ کەین .
(١٠) تا بدو : تا بیدا . بەرو : بیباتەوە . باز : دیسان . واتە : تا بیدا مایەی خوشیی دوستو بیگانەیە ، کە بردیشیەوە مالی خویەتیو کەس دەسەلاتی هیچی نییە .

ـ ١٥ ـ

(١) مزگانی : مژدانە . سەر دا : دەرکەوت . واتە : ئەی دل مژدانەم بدەری وا بارو بنەی یار گەیشتە بەرەوە ... تاد .
(٢) مەحمەل : کەژاوە . لیلاویت بو : لیلاییت دایەت . چونت قەرارەن : چون قەرار ئەگری .

چون بەدەن جە تاو هیجران بالّاش
أصلا هازو هێز نەمەندەن جە لاش (٣)
فیراقش بەو تەور تەوانا سەندەن
پا قوەی ڕەفتار جە لاش نەمەندەن (٤)
فرسەتەن ئەرواح بشۆ وە پێشواز
پەردەی بینایي تۆ پەی پایەنداز (٥)
دیدە فەرش بووزۆ وە سەطح ڕێشدا
تا کە سەمەندش پا بنیۆ پێشدا (٦)
عەینەین ! وە ئەسرین ئاو پاشیی ڕاش کەر
نەك گەرد بنیشۆ وە گۆنای دڵبەر (٧)
با شای خاڵ خاسان جەمین پەڕەی گوڵ
وەی ئەساسەوە یاوۆ وە مەنزڵ (٨)

---

(٣) چون : چونکه . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایي بەسراوە بە شیعرەکەی پاشترەوە .

(٤) بەو تەور : بە ڕەنگی . تەوانا سەندەن : هیزی لی بریوە . ڕەفتار : بە ریدا چوون .

(٥) ئەرواح : ئەی گیان . بشو : بچو . پایەنداز : ڕایەخی ژیر پی . مەعنای ئەم شیعرەو شیعرەکانی پاشەوە لە شیعری ژمارە (٨) دا لێئەدرێتەوە .

(٦) بووزو : بخات . سەمەندش : ئەسپەکەی .

(٧) عەینەین : ئەی دوو چاو . ئەسرین : فرمێسك . ئاو پاشی : ئاو ڕشین . بنیشو : بنیشیتەوە .

(٨) جەمین : جبین ؛ ناو چاو . یاوو : بگات . واتە : ئەی گیان هەل لە کیس مەدە ؛ بچو بە پیریەوە . تویش ئەی پەردەی چاو ببە بە ڕایەخی بەر پێی با چاو ڕات بخاو ئەسپەکەی بە سەرتا بی . جووتە چاوەکانم ئیوەش بە فرمێسك ڕیگاکەی بو ئاو ڕشین بکەن نەوەك توز بنیشێ لە گونای وەك پەردی گوڵی .. تا شای خال خاسان بەم بەزمو ڕەزمەوە بگاتە جێ .

ئیمشەو مەینەتان نە دەروون جەمەن
خێڵ خانەی کەیفم پڕ جە ماتەمەن (١)
دیارەن دوەی دووری زۆر کەردەن
سوپای خەم و هەم هجووم ئاوەردەن (٢)
شنۆی ئارەزووی وەصڵت ظهوور کەرد
لافاو مەینەت کۆگای شادی بەرد
هوونا‌و دەروون ڕیشەی گیان کەندەن
سەرمایەی تاقەت نە دەسم سەندەن (٣)
مەحاڵەن ئیمشەو گیان وە ڕۆ بەردەن
جارێۆ تەر تەواف ئاسانەش کەردەن (٤)
یا خوا سەبووری وە دڵ باوەری
خەزانەی ئارام پێم عەتا کەری (٥)
بەڵ وە ڕۆ بەروون وە هەر حاڵ ئیمشەو
کەروون زیارەت دەرگانەکەی ئەو (٦)

---

(١) خیل خانەی کەیفم : خوشی خانەم .
(٢) دوە : دووکەل . زور کەردەن : زوری هیناوە .
(٣) وەك چون لافاو درەخت لە ریشە دینی .
(٤) وە رو بەردەن : بگەیەنمە روژ . جاریو تەر : جاریکی تر .
(٥) باوەری : بینی . خەزانەی .. تاد : واتە : هیمنم بکەیتەوە .
(٦) بەل : بەلکوو . کەروون : بکەم .

سەر بنیەو وە خاك ئاسانەی دڵبەر
بەو ئارەزووی دڵ گیان بەرشۆ وە بەر (٧)

- ١٧ -

ئاماوە وەهار ، وەهار شادی
بۆی عەتر نەسیم غونچەی ئازادی (١)
خێڵ خانەی خەفەت بار بەنی‌یش کەردەن
مەینەت ڕوو نی‌یان وە ماوای مەردەن (٢)
خەم وێنەی کەمان قامەت خەم بی‌یەن
هەوارگەی قەدیم نە دەسش شی‌یەن (٣)
بەزم شەوق و عەیش نە دەروون جەمەن
ئانە هیچ نەبۆ نە دەروون ، خەمەن (٤)
ئینە نەتیجەی دیای بالای تۆن
نیشانەی وصال خاڵ ئالای تۆن (٥)

---

(٧) بنیەو : بنیم . بەرشو وە بەر : دەرچی .

- ١٧ -

(١) ئاماوە : هاتەوە . وەهار : بەهار .

(٢) بار بەنی‌یش کەردەن : باری پیچاوەتەوە . روو نی‌یان : رووی ناوە . وە ماوای .. تاد : واتە : مەینەت رووی کردووەتە جیگای مردنو ئەمری .

(٣) کەمان : کەوان . خەم : چەمیوە . شی‌یەن : دەرچووە . واتە : بالای خەم وەك کەوان چەمیوەتەوەو هەوارگەی کونی کە دلی منە لە دەس دەرچووە .

(٤) جەمەن : جەمعەن ، کومەلە . واتە : بەزمی کەیفو رابواردن لە دلا کوبووەتەوە ،ئەوەی کە بە هیچ جوری لە دلا نەبی یا بە هیچ نەژمیرری تیایا خەمو خەفەتە .

(٥) ئینە : ئەمە ، ئەم هەموو بەزمو خوشی‌یە . دیای : دیتنی . ئالا : ڕەنگاو ڕەنگ . لیرەدا مەبەس جوانە .

سروور نەشئەی بادەی وەصڵ تۆن
تأثیر بۆی عەتر موشك زوڵف تۆن (٦)
سا پێم دەر ، دەی دەی ، پەی پەی ، نەو مەی ، مەی
لطایف مەردەم یەکسەر بکەر حەی (٧)
تا پەی یارانیچ وە ئیطمینان بۆ
سەرمایەی نشاط دڵ حەزینان بۆ (٨)

- ١٨ -

ئیمشەو هەر خەمەن ها نە کەمین‌دا
هەر دەردەن مدۆم وە ڕووی زەمین‌دا (١)
دڵ نە گەردە لوول بێ پەرداخی‌یەن
دەماخم نە گێج بێ دەماخی‌یەن (٢)

---

(٦) سروور : خوشی . نەشئە : نەشە . موشك زولف : زولفی رەشی بون خوشی وەك موشکی خوتەن .

(٧) نەو مەی ، مەی : لەو شەرابە شەرابم بدەری . لطایف : لە عورفی (صوفیە) دا بە پینج شوین ئەلین لە سنگی ئادەمیزادا نوری خوایان بە سەرا دی . ئەو پینج شوینە (قلب) و (روح) و (سر) و (خفی) و (اخفی)ان . جا مەولەوی لیرەدا ئەلی : ئەو پینج لطیفەی منە لە ئەنجامی دووری‌و بی مەیلی‌ی یارا مردوون ، سا دەی پەی دەر پەی لەو مەیەم بدەری ؛ با ئەو پینج لطیفەیەم زیندوو ببنەوە .

(٨) واتە : تا ببی بە هوی متمانە کردنی دلی یارانی تریش ؛ وە ببی بە سەرمایەی خوشی بو دل خەفەتباران .

(١) ها نە کەمین‌دا : لە پەنادا خوی داگرتووە . مدوم : ئەم‌دا . وە ڕووی زەمین‌دا : بە عەرزا .

(٢) گەردە لوول : گیژە لوکە . بی پەرداخی : بی زەوقی .

سا ، دەرۆێش ! وە عیشق مەولای دەرۆێشان
وە یا هووی وە سۆز ڕیاضەت کێشان (٣)
هەر پاسە مەبۆ زەلیلی ، دەخیل
چینە زیاتەر مازەم وە زەلیل (٤)
پەی دیگ دەروون جۆش کوڵ و کەف
تەسکین نمەك کزەی کەف و دەف (٥)
با بەیۆ وەش وەش سۆزەی صەداکەت
لەرەی نەوای تەرز شیرین ئەداکەت (٦)
بەو نائیرەوە ، بەو دائیرەوە
خاس بنیەر هەستیم وە ئایرەوە (٧)

---

(٣) واتە : سوێند بی بە عەشقی پیری دەرویشانو بە هاواری (یا هو)ی ئەو خوا پەرستانەی کە ریازە ئەکێشن . سوێند لە سەر خوراوەکە لە شیعری دواییدا دی . (ریاضەت کێشان) ی دەرویشان ئەوەیە کە دەرویش ماوەی چل ڕۆژ لە کونجیکی تەکیەو خانەقا ، یا لە ژووریکا بە تەنیا دائەنیشن وە لەو ماوەدا ڕۆژی لە دەنکە خورمایەك زیاتر ناخونو قسە لە گەل کەس ناکەن بە نیازی ئەوەی نەفسیان بشکێو دلیان ڕوونا‌ك بێتەوە .

(٤) پاسە مەبو : وا ئەبی . چینە : لەمە . مازەم : مەمهیلە .

(٥) نمەك : خوێ . تەسکین : ئارام بوونەوە . واتە : بو نیشاندنەوەی جوشی کەفو کولی مەنجەلی دەروونم خوێیەك پیویستە کە بریتیێیە لەو کزەیەی کە پەیدا ئەبی لە لیدانی دەفەوە بە لەپی دەس ، چونکە مەنجەلی چێشت کە دێتە کولە کول خوێی ئەکەن بە سەراو ئەنیشیتەوە .

(٦) با بەیو : با بیت . وەش وەش : خوش خوش . لەرە : لەرینەوە . نەوا : ئاوازە . تەرز : شیوە . شیرین ئەدا : خوش لیدان .

(٧) نائیرە : ئاگر . مەبەس ئاگری سوزی دەنگی خوشیەتی . دائیرە : مەبەس کەللەی دەفەکەیە . بنیەر : بنی . هەستیم : بوونم . واتە : چاك بوونم بنی بە ئاگرەوە .

بەڵ ئیمشەو خەمان شێونان کەڵەك
تا سەحەر چۆن بۆ گەردش فەڵەك (٨)

ـ ١٩ ـ (١)

ئەی ڕۆشنیی چەم ! تا کەی ؟ تەشریف بەر
لێڵاوی ، سا دەی ! هووناوەی هوون کەر (٢)
پەی چێشن ؟ قیبلەکەم عەزم سەفەر کـەرد ،
سێلاو دووریش ڕیشەی هەستیم بەرد (٣)
بینایي وە ڕاست دڵەی پڕ دەردم !
ئای چەند سەرسەخت بیم لوای نەمەردم ! (٤)
بڵێسەی کووڕەی هیجران بالات
گەرمیی مەحروومیی تۆزەکەی پالات (٥)

---

(٨) شیونان : بشیوینی . واتە : بەلکو ئەمشەو خەم‌و خەفەت کەلەکی فرو فیلی خوی تیکدا ، بو سبەینیێش خوا کەریمە دنیا چون وەرئەگەری !

ـ ١٩ ـ

(١) ئەم قەسیدەیە یەکیکە لەو قەسیدانە کە مەولەوی لە لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونی خیزانیا وتوونی .

(٢) هووناوەی هوون کەر : لافاوی خوین بکە . واتە : ئەی روشنایي چاوم تاکەی ئەمینیتەوە ، برو . تویش ئەی ئاوی لیلی چاوم لافای خوین بکە .

(٣) پەی چیش : واتە : بوچی روونا‌کیی چاوم برواو لیلایي دابی ؛ چونکە قیبلەکەم .. تاد .

(٤) مەولەوی بەم شیعرە قسە لە گەل خیزانە کوچ کردووەکەی ئەکاو ئەلی: ئەی بینایي راستە قینەی دلەی پر دەردم ؛ چەند سەرسەخت بووم کە تو رویشتی نەمردم .

(٥) پالا : کەوش . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایيەوە .

ئایر دان بەی تەور مۆبەت سەرای دڵ
یادەکەت مەندەن پەی مەسکەن خەجڵ (٦)
دڵە ! وە بادەی وەصڵش بادی بی
دەماخت نە ئەوج برج شادی بی (٧)
هیجران بالاش وە هیچ مەزانای
وێت وە صاحیب صەبر تاقەت مەوانای (٨)
سا ئیسە ، ها دەرد دووریش ئاوەرد جۆش
صەبرت ئەر ئازان بمانۆ شنۆش (٩)

ئارەزووی ئازیز وەنەم سەر داوە
نە هەردەی دەروون ئایر وەرداوە (١)

---

(٦) خەجل : داماو . واتە : بلیسەی کوورەی دووری لە بالاتو گەرمیی بی بەشی لە توزی کەوشەکانت بە رەنگی ئاگری بەرداوەتە خوشەویستی خانەی دلم . یادت داماوە بو جیگایەك کە تیی بچی .

(٧) بادی : بایي . ئەوج : لووتکە . واتە : ئەی دل ئەوسا بـە بادەی گەیشتن بە ئەو لە خوت بایي بووبووی‌و دەماخت لە قەلە پوپەی قەلای خوشیدا بوو .

(٨) وە هیچ مەزانای : بە هیچت نەئەزانی . مەوانای : ئەخوینەوە . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

(٩) ئەر ئازان : ئەگەر ئازایە . بمانو : بمینی . شنوش : شنەی . واتە : ئەوسا دوور کەوتنەوەی بالای ئەوت بە هیچ ئەزانیو خوت بە خاوەن تواناو بوردەباری دائەنا . جا ئیسە کەوا دەردی دووریی ئەو جوشی هیناوە ، بوردە باریت ئەگەر ئازایەو راست ئەکا با شنەی بمینی !

(١) هەردە : هەرد . وەرداوە : بەردایەوە .

تاقەت بی وە هوون جە سەختیی زامان
تك تك چەنی هەرس ڕێزا وە دامان (٢)
خەم نە سەر جۆی هوون سارای دڵ جەم جەم
بار چنی چون فەوج قافڵەکەی عەجەم (٣)
هەر وە زۆر مەندەن نیم نەفەس باقی
وادەی دەورتەن ، هانا ، هەی ساقی ! (٤)
دەورێ دەر وە ناز وە پیاڵەوە
ژەنگ دڵ وە جام مەی بماڵەوە (٥)
بۆی گوڵاڵەی دەرد دڵبەر عەزیزەن
مەزەی تام خەم یاران لەزیزەن (٦)
فەریاد ڕەسیم کەر ، نە جای گشت کەسم !
مازە ئەو لەزەت بەرشۆ نە دەسم (٧)

---

(٢) ریزا : رژا . واتە : لە بەر دووریی یار هیزی لەشم توایەوە بوو بە خوین‌و لە گەل فرمیسکما رژایە داوینەم .

(٣) سەر جو : بنەوانی جوگە . جەم جەم : جەمع جەمع ، کومەل کومەل . بار چنی : باری کرد . واتە : خەم‌و خەفەت لە بنەوانی جوگای خوینی دەشتی دلما کومەل کومەل وەك ریزی کاروانی عەجەم باری ریکخست .

(٤) مەندەن : ماوە . دەورتەن : گەرانتە . هانا : هاوار . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

(٥) واتە : بە هەزار حال نیوە هەناسەیەکم تیا ماوە ، سا مەی گیر هاوار وادەی گەرانتە بە سەرمانا ، نازەنینانە بە پیالەی مەیەوە خولی بخو بە دەورماناو بە جامی مەی ژەنگی دلمان بسرەوە .

(٦) مەعنای ئەم شیعرەو شیعرەکانی دواوە لە دوا شیعری ئەم قەسیدەدا دی .

(٧) مازە : مەیەلە . بەرشو : دەرچی .

أحيام كەر وە جام صاف يەك مەنى
بەڵكوو بمانوون ، پەى غەمێ هەنى (٨)

ئيمشەو هەم ديسان دەروون پڕ خەمەن
ئەساسەى ماتەم جە لامان جەمەن (١)
نە تاو دووری دڵ بێ قەرارەن
بينايي ديدەم جە خەفەت تارەن (٢)
شريخەو گرمەى هەور دووریى دۆس
وە فەنا بەردەن مەغزو ڕەگو پۆس (٣)
شەرارەى گرپەى نار مەهجووری
كەردەن وە غوبار كۆگای سەبووری (٤)

---

(٨) احيام كەر : زيندووم كەرەوە . پەى غەمى هەنى : بو خەميكى تر . واتە : بون كردنى گولى دەردى دولبەر زور خوشە وە بە چەشنى تامى خەمى ياران بە لەزەتە . كەواتە بى بە هاوارمەوەو مەيەلە بمرم ؛ بە جامى شەرابى سافى يەك مەنى زيندووم بكەرەوە . بەلكو بمينم بو هەندى خەمو خەفەتى تر لە پاشە روژا .

(١) ئەساسە : هويەكان .
(٢) تار : تاريك .
(٣) دوس : دوست . مەغز : ميشك . پوس : پيست .
(٤) واتە : بليسەى ئاگرى دووریى يار : خەرمانى بوردەباريمى سووتاندووەو كردوويە بە خولە ميش .

نه تاقەت مەندەن نه تۆی دەروون‌دا
نه (لەیلێ) مدیۆ وه لای مەجنوون‌دا (٥)
یا خوا مەردەنی بۆ وه میهمانم
ئیتر نەوینوون دووری‌ی یارانم (٦)
بەڵکم خەلاصیم نه دەس دووریم بۆ
بەو زووخ زامان نەشوون وه گڵکۆ (٧)

(١) - ٢٢ -

ئیمساڵ نەو وەهار چون خەزان سەرد
بەرگ وەرد باغ (مەعدووم) بەرد پەی هەرد (٢)
مشیۆ تاڵەی من خیلاف ئەنگێز بۆ
وەر نه ، کەی ، کێ دی ، وەهار گوڵ ڕێز بۆ (٣)

---

(٥) توی : توی‌ی . مدیو : ئەروانی . واته : نه من ئیتر خوم پی رانەگیری . وه نه دوستیش لایەکم به لادا ئەکاتەوه .

(٦) مەردەنی : مردن . نەوینوون : نەبینم . مەعنای ئەم شیعره بەسراوه به شیعری پاشەوه .

(٧) خەلاصیم : رزگاریم . نەشوون : نەچمه . گلکو : گور . واته : یا خوا مەرگ ببی به میوانم . تا جاریکی تر دووری‌ی یاران نەبینم‌و رزگار ببم له دەس دووری‌و به زامی پر له زووخی دووری‌یەوه نەچمه گور .

(١) ئەم قەسیدەیەش یەکیکه لەو قەسیدانەی که مەولەوی له لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونی خیزانیا وتوونی .

(٢) بەرگ : پەڕه . وەرد : گول . بەرد : بردی . واته : ئەمسال بەهاری نوی وەك پایزی سارد پەڕەی گولی باخی مەعدوومی‌ی وەراندو بردی بو کیو .

(٣) مشیو : ئەشی . تاله : طالع . بەخت . خیلاف نەنگیز : پیچەوانه هین . واته : ئەشی بەختی من به پیچەوانەی بینی . ئەگینا کەس هەرگیز دیو به بەهار گول بوەرینی ؟

دڵ وه گێج بازیی چەپگەرد بازیش وەرد
جفت ئارەزوو کەرد ، چەپگەرد تاق ئاوەرد (٤)
بۆی (عەنبەر) نە تۆی دەماخم دوور کەرد
فرسەتش ئاوەرد هەوای وەبای دەرد (٥)
نەی چی ! وە بێ بەزم یاران جانی
کام سەفا مەندەن پەی زیندەگانی ؟ (٦)
چون مەزاق تاڵەن جە گردین لاوە
بۆ وە شیرینیی یەك دوو نەواوە : (٧)
یەکێ یەکجاری تاونۆمەوە
ئەو یەك لاونۆم ، یاونۆمەوە (٨)

---

(٤) گیج بازی : تاقمانە جووت . بازیش وەرد : هەڵخەڵەتا . جفت : جووت . واتە : دڵم بە تاقمانە جووتی گەردوون هەڵخەڵەتا ، ئەم دوانی ئەویست کەچی ئەو یەکی ئەهینا . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (گیج بازیی) نووسراوە : (کەچ بازیی) واتە : کاری چەوتی . .

(٥) عەنبەر : مەبەسی عەنبەر خاتوونی خیزانیەتی . ئەمە (توریە) ی تیایە ، چونکە مەعنای عەنبەری گیای بون خوشو عەنبەری خیزانیشی ئەگەیەنی . ودبا : تاعوون . واتە : بای تاعوونی نەخوشی بە هەڵی زانی، هاتو بونی (عەنبەر)ی لە تویی دەماخم دوور خستەوە .

(٦) مەندەن : ماوە . واتە : کاکی شمشاڵ ژەن بە بی رابواردن لە گەڵ یارانا ژیان چ خوشیەکی تیایە ؟

(٧) مەزاق تاڵەن : تامی دەمم تاڵە ، واتە : لە وەزعیکی ناخوشام . گردین : هەموو . مەعنای ئەم شیعرە لە گەڵ شیعری دواییدا دی .

(٨) تاونومەوە : بمتوینیتەوە . ئەو یەك : ئەوی تریان . لاونوم : بملاوینیتەوە . یاونومەوە : پیم‌بگەیەنیتەوە . واتە : چونکە لە وەزعیکی تاڵو ناخوشا ئەژیم ، بە دوو ئاوازی شیرینەوە وەرە بو لام ، ئاوازەیەکیان یەکجاری بمتوینیتەوە ، ئەوی تریان بملاوینیتەوەو زیندووم بکاتەوە ، هەروەك چون لە قیامەتا بە فوویەك هەرچی زیندوو هەیە ئەمریو بە فوویەکی تر هەرچی مردووە راست ئەبیتەوە .

ـ ٢٣ ـ (١)

ئایینەی کاملّ ! ئازیزەکەی فەرد !
فیدای ئامات بم ، صەفاییت ئاوەرد (٢)
خەیلێن گەرد پات نە دیدەم دوور بێ
یانەی چەم وێران تەمام خاپوور بێ (٣)
خاس بی تەشریفت هەم ئاوەردەوە
گەرد پات وەتەن ئاوا کەردەوە (٤)
ساقی ، ئینە بەزم وەصلّ یارانەن
چەرخیچ هەر ئەو چەرخ هەردە جارانەن (٥)

---

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە پیشوازیی شیخ بهاء الدینی کوری شیخ عثمان سراج الدینی تەویلەدا وتووە کە (پیر) ی بووەو هاتووە بو سەر لی دانی .

(٢) ئامات : هاتنت . واتە : ئەی کەسی کە وەك ئاوینەی بی گەرد وایت بو وەرگرتنی شیوەو خوو رەوشتی باوکە پیگەیشتووەکەت ؛ ئەی تاقە خوشەویستەکەم ! بە قوربانی هاتنت بم خوشیت لە گەل خوت هینا .

(٣) واتە : دەمیکە توزی کەوشەکانت دووەرە لە چاوەکانمو مالی چاوم بە تەواوی ویران بووە . گوایە وەك بانی خانوو کە خولی بە سەرەوە نەمینی دلوپە ئەکاو ویران ئەبی ، چاوی ئەمیش ئەگەر توزی کەوشەکانی شیخی بە سەرەوە نەبی فرمیسکی لی ئەرژیو کویر ئەبی .

(٤) خاس بی : چاك بوو . وەتەن : نیشتمان . واتە : چاك بوو دیسان تەشریفت هیناوەو توزی پیت وەتەنی خوی ـ کە چاوەکانی منە ـ ئاوا کردەوە .

(٥) هەردە جاران : جاری جاران . مەعنای ئەم شیعرەو شیعرەکانی پاشەوە لە دوا شیعرا دی .

دەورێ دەر وە بەزم وە پیاڵەوە
ژەنگ دڵ وە زاخ مەی بماڵەوە (٦)
جامێمان جە دەس تۆ هەم سەندەبۆ
فرسەتەن ، نصیو نەك نەماندەبۆ (٧)

ئازارم جە وێم بێزارم کەردەن
ڕەویەی ڕەمەزان جە یادم بەردەن (٢)
جەوساوە نیەت ڕۆزەم ئاوەردەن
هیچ ئازام جە هیچ زۆرش نەوەردەن (٣)

---

(٦) ئەم شیعرە لە قەسیدەی ژمارە (٢٠) یشدا هەبوو ، بەڵام لەوی لە جیاتی‌ی وشەی (بەزم) وشەی (ناز) وە لە جیاتی‌ی وشەی (زاخ) وشەی (جام) ی دانابوو . مەولەوی ئەوەی هەیە جارو بار شیعریك لە چەند قەسیدەدا دووبارە ئەکاتەوە .

(٧) سەندەبو : سەندبی . نصیو : نصیب ، بەش . واتە کاکەی پیالە گیر ئەم کاتە کاتی بەزمو رابواردنی گەیشتن بە یارە ، چەرخیش هەروەك جاران وایە ، سا خولی بدە بە دەورماناو بە زاخاوی مەی ژەنگی دڵمان پاك کەرەوە ، با تا فرسەتە پیالەیەك مەیمان لە دەستی تویش وەرگرتبی ، نەوەك بەشمان لەمە زیاتر نەمابی بە دنیاوە .

(١) مەولەوی لە مانگیکی ڕەمەزانا بە تەنیا بووەو بەم قەسیدەیە سکالای حالی خوی بو یەکی لە دوستانی کردووە .

(٢) ویم : خوم . ڕەویە : رویە ، ئاداب‌و ئوسوول . واتە : ئازارو نارەحەتیم بیزاری کردووم لە گیانی خوم‌و ئوسوولی ڕەمەزانی لە بیر بردوومەتەوە ، چونکە ئەبی ڕۆژووەوان لە ڕەمەزانا خەریکی خوا پەرستی بی ، بەڵام من لە بەر نارەحەتی‌ی خوم هیچم پی ناکری .

(٣) جەوساوە : لەو کاتەوە . ڕوزە : ڕۆژوو . نەوەردەن : نەخواردووە . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعرەکانی تریەوە . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (زورش نەوەردەن) نووسراوە : (ڕوزەش نەمەردەن) واتە : ڕۆژووی نەشکاندووە .

نه چەم نه دیدەن ئازیز بێ گەرد
نه گۆش نه صەدای یاران هام فەرد (٤)
شیرینیی ئافتار دڵم تاڵیەن
جام نه جەماعەت دۆسان خاڵیەن (٥)
نەوای مەرحەبا نامان نه گۆشم
چەنی ئەلوەداش هەر نه خرۆشم (٦)
زایفیم هەر یەند جه حەد بەر شیەن
نەسیم ئەر بارۆم عەجایب نیەن (٧)

---

(٤) وشەی (نه)ی یەکەم و سەهەم هەر مەعنای (نه)ی سورانیە لە هەورامیدا ، بەلام (نه)ی دووەم و چواردم بە مەعنا (له) یە . واتە : لەو کاتەوە کە نیەتی روژووم لی هیناوە هیچ ئەندامیکی لەشم لە هیچ تیر نەبوە . نە چاوم تیر سەیری یاری کردووەو نە گویم تیر را گرتووە لە دەنگی دۆستان .

(٥) ئافتار : بەر بانگ کردنەوە . جام : جیگام . واتە : دڵم لە باتیی شیرینی . بە تالی بەر بانگ ئەکاتەوە . جیگاشم لە ناو تاقمی برادەرانا خاڵیە چونکە لیان دوورم . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (دڵم) نووسراوە : (جە لام) واتە : لە لام .

(٦) نەوا : ئاوازە . ئەلوەدا : الوداع . مالاوایی . واتە : لەم مانگەدا گویم لە مەرحەبای هیچ دۆستیکەوە نەبود . بەلام هەمیشە لە بەزمی مالاواییو دوور کەوتنەوەی یارانا بووم . بە کار هیناتی وشەی مەرحەبا (مرحبا) و ئەلوەدا (الوداع) لەم شوینەدا کە باسی خوی ئەکا لە مانگی رەمەزاناو ئەو دوو وشەش پەیوەندییان بە مانگی رەمەزانەوە هەیە ـ شتیکی جوانە .

(٧) زایفیم : زەعیفیم ، لاوازیم . یەند : ئەوەندە . بارووم : بمهینی . واتە : ئەوەندە لەرو لاوازم هیچ سەیر نییە ئەگەر با هەلم گریو بمهینی بو لای ئیوە .

ئازیز ! تای ڕشتەی دڵەی خەم بێ شۆ
ئەزەڵیا نە بەند تای ڕشتەکەی تۆ (١)
هەر دوو چەنی هەم پێچ وەردەن وە هەم
جیایي نە بەین مەحاڵەن ستەم (٢)
سەر مەودای ناخوون یەکسەر تێدا شی
هەرچەند سەعیم کەرد جیایي نەوی (٣)
ئیسە خاس پاسەن تۆ نەی سەردەمدا
هەر دوو چەنی هەم پێچ دەی وە هەمدا (٤)
تا یاران زانان ڕیشەی جەرگمەن
پاچیان ، ئاوێزان وە ڕووی بەرگمەن (٥)

ـ ٢٥ ـ

(١) تا : تال . رشتە : هونراوە . بی شو : بی ئەندازە . ئەزەلیا : ئالا . واتە : تالی رشتەی دلەی خەفەت لە رادە بەدەرەکەم ئالاوە لە تالی رشتەی زلفەکانی تووە .

(٢) چەنی هەم : پیکەوە . واتە : هەردووکیان پیچیان خواردووە بە یەکەوەو بوون بە گری گویرە ، وە زور زەحمەتە لە یەك بکرینەوە .

(٣) مەودا : تیژی . تیدا شی : تیا چوو . نەوی : نەبوو . واتە تیژی سەری نینوکم بە تەواوی تیا چوو لە لە یەك کردنەوەیانا ، وە هەرچی هەولم دا بوم لە یەك نەکرانەوە .

(٤) پاسەن : وایە . نەی : لەم . مەعنای ئەم شیعرەو شیعرەکانی پاشەوە هەمووی پیکەوە دی .

(٥) زانان : بزانن . پاچیان : هەل پاچراوە . ئاوێزان : بەروبووەتەوە ، هەلواسراوە .

هەنی مداران دەم وە ئەناوە
ئافەرین واچان جە گردین لاوە (٦)

- ٢٦ -

ئەو جا بەزمگەی کەس جێ نە ڕەستە
مەنزڵگەی صەیاد هەزاران خەستە (١)
من نەچیرەکەی هەزار زام وەردە
هەر زامێ پەی وێش زووخاو سەر کەردە (٢)
ترسیای صەدای ماردم هۆش بەردە
ڕەمیای بۆی باروت هەردە وە هەردە (٣)
کەی تەوانای صەبر دیارانمەن ،
یا پەروای تاقەت بێ یارانمەن ؟ (٤)

---

(٦) مداران : بدەن . واتە : مادەم کە وا تالی ڕشتەی دلم پیچراوە بە تالی زولفی تووە ، باشتر ئەودیە توش باشتر پیچیان بدەی بە یەکا . تا دوستان بزانن ئەمەی کە بەروبووەتەوە بە ڕووی جلەکانما تالی ڕشتەی دلمە ئالوزاوە لە گەل تای زولفی تودا ، وە لە هەموو لایەکەوە دەس کەن بە سەنا کردنو ئافەرین کردنم .

- ٢٦ -

(١) جا : شوین . بەزمگە : جیگای بەزمو ڕابواردن . جی نە ڕەست : لی ڕزگار نەبوو . واتە : ئەو شوینەی یاران بەزمگایەکی کەس لی ڕزگار نەبووەو جیگای ڕاوچیانی هەزاران نیچیر بریندار کردووە . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی (ئەو جا بەزمگەی) نووسراوە : (ئەو نە جاسووسگەی) واتە : ئەو لە جیگای خو مات دانی .. تاد .

(٢) وەردە : خواردوو . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعرەکانی ترەوە .

(٣) ترسیا : ترساو . ماردم : چەشنە تفەنگیکی کونی ڕاویە . ڕەمیا : ڕا کردوو .

(٤) دیاران : ولاتان . واتە : منی نیچیری هەزار زام پیوە بووی . زام زووخاو سەر لیوە کردوو ، منی ترساوی دەنگی (ماردم) لە هوش بردووی ، لە تاوی بونی باروت هەردەو هەرد هەلاتوو ؛ کەی تواناو دەسەلاتی سەیر کردنم هەیە لە ولاتی غەریبیدا بی دوستو بی برادەر ؟

ڕووم کەرد وە سارای هەرد و بەردەوە
وە صەد ترس و لەرز جەستەم شەردەوە
چ داواییّوەن مەکەردیّم چەنی ؟
بازدیّم نیم ڕەمەق پەی جارێو هەنی (٥)

(١) ـ ٢٧ ـ

ئیّمە گشت فانی ، هەر ئەوەن باقی
نازوون وە بازووی پڕ نەیرووی ساقی (٢)
خەلّاصیش دا پیّت وە یەك پەیمانە
ئازاد بیت جە بەند بەستەی پەیمانە (٣)

---

(٥) چ داواییوەن : چ دەعواییکە ، چ شەریکە . بازدیم : لیم گەرین . واتە : کونەو کون خوم شاردووەتەوە و بو خوم لیرە لە گەل هاوریکانم ئەژیم ، لـە کولم بنـەوە ..

ـ ٢٧ ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بو لاواندنەوەی عبدالرحمانی کوری حاجی مەحموودی یاروەیس وتووە کە لە تەویلەدا بە گوالەیەکی لە دەس دەرچووی شیخ هیدایەتی کوری حاجی شـیخ احمدی کوری شیخ عثمان کوژراوە . قەبرەکەی لە پال خانەقای تەویلەدایە .

(٢) نازوون : بنازم . پر نەیروو : بە هیز . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

(٣) پەیمانە : پیالەی شەرابی مەرگ . بەستەی پەیمانە : پەیمانی لە گەل خوادا بەسراو . واتە : ئیمە هەموومان ئەمرینو مانەوە هەر بو خوا خویەتی ؛ سا با بنازم بە شانو قولی بە هیزی ساقی (مەبەس قودرەتی خوایە) کە بە پیالەی شەرابی مەرگ رزگاری کردیو لە بەندی پەیمانی لە گەل خوادا بەسراوی ئازاد کردی کە ئەبوو بە پیّی ئەمرو نەهیی ئـەو بجوولییتەوە .

عارفان چ خاس پەی وە حەق بەردەن
وەصیەت (حافظ) وە جا ئاوەردەن (٤)
دەفنت نە پەهلووی مەیخانە کەردەن
وە سەر خاکتدا سەبووی مەی مەڕدەن (٥)
قەڵەم یاد کردار یارو ئەغیار دا
ڕەقەم کەرد تەریخ وە ڕووی مەزار دا : (٦)
جامێش نۆشاوە چون مەردان ویەرد
(گۆشەی مەیخانە وە زاویە کەرد) (٧)

---

(٤) عارفان : خوا ناسەکانی خانەقای تەویلە . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

(٥) پەهلوو : تەنشت . سەبوو : کووپە . مەردەن : شکاندووە . واتە : پیاو چاکەکانی خانەقای تەویلە چەند باش بوی چوون کە وەسیەتەکەی حافظی شیرازی‌یان لە تودا بە جی هیناوە ، گوایە وەك چون ئەو وەسیەتی کردبوو کە لە پال مەیخانەدا بینیژن‌و کووپەیی شەراب بە سەر قەبرەکەیا بشکینن . هاتن توشیان لە پال مەیخانەی عەشقا (وەك خانەقای تەویلە بی) نایە قەبردوە .

(٦) یاد کردار : بیر خەرەوە . ڕەقەم کەرد : نووسی . مەزار : گور . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

(٧) نوشاوە : خواردەوە . ویەرد : بە سەر چوو . زاویە : کونجی عیبادەت . واتە : قەلەم کە ئیشی ئەوەیە شت ئەخاتەوە یادی دوست‌و بیگانە ؛ میژووی مەرگی وا لە ڕووی قەبرەکەی نووسی کە جامی شەرابی مەرگی نوشی‌و وەك پیاوان بوی دەرچوو ، کونجی مەیخانەی عەشقی (وەك خانەقای تەویلە بی) کرد بە عیبادەت خانەی خوی .

جوملەی (گوشەی مەیخانە وە زاویە کەرد) بە بی ژماردنی (ی) ی (گوشەی) و (هـ)ی یەکەمی (مەیخانە) و هی (وە) و (کەرد) بە پی‌ی تیپی ئەبجەد ئەکاتە ١٢٩٦ . بویە ئەو تیپانە ناخوێنینەوە چونکە لەو شیوە نووسینەدا نەئەنووسران کە مەولەوی شیعرەکانی پی نووسیوە . وە چونکە بە ژماردنیان ژمارەکە زوری زیاد ئەبی . واتە : ئەو نیوە شیعرە بە پی‌ی ئیملای فارسی ئامیزی کونی کوردی بنووسریت . بەم جورە (گوشە میخانە و زاویە کرد) .

ئازیز ! وه‌ مه‌رگت دڵ نه‌ خرۆشه‌ن
ئاره‌زووی خه‌ده‌نگ په‌نجه‌که‌ی تۆشه‌ن (١)
خه‌یاڵیوه‌ن ناماڵ تیره‌که‌ت ، ئاماڵ
ناماڵ وه‌ سه‌ر وه‌خت بیمار زامان (٢)
وه‌خته‌ن ساکن بۆ ، قوربان سا تیرێ
ده‌ماخش به‌رزه‌ن ، ده‌خیل زنجیرێ (٣)
نه‌وا جه‌ حیکمه‌ت به‌ر بشۆ وه‌ به‌ر
جار جار وه‌ تیرێ دڵ نه‌واییش که‌ر (٤)
وه‌ش وه‌ش تای توغرای وێت بنمانه‌ پێش
با هه‌ر ناسۆر بۆ ، زوو نه‌بۆ ساڕێش (٥)

- ٢٨ -

(١) خه‌ده‌نگ : تیر . واته‌ : چاوه‌روانی نامه‌یه‌کم به‌ په‌نجه‌ی تو بنووسری .

(٢) نامان : نه‌هاتووه‌ . سه‌روه‌خت : به‌ ده‌میه‌وه‌ .

(٣) ساکن بو : دامریته‌وه‌ ؛ بمری . ده‌ماخش به‌رزه‌ن : لووتی به‌رزه‌ ، فیزی زلـه‌ .

(٤) نه‌وا : نه‌وه‌کوو . به‌ر بشو : ده‌رچی .

(٥) وه‌ش وه‌ش : خوش خوش : توغرا : زولفی لوول . بنمانه‌ پیش : پی‌ی بنوینه‌ . واته‌ : جارو بار تای زولفی لوولی خوتی پیشان ده‌ ، با برینی ساریش نه‌بی ؛ چونکه‌ زولفت وه‌ك مار وایـه‌و ماران گازیش به‌ دیتنی مار برینه‌که‌ی دیته‌وه‌ سو !

(١) ـ ٢٩ ـ

ئاخ ، چراخ ! چ ئاخ ؟ ئاخ پەی ئاخداریّ
چون من خاطر خار ، خەمبار ، داخداریّ (٢)
بشیامیّ وە سەیر سەر سەراو چەمەن
چ ئەو چراخم نەو چەمەن ، چ مەن (٣)
نالّەمان کەردا چەنی بولّبولّان
چەنی نالّەیێ ؟ چون سفتە دلّان (٤)
تا نە قەفەسدا مانمان نەفەسێ
ئەوان پەی گولّان ، ئێمە پەی کەسێ (٥)

(١) ـ ٣٠ ـ

ئەدای پەشێویی حالّات جەستەم
دوورەن جە تەحریر خامەی شکستەم (٢)

ـ ٢٩ ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بو (مەلا چراخ) ناوی دوستی نووسیوە .
(٢) چ ئاخ : چون ئاخی . پەی ئاخداری : بو برادەریکی ئاخ هەلکیش و داخ لە دلی وەك خوم . خاطر خار : دل بریندار .
(٣) بشیامی : بچووینایە . سەر سەراو چەمەن : میرگ و کانیاو . مەن : من . مەعنای نیوە شیعری دوایي ئەم شیعرە لە گەل شیعرەکانی ترا دی .
(٤) چەنی : چون . سفتە دلان : دل سووتاوان .
(٥) واتە : چ من و چ چراخی برادەرم لەو میرگ و کانیاوەدا لە گەل بلبلانا دەسمان بکردایە بە نالەو خویندن وەك دل سووتاوان ، تا قەفەزی سینەمان هەناسەیەکی لی دی ، ئەمان بو گولان و ئیمەیش بو یار ..

ـ ٣٠ ـ

(١) ئەم قەسیدەیەش یەکیکە لەو قەسیدانە کە مەولەوی لە لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونی خیزانیا وتوویە .
(٢) ئەدا : باس کردن . واتە : باسی پەشیوی حالەتی لەشم بەم قەلەمە شکاوەم نانووسری ، پیویستی بەوەیە خوم بیم بو لات بوت باس کەم .

بەڵام (مەعدووم) هەرس دیدەش جۆش وەردەن
نا عیلاج خامەش وە دەسگیر کەردەن (٣)
پەلە پەل پێکان پەل وە خامەدا
یەك فەرد ڕەقەم کەرد وە ڕووی نامەدا : (٤)
ئیسە دیدەی دڵ دێوانەکەی وێت
نە بێخ ئاودا مەگێڵۆ پەرێت (٥)

ئازیزم ، گەردەن بلوور بێ گەرد !
ئەمانەتیی توو دڵەی پڕ جە دەرد
چون جە زێد وێش بیەن ئاوارە
غەریبەن قەدرش نیگا بدارە (١)

---

(٣) هەرس : فرمیسك . واتــە : بەلام من فرمیسکی چاوم لیشاوی کردووەو کویر بووم ، لە بەر ئەوە پیم ناکری بیم بو لات ، وا ناچار پەنام بردووەتە بەر قەلەم تا چەندی پی بکری بوتی بنووسی . لە هەندی نوسخەدا نیوەی یەکەمی ئەم شیعرە بەم جورە نووسراوە :

بەلام مەعدووم ، غەرق هەرس جوش وەردەن

واتە : بەلام مەعدووم خنکاوە لە فرمیسکی کولاوو هاتووە جوشدا .

(٤) پیکان پەل : دەسی قایم کردووە . ڕەقەم کەرد : نووسی .

(٥) مەگیلو : ئەگەری . پەریت : بوت . واتە : ئیستا چاوی دلە بوت شیت بووەکەم لە بنی زەریای فرمیسکا بە دواتا ئەگەری .

(١) زید : جیگای زایین ؛ لە دایك بوون . نیگا بدارە : راگرە .

فەرامۆش نەبۆ لادێ ، درەنگێ
سوبحێ وە تیرێ ، شامێ خەدەنگێ (٢)

- ٣٢ -

ئارەزووی ئامای مەرگ وێت کەردەن
گۆیا خەلاصیت وە دڵ ئاوەردەن (١)
ئەی پەی تۆ نەبۆ دۆسەکەی گیانی
چەند بۆ پڕووز بۆ تۆ هەر بمانی (٢)

- ٣٣ -

ئاخ ، پەی خەڵوەتێ بدیام وە بێ خەم
سیوای تۆ دیدەم ، کەس نەدیام وە چەم (١)

---

(٢) لادی : کەم . ئەم داله به (ی) ی منگن ئەخوینریتەوە . درەنگی : زور . واته کەمو زور فەراموشو بەرەللای مەکە . بەیانیو ئیواره به تیر پیوه نانیك ئاگاداریی بکه .

- ٣٢ -

(١) ئامای : هاتنی . گویا : گوایه . مەعنای ئەم شیعره له گەل شیعری دواییدا دی .

(٢) بمانی : بمینی . واته : خوزگەی مردنی خوتت خواستووه ، گوایه به تەمای ئەوه بووین که رزگار ببی له مەینەتی دنیا ، بەلام خوا نەکا ئەم ئاواتەت بیته دی ، بو ئەوەی تا دلدارەکانت مابنو ئاگریان تی بەر ببی ، تویش هەر بمینیو بوسوی لەشی سووتاویان بی به لووتتا .

- ٣٣ -

(١) بدیام : بمروانیایه . کەس نەدیام : کەسم نەدیایه .

دڵ پەی دیدەنت کام خەڵوەت سازۆ ؟
تۆی دیدەیچم بی مەردم نمازۆ (٢)

ـ ٣٤ ـ

ئازیز ! وەس بووزەم نە گێجاو خەم
وەس چون بینایي پەنهان بەر نە چەم (١)
وەختێ جە وەصڵێچ هەر دڵم ڕێش بۆ
مشیۆ وەصڵ و فەصڵ فەرقشان چێش بۆ ؟ (٢)

---

(٢) سازو : دروست بکا . توی : لە توی‌ی ، لە ناوی . مەردم : بیبیلەی چاو . نمازو : نایەلی . واتە : خوزگا جیگایەکی چولم دەس ئەکەوت بە بی خەم لی‌یەوە بمروانی‌یایە بوتو لە تو بەولاوە کەسم بە چاوی خوم نەدی‌یایە . بەلام ، داخی گرانم دلم شوینیکی چولی بو ساز ناکری کە لی‌یەوە بروانی بوت بە تەنیا خوی ، چونکە باشترین شوین کــە بو ئەوە دەس بدات گلینەی چاومە ، کەچی لەوی‌یشا بیبیلەی چاوم ئەبی بە ملوزمو لە گەلما سەیرت ئەکا . .

ئەوەش دەس ئەدا کە (مەردم) بە خەلکی مەعنا لی بدەینەوە بلیین : بەلام ئەگەر لە ناو چاویشما دات‌نیم خەلکی هەر سەیرت ئەکەنو ئاواتەکەی من نایەتە دی .

ـ ٣٤ ـ

(١) وەس : بەس . بووزەم : بمخە . بەر : بە . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دوایدا دی .

(٢) مشیو : ئەشی . واتە : ئازیز بەس بە هوی نەدیتنتەوە نوقمی گیژاوی خەفەتم بکە ، وە بەس خوتم لی ون کە ، وەك چون بینایي چاو لە ناو چاوا بو کەس نابینری ، چونکە ئەگەر بشی لە کاتی بە یەك گەیشتنیشا هەر نەت‌بینم ئیتر ئەبی جیاوازی‌ی بەینی بە یەك گەیشتنو دووری لە یەك چی بی ؟

ـ ٣٥ ـ

ئازیز ! جه دووریت تەن بی کلاّفه
ڕۆح بی وه تەنوین حاڵ اضافه (١)

ـ ٣٦ ـ

ئای ، چەنه سەر چەنگ چەرخ چەپ وەردم !
چەرخ چەن چەرخاو من مام نەمەردم ! (١)

ـ ٣٧ ـ

ئەو ساتە زانام بەختەکەم شەڕ بی
عێلەکەم هامڕای عێل سەگ وەڕ بی (١)

ـ ٣٥ ـ

(١) واتە : لە بەر دووری‌ی تو لەشم لوولی خواردووە وەك کلافەی دەزوو وە گیانم لە لەشا نەماوە ، وەك چون لە زوبانی عەرەبیدا (تنوین) ـ کە دوو سەرە ، یا دوو ژیرە ، یا دوو بورە لە ئاخری وشەوە ـ بە سەر هەر وشەیەکەوە بوو ، وە ئەو وشەیە (اضافه) کرا بو لای وشەی دواوەی ؛ ئەو تەنوینە نامینی ، هەروەها گیانی منیش بە هوی پەیوەندی خوشەویستی‌ی تووە لە ناو چووەو فەوتاوە .

ـ ٣٦ ـ

(١) سەر چەنگ : چەپوك . وەردم : خواردم . واتە : ئای چەند چەپوکی چەرخی چەپگەردم خواردو ، چەند جار چەرخ هەڵسووڕا کەچی من هەر مامەوە بو مەبەستی دنیاو نەمردم .

ـ ٣٧ ـ

(١) واتە : ئەو سەعاتە زانیم بەختم شەرە کە هوزو گەلەکەم بوون بە هاوری‌ی ئەو هوزە کە سەگ‌وەری تیایە .

٧
تیپی بی

باعث وجوود جه ماه تا ماهی ،
دەلیل اثبات صنع ئیلاهی ، (١)
ضیای بیناییم ، نوور چەمانم ،
سەرمایەی حەیات دینو ئیمانم ! (٢)
من وێم مزانوو بی ئەمریم کەردەن
أطاعەی فەرمان عەبدیم نەبەردەن (٣)
عومرم سەراپا غەرق غەفڵەتەن
زاد ئاخرم بار خەجڵەتەن (٤)
بەڵام مشیۆ تۆ وە فەضڵەکەی وێت
کردەی من نەبۆ بەهانە پەرێت (٥)

---

(١) ماهی : ماسی . واتە : ئەی خوایە کە هوی بوونی ئەم جیهانەی لە مانگەوە بەو بەرزەوە تا ماسی لەو ژیرەوە ، کە ئەمانەش بەلگەن بو ئیسپات کردنی پەروەردگاری خوا . مەولەوی لەم شیعرەیا لە سەر ئەو قسەیە رویشتووە کە ئەلین توپی زەوی بە سەر پشتی گایەکەوەیەو گاکەیش لە سەر ماسییەك بەندە .. ئەشتوانری بوتری مەبەسی ئەوەتە : لە ئاسمانەوە تا بنی عەرز .

(٢) ضیا : رووناکی . واتە : ئەی خوایە کە بە هوی تووە رووناکی لە بیبیلەی چاوما پەیدا بووەو تو بناغەی ژیانو ئایینمی ..

(٣) ویم : خوم . واتە : من خوم ئەزانم بی ئەمریم کردووەو بە پێی پەیرەوی بەندەیي فەرمانم جێبەجی نەکردووە .

(٤) زاد : تویشوو . ئاخر : قیامەت . خەجلەت : شەرمەزاری .

(٥) مشیو : ئەبی . کردە : کردەوە . پەریت : بوت . واتە : ئەبی بە گەورەیي خوت کاریکم لە گەل بکەی خراپیم نەبی بە بیانووی بی لوتفی کردنت لە گەلم .

اغماض کەی جە گرد نابەکاری‌ی من
جە ڕوو سیاییو بەد کرداری‌ی من (٦)
پەی من کافی‌یەن ئەی گرد انفعال
بۆ بە ڕەحم وێت بکبەرەم پاماڵ (٧)
مەدیە وە تۆمار کردەی ویەردەم
بدیە وە زەردی‌ی ڕوخسار ئاوەردەم (٨)
هەرچەند شایستەی عەفوت نەداروون
ڕووی شەرمندەگی وە دەرگات ماروون (٩)
جە بەحر کەرەم بێ بەشم مەکەر
شەڕ نەفسانی جە ڕاگەم لابەر (١٠)
تا بە فەضڵ وێت بوانیمەوە
جە دەس هەوای نەفس بسانیمەوە (١١)

---

(٦) اغماض : چاو پوشی . گرد : گشت . نابەکاری : کردەوەی ناپەسەند .

(٧) ئەی : ئەم . انفعال : خەجالەتو شەرمەزاری . واتە : من ئەم هەموو شەرمەزاری‌یەم بەسە ، تو بی بە ڕەحمی خوت پی بنی بە سەر ئەم کردەوە خراپانەما .

(٨) مەدیە : مەروانە . ویەردەم : رابوردووم . بدیە : بروانە . واتە : مەروانە بو تومارِی کردەوەی رابوردووم ، سەیری ئەو زەردی‌ی شەرمەزاری‌یە بکە کە بە ڕوومەوەیە .

(٩) شایستە : شایان ، لایق . ماروون : ئەهینم . واتە : هەرچەند شایانی لی بووردنت نیم ، بەلام ڕووی شەرمەزاری ئەکەمە دەرگات .

(١٠) مەکەر : مەکە . راگەم : ریگەم . لابەر : لابە .

(١١) بوانیمەوە : بمخوینیتەوە . بسانیمەوە : بمسینیتەوە .

بەڵکم جەی ئاخر پەی وێم فکرێ کەم
تەدارەك پەی چەند تەزبێح ذکرێ کەم (١٢)
بەڵام بەو شەرتە چەنیم قبووڵ کەی
بەهانەی ئەسباب عەفوم وصوول کەی (١٣)
نەفس بەد کردار ، بێ دین بەدبەخت ،
شووم سەر گەردان خەیاڵان سەخت ! (١٤)
پەی چێشش عادەتت وە گوناە کەردەن ،
ژار مەحرووميی ڕەحمەتت وەردەن ، (١٥)
ڕاگەی حەقیقەت جە ویرت شیەن ،
یادت پەی مەحبووب حەقیقی نیەن ، (١٦)
موطن ئەصڵیت نە خاتر لوان ،
مێخ مۆبەتت نە ڕووی خاك کوان ؟ (١٧)

---

(١٢) جەی ئاخر : لەم ئاخری ەومرەما . واتە : بەڵکو لەم ئاخری عومرەما فکریك بو خوم بکەمەوەو خوم ئامادەکەم بو چەند تەزبیحیك ناوی خوا .

(١٣) چەنیم : لیم . وصوول کەی : جی بە جی بکەی .

(١٤) مەولەوی لەم شیعرەوە رووی راز وەرئەچەرخینی ، وە پاش ئەوەی قسەی لە گەل خوای گەورە بوو ئەمجار لە گەل نەفسی خوی قسە ئەکا . ئەوەش دەس ئەدا کە لیرە بەولاوە پارچە هەلبەستیکی سەربەخو بێو وەختی خوی لە نووسینەوەدا لە گەل ئەوی پێشوودا بووبی بە یەك .

(١٥) وەردەن : خواردووە .

(١٦) واتە : بوچی ریگای راستیت لە بیر چووەتەوەو بیر لە خوشەویستی راستە قینە ناکەیتەوە .

(١٧) موطن : نیشتمان . موبەت : محبت ، خوشەویستی . کوان : داچەقاندووە . واتە : بوچی نیشتمانی راستە قینەت لە بیر چووەتەوە کە عالەمی قودسی ئەرواحە ، وە میخی خوشەویستیت لە خاکی دنیادا داکوتاوە کە هەوارگەیەکی وەختیەو پاش ماوەیەك بە جێی دێلی .

دایم گورفتار ئارەزووی خامی
یەکسانەن پەرێت نێکی‌و بەدنامی
گا خەریك دەرد هەوای مەجازی
گا مەشغوڵ کەسب کبرو نیازی (١٨)
گا غەرق هەوای وەصڵ نازاری
گا حیرەت زەدەی ڕوخسار یاری
هیچ هۆشت نی‌یەن حەق خەبەردارەن
فەردا ڕۆی حیساب میزان کارەن
فکرێ کەرەوە ، وادەی لواتەن
وەخت شێویای شەوق سەوداتەن (١٩)
باوەرە وە دەس زادێ پەی سەفەر
وێت نەو سەفەردا بێ تۆشە مەکەر
وە دەرگای حەق بەر ڕووی پەشیمانی
عوزر ئاوەری کەر کردەی نادانی
بەڵ لیباس عەفو بکەرۆت خەڵات
جە وەخت مەردەن بدەرۆت نەجات
وە نصیوت بۆ سەرمایەی ئیمان
نەوی وە ڕیش خەند سوخریەی شەیتان (٢٠)

---

(١٨) هەوای مەجاز : خوشەویستی‌ی ناراست . لە اصطلاحی اهلی تصوفدا خوشەویستی‌ی راستە قینە خوشەویستی‌ی خوایە ، وە لەوە بەولاوە بە خوشەویستی‌ی مەجازی‌ی دائەنین . کبر : فیز .

(١٩) لوا : رویشتن ، کوچ کردن . مەبەس مردنە . شیویا : تیك چوون .

(٢٠) ریش خەند : حیگەی گەمەو گاڵتە . واتە : بەڵکو ئیمانت دەسگیر ببی‌و شەیتان بە ریشت پی‌نەکەنی‌و گاڵتەت پی نەکا .

وه ڕۆی مەحشەردا بگێڵی دڵشاد
جه قەید عصیان دڵت بۆ ئازاد (٢١)

ـ ٢ ـ [1]

بینایي دیدەم تۆ وه سلاّمەت
دیدەنیی دیدار کەوت ئەو قیامەت (٢)
ئەر بینش نیەن ، هەی ئاوات وازم
باز هەر تەسکینەن گۆش وه ئاوازم (٣)
وه دڵدا تەفصیل زەلیلی ویەرد
چێش جه ئەوەڵدا ئاخرش ئاوەرد (٤)

---

(٢١) بگیلی : بسووریتەوه . قەید : کوتو زنجیر .

ـ ٢ ـ

(١) مەولەوی پیش مردنی به چەند سالیك ، کویر بووه . له سەرەتای کویر بوونیا بەم پارچه شیعره بینایي چاوی خوی لاواندووەتەوەو رازی له گەل دوستیکی کردووه .

(٢) واتە : بینایي چاوم قەزاو بەلای توی برد ، ئیتر بینینی تو کەوتە ئەو دنیا .

(٣) بینش : بینین . هەی ئاوات وازم : ئەی ئاواتە خوازەکەم . باز : دووبارە . واتە : ئەی کەسی کە به ئاواتی بینینتەوەم ئەگەرچی چاوم نەماوە تا بتبینم ، دووبارە هەر مایەی ڕەحەتیيە بو دلم کە گویچکەم ماوەو گویم له دەنگتەوەیە .

(٤) ویەرد : گوزەری کرد . چیش : کەچی . واتە : هات به دلما کە به دریژی باسی داماوی خومت بو بکەم ، کەچی دلم مەیدانی نەدام ؛ هەر له ئەوەلەوه ئاخری هیناو بوم نەکرا قسەکە بکەم .

باز بێ تاقەتیم نە ڕووی پەردەوە
دەرگای گوزەرگای چەند فەرد کەردەوە (٥)
هۆرێزاو پێچ وەرد دووی کوورەی دەروون
ئاو ئاوەرد ، بەڵ هوون ، نە دیدەی گەردوون (٦)
ڕێزا جە سەردا بڵێسەم کەم بی
ئەسباب تەحریر ئەی چەند فەرد جەم بی (٧)
باز چێشش بۆ ، یاران دەروون پڕ داخەن
ئەغیاران دەماخ دڵ وە پەرداخەن (٨)
سەرد بی‌یەن گەرمی‌ی شەوق هام فەردان
گەرمەن سەردی‌ی زەوق جەرگەی هام دەردان (٩)

---

(٥) باز : دیسانەوە . نە ڕووی پەردەوە : لە پەنامەکی‌یەوە . واتە : بەلام بی تاقەتی‌و زویریم دەس بەردار نەبوو ، وە بە دزی‌ی دلەوە لە پەنامەکی‌یەوە ریگای تیپەر بوونی چەند هونراوەیەکی بو کردمەوە کە ئەمانەی خوارەوەیە .

(٦) هوریزا : هەستا . دوو : دووکەل . بەل : بەلکو . واتە : لە بەر بی تاقەتی‌و زویریم دووکەلی دەروونم بەرز بووەوە لوولی خواردو ئاوی لە چاوی ئاسمان هینا ، بەلکو خوینی لی هینا . ئەم هونراوە ناسکە ئیشارەتە بەوە کە ئەو تەم‌و مژەی لە زەوی بەرز ئەبیتەوە ئەبی بە هوی باران بارین .

(٧) ریزا : رژا . کەم بی : کەم بووەوە . جەم : جەمع ، کومەل . واتە : ئەو ئاوی گریانی ئاسمانە باری بە سەر کوورەی دلاو بلیسەو گەرمای دلم کەم بووەوە ، وە هوی نووسینی ئەم چەند هونراوەیەم لە لا کوبووەوە .

(٨) چیش بو : چی بی . ئەغیاران : بیگانان . واتە : دووبارە چی قەوماوە وا یاران دلیان پرە لە داخ وە دوژمنان دلیان خوش‌و بە پەرداخە . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (باز) نووسراوە : (باس)

(٩) جەرگە : کومەل . واتە : هی چی‌یە وا گەرمای شەوق‌و زەوقی هاوریکانم سارد بووەتەوە ، ساردی‌ی زەوقی کومەلی هاو دەردەکانم هیزی سەندووە ؟

ڕێزان سەوزەی گوڵ مەعاریف وە گڵ
چۆڵ بی‌یەن چەمەن جە سۆزەی بوڵبوڵ (١٠)
نیگای ئیلتیفات گۆشەی چەم کەمەن
ڕووی دەشت صەفای ئەهل دڵ تەمەن (١١)
حەڵقەی خەفیەی ذکر نالەی هەزار ڕەنک
چون حەڵقەی دەرگای وێرانان دڵ تەنگ (١٢)
مشیۆ جە گرد لا زاری‌و شیوەن بۆ
جە کام لا ؟ لای دۆس ، کام دۆس ؟ وێنەی تۆ (١٣)

---

(١٠) ریزان : داوەریوە . واتە : هی چی‌یە وا پەرە گوڵی سەوزو جوانی زانست داوەریوە بو ناو گل ، وە بوچی چەمەن چوڵ بووە لە خویندن‌و ئاوازی بەرزی بولبول ، یانی بوچی بازاری دوست‌و دلدار کز بووە ؟

(١١) نیگا : سەیر کردن . گوشەی چەم : لا چاو . یان : گۆڕی چەم . واتە : هی چی‌یە وا سەیر کردنی ناسکی یار بە لاچاو کەم بووەتەوە . وە ئەو ڕوانینە نازەنینەی نەماوە . یان بوچی یار بە دەستووری زوو لە قەراخ چەمی بەرمالەکەیانا ناروانی بو دوستەکانی کە بە دەوریا دائەنیشتن . وە بوچی ڕووی دەشتی خوشی‌ی دلی یاران تەم دای گرتووە ؟

(١٢) حەلقە : ئەلقە . خەفیە : نهینی . ذکر : ناوی خوا هینان ، لە سەر دەستووری سوفی‌یەکانی تەریقەتی نەقشبەندی کە بەیانی‌و ئیوارە ئەلقە ئەبەستن ، وە لە ژیر لیوەوە ناوی خوا ئەبەن . واتە : هی چی‌یە وا کومەڵ بەستنی دوستان بو بیر کردنەوە لە خوا کە بە هەزار ڕەنگ تیایا ئەیان نالان ئیستا وا کەم‌وکورت بووە وەك ئەلقەی کلیلی دەرگای خانووی ویران کە ژەنگی هەلهینابی ، ئینسان کە سەیری ئەکا دلی دائەگیری .

مەولەوی تا ئیستا هەر خەریکی پرسیار کردن بوو . ئیتر لەمەو دواوە وەڵام ئەداتەوە .

(١٣) مشیو : ئەشی . ئەبی . گرد : گشت . مەعنای ئەم شیعرە لە گەڵ مەعنای شیعرەکانی پاشەوەی‌دا دیت .

که‌ی ؟ ئیستە ، پەی کێ ؟ پەی دیدەی (مەعدووم)
چێشێ بی‌یەن ؟ بی‌یەن جە دیدە مەحرووم
یانێ های ڕاسەن ، یا قسەی ناسەن
دیارەن کردەی چەپ‌گەرد هەر پاسەن (١٤).

-٣-

بەرزان هیلال تار وەروان قەرار دا
غوڕەی شار شۆر دلّان دیار دا (١)
نەسیم وە بۆی چین چنوور ڕووی هەرد
سوب (صباح الخیر) دەماخ دڵ کەرد (٢)،
جە پرژەی شەونم نە تۆی پەردەوە
نەرگس مەس مەس چەم ولّاو کەردەوە (٣)

---

(١٤) ناسەن : خەلکە . پاسەن : وایە . واتە : هوی ئەو کارەساتەی، کە باسمان کرد ئەبی ئەوەبی کە لە هەموو لایەکەوە پیویستە هەر گریانو شیوەن بی بو چاوەکانی مەولەوی ، چونکە راستە کردەوەی گەردوون هەمیشە ئەوەتە لە پاش خوشی‌یەوە ناخوشی دینی .

-٣-

(١) بەرزان : شوینە بەرزەکان . تار : شیوە . وەروان : بەفران . غورە : سەری مانگ . شار : شەهر ، مانگ . شور : عەشق . واتە : بە هوی داهاتنی، ئەسلی بەهارەوە کیوەکان بەفریان وەك مانگی یەك شەوە لی کردووە وە سەرەتای مانگی خوشیو ڕابواردن دیاری‌ی داوە . مەبەسی لەوەیە کە لە سەرەتای بەهارا بەفری شاخەکان ئەتویتەوە ، وە تەنها پەراویزیکی وەك مانگی، یەك شەوە بە سووچەکانی سەرەوەی شاخەکانەوە ئەمینیتەوە .

(٢) نەسیم : شنە بای ناسکی بەیانی . چنوور : گیایەکی بون خوشی، کویستانی‌یە . سوب : صبح ، بەیانی . واتە : شنەی بای ناسك بە بونی، چین چینی گیا چنوور دەسی کرد بە مەرحەبا لی کردنی دل لە بەیانیدا .

(٣) پرژە : پرژ . ولاو : بلاو . واتە : لە بەر پرژی شەونم ، گولی، نیرگس لە ناو پەردەی نەزاکەتا چاوە مەستەکانی بلاو ئەکردەوە .

سەوزە وستەن فەرش ئەو چەمەن دەس دەس
گولّان جام وە دەس بولّبولّان سەرمەس (٤)
مەنعم مەکەردێ گرانەن دەردم
ئەر شێویا بۆ قافیەی فەردم (٥)
فەریاد جە شۆرەی ئەرز چارەی من
هەر سەوزەی مراد من نا دیارەن (٦)
داد جە هەوای شووم بەد ستارەی من
هەر نەو گولّەی من نە پێوارەن (٧)

---

(٤) سەوزە : وردە گیای دەشت . وستەن : رای خستووە . واتە : سەوزە گیای جوان چین چین فەرشی راخستووە لە چەمەنا . ساقی گولیش وەك ساقیی جام بە دەست وایە ؛ توپی گولیش وەك پیالەیە . بولبولانیش لە زەوقی ئەم وەزعە سەرمەست بوون .

(٥) واتە : لە بەر خوشیی نەشئەی ئەم چنوورە گول و گولزارو بولبولانە وەك سەرخوشم لی هاتووە . کەواتە سەرزەنشتم مەکەن ئەگەر ئاخری شیعرەکانم شێوابن ؛ چونکە کە شعوور پەریشان بوو شیعریش پەریشان ئەبی . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (قافیەی فەردم) نووسراوە : (پەنجەی پای فەردم) واتە : پەنجەی پیی هەلبەستم .

(٦) شورە : گلیکە لم‌دار بی‌و بو کشت‌و کال نەشێت . سەوزە : سەوزە گیا . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

(٧) شووم : نەگبەت . ستارە : ئەستێرە . پیوار : خاك . واتە : هاوار لە دەستی بەختی ناباری من کە وەکوو خاکی شورە وایە گیا ناروێنی . بویە وا هەر گیای مەبەستو ئاردزووی من دیار نیێە . وە داد لە دەستی شوومیی ئەستێرەی بەختم کە ئەوەندە تاریکە ؛ گولی هەموو کەس روا . تکەچی گولی من هەر لە ناو خاکایەو سەر دەرنایەنی .

یا وەلوەلەی دەف شا دەرویّش ، جۆشیّ
بەو صەدای ڕیشەی دڵ ئاشناوە (٨)
یا جۆش سەمتوور مطرب ، خرۆشیّ
چەنی ئەی دوو فەرد حەسرەت مەعناوە
بەڵ سەوز ببۆ تۆم ئارەزوە کەی دڵ
های چەمە دەخیل شەویّ شەونمیّ (٩)
بەڵ ڕوو بنمانۆ ئەو نازک نەو گوڵ
دەمە نەسیمیّ وادەی سوب دەمیّ (١٠)

---

(٨) وەلوەلە : دەنگو زریکە . واتە : ئەی دەنگو ئاوازەی شای، دەرویشان بیرە جوش بەو صەدا خوشەتەوە کە ئاشنایە لە گەل ڕەگو ڕیشەی دلا . وە ئەی جوشی سازو سەمتووری مطرب هاواری بکە لە گەل، هەم دوو شیعرەدا کە بەیانی داخو حەسرەتی دلم ئەکەن .. شیعرەکان لە. پاشانا دین .

(٩) بەل : بەڵکوو . چەمە : ئەی چاوەکانم . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل. شیعری دواییدا دی .

(١٠) بنمانو : بنوینی . نیوە شیعری دووهەمی ئەم شیعرەو شیعری. پیشوو وا ڕیک خراون کە (هو) بن بو نیوە شیعری یەکەمیان . واتە : ئەی. چاوەکانم دەخیلتان بم شەویک لە شەوان لە ترسی خوا فرمیسکیکی وەکو شەونم داریژن . بەڵکو ببی بە هوی سەوز بوونی تووی ئارەزووی دلم ، وە. ئەی دەم تویش لە ترسی خوا ئاهیکی پیروزو ناسک هەلکیشە لە بەرە بەیانیکدا ، بەڵکو بە شنەی ئەو ئاهە کە وەک نەسیم وایە ، دوستە ناسکە داپوشراوەکەم، وەک گول ڕووی خوی بنوینی . چون گول بە هوی نەسیمەوە ئەپشکوی .. لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی (دەمە) نووسراوە : (ئاهە) ، واتە : ئەی. هەناسەی دەم بە نەسیمیکی ساردت لیوە بیت ..

ئەم شەش شیعرە کە قافیەی نیوە شیعری یەکەمو دووهەمیان وەک. یەک نین . ئەگەر بین نیوە شیعرە پیشووەکانیان یەک خەین وە دوو دوو. ی بان کەین بە شیعر . سە شیعری مەعنا ریکو قافیە راستیان لی پیک دی. هەروەها نیوە شیعرە دواییەکانیش .

بەزم هام فەردان یار مۆبەت کێشش
یەك ئیمشەو دەفێ دەرۆیش ، های دەرۆیش (١)
باوەر نە کۆڕەی وەلوەلەی دەفدا
ڕووی پەندو تەوبیخ وە هەر تەرەفدا (٢)
ڕووی پەند ، ئەو یاران دڵ وە جەهدو جەخت
ڕووی تەوبیخ ، ئەو لای مەعدوومیی بەدبەخت
واچە هەی دڵەی ئەبلەی بێ خەبەر
هۆرێز ساتێ تەرك خاو شیرین کەر (٣)
« شەوەن ، خەڵوەتەن ، ماڵ بێ ئەغیارەن
ئاڵەم گرد وتەن ، دۆس خەبەردارەن (٤) »

(١) کیش : ئایین . واتە : ئەی دەرویش ئەمشەو تاقە شەویکی بەزم و رابواردنی دوستان و یاری ئایین خوشەویستیە ، کەواتە دەفیکی باش لێدە . هەلیش ئەگری مەعنای وابی : دەرویش ، هەر تەنها ئیمشەو بدە لە دەفەکەت لە کوری رابواردنی دوستان و دلدارانی یاری ئایین خوشەویستیدا .

(٢) باوەر : بینە . کورە : گەرمە . وەلوەلە : هەراو هوریا . تەوبیخ : لومەو سەرزەنشت . واتە : لە گەرمەی هەراو هوریای دەف لیدانەکەتا ، لە هەموو لایەکەوە رووی ئاموژگاری و سەرزەنشت بکەرە رەفیقەکانت : رووی ئاموژگاری بکەرە ئەو برادەرانەی کە دلیان هوشیارەو خەریکی عیبادەت کردنن . رووی سەرزەنشتیش بکەرە مەعدوومیی بەدبەخت ، وە ئەم قسانەی پی بڵی کە لەم شیعرانەی خوارەوەدا وتراون .

(٣) ئەبلە : ابلە ، گیل . هوریز : هەلسە . کەر : بکە . واتە : بە مەعدوومی بڵی ئەی خاوەنی دڵی نەزان و بی ئاگا ، لە بەر یادی خوا تاوێك هەلسە دەس لە خەوی خوش هەلگرە !

(٤) ئەغیار : بیگانە . ئاڵەم : عالەم . خەڵك . وتەن : نووستووە . مەبەس لە دوست ذاتی خوایە . ئەم شیعرە لە (بیسارانی) وەرگیراوە .

نەوا میهمان بۆ تۆ نەوینی کەس
خەفەت بۆ پەڕێت تا ئاخر نەفەس (٥)
دیدەت تۆز غەیر نیشتەنشی وەنە
جە جۆی سەوزەی دڵ ئاوێش دەر پەنە (٦)
وەر تۆ بینایت پەردەش ها نە سەر
ئەو تۆ موینۆ جە تۆ زەریفتەر (٧)
ئەمجار یاد کەر عومر عەبەس ویەردەت
باوەر وە خاتر ناپاکی‌ی کەردەت (٨)
سەر ئەفگەندە بەر چون شەرمەساران
چەمەی چەم هۆرکەر چون سەیل واران (٩)

---

(٥) واتە : نەوەك ئەو دوستە خەبەردارە لەو شەوە خەلوەتی‌یەدا بیت ببی بە میوانت . وە تویش لە بەر نووستووی‌و بی ئاگایی کەس نەبینی ، وە یارت لە دەس دەرچی . وە ئەوە بوت ببی بە مایەی خەفەت تا رۆژی مردن .

(٦) وەنە : لی . پەنە : پی . واتە : ئەگەر تو چاوت یار نابینی‌و توزو گەردی ئولفەتی بیگانەی لی نیشتووە ، لە جوگەی کیلگەی دل مشتی ئاوی پیا بکە با پاك ببیتەوە و دوست ببینی . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (سەوزەی دل) نووسراوە : (سوز دل) واتە : سوزی دەروون .

(٧) واتە : ئەگەر پاش ئەوەش کە ئاوت پیا کرد ، هەر نەی‌بینی‌و تانەی لە سەر بوو ، قەیدی نی‌یە ، چونکە با تویش یار نەبینی ئەو لە خوت باشتر تو ئەبینی . ئەم شیعرە ئیشارەتە بە فەرموودەی پیغەمبەر کە ئەفەرمویت : (الاحسان ان تعبد الله کأنك تراه ، فان لم تکن تراه ، فانه یراك) .

(٨) ویەردە : بە سەر چوو . کەردە : کردەوە . واتە : جا ئەمجارە کە شەو بە خەبەرداری دانیشتی بو یادی یار ، بیری ئەو کاتانەی عومرت بکەرەوە کە بە بی سوود بە سەر چوون ، وە کردەوە ناپاکەکانی خوت بینەرەوە بیرت ، وە لی‌یان پەشیمان ببەرەوە .

(٩) سەر ئەفگەندە بەر : سەر دانەوینە . چەمە : سەرچاوە . هورکەر : هەڵکە . واران : باران . واتە : لە شەرمەزاری‌یا سەرت دانەوینە وەك شەرمەزاران ، وە ئاوی سەرچاوەی چاوت هەڵکە وەك لافاوی بارانی بەهار .

بەڵ شۆڕۆ بەو ئاو کەرەم فراوان
بابەت وە بابەت سیاهەی تاوان (١٠)

(١) ـ ٥ ـ

بوڵبوڵ گوڵشەن بێ نامو نەنگی
تەزەرو سەر سەرو باغچەی بێ ڕەنگی (٢)
نوختەی ئینتیهای دائیرە تەمام
نەی دەس نەیچی تووتیی دیای جام (٣)

---

(١٠) شورو : بشوری . سیاهە : دەفتەری رەش کراوە ؛ لیستە . واتە : بەڵکو خوای بەخشندە بەو ئاوی فرمیسکی چاوانتە بابەتەکانی ناو دەفتەری گوناحت بشواتەوە .

ـ ٥ ـ

(١) مەولەوی بەم پارچە شیعرە قسە لە گەل روحانیەتی شیخ حەسەنی مەولاناوا ئەکا . هوی دانانی قەسیدەکەش ئەوەیە گەورە مالیکی جاف لە گەرمیانەوە رویشتووە بو هاوینە هەوار بو نزیکی دێی مەولاناوا لە ناوچەی سەقز لە کوردستانی ئیران . خیزانی کابرای هاوینەخور کچی شێرێی مەولەوی ئەبی ؛ بەم بونەیەوە مەولەوی داوا لە شیخی مەولاناو ئەکا کە بە هیممەتی خوی چاوی لی بی . شیخ حەسەن یەکیك بووە لە شیخەکانی تەریقەتی قادری . لە ١١٣٦ای هیجریدا کوچی دوایی کردووە ؛ وە لە مەولاناوا نیژراوە .

(٢) نەنگ : عەیبو عار . تەزەرو : جورە چولەکەیەکی جوانکیلەیە . واتە : ئەی خاوەنی روحیکی وا کە وەکو بولبولی باخی بی ناوێو بی باکی وایت لە هەموو عالەم (چونکە مروی خاوەن روحی بەرز لە خوا بەولاوە لە کەس ناترسی) وە ئەی تەزەروی سەرچلی دار سەروی باخی بی رەنگی . مەبەس لە بی رەنگی دامەزراوێو نەگوراوێو ئیستیقامەتە .

(٣) نەی : شمشال . دیا : تەماشا . جام : ئاوینە . واتە : ئەی کەسی کە نوختەی دوایی هاتنی دائیرەی ئەولیاکانی خوای ؛ وە ئەی کەسی کە وەك شمشالی دەسی شمشال ژەن وای ، واتە هەر چیت لە دەم دەرچی بە ئیلهامی خوایە ، وە ئەی کەسی کە سەیری ئاوینەی دلی خوت ئەکەی . وە هاتیفی غەیبی لە غەیبەوە قسەت لە گەل ئەکا ، وەك چون تووتی ئەروانی بو ئاوینە ؛ وە یەکیك لە پشتی ئاوینەکەوە قسەی لە گەل ئەکا ؛ ئەویش ئەیلیتەوە .. لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (دیای) نووسراوە : (دمای) واتە : پشتەوەی .

یانەی دڵ وە فەیض ڕای مەولا ناوا
تەوار تەڕلان لان (مەولان ئاوا) (٤)
پایەت بوڵەند بۆ ، سایەت فراوان
پەی پەی کەردەی ڕەم دیدە سیاوان (٥)
ئاهووی تۆون دڵ وە بۆی ناف ئاوا
تار بی نە جەڵەو گەرمەسێر ماوا (٦)
ڕەم کەرد مدراوە دیاوە مەس مەس
پەی هەرد بارگەی تۆ گومەتەش بەس (٧)

---

(٤) یانە : مال . را : ریگا . مەولا : خوا . ناوا : سواغدەر . تەوار : جورە بازیکی راوە . تەرلان : چالاك . لان : هیلانە . مەولان ئاوا : دی‌کەی خوا لی خوش بوو شیخ حەسەنە . واتە : ئەی ئەو کەسەی کە دلی خوت بە فەیضو بەرەکەتی خوا سواغ داوە ، وە بو نەهیشتنی خەیالاتی نەفس وەك بازی تەواری چالاك وایتە بو راوی چولەکە ، هیلانەکەشت دی‌ی مەولاناوایە .

(٥) پەی : بو . پەی کەردە : قاچ برینو بریندار کردن . ڕەم : گەلە ران . دیدە سیاوان : چاو ڕەشان ؛ مەبەس ئاسکە . واتە : یاخوا هەمیشە پایەت بلند بی‌و سیبەرت زیاد بی بو بریندار کردنی گەلەی ئاسکان . لیرەدا مەبەس ئەو کەسانەیە کە داواکاری فەیضو بەرەکەتی ئەولیای خوان . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (پەی‌کەردەی) نووسراوە (یاتاخگەی) واتە : یاخوا هەمیشە پایەت بلندو سیبەرت زیاد بی تا ببی بە جیگای کومەلی چاو ڕەشان .

(٦) ئاهوو : ئاسك . ناف : ناوك . مەبەس موشکی بون خوشە کە لە لای ناوکی جورە ئاسکیکا هەیە . ئاوا : ئاوەدان . تار : تاك . جەلەو : جەلەب ؛ گەلە . واتە : ئاسکەکەی هەردەی دلم کە بە بونی موشك ئاوەدانە ، تاك کەوتووەو لە ناو گەلە ئاسکی ولاتی گەرمەسیر دەرچووە .

(٧) ڕەم کەرد : تەری‌یەوە . مدراوە : راوەستا . دیاوە : ئاوری دایەوە . مەس مەس : مەست مەست ، بی هوشانە . گومەتەش بەست : خوی گرد کردەوەو قەلەمبازی برد . واتە : لەو کاتەدا کە تار بووبوو ، رای ئەکردو رائەوەستاو بە دوو چاوی مەستەوە ئاوری ئەدایەوە بە دوای خویا ، هەر بەو جورە خوی گرد کردەودو بەرەو هەردی بارەگای تو لە مەولاناوا گومەتەی بەست .

پەرێش کەر سای وەڵگ هیممەت وە یاتاخ
نەکەرۆش سەردیی ئێلاخ بێ دەماخ (٨)
چووزەی سەوزەی هەرد فەیض تۆ وەرۆ
گەردش نە پای کاو لطف تۆ کەرۆ (٩)
نەواچی من پیر ئیفتادەی دڵ ڕێش
ئیسە چەنی مەیل ئازیزانم چێش (١٠)
تا یاران نیگای نیهانیشان بۆ
پیران مشیۆ تاف جوانیشان بۆ (١١)

---

(٨) پەریش : بو ئەو . وەلگ : گەلا . ئیلاخ : کویستان . واتە : سیبەری گەلای داری هیممەتی خوتی بو بکە بە مەنزڵو یاتاخ ، با سەرمای کویستان بی دەماخی نەکا .

(٩) چووزە : کروکی گژو گیا . وەرو : بخوا . کاو : زەردو مای سافو سەخت . واتە : با خوراکی لە چووزەی گیای فەیضو بەرەکەتی تو بیو . گەرانو رابوردنی لە داوینی کیوی لوطفی تودا بی .

(١٠) واتە : یا شیخ ، پیم نەلییت ئیستە تو هەی مەولەوی بەم پیریو لی کەوتوویيو دل بریندارییەوە چیتە لە مەیلو خوشەویستیی ئازیز . وا ئەوندە بە پەروشەوەی .

(١١) نیگا : روانین ، لا لی کردنەوە . نیهانی : نهینی ، پەنامەکی . تاف : گەرمەو گور . واتە : چونکە تا یاران لە پەنامەکییەوە چاوی مەرحەمەتو خوشەویستییان لە دوستی خویانەوە بی ، ئەبی ئەو دوستە پیرانە لە تافی جوانییا بمیننەوە .

پەی چێشں ؟ مەیل لەیل پیریش مەحاڵەن
سەنەی باڵغیش صەد هەزار ساڵەن (١٢)

-٦-

بنچینەی شادیت جە دڵ بەر ئاوەرد
جە ڕای مۆڵەت دوور هەر چێوەت کەرد ، کەرد (١)
ئیسە ئەی تاڵی‌و قین گرتەت پەی چێشں ؟
ئەی تۆ بەستەی زام لابەردەت پەی چێشں ؟ (٢)
بار ئەی مەینەت گرد نەوۆ کافی
تەمات زیاد کەرد جە بێ ئینسافی (٣)

---

(١٢) سەنە : سال . واتە : چونکە خوشەویستیی‌ی لەیل پیری هەڵناگری ، وە مروی دلدار تا دیرزەمان هەر بە منداڵی ئەمینیتەوە ، وە تەمەنی بالغ بوونی عەشق سالی صەد هەزارەمین‌یەتی ، لە بەر ئەوە کە دلی عاشق هەرگیز نامری، وەك (حافظ)ی شیرازی ئەڵی :

هرگز نمیرد آنکه دلش زنده شد به عشق
ثبت است بر جریده‌ای عالم دوام ما . .

لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (صەد هەزار سالەن) نووسراوە . (دمای صەد سالەن) واتە : پاش صەد سالە .

-٦-

(١) بەر ئاوەرد : دەرهینا . هەر چیوەت : هەر چیت . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە .

(٢) ئەی : ئەم . گرتەت : گرتنەت . تو بەستە : تویژ هیناوە . لا بەردە : لا بردن . واتە : ئەی‌یاری دوور لە ری‌ی ئینساف‌و مولەت ، بنچینەی خوشیت لە دلما دەرهینا ، وە هەرچیت کرد کردت ، ئیستە ئەم رق گرتنەت لە چی‌یە ، وە لە بەر چی تویژی زامی پەترو بەستووم لا ئەبەی ؟

(٣) نەوو : نەبوو . تەمات : تەماعت . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (بار) نووسراوە (باری) واتە بە هەر حال ، نەك بە مەعنا باری هەڵ گرتن . هەروەها لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (تەمات) نووسراوە (زولمت) . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری داهاتووەوە .

ترس بێ سامان زەحمەت جە لای من
جەور دڵبەرەن مەنیەی نە ڕای من (٤)
هەڵای هەی ماچی گیرت نەوەردەن
بۆی شەمامەی ئێش عەشقت نەکەردەن (٥)
من دەردم پەیکار ناز دڵگیرەن
دەوای زامانم زامداریی تیرەن (٦)
بێ شەرتیش دۆسی ، قارش وەفامەن
مەزەی قین لەزەت ، جەفاش صەفامەن (٧)
ئەر هەر سات دەردێ دەردێوتەر چەنی
بەیۆ ، ماچوون ئاخ پەی دەردێو هەنی (٨)

---

(٤) مەنیەی : دائەنیێت . واتە : ئەی بی ئینساف لە گەل ئەم هەموو یاری مەینەتەشا کە خستووتەتە سەر شانم ، تەماعت زیاد کردووەو زوڵمت زور کردەوە ، ئەزانی کە ترسی زوری من لە جەوری دوستە ، ئەوەش ئەخەیتە بەر ریگام .

(٥) هەلای : هیشتاوەکوو . واتە : بەم هەموو دەردەوە کە تووشم بووە لە ریی عەشقا پیم ئەلییت تو گیرت نەخواردووەو بونی شەمامەی عەشقت نەکردووە .

(٦) پەیکار : شەر .

(٧) قار : رق گرتن . واتە : من وا سەرمەست بووم لە بەلای یار ، بی شەرتیی ئەو لە لای من دوستیێیە ، رقی وەفایە ، مەزەی قین گرتنی لەزەتە بوم ، سزاو ئازاری مایەی خوشیمە ..

(٨) چەنی : لە گەل . بەیو : بیت . دەردیو هەنی : دەردیکی تر . واتە : ئەوەندەم خوو گرتووە بە مەزەی ئیشی دوستەوە ، هەر تاوی دەردیکم تووش ببی لەوەوەو دەردیکی تریشی لە گەلا بی ، من هەر ئەلیم ئاخ بو دەردیکی تر ..

ئامانەن ، ئەر دیت بالّا عەرعەر تەرز
عەرز کەر نەك جارێ ، وە صەد سۆز بەرز (٩)
بەڵ دڵ وەش کەرۆ مەینەت گازەکەش
زۆر دۆ وە بازووی غەمزەو نازەکەش (١٠)
پەیا پەی پەی پەی نە دڵەی تەنگدا
هەر خەدەنگ بەرۆ وە جای خەدەنگدا (١١)

ـ ٧ ـ [1]

بێ شەرتو شۆنیت جە حەد ئەو دەرەن
ڕەحمەت ئەو یادت ، وەفادارتەرەن (٢)

---

(٩) ئەر دیت : ئەگەر بەر چاوت کەوت . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی لە گەل مەعنای دوا شیعرا پیکەوە دین .

(١٠) دل وەش : دل خوش . مەینەت گازەکەش : گرفتارەکەی گازی مەینەتی . زور دو : هیز بدا . بازوو : قول .

(١١) پەیا پەی : یەك لە دوای یەك . خەدەنگ : تیر . بەرو : بەری ، بیا . واتە : دەخیلت بم ئەگەر یارە بالا وەك چنارەکەی منت دی ، لە جیاتیی جاری صەد جار بە سوزو شەوقەوە عەرزی بکە جارو بار دلی دوستە گرفتارەکەی گازی مەینەتی ، خوش بکا ، وە یەك لە دوای تیر بتەقینیتە دلەی تەنگی ؛ چونکە رزگاریی دلدار بەو ئازارەیە کە لە لایەن یارەوە تووشی ئەبی .

(١) مەولەوی ئەم غەزەلەی بو یەکیك لە دوستانی ناردووە بو گلەیی کردن لیی .

(٢) ئەو یادت : لە یادت . واتە : ئەی دوست بی شەرتو پەیمانیت لە ئەندازە بە دەرە ، صەد رەحمەت لە خەیالت ، ئەو لە تو بە وەفاترە ، بەس نییە جار بە جاری دیتە لامو هاتو چوم ئەکا ..

دیدەم ، چون میقراز بێ شەرتیت تێژ کەرد
دات جە تانتەی وەصڵ جەو پەڕش ویەرد (٣)
شەرت بۆ تا جەستەی خەستەی مەهجووریت
پاکتاوش کەرۆ مەردەن جە دووریت (٤)
جە شووم پڕ شووم ئەڵحەد سەرای خەم
جە سەروازەی هوون جۆی سەرچەمەی چەم (٥)
وە بۆی ئەو باڵاو خەتو کوڵمو فەم
سەروو سەوزەو گوڵ غونچە بدۆ دەم (٦)
دڵەی مەینەت گاز سفتەی کۆی قەقنەس
نەبۆ وە نیشان تیر موژەی کەس (٧)

---

(٣) دیدەم : گیانەکەم . چون : چونکە . میقراز . مەقەس . تانتە : رایەڵە . ویەرد : تێپەری . مەعنای ئەم شیعرەو شیعرەکانی پاشەوەی لە گەڵ دوا شیعرا پیکەوە دی .

(٤) پاکتاوش کەرو : پاکی کاتەوە ، هیچی نەهیلی .

(٥) شووم : زەوی وەرد . پر شووم : پر نەگبەتی . سەروازە : لادانی ئاو لە ئەندازەی زەوی بو دەرەوەی . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی (سەروازەی) نووسراوە : (قەلوەزەی) واتە : قەلبەزە ، تافگە .

(٦) خەت : زولف . فەم : دەم . بدو دەم : دەم بداتەوە . مەولەوی لەم شیعرەدا هونەری (لف و نشری مرتب) ی بە کار هیناوە کە یەکیکە لە هونەرەکانی (بدیع) ، بەرامبەر بە بالا ، سەرو ، وە بەرامبەر بە خەت ، سەوزە ، وە بەرامبەر بە کولم ، گول ، وە بەرامبەر بە فەم ، غونچەی داناوە .

(٧) سفتە : سووتاو . موژە : برژانگ . واتە : ئەی دوست لە بەر ئەوە کە مەقەسی بی شەرتیت تیژ کردو دات لە رایەڵەی وەصڵو تا ئەو سەر بریت ، شەرت بی تا ئەم لەشەم کە نەخوشی دووریی تویە ، تاوی مەرگ ئەی فەوتینی ، وە تا لە شیفی خاکی ئەلحەد سەرا شوومەکەم ، بە لیشاوی خوینی جوگەی سەرچاوەی چاوم ، بە یادی ئەو بالا بەرزەو زولفە شیرینەو کولە ناسکەو دەمە جوانەتەوە ، داری سەروو وردە گیای ناسك ئەرویتو گول ئەگەشیتەوەو غونچە دەم ئەداتەوە ، ئەم دلە مەینەت گاز لی گرتوومە کە بو تو سووتاوەو بووە بە قەقنەس ، نەبی بە نیشانەی تیری برژانگی هیچ تازاریکی تر ، وە دل بە هیچ یاریکی تر نەدەم ..

(١) ـ ٨ ـ

بێ نازەن ئەسباب ئەسپو سواریت
بێ کەیفەن ئەساس خاصەی شکاریت (٢)
یاوەران جەمەن ، وادەی شکارەن
ئای لاڵ بام ، صەدای تۆ نا دیارەن (٣)
پەنهانەن سیمای سیمین وارەکەت
شێوەی کۆتەڵەن یادگارەکەت (٤)
خەیاڵ بالآت نە ئاینەی چەم
ئەبتەن چون یادت نە دڵەی پڕ خەم (٥)
دڵ گوم بۆ یاگەش مەنزڵگەی چەمەن
چەم گوم بۆ یاگەش دڵەی پڕ خەمەن (٦)

ـ ٨ ـ

(١) مەولەوی ئـەم پارچە هەلبەستەی بـە زمانی حاجی مەحموودی یاروەیسەوە وتووە لە لاواندنەوەی عبدالرحمانی کوریا کە بە گولەی لە دەس دەرچووی شیخ هیدایەتی کوری حاجی شیخ ئەحمەدی تەویلە کوژراوە .

(٢) ئەساس : ئەسباب . خاصە : تایبەتی . شکار : راو .

(٣) یاوەران : دوستان . لال بام : لال بم .

(٤) سیما : روخسار : سیمین وار : زیوین رەنگ . کوتەل : لە هەندی ناوچەی کوردستانا ، کە پیاو ماقوولیك ئەمری ، بە دریژایی روژانی پرسە جلەکانی ئەکەن لە ماینیك یا ئەیکەنە بەری قەوارەیەکی دارو سواری ماینەکەی ئەکەن ، هەروەها تفەنگو فیشەك لوخەکەیشی ئەکەن بە کەلپوزیدا ، وە ماینەکە ئەگیرن بە ناو پرسە کەرەکاناو ئەیلاویننەوە . ئەمە پێی ئەلین کوتەل . واتە : شیوە جوانەکەت کە وەك شووشی زیو سپی بوو ، ئیستا ونە ، وە تەنها کوتەل بە یادگار ماوە لە شوینتا .

(٥) خەیال : دیمەن . ئەبتەن : جی گیرە . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٦) یاگەش : جیگای .

دڵ دایم وه ویر ئەو خەیاڵ شادەن
چەم قایم مەشغووڵ نیگای ئەو یادەن (٧)

ـ ٩ ـ (١)

بەڵێ ، خاڵۆکەم ، قەدیم دەستوورەن :
پەی مەی زەدەی مەی کەباب زەروورەن (٢)
نامەو کەبابت وە مەعدووم یاوا
ئەوش نە ڕووی چەم ، ئێد وە دەم ساوا (٣)
گەرد دەرد ئێش دەروون بەردەوە
عەشقەکەی قەدیم تازە کەردەوە (٤)
سێرت جە ئێشای زام نەوەردەبێ
ئیظهارت پەرێ نمەك کەردەبێ (٥)

---

(٧) ویر : بیر . واتە : وینەی بالات وا لە ئاوینەی چاوەکانما ، یادیشت وا لە ناو دلە خەمبارەکەما . جا ئەگەر دلم لە بەر پەریشانی ون ببی ، جیگەت لە ناو چاوما ئەبی ، وە ئەگەر چاوم دیار نەبوو جیگات لە ناو دلما ئەبی ، کەواتە دلم هەمیشە شادە بە بیر کردنەوە لە وینەکەت کە لە ناو چاومایە ، وە چاوەکانم هەمیشە سەیری یادت ئەکەن کە لە ناو دلمایە .

ـ ٩ ـ

(١) مەولەوی ئەم چەند شیعرەی لە وەلامی یەکی لە دوستانیا نووسیوە کە هەندی کەبابی بو ناردووە ، وە داوای هەندی خوێشی لی کردووە کە ئەم بوی بنیری .

(٢) واتە : راستە خالو گیان یاسایەکی کونە بو ئەو کەسەی کە سەرخوشی مەی بی ، کەباب خواردن پیویستە بو مەزە .

(٣) ئید : ئەم . ساوا : ساوی . واتە : نامەو کەبابەکەت گەیشتن ، نامەکەم نایە سەرچاوم‌و کەبابەکەشم ساوی بە دەمما .

(٤) واتە : ئەو کەبابە توزی دەردی ئیشی دلی لابردم‌و عەشقە کونەکەی تازە کردمەوە .

(٥) سیر : تیر . پەری : بو . واتە : تو کە بریندارى تیری عەشقی ، بە ئازار دانی نیچیرەکەت تیرت نەخواردبوو ، داوای خوێشت کردبوو بیکەی بە سەر برینەکەیا .

جه من نمەك دای ، جه قاصد کێشان
جه تۆ زامەت دای ، جه زامەت ئێشان (٦)

ـ ١٠ ـ [1]

بەتیەی کارخانەی ئۆسای بەغدایي
دروومان وە تای نەی ئاشنایی (٢)
سفیدتەر جە مەرگ مەینەت گازەکەم
نازکتەر جە ناز جای نیازەکەم (٣)
چون لۆنگ مەجنوون بدەوش وە کۆڵدا
بگێڵوو وە دەشت پای سارای چۆڵدا (٤)
جار جار بەو گشت دەرد نەدامەتەوە
بەو قامەت وشك پڕ زامەتەوە (٥)

---

(٦) نمەك دای : خوی دان . زامەت : زەحمەت . ئیشان : ئیش کردن . واتە : وا من خوی‌کەم بو ناردی ، ئەوەی لە سەر منە دانی خوی‌یە ، ئەوەش کە لە سەر فروستادەکەتە هەلگرتنو هینانیەتی ، ئەوەش کە لە سەر تویە ئەوەتە زەحمەتی نیچیرەکەت بدەی وە خوی‌کە بکەی بە سەر زامەکەیا ، ئەوەش کە لە سەر زەحمەتەکەیە ئەوەیە ئیش بکا .

(١) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە وەلامی دوستیکیا نووسیوە کە عابایەکی هاوینەی بو ناردووە .
(٢) بەتیە : عابا . ئوسا : وەستا . تا : تال . نەی : دەزوو .
(٣) سفیدتەر : سپی‌تر . جەرگ : جگەر . جای نیاز : جیگای ئیحتیاج ؛ یار .
(٤) لونگ : تاکە جلی سەرشانی فەقیر . بدەوش : بیدەم . بگیلوو : بگەریم . سارا : سەحرا .
(٥) نەدامەت : پەشیمانی . قامەت : بالا . پر زامەت : مەینەت‌بار .

شنۆی هەناسان نە سەر دیاران
شانۆش چون بەیداخ نە سەر مەزاران (٦)

- ١١ -

یالای ئالای شەنگ صەد بەلا پێوەن
دووکانچەی شادی دەردینان شێوەن (١)
دڵ مدۆ وە دەم نێش ئێشەوە
بی وە قەزای سەخت دیدەی وێشەوە (٢)

---

(٦) شانوش : بیلەرینیتەوە . واتە : شنوی هەناسە ساردەکانم بە سەر بەرزانەوە ، بدا لەو عابایەو بە چەشنی بەیداخی سەر قەبران بە شانمەوە بیلەرینیتەوە .

- ١١ -

(١) شەنگ : شوخو لاو . دەردینان : عاشقە دەردەدارەکان . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دوایدا دی .

(٢) مدو : ئەدا . نیش : نووکی تیژ ، چز . بی : بوو . ویش : خوی . واتە : ئەو یارە شوخو جوانە بالا وەك بەیداخ بەرزە ، هەزار دەردو بەلای پیوەیە بو گیانی دلدارانی ، وە دووکانی بەزمو رابواردنی ئەوان تیك ئەدا ، و : دلی خەلك ئەدا بە دەم چزی ئیشی خوشەویستیی خویەوە . ئەو یارە لاشەی خویشی باری نازی چاوەکانی خوی پی هەلنەگیرا وە گرفتار بوو . دیارە ئەم دوو شیعرە بەرامبەر بە جوانیك وتراون کە لە پیریدا پشتی چەمیوەتەوە . هەر لەم مەعنایەدا ئەحمەد بەگی کوماسیی وتوویەتی :

ئەو تووڵ قامەت قیامەت خیزەن
وەلگ شاخ شەوق دەردینان ریزەن
تاف صاف ناز زور ئاوەردەن لیش
خەمەن چون قامەت خەمبارەکەی ویش

واتە : ئەو یارە بالا وەك تووڵ بەرزە کە قیامەت لە دڵدار رائەپەرینی ، وەگەلای سەرچلی شەوقو ذەوقی عاشقە دەردەدارەکان دائەوەرینی ، هیزی نازی خوی هیرشی بە تاوی هینایە سەر ، بویە وا بالای چەمیوەتەوە وەك بالای عاشقە خەمبارەکەی خوی .

لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (دل) نووسراوە : (کول) واتە : کول ئەدا ..

-١٢-(١)

بکیانه پەیکێ وە پارانەوە
پەی کێ ؟ پەی مەجنوون بیارانەوە (٢)
مایەی بێ مەیلیت بشارانەوە
با باست نەشۆ بە شارانەوە (٣)

-١٣-

بێچارە وە تای زوڵفت گیر بیەن
ها نە پای تەڵدا جواوش نیەن (١)

-١٢-

(١) مەولەوی بەم دوو شیعرە قسە لە گەل شیخ بهاألدینی تەویلە ئەکا ، ۆە داوای لی ئەکا کە بنیری بە دوای شیخ ضیاألدینی برایا کە توزیك دلگیر ۆوبوو لە کاکی وە رویشتبوو بو مەریوان .

(٢) بکیانە : بنیرە . پەیك : فروستادە ، نامە . بیارانەوە : بیگیرنەوە . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

(٣) بشارانەوە : بشارنەوە . نەشو : نەروا . واتــە . شاتری بنیرە لە زمانی تووە بپاریتەوە لە شیخی برات کە ئەوەندەی خوش ئەوێی وەك مەجنوون بو لەیلا . بەڵکو بگەڕیتەوەو ناوتان نەزری لە شارانا .

لە شیعری یەکەمدا بە پێی عیلمی بەدیع هونەری (جناس الترکیب) هەیە لە بەینی (پەیکی) و (پەی کی) دا ، وە لە بەینی (بشارانەوە) و (بە شارانەوە) دا کە جاران بە بی (هـ)ی (بە) ئەنووسرا . جناس الترکیب لە عیلمی بەدیعدا ئەوەیە دوو وشەکە وەك یەك وا بن ، بەڵام یەکیان یەك پارچە بێ و ئەویان لە دوو وشە پیکهاتبێ .

-١٣-

(١) تەل : تەڵگراف . جواو : جواب ، وەڵام . واتە : ئەو عاشقە داماوە بێچارەیە بە تای دریژی زولفەکەت گیروده بووە وەك بلێی لە سەر تەلی تەڵگراف وەستابێو وەرامی دەسگیر نەبی لەو کەسەوە کە ئەیەوێ قسەی لە گەڵ بکا . مەولەوی لەم شیعرەدا تەشبیهی زولفی یاری کردووە بە تەل وە تەشبیهی دلدارەکەی کردووە بــە کەسیك لە تەڵگراف خانەدا ماتل بووبێو هەرچەند تەڵگراف بکا وەرامی دەسگیر نەبی .

- ١٤ -[1]

بڕیا وه باڵای کاڵای ڕه‌ئیسی

ڕجال الغیبه ئه‌حمه‌د پریسی (٢)

- ١٤ -

(١) مه‌وله‌وی له‌م شیعرەدا باسی ئه‌حمه‌د پریسی ئه‌کا که یه‌کیك بووه له مریده‌کانی شیخ عثمانی ته‌ویله .

(٢) واته : کالای گه‌وره‌یي برا به باڵای ئه‌حمه‌د پریسی . وه بوو به یه‌کیك له (رجال الغیب) که به عورفی ئه‌هلی تصوف تاقمیکن له ئه‌ولیا کاروباری زه‌وی‌یان دراوه‌ته ده‌س ، وه به هیزیکی مه‌عنه‌وی ئه‌توانن زور به زووبي به‌هموو لایه‌کا بگه‌رین بو سه‌رپه‌رشتی‌ی کاروبار . ا پریس ا دی‌یه‌که له نزیکی هه‌له‌بجه‌وه .



(١) ـ ١ ـ

پەشێو وێنەی وێم نیشتەبێم خەجڵ
دیم شادی دەس دا نە دەروازەی دڵ (٢)
واتم نامانی هەرگیز های چێشەن ؟
لەب بەردەوە چێش نامەیێ پێشەن (٣)
نە تاریکیی خەت مەعناش مەجۆشا
چون ئاو حەیات دڵ خاس خاس نۆشا (٤)
ئاخ ، قووەی زەمین دەروونم کەم بی
بووڵەکەی سفتەم سەرەڕای خەم بی (٥)

ـ ١ ـ

(١) مەولەوی ئەم غەزەلەی لە وەلامی ئەحمەد بەگی کوماسیيا وتووە . گوایە ئەحمەد بەگ بوی نووسیوە یار ئیستە وەکو لەمەوبەر نییە . گەلی شوخو شەنگترە لە جاران .

(٢) واتە : بە عادەتی خوم بە شەرمەزاریو پەشیوی دانیشتبووم ، ناکاو سەیرم کرد خوشیو شادی دەسیکی نا بە دەروازەی دلەودو هاتە ژوورەوە .

(٣) نامانی : نەهاتووی . لەب بەردەوە : لیوی بردەوە بە ناوا . زەردە خەنەیەکی کرد . پیشەن : پێیەتی . واتە : بە شادیم وت هەرگیز نەهاتووی بو لام ، ئیستە چون بوو وا هاتی ؛ ئەویش زەردەخەنەیەك گرتی ، تەمەز نامەیەکی پێیە .

(٤) واتە : وەك چون ئاوی حەیات لە تاریکیيایە ، مەعنای جوانی نامەکەش لە خەتە رەشەکەیا ئەدرەوشایەوە ؛ لە بەر ئەوە دلی منیش زور باش تێگەیشتو وەك ئاوی حەیات نوشی کرد .

(٥) بوول : خولە میش . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دوایيدا دێ .

وەرنە ئەو شەونم جە سەردا مەوەشت
مەشیا کەردایێش وە ڕەوضەی بەهەشت (٦)
فەرمابێت ئیسا جەمین جام جەم
پاسەیچە نی‌یەن تۆ دینت وە چەم (٧)
نرخ کالاکەش ئالاتەر بی‌یەن
صەد گیان وە پووڵێ بالاتەر نی‌یەن (٨)

---

(٦) مەوەشت : ئەباری . مەشیا : ئەبوو . واتە : داخی گرانم زەوی‌ی دەروونم هیزی کەم بوو ، چونکە لەشم سووتابوو وە بووبوو بە خوڵە میش ، وە بیجگە لەوەش گوزەرگای خەمو مەینەت بوو . دیارە خوڵە میشیش گیا ناروینی نەخوازەلا ئەگەر مەیدانی هاتو چوی ریبواریش بی . ئەگینا شەونمی ئەو ئاوی حەیاتە کە لەو نامەوە ئەهات وە لە سەرەوە ئەباری بە سەر دەروونما ، ئەبوایە دڵی بکردایە بە باخچەی بەهەشت . نیوە شیعری دووهەمی شیعری یەکەم لە هەندی نوسخەدا بەم جورە نووسراوە :

بوولگەی سفتەی سەودایي خەم بی

واتە : زەوی‌ی دەروونم جیگای رشتنی خوڵە میشی لاشەی ئەوانە بوو کە سووتاوی سەودای خەمو مەینەتن ، دیارە خوڵە میشیش هیچی لە سەر سەوز نابی .

(٧) جەمین : جەبین ، ناو چاو . جام جەم : ئاوینەکەی جەمشید . ئەلین جەمشید کە یەکیکە لە پاشا کونەکانی ئیران ، ئاوینەیەکی بووە بە شوینیکی بەرزەوە هەڵواسیوە جمو جوولی لەشکری دوژمنی لە دوورەوە تیا دیوە . پاسەیچە : وەهایش . مەعنای ئەم شیعرە لە گەڵ شیعری دواییدا دی .

(٨) ئالا تەر : اعلی تر ، گرانتر . واتە : فەرموبووت ئەو یارە کە روخساری وەکوو جامی جەمشید وایە ، وەکوو ئەو دەمە نەماوە کە تو دیوتە ، بەڵکو گەڵی لەوسا جوانترە ، وە نرخی پارچەی بالای لە بازاری دڵدارانا بەرزتر بووەتەوە بە جوری کە صەد گیان لە بازاریا پووڵیك نایەنیت .

ئاریێ تا پەی ئەو من ڕۆمەن چون شەو
شەوقەن پەی خەندەی صوبح جەبهەی ئەو (٩)
تا وە ئەڕەی دەرد دڵەی من شانەن
زەریفتەر طرەی ئەو دانە دانەن (١٠)
تا من دووی سفتەی جەستەم فێشتەرەن
جەلای ئاوێنەی ئەو زیادتەرەن (١١)
تا سفتەی قامەت من وسمە وەشەن
ئەبرۆی ئەو وە ڕووی دڵ کەمان کەشەن (١٢)

---

(٩) ئاری : بەلی . خەندە : پیکەنین . جەبهە : ناو چاو . واتە : بەلی ، راست ئەکەی تا من لە عەشقی یارا روژم وەك شەو وابی ، بەیانیی روژی روخساری ئەو جوانتر هەلدی ، چونکە رەوشتی یار وایە تا دلی دلدارەکەی خەفەتبارترو تاریکتر بی ، ئەم زیاتر بە عیشوەو نازەوە خوی ئەنوینی . وەك چون تا شەو تاریکتر بی بەرە بەیان باشتر دیاری ئەدا .

(١٠) ئەرە : مشار . طرە : زولف . واتە : تا من دلم بە مشاری دەردی ئەو بکری بە شانە ، زولفی ئەو باشتر دانە دانە رائەوەستی ؛ چونکە هەمیشە مەعشووق بە شانەی دلی عاشق زولفی خوی دائەهینی .

(١١) دوو : دووکەل . واتە : تا من دووکەلی لەشی سووتاوم زورتر بی ؛ وە لەشم زورتر ببی بە خولە میش ، رووناکی بو ئاوینەی روخساری ئەو زورتر ئەبی ، چونکە ئاوینە کە خولە میشی لی بدەی پاك ئەبیتەوە .

(١٢) وسمە : ئاردیکی سەوزی توخە ، ئافرەتان ئەیگرنەوەو ئەیگرنە سەریان تا قژیان رەش ببی . وەش : رەنگ . واتە : تا خولە میشی لەشی سووتاوی من رەنگی وەك وسمە وابی ، ئەو ئەو وسمەیە زورتر دینی بە بروکانیا ، وە بروکانی ئەو لە بەرامبەری دلی عاشقەکانیەوە زورتر وەك کەوان ئەکشینەوەو تیر ئەگرنە دلی عاشقان . لە هەندی نوسخەدا نیوە شیعری دووهەمی ئەم شیعرە بەم جورە نووسراوە :

ئەبروی ئەو خاستەر نە کەمان کەشەن

واتە : بروی ئەو چاکتر وەك کەوان ئەکشی ؛ چونکە بە خولە میشی لەشی سووتاوی من ریك خراوە .

های چێشت واتەن ، وە ڕەحمەت شاد بی
مەر زووتەر کەم بی ، ئیسە زیاد بی ؟ (١٣)
ئەر جە زام دڵ من نیگات مەکەرد
مەزانات ئەو ذات ئەو وەصف بێگەرد (١٤)
ئەو ڕاز ، ئەو ناز ، ئەو قەوس ، ئەو خەدەنگ
بی‌یەن ، هەن ، مەبۆ ، مەگێلاّن جە ڕەنگ (١٥)
حاڵش دەستە مل وە ئیستیقباڵەن
ئیستیقباڵ چەنی ماضیش یەك حاڵەن (١٦)
بارێ دڵ وە خشت وێرانی ئاوان
حەقت وە دەسەن نەداری تاوان (١٧)

---

(١٣) های : وشەیەکە بو وریا کردنەوە . مەر : مەگەر . مەولەوی لیرەدا ئاور ئەداتەوە بە لای خالوی کوماسیداو پی‌ی ئەلی بەر رەحمەتی خوا کەوی ئەمە ئەلی‌ی چی ، بوچی پیشان یار کەمتر لـە ئیستا جوان بووەو ئیستا جوانی‌یەکەی زیادی کردووە ؟ حاشـا یاری من لـە حالی خوی ناگوری‌و نەگوراوە ، وە چون بووە هەر وایە ، بەلام ئیمە باش لە حالی ناگەین . .

(١٤) مەزانات : ئەتزانی . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشـەوەی ، پیکەوە دیت .

(١٥) راز : قسـە . قەوس : کەوان ، مەبەس بروی یارە . خەدەنگ : تیر ، مەبەس برژانگیەتی . مەگیلا : ناگوری .

(١٦) حال : ئیستا . ئیستیقبال : لەمەوپاش . ماضی : رابوردوو . واتە : ئەگەر لایەکت ئەکردەوە بە لای زامی دلی منا ، بوت دەرئەکەوت کـە یار نە خوی ، وە نە سروشتە بی گەردەکانی ، نە گفتی شیرینی ، نە نازو غەمزەی ، نە تیرو کەوانی برژانگ‌و بروی ، هیچی نەگوراوە ، بووەو ماوەو هەر وەهاش ئەمینی . ئیستای دەسی کردووەتە ملی لەمەوپاشی ، لەمەوپاشیشی لە گەل رابوردوویا یەك شتە .

(١٧) باری : بە هەر حال . ئاوان : ئاوەدانە : مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دوایدا دی .

دڵ طفڵو ئازیز هەر ڕۆ نە شانێ ،
هەر لادێ تەرزێ ، هەر سات نیشانێ (١٨)
گا چون ستارەی تاریکەی سەحەر ،
گا قەمەر ، گا خۆر مەیۆ وە نەظەر (١٩)
گا وە بێستوون هەستێی بیناوە
حوسنش وە گوڵ گوون وەش ئیستیغناوە (٢٠)

---

(١٨) هەر رو : هەر روژی . شان : شأن ، کار . لادی : کاتی . تیپی (دال) لەم وشەدا وەك دالی (ئەحمەد) ئەخوێنرێتەوە لەشیوەی سلیمانیدا . مەولەوی لیرەدا عوزر دێنیتەوە بو خالوی کوماسیو پێی ئەلی : بە هەر حال تو کە وا لە یار حالی بووی ، حەقت بە دەستە ، چونکە خانووی دلی ئیمە لە خشتی ویرانی دروست کراوە ، لە بەر ئەوە خەتات نێیە ئەگەر وا تی بگەی ، دلی ئیمەیش منالو تێنەگەیشتووە ، ئازیزیش هەر روژی خەریکی ئیشیکە ، وە هەر تاوی بە جوریك خوی پیشان ئەداو نیشانەیەکی تایبەتێی هەیە ، وەك لە شیعرەکانی پاشەوەدا باسی ئەکا . دیارە مەبەسی مەولەویو خالوی کوماسی لە خوشەویستەکەیان ، خوای گەورەیە ، بوێەش وا مەولەوی ئیشارەت بە ئایەتی (کل یوم هو فی شأن) ئەکا .

(١٩) ستارە : ئەستێرە . سەحەر : بەرە بەیان . قەمەر : مانگ . واتە : یار ، جارێك وەك ئەستێرەی تاریکەی بەرە بەیان ئەگەشیتەوە ، جارێکیتر وەکو مانگ ئەدرەوشیتەوە ، جارێکی تریش وەکو ڕوژ ڕووناکی ئەداتەوە . مەولەوی لیرەدا ئیشارەت بە مەسەلەکەی حەزرەتی ئیبراهیم ئەکا کە بیری لە دروست کەری گیتی ئەکردەوە ، یەکەم جار کە ئەستێرەی پرشنگداری شەوی تاریکی دی بە خوای دانا ، ئەنجا کە مانگی دی لەو جوانتر بوو پەشیمان بووەوەو ئەمی کرد بە خوا ، کە پاش مانگیش ڕوژی دی دەسی لە مانگ هەڵ گرتو ئەمی بە خوای خوی دانا ، تا لە ئەنجاما خوای دوزیەوە ، وەك لە قورئانا باس کراوە .

(٢٠) بێستوون : شاخێکە ئەکەوێتە ڕوژاوای کرماشانەوە . هەستێ : بوون . گوڵ گوون : گوڵ ڕەنگ . وەش : خوش . مەعنای ئەم شیعرە لە گەڵ شیعری دواییدا دێ .

دەست شیرینش ماوەرۆ وە یاد
فەرهادی نە تاق فەرقەکەی فەرهاد (٢١)
گا چەرخ دیدەی صەد لەیلا فرۆش
کووڕەی نار ناز ماوەرۆ وە جۆش (٢٢)

---

(٢١) ماوەرو : دینیتەوە . فەرق : کەللە سەر . فەرهاد : کوری پیاویکی کوردی لور بووە لە گەل شیرین حەزیان لە یەك کردووە ، وە لە پیناوی خوشەویستیدا تاقە بە ناو بانگەکەی شاخی بیستوونی هەلکەندووە ، چونکە خەسرەوی پەرویزی شای ئیران کە ئەویش حەزی لە شیرین کردبوو وە بردبووی بو خوی گفتی دابوویە ئەگەر ئەو تاقە هەلکەنی شیرینی ئەداتەوە . کە فەرهاد ئەکەویتە لی بوونەوە لە ئیشەکەی وە خەبەرەکە ئەگاتەوە خەسرەو ، ئەم ئەکەویتە پەلە پرووزە کە چی بکا بو ئەوەی فەرهاد شیرین نەبا بە پی‌ی گفتەکەی خوی . لیرەدا (پیرە ژنی فەرهاد کوژ) ئەکەویتە کار ، وە بو بە کوشت دانی فەرهاد پیلانیك ئەنیتەوە ، فەرمان ئەدا کە سە روژ نەیەلن کارو بەرخ برژینە لای دایکیان تا ئەو ئەگاتە لای فەرهاد . کە ئەچیتە لای فەرهاد لەو کاتەدا کارو بەرخ بەرەللا ئەکەن ، وە ئەبی بە هەرا ، فەرهاد لە پیرەژن ئەپرسی چی رووی داوە ، ئەمیش وەرامی ئەداتەوە کە خوت خوش بی شیرین مردووە ، فەرهادیش لە داخا قولونگەکەی خوی هەل ئەدا بە ئاسمانا وە ئەداتەوە بە تەوقی سەریاو ئەی‌کوژی .. وەك مەشهوورە پاشانیش شیرین بو خەسرەو نەبوو ، چونکە شیرویەی کوری خەسرەویش دلی لە شیرین ئەچی‌و باوکی خوی ئەکوژی ، شیرینیش دیتە سەر گورەکەی فەرهاد ، وە لە پیناوی خوشەویستیدا لە سەر گورەکەی ئەو خوی ئەکوژی . واتە : ئەو ئازیزە بە شەوکەتە جار جاریکیش لە سەر لووتکەی بیستوونی بینای گیتی‌یەوە ، بە جیلوەی هەزار رەنگەی جوانی‌و بە بی موبالاتی‌و بی باکی‌یەکەوە ، بە دەسکارە شیرین‌و سەیرەکانی رەنجی بی مایەی فەرهادمان دینیتەوە یاد لە مەسەلەی هەلکەندنی تاقەکەدا کە لە ئەنجاما قولونگەکەی دا بە سەری خویاو خوی کوشت . مەبەس ئەوەیە هەر ئیشی کە ئیمە بمانەوی بیکەین ئەو بە بی باکی تیکی ئەدا ؛ وە خوی چی‌ی ئارەزوو بی ئەوە ئەکات . مەولەوی لەم دوو شیعرەدا جگە لە وردی‌ی مەعنا ، بەلاغەتی خوی دەرئەخا لە کو کردنەوەی وشەی بیستوون‌و شیرین‌و تاق‌و فەرهادا ..

(٢٢) چەرخ : هەلسووران . ماوەرو : دینیتە . مەعنای ئەم شیعرە نە گەل شیعری دوایی‌دا دی .

نا بۆی حەرارەت مەوج دەریای دەرد
مەجنوون وێنەی تەم بەرۆ هەردەو هەرد (٢٣)
خاڵۆ پەی جەلال ئەر کار سازیشەن
وادەی تەجەللای تیر ئەندازیشەن (٢٤)
بسم الله ئەو تیر پەڕ تێدا بەستەش ،
ئێد نیشانەی تەن صەد جار شکستەش (٢٥)
چون ڕەنگ کەرۆ زام تازە زامانم
ئاو مزۆ ئەو دەم کۆنە زامانم (٢٦)

---

(٢٣) بەرو : ببا . واتە : جار جاریش بە هەلسووراندنیکی چاوی خوشەویستیو ، بە جیلوەیەکی ئولفەت لەو چاوانەوە کە صەد خوشەویستی وەك لەیلا ئەکا بە کەنیزەكو ئەیان فروشی ، کوورەی ئاگری نازی خوی دینیتە جوشو عالەم بە جوریك گەرم ئەکا کە هەر بە شنوی گەرمای شەپولی دەلیای دەردی عەشق ، مەجنوون ویلی هەردەو هەرد ئەکا وەك تەمی دەلیا کە بچی بە ئاسمانا . مەبەس ئەوەیە سەوداو عەشقی مەجنوونو دلدارانی تر کە وەك تەمو مژی دەلیا داویانەتە کیوان ، نیشانەیەکە لە جیلوەی خوشەویستی یار کە دولبەرەکانی ئەداتە بەر .

لیرەدا ئەبی سەیری ناسکیی وتەی مەولەوی بکەین کە ئیشارەتی کردووە بو کار کردنی گەرما لە دەلیادا کە هەلمی لی پەیدا ئەکاو ئەو هەلمە بەرز ئەبیتەوەو ئەبی بە هەور بە سەر شاخانەوە ..

(٢٤) جەلال : لە عورفی ئەهلی تصوفدا عاجز بوونو رق گرتنە . تەجەللا : دەرکەوتن . تیر ئەندازی : تیر تەقاندن . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(٢٥) پەر تیدا بەستە : جورە تیریکە نووکەکەی لقو پووپی پیودیە بو ئەوەی لەش زور بریندار بکا . ئید : ئەم .

(٢٦) ئاو مزو : ئاو ئەزینیتە . واتە : خالو گیان ئەو دولبەرە نازارە ئەگەر خوی بو عاجز کردن ئامادە کردووەو وادەی تیر تەقاندنیەتی لە دلدارەکانی ، با بفەرموی ئەوە تیری لقو پوپ دار ، ئەمەش نیشانەی تیرەکانی کە لەشی صەد جار پیکراوو تیك شکینراوی ئیمەیە . چونکە کە زامی تازەی لی کردمو بە خوینی سوور زامە تازەکانی لەشمی رەنگ کرد . زامە کۆنەکانیشم ئاویان تیئەزیتەوەو بریندەکانیان تازە ئەبیتەوە .

زام تەن وە تیر بەڵاش زیاتەر
ڕای ئامۆشۆی دڵ وە لاش زیاتەر (٢٧)

ـ ٢ ـ [1]

پای شادیم دیسان ماران گەستەوە
نە پیاڵەی چەم ژار تۆ بەستەوە (٢)
صەنەم پەرست نیم صەمەد ناسەنان
دووی کووڕەی دەروون شیوەن ڕاسەنان (٣)

---

(٢٧) واتە : من بەم کارەساتە دلشادم ، چونکە تا زامی لەشم بـە تیری بەلای ئەو زورتر بی ، زورتر کون ئەبیتە لەشم ، وە ریگە زورتر ئەبی بو دل کە لە لەش بیتە دەرەوە بروا بو لای ئەو دولبەرە خوشەویستە .

(١) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە لاواندنەوەی خوا لی خوش بوو شیخ عبدالصمدی خەلکی (خانەگا)ی لای (پاوە) دا وتووە کە رویشتووە بو کرماشان تەدارەکی ژن هینان بکری ، لە ریگادا مار ئەدا بە پیێەوەو ئەمری .

(٢) واتە : دیسانەوە پێی شادیم مار گەستی ، وە ژاری ئەو مارە لـە کاسەی چاوما توێی بەست ، چونکە یەکێك مار پێیەوە بدا ژارەکەی کار ئەکاتە چاوێو ڕەنگی ئەگوڕی .

(٣) صەنەم : بت . صەمەد : خوا . واتە : من کەوا بو مەرگی شیخ عبدالصمد پەریشانو دل گرانم ، بت پەرست نیم بو شیوەی ئەو نارەحەت بم ، بەڵکو خوا ناسمو ئەزانم مەرگی شیخ عبدالصمد زیانی گەیاندووە بە سوودی گشتی ، بوێە وا خەفەتبارمو دووکەڵی کووڕەی دەروونمو شیوەنی بە سوزم ڕاستەو لە خورایی نیێە . مەولەوی لە هینانی وشەی (صەنەم) و (صەمەد) دا بە عیلمی بەدیع هونەری (جناسی ناقص)ی بە کار هیناوە ، وە لە هینانی وشەی (صەمەد) دا هونەری (توریە)ی کردووە کە ئەوەتە وشەیەك دوو مەعنای ببی یەکیکی نزیکو یەکیکی دوور . لێرەدا مەعنای نزیکی صەمەد ذاتی خوایە ، مەعنا دوورەکەشی شیخ عبدالصمدی خوا لی خوش بووە .

ساقی ، مەی هەی داد ، مغنی ، چەنگێ
نەیچی ، های فەریاد ، مطرب ، ئاهەنگێ (٤)
گەرمیی مەی ، نەواو کزەی دەفو نەی
تێکەڵ بۆ چەنی زایەڵەی وەی وەی (٥)
واچدێ چ وادەی نشینگەی تەنگەن
یاران چەمەڕا برا درەنگەن (٦)
گردین تەدارەك بەغداشان جەمەن
وادەی زیارەت غوثالاعظمەن (٧)
بێ تۆ بەو خشووع دەس وە دوعاوە
کێ گەردەن کەچ بۆ نەو بارەگاوە ؟ (٨)

---

(٤) لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (نەی چی) نووسراوە (دەرویش) . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایيەوە .

(٥) نەوا : ئاوازە . کزە : سووتانەوە . واتە : ساقی تو مەی بینە ، گورانی بیژ توش بدە لە چەنگەکەت ، شمشال ژەن توش با هاوار لە شمشالەکەتەوە هەلسی ، مطرب توش ئاهەنگیك ساز کە ، تا گەرمیی مەیو کزەی دەف تیکەلی یەك ببن لە گەل هاوارو گریانو وەی وەی کردنا . مەولەوی لیرەدا هونەری (لفو نشری مشوش)ی بە کار هیناوە چونکە نەوا هی نەیەو کزە هی دەفە .

(٦) واچدی : بلین . نشینگە : جی دانیشتن . چەمەرا : چاوەری . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(٧) گردین : گشتیان . غوث الاعظم : شیخ عبدالقادری گەیلانی .

(٨) واتە : بانگ کەنە شیخ عبدالصمد پی‌ی بلین کەی ئیستا وادەی ئەوەیە تو گوری تەنگ بکەی بە نشینگەی خوت . هاوریکانت هەموو کوبوونەتەوە بچن بو بەغدا بو زیارەتی غەوث . چاوەریی تون . ئەگەر تو نەبی لە حزووری غەوثا بە ئەدەبەوە لە خوا بپاریتەودو دوعای خیر بکەی . کی‌ی تر هەیە لەو بارەگایەدا مل کەچ بکات ..

دەخیل جەماعەت بێ ئیمامەتەن
ئیمامەت ماتەم وە بێ قامەتەن (٩)
گۆشەی تای هیندی مەندیل بێ گەرد
مایل کەر ئەو لای سای گەردەن زەرد (١٠)
قیام دەر وە بەژن ئەو قەدو قامەت
قیامەت قام دەر پەرێ (قد قامت) (١١)

---

(٩) ماتەم : خەفەت . قامەت : قد قامت الصلوة .. تاد ، بەشیکە لە دوعایەکی تایبەتی ، بەر لە نویژی جەماعەت یەکیك لە پشتی ئیمامەوە ئەیخوینی . لە کو کردنەوەی (جەماعەت) و (ئیمامەت) و (قامەت)دا بە پێی عیلمی بەدیع هونەری (طباق) هەیە کە بریتییە لە کو کردنەوەی چەند وشەیەك کە پەیوەند لە نیوانی مەعناکانیانا هەبی . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(١٠) تا : تال . هیندی : جورە کەتانیك بووە کردوویانە بە میزەرە .. مایل : لار .

(١١) قیام دەر : راپەرینە . قیامەت قام دەر : روژی حەشر بەرپا کە . پەری : بو . واتە : بە شیخ عبدالصمد بلین دەخیلە جەماعەت ئیمامیان نییە چونکە ئیمامەت خەفەتبارە بە هوی نەبوونی قامەتەوە لە بەر مەرگی قامەت کەر ــ وەك شیخ عبدالصمد بی ــ کەواتە راست بەرەوە لە جێی خوتاو میزەرەکەت بنیرەوە سەرتو بە عادەتی خوت لاری کەرەوە با ریشووەکانی بە لای گەردنتا بینە خوارەوە ، وە حەشری بەرپا کە بو (قد قامت الصلوة) کردن . لە بەینی (قەدو قامەت) و (قد قامت) دا بە پێی عیلمی بەدیع (جناسی ناقص) هەیە . لە هەندی نوسخەدا نیوەی دووهەمی ئەم شیعرە بەم جورە نووسراوە :

قیامەت ساز دەر چەنی (قد قامت)

واتە : لە گەل (قد قامت الصلوة) کردنتا روژی قیامەت بەرپا کە .

هام دەردان پەی بەزم شادی جەم بی‌یەن
چ خەیرەن صەدای کار خەیر نی‌یەن ! (١٢)
مەیلت چەنی مان یەکجاری سەردەن ،
یا دوور با زامان مار کار لێت کەردەن ؟ (١٣)
ڕۆ پەرێ ئەو مەیل ڕای خودایيت ، ڕۆ !
ڕۆ پەی وەفاو شەرط ئاشنایيت ، ڕۆ ! (١٤)
ڕۆ پەی ئێش سەخت مار گەستەی کاریت !
ڕۆ پەی دەرد سەر کەس نادیاریت ! (١٥)
ئەی تۆ کام نەدیت جە عەرووس نۆ
تا عەرووس خاك پەشتان بی وە تۆ (١٦)
جەی خار دندان ژار ئاوردەی مار
خاطر نازك وێت مەدەر ئازار (١٧)

---

(١٢) واتە : هاو دەردەکانت بو شایي‌و زەماوەندی تو کوبوونەتەوە ؛ تو چ خیرتە وا دەنگی کاری خیرت نی‌یە .

(١٣) مان : بەرامبەری مردن . دوور با : دوور بی ، خوا نەکردە . واتە : ئاخو مەیلت لە گەل مان یەگجاری سارد بووەتەوە ، یان خوا نەکردە زامی مار کاری لی کردوویت .

(١٤) پەری ، پەی : بو . واتە : داخی بە جەرگم لە بەر ئەو ئارەزوو کردنەت لە ریگای خوا ، وە لە بەر ئەو وەفاو بی مەرجی نەکردنەت .

(١٥) واتە : شین‌و ڕو ڕو بو ئەو ئازارە سەختە کاریگەردت کە بە هوی گەستنی مارەوە تووشت بووە ، وە بو ئەو دەردو مەینەتەت کە کەس هویەکەی تی ناگا .

(١٦) کام : مەرام . عەرووس : بووك . پەشتان : هاو پشت . واتە : ئەی کەسی کە هیشتا نەگەیشتبووی بە مەرامی خوت لە بووکی نویت ، بووکی گور بوو بە هاو پشتت .

(١٧) جەی : لەم . خار : درك . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایي پیکەوە دی .

تۆ نەو گوڵ باغ مصطفوی بی
گەنج خەزانەی مرتضوی بی (۱۸)
گوڵ عادەتشەن بێ خار نمەبۆ
گەنج ڕەویەشەن بێ مار نمەبۆ (۱۹)
غەریبیت زیاد نە شەهادەت بی
شەهادەت هەم دەم وە سەیادەت بی (۲۰)

---

(۱۸) مصطفوی : نیسبەتە بو مصطفی کە مەبەس لێی پیغەمبەرە درووی خوای لی بی . مرتضوی : نیسبەتە بو مرتضی کە مەبەس لێی حەزرەتی علییە .

(۱۹) ڕەویە : عادەت . مەولەوی لەم سە شیعرەدا دەس ئەکا بە دل خوشی دانەوەو لاواندنەوەی شیخی کوچ کردوو ، وە پێی ئەلی بە هوی درکی ددانی پر لە ژاری مارەوە دلی خوت ئازار مەدە ، چونکە تو تازە گوڵی باغچەی پیغەمبەر بووی ، وە گەنجی خەزینەی حەزرەتی علی بووی ، گوڵیش عادەتیەتی بی درك نابی ، وە گەنجیش بی مار نابی . پەیوەندی مارو گەنج لەوەوەیە کە لە کونا لە هەر لایەك گەنجیکیان دانابی ، پەیکەری ماریکیان لە سەر داناوە بو سام دەربرین . لە ئەفسانەی کونیشا هەیە لە هەر لایەکا گەنج شاررابیتەوە مار ئەچی پەپکەی لە سەر ئەدا وەك چون رزق ئەچیتە سەر پارە .

مەولەوی جاریکیان ئەم پارچە هەلبەستەی ئەخوینیتەوە بو ئەحمەد پریسی ئاشنای ، ئەویش دەس بە جی ئەم تاقە شیعرە ئەلی :

نە ، نە ، ئەو مارە هەر مار غار بی
پەی پا بوس پاش وە ئینتیظار بی

واتە : نەخێر وا نییە کە تو وتووتە ، ئەو مارە ماری سەر گەنج نەبوە ، مارەکەی ئەشکەوتی (ثور) بووە کە هاتبوو بو زیارەتی پیغەمبەر (درووی خوای لە سەر بی) وە دای بە قاچی حەزرەتی ابو بکرەوە ، لیرەشا هاتبوو بو زیارەتی شیخ عبدالصمدو قاچی ماچ کرد .. بە راستی ئەحمەد پریسی خەیالیکی وردی بە کار هیناوە .

(۲۰) شەهادەت : شەهید بوون . سەیادەت : سەیدیەتی ، نەوەی پیغەمبەر . واتە : سەرەرای ئەوەش غەریبیەکەت لە کاتی مردنتا پایەی شەهیدیت بەرزتر ئەکاتەوە ، شەهیدیەکەشت سەرەرای سەیدیەتیتە .

ئەی ڕەسوول ئارۆ شەوقش پەرواز دا
وە نازو ئیعزاز کار تۆ ساز دا (٢١)
ڕجام هەن فەردا نەو گەردەلوولدا
بویەری نە ژێر سای ئەو ڕەسوولدا (٢٢)

(١) _٣_

پزیسکەی چەخماخ کافیی کارەن
چ وەختو وادەی ئەی گوفتارمەن (٢)
دڵەی کۆس کەفتەم هەم تەم کەردەوە
پەردەی سەبووریش تەمام درەوە (٣)

---

(٢١) شەوقش پەرواز دا : شەوق خستیە فرین . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

(٢٢) فەردا : سبەینی . بویەری : تیپەری . واتە : مادەم ئەم فرۆستادەیە کە عیزرائیلی مەلائیکەی گیان کیشانە ئەمرو شەوق خستیە سەر بالی فرینو هات بە نازو شکووە کاری توی ساز کردو گیانی کیشایو خستیتیە ری بو سەفەری ئەو دنیا ؛ تکام وایە لە گەردە لوولی ڕوژی مەحشەریشا ئەو فرۆستادەکەی تر کە حەزرەتی پیغەمبەرە بە فریات بگاو لە ژیر سیبەری ئەودا تیپەری .

_٣_

(١) مەولەوی ئەم قەسیدە دریژەی کە وەك چەند پارچە هەلبەست وایە . بە زوبانی حاجی مەحموودی یار وەیسەوە وتووە لە لاواندنەودی کوریکی مردوویا .

(٢) کافیی کارمەن : بەسمە . چ : کەی : واتە : ئیشی پرشنگی چەخماخەی تفەنگەکە کە عبدالرحمانی کورمی کوشت بەسە بو ئیشی دلم کە خومی پیوە خەریك بکەم ، ئیتر کەی وەختی ئەودیە قسە بکەمو بیلاوینمەوە . وە چی ئەتوانم بلیم ؟

(٣) دردەوە : دریەوە . مەعنای ئەم شیعردو دوو شیعری پاشەوە پیکەوە دی .

نالاّو گرەواو خولیاوەو خول وەرد
جەو بووڵ دەردا وێشی سامان سا کەرد (٤)
ئیسە بووڵ دەرد کەرۆ وە سەردا
دەك سلاّمەت بی چیت ئی خەبەر دا (٥)
دڵە پۆشابێ پەردەی سەبووری
سازابێ چەنی دەردە کەی دووری (٦)
پەردەی سەبووریم درِیا ، رِۆڵە رِۆ
رِیشەی جەرگەکەم برِیا ، رِۆڵە رِۆ
وە ناکام هیجرەت کەردەم ، رِۆڵە رِۆ
داخان گشت وە خاك بەردەم ، رِۆڵە رِۆ (٧)
خانو مان خامۆش بێ تۆ ، رِۆڵە رِۆ
ئەطفالان مەدهۆش بێ تۆ ، رِۆڵە رِۆ (٨)

---

(٤) گرەوا : گریا . خول وەرد : خولی خوارد . بوول : خوله میش . دەردا : دەرەوەدا . سامان سا . ویران .

(٥) کەرو : ئەکا . چیت : بو چیت . ئی : ئەم . واته : دلــه کوس کەوتووەکــەم دووبارە تــەم دای‌گرتــەوەو پەردەی خو را گرتنی دادریو نالاندیو گریاو سوورایەوەو گیژی خوارد ، وە له ناو خوله میشی بەر مالاندا خوی تلاند ، ئیستەش خوله میشی دەردو مەینەت ئەکا به سەر خویا ، بی بەلا بی بوچی ئەم خەبەرە ناخوشەت پی دا تا وا له خوی بکا . وا دیارە حاجی مەحموود پاش کوژرانی عبدالرحمانی کوری ، کوریکی تری مردووە ، وە زامی پیشووی کولاوەتەوە .

(٦) پوشابی : پوشی‌بووی . سازابی : گونجابوو .

(٧) واته : رولــه نا وادە کوچ کردووەکــەم ! رولــه ئاوات نەهاتووە دی‌یەکەم !

(٨) واته : رولەکەم مالو دیوەخان بی تو کشو ماته .

تەڵمیت سیا پۆش بێ تۆ ، ڕۆڵە ڕۆ
خاتوونان بێ هۆش بێ تۆ ، ڕۆڵە ڕۆ (٩)
کام وەصفت خەیاڵ ، کام شێوەت یاد کەم ،
پەی کام خەسڵەتت دادو فەریاد کەم !
پەی عەقیدەو دین موسوڵمانیت ، داد !
پەی شێوەی شیرین نەوجوانیت ، داد !
پەی ئەو عەقڵو فام هۆشیاریت ، داد !
پەی خۆش نیگاریو خۆش ڕەفتاریت ، داد !
فەریاد پەی ئیخلاص ، ئاخ پەی ئایینت
پەی ئاغەی دنیاو پەی ئاغەی دینت (١٠)
هەر کەس دیم ، دیدەم ، مەیل تۆ پێش بی
کێ بی ، کێ ، جە تۆ خاطرش ڕێش بی (١١)
فەڵەك جەرگش دەن وە مەودای چڵدا
کام خاطر ڕێشیش بی نە تۆی دڵدا (١٢)
دەورش وەی طەورە ، ئەی جەورە ئاوەرد
من حەسرەتمەند کەرد ، تۆ بەو دەردە بەرد (١٣)

---

(٩) تەلیت : ئەو بارگەو بنەیەیە کە کوچەریەکان ئەیبەن بو کویستان . واتە : لە بەر نەبوونی تو بارو بارگەی کویستانمان ردش پوشە .
(١٠) واتە : ئای بو گەورەییت لە کارو باری دینو دنیادا .
(١١) ریش : بریندار . مەعنای ئەم شیعردو دوو شیعری دوایی پیکەوە دی .
(١٢) دەن : بدەن . مەودا : تیژی .
(١٣) دەورش : سوور خواردنەوەی . واتە : گیانەکەم من هەر کەسم دیوە خوشەویستیی توی لە دلا بووە ، ئەبی کی بی دلی لە تو ئیشابی . نازانم فەلەك ، یا خوا جگەری بدەن بە سەر چلی تیژا ، چ کینەیەکی لە دلا بوو لە تو ، وا وای لی کردی ، وە بەم جورە ئەم ستەمەی کرد منی مەینەتبار کردو تویشی بەو دەردە برد ؟

پۆی خەیاتەی فەرد بۆ عەنبەرینت
دەس ڕێسە کەی فکر بیکر شیرینت (٢)
چون ئارەزووی وەصڵ نە تۆی مەحروومی
تەندبێت وە تان فەرد مەعدوومی (٣)
چون شەبەندە ڕۆژ صەد تەرزە ڕەنگدا
تەوەن دان وە تاڵ دێبای فەرەنگدا (٤)

ـ ٤ ـ

(١) مەولەوی ئەم پارچە هەلبەستەی لە وەرامی (شیخ عبداللەی داخی) یا نووسیوە کە شاعیریکی بەرز بووە ، وە زور جار نامەی بە هەلبەست بو مەولەوی ناردووەو ئەویش وەرامی داوەتەوە . جاریکیان مەولەوی لە وەرام دانەوەدا دوا ئەکەوی ؛ داخیێش غەزەلیکی بو ئەنیری ، وە لە غەزەلەکەیا گلەیی لی ئەکا بەرامبەر بە دوا کەوتنەکەی ، وە تاقە شیعریکی مەولەوی ئەخاتە ناو شیعرەکانی ، مەولەوییش لە وەراما ئەم غەزەلەی بو ئەنووسی :

(٢) پو : هەر پارچەیەکی تەنراو دوو جورە تالی تیایە : تالی راکیشراو کە پێی ئەلین (تان) یا (رایەل) ، وە ئەو تالانە کە ئەبرین بە ناو تالە راکیشراوەکانا وە پێی ئەلین (پو) . فەرد : شیعر . دەس ریس : ریسراوی دەس . فکر بیکر : فکری تازەی بە خەیالی کەسا نەهاتوو . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

(٣) نە توی : لە ناوی . تەندەبیت : تەنیبووت . واتە : پوی خەیاتەی ناوریشمی شیعرە بون خوشەکەت ـ کە بەدەستی فکری تازەی جوانی خوت ڕستبووت ـ تەنیبوو لە گەل تانی شیعری ناپەسەندی من . ئەمەش وەک ئەوە وابوو کە ئارەزووی بە یار گەیشتن ـ بەو جوانییە کە هەیە ـ بیخەیتە ناو خەیالی نا ئومیدییەوە . لیرەدا مەولەوی بە نەزاکەت خوی ئەشکینی کە شیعری داخی بە ئارەزووی بە یار گەیشتن ، وە شیعری خوی بە خەیالی نائومیدی دائەنی .

(٤) شەبەندە ڕۆژ : شەبەنگە بە ڕۆژ ، پارچەیەکە بە چەند ڕەنگ ئەنوینی . تەوەن : بەرد . دیبا : جورە قوماشیکە . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

پەی دەفع سەودای ددرد نەمامان
بەرگێ بی پەی دڵ سەر تا وە دامان (٥)
دڵ ئەو بەرگو بۆی جارانش نەبی
ڕووی لوای مەجلیس یارانش نەبی (٦)
پۆشتەت کەردەوە ئیحسانت یاوا
دەك هەی دەوڵەمەند یانەت هەر ئاوا (٧)
بێ باکیم عیللەت دڵ سەردی نیەن
بێ مەیلیم جە تەرك هام فەردی نیەن (٨)
بەڵام مەسئەلەی فتوای قەزای حەق
نە مەحکەمەی شەرع حاکم مطلق (٩)

---

(٥) پەی : بو . نەمامان : ئەو دولبەرانەی کە وەك تووڵی نەمام سافو بەرزن ، یان ئەو کەسانەی کە بەین تیك ئەدەن . واتە : ئەو پارچە شیعرەی تو کە وەك شەبەنگەبەروژ بە چەند ڕەنگ ئەنوینی ، وە لە جوانیا بەردی دابوو بە تالی پارچەی فەرەنگیدا ، بو چار کردنی سەوداو عەشقو دەردی دولبەرەکان بەرگیکی ڕەساو سەر تا پی داپوش بوو ، یا خود : بو دەفعی سەودای فیتنەی نەمامەکان بەرگیکی دل پاریز بوو ، وە هەموو دلی ئەپاراست .

(٦) نەبی : نەبوو . لوای : ڕویشتنی . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

(٧) یاوا : گەیشت . یانە : مال . واتە : بەر لە هاتنی پارچەکەی تو دڵم بەرگو بوکەی جارانی نەبوو ، وە ڕووی نەبوو بچیتە ناو کوری یارانەوە . بەڵام کە پارچەکەی تو گەیشت ، دڵمت پوشتە کردەوە ، زور خێرت گەیشت . سا یا خوا دەوڵەمەند هەر مالت ئاوا بی .

(٨) عیللەت : بە هوی . واتە : نامە نەنووسینم بە هوی دل ساردیەوە نیە ، وە لە بەر ئەوە بی مەیل نەبووم کە دەستم لە دوستایەتیت هەڵگرتووە .

(٩) مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی بەسراوە بە یەکەوە .

نەو عەرووس سۆز وە دڵ پەروەردە
خەرج گیان وە گیان وە کابین کەردە (١٠)
وە هەر سە تەلاّق باینە کەردەن
یاد ڕجعەتش وە دڵ ناوەردەن (١١)
کەم بی شنۆی وەش ئاە صوب دەمی
وشکاوش ئاما جۆی چەمەی چەمی (١٢)
بێ سۆزی مەنزڵ دڵ کەرد وە یاتاخ
پەی ئاوو هەواش ئاو ئاەو ئەو داخ (١٣)

---

(١٠) عەرووس : بووك . سوز : شەوق . خەرج : پارەی نەخت . کابین : مارەيي .

(١١) باینە : ئەو تەلاقەی کە چاك ناکریتەوە . رجعة : گیرانەوە ، ئـەو تەلاقەی کە چاك ئەکریتەوە . واتە : بویە نامـەم بو نەناردووی‌و شیعرم بو نەنووسیوی چونکە مەسەلەی فتوای قەزاو قەدەری خوا لە دادگای شەرعی حاکمی مطلق‌دا کە خوایە وای پیویست کردووە ئەو تازە بووکە خوشەویستەم کە بریتی‌یە لە شەوق‌و سوزی دلم ، وە بە دل بەخیوم ئەکرد ، وە گیانی خوم دابوو لە مارەيي‌یدا ، فتوای هەر سە تەلاقەی خوی وەرگری وە دەرفەتی هینانەوەی بو نەهیشتبووم . بە کورتی بە هیچ کلوجیك سوز لە دلما نەماوە ، ئیتر چون نامەت بو بنووسم .

(١٢) کەم بی : کەم بووەوە . وەش : خوش : صوب دەمی : بەیانیان . جوی : جوگەی . چەمەی : سەرچاوەی . چەمی . چاو . واتە : بە هوی ئەوەوە کە سوزی دلم نەماوە ، شنوی هەناسە هەلکیشانی سبەینانم کەم بووەتەوە ، وە ئاوی سەرچاوەی چاوم کـە جاران لـە بەر سوزو عەشق دامئەرژاند ، ئیستا وشکاوی هاتووە .

(١٣) یاتاخ : مەبەس جی‌و ماوایە . ئەو : ئەگەریتەوە بو هەوا . واتە : لەو کاتەوە کە سوزی دلم نەماوە ، بی سوزی کە دوژمنیەتی هاتووە دلی داگیر کردووم وە کردوویە بە ماواو مەنزلی خوی ، وە لە بریتی‌ی ئاوو هەوای خوش لە دلما ئاەو هەناسەی سارد بووە بە ئاو ، وە ئاخو داخ بووە بە هەواکەی .

وه بێ من تۆ وێت ذهنت پێ یاوان

خاست فەرماوان دانەت شکاوان : (١٤)

بێ بەدەڵەن عومر خاسش هەر پاسەن

باختش پەی مەعشووق بێ بەدەڵ خاسەن (١٥)

(١) ـ ٥ ـ

پێشانیم هەوەس زانووش جازمەن

تەعظیم جەناب پیری لازمەن (٢)

---

(١٤) ویت : خوت . یاوان : گەیشتووە . دانــەت شکاوان : دورت قلاشتووە ، کینایەیە لە قسەی جوانو بە جی کردن . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری پاشەوەدایە .

(١٥) پاسەن : وایە . باخت : خەرج کردن . واتە : گیانە تو بە بی من باشی تی‌گەیشتووی‌و چاکت فەرموو‌ە کە وتووتە هیچ شتی نابی بــە هاوتاو بەرامبەری عومر وە بە هیچ شتی ناگورێتەوە ، کەواتە وا چاکە ئینسان بــە خورایي بی‌بەخشی بە دلدار ، وە بە تەمای ئەوە نەبی کە ئەو لە بریتی‌ی ئــەو بەخشینەدا پاداشی بداتەوە ، بویە تویش کە ئەوەندە بە وەفاو دوستی من بووی نابی بە تەمای هیچ بی لیمەوە .

(١) مەولەوی لەم پارچە شیعرەیدا سکالا لە دەس پیری ئەکا وە لە گەل خوی ئەدوی .

(٢) پیشانی : ناو چەوان ، تەویل . هەوەس : ئارەزوو . زانوو : ئەژنو . واتە : ناو چەوانم دانەویوەتەوە ئارەزووی ئەوەی هەیە بگا بە ئەژنوم . چونکە پیری وادەی هاتووەو ریز لی گرتنی پیویستە .

بالاّ کەردەوە مەیل ئەو لای پەستی
وردیکلاّنەن دەروازەی هەستی (٣)
مەعدوومی ! کردەی بەدی هەزار تەرز
زانووی ئومێدت ناوەرۆ ئەو لەرز (٤)
ئەو کەس مزانوو ستارەن ئارۆ
جەو بوزورگتەرەن شەو ئەو ڕۆت نارۆ (٥)
سفیدیت قەڵغان پەی ڕووی سیات بۆ
کەمانیت شەفیع تیر دیات بۆ (٦)

---

(٣) ئەو لای : بو لای . پەستی : دانەوینەوە . وردیکلانەن : بچکولەیە . هەستی : بوون . مەبەس لە ژیانی ئەو دنیایە . واتە : بالام ئارەزووی دانەوینەوەی کردووەتەوە ، چونکە گور کە دەرگای ژیانی ئەو دنیایە ـ بچکولەیە ، وە ئەگەر مروف خوی دانەنەوینیتەوە ناتوانی پیا بروا . مەولەوی کە وشەی (کەردەوە) بە کار دینی واتە (کردووەتەوە) ، ئەیەوی ئەوە بگەیەنی کە مروف لە کاتی لە دایك بوونیشیا خوی دائەنەوینی . ئەم شیعرە ئیشارەتە بە ئایەتی پیروزی (و من نعمره ، ننکسه فی الخلق) واتە : ئەوەی زوری بژیینین لە ئەنجاما ئەی‌چەمینینەوە .

(٤) کردە : کردەوە . ناوەرو : نەیەنیت . واتە : ئەی مەعدوومی کرداری خراپی هەزار رەنگەت ، ئەژنوی هیوات نەیەنیتە لەرزە ، وە ئومیدت بە لوتفی خوا کەم نەبی .

(٥) ستارەن : گوناە پوشە . ئارو : ئەمرو . نارو : نەیەنی . واتە : ئەو خوایەی کە ئەزانم ئەمرو لە دنیادا گوناە پوشە لەوە گەورەترە کە شەو نەیەنیتە روژت وە روژی قیامەتت لی نەکا بە شەو ، وە گوناهەکانت ببەخشی .

(٦) سفیدیت : ریش سپیەتیت . کەمانیت : چەمینەوەت وەك کەوان . شەفیع : تکا کار . دیات : روانینی حەرامت بو خەلك . واتە : ئومیدم وایە سپیەتیی موی سەرو ریشت ببی بە قەلغان نەیەلی لە روژی قیامەتا روو رەش ببی ، وە پیری‌و چەمینەوەی بالات وەك کەوان ببی بە تکا کار بو ئەوەی نەیەلی گرفتاری سزای روانینی حەرام ببی . مەولەوی لەم شیعرەیدا بە پیی عیلمی بەدیع هونەری (طباق) ی بە کار هیناوە کە بریتییە لە کو کردنەوەی چەند وشەیەکی پەیوەند بە یەکەوە دار ، وەك سپی‌و رەشی‌و تیرو کەوان‌و قەلغان . هەروەها ئیشارەتی کردووە بو فەرموودەی پیغەمبەر کە فەرموویەتی (النظرة سهمة مسمومة من سهام ابلیس) واتە : سەیر کردنیکی حەرامی ئافرەت تیریکی زەهراوییە لە تیرەکانی شەیتان .

نمەبۆ پیریو تەن ناتەوانیت
وەی دوو فەردەوۆ ئاو دەس جوانیت : (٧)
عەزابم ئەر صەد جە حەد بەر شیەن
جە ڕوو سیاییم گرانتەر نیەن
من ک‌ە خەجاڵەت خزمەت ئاما پێم
جەهەنم صەد ساڵ دۆزەخ بۆ وە جێم (٨)
مطرب ، بۆ وە داد دڵگیریمەوە
پیری ها ئاما وە پیریمەوە (٩)
نەوات وێرانەی دڵ کەرۆ ئاوا
چەنی بەستەی فەرد بێساران ماوا : (١٠)

---

(٧) تەن نا تەوانی : بی هیزی‌ی لەش . ئاو دەس : هاو تا . واتە : پیریو لاوازی‌ی لەشت لە گەل ئەم دوو شیعرەی پاشەوەدا نابن بـە هاوتای خوا پەرستی‌ی سەردەمی لاوینیت ، چونکە دوو شیعرەکە کە سکالای حالتن لـە پیری‌دا ، لە بارەگای خوادا باش‌ترن لە خوا پەرستی‌و خو بە باش زانینی دەوری لاویت لە بەر ئەوە کە لای خوا گوناە کردن‌و پارانەوە بە نرختر لە پەرستن‌و خو لی بایي بوون بە هوی پەرستنەوە .

(٨) ئەم شیعرەو شیعری پیشوو ئەو دوو شیعرەن کە لـە شیعری پیشووترا ئیشارەتی بو کردن . واتە : هەرچەند عەزاب دانم لە رادە بە دەر بی لام گرانتر نیەیە لە روو رەش بوونم لە خزمەتتا وە ئەوم پی باشترە ، چونکە من کە لـە ئەنجامی تاوانباری‌ی خوما بە شەرمەساری‌یەوە بگەمە خزمەتت ئیتر مەبەسم نابی هەرچەند صەد سالیش لە دوزەخا سزا بدریم ؛ لە بـەر ئەوە سزا چەشتنم پی باشترە بو ئەوەی بە رووی‌یەکی سپی‌یەوە بیمە خزمەت .

(٩) بو : بی . داد : هاوار . دلگیری : زویری . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

(١٠) نەوات : ئاوازەی خوشت . چەنی : لە گـەل .. بیساران ماوا : ئەوەی خەلکی بیسارانە ؛ مەبەس مەلا مصطفی‌ی بیسارانی‌یە کە شاعیرێکی بەرز بووە . واتە : کاکی گورانی بیژ بی بە هاواری عاجزیمەوە ؛ چونکە پیری وا هات بە پیریمەوە ، وە با ئاوازەی خوشت دلی ویرانەم ئاوا کاتەوە بـەم شیعرانەی خوارەوەی مەلای بیسارانی .

« ئینه گرد جه وەخت نادانیم بی‌یەن »
« فەصڵ سەرمەستی‌ی جوانیم بی‌یەن » (١١)
« ئیسه ها جه گشت پەشیمانیم بەرد »
« وادەی پیریمەن جوانیم ویەرد » (١٢)
« کۆچ دواییمەن ، یاوانم نۆبه »
« نۆبەی تۆبەمەن ، کەرەمدار ، تۆبه ! » (١٣)

-٦-

پەژارەت شادیم جه بێخ ئاوەردەن
دووریت ڕیشەی دڵ خەیمه کەن کەردەن (١)
فیراقت فەرقم وه تووتیا کەرد
جیاییت ئازام جه هەم جیا کەرد (٢)

---

(١١) گرد : گشت . فەصل : سەر دەم . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پیکەوه دی .
(١٢) ویەرد : به سەر چوو .
(١٣) یاوانم نوبه : سەردم هاتووه . واته : خوایه هەرچیم کرد لە سەردەمی نەزانی‌و لاوینیما کردم ، وا ئیستا پەشیمان بوومەوه له هەمووی چونکه جوانیم به سەر چوو ، وه وادەی پیریم هات‌و ئەجەلم نزیك بووەتەوه ، وه وەختی ئەوەیه که توبه بکەم ، سا خوای بەخشنده لیم ببووره .

-٦-

(١) خەیمه : خیوەت . واته : خەفەتی دووریت شادی‌و خوشی‌ی له دلما نەهیشتووه ، وه ریشەی دلی وەك خیوەتی هەڵکەنراو لی کردووه .
(٢) فەرقم : کەلله سەرم . تووتیا : دەرمانیکی زور وردە . ئازام : ئەزام . واته : فیراقت کەللەی سەرمی وەك تووتیا هاریوه ، وه جیاییت ئەندامەکانی لەشمی له یەك کردووەتەوه .

وەسواسەت وەی تەور ئێشش دان وە جەرگم
وە مەرگت قەسەم ڕازیم وە مەرگم (٣)
وێت بدەر ئینساف نەو نەمام نۆ
مەردەن خاستەرەن یا خۆ دووری‌ی تۆ ؟ (٤)
مەردەن یەك ساتەن ئەرواحەکەی وێم
دووریت هەر ساتێ صەد مەرگەن پەرێم (٥)
مەر جەستەی خەستەی من جە فۆلادەن
یەند دووریت وینۆ هێمان دڵ شادەن (٦)
دەك ڕەحمەت ئەو قەبر گشت وەفاداران
خصوصا ئەو کەس شای وەفا داران (٧)

---

(٣) وەسواسەت : خەیال لی کردنەوەت . وەی تەور : بە جوری .

(٤) ویت بدەر ئینساف : واتە خوت بە ئینسافی خوت حوکم بدە .

(٥) پەریم : بوم . واتە : مردنم چاکترە لە چەشتنی دووریت چونکە ئەو جاریکەو ئەبریتەوە ، بەلام دووریت هەر سەعاتیکی مردنیکە .

(٦) فولاد : پولا . وینو : ببینی . واتە : بوچی لاشەی نەخوشی من لە پولا داریژراوە تا ئەم هەموو دووری‌یەت ببینی‌و هیشتا هەر دلشاد بی .

(٧) ئەو : لە . واتە : دەك ڕەحمەتی خوا لە گوری هەموو خاوەن وەفایەك ، بە تایبەتی لە گوری ئەوانە کە وەفاکەیان ئەوەندە بی گەردە شای هەموو وەفایەکە .

(١) ـ ٧ ـ

پەشێوی وە نەزم لوولووی ئەسرین دا

پەروین دائیرەی خورشید تەزیین دا (٢)

جای ناخوون وە خوون ئەو گۆنای بێ گەرد

ئیشارەت وە مانگ مەینەت دڵ کەرد (٣)

ـ ٧ ـ

(١) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە لاواندنەوەی پەریزاد خان ناویکا وتووە کە یەکیك بووە لە ژنە بەگزادەکانی جاف .

(٢) لوولوو : لوءلوء ، مرواری . ئەسرین : فرمیسك . پەروین : ئەستیرە . خورشید : خور . واتە : ئەم ماتەمە رشتەی مرواریی فرمیسکی هونراوەی ئافرەتانی تیك دا ، وە ئەو دەنکە فرمیسکانە کە وەك ئەستیرە وان توپی رووی ئەو ئافرەتانەیان رازاندەوە کە وەك رۆژ وایە . مەبەسی ئەوەیە نازاران ئەوەندە بە سوز ئەگرین فرمیسکیان کە ئەوسا وەك رشتەی مرواری وابوو ئیستە بە ناریکی ئەرژیتە خوارەوە ، وە ئەو دەنکە فرمیسکانە کە بە دەوری رووپانا ئەرژیتە خوارەوە دائیرەی رووپان ئەرازینیتەوە .

مەولەوی لەم هەلبەستە بەرزەیا لە لایەکەوە تەشبیهی رووی ئافرەتەکانی کردووە بە رۆژ ، وە لە لایەکی ترەوەو ئیشارەتی کردووە بو ئەوە کە لە خەفەتا رۆژی رووپان زەرد بووە ، ئەگینا ئەستیرە بە دەوری رۆژا دەرناکەوی .

(٣) ناخوون : نینوك . خوون : خوین . واتە : جی نینوکی ئەو نازارانە کە رووی خویانیان هەلکەندووە ، وەك مانگی یەك شەوە وایە بە رووپانەوە کە نیشانەی ماتەمو مەینەتی پیوە بی . ئەمە ئیشارەتە بەوە کە ئەستیرە ژمیرەکان ئەلین هەر مانگیکی یەك شەوە رەنگی سوور بنوینی نیشانەی شەرو شورە .

شیرینیی قامەت قیامەت نەوەرد
سەڵای فەرز بەرگ ئازیەتی ئاوەرد (٤)
هەنی فتوای شەرع بادە نۆشان بۆ
حەڵڵیی کاڵای ماتەم پۆشان بۆ (٥)
وەشەن ئەو باڵا چون بەو کاڵاوە
بازش ئەو کاڵا هەر بەو باڵاوە (٦)

---

(٤) قامەت : بالا . قیامەت نەوەرد : بیابانی قیامەت تەی کەر . ئازیەتی : تەعزیە . ئاوەرد : هینا . واتە : جوانیی بالای ئەو خاتوونە کوچ کردووە کە بیابانی قیامەتی تەی ئەکرد بانگی هەلدا بو فەرز بوونی پوشینی بەرگی ماتەم . مەولەوی لیرەدا بە وشەی (قامەت) ئیشارەت بو (قامت)ی نویژ ئەکا کە ویردیکی تایبەتییە بەر لە نویژ بە دەنگی بەرز ئەخوینری بو راست بوونەوەی نویژ کەران . وە بە وشەی (سەلا) ئیشارەت بو (صلاة) ئەکا بە مەعنا نویژ . واتە : وەك چون بە دوای (قامت) کردنا نویژی فەرز دی ؛ بە دوای قامەتی ئەو نازارە کوچ کردووەشا پوشینی بەرگی ماتەم فەرز بووە . لیرەدا بە پیی عیلمی بەدیع لە بەینی وشەی (قامەت) و (قیامەت) دا هونەری (جناسی ناقص) هەیە ، وەك چون لە بەینی (قامەت) و (سەلا) دا هونەری (طباق) هەیە .

(٥) هەنی : ئیتر . کالا : پارچە ، قوماش . واتە : مادەم کە ئەو مرد ئیتر با شەرع فتوای حەلال بوونی شەراب خواردنەوە بدا ؛ چونکە قورگی خەلك پر بووە لە گریان وە لە شەراب بەو لاوە بە هیچی تر چاك نابیتەوە ؛ کەواتە شەراب خواردنەوە دروستە ؛ وە با شەرع فتوای حەلالیی پوشینی بەرگی ئازیەتی بدا .

(٦) وەشەن : جوانە . بازش : لیی گەری . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

حەیات جە ظلمات جیا نمەبۆ
کاوە وە بێ بەرگ سیا نمەبۆ (۷)

 [1]

پەیغام بالای خەمبارەکەی تۆ
خەمیای حەڵقەی گۆشوارەکەی تۆ (۲)
چەند وە سەرگۆشی وە گۆشت ئاوەرد
چون بەدبەخت بیم تۆ گۆشت نەکەرد (۳)

پەی کەسێ خاسەن هەوای سەیر باخ
ماسیوای مەعشووق نەبۆش ئاخو داخ (۱)

---

(۷) حەیات : ئاوی حەیات . ظلمات : تاریکی . کاوە : میسکی بون خوش . سیا : رەش . واتە : بالای ئەو ئازیەتی بارانە زور جوانە بەو بەرگە رەشەی بەریانەوە ، کەواتە لێیان گەری با هەر ئەو بەرگەیان لە بەرا بی ، چونکە ئەوانە وەك ئاوی حەیات وان ، هەر وەك ئەو لە تاریکایيدایە ـ بـە پێی ئەفسانەی کون ـ ئەمانیش ئەبی لە بەرگی رەشا بن ، وە ئەوانە وەك میسکی بون خوش وانـە ، ئەبی بەرگی رەشیان لە بەرا بی وەك ئـەم پیستیکی رەشی هەیە .

(۱) مەولەوی لەم دوو شیعرەیا لومەی دوستیکی ئەکا کە چەند جار راسپێریەکی ناردبوە لای ، بەلام ئەو گوێی نەدابوویە .

(۲) پەیغام : راسپێری . خەمیا : چەمیوە . گوشوارە : گووارە . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە .

(۳) سەرگوشی : چپە . واتە : راسپێریەکەی منی خەفەتباری توو چەماوەی ئەلقەی گووارەکەت ، چەند جار بە چپە درا بە گویتا ، بەلام چونکە من بەدبەخت بووم تو گویت نەدایە .

(۱) هەوا : ئارەزوو . سەیر : تەماشا کردن . نەبوش : نەیبی . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

من جفت مەعشووق دەرد هەمرازمەن
چون باز سەرچڵ وادەی بازمەن (٢)

 (١)

پەنج بی‌یەن وە شەش ، شەش ڕوو کەرد نە پەنج
حەریر نە مابەین بی‌یەن گەوهەر سەنج (٢)

پیری‌و فەقیری‌و کەئیفی ، هەر سێ
نەبۆ وە هیجران بار هیچ کەسێ (١)


---

(٢) جفت : لە گەل . هەمراز : هاوری . واتە : ئاردزوو کردنی سەیری ناو باخ بو کەسی باشە کە جگە لە یار هیچ خەفەتیکی لە دلا نەبی . بەڵام من سەرەڕای یار دەردیش بووە بە هاوڕیم ، وە وەك بازی سەر چڵان . یان وەك بازی ئوقرە نەگرتوو ، وادەی باز دانمە وە خوم پی ڕاگیر ناکری لە باخا بو سەیر کردن .

(١) مەولەوی لەم شیعرەیا شیوەی نووسین ڕوون ئەکاتەوە .

(٢) حەریر : ئاوڕیشم ، مەبەس قاقەزە . گەوهەر سەنج : گەوهەر ڕیك خەر . واتە : پینج پەنجەکەم لە گەل قەڵەمەکەی دەسما بوون بە شەش . وە ئەم شەشە ڕوویان کردووەتە پینج پەنجەکەی ترم ، قاقەزەکەیش لە بەینی ئەم دوو دەستەما بووە بە گەوهەر ڕیك خەر . مەبەسیش لە گەوهەرەکە تیپە نووسراوەکانە .

(١) کەئیفی : پیس‌و پوخلی . هیجران بار : باری مەینەت . واتە : یا خوا پیری‌و هەژاری‌و پیس‌و پوخلی نەبن بە باری مەینەتی سەرشانی هیچ کەس .


تیپی

(١) _ ١ _

تەژنەی گیان وە لەب سەودای سەبووری
کەفتەبێم نە گێج دەریاکەی دووری (٢)
دیم نەشئەی فێنك سێراوی سەر دا
شنۆی زیندەگیم ئاما وە بەردا (٣)
چێش خضر نامەی تۆش ئاوەردەوە
دەك ڕستگار بۆ ، ئیحیام کەردەوە (٤)

- ١ -

(١) مەولەوی ئەم پارچە هەلبەستەی لە وەرامی برادەریکیا نووسیوە کە ئەو ئیزنی دوستیکی خوی‌و مەولەوی‌ی دابوو بروا بو سەفەریك . ئەو برادەرەش مەولەوی زوری پی ناخوش بووە ئەو دوستە بروا بو سەفەر . مەولەوی‌یش هەروا پی‌ی ناخوش بووە . جا برادەرەکەی مەولەوی بو مەولەوی ئەنووسی من زور عاجزم لە بەر خەفەتباری‌ی تو بە هوی سەفەری دوستەکەمانەوە ، وە بو ئەو خەفەتباری‌ی تویە عاجزترم لە عاجزی‌یەکەی خوم لە بەر سەفەری ئەو ، وە بانگی مەولەوی ئەکا بروا بو لای تا هەندیك پیکەوە رابویرن . مەولەوی‌یش لە وەرامی ئەو برادەرەیا ئەم پارچە هەلبەستە ئەنووسی :

(٢) تەژنە : تینوو . گیان وە لەب : گیان هاتووە سەر لیو . کەفتەبیم . کەوتبووم . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوە پیکەوە دی . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (تەژنەی) نووسراوە (خەستەی) واتە ماندوو بووم .. بەم پی‌یە ئەم پارچە هەلبەستە یەکیك ئەبی لە پارچە هەلبەستەکانی تیپی خی .

(٣) سیراوی : تیراوی . سەردا : دەرکەوت . شنو : شنە . ئاما وە بەردا : هاتەوە بە بەرا .

(٤) چیش : چونکە . رستگار : رزگار . واتە : تینوو بووم ؛ لە تاو خوراگرتنم لە بەر دەردی دووری‌ی دوست ، گیانم گەیشتبوە کونە لووتم . وە کەوتبوومە گیژاوی دەلیای دووری‌یەوە ، لە ناکاو دیم نەشئەی فینکی تیراو بوون سەری داو شنوی ژیانم هاتەوە بە بەرا ، چونکە خدری فروستادەت قامەی توی هینا . دەك سا خوا رزگاری کا وا زیندووی کردمەوە .

یاوا پێم پەرێم زایەڵەی زاریت
زگاریی زامەت بێ دەوای کاریت (٥)
مزانوو ، هامفەرد ، پڕ شەرتو شۆنی
یارم ، دڵدارم ، غەمخوارم تۆنی (٦)
بەڵام تۆیچ ئاخر ڕەنجت بەردەبێ
چەند جار ژار مار دووریت وەردەبێ (٧)
پەی چێشن وستانێت ئەی مەهلەکەی سەخت
فتوای لوات دا ، لوا وە بێ وەخت (٨)
زوانت ، وەختێ ئیزنش تەڵەب کەرد
لاڵ کەی نمەبۆ ، چەنی (ئا)ش ئاوەرد ؟ (٩)
چەم بێ پەی دینش بینایيش کەم بی
گۆش بێ شنەفتش صەداش ماتەم بی (١٠)

---

(٥) یاوا : گەیشت . پەریم : بو من . زگاری : زویری . زامەت : زەحمەت . کاری : کاریگەر . مەعنای ئەم شیعرەو سە شیعری پاشەوە پیکەوە دی .

(٦) مزانوو : ئەزانم . پر شەرتو شونی : بە وەفاو شەرتی . تونی : توی .

(٧) تویچ : تویش . بەردەبی : بردبوو ، کیشابوو . وەردەبی : خواردبوو .

(٨) وستانیت : منت خستە . ئەی : ئەم . لوا : رویشتن . واتە : نامەکەتم خویندەوە ، وە حالی بووم لە هاوارو گریانت بو من ، وە زویریت بە هوی زەحمەتی کاریگەری بی دەرمانتەوە . من ئەزانم تو دوستیکی بە وەفای وە یارو دلدارو خەمخوری منی ، بەلام خو تویش چەند جار ژاری ماری دووریت چەشتبوو وە ئەتزانی چەند ناخوشە ، ئەی بوچی منت خستە ئەم مەینەتەوەو ریگای رویشتنی یارت داو ئەویش بە ناوەخت رویشتو بە جێی هیشتین .

(٩) واتە : وەختی کە ئەو دوستە داوای ئیزن دانی لی کردی بو رویشتن ، زمانت ، لال کەیەکە بی ، چون (ئا)ی پیا هاتو ریگای دا بروا ؟

(١٠) پەی دینش : بو روانینی . شنەفتش : گوی لی بوونی . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایي پیکەوە دی .

تەن بێ بارکێشیش خەستەی هیجران بی
دڵ بێ مەنزڵگەی مەیلش وێران بی (١١)
چ دادێ مدۆ خاکم وە سەر بۆ
ئیسە تەمای من یا زایەڵەی تۆ (١٢)

---

(١١) بار کیشیش : بار کیشانی . ئەم ضەمیری (شین) انە هەموویان ئەگەرینەوە بو دوستەکەی .

(١٢) مدو : ئەدا . واتە : بینایي چاوم کز بووە بە هوی نەروانینەوە بو ئەو ، وە گویم پر بووە لە هاواری خەفەتی دوور کەوتنەوەی بە هوی نەبیستنی قسەیەوە تا ببی بە مایەی خوشی ، وە لەشم ماندوو بووە لە بەر دیار نەبوونی ئەو تا باری بکیشی ، وە دلم ویران بووە چونکە جاران مەنزلگەی مەیلی ئەو بوو ، وە کە ئیستا ئەو نەماوە چول بووەو کەسی تیا نیە ، ئیتر سا خاك بە سەرم چ سوودیکی هەیە تەماو ئومیدی من و هاوارو گریانی تو .

وە ئەگەر (ی)ی (بی) بە دریژی بخوینینەوە . بە مەعنا (بوو) وەك ئەوەش دەس ئەدا ، مەعنای وای لی دیتەوە : چاوم هەبوو بو دیتنی ئەو ، بە رویشتنیو نەدیتنەوەی . بینایي کز بووە . وە گویم هەبوو ئەیبیست ، ئیستا کە ئەو نەماوە صەدای خەمو خەفەتی تیایە . وە لەشم هەبوو باری ئەوی ئەکیشا ، ئیستا بە هوی نەمانی ئەوەوە ماندوو بووە . وە دلم هەبوو مەنزلگەی مەیلی ئەو بوو ، کە ئەو رویي ویران بوو . بە پێی ئەم مەعنایە ئەوە راستە کە لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (شنەفتش) نووسراوە (مەشنەفتش) ، وە لە جیاتیی (بارکیشیش) نووسراوە (بارکیشش) .

وە ئەگەر لە جیاتیی (بی) بخوینینەوە (پەی) وەك لە هەندی نوسخەدا نووسراوە ، مەعنای وای لی دیتەوە : چاو کە بو دیتنی ئەوم دانابوو بە هوی دوور کەوتنەوەیەوە بینایي کەم بووە . وە گوی کە بو بیستنی قسەی خوشی ئەوم ئەویست ، ئیستا کە دەنگی ئەوی تیا نیە پر بووە لە صەدای خەمو خەفەت ، وە لەشم هەبوو بو بار کیشانی ئەو . ئیستا لە بەر دوور کەوتنەوەی ئەو ماندوو بووە . وە دلم هەبوو کردبووم بە مەنزلگەی مەیلی ئەو . ئیستا ویران بووە چونکە ئەوی تیا نەماوە . بە پێی ئەم مەعنایشە هەر (بارکیشیش) راستە نەك بار کیشش . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (شین)ە ضەمیرەکان لە هەموو نیوە شیعرەکاندا ، ضەمیری (تی) هەیە . بەم پێیە مەولەوی راستەو خو قسە لە گەل برادەرەکەی ئەکا . بەلام گورانی مەعنای شیعرەکان لە سنووری گورینی ضەمیر لە (غائب)ەوە بو (مخاطب) دەرناچی .

مەعلووم بی وەنەم حەسرەتت کێشان
پەی سەیرو صوحبەت صەفای دڵ ڕێشان (١٣)
هام ڕەفیقم دەرد ، هام صوحبەتم کۆس
وێم جە وێم خاڵی ، مەوج مدەو جە دۆس (١٤)
تا ئەو بەو جەماڵ دڵ دەسە پاڵەن
من سەیرم مەحاڵ ، صەفام بەتاڵەن (١٥)
جەو بۆنۆ فەردم ئیستیفا بێزەن
دامەنەش لایق ئەی پەراوێزەن : (١٦)
شێوە ئەر ئێدەن من کەردەنم سەیر
فام ، خودا حافظ ! دین ، بنیش وە خەیر ! (١٧)
تۆ سەروەش وەی سەیر صەفاو بەختەوە
من وێڵ وێڵ وەی زام سزای سەختەوە

---

(١٢) وەنەم : لیم . کیشان : کێشاوە . مەعنای ئەم شیعرەو سە شیعری دوایی پێکەوە دی .

(١٤) هام صوحبەتم کۆس : کۆس کەوتن بووە بە هاوریم . مەوج مدەو : سەپول ئەدەم .

(١٥) دەستە پاڵ : کەسێکە کەوتبێ لە سەر شان .

(١٦) جەو بونو : بەو بونەوە . فەردم : شیعرم . ئیستیفا : پارچە نوماشیکی جوانە وەک تاقە . دامەنەش : داوینەی . ئەی : ئەم . واتە : زانیومە کە زەحمەتت کێشاوەو خوت ماندوو کردووە بو ئاماده کردنی سەیران و ڕابواردن بو هاوری دل بریندارەکانت ، بەڵام من ئەم ڕابواردنەم پی ناکری چونکە دەردو کۆس کەوتن بووە بە هاوریم ، وە خاڵی بوومەتەوە لە خوم و فکری خومم پی نەماوەو شەپول ئەدەم لە خەیاڵی دوستا ، چونکە تا ئەو بەو جوانی و خوخو شەنگیەیە بی کە دل ئەکوتی بە عەرزاو لە سەر لا ئەیخا ، من سەیرو خوشیم پی ناکری ، بویە شیعری من وا ئەوەندە جوان و ڕازاوەیەو پارچەی ئیستیفا لە بەر چاو ئەخا ، وە داوینەی شیعرم شایانی ئەوەیە کە ئەم شیعرانەی ناشەوەی بو بکری بە پەراویز .

(١٧) ئێدەن : ئەمەیە . دین : ئایین . بنیش : دانیشە . مەعنای ئەم شیعردو شیعردکانی پاشەوە پێکەوە دین .

تۆ هەر سات شادیت بێ ئەندازە بۆ
من هەر لاد دەردێ پەرێم تازە بۆ (١٨)
تۆ وێنەی بولبوڵ مەست هەوای گوڵ
من چون بایەقوش چۆڵ نەوای دڵ (١٩)
پەرێ تۆ ڕاحەت ، پەرێ من زامەت
هەردوو سلاّمەت ، تا ڕۆژی قیامەت (٢٠)

(١) ـ ٢ ـ

تەدریس‌و تەقدیس ، تەمجید بێ دەنگەن
حەسارەی تەقریر تەوحید بێ ڕەنگەن (٢)

---

(١٨) هەر لاد : هەر کاتی . پەریم : بوم .
(١٩) بایەقوش : باندەیەکە بە نەگبەتی ناوبانگی دەرکردووە .
(٢٠) پەری : بو . واتە : شیوەی دوست ئەگەر ئەو شیوەیە بێ کە جاران من دیومە . نە فامم لا ئەمینی‌و نە ئایین وە ئەبی مالاوایی‌یان لێ بکەم . کەواتە تو بو خوت بە کامەرانی رابوێردو سەرخوشی بەختیاری‌ی خوت بە . منیش بە زامی سەختی خومەوە سەری خۆم هەڵئەگرم . ئیتر خوا بکا تو هەر تاوی لە خوشی‌و شادمانی‌یەکی بی ئەندازەدا بی‌و منیش هەموو وەختی دەردم بو تازە ببیتەوە ، تو وەک بولبول بە بونی گول مەست بی‌و منیش وەک بایەقوش لە چولی‌یەکدا بم کە جگە لە ئاوازەی دای خوم هیچی تیا نەبیسم . هەردووکمان بە سەلامەتی بژین تا ڕۆژی قیامەت بەڵام تو بە ڕەحەتی‌و من بە دەردو مەینەوە .

ـ ٢ ـ

(١) مەولەوی ئەم غەزڵەی بو خزمەتی شیخ محمد جسیمی برای شیخ قادری دانەوی شەرحی (تهذیب الکلام) نووسیوە کە یەکی بووە لە زانا گەورەکانی سنە بە بونەی کوێر بوونی خویەوە . ئەم غەزڵە لە هەندی نوسخەدا بەشیکە لە غەزڵی (بینایی دیدەم تو وە سلامەت) کە لە تیپی (بی) دا بلاومان کردەوە .
(٢) تەدریس : دەرس وتنەوە . تەقدیس : بە بی گەرد زانینی خوا . تەمجید : شان‌و شکو بو خوا دانان . حەسارە : شوورە . تەقریر : ڕوون کردنەوەی دەرس . تەوحید : خوا بە یەک دانان . مەبەس عیلمی کەلامە . واتە : دەنگی دەرس وتنەوەو تەقدیس‌و تەمجید کردنی خوا نایەت لە خویندنگاکەمەوە بە هوی کوێر بوونمەوە . وە شوورەی خویندنگای عیلمی تەوحیدم ڕەنگ‌و ڕووی نی‌یە .

پارچه‌ی ته‌ءلیفات شێخ مهاجر
گرانه‌ن ، نی‌یه‌ن مشته‌ری‌و تاجر (۳)

---

(۳) شیخ مهاجر : مه‌به‌س زانای به‌ناوبانگ (شیخ عبدالقادری مهاجر)ه . ئه‌م ذاته کوری زانای گه‌وره (شیخ محمد سعیدی ته‌خته‌یي) مدرسی مزگه‌وتی (دار الاحسان) بووه له سنه ، وه سه برای وه‌ك خوی زانای بووه (شیخ جسیم) و (شیخ نسیم) و (شیخ وسیم) ، وه له پاش وه‌فاتی باوکی له جیگه‌ی ئه‌و بووه به مدرسی دار الاحسان ، تا له سالی ۱۲۷۱ی هیجری‌دا له سه‌رده‌می والی‌ی کوردستان (غولام شاه خان)ی مه‌شهوور به (أمان الله خان)ی دووهه‌مدا له ئه‌نجامی کاره‌ساته‌که‌ی (کاروانسه‌را) دا که له نیوانی شیعه‌و سوننی‌دا قه‌وما ، له گه‌ل شیخ نسیمی برایا سنه‌یان به‌جی‌هیشت‌و هاتن بو سلیمانی وه له‌وی دامه‌زران . به‌لام شیخ جسیم‌و شیخ وسیمی برای هه‌ر له سنه مانه‌وه ، هه‌رچه‌ند والی له سه‌ر مزگه‌وتی دار الاحسان لای بردن‌و شیخ یوسفی مه‌ردوخی‌ی خزمیانی کرد به مدرس تیایا چونکه لایه‌ن گری خوی بووه . موشته‌ری : کریار . تاجر : بازرگان . واته : کتیبه عیلمی‌یه‌کان که شیخ عبدالقادری مهاجر دای‌ناون که‌س نه‌ماوه بی‌یانلیته‌وه به فه‌قی ، چونکه له‌و ناوچه‌یه‌دا تاقه ماموستایه‌ك که ئه‌و کتیبانه‌ی زانیبی هه‌ر مه‌وله‌وی بووه . ئه‌و کتیبانه‌ی شیخی مهاجر بریتین له‌مانه : سه شه‌رح له سه‌ر کتیبی (تهذیب الکلام) وه نامیلکه‌ی (اثبات الواجب) وه حاشیه‌ی (الزوراء) و (الحوراء) که (جلال الدینی دوانی) دای‌ناون له عیلمی که‌لاما ، وه حاشیه له سه‌ر حاشیه‌ی (مصلح الدینی لاری) له سه‌ر شه‌رحی (قاضی) له به‌شی (طبیعیات) و (الهیات) له کتیبی (الهدایه)ی (اثیر الدینی ابهری) وه گه‌لی کتیبی تر . مه‌وله‌وی له‌م شیعره‌یا کتیبه‌کانی شیخی مهاجری شوبهاندووه به پارچه قوماشی گران به‌ها که نه بازرگانیك هه‌بی توانای فروشتنی بی وه نه که‌سیش بتوانی بیکری . به راستی مه‌وله‌وی له زانایدا شایانی ئه‌م پیا هه‌لدانه‌ی خویه‌تی که کردوویه‌تی ، به‌لگه‌ش دانراوه به نرخه‌کانیه‌تی له عیلمی که‌لامدا به عه‌ره‌بی‌و فارسی‌و کوردی .

(كشف الغطا)ی صدر محمد جسیم
غونچەی نەشکفتەن بێ شنۆی نەسیم (٤)
بێ نازەن کیتاب (عطا)ی (دولتین)
یەند ڕێزان قەترەی خوم جە عەین عەین (٥)
تەفاوت نی یەن تێشدا جە مابەین
شوبهەی شین‌و سین میثل عەین‌و غەین (٦)

---

(٤) نەشکفتەی : نەپشکووتوو . واتە : کتیبی (کشف الغطاء) کە زانای گەورە (صدر العلماء شیخ محمد جسیم) دای‌ناوە . وەك چون خونچە بە بی شنوی نەسیم ناپشکوی ، ئەویش بە بی نەسیمی زانستی ئیمە دەم ناکاتەوە‌و نازانری . مەبەستی لەم شیعرەیدا دوو هونەری (بدیع)ی بە کار هیناوە ، یەکەم یەك خستنی (غونچە) و (نەسیم) کە پێی ئەلین (طباق) ، دووهەم کو کردنەوەی (جسیم) و (نسیم) کە پێی ئەلین (جناسی ناقص) .

(٥) عەطای دەولەتەین : (عطاء الدولتین) کتیبیکە ، هەرچەند نەمدیوە بەڵام بە هەندیك نیشانەدا وا دیارە باسی مەذهەبی شیعەو سوننی ئەکا ، وە بە نیازی نەهیشتنی ناکۆکی‌و لە یەك نزیك کردنەوەی دولەتی عوسمانی‌ی سوننی مەزهەب‌و دەولەتی ئیرانی شیعە مەزهەب نووسراوە . عەین : سەرچاوە . عەین : چاو . واتە : ئەوندە فرمیسکی شینی وەك خوم لە سەرچاوەی چاوم هاتووەتە خوارەوە کتیبی (عطاء الدولتین) بی ناز کەوتووە .

(٦) تەفاوت : جیاوازی . تیشدا : تیایا . شین : ئیشارەتە بۆ شیعە . سین : ئیشارەتە بۆ سوننی : عەین : مەبەس لە قسەی ڕاست‌و ڕوشنە . غەین : مەبەس قسەی غەلەت‌و تاریکە . هەلیش ئەگری هەر مەبەس ناوی تیپەکان بی . واتە : بە هوی کوێر بوونمەوە فەرق نەماوە لە کتیبی (عطاء الدولتین) دا لە نیوانی شوبهەی شیعەکان‌و دەلیلی ڕاستی سوننی‌یەکاندا ، وە جیاوازی نەماوە لە نیوانی ڕوشن‌و تاریکا ، یان جیاوازی نەماوە لە بەینی تیپی شین‌و سین‌و ، عەین‌و غەین‌دا ، چونکە فەرق بە چاو ئەکری ، وە منیش چاوم نەماوە .

باڵ نمەدۆ تەیر تەحریر وە هەمدا
گا وە ڕووی ڕۆمدا ، گا وە عەجەمدا (٧)
ئومەنای دەوڵەت جە گردین لاوە
نە ئینتیظارەن چەم نە ڕووی ڕاوە (٨)
تەوانای وانای فەرمان نەمەندەن
چەپەر بێ جواو ، خەبەر پا بەندەن (٩)
سەهلەن بینایي دیدەی مەعدووم سەند
داخم هەر ئێدەن ئاخ پەی یاران مەند (١٠)
بەڵام کێن بدۆ نەی ڕا گوزەردا
شان وە شان شێر قەزاو قەدەردا (١١)

---

(٧) بال نمەدو : بال لی نادا . واتە : باڵداری نووسینم بە هوی کویر بوونمەوە ، وەك جاری جاران ناداتە شەقەی بال ، جاریك بەرەو ولاتی ڕوم و جاریك بەرەو ولاتی عەجەم . مەولەوی لێرەدا توانای نووسینی خوی شوبهاندووە بە باڵدار .

(٨) ئومەنا : امناء . گردین : هەموو . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

(٩) وانا : خویندنەوە . چەپەر : مەئموری پوستە . جواو : جواب ، وەرام . واتە : پیاو ماقوولانی ڕوم و عەجەم چاویان لە ڕێیەو بە تەمان نامەی منیان پی بگات ، بەڵام من توانای خویندنەوەی نامەی ئەوانم نەماوە تا وەرامیان بدەمەوە ، لە بەر ئەوە مەئموری پوستە ماتلەو خەبەر پێی بەسراوە .

(١٠) مەند : مایەوە . واتە : کویر کردنی مەولەوی وە نەبی لە خویا شتیکی گران بی ، وە من بو چاوم خەفەتبار نیم ، بو ئەوە خەفەتبارم کە کویر بوونەکەم بووە بە مایەی خەم و خەفەت بو دوست و برادەرانم .

(١١) کێن : کێیە . بدو : بدا . نەی : لەم . واتە : بەڵام چار چێیەو کێ هەیە لەم ڕێگوزەردا بتوانی شان بدا لە شانی شێری قەزاو قەدەر ؟

مەحبووبەن هەرچی موقتەضای قەزان
مەرغووبەن جە لای هەرکەس پێش ڕەزان (١٢)
هەر شێرێ جە شیر شێران شیر وەردەن
گەردەن پەی زنجیر تەقدیر کەچ کەردەن (١٣)
بارێ ئەگەر هەور ئەلطاف باری
پەی مەدەدکاری وە دڵدا باری (١٤)
دیدەی سەر ئەر شی دیدەی سڕ کافین
ئێد دای مونافین ئەو دەوای شافین (١٥)
ئێد وەظیفەی گڵ ، ئەو لەطیفەی دڵ
ئەو چون مەنزڵەن ، ئێد بێ چون مەنزڵ (١٦)

---

(١٢) پیش : پەی . ڕەزان : رازیبە . واتە : هەرچی قەزاو قەدەری خوا پیویستی بکا خوشە ، وە هەر کەس کە بە قەزاو قەدەر رازی بی پەی ناخوش نابی .

(١٣) وەردەن : خواردووە . واتە : هەر شیری شیری خواردبی گەردن کەچ ئەکا بو قەزاو قەدەری خوا . مەبەس لە شیر ئینسانی مەردە .

(١٤) باری : بە هەر حال ، هەر چون بی . باری : خوای گەورە . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

(١٥) ئەر : ئەگەر . شی : لە کیس چوو . دیدەی سر : چاوی دل . واتە : بە هەر حال ئیستەش کە کویر بووم ، ئەگەر هەوری لوتفی خوا بو کومەکی بارانیکی ڕەحمەت بە سەر دلما ببارینی من زەردەر ناکەم چونکە هەرچەند چاوی سەرم نەماوە خو چاوی دلم ماوە ، وە بەسمە ؛ بە تایبەتی کە چاوی دل گەلی قازانجی زورترە لە چاوی سەر ، بەلکو موناسەبەیان بە یەکەوە نیبە بە هوی ئەوەوە کە چاو تەماشای حەرامی پی ئەکری ؛ وە سەیری شتی وا ئەکا کە ئینسان مەشغوول ئەکا لە یادی خوا ، وە وەکو دەردیك وایە کە لە گەل تەندروستیدا یەك نەکەوی ، بەلام چاوی دل لە بەر بیر کردنەوەی لە شتی بە سوود وەك دەرمانیکی شیفا هینەر وایە . مەولەوی لە سە شیعری پیشوویدا هونەری (جناس)ی بە کار هینا وەك کو کردنەوەی وشەی (شیر)ی بە مەعنا پیاوی ئازاو (شیر)ی بە مەعنا خواردەمەنی ، وە (باری)ی بە مەعنا خوای گەورەو (باری)ی لە باران وەرگیراو ، وە (سەر) و (سر) .

(١٦) بی چون : ئەوەی کە کەسی لە وینە نیبە کە خوایە . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

ئەو بەقاش نیـیەن ، فەناش تاقیـیەن
ئێد عەطای تاقیو باقیو لاقیـیەن (١٧)

(١) ـ ٣ ـ

تەختەی مۆبەت تاش ، نەجار دڵتەنگ ،
گیر گێج دام کلاڤەی شەوڕەنگ ! (٢)

---

(١٧) تاقیـیەن : تەحقیقە ، راستە . لاقی : بە ئینسان گەیشتوو . واتە : ئیشی چاوی سەر ئەوەتە سەیری شتی مادی بکا ، بەلام ئەرکی سەرشانی چاوی دل ئەوەتە خەریکی کاروباری مەعنەوی بی ، وە چاوی سەر جیگای شتی مادیی تیا ئەبیتەوە کە وینەی ببی ، بەلام چاوی دل ماواو مەنزلی خوای بی وینەیە وەك لە حەدیثا هەیە (قلب الموءمن عرش الرحمن) واتە : دلی پیاوی موسوڵمان بارەگای خوایە ، هەروەها چاوی سەر مانەوەی بو نیـیەو گومانی تیا نیـیە کە ئەفەوتی ، بەلام چاوی دل بەخشیکی راستو دەوام دارو بە خوا گەیشتووە .

لێرەدا مەبەسی مەولەوی ئەوە نیـیە کە چاوی سەر لە هەموو رووـیەکەوە خراپو بی سوودە ، وە چاوی دل لە هەموو سەریکەوە باشو بە کەلکە ، چونکە ئاشکرایە کە هەردووکیان شتی چاکو خراپیان پی ئەکری . بەلکو مەبەسی ئەوەیە ئەو چاکەیەی بە چاوی دل ئەکری بە کەلکترە لەوەی کـە بە چاوی سەر ئەکری . لە راستیدا سەعاتیك بیر کردنەوە لە عیبادەتی حەفتا سال بە کەلکترە . وەك لە حەدیثا هەیە .

— ٣ —

(١) مەولەوی ئەم پارچە هەلبەستەی لە وەلامی نامەی دوستیکیا نووسیوە کە ناوی (مەلا عبدالرحیمی نجاری) بووە . مەلا عبدالرحیم لە نامەکەیا باسی سوزی دلی خوی کردووە بو مەولەوی بە هوی تەئثیری مورشیدیەوە لـە سەردتای تەریقەت وەرگرتنیا .

(٢) موبەت : محبت ، خوشەویستی . نەجار : دارتاش . گیر : گیر خواردوو . گیج : پیچ . دام : داو . شەو رەنگ : تاریك وەك شەو . واتە : ئەی ئەو دوستەی کە تەختەی خوشەویستی ئەتاشی ، وە ئەی دارتاشی دل تەنگو گرفتاری پیچی داوی کلافەی رەشی خوشەویستی . مەولەوی کـە لەم شیعردا بە (نەجار) بانگی کردووەتە مەلا عبدالرحیم کە ئەم پارچـە شیعردی بو ناردووە ، وە مەلا عبدالرحیمیش خەلکی دێی (نجار) بووە لەوبەری سیروانەوە لە نزیکی (پاوە) ، نەزاکەتیکی جوانی بە کار هیناوە .

نامەی ئایرین گەرمی ئەنگێزت
دووی پووش جەستەی دەردینان خێزت ، (٣)
یاواو حاڵیم بی یەك یەك ئیشاران
خەندەم کەرد ، هەی های ، دەردەکەن یاران (٤)
ئەر ڕاسەن دۆسیت دۆسەکەی گیانی
من وە دار کۆڵەك خەمان مزانی (٥)
هوون بێ پایان دەردم وەردەبۆ
تەجرەبەی تۆڕدام عەشقم کەردەبۆ (٦)
هاڵای گرپەی دەرد ئەو باڵای ئاڵا
نە کووڕەی دەروون نەگرتەن باڵا (٧)

---

(٣) ئەنگیز : بەرپا کەر . دوو : دووکەل . جەستە : لاشە . دەردینان : دەرداوی . خیز : بەرز کەردوە . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا تەواو ئەبی .

(٤) خەندەم کەرد : پێکەنیم . واتە : نامە ئاگراوی‌یەکەت کە گەرمای بەرپا ئەکردو دووکەلی هەڵئەساند لە لەشی بریندارێ وەك پووشمان . پیم گەیشتو لە هەموو ئیشارەتەکانی گەیشتم‌و دام لە قاقای پێکەنین‌و وتم ئەری وەللا دەردەکەیە ئەویش گرفتاری بووە !

(٥) ئەر : ئەگەر . کولەك : کولەکە . خەمان : داری چەمیوە . مەبەستی ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پیکەوە دێ .

(٦) هوون : خوین . وەردەبۆ : خواردبێ . تور دام : تور داو .

(٧) هالای : هیشتا . ئالا : جوان‌و بەرز . نەگرتەن بالا : بەرز نەبوەتەوە . واتە : برای شیرینم ئەگەر بە راستی دوستمێ‌و من بە کولەکەی راگیر کەری داری خەم‌و مەینەتی خوشەویستی ئەزانی‌و لات وایە من خوینی دەردو ئازارم خواردووەو تور داوی خوشەویستیم تاقی کردووەتەوە ، باوەرم پێ بکە کە پیت بلیم هیشتا بلیسەی دەرد لە کووڕەی دەروونتەوە بەرز نەبوەتەوەو زورت ماوە ..

دام دوو بادەی صەیاد قاتڵ
نەپێچیان نە دەور پای شکستەی دڵ (٨)
فرسەت نەکەوتەن بەو ڕەنگ قادر بۆ
جەفاش فراوان ، وەفاش نادر بۆ (٩)
دەخیل زووتەر کێشش پات ئەو دماوە
نەگنی نەی تۆڕدام وە هەردوو پاوە (١٠)
جەو دما وە دەس بای ئیستیغناوە
لەرزی وە سەر تەڵ دار فەناوە (١١)
سەر وەنەت ببۆ وە بار گەردەن
بوازی هەر سات ئاوات وە مەردەن (١٢)
نە پەی ئەو ڕەویەی بەینەت داری بۆ
نە پەی تۆپێچ وە مەرگ ڕستگاری بۆ (١٣)

---

(٨) دوو بادە : دوو لو . صەیاد : راوچی . مەعنای ئەم شیعرە بە شیعری دوایی‌یەوە بەسراوە .

(٩) قادر بو : بتوانی . واتە : داوی دوو لوی راوچی‌ی کوشندە هیشتا نەئالاوە لە قاچی شکاوی دلت ، وە هیشتا بوی هەڵنەکەوتووە کە بتوانی وەفای کەم بی لە گەلتاو سزای زورت بدا .

(١٠) کێش : بکێشەرەوە . نەگنی : نەکەوی . واتە : دەخیلتم زووتر پیت بکێشەرە دواوە پێش ئەوەی بە هەردوو پی بکەویتە ئەو تورداوەوە .

(١١) جەو دما : لەوەوپاش . واتە : ئەگینا لەوەوپاش بە سەر تەلی داری لە ناو چوونەوە بە دەم بای بی موبالاتی‌ی دوستەوە ئەلەرزی .

(١٢) وەنەت : لیت . ببو : ئەبی . بوازی : ئەخوازی .

(١٣) واتە : ئەو وەختە نە ئەو ئاگای وەفاو بەین ئەزانی ، وە نە تویش بە مردن رزگار ئەبی .

ئەو صەبر ، ئەو تاقەت ، ئەو تەوانای دەرد
نەدیت خەرجم کەرد فائیدەش نەکەرد ؟ (١٤)
ئیسە سۆچیای گەرمیی دڵ سەردیم
سەودایي سارای دەرد بێ دەردیم (١٥)
ئەر مژنەوی خاس ، وەر نە مزانوو
مەرگ پەرێ تۆپچ مدۆ نە زانوو (١٦)

تەءثیر خەیاڵ کردەی من سەر دا
سستی شەرمندەن ، سەر شی وە وەردا (٢)

---

(١٤) تەوانای دەرد : دەرەقەتی دەردو مەینەت هاتن . نەدیت : نەتدی . واتە : نەتدی من چەند خوم راگرت کەچی کەلکی هیچی نەبوو ؟

(١٥) سوچیا : سووتاو . واتە : ئیستا من سووتاوی گەرمای دل ساردیی یارم ، وە گرفتاری دەردیکم کە لە کەسەوە دیار نییەو بە جوریکە کە کەس بە دەردەدارم نازانی .

(١٦) مژنەوی : ئەبیسی . پەری : بو . زانوو : ئەژنو . واتە : جا ئەگەر گویم بو شل ئەکەی باشە ، ئەگینا خوم ئەزانم کە مەرگ بو تویش دیتە سەر ئەژنوو خوی ئامادە ئەکا .

(١) مەولەوی لەم پارچە شیعرەیا باسی وەزعی پیریو چەمینەوەو فەلسەفەی چەمینەوەی بالای خوی ئەکا .

(٢) شی : چوو . واتە : ئەنجامی بیر کردنەوەم لە کردەوەی بەدم دەرکەوت ، لە بەر ئەوە سستیو تەمەلیم لە کردنی ئیشی باش شەرمەزار بوو . وە سەرم دانەویەوە .

سەنگی‌ی سەنگی‌بار تاوان زۆر کەردەن
پیری بەدنامەن قامەت خەم کەردەن (٣)
تەن خەمیاوە ، یانێ دەستوورەن
وادەی هۆرێزنای گیان ئەو حوزووڕەن (٤)
تاوان ڕای نەفەس ڕجا گرتەن لێم
کردە یاگەی دەس تەما ناستەن پێم (٥)
پای هەوەس تەزان ، ئارەزوو مۆڵەق ،
مەندەن وە ڕەحمەت بێ پایان حەق (٦)
دامنەکەی ئاییر دەروونم تۆنی
وەی دوو فەردەوە مغنی کۆنی : (٧)

---

(٣) سەنگی : قورسی . سەنگی بار : باری قورس . خەم : چەمیوە . واتە : قورسی‌و باری قورسی گوناحە زۆری هیناوەو بالامی چەماندووەتەوە ؛ کەچی پیری بەدناو بووەو خەلك ئەلین ئەوە چەماندوویەتەوە .

(٤) خەمیاوە : چەمایەوە . هوریزنا : هەستاندن . واتە : ئەم لەش چەمینەوەیە ئیشارەتە بو ئەوە کە کاتی ئەوە هاتووە گیان راست ببیتەوە بچی بو حوزووری خوا ؛ چونکە هەرکەس کە هەلسیتەوە سەر پی ئەبی جوولەیەکی بو بکاو لەو جوولەیەدا سەری دانەوینی . مەبەس لە چوون بو حوزووری خوا ؛ مردنە . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (خەمیاوە) نووسراوە (نامیاوە) ئەمیش هەر بە مەعنای ئەوە .

(٥) را : ریگا . نەفەس : هەناسە . یاگە : جیگا . ناستەن : نەهیشتووە . واتە : گوناح ریگای لی گرتووم کە هەناسە بدەم‌و تکات لا بکەم ، وە کردەوەی خراپ جیگەی دەسی هیوای پی‌نەهیشتووم .

(٦) تەزان : تەزیوە . مولەق : معلق ، سەرگەردان . واتە : پی‌ی هەواو هەوەسم تەزیوەو جوولەی پی ناکری ، ئارەزوویشم سەرگەردان بووە ، بەس ماوەتەوە سەر ڕەحمەتی نەبراوەی خوای گەورە .

(٧) دامنەکەی : داوینەکەی . کونی : لە کوی‌ی . واتە : لەم کاتەدا کە من داماوم و دلم سارد بووەتەوە ، توی بووی بە داوینە بو خوش کردنی گری ئاگری دەروونم ، ئەی گورانی بیژ ، دەسا لە کوی‌ی بی‌ی بە ئاوازە خوشەکەت ئەم دوو شیعرەم بو بلییت‌و گر بەر بدەیتە دەروونم . دوو شیعرەکەش ئەمانەی دواوەن .

یا ڕەبی نەو شەو تاریکەی فانی
هەر تۆ وە کردەی بەدیم مزانی (٨)
ئای سوبح مەحشەر سەرئەفگەندە وێم
شەرمندەی حوزوور خوداو بەندە وێم (٩)

(١) ـ ٥ ـ

تەرك ئینتیظار حەیات کەردەنم
یانێ ژار مار دووری وەردەنم (٢)
شنۆی ڕەشەبای زووسان هیجران
سەرچڵەی عەیشم کەردەن وە بوریان (٣)

---

(٨) واتە : خوایە لەم شەوی تاریکی دنیای فانیبەدا ، هەر توی شارەزای کردەوەی بەدمیو چاوت لێبەتی ، دەسا بەزەییت پیاما بیتەوە .

(٩) سەر ئەفگەندە : سەر داخستوو . وێم : خوم . واتە : ئەگینا ئەبی لە بەزەبەیانی ڕوژی مەحشەرا سەری خوم داخەمو خەجالەت باری حوزووری خواو بەندە ببم .

ـ ٥ ـ

(١) مەولەوی لەم پارچە شیعرەیا سکالای حالی خویو باسی خەمو مەینەتو دووریی دوستان ئەکاو داوای لوتفی دوستان ئەکا .

(٢) کەردەنم : کردوومە . وەردەنم : خواردوومە . واتە : دەسم لە چاوەرێیي کردنی ژیان هەلگرتووە ، چونکە ژەهری ماری دووریی یارانم خواردووە .

(٣) زووسان : زستان . بوریان : بوریانی . واتە : شنەی ڕەشەبای زستانی دووریی یاران ئەوەندە سارد ە ، سەرەتای ژیانمی ، کە وەرزی لاویمە ، کردووە بە بوریانیو دای رزاندووە . مەولەوی لیرەدا سەردەمی لاوینیی خوی شوبهاندووە بە سەرچلی درەخت کە سەرما بیباو دایرزینی .

کێڵەی خەفەت نە سەر کاوەی دڵ
مەزرەعەی شادیم کەردەن بێ حاصڵ (٤)
من جە خێڵخانەی مەینەت پامالم
کۆن بەینەت دارێ پەرسۆ ئەحوالم ؟ (٥)
مەر ئازیز وە خەیر تەشریف باوەرۆ
نەی گێجاو خەم دەسگیریم کەرۆ (٦)
بنۆشنۆ وە دڵ صەهبای مەیل وێش
پەی وەخت مەردەن حەسرەت نەبۆ پێش (٧)

ـ ٦ ـ [1]

تا جە (داخی) تاق ، جفت خەمەنان
ڕاس بالا چون چۆی چەوگان چەمەنان (٢)

---

(٤) کلیلە : بەو بەفرە ئەلین کە لە لا شانی شاخە بەرزەکانا گرد ئەبیتەوەو ریچکە ئەبەستی . کاو : بەرزی . واتە : کلیلەی مەینەت لە سەر بەرزایی دلم بە جوری زوری هیناوە کیلگەی شادیو خوشیی دلی فەوتاندووەو کاریکی لی کردووە هیچی لی نەیەتە بەرهەم .

(٥) کون : کوا . پەرسو : بپرسی . واتە : من لە ناو هوزی مەینەتو خەما گوم بووم‌و شوینەوارم کویر بووەتەوە ، دەسا کوا دوستیکی بە وەفا لیم بپرسیتەوەو بە دواما بگەری ؟

(٦) باوەرو : بینی . نەی : لەم . واتە : مەگەر ئازیزەکەم بە خیریەت تەشریف بینی بو لام‌و لەم گیژاوی مەینەتەدا دەسم بگری‌و رزگارم بکا .

(٧) بنوشنو : بنوشینی . صەهبا : صهباء ، مەی . واتە : پیالەی شەرابی خوشەویستیی خوی دەرخواردی دلم بدا ، بەڵکو لە کاتی مردنا داخ‌و خەفەتی تیا نەبی .

ـ ٦ ـ

(١) مەولەوی بەم پارچە هەڵبەستەی قسە لە گەڵ شاعیری بەرز (شیخ عبداللەی داخی) ئەکا کە برادەرو دوستی بووە ، وە ویستوویە سەری لی بدا بەڵام بە هوی لافاوکردنی ئاوی سیروانەوە نەی توانیوە بروا بو لای .

(٢) جفت : جووت . چو : دار . چەوگان چەم : گوچان چەمینەوە .

شەماڵ وە خزمەت ئەو زامان خەطەر
یشۆ ، ئەر پەرساش ئێدش جواو دەر : (٣)
گیرۆدەی ئازار سەخت فیراقەن
هەرچەند موشتاقی ئینده موشتاقەن (٤)
بەلّام تاو سەیل دەردە کەی دووریت
لافاو هووناو ڕەنج مەهجووریت (٥)
تانجەرۆی ئەی چەم ، سیروان ئەو چەم
جۆشاوێ وە هەم. ئەی چەم تا ئەو چەم (٦)

واتە : تا بە تەنها بمو شیخ عبداللەی داخیم لە گەل نەبی ؛ هاو جووتی خەمو خەفەت ئەبم ، وە بالای راستم وەکو داری گوچان چەمینەوە وا ئەبی . لە دیهاتی کوردەواریدا کە گوچان دروست ئەکەن سەریکی ئەچەمینەوە ؛ وە بە تووڵی باریك ئەی بەستن تا وشك ئەبیتەوەو دەق ئەگری . لە بەینی وشەی (تاق) و (جفت) ا بە پێی عیلمی (بدیع) هونەری (طباق) هەیە .

(٣) بشو : بچو . پەرساش : پرسی . واتە : شەماڵ برو بو خزمەتی ئەو دوستەم کە گیروەی برینی خەتەرناکە ، وە ئەگەر پرسیاری لی کردی لە وەڵاما بڵی .. واتەکەی لە شیعرەکانی دواوەدا باس کراوە .

(٤) ئینده : ئەمەنده .

(٥) سەیل : لافاو . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دی .

(٦) تانجەرو : چەمیکە سەرچاوەکەی ئەکەوێتە ڕۆژاوای سەرووی سولەیمانیەوە ، وە بە بەردەمی (جیشانە) و (هەزار میرد) ا تێئەپەڕی وە لە (شارەزوور) لە نزیکی (بیسەلین) ئەرژێتە ئاوی (زەلم)ەوە : پاشان هەردووکیان لە نزیکی (شەڵەمەیدان) تێکەڵی ئاوی (سیروان) ئەبن . سیروان : ڕووبارێکی گەورەیە ؛ سەرچاوەکەی ئەکەوێتە ژوورووی (سنە) وە لە کوردستانی ئێران . ئەم ڕووبارە لە سە بەشی گەورە پێك دی ؛ یەکەم ئاوی ناوچەی (کوماسی) ، دووهەم ئاوی (مەریوان) . ئەم دوو بەشە لە نزیکی دێی (دوورو) وە تێکەڵی یەك ئەبن وە پێکەوە ئەڕون تا لای دێی (ڕووار) لە ژوورووی (هەجیج) دوە تێکەڵی ئاوی (گاودڕو) ئەبن . ئیتر لەوێوە پێی ئەوتری (سیروان) . کە واتە سیروان لە (سە ڕوودان وەرگیراوە واتە سە چەم . جوشاوی وە هەم : تێکەڵی یەك بووبوون .. مەوڵەوی لەم شیعرەدا چاوێکی خوی شوبهاندووە بە تانجەڕوو ئەو چاودکەی شوبهاندووە بەسیروان .

کەڵەك هۆر مدا نمازا دەو لێش
ڕای ئامام نەوی پا بنیەو ئەو پێش (٧)

(٧) کەلەك : چەند پارچە تەختەیەك بە یەکا ئەکوتری‌و لە ژیریەوە چەند پیستە گای فوو دراوی پیوە ئەبەسری‌و ئەخریتە سەر ئاو بو پەراندنەوەی خەلك ، ئەوە پێی ئەوتری کەلەك . نمازا : نایەلن . دەو لیش : لێی بدەم . واتە : بەلام تاوی لافاوو خویناوی دەردی دووریت ، وەك ئاوی سیروان‌و تانجەرو لە چاوەکانمەوە ئەرژانە خوارەوەو تیکەلی یەك بووبوون ، وە ئەوەندە زور بوون کەلەکیان فری ئەداو نەیان‌ئەهیشت پی بنیمە بەر پێ‌و بپەریمەوە بیم بو لات .

شیخ عبداللەی داخی کە پارچە شیعرەکەی مەولەوی ئەگاتە دەستی ، بە پارچە هەلبەستیکی جوان وەرامی ئەداتەوە . وا لیرەدا بو زیندوو کردنەوەی یادی داخی‌و پیشان دانی پایەی بەرزی لە جیهانی ئەدەبدا ، ئەو پارچە هەلبەستە ئەنووسینەوە :

تەسکین بەخش دەرد (داخی)ی داخ نە دل
دامان وە هووناو ریشەی دل گول گول
یەك رو چەم نە چەم گرەو بەردەبی
سەیل خەم یانەم ویران کەردەبی
نیشتەبیم چون تەیر دوور وامەندەی گول
پەشیو حال ، خەمناك ، چون سا زەدەی دل
ناگا دەوای دەرد دەروون پر خاران
نوش داروی زامان زامەت ئەوگاران
یانی نامەکەی خامەی خەم رەقەم
منظومەی مەعدووم چەنی خەم هەم دەم
یاوا وە سەر دار دەروون پر داخان
پەروانەی پای شەم سەلار ئوتاخان
ئەر صەد شەرارەی نائیرەی دووری
تاو دابی وە تاو کوورەی مەهجووری
گەرمی‌ی تەوەن تاو دەرد تەنیاییم
بەردەبی یەك سەر سومای بیناییم
سانام جە قاصید ساکن بی دەردم
وە دیدەی بی نوور موتالاش کەردم

ـ ٧ ـ (١)

تۆ نەی کۆچدا کار وێت مەحکەم کەردەن
بەلّام ڕێشەی من جە بێخ ئاوەردەن (٢)
تۆ مەردەی شەهید زیندەی بێ باکی
من زیندەی مەردەی دەشت خەمناکی (٣)
تۆ ئازاد پەی سەیر جای جاویدانی
من پا بەستەی بەند ئەی دنیای فانی (٤)
تۆ لوای بەو ئەجر سەختیِ زامەوە
من پەرێ حەسرەت دووریت مامەوە (٥)

نمەز چەرخ چەپ چەواشەی چەپ گەرد
پەی کام دەردی سەر نیگاداریم کەرد
وەرنە مەویا وەخت وانای نامەکەت
گیان کەردام فیدای ڕەشحەی خامەکەت
ڕووی ئەجەل چون بەخت سیام سیا بو
ناما گیان جەو دەم جە تەن جیا بو

ـ ٧ ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەشی لە لاواندنەوەی عبدالرحمانی کوری مەحموودی یاروەیسی پیاو ماقوولی مەحموود پاشای جافا وتووە .

(٢) نەی کوچدا : لەم کوچ کردنەتا . واتە : تو لەم کوچی دواییەتا ئیشی خوتت ڕیك خستووە چونکە بە شەهیدی ڕویشتووی ، بەلام ڕیشەی منت لە بیخ هەلکیشاوە .

(٣) مەردە : مردوو . زیندە : زیندوو . واتە : تو مردوویەکی شەهیدی لە بەر ئەوە زیندووی و ترست نییە ، بەلام منیش کە ماوم و بە سەر زیندووم ، مردووی دەشتی خەمباری و داماویم .

(٤) جاویدانی : نەبراوە . واتە : تو ئازادی بو سەیر کردنی بەهەشت ، منیش پی بەندی ئەم جیهانە لە ناو چوودم .

(٥) لوای : ڕویشتی . پەری : بو . واتە : تو بە ئەجری زامە سەختەکەتەوە ڕویشتی ، منیش مامەوە بو خەفەت خواردن بە بونەی دوور کەوتنەوەتەوە .

پەی تۆ ڕاحەت بۆ ، پەرێ من زامەت
هەر شەو ڕۆ ڕۆ بۆ تا ڕۆژی قیامەت (٦)

(١) — ٨ —

تۆپلاخەی دووکەڵ هیجران دڵبەر
جەم بووگە وەك هەور نە ڕووی سەقف سەر (٢)
حاشا خۆ ڕەنگم هیچ نەماگە پێ
سەرم وەکوو تاس دەنگی لێوە تێ (٣)
کەی کەم ئیستە کەم خوێناو ئەکا شەصت
لە دوو پلووسکەی چاو شۆڕاوگەی بەست (٤)
لافاو کووچەی جەستەی زوخاڵی
هەڕگاو هەستی هەرچی بوو ماڵی (٥)

---

(٦) زامەت : زەحمەت . واتە : تو بو خوت بحەسیتەوەو منیش بۆ خوم بە زەحمەتو دەردو مەینەتەوە بتلیمەوە تا ڕۆژی قیامەت ، وە هەموو شەوی لە ڕو ڕوو هاوارو گریانا بم .

— ٨ —

(١) مەولەوی ئەم پارچە هەلبەستەی لە سەر شیوەی قسە کردنی خەلکی ناوچەی (تاوەگوزی) وتووە کە نیشتمانی خوی بووە .

(٢) توپلاخە : توپەل . بووگە : بووە . واتە : توپەلە دووکەلی دووری‌ی یار وەك پارچە هەور کوبووەتەوە بە سەر بانی سەرمەوە .

(٣) نەماگە : نەماوە . تی : دیت .

(٤) کەی کەم ئیستە کەم : جوملەیەکە خەلکی ناوچەی تاوەگوزی بە کاری ئەهینن بە مەعنای (هەمیشەو بە زوری) . واتە : خویناو بە دەوام لە چاوەکانمەوە وەك باران شەصت ئەکاو چوراوگەی بەستووە .

(٥) کووچە : کولان . زوخاڵی : رەش بووەوە وەك خەلووز . هەرگاو : قوراو . واتە : لافاوی فرمیسکە خوینینەکەم کە بە چاوما دیتە خوارەوە ، بە کولانی لەشی سووتاوی رەش بووەوەما ڕوێو هەرچی نیشانەیەکی بوونم پیوە مابوو هەمووی رامالیو لە گەل خویا بردی .

تەن وە ئێش دەرد زامەتان خەستەن
فەڵەك پای ئامام وە زنجیر بەستەن (١)
خەم زەدەی خەم کێش خەفەت بارەنان
بەری جە یاوەر ، دوور جە یارەنان (٢)
چەپ گەرد هەر ساتێ دەردێ مدۆ پێم
ڕای ئامای قاصید ئازیز بەستەن لێم (٣)
وەشڵە هەر پەی تۆن هەی شادمانی
پەیك لەیل ئاما وە تۆ مزگانی (٤)

- ٩ -

(١) ئامام : هاتنم . بەستەن : بەستووە . مەعنای ئەم شیعردو شیعرەکانی پاشەوە پیکەوە دین .

(٢) خەم زەردە : خەم لی داو . خەفەت بارەنان : خەفەتبارم . یاودر : یارمەتی دەر .

(٣) مدو : ئەدا . ئامای : هاتنی . قاصد ئازیز : فروستادەی یار .

(٤) وەشلە : خوشی . پەیك : شاتر ، پەیام هینەر . مزگانی : مژدە . مەولەوی لە گەلی شوینا وا پیشان ئەدا کە ئەوو شادمانی پەیوەندیان بە یەکەوە نیە وە هەرگیز یەك ناکەون ، چونکە دوژمنی خوینە خوری یەکترینو خێری هەر کامیان شەری ئەویانە . لیرەشا ئەلی : من لەشم گرفتاری دەردی زەحمەتە. وە گەردوون پێی بەستووم ناتوانم بچم بو لای یار ، وە بەمەش دەس بەردارم نەبوە ، ڕێی هاتنی فروستادەی ئەویشی لی گرتووم کە بیت بو لام . کەواتە ئەی شادمانی ، هاتنی فروستادەی لەیل بو لای تویە ، چونکە ئەگەر بو لای من بهاتایە ئەبوو بە مایەی دل خوشیم ، خو دیارە منو دل خوشیش بەینمان ریك نیە .. دەسا مژدە بی لیتو خوشی لە خوت .

— ١٠ —

تا تەوانام بی شەو بێدارییم کەرد
پەرێ نۆشای جام بێ قەراریم کەرد (١)
وێت واتەن هەرکەس شەوان بێدار بۆ
مشیۆ مەست ذەوق بادەی مەی خار بۆ (٢)

— ١١ —

تەرسوون ئەر بەدەن ڕەقیب دڵ سەرد
بکەرۆش وە خاك گەردشِ چەپ گەرد (١)
وەخت تەماشای ئەو بەرگوزیدەم
شەماڵ بشانۆ گەردش ئەو دیدەم (٢)

— ١٠ —

(١) تا تەوانام بی : تا توانام بوو . نوشا : نوشین . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دووهەمەوە .

(٢) وێت : خوت . واتەن : وتووتە . مشیو : ئەبی . خار : پر . واتە : تا جوان بووم‌و هیزم تیابوو شەو نوخونیم کیشا ، وە پەلەم بوو بو نوش کردنی پیالەی پر لە شەرابی بە تو گەیشتن . ئیستە ئیتر هیزم تیا نەماوەو چاوەڕێی پاداشی ئەو شەو نوخونیەم ، چونکە خوت فەرموتە هەر کەس شەو بە بیداری ڕۆژ بکاتەوە ، ئەبی لە ئەنجاما وە لە پاداشی ئەو شەو بیداریەیا سەرخوشی چەشتنی پیالەی پر لە مەی ببی .

— ١١ —

(١) تەرسوون : ئەترسم . بکەروش : بیکا . گەردش : گوران . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

(٢) بەرگوزیدە : هەلبژاردە . بشانو : بوەشینی . گەردش : توزی . واتە : ئەترسم ئەگەر هەلسووڕانی چەرخ لەشی بەدکارە دل ساردەکەم بکا بە توز ، هیشتا ئەو هەر دەس بەردارم نەبی ، وە لە کاتی سەیر کردنی یارە ئازیزەکەما شەماڵ هەڵکاو ئەو توزی لەشی ئەوە بکا بە چرو چاوما بو ئەوەی نەتوانم بروانم بو یارەکەم !

-١٢-

تا دڵ وه‌ تەمای ئەو ترفه‌ ترفه‌ن

نەحوم هەر مەحوەن صەرفم بێ صەرفەن (١)

-١٣-

تا وه‌ زوڵفو ڕووی تۆ تەماشامەن

ئەدای نمای فەرز صوبحو عیشامەن (١)

-١٢-

(١) ترفه‌ ترف : بریسکه‌ دانەوه‌ . نەحو : عیلمی نەحو . صەرف : عیلمی صەرف . واته‌ : تا دل به‌ تەمای شەوقو بریسکەی ڕوخساری یار بی ، نه‌ کەلك له‌ خویندنی عیلمی نەحو ودرئەگرم ، وه‌ نه‌ خویندنی عیلمی صەرفم قازانجیکی ئەبی .

-١٣-

(١) ئەدا : به‌ جی هینان . نما : نویژ . واته‌ : تا من خەریکی تەماشای ئەو زولفه‌ ڕەشەی توو ئەو ڕوخساره‌ ڕووناکەت بم ، ئەبی هەر خەریکی کردنی نویژی عیشاو بەیانی بم ، چونکه‌ که‌ سەیری زولفت ئەکەم وائەزانم شەوەو ئەبی نویژی عیشا بکەم ، وه‌ که‌ سەیری ڕووت ئەکەم وا ئەزانم ڕۆژ بووەتەوەو ئەبی نویژی بەیانی بکەم ، وه‌ ئیتر نه‌ نویژیکی ترو نه‌ ئیشیکی ترم هیچ پی ناکری .


تیپی جیم

(١) ـ ١ ـ

جەرگت لەتلەت بۆ چەواشەی چەپگەرد
خاڵۆت جیا کەرد ، یەکار بی تۆ کەرد (٢)
دیدە ، وادەی سەیل هۆنەی هووناوەن
دڵە ، وەخت بەزم نۆشای زوخاوەن (٣)
وەش ڕەنگی بازەم ، سا دەی بێ ڕەنگی
شادی با وەس بۆ ، وەختەن دڵ تەنگی (٤)
وەشی ، وادەت شی وەش ئامای وە خەیر
شەوقە ، وە تەوق بای تا کەی هەوای سەیر (٥)

ـ ب ـ

(١) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی بە بونەی دوور کەوتنەودی ئەحمەد بەگی کوماسیەوە وتووە کە وا دیارە دوور خرابیتەوە بو ناوچەی (رەشت) و (گیلان) .

(٢) چەواشە : سەر لی شیواو . خاڵو : مەبەس ئەحمەد بەگە . یە کار بی .. تاد : ئەمە کار بوو تو کردت . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی (جەرگت لەت لەت بو) نووسراوە (خو هوونیت نەویم) واتە : خو دوژمنی خوینە خورت نەبووم . بەم پیە جیگای ئەم پارچە هەلبەستە تیپی خی ئەبیت .

(٣) هونە : دا رژان . نوشا : نوش کردن . واتە : ئەی چاو ئیستا وادەی ئەوەیە لافاوی خوین بریژی ، وە ئەی دل ئیستا وەختی ئەودیە ئاهەنگی زووخاو خواردنەوە بگیری .

(٤) وەش ڕەنگی : ڕەنگ خوشی . بازەم : لیم گەری . با وەس بو : با بەس بی .

(٥) وەشی : خوشی . شی : بە سەر چوو . وەش ئامای . خوش هاتی . وە تەوق بای : بە تەوقەوە بیت . واتە : ئەی شادمانی وادەت بە سەر چووە ؛ خوا حافیزت بی بە خیر هاتی ، تویش ئەی شەوق یا خوا تەوق بچیتە ملت تا کەی ئارەزووی تەماشا کردنت لە کەللە دەرناچی .

هانیای مەینەت سەرەو کۆی ستەم
(مەعدوومی)ی بەر کۆی سەرەو چێرەی خەم (٦)
چ وەختەن دڵەت جە شادی کەیلەن
دەك لێلاوێت بۆ یە وەفاو مەیلەن (٧)
ئەو چەم بە سورمەی خەمناکی ڕەشتە
چەنی گەشت دەشت پای ڕەشت سەرگەشتە (٨)
هامڕاز ئاخو داخ ، ناڵە نەوای نەی
دڵ کەباب ، چەم جام ، خەم ساقی ، هوون مەی (٩)
تۆ ئالوودەی بەزم چەرگەی هام فەردان
کەیف مەی ، صوحبەت گرۆی هام دەردان (١٠)

---

(٦) مانیا : ماندوو . سەرەوکو : سەرەو ژوورە . بەرکو : ئەوەی لە پیشەوە سوار ئەبی . سەرە چێرە : سەرەو ژیرە . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە .

(٧) یە : ئەمە . واتە : هەی ماندوو بووی ئیشو مەینەتی سەرەو ژوورەی دەردو بەلای ڕوزگار ، وە هەی لە بەرەو ژیرەی خەمو خەفەتا لە پیشەوە سوار بوو ، ئیستا کەی وەختی ئەوەیە دڵت پر بی لە شادیو خوشی ، دەك لیلاییت دابیت ئەمە کەی وەفاو مەیلی پی ئەلین . شایانی باسە ئەوەی لە بەرەو خوارەدا لە پیشەوە سوار ببی زور ئازاری پی ئەگات وە هەمیشە ترسی کەوتنە خوارەوەی ئەبیت .

(٨) چەم : چاو . سورمە : کڵە . ڕەشتە : ڕشتوو . چەنی : لە گەل . ڕەشت : شاریکە لە شیمالی ئیران لە نزیکی دەلیای خەزەرەوە . سەرگەشتە : سەر لی شیواو . واتە : ئەحمەد بەگ چاوەکانی بە سورمەی مەینەت ڕشتووە وە سەرگەردانی گەرانی دەشتی ڕەشتە .

(٩) واتە : ئاخو داخ هاو دەنگیەتی ، هاوارو نالە ئاوازەی شمشالیەتی ، دڵی کەبابیەتی ، چاوی پیالەی شەرابیەتی ، خەم مەیگیریەتی ، شەرابەکەشی خوینی دلیەتی .

(١٠) ئالوودە : تیکەل . واتە : تو تیکەلی بەزمو ئاهەنگی کومەڵی هاوریکانتیو وەختت بە خواردنەوەوە لە گەل هاو دەردەکانتا ئەبەیتە سەر .

ئەو سەبوون سفتەی پڕ داخ بێ پەرداخ
تۆ بۆی شنۆی بای ئێلاخ نە دەماخ (١١)
ئەو تەشنەی ڕای چۆڵ سای گەردەن پڕ گەرد
تۆ سێراو نە پای وەفراوان سەرد (١٢)
ملان ، سەربەرزان ، کۆساران ، هەردان
بێ شەرتان ، جە داخ وەفاتان مەردان (١٣)
چێشەن ئارایش سەر تا وە دامان
مەر خاڵۆم وە عەزم سەیرتان ئامان (١٤)
مەشنیە چین چین چنوور نە کاوان
تو خوا ماتەم بە هاژەی وەفراوان (١٥)

---

(١١) سەبوون : بایەکی سوزندەیە لە هاوینانا دێ . سفتە : سووتاو . ئیلاخ : کوێستان . واتە : ئەو سووتاوی بای سەبوونەو دڵی پڕە لە خەفەت و هیچ خوشیەکی لە دڵا نییە ، بەڵام تو شنوی نەسیمی کوێستانان داویە لە دەماخت .

(١٢) تەشنە : تینوو . سا : تەخت . سێراو : تیراو . واتە : ئەو لە ڕێگای چۆڵ و هۆلا تینوو بووەو تەختی گەردنی توز دای‌گرتووە ، کەچی تو لە دواینی بەفراوی ساردا دانیشتووی و تیراوی ..

(١٣) مَلان : ئەی سەرملەکان . مەردان : مردم .

(١٤) ئارایش : خو رازاندنەوە . مەر : مەگەر . ئامان : هاتووە . واتە : چیە خوتان لە سەرتانەوە تا داوێنتان رازاندووەتەوە ، ناشی خاڵو ئەحمەد بەگ هاتبی بو لاتان بە نیازی سەیر کردنتان .

(١٥) مەشنیە : شنە شن مەکە . چنوور : گیایەکی بون خوشە بە زوری لە شاخەکانی هەورامانا هەیە . کاوان : بەرزایی شاخەکان . واتە : تو خوا چنووری بەرزاییەکان چین چین شنە شن مەکەن ، تویش ئەی هاژەی بەفراوان تو خوا کش و مات بەو هاژەت نەیەت .

چنوور نه کاوان ئەو نەبۆ پەی چێشش
هاژەی وەفراوان ئەو نەبۆ پەی چێشش (١٦)
نەسیم وەس بویەر وە کۆساراندا
وەسەن شانای وەڵگ وە دیاراندا (١٧)
شنۆی ئەو بەرزە ئەو نەبۆ پەی چێشش
لەرزەی صەد تەرزە ئەو نەبۆ پەی چێشش (١٨)
وە صەدای سەروەش دڵ وەش مەزاقان
هەنی نەلەرزۆ کەڵڕەم نە تاقان (١٩)
صەدای ماردومان ئەو نەبۆ پەی چێشش
صەفای کەڵڕەمان ئەو نەبۆ پەی چێشش (٢٠)

---

(١٦) واتە : ئەگەر ئەحمەد بەگ دیار نەبی ، چنووری سەر کاوانو هاژەی بەفراوان کەلکیان چی ئەبیو بوچی ئەشین .

(١٧) وەس : بەس . بویەر : تیپەرە . شانا : هەلوەراندنو وەشاندن . وەلگ : گەلا . دیاران : ولاتان . واتە : ئەی نەسیم بەس تیپەرە بە کویستانەکاناو بەس گەلای درەخت داوەرینە بە سەر ولاتا .

(١٨) واتە : چونکە ئەگەر ئەحمەد بەگ دیار نەبی شنەی بەرزاییەکان بوچی باشەو لەرینەوەی هەزار جورەی داری کویستانەکان کەلکی چییە .

(١٩) سەروەش : سەرخوش . دل وەش مەزاقان : ئەوانەی لە ئاهەنگو رابواردنان . هەنی : ئیتر . نەلەرزو : نەترسی . واتە : ئیتر با کەلەکیوی لە تاقی ئەشکەوتەکانا نەترسن لە دەنگی راوچییە بە زەوقە سەرخوشەکان .

(٢٠) ماردم : تفەنگیکی راوییە . واتە : کە ئەو دیار نەبی دەنگی تفەنگ سوودی چییە ، چونکە هەر ئەو راوچی بوو ، وە لەو بەولاوە لە تفەنگی کەس مەترسی ناکری ، وە کە ئەو دیار نەبی ئیتر سەیری رانە کەلەکیوی سوودی چییە ، چونکە کەس نییە نییان بپێکی ..

خاڵ خاسان بێ ئان هەر بار وە لێو بان
هێلانەی دڵان با هەر پەشێو بان (٢١)
ئەو ئانە پەی دڵ ئەو نەبۆ پەی چێشن
ئەو لانە پەی دڵ ئەو نەبۆ پەی چێشن (٢٢)
دەخیل هەی دەخیل خاڵۆکەی گیانی
وێت نەی سەفەردا تەنها نەزانی (٢٣)
مەرگ تۆم هەرچەند تەشریف بەردەنی
تەرك خەڵتەو خاك جەستەم کەردەنی (٢٤)
گیان ، دۆس گیانی ، ڕەفیق ڕاتەن
سورمەی بیناییش تۆزە کەی پاتەن (٢٥)
هەی ڕۆ نەواچی خودا نەکەردە
خەم وەفاو بەینەت نە ویرم بەردە (٢٦)

---

(٢١) بی ئان : هەمیشە ، بی ئوقرە گرتن . بان : بن . هیلانەی دلان : مەبەس یارانی نازارە . واتە : ئێتر با یارە دولبەزەکان هەر لیو بە بار بن ، وە ئەو نازارانە کە هیلانەی دلن ، با هەر پەشیو بن .

(٢٢) واتە : چونکە ئەگەر ئەو یارانە تاویك لیو بە بار نەبن ئەبی دلشاد بن ، وە مادەم کە خالوی کوماسی دیار نیە ئێتر سوودی ئەو تاوە دلشادی‌یەیان چی‌یەو بوچی باشە ؟ وە ئەگەر یاران ، کە هیلانەی دلی دلدارانن ، پەشیوو تیکچوو نەبن ، ئەبی جیگای دلی دلداریك بن ، وە مادەم دلی ئەو دیار نەبوو تا تیایانا بنیشیتەوە ، ئێتر ئەبی سوودیان چی بی‌و بوچی بشین ؟..

(٢٣) لیرەوە مەولەوی ڕووی گفتوگو ئەکاتە خالوی کوماسی‌و قسەی لە گەل ئەکا . مەعنای ئەم شیعرەو سە شیعری پاشەوە پیکەوە دی .

(٢٤) مەرگ توم : قەسەم بە مەرگت .

(٢٥) دوس گیانی : ئەی دوستی گیانی بە گیانی .

(٢٦) نەواچی : نەلی‌ی . ویرم : بیرم ، یادم . واتە : دەخیل خالو گیان خوت لەم سەفەرەدا بە تەنیا نەزانی ، چونکە ، قەسەم بە مەرگت ، هەرچەند تو تەشریفت بردووەو خاك‌و خولی لەشی منت بە جی هیشتووە ، بەلام ئەی دوستە گیانی بە گیانی‌یەکەم گیانم هەمیشە هاوریتەو توزی بەری پی‌ی تو دینی بە چاویا بو بینایي لە جیاتی‌ی کلە . کەواتە خوا نەکەردە نەفەرموی خەم‌و مەینەت وەفاو خوشەویستی‌ی توی لە بیر بردوومەتەوە .

بادەی بێ وادەی فەنام وەردەبۆ
شەرت بۆ ، کامین شنەرت ، یارَان کەردەبۆ (٢٧)
تا دڵ جە لەزەت دینت ناکام بۆ
ئەو ذەوقە تۆ دیت وەنەم حەرام بۆ (٢٨)
جەستەی خەستەی خار سەودایي خەجڵ
با بەس بۆ ، تا کەی ، ئەی دڵ وەشیی دڵ ؟ (٢٩)
چەپ گەرد بێ فرسەت شانا مۆرەی نەرد
عومرێ بی ئاما ، ویەرد ، گوزەر کەرد (٣٠)
زەحمەتەن خەلاّص جە دووری وەردە
بە هوونا‌و بەیۆ عومر ویەردە (٣١)

---

(٢٧) وەردەبو : خواردبیتەوە . کامین : کام . کەردەبو : کردبیتیان . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایي پیکەوە دی .

(٢٨) دینت : دیتنت ، چاو پی کەوتنت . وەنەم : لیم . واتە : یا خوا شەرابی بی وادەی مەرگم خواردبیتەوە ، وە شەرتی یاران بی ، تا دلم بی بەش بی لە لەزەتی چاو پی کەوتنت ئەو کەیفو خوشییەم لی حەرام بی کە جاران ئەم‌کردو تو ئەتدی .

(٢٩) خار : درك . مەولەوی لێرەوە لا ئەکاتەوە بە لای لەشیاو رووی قسەی تی ئەکاو ئەلی : ئەی لەشی تەخوشی دەردی درك‌و دالی مەینەت‌و شەرمەساری ، ئەم شادمانییەی دلت بەسە تا کەی ؟

(٣٠) نەرد : یارَیەکە لە چەشتی تاوْلەو شتی وا . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایي پیکەوە دی .

(٣١) وەردە : خواردن . بەیو : بگەریتەوە . واتە : گەردوونی چەپ گەرد. بی مولەت مۆرەی نەردی هەلداو شادی‌و خوشییەکەی جارانی لی وەرگرتینەوە، ئەوەی تو دیت عومری بو هَاتو بە سەر چوو ، تازە ئیتر زەحمەتە رزگار ببین لە خواردنی دەردی دووری‌ی دوستان وە بە خویناو هەلرشتنی چاومان. روژانی رابوردوومان بو بگەریتەوە . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (بە هوونا‌و بەیو) نووسراوە (ئەی هوو تا بەیو) واتە : ئەی هوو تا عومری بە سەر چوو ئەگەریتەوە .

(١) ـ ٢ ـ

جه گیان سێر وەردەی جه تەن هەراسان
خاڵۆی خەمیای خەم خاڵ خاڵ خاسان (٢)
نامەم چون یاوا مولاحەزەت کەرد
بشۆ وە پا بۆس عەرز کەر جه ڕووی دەرد (٣)
واچه هەی صەد جار (مەعدوومی) طوفەیل
پەرسابێت جه ڕووی گەرمیی کووڕەی مەیل (٤)
کۆ جه دووریی من چ تەورەن حاڵش
کێ بەر مەکەرۆ خەم نە خەیاڵش (٥)

ـ ٢ ـ

(١) مەولەوی ئەم غەزەلەی بو یەکی له دوو کەس نووسیوە : یان شێخ یوسفی خەلکی دیی (نوسمە) له نزیکی (پاوە) یان ئەحمەد بەگی کوماسی ، چونکە تەنها له گەل ئەم دوو کەسە بە وشەی (خالو) قسە ئەکا .

(٢) سیر وەردە : تیر خواردوو . خەمیا : چەمیوە . واتە : ئەی خالوی له گیان تیر خواردووی له لەش هەراسان بوو ، وە ئەی بە هوی خالی خال خاسانەوە پیر بووی پشت کوماوە ..

(٣) چون یاوا : کە گەیشت . بشو : برو . پا بوس . قاچ ماچ کردن . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پیکەوە دی . له هەندی نوسخەدا ئەم شیعرە بەم جورە نووسراوە :

نامە مکیانوون موانان پەریت
گوش دەر وە نامەی دیوانەی سەرشیت

واتە : نامە ئەنیرم بوت ئەخویننەوە ، گوی شل کە بو نامەی دیوانەی سەر شیت .

(٤) واچه : بلی . طوفەیل : خزمەتکار . پەرسابیت : پرسیبووت .

(٥) کو : کە ئەو . چ تەورەن : چونە . بەر مەکەرو : دەر ئەکا . واتە : کە نامەکەمت پی گەیشت برو بو خزمەتی ئەو دوستە نازارە ، قاچی زیارەت کەو بە دەردو نالەوە عەرزی بکە بلی هەی مەعدوومی صەد جار بە خزمەت کارت بی ، بە هوی گەرمیی مەیلو خوشەویستیتەوە ئەحوالی منت پرسیبوو ، وە فەرموبووت ئاخو لە چیایەو کی خەمو خەفەت لە خەیالی دەرئەکا .. جوابی ئەمیش لە شیعرە داهاتووەکانا دیت .

چون ئەوێ جە دین چون تۆیێ دوور بۆ
چەم لێلاێو ، دڵ تەنگ ، تەن سفتەی توور بۆ (٦)
هەر سات وە نەوعێ دەردش خەتەر بۆ
حاڵش چ تەورەن خاکش وە سەر بۆ (٧)
هام فەرد نااڵەی دڵ ، سەیرانگە ستەم
هام دەرد دووی دەروون ، خەم بەر کەر کۆی خەم (٨)
تۆ خاسەن نەو تووڵ سەرو سەراوان
خەم مدەی وە باد شنۆی سەر کاوان (٩)
گا چون بۆی نەسیم وە ڕووی شەتاودا
گا چون گوڵ نە پای چۆڕەی وەفراودا (١٠)

---

(٦) چون : وەك . دین : دینن ، بینین . چەم : چاو . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٧) سات : سەعات . خاکش وە سەر بو : قور بە سەری .

(٨) واتە : یەکیکی وەك ئەو کە لە چاو پی کەوتنی یەکیکی وەك تو دوور بی‌و لیلایی چاوی داهاتبی‌و دل تەنگ بی‌و لەشی سووتاوی خوشەویستی بی وەك کیوی تووڕ ، وە هەر تاوی بە جوری گرفتاری دەردی مەترسی لی کراو بی ، ئەبی حاڵی چون بی ، خاك بە سەری .. حاڵی ئەمەیە : هاوارو نااڵەی دل هاوریەتی ، ستەم‌و جەوری ڕوزگار سەیرانگایەتی ، دووکەڵی دەروون هاو دەردیەتی ، کۆگای خەم‌و مەینەت خەفەت دەرکەری دلیەتی .

(٩) مدەی : ئەدەی . شنو : شنە . مەعنای ئەم شیعرەو سە شیعری پاشەوە پیکەوە دی .

(١٠) گا : گاهی ، دەمیك . پای : داوینی .

سەیر لەرزەی نەرم سەوزەی سەر بەرزان
صەفای گولاڵان صەد تەرزان لەرزان
سوب نە سەر ملان صەیادان هام دەم
شریخەی ماردم کلاڤەی کەڵڕەم (١١)
نەك چون ئەو پابەند قەلای شار دەرد
جەی وەهار چون وەلگ پایزان ڕەنگ زەرد (١٢)
ئاخ نە جەهدو جەخت داخ زامەت سەخت
بەرگ ماتەم رەخت ناڕەسایي بەخت (١٣)
کزەی خەم چون موو خەم پەنەش وەردەن
دووریت خۆ یەکجار تەمامش کەردەن (١٤)

---

(١١) واتە : پەی بلی ئەمە بوو حالی مەعدوومی کە عەرزم کردی . بەلام تو وەزعت زور باشە ئەی نەونەمامی دار سەراو . غەمی خوت ئەدەی بە بای سەرکیوەکان ، وە جار جار وەك نەسیم کە بونی گولی وەرگرتبی و بە سەر شەتاوانا بروا ، تویش بە گوی ئاوەکانا گوزەر ئەکەی ؛ جار جاریش وەك گول کە لە داوینی بەفراوی چوراوگە بەستوودا روا بی بو خوت گەشە ئەکەیت و تەماشای نەرمە لەرینەوەی سەوزە گیای سەربەرزان ئەکەیت و لە صەفای گولالەی کویستانەکان ورد ئەبیتەوە کە بە صەدان جور دینە لەرزە ؛ وە بەیانیان بە سەر شاخەکانەوە لە گەل راوچی یاندای و گوی لە شریخەی تفەنگی ماردم ئەگری و سەیری خول خواردن و کەوتنی کەلە کیوی یە کوژراوەکان ئەکەی .

(١٢) پا بەند : پی بەسراو ، گیروده . جەی : لەم . وەلگ : گەلای دار . واتە : وەك ئەو لە قەلای شاری دەردو مەینەتا گرفتار نیت و بەم بەهارە وەك گەلای درەختی پایزان ڕەنگت زەرد هەڵنەگەڕاوە .

(١٣) جەهدو جەخت : هەول دان و ڕەنج کیشان . زامەت : زەحمەت . ڕەخت : پوشاك . نا ڕەسایي : نا تەواوی . واتە : ئاخو داخیەتی لە بەر هەول دان و ڕەنج کیشانی زوری ، وە پوشاکی بریتی یە لە بەرگی خەفەت کە لە ناتەواوی ی بەختیەوە پەیدا بووە .

(١٤) خەم : چەمینەوە . واتە : کزە کزی خەفەت وەك موو بە ئاگر هەڵقرچی بەو جورە چەماندوویەتیەوە .

وەخت جۆش دەرد کزەی نالّەی سەرد
گوم بۆ نە گێجاو گەردەلوول دەرد (١٥)
ئەو خەندەی بێ وەخت مەیۆش وە دەمدا
مەگێڵۆ ماچۆ نەو گێجو تەمدا : (١٦)
ئەر هەر ئەو بەختەن ، هەر ئەو تالّەمەن
دیدەم دیدەنیت ئەڵلاّو ئالّەمەن (١٧)

— ٣ —

جە سەردیی مۆبەت ئازیز بێ گەرد
جۆی هوونناو دڵ جە دیدەم یەخ کەرد (١)
دەست بێ ڕەحمیش دا نە سینەی شەوق
گڕ وەردان نە جەرگ جەستەی هەستیی زەوق (٢)

---

(١٥) گیجاو : گیژاو . واتە : لە کاتی جوشی دەردو کزەی هەناسەی ساردیا لە ناو گیژاوو گەردە لوولی دەردا گوم ئەبی .
(١٦) خەندە : پێکەنین . مەیوش : دیت . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دیت .
(١٧) تالە : طالع ، بەخت . ئەللاو ئالەم : الله اعلم . واتە : ئەو زەردەخەنە ناوەختە کە بە سەر لیویەوەیە لە راستیدا لە بەر شادی نییە ، بەڵکو دیتو ئەچیو لە ناو گیژو تەمی هەناسە سارەکەیا بە زمانی حال ئەڵی ئەگەر بەختو تالعم هەر بەختو تالعەپیشووەکەم بی ، ئیتر ئازیزم مەگەر خوا خوی بزانی ئاخو جاریکی تر ئەتبینمەوە یا نە ..

— ٣ —

(١) موبەت : محبت ، خوشەویستی . جو : جوگە . یەخ : سەهول . واتە : لە بەر ساردیی مەیلی خوشەویستە بی گەردەکەم جوگەی خویناوی گەرمی دلم لە ناو چاوەکانما مەیيو بوو بە سەهول .
(٢) وەردان : بەرداوە . واتە : دەستی بی ڕەحمیی دا بە سەر سنگی شەوقو خوشیما ، وە بەو دەستە گری بەردا لە جگەری جەستەی قەوارەی زەوقو شادیم .

زەهر خەم شیەن نە کام شادیم
هەر دەردەن مەیۆ موبارەك بادیم (٣)
هەناسەم ڕێزەی دڵ مارۆ ئەو بەر
سەر کەردەن زوخاو جە زام خەتەر (٤)
مەینەت چون توجار وە مەتای صەد تەرز
کەردەن نە دەروون نەوای شادی بەرز (٥)
دڵ وڵ وڵ کەردەن خەدەنگ دووری
سۆچنان جەستەم دەرد مەهجووری (٦)
هانا هام دەردان تاقەت نەمەندەن
جەورە کەی ئازیز ڕیشەی دڵ کەندەن (٧)

---

(٣) شیەن: رویشتووە . کام : دەم . مەیو : دیت . واتە : لە بەر بی مەیلی‌ی یارەکەم ژاری خەمو مەینەت چووەتە ناو دەمی شەوقو شادیم وە کارەساتیکم بە سەر هاتووە هەر دەردو بەلایەو دیت بو پیروز بایی لی کردنم .

(٤) ریزە : وردە . مارو : دینی . ئەو بەر : بو دەرەوە . واتە : بە هوی دل ساردی‌ی یارەوە دلم دافرەقاوەو کە هەناسە ئەدەم وردە پارچەکانی بە دەم هەناسە دانەوە دیتە دەر ، وە زووخاوی زامی مەترسی لی کراوم هیرشی هیناوەو لە رادە دەرچووە .

(٥) توجار : بازرگان . مەتا : مەتاع ، شتو مەك . نەوا : ئاوازە . واتە : مەینەت وەك بازرگان بە شتو مەکی رەنگاو رەنگیەوە لە ناو دلما ئاوازەی شادی‌ی بەرز کردووەتەوە .

(٦) ول ول : کون کون . خەدەنگ : تیر . سوچنان : سووتاندوویەتی . واتە : تیری دووری‌ی یار دلی کون کون کردووم‌و دەردی فیراق لەشی سووتاندووم .

(٧) هانا : هاوار . نەمەندەن : نەماوە . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

بەیدێ وە لای من حاڵم بەد حاڵەن
جە دووریی ئازیز تەن کۆی زوخاڵەن (٨)
بزاندێ خەم چۆن کەردەنم پاماڵ
دەخیلم ساقی گەردەن سیم قاڵ (٩)
جامێ جە مەعجوون دەرد ئەوگاران
دورد وامەندەی بەزمەکەی یاران (١٠)
پێم دەر تا پیشەی هەستی کەڕۆ پەی
قوربان تۆیچ ، نەیچی ، دەستێ بەر پەی نەی (١١)
وە تەرزەکەی وێت من لاونەوە
وە مەقامێ وەش خەم تاونەوە (١٢)

---

٨) بەیدی : بین . زوخاڵ : خەلووز . واتە : هاوار ئەی هاو دەردەکانم تاقەتم لا نەماوەو ستەمی دوست ریشەی دڵی هەڵکەندووم ، وەزعم نارەحەتە بین بە لامەوە ، لە دووریی دوست سووتاوم‌و لەشم بووە بە کۆگای خەلوز .

(٩) بزاندی : بزانن . کەردەنم پامال : ریشە کێشی کردووم . سیم قال : زیوی پوختە . نیوە شیعری دووهەمی ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعرەکانی پاشەوەو مەعنای لە گەڵ ئەوانا دیت .

(١٠) مەعجوون : شیلراو . ئەوگاران : گرفتارەکان . دورد : خەڵتەی بنی قاپی شەراب . وامەندە : پاشماوە .

(١١) کەڕو پەی : پەی بکا ، لە بن بیبری . نیوە شیعری یەکەمی ئەم شیعرە مەعنای پیشەوەی تەواو ئەکا ، واتە : دەخیلتم ئەی مەی گیر کە گەردنت وەك زیوی پاك وایە ، پیالەیەکم لە پاشماوەی شەرابی ئاهەنگی یاران بدەری کە وەك دەرمانی دەردەداران خەست‌و شیلراوە ، تا بیخومەوەو ریشەی بوونم لە بن‌دا ببری . مەعنای نیوە شیعری دووهەمی ئەم شیعرە بەسراوە بە دوو شیعری پاشەوە .

(١٢) لاونەوە : بلاوینەرەوە . تاونەوە : بتوینەرەوە .

با خاس خاس هۆشم هیچ نەمەنۆ پێم
بەڵ ئازیز وە خەیر ڕەحمێ کەرۆ پێم (١٣)

جە من تا دووری ئەر صەد فرسەنگ بۆ
ئەر بۆ ڕازی بوو زوانم لەنگ بۆ (٢)
بەڵام چێش کەروو بەڵام هەم ڕازەن
فەڵەك کەڵەك چین چەنیم کەچ بازەن (٣)
کارد مەینەتش ئیستیخوان کاوان
ضیای دیدەو دڵ مەگیرەم تاوان (٤)

---

(١٣) نەمەنو : نەمینی . بەل : بەلکو . واتە : کاکەی بلویر ژەن تویش دەس دریژ کە بو بلویرەکەتو خوت ئاسایی بمڵاوینەرەوە . وە بە نقامیکی خوش خەمو خەفەتم بتاوینەرەوە ؛ با هیچ بیرو هوشم لا نەمینی بەلکو ئازیز بە خیری خوی ڕەحمم پی بکا .

(١) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی بو جەنابی شیخ عومەری بیارە نووسیوە لە وەلامی گلەیی کردنی ئەوا کە بو مەولەوی‌ی نووسیوە بوچی ناچی سەری لی بدا .

(٢) فرسەنگ : فرسەق ، فرسخ . واتە : من لە گەل دووری‌ی دوستانا ئاشنایم نی‌یە ، هەتاوەکوو ئەگەر ماوەی بەینی منو دووری بیشگاتە صەد فرسەق ، یا خوا ئەگەر رازی بم بەو ماوەیە زمانم لال بی ؛ بەلکو حەز ئەکەم بەینمان زورتر بی ، یانی ئەوەندە موشتاقی نزیکیم .

(٣) چەنیم : لە گەلم . واتە : بەلام چی بکەم بەلاو مەینەت هاوریمە . وە گەردوونی فیل بازو کەلەك نەرەوە لە گەلما ربك نی‌یە ، بویە نەمتوانیوە بە خزمەت بگەم . لە نیوانی دوو وشەی (بەلام) دا (جناسی تام) هەیە بە پی‌ی عیلمی بەدیع .

(٤) کارد : کیرد ، چەقوی گەورە . ئیستیخوان : ئیسقان . کاوان : قلەشاندووە . مەگیرەم : لیم مەگرە . واتە : کیردی دەردو مەینەت ئیسقانەکانی لەشمی قلەشاندووە بویە ناتوانم جوولە بکەم ؛ کەواتە تویش تاوانبارم مەکە ئەی ڕووناکی‌ی چاوو دلم . لە بە کارهینانی وشەی (ضیا) دا ئیشارەتیکی جوان هەیە ، چونکە لەقەبی شیخ عومەر (ضیاء الدین) بووە .

قەڵای ویرم سەیل هِوو ناو بەردەبێ
بورج ئاگاییم وێران کەردەبێ (٥)
کێشکچی‌ی خەیاڵ خەم فام سەندەبێ
دووکانچەی بەدەن بێ کەس مەندەبێ (٦)
فرسەت زانابێ تەریدەی قاتڵ
یەك سەر بەردەبێ کاڵای گیان‌و دڵ (٧)
خەبەر بیم هۆشم ئاما وە بەردا
ئەم لا گیان ، ئەو لا دڵ ، دام وە سەردا (٨)
لادێ ئێشش سەخت ، ساتێ وەی ڕۆ وەی
واتم چار نی‌یەن مەر بشوون وە پەی (٩)

---

(٥) ویر : بیر . بورج ئاگاییم : برجی ئاگادار کردنەوەم . لـە گوی دەلیاکانا برجیکی بەرز دروست ئەکەن ، وە لە قەلە پوپەکەی‌دا چرا دانەنین بو ئەوەی کەشتی‌یەوانەکان لە دوورەوە بیبینن وە ری ون نەکەن ، ئەوە پی‌ی ئەلین بورجی ئاگادار کردنەوە . واتە : لافاوی خویناو قەلای بیری بردبووم‌و بورجی ئاگادار کردنەوەمی ویران کردبوو .

(٦) کێشـك چی : ئیشك چی . واتە : خەم ئەقڵ‌و فامی لە ئیشـك چی‌ی وجوودم ــ کە خەیاڵە ــ سەندبوو ، وە دووکانچەی لەشم بی کەس مابوەوە .

(٧) تەریدە : طریدە ، دەربەدەر . واتە : جەردەی دەربەدەرو پیـاو کوژ بە هەڵی زانیبوو سەرمایەی بوونمی دزی‌بوو کە دڵ‌و گیانمە .

(٨) واتە : کە خەبەرم بووەوە‌و هوشم هاتەوە بە بەرما روانیم بەم لاو بەو لاما سەیرم کرد نە گیانم ماوەو نە دلم ، لە داخانا دام بە سەرما .

(٩) لادی : تاویك . بشـوون : بروم . وە پەی : بە دوایا . واتە : تاویك ئیش‌و ئازارم چەشت بە دەس ئەم کارەساتەوە ، تاویکی تریش هاوارو رو ڕوم کرد ، بەڵام ئاخری وتم کەڵکی نی‌یە ئەبی بروم بە دوایانا بزانم بو کوی براون .

دیم نالّچه‌که‌ی داخ دڵه‌ی پڕ جه هوون
شه‌قڵش ها نه ڕووی گه‌رد ڕای ده‌روون (١٠)
ڕه‌وان‌ته‌ر جه هه‌رس وه صه‌د قه‌ره‌و ده‌و
تا وه مه‌کۆگه‌ی ئاسانه‌که‌ی ئه‌و (١١)
لاڵام‌و نالّام حاشات موشکوڵه‌ن
گیان فیدای تۆ بۆ یه به‌ڵگه‌ی دڵه‌ن (١٢)
سیوای تۆ ئازیز نه‌ی زه‌مانه‌دا
کێن گوزه‌ر که‌رۆ به‌ی وێرانه‌دا (١٣)
نه نیم نیگایێ ، نه که‌رد ته‌ماشا
چێدیش وێنه‌ی مالّ یاران که‌رد حاشا (١٤)

---

(١٠) شه‌قل : نیشانه . را : ری . واته : سه‌یرم کرد داخ‌و خه‌فه‌تی دڵه‌ی خویناویم که وه‌ك نال به قڵچیا داکوتراوه ، نیشانه‌ی به جی هیشتووه به توزی ریگای ده‌روونمه‌وه .

(١١) ڕه‌وان‌ته‌ر : ساف‌تر . هه‌رس : فرمیسك . قه‌ره : بازده‌قه . ده‌و : ڕاکردنی توند . مه‌کوگه : جیگای مه‌کو . پی‌چال . مه‌به‌س شوێنی شاردنه‌وه‌ی مالی دزینی‌یه . ئاسانه : به‌ر ده‌رگا . واته : منیش به پێله به شوین پی‌که‌یا هاتم‌و ریگام هه‌ڵگرت تا گه‌یاندمیه مه‌کوگای ئاسانه‌که‌ی ئازیزم .

(١٢) لالام : لالامه‌وه . نالام : نالاندم . یه : ئه‌م . واته : لێی پڕامه‌وه . نالاندم لایاو پیم وت دڵ‌و گیانم لای تویه ، وه ناتوانی حاشای لی بکه‌ی . چۆن له گیانم ، به‌ڵام ئه‌م شوین پی‌یه که گه‌یشتووه‌ته به‌ر ده‌رگاکه‌ی تو نیشانه‌ی ئه‌وه‌یه که دڵم له لای تویه ، بمده‌ره‌وه .

(١٣) نه‌ی : له‌م . کین : کی‌یه . به‌ی : به‌م . واته : ئازیز ، کی بی جگه له تو له‌م زه‌مانه‌دا ڕوو بکاته مالی ویرانی من . ئه‌مه‌ش به‌ڵگه‌یه‌کی تره له سه‌ر ئه‌وه که‌وا دڵ‌و گیانم لای تویه .

(١٤) چیدیش : له‌میش . واته : نه سه‌یری کردم ، نه لایه‌کی لی کردمه‌وه ، حاشای له دڵ‌و گیانی منیش کرد وه‌ك حاشای له مالی یاران کردووه . بویه وا منیش هوش‌و دڵم نه‌ماوه ، وه ئه‌گه‌ر نه‌یه‌م بو خزمه‌تی توو یارانی‌تر عوزرم په‌سه‌نده . مه‌وله‌وی له‌م شیعره‌یا به شیوه‌یه‌کی وردو جوان ئیشاره‌ت ئه‌کا بو ئه‌وه که خوی دڵ‌و گیان به‌خت ئه‌کا له پیناوی یارا ، به‌ڵام خه‌ڵکی مال به‌خت ئه‌که‌ن .

جیلوەی جەلای جام دڵەی پڕ جە گەرد
فەرمات پەی تەزبێح ها ڕەوانەم کەرد (٢)
پەری تۆ خاسەن هەر شام تا سەحەر
هەر ژمارەی وەصڵ باڵای دڵبەر کەر (٣)
نەك چون من وضوو وە هوونا و ئەستە
خەم سیواك ، نمای مەینەتان بەستە (٤)
نیشتەی گۆشەی تار نماز خانەی دەرد
ڕوو نە پای میحراو هەناسان سەرد (٥)

---

(١) جاریکیان شیخ عثمان سراج الدینی تەویلە داوای تەزبیحیك لە مەولەوی ئەکا ، ئەویش تەزبیحەکەی بو ئەنیرێو ئەم شیعرانەی بو ئەنووسی .

(٢) جیلوە : خو دەرخستن . جەلا : ڕووناکی . فەرمات : فەرموت . واتە : ئەی ئەو دوستەی کە هوی پاك بوونەوەو ڕووناکیی جامی دلە پر لە توزەکەی منی ، فەرموبووت بو تەزبیح وا بوم ڕەوانە کردی . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (گەرد) نووسراوە (دەرد) .

(٣) پەری : بو . شام : ئیوارە . واتە : تەزبیح بو تو باشە هەر لە ئیوارەوە تا سبەینی ژمارەی گەیشتن بە بالای یاری پی بکە . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (هەر شامو سەحەر) نووسراوە (هەر شام ، هەر سەحەر) .

(٤) وضوو : دەس نوێژ . ئەستە : سەندوو ، گرتوو . نما : نوێژ . بەستە : دابەستوو . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٥) نیشتە : دانیشتوو . تار : تاریك . نماز خانە : مزگەوت . میحراو : میحراب . واتە : نەك وەك من کە دەس نوێژم بە خویناو گرتووەو خەمو مەینەت سیواکمەو نوێژی مەینەتم دابەستووەو لە سووچی تاریکی مزگەوتی دەردا دانیشتووم ڕووم کردووەتە میحرابی هەناسەی سارد .

وەی وضوو و نماو وەی سیواکەوە
جێی گۆشەی میحراو مزگێی پاکەوە (٦)
دانەی مەرجانیی هەرس مەهجووری
هۆنیای تای کرژ ڕشتەکەی دووری (٧)
پەی ژمارەی ذکر کزەی ئێشو نێش
کافیی‌یەن دەیدەم تەزبێحم پەی چێش ؟ (٨)

(١) ـ ٦ ـ

جە دووریت دەروون مەوج دەرپای هوون
مدۆ وە چەمدا ، بەڵام چێش کەروون (٢)

---

(٦) وەی : بەم . جەی : لەم . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پیکەوە دیت .

(٧) مەرجانی : وەك مەرجان . مەرجان رەگیکی سووری دەلیایی‌یە وەك پەنجەی دەس . هونیا : هونراوە . تا : تال .

(٨) واتە : من بەم جورە دەس نویژو سیواكو نویژەوە ؛ وە لەم سووچە پاکەی میحرابی مزگەوتا ، دەنکە دەنکەی فرمێسکی مەرجان رەنگی دووریم کە بە تالی کرژی دەزووی هیجران هونیومەتەوە ، بەسمە بو ژمارە کردنی کزەی ئیشو دەردی خوم ، ئیتر تەزبیحم بو چی‌یە گیانەم .

(١) مەولەوی لە ١٢٩١ی هیجریدا ئەم پارچە هەلبەستەی نووسیوە بو مەحموود پاشای جاف کاتیك کە پاشا مالی لە بەغدا بووە .

(٢) واتە : لە دووری‌ی تو ئەوەندە دەروونم پر بووە لە خویناو . شەپولی دەلیای خوین ئەدا بە چاوەکانما وە لەوانەیە خوین لە چاوەکانمەوە بیتە خوارەوە ، بەڵام من ئەبی چی بکەم تا ئەم لافاوە بەغدا نەبا ؟ لە شیعرەکانی پاشەوەدا باسی ئەو چارەیە ئەکا کە کردوویەتی لەم رووەوە .

پاتەخت مەحموود دارالسلامەن
منیچ کەمێ فام ئەیاز جە لامەن (٣)
ئەیازت فاماش تەفاءول کەردەن
سلاّمەتی‌ی تۆش وە یاد ئاوەردەن (٤)
وە خارو خاشاك موژەی چەسپیدە
سەد بەستەن نە دەور سەرچەمەی دیدە (٥)
وەرنە دەجلەی غەم توغیان کەردەبێ
تا ئیسە چەند جار بەغداش بەردەبێ (٦)

---

(٣) دار السلام : لەقەبی شاری بەغدایە . منیچ : منیش . ئەیاز : وەزیرەکەی سولتان مەحموودی غەزنەوی‌یە ، لیرەدا مەبەس لی‌ی مەولەوی خویەتی . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٤) فاماش : فامی . تفاءول : جاران عادەت بوو دیوانی خواجە حافظی شیرازی یا هەر کتیبیکی فال گرتنەوەیان ئەکردەوە بە نیازی ئەوەی دیری یەکەمی ئەو لاپەرەیەی کە دەرئەکەوت شیعریك یا وشەیەکی وابی لە گەل ئامانجەکەیانا بگونجی ، ئەوە پی‌ی ئەوترا تەفاءول . هەروەها ئەم تەفاءولە ئەوەشی گرتووەتەوە کە چاو پی کەوتنی دوستیك یا شتیکی جوان یا بیستنی وشەیەکی خوش نیشانەی خیر بی . واتە : بەغدا نشینگەو پایتەختی مەحموود پاشایە ، منیش کەمیکم لە عەقلی ئەیاز هەیە ، ئەوەم بە خەیالا هاتووە کە ناو برانی بەغدا بە دار السلام بکەم بە نیشانەی خیر کەوا تو هیچت لی نایی‌و سەلامەت ئەبیت .

(٥) خار : درك . موژە : برژانگ . چەسپیدە : بە یەکەوە نووساو . سەد بەستەن : بەستیکی دروست کردووە . سەرچەمە : سەرچاوە . واتە : بە درك‌و دالی برژانگەکانم کە لە تاوی زوری‌ی گریان نووساون بە یەکا ، بەری سەرچاوەی چاومم گرتووە ، بو ئەوەی شەپولی خوینی دەروونم بە دەشتی گەرمیانا نەیەتە خوارەوە بەغدا ببا .

(٦) وەر نە : ئەگینا . واتە : ئەگینا بە هوی خویناوی چاوەکانمەوە دەجلەی خەم‌و مەینەت لیشاوی ئەکرد ، وە تا ئیستا چەند جار بەغدا ئاو ئەی‌برد .

ـ ٧ ـ [1]

جۆراب چون من زامان نەسرەفتە
وە سەر پەنجەی پای ئیستیغنا کەفتە (٢)
بەدبەختێ چون من تەن کەفتەی کۆیێ
یا خەیاڵ خامێ ئەبلەە چون تۆیێ (٣)
ئەو ڕوتبەی نازك تۆ وە دەروون بەرد
جە ڕووی گوستاخی تۆ ئارەزووت کەرد
لەب وە تەمای دڵ چەند حەسرەتش بەرد
پێشش ئاوڵە کەرد فرسەتش ناوەرد (٤)

(١) وا دەرئەکەوی مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی بو ئەوە وتبی کە گورەوی‌یەکی بی کەلکی بووبی‌و بە تەما بووبی لە گەل برادەریکی بی‌گوریتەوە بە گورەوی‌یەکی باش ، بەڵام ئەم داوایەی لی نەکردبی بە هیوای ئەوە کە ئەو خوی بوی بگوریتەوە ، کەچی ئەویش هیچی نەوتبی‌و مەولەوی هەڵەکەی لە کیس چووبی . ئەنجا بەم شیعرانە قسەی لە گەل گورەوی‌یەکەی کردبی‌و سکالای دلی خوی هەڵرشتبی .

(٢) جوراب : گورەوی . ئیستیغنا : ئیش پی نەبوون . کەفتە : کەوتوو . مەعنای ئەم شیعرەو شیعرەکانی پاشەوەی پیکەوە دی .

(٣) تەن کەفتە : لەش داکەوتوو . ئەبلەە : نەفام .

(٤) پێش : پێی ، قاچی . ئاولە : تلوق . واتە : ئەی گورەوی‌ی کەسیکی زام نەسرەوتووی وەك من ، کە لە بەر پیویست پی نەبوون‌و کەڵك پیوە نەمان کەوتوویتە سەر لووتی پیم ، منی بەدبەختی لەش سووتاوی سەرکیوان بە هیوای ئەوە بووم تو ئەو پایە بلندەت دەسگیر ببی کە ئەو دوستە بتکاتە پێی ؛ وە توی نەفامی خەیاڵ خاویش هەر ئەو ئارەزووەت ئەکرد . بەڵام من بە هیوای رەزا بوونی برادەرەکەم وە بە هیوای ئەوە کە ئەو خوی داوا بکا ؛ ئەوەندە لیوم جوولاندەوەو هیچم نەوت تا پێی لیوم بوو بە تلوق ؛ وە هەڵەکەم لە کیس چوو ، وە جگە لە خەفەت خواردن هیچم بو نەمایەوە .

(١) ـ ٨ ـ

جه بێ كەسی‌ی وێم تۆم كەردەن وه كەس
نه به كەس شیای ، نه به نیمه كەس (٢)
سەر جه ڕاستی كەردەنم طوفەیل
من مەجنوون تۆم ، تۆم كەردەن وه لەیل (٣)

ـ ٨ ـ

(١) مەولەوی لەم دوو شیعرەیدا گلەیي له دوستیکی هیچ لی نەهاتووی ئـەکا .

(٢) واته : له بەر بی كەسی‌ی خوم توم كرد به كەسی خوم ، كەچی تو نه به كەس بووی بوم وه نه به نیوه كەس وه رەنجم بیهوودە بوو .

(٣) طوفەیل : طفیل ، خزمەتكارو شوین كەوتوو . واته : من به راستی‌و دل پاكی سەری خوم كردووه به خزمەتكارو شوین كەوتووی تو وه خوم كردووه به مەجنوونی توو توم كردووه به لەیلی خوم .


تیمم

ـ ١ ـ (١)

چون وەڵگ شادیی من وای دووریی لەیل

وەیشووم بەرد ئەو هەرد نەو ڕشتەی سوەیل (٢)

گێج سەرکاوان جە سەردی بین کەیل

بۆ مەدان چون بۆی بێ وەفایي لەیل (٣)

بێ دەس بی چنار زیز خاتر ڕێش

بەڵ خاکێش کەرۆ وە سەردا پەی وێش (٤)

ـ ١ ـ

(١) مەولەوی ئەم غەزەلەی بو دوستیکی جافی ناردووە کە لە کوێستان ماوەتەوو لە گەل عیلا نەگەراوەتەوە بو گەرمەسیر ، داوای لی ئەکا کە بگەڕیتەوو پی‌ی ئەلی درەنگە .

(٢) وەڵگ : گەلا . وا : با . وەیشووم : وای شووم ، بای نەگبەت ، مەبەس بای سارده . نەو رشته : تازە رەنگ کراو . سوەیل : سهیل ، ئەستێرەیەکە پایزان ئەکەوی . واته : وەك چون بای دووریی لەیل گەلای درەختی شادیی منی وەراندووە ، سارده بای پایزیش گەلا دارە زەرد هەڵگەراوەکانی بردووە بە کیوانا ، مەبەسی ئەوەیە گەلا بە دارەوە نەماوەو زستان نزیك بووەتەوە .

(٣) گیچ : پیچو نسرم . کاوان : بەرزاییەکان . کەیل : پر . بو : بون . واته : پیچو لوفەی شاخەکان پر بوون لە سەرما ، وە بونی سەرمایان لی دیت وەك بونی بی وەفایي یار .

(٤) واته : دار چنارەکان لە بەر ئەوە کە گەلایان داوەریوە ، بی دەس کەوتوونو زویرو دل بریندار بوون ؛ ئیتر مەگەر گل بکەن بە سەری خویانا لە بەر دارزانی بەرگەکەیان .

وی کۆڵ وەی وە کۆڵ پەی زەردان دەرد
ماساو نە سەراو ڕێزان هەرزان کەرد (٥)
کۆچ کەردەن خاسان ، چیهرەی ئێلاخان
داوۆ وە هەمدا دیسان نە داخان (٦)
ڕۆی حەشر دووریی گەردەن بێ گەردان
بێوادە پیر کەرد کاوان سەرهەردان (٧)
هەور نەو زار زار کلاو ئەو کلاو
مەگێڵۆ ئەسرین مەڕێزۆ وە تاو (٨)

---

(٥) وی کول : بیەیە کولە : زەردان دەرد : ئەوانەی تووشی زەردوویی هاتوون . ماساو : ماسی . ریزان : کەوتن . واتە : دار بیەیە کولەکان لە بەر سەرمای پایز دەردو بەلا چووەتە کولیان ؛ وە ئەوەندە وردە گەلای تالیان داوەراندووە بو ناو روویارەکان ، ماسیەکان هەموو مردوونو کەوتوونەتە سەر ئاو ، وە ماسی زور بووە بو ئەوانەی گرفتاری دەردی زەردووبونو پیویستیان بە ماسیەیە تەماشای بکەن تا چاك ببنەوە . لە کوردەواریدا مەشهوورە زەردووی دار سەیری ماسی بکا چاك ئەبیتەوەو دەردەکەی تووشی ماسیەکە ئەبیت .

(٦) خاسان : جوان خاسەکان . چیهرە : روو . ئیلاخ : کویستان . داوو وە هەمدا : داویانە بە یەکا . واتە : هەموو روخسار جوانەکان لە کویستان کوچیان کردووەو هاتوونەتە خوار لە بەر سەرما ؛ وە ئەو کویستانانە دیسانەوە لە داخی کوچ کردنی کچە شوخەکان رووبان گرژ کردووەتەوە .

(٧) رو : روژ . واتە : دووری ئازیزە گەردن بی گەردەکان کە ئەوەندەی روژی حەشر نارەحەتە لای شاخە بەرزەکان ؛ ئەو شاخانەی بی وادە پیر کردووەو سەریانی سپی کردووە . مەولەوی لەم شیعرەیا تەشبیهیکی زور ناسکی کردووە : شاخەکانی شوبهاندووە بە ئینسانی دلدار ؛ وە بەفری قەلەپوپەکانیانی شوبهاندووە بە مووی سەری دلدارەکان کە لە بەر خەمو خەفەت بی وادە سپی بووبی .

(٨) نەو : نوی ، تازە . زار زار : بە عاجزیو زویریەوە . کلاو : بەرزی . مەگیلو : ئەگەری . مەریزو : ئەڕژینی . واتە : هەوری تازە بە عاجزیەوە بە سەر بەرزاییەکاندا ئەگەریو بە تاو فرمیسك لە چاوەکانیەوە ئەریژی .

ماچی ئەویش دەرد هیجرانش وەردەن
یا چون من بالّای ئازیز گوم کەردەن (٩)
وێنەی عوقدەی پێچ ڕیشەی ئەرواو دڵ
بەستەبۆ جە نم خووی مۆبەت زەنگڵ (١٠)
سیلسیلەی پێچ پێچ زوڵف نازاران
زەنگڵە بەستەوە جە دانەی واران (١١)
قازان چون یاران ئاواتە خوازان
قەتارە بەستەن مەکەران ڕازان (١٢)

---

(٩) ماچی : ئەلی . وەردەن : خواردووە . واتە : ئەلی ئەویش دەردی دووری چەشتووە ؛ یان وەك من بالای ئازیزی گوم کردووە وا ئەگەری و ئەگری .

(١٠) عوقدە : گری . ئەروا : ئەرواح ، گیان . بەستەبو : بەستبیتی . خوو : ئارەق . زەنگل : زەنگلە . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(١١) سیلسیلە : زنجیر . واران : باران . واتە : هەروەکوو چون ریشەی گیان و دل بە نمی ئارەقی خوشەویستی و مەیلی ئازیزان گری ئەبەستی و ئەپیچری بە یەکا ، هەروەها زنجیرەی زولفی یارانیش قەترەی بارانی وەك زەنگلە پیا شور بووەتەوە . چونیەتی و جوانی ئەم شوبهاندنە بە بیر کردنەوەیەکی ورد نەبی دیاری نادا ، چونکە لە لایەکەوە تەشبیهی (محسوس) ە بە (معقول) وە لە لایەکی ترەوە تەشبیهی (مرکب) ە چونکە چ لە لای (مشبە) وە چ لە لای (مشبە بە) یەوە هەر دیمەن سرنج ئەدریت .

(١٢) قازان : قازەکان . مەکەران رازن : قسە ئەکەن . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

یێ لەیل ، ئاخ ، ئامێ جە ئێلاخەوە
پەی ئاخ داخ تەك دان بە (ئاخ داخ) ەوە (١٣)
جەیرانان گەل گەل تازە کەردەن مەیل
فەڕ وستەن ئەو زێد پای هەردەی دوجەیل (١٤)
چەم سیاوە کەی وە ناز دیاکەم
سەر ڕەوێلە کەی جە ڕەم جیاکەم (١٥)
هالای سەرمەستەن وە شنۆی لەیلاخ
بۆی نەو پایزش نامان وە دەماخ (١٦)

---

(١٣) ئامێ : هاتن . تەك دان : پالیان داوە . ئاخ داخ : کیویکە لە نزیکی قەسری شیرین . واتە : قازەکانی کویستان لە بەر سەرمای زستان هاتنەوە بۆ گەرمەسێر ، وە وەك هاوڕێیانی موشتاق ڕیزیان بەستووەو قسە ئەکەن . بەلام داخی گرانم لەیلیان لە گەل نەبوو ، بە داخو حەسرەتەوە بە تەنیا هاتنەوە . وە لە داخی بێ لەیلیدا پالیان داوە بە کیوی ئاخ داخەوە . لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتێی (جە ئیلاخەوە) نووسراوە (جە لەیلاخەوە) . لەیلاخ : ناوچەیەکی کویستانێیە لە کوردستانی ئێران .

(١٤) جەیرانان : ئاسکەکان . فەر وستەن : فەڕیان خستووەتە . زێد : نیشتمان ، جێگای لە دایك بوون . دوجەیل : شوێنەکەی مەجنوونی لەیلا . مەبەس لێی گەرمەسێرە . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ .

(١٥) وە ناز دیاکەم : بە نازەوە ڕوانیوەکەم . سەر ڕەوێل : سەر گەلە . ڕەم : گەلە . لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتێی (دیاکەم) و (جیاکەم) نووسراوە (دیاکە) و (جیاکە) وە لە جیاتێی (سەر ڕەوێلەکەی) نووسراوە (سەر هەلیلەکەی) واتە : پێشەنگی ڕێگا پێشان دەرەکان .

(١٦) هالای : هێشتا . شنۆ : شنە . واتە : ئاسکەکان کۆمەل کۆمەل مەیلیان تازە کردووەتەوەو هاتوونەتەوە بۆ گەرمێان و فەرو بەردەکەتیان خستووەتە مەنزلگەی یاران ، کەچی لە گەل ئەم سەرماو سولەدا کە کوچی بە هەموو هاوینە خورەکان کردووەتەوە بۆ گەرمەسێر ؛ هێشتا ئاسکە چاو ڕەشەکەی من سەرمەستی شنەی کویستانەو بۆنی پایز نەێداوە لە کەللەی . مەبەسی مەولەوی لە ئاسکەکان دەستەی نازاران ؛ وە مەبەسی لە ئاسکەکەی خۆی خۆشەویستەکەی خۆیەتی .

شەماڵ شۆ هۆرکەر بدەر بێ درەنگ
سەیڵو تەم زەردیی دیدەو دڵو ڕەنگ (١٧)
هوونەی سەیل چەم وە شەتاواندا
تەم دڵ وە ڕووی زاخان کاواندا (١٨)
زەردیی ڕەنگ نە وەڵگ نەو تووڵ نەمامان
تا لێش مالووم بۆ نەو پایز ئامان (١٩)
مەپەرسۆ بەو مەیل بێ سامانەوە
های چ خەبەرەن جە دامانەوە (٢٠)
واچە پڕ جە تۆ جە وێ فەرامۆش
من دیم ، تۆ حاڵش نەژنەوی وە گۆش (٢١)

(١٧) شو : برو . بدەر : بدە . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(١٨) هوونە : بە خور رویشتن .

(١٩) لیش : لی . مالووم . مەعلووم ، ئاشکرا . واتە : مادەم ئازیز هیشتا ئاگای لە سەرمای پایز نییە ؛ شەماڵ تو بە بی تەفرە پی دان هەڵسە بروو لافاوی چاوەکانمو تەمی دڵمو زەردیی ڕەنگم لە گەڵ خوت ببە ، لافاوی بە خوری چاوەکانم هەڵکە بە چەمەکاندا ، تەمی دڵەکەم بنیرە بو شاخەکان ، زەردیی ڕەنگیشم بدە لە گەڵای تووڵە نەمامە تازەکان تا ئازیز سەیری ئەم لافاوو تەمو گەڵا زەردانە بکاو بوی دەرکەوی کە وەرزی پایز هاتووە . بەڵکو ئیتر ماتڵ نەبی لە کویستانو بگەڕیتەوە بو لامان .

(٢٠) های : ئەمە . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٢١) واچە : بڵی . وی : خو . نەژنەوی : نەبیسی . واتە : ئەی شەماڵ کە تو لافاوی چاومت هەڵکرد بە چەمەکاناو تەمی دڵت بەرز کردەوە بە شاخەکاناو گەڵای نەونەمامەکانت بە ڕەنگی زەردم ڕەنگ کرد ، ئەو دوستە مەیڵ بی ئەندازەیە لیت ئەپرسی دەنگو باسی دەشت چییە ، تویش پێی بڵی عاشقەکەت کە پرە لە خوشەویستیی توو لە خوی خاڵیو بی ئاگایە ، من بە چاوی خوم دیم حاڵی ئەوەندە ناخوش بوو یا خوا تو بە بیستن نەیبیسی .

دیدەش یەند خەیاڵ بالآت بی تێشدا
ڕاگەی خاو نەبی بویەرۆ پێشدا (٢٢)
یەند گێلاڵن بەو دەرد شەر نە دەروندا
با بۆی دەرد مارۆ وە ڕووی هاموندا (٢٣)
زایفیش گرەو جە کا بەردەبێ
بای هەناسەی سەرد گێج پێش وەردەبێ (٢٤)
گێج مەوەرد پووشش بەو هەناسەوە
سروەی پووش مەوات جە رووی تاسەوە : (٢٥)
ئازیز شۆخ شەنگ شیرین تارەنی
ئاهووی بێ ئاهووی وەش ڕەفتارەنی (٢٦)

---

(٢٢) یەند : ئەوەندە . ڕاگە : ڕیگا . خاو : خەو . بویەرو : تی‌بپەڕی . واتە : چاوەکانی ئەوەندە وینەی بالای تویان تیابوو ڕیگەی خەویان تیا نەئەبڕدوە پیایانا تیپەڕ ببی ؛ وە خەوی لی نەئەکەوت .

(٢٣) گیلان : گەراوە . مارو : دینی . هامووڵ : دەشتو دەر . واتە : بە دەردی لە دەروونەوە سەر کردوویەوە ئەوەندە گەراوە . با بۆنی دەردەکەی دینی بە ولاتا .

(٢٤) زایفیش : زەعیفی . گیج : خول . واتە : ئەوەندە لاواز بووبوو لاوازی‌یەکەی گرەوی لە کا بردبوەوە بای هەناسەی سارد خولی پی خواردبوو .

(٢٥) گیج مەوەرد : خولی ئەخوارد . سروە : ئەو دەنگەی لە پووشەوە دیت بە دەم باوە . مەوات : ئەی‌وت . مەعنای ئەم شیعرە لە گەڵ شیعری دوایدا دی .

(٢٦) تار : تاق کەوتن . ئاهوو : ئاسك . بی ئاهوو : بی عەیب . واتە : پووشی لەشی عاشقە داماوەکەت خولی ئەخوارد بە دەم بای هەناسەی ساردەوە ، وە بە سوزو ئیشتیاقەوە ئەی‌وت ئازیزەکەم تو ئاسکیکی جوانی شۆخو شەنگی بی عەیبی ؛ وە زور جوان تار ئەکەوی لە ئاسکەکانی تر .

جەڵەو جەڵەو گەل سپی تەتاران
دین دیدەکەت وە چەم مداران (٢٧)
ئێلاخان سەردەن بازشان ، ئامان
گەرمەسێر وەشەن بۆرێ وە دامان (٢٨)
تا گێران یاران ئاهوان ڕەم ڕەم
باجت وە گەردەن ، خەراجت وە چەم (٢٩)

ـ ٢ ـ [1]

چەرخە یە تۆنی ئەی مەیلە کەردی
بەختە یە تۆنی شادی ئاوەردی (٢)

---

(٢٧) جەلەو جەلەو : جەلەب جەلەب ، کومەل کومەل . سپی تەتاران : ئاسکە تاتاریيە سپیيەکان . دین : دیتن . وە چەم مداران : چاوەریينی . واتە : گەلە ئاسکە سپیيە تاتاریيەکان چاوەریی چاو پیکەوتنی چاوتن .

(٢٨) بازشان : بە جیيان بیلە . وەشەن : خوشە . بۆری : وەرەوە . واتە : کوێستانەکان ساردن ، دەخیلتم دەسیان لی هەڵگرە ، گەرمیان خوشە وەرەوە بو داوینی چیا .

(٢٩) گێران : بگرن . ڕەم ڕەم : ڕەوگ ڕەوگ . چەم : چاو . واتە : وەرەوە بو گەرمیان تا کومەڵی ئاسکەکان ــ کە یارەکانتن ــ باجت بگرنە ئەستوی خویانو خەراجت لە سەر چاو بو دانینو بوت بهینن . مەولەوی کە باسی گەردنو چاو ئەکا ئەیەوی ئیشارەت بو ئەوە بکا کە جوانیی گەردنو چاوی ئاسك بە ناو بانگە .

ـ ٢ ـ

(١) مەولەوی جاریکیان ئەروا بو (تەویلە) بو زیارەتی شیخی بهاْ الدین چەند روژی لەوی ئەمینیتەوە ، بەڵام چونکە شیخ نەخوش ئەبی ناتوانی چاوی پی بکەوی ، لەو بەینەدا شیخ نامەیەکی بو ئەنیریو هەوالی ئەپرسی ، ئەمیش بەم شیعرانە وەڵامی ئەداتەوە .

(٢) چەرخە : ئەی فەلەك . یە تونی : ئەمە توی . کەردی : کردت . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایي پیکەوە دی .

خەمە فرسەتێ ، ئامانەن زامان
دەردە مۆڵەتێ نامەی لەیل ئامان (٣)
تەحریر خوردەی ڕێحان بێزە کەت
تەقریر شیرین شەکەر ڕێزە کەت (٤)
یاوا وە سەروەخت خەستەی دەردە کەت
مەڵهەم دا نە زام دووری کەردە کەت (٥)
من کێنان خامەت وە یادم کەردەن
حوسنت زیاد بۆ پەی دڵان بەردەن (٦)
جەمینت هەر سات نە جەلایێ بۆ
هەر جەلا پەی من وە بەڵایێ بۆ (٧)

---

(٣) خەمە : ئەی خەم . دەردە : ئەی دەرد . ئامان : هاتووە . واتە : ئەی فەلەك ئەمە تو بووی ئەم مەیلەت لە گەل کردم ، وە ئەی بەخت ئەمە تو بووی شادیو خوشیت هینا ، تو خوا سا ئەی دەردو خەم مولەتم بدەن نامەی لەیلم بو هاتووە با بیخوینمەوە .

(٤) تەحریر : نامەی نووسراو . خوردە : ورد . ریحان بیز : ئەو خەتەی کە خەتی ریحانی لە بەر چاو ئەخا . (ریحانی) جورە خەتیکە . تەقریر : قسە . شەکەر ریز : ئەوەی شەکری لی ئەوەری .

(٥) دووری کەردە : ئەو زامەی کە دووری کردوویە . واتە : ئەی خوشەویستەکەم نامە خەت وردەکەت گەیشت کە ئەوەندە جوان بوو خەتی ریحانیی لە بەر چاو ئەخست ، وە قسە جوانەکانت هاتن کە شەکریان لی ئەوەری وە کەوتنە فریای دوستەکەت کە گرفتاری دەردتە . وە بوون بە مەڵهەم بو ئەو برینانەی کە بە هوی دووریی تووە پەیدا بوون .

(٦) کینان : کیم . خامەت : قەلەمەکەت . واتە : من کیم قەلەمەکەی تو هیناومیەتەوە یاد ، یا خوا جوانیت هەمیشە روو لە زیادی بی بو فراندنی دلی دلداران .

(٧) جەمین : جبین ، روخسار . سات : سەعات . واتە : یا خوا روخسارت هەر تاوی تیشکیك بداتەوە ، وە هەر تیشك دانەوەیەکی بەلایەك بی بو من .

نیم نیگات ڕەفیق تیر ئەندازی بۆ
دڵەی من نیشان نە جان‌بازی بۆ (٨)
واتم مەیل دڵ ، پەی کەسێ کەسەن ،
جە تەن خوای صوحبەت ظاهیری وەسەن (٩)
خەیاڵم کەفتەی ئاسانە کەی تۆن
چ حاجەت ظاهیر ئاماو ئامۆشۆن (١٠)
دیام خەیر دووریت زۆرش ئاوەردەن
ئامانێ بەڵکم ئینە چەپ گەردەن (١١)
هەر پاسە شادیش نیەن بەینەتش
بەڵ بێ بەقا بۆ سزاو مەینەتش (١٢)
سیر ساوون وە چەم ئەو پاڵای بێ گەرد
چیش هەر زیاد کەرد دەرد وە بان دەرد (١٣)

---

(٨) جان بازی : گیان بەخت کردن . واتە : یا خوا هەمیشە روانینت بە لا چاو وەك تیر تەقاندن وابی بو کوشتنی یاران ، وە دلی منیش ببی بە نیشانەی‌و لە گیان بەخت کردنا بی .

(٩) تەن‌خوا : جیاتی . وەسەن : بەسە . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(١٠) کەفتە : کەوتوو . واتە : وتم بو کەسی کە کەس بی خوشەویستی‌ی دل بەسەو پیویست بە هاتنی خوی ناکا ، منیش خەیالم هەمیشە لە بەر دەرگای تودا کەوتووە ؛ ئیتر چ ئیحتیاجی‌یەکم هەیە بو هاتو چوی ئاشکرا .

(١١) دیام : سەیرم کرد . ئامانی : هاتم : مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(١٢) هەر پاسە : هەروەك . بەینەت : وەفاو بەین .

(١٣) سیر : تیر . ساوون : بسووم . پالا : کەوش . چیش : کەچی . واتە : بەڵام دیتم سوودی نیە ، دووریت زوری هیناوە بوم ، وتم با بروم ، ئەمە خوایە گەردوون وەك خوشی‌یەکەی زور دەوام ناکا ، بەڵکو سزاو مەینەتیشی زور دریژە نەکیشی وە چاوم بە یار بکەوی‌و تیر تیر کەوشە بی گەردەکانی بینم بە چاوەکانما ؛ کەچی دەردی زیاد کردم‌و چاوم بە یار نەکەوت .

وەشڵە وە مەینەت وەخت مەهجووری
صەد ڕەحمەت ئەو قەبر دووریو ڕەنجووری (١٤)
ئەر صەد تۆی دەروون پەرێت قەقنەس بی ،
یانەی دڵ وە یاد ئاوا بی بەس بی (١٥)
ئیسە حەسرەتان ، بیم بەد ئەندێش
هەر یەك جە لایێ مەکێشۆم پەی وێش (١٦)
خصووص تۆ وەی ڕەنگ مەوینوون دڵگیر
چمان دەروونم مەپێکان وە تیر (١٧)

---

(١٤) وەشلە : خوزگە . ئەو : لە . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(١٥) ئەرصەد : هەرچەند . توی دەروون : توێی ناو سك . پەریت : بوت . واتە : خوزگە بە دەردو مەینەتەکەی زەمانی دووری . وە رەحمەتی لەو گورە تاریکەی فیراق کە ئەوسا تیا ئەژیام ؛ هەرچەند ناو سکم بوت سووتابوو ، وە بووبوو بە قەقنەس ، بەس نەبوو مالی دلم بە یاد کردنەوەت ئاوەدان بوو .

(١٦) بیم : ترس . بەد ئەندیش : رەقیبی نیاز خراپ . مەکیشوم : رامئەکیشی . واتە : ئیستە داخو خەفەتو ترسی بەدکار هەر یەکە لە لایەکەوە رامئەکیشن بو لای خویان .

(١٧) وەی رەنگ : بە رەنگی . مەوینوون : ئەبینم . چمان : وا ئەزانم . مەپیکان : ئەپیکن . واتە : بە تایبەتی تو بە رەنگی خەفەتبار ئەبینم وائەزانم دلیان بە تیر پیکاوم . ئەش گونجی شیعرەکە بەم جورە بی : (چەمان دەروونم .. تاد) چونکە لە نووسینی کونی کوردیدا کە لە جیاتی ی جوولە (حرکە) تیپ (حرف) دانەئەنرا وەك ئیستا ، (چمان) و (چەمان) وەك یەك ئەنووسران . بەم پیە مەعنای شیعرەکە بەم جورەی لی دیتەوە : بە تایبەتی هەر کە تو بەم رەنگە ئەبینم ، چاوەکانم دلم بە تیر بریندار ئەکەن ، چونکە ئەو چاو پی کەوتنە ئەبی بە هوی خەمبار بوونی دل .

دڵ خەریك مەوج گێجاو دەردەن
زوانم دایم وێردش ئەی فەردەن : (١٨)
من نەبوون ئازیز گەردەن بلووری
کێن ڕەحمەت کەرۆ وەصڵش نە دووری (١٩)
خاس بی ئەر صەد جار شادی وە باد بیم
دووراو دوور وە دین ئاسانەش شاد بیم (٢٠)
ئیسە ها فەڵەك کەڵەك بەستەوە
تۆڕداو دووریش ها وە دەستەوە (٢١)
خەفەت وادەتەن ، مەینەتان سا دەی
وەخت بارانەن ئەسرین دەی پەی کەی (٢٢)

---

(١٨) وێرد : دوعای سەر زمان . مەبەس قسەیەکە کە هەمیشە بووتریتەوە . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(١٩) نەبوون : نەبم . کێن : کێیە . کەرو : بکا . واتە : دلم گرفتاری شەپولی دەلیای دەردەو هەمیشە وێردی سەر زمانم ئەوەیە ئەلیم : ئازیزە گەردن وەك بلووری بی گەردەکەم ، من نەبی چ عاشقیکی تر ئەوەندە چارە ڕەشە کە بە یار گەیشتنەکەی خوزگە بە دووری بخوازی لە بەر ئەوە کە هیچ کەلکیکی لە خوی دەسگیر نەبووبی .

(٢٠) باد : با . بیم : بووم . واتە : باش بوو جاران هەرچەند شادیو خوشیم درابوو بە با ، بەڵام خو هیچ نەبی دووراو دوور دلم بە دیتنی بەر دەرگاکەی خوش بوو ..

(٢١) واتە : کەچی وا ئیستا گەردوونی چەپ گەرد کەڵەکی بو نامەوەو تور داوی دوور خستنەوەی گرتووە بە دەستیەوە . مەبەسی مەوڵەوی ئەوەیە کە تەویلە بە جی ئەهیلیو ئەگەریتەوە . کو کردنەوەی (کەڵەك) کە پێی ئەپەرنەوە لە ئاو ، لە گەل (تور داو) کە هی ماسی گرتنە ، تەعبیریکی ناسکە لەم شوینەدا چونکە گەلی جار ماسی گر سواری کەڵەك ئەبیو ئەچی بو ماسی گرتن .

(٢٢) پەی کەی : بو کەیت هەڵگرتووە . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

ئازیزت ئاستەن ها وە دماوە
تەنە بۆ بێ گیان سا شۆ وە ڕاوە (٢٣)
شنەفتم ، گیانم بالاّ تووڵ نەی
ئیرادەت کەردەن چەنی خەستەت بەی (٢٤)
مەگەر پای تەدبیر بەدبەختی ڕێش بۆ
گیان هەوای صوحبەت جەستە کەم پێش بۆ (٢٥)
وەرنە شێتە وێم ، دڵوەشیی دڵەن
گیان جە تەن بەرشی ئاماشن موشکوڵەن (٢٦)

---

(٢٣) ئاستەن : بە جی هیشتووە . دما : دوا . تەنە : ئەی لەش . بۆ : بی . شۆ : برۆ . واتە : ئەی خەفەت ئیتر وادەتەو ئەی مەینەت دابارێ بە سەرما ، ئەی فرمێسک توش سەرەتە خوت بۆ کەی هەڵگرتووە . وەك باران دارژی ، چونکە ئازیزتان ــ کە گیانمە ــ لای یار بە جی ماوەو لەشم بە تەنیا گەراوەتەوە . مەولەوی ئەنجا ڕوو ئەکاتە لەشیو پیی ئەلی ئەی لەش توش بە بی گیان بی بە ڕیوە . لە شیعرەکانی لەمەوپاشیشدا ڕووی قسە ئەکاتە گیانو لە گەل ئەو ئەدوی .

(٢٤) شنەفتم : بیستم . نەی : قامیش . چەنی : لە گەل . بەی : بییت . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (خەستەت) نووسراوە (هاوڕی) . مەعنای ئەم شیعرەو شیعرەکانی پاشەوەی پیکەوە دی .

(٢٥) ڕیش : بریندار . هەوا : ئارەزوو . صوحبەت : هاوڕێیەتی . پێش : پیی ، لە گەلی .

(٢٦) شێتە : شێتوکە ، نەفام . وێم : خوم . بەرشی : دەرچوو . ئاماش : گەرانەوەی . واتە : بیستوومە ئەی گیانە وەك قامیش لەریوەکەم ؛ وێستووتە لە گەل هاوڕێدا بییت کە لەشمە ، بەڵام مەگەر قاچی تەگبیر کردنی بەدبەختی شکابی تو بتوانی ئارەزوو بکەی ببی بە هاوڕیی لەشمو لە گەلیا بگەڕێتەوە ؛ ئەگینا قور بە سەرم مەگەر بەم جورە ئارەزووانە هەر دلخوشیی خوم بدەمەوە چونکە کە گیان لە لەش دەرچوو زەحمەتە جارێکی تر بگەڕێتەوە .

ـ ٣ ـ (١)

چێشەن پەشێویم : ماتەمی‌ی دڵەن ،
یا کزەی ئامای نامەی بوڵبوڵەن (٢)

ـ ٣ ـ

(١) بولبول شاعیریکی بەرزی هاوچەرخی مەولەوی بووە حەزی لە کچیکی مەولەوی کردووە ، بەلام حەزەکەی دەرنەبریوە تا مەولەوی کچەکەی ئەدا بە شوو . جا هاتووە قەسیدەیەکی پر لە عاجزی‌و دوعای شەری بو مەولەوی نووسیوە ، مەولەوی‌یش لە وەراما ئەم قەسیدەیەی بو ئەنیری . وا لیرەدا بەر لەوەی کە لـە قەسیدەکەی مەولـەوی بکولینەوە قەسیدەکەی بولبول ئەنووسینەوە :

نیشانەی ناوك نیگای نازاران
یانی سەر دەفتەر سوپای خەمباران
وە غەلەت مەشهوور حال زان دەردان
پەی ویت وەر پا کەر هەناسەی سەردان
نەتیجەی قیاس قەضیەی قەضای تو
تەدبیر چەند دل پی نارەزای تو
بزیسکەی ناسور دەرد جەستەی من
کزەی کولیای زام تو ژار بەستەی من
گەردەلوول گیج هەناسان سەرد
دوور نی‌یەن بووزوت نە صەد گیج دەرد
فەلەك وە کوورەی مورەی ساختەی دەرد
پەی تەفرەقەی وەصل بشانو یەك نەرد
وزوت نە گیجاو مەینەتان خەم
روی شادی ، رووی وەصل نەوینی وە چەم
تا ئاوخانەی دل نە کەللەی سەر بو
ئانە شیرینەن ئەوەل چەمەر بو
پەی گەرمی‌ی کوورەی مەیل دەروونت
هەناسەی سەردم ئاما ئەو شونت

(٢) چیشەن : چی‌یە . ماتەمی : خەفەتباری . ئاما : هاتن . واتە : هی چی‌یە وا پەشیوم ، هەر خوم خەفەتبارم ، یا کزەی هەناسەی ساردی بولبولە لە نامەکەیەوە سەری داوە ؟

شاهید دانای گردین ئەحوالّان
وەسەن پەی ڕاسیی عەرزەی مەلالان (٣)
ئێشش هام فەردم ئێشش وێم زانان
دەرد هام دەردم دەرد وێم زانان (٤)
بەلّام تۆ قەزاو بێ تەدبیریی وێت
کەردەن پێت ئانا هەرچی کەردەن پێت (٥)
کەی تۆ خەیاڵێت وە دەروون ئاوەرد
هانات کەرد ئەو من ، من بێ مەیلیم کەرد (٦)
تا تەئثیرێ بۆ پەرێ شەو نالّەت
یا پەی هەناسەی سوب دوعاو لالّەت (٧)

---

(٣) دانا : زانا . گردین : هەموو . وەسەن : بەسە . واتە : ئەو خوایەی کە ئاگاداری هەموو شتیکە ، بەسە بو ئیسپات کردنی ڕاستیی ئەم قسانەم کە بە عاجزیەوە بوتی ئەکەم .

(٤) ویم : خوم . زانان : زانیوە .

(٥) ویت : خوت . ئانا : ئەوەتە . هەر چیو : هەرچی . واتە : بەلام تو ، یەکەم قەزاو قەدەری خواو دووهەم بی سەرو بەریی خوت ئەوەیان پی کردی کە پیّیان کردی .

(٦) هانات کەرد ئەو من : هاوارت هینا بو من . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٧) پەری : بو . واتە : کەی تو خەیالیکی وات بە دلا هاتو دەسەو دامینی من بوویتو من بە گویم نەکردی ، تا لالانەوەو هاوارو نالەی شەوت کار بکا لە حزووری خوادا ، یا هەناسەی ساردی تەك دوعای بەیانیانت ئەنجامیکی ببی .

گۆیا جه لا ویّت دەروونت ئێشان
یەد دوعاییت کەرد تەصدیعت کێشان (٨)
من ڕۆی مامەڵەی گردین خاصو کەس
جەو ڕاسە یازاڕ شارەکەی ئەلەس (٩)
جە سەر دووکانچەی شای سەر توجاران
هۆرگرتم کالاّی یەلاّی نازاران (١٠)
نامان نە گۆشت مەر فەردەکەی من
فەرد وەش مەضموون پێ گەردەکەی من : (١١)
ئەر هەر سات دەردێ دەردێو تەر چەنی
بەیۆ ماچوو ئاخ پەی دەردێ هەنی (١٢)

---

(٨) لا ویت : لای خوت . ئیشان : ئیشاوە . تەصدیع : زەحمەت . کیشان : کیشاوە . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(٩) روی : روژی . خاص : بەرامبەری (عامە) ، مەبەس پیاوانی خوایە ، هەروەها وشەی (کەس) یش بەم مەعنایەیە . ئەلەس : (السّت بربکم) ئەو روژەی کە خوا لە عالەمی ئەرواحدا قسەی لە گەل گیانی هەموو کەس کردو موسولمانو کافر لە یەك جوی بوونەوە .

(١٠) شای سەر توجاران : مەبەس خوایە . هورگرتم : هەلم گرتووە . واتە : گوایە لای خوت دلت ئیشاوەو دوعای شەرت لی کردووم ، بەلام لە خورایی زەحمەتت کیشاوە ، چونکە من خوم لەو روژەدا کە لە راستە بازاری شاری (السّت بربکم) دا هەر کەس خەریکی مامەلە کردن بوو ، چوومە سەر دووکانچەی شای سەر بازرگانانو پارچەی بەلای نازارانم بو خوم هەلبژارد ، مەبەسی ئەوەیە لە روژی ئەزەلدا کە خوا چارەنووسی دیاری کرد ئەو دەردو بەلای بەرکەوتووەو ئیتر باکی نییە لە دوعای شەری کەس .

(١١) مەر : مەگەر ، بوچی . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری پاشەوەیدا دی .

(١٢) چەنی : لە گەلی . بەیو : بیت . ماچوو : ئەلیم . هەنی : دیسان . واتە : تو کە دوعای شەرم لی ئەکەی بوچی شیعرە بی گەردە خوش مەعناکەی منت نەبیستووە کە ئەلی ئەگەر هەر سەعاتی دەردیکم توش ببیو دەردیکی تریشی بە دوادا بیت ، هیشتا تیری پی تاخومو ئەلیم خوزگە دەردیکی تریشم تووش بهاتایە .

یەکێوەن جە لام شادیو ڕەنجووری
کەیفیو بێ کەیفی نزیکیو دووری (١٣)
مەر چون تۆ هەڵوای مەحەبەت خامێ
قەبای عەشق دڵ پشت نا تەمامێ (١٤)
وەشیو ناوەشی تەفاوت زانۆ
مەڵێ نەزانۆ هەر پەڵێ شانۆ (١٥)
مەیلو قین هەردوو هەر جە شەخسێوەن
جەریمەو خەڵات شێوەی کەسێوەن (١٦)
لا هۆرکەردە جەو ، پەی ئێد تەماشا
بەو شاد ، پێد ناشاد (کلا و حاشا) (١٧)

---

(١٣) یەکیوەن : یەکیکە . ڕەنجووری : خەفەتباری . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(١٤) چون : یەکیکی وەك . هەلوا : حەلوا ، شیرینی . خام : کال . قەبا : کەوا .

(١٥) زانو : بزانی . مەلی : مەلە . پەلی : پەل . شانو : بوەشینی . واتە : شادیو خەفەتو نزیکیو دووری لە لای من وەك یەك وان ، مەگەر یەکیکی وەکو تو کە حەلوای خوشەویستیی دوستانی کال بیو پشتە کەوای عەشقی نا تەواو بی ، فەرقی خوشیو ناخوشی بکا وە لە دەلیای عەشقا مەلە نەزانیو هەر پەل بوەشینی ، ئەگینا عاشقی راستە قینە فەرقی لا نیە .

(١٦) جەریمە : جاران کە ئاغا کوردەکان تووڕە ئەبوون لە فەلاح حوکمیان ئەدا کە ئەندازەیەکی تایبەتی پارەی لی بسەنری ، ئەوە پیی ئەوترا جەریمە . کەسێوەن : کەسیکە . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(١٧) هورکەردە : هەڵچەرخاندن . ئید : ئەم . پید : بەم . واتە : قینو خوشەویستیو جەریمە دانانو خەلات کردن هەردووکیان هەر ئیشی خوان ، کەواتە هەرگیز من ئەوە ناکەم حەز بەمیان بکەمو خوشم لەویتریان نەیەت ، وە سەیری ئەمیان بکەمو مل لەویان وەرچەرخینم .

سا هەر دوعا کەر با چەرخ چەپ‌گەرد
تا تاقەتش هەن هەر بشانۆ نەرد (١٨)
من وزۆ ئەو دەرد ، ئەو ئەو سەردیی مەیل
ئەو ئەو قەبایل ، من ئەو کۆی دوجەیل (١٩)
خصوصاً ، بولبولێ جە لای زامداران
دووری خاستەرەن نە وەصڵ یاران (٢٠)
نزیکی یاگەی تەریدەی فەصڵەن
دووری ڕای خەیاڵ قافڵەی وەصڵەن (٢١)

---

(١٨) کەر : بکە . هەن : هەیە . بشانو : بوەشینی . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (نـەرد) نووسراوە (دەرد) .

(١٩) وزو : بخاتە . ئەو : ناو . قەبایل : هوزەکان . ئیشارەتە بو ئەوە کە لەیلا کەوتبوە ناو عەشرەتەکانو مەجنوون ویلی هەردەی دوجەیل بووبوو . واتە : کەواتە تا پیت ئەکری هەر دوعا بکە با چەرخی چەپ‌گەرد تا پیی ئەکری هەر زاری چارەرەشی هەڵدا بو من ، من تووشی دەردو بەلا بکاو مەیلی ئەو سارد بکاتەوەو ، من ویلی هەردەی دوجەیل بکا وەك مەجنوونو ئەو بخاتە ناو هوزەکان وەك لەیل .

(٢٠) خصوصا : بە تایبەتی . زامداران : بریندارانی دەردی خوشەویستی . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٢١) یاگە : جیگا . تەریدە : طریدە ، دەربەدەر کراو . فەصل : جیایی . را : ریگا . قافلە : کاروان . واتە : من ترسی دوعای شەرم نییە بە تایبەتی لەبەر ئەوە کە بریندارانی زامی خوشەویستی دووریان لا باشترە لە گەیشتن بە یار،چونکە نزیکی جیگەی جەردەو دەربەدەر بوونی جیایی‌و دوور کەوتنەوەیە، بەلام دووری ریگای تیپەر بوونی کاروانی بە یار گەیشتنە . مەبەسی ئەوەیە کە بە یار گەیشتن تووی دوور کەوتنەوەی لە گەل خوی هەلگرتووە لە بەر ئەوە ناخوشە ، بەلام دووری پال بە ئینسانەوە ئەنی بو بیر کردنەوە لە بە یار گەیشتن ، وە بو ئەوە کە بگا بە یار . بەم پییە دوعای شەرەکەی بولبول ئەبی بە مایەی خیر بو مەولەوی .

پەوکە خوو گرتەی بەلاو کۆسەنان
نزیکی بێزار ، دووری دۆسەنان (٢٢)
نە کۆی نزیکی شادی وە بادم
نە دەورەی دووری وە یادش شادم (٢٣)

---

(٢٢) پەوکە : بویە . کوسەنان : کوسم . کوس کەوتنم . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(٢٣) کو : خەرمان . دەورە : سەردەم . واتە : بویە خووم گرتووە بە بەلاو کوس کەوتنەوەو بیزارم لە نزیکی‌و حەزم لە دووریە . چونکە لە سەر خەرمانی نزیکی‌دا شادیم بەر بادە . وە لە سەردەمی دووری‌دا شادم بە یاد کردنەوەی دوست .

* * *

کە وەرامەکەی مەولەوی ئەگاتە دەستی (بولبول) . ئەم پارچە شیعرەی تری بو ئەنیری :

سەرشار سەرخوش مەیخانەی (لا لست)
وە نەشئەی مینای دەس ساقی مەست
پا بەستە وە قەید سەیاد مەعنی
فارغ نە صوورەت فیرقەی (لا یعنی)
سینە خەزانەی نازک خەیالان
نازکتەر جە ناز نازک نەوهالان
شیویای شانای شیرین ئەتواران
شەریک تالی‌و شادی‌ی خەمباران
راستەن نەتیجەی قیاست سەختەن
مدعات ئیلزام خەصم بەدبەختەن
بەلام دەعوای بەخت جە ددلالاتەن
قیاست مەجموع موغالەطاتەن
یەکسەر عەمیقەن قەضایای تەحریر
غەیر جە ودسیلەی ددلیل تەقدیر
خو من ئەزانم ئەدەب تەقصیردن
واتەی بەدکاران جە لات دلگیرەن

- ٤ -

چەرخ هەر ئەو چەرخەن تا ئاوەردو بەرد
دەس ئەو دەس نگین تا خاتەم ئاوەرد (١)

بدیە بی مەیلیت وە جایي یاوان
بە واتەی بەدان مگیریم تاوان
صەد نەوبەت یاوان قەرینەی حالی
ئیحتیاج چیش بی هانای مەقالی
ئاخ جە حال زانیت خەیلی ئیشکالەن
حال نەزانات مونافیی حالەن
پەی تەتیممەی رەد مەولام کافیبەن
بی باکیت جە رووی بی ئینسافیبەن
ئەر بی وەفایي ، ودر بی مەیلیت کەرد
جە بەدبەختیی من هەرچی بی ویەرد
ئەما حەیف (بولبول) جە ویت هەراس کەرد
پەی تەنیا گولی ویت کەس نەناس کەرد

- ٤ -

(١) چەرخ : گەردوون . نگین : مورخانەی ئەموستیلە ؛ مەبەس شانو شکوی پیغەمبەریەتیبە . خاتەم : ئەموستیلە ، مەبەس حەزرەتی محمدە کە خاتەمی پیغەمبەرانە . واتە : گەردوون هەر ئەو گەردوونەیە کە بە چەند جور گوراو چەند وەزعی هینایە پیشەوە وە نگینی پیغەمبەریەتیی دەس بە دەس لە لە ناو پیغەمبەرانا گیرا تا گەیاندیە سەر حەزرەتی محمد کە ئاخری پیغەمبەرەکانە . مەولەوی لەم شیعرەدا تەعبیرکی ناسکی بە کار هیناوە کە لە دوای (نگین) کە مورخانەی ئەموستیلەیە (خاتەم)ی هیناوە کە بە ئەموستیلە ئەلین ؛ واتە : وەك چون پاش مورخانەی ئەموستیلە ئەموستیلەکە دیت ، پاش پیغەمبەرانیش حەزرەتی محمد هات . کوکردنەوەی (نگین)و (ئەموستیلە) بە پیی عیلمی بەدیع هونەری (طباق)ی تیایە .

دا بەزم خوسرەو و شیرین وە هەمدا
جام دا وە سەر جەم ، جەم وە سەر جەمدا (٢)
شۆرەت نامەی نام حاتەمش کەرد طەی
کەرد وە کاسە کەل کاسەی کەلەی کەی (٣)
ساقی ، گەرد ئارد یاران هام فەرد
مدۆم نە دەماخ ئاسیای چەپ گەرد (٤)
صەدای ئاسیاو چی مەیۆ پەیاپەی
ئاساۆ خالّی یەن نەوبەتەن سا دەی (٥)

---

(٢) دا : دای . وە هەمدا : بە یەکدا . جام : ئاوینەکەی جەمشیدی شای ئیران کە وا مەشهوورە بە شوینیکی بەرزەوە دای ئەناو لەشکری دوژمنی لە دووردوە تیا ئەدی . جەم : مەبەس لە جەمی یەکەمو دووهەم جەمشیدی شای ئیرانە . وە مەبەس لە جەمی سەهەم جەمعە بە مەعنا کومەلانی خەلک . واتە : بەزمی خەسرەوو شیرینی دا بە یەکداو جامی دا بە سەر جەمشیداو کوشتیو جەمشیدی هینا بە سەر خەلکاو کردی بە بەلای گیانیان . یان کومەلە خەلکیکی دا بە سەر کومەلیکی تراو بە یەکتری فەوتاندنی . مەبەسی ئەوەیە کە بەزمو رەزمی هەزار خەسرەوو شیرینو تەختو بەختی هەزار جەمشیدی تیکداوە .

(٣) شۆرەت : شهرت . ناو بانگ . نام : ناو . طەی : پیچانەوە . کەی : کەیخەسرەو : یەکیکە لە پادشا کونەکانی ئیران . واتە : ناو بانگی حاتەمی پیچاوەتەوە کاسەی کەللە سەری کەیخەسرەوی کرد بە کاسە کەل . لە کۆ کردنەوەی (حاتەم) و (طەی) دا بە پێی عیلمی بەدیع هونەری (توریە) پەیدا بووە . چونکە مەبەس لە (طەی) هۆزەکەی (حاتەم) نیە ، بەلکو پیچانەوەیە .

(٤) گەرد : توز . مدوم : ئەدا . ئاسیا : ئاش . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٥) ئاسیاو چی : ئاشەوان . مەیو : دیت . ئاساو : ئاش .

هەر کاتێت زانا چەرخێ وەردەوە
چون یاران دانەی ئێمەیچ هەڕدەوە (٦)
نە هەر سەردەشتێ کشتێ کریابۆ
وە جۆی چەمەی چەم ئاو نەدریابۆ (٧)
نەیاوابۆ خاس دانەش بەو ئاوە
لایق نین بەردێش بەو ئاسیاوە (٨)
فیدات بوون ئامان سا هۆرکەر با بەی
وە سەر کشتمدا پەی پەی جەو جۆی مەی (٩)

---

(٦) وەردەوە: سوورایەوە . دانە: دەنك ، باراش . هەردەوە: هاریەوە . واتە : ئەی ساقی ئاشی گەردوون بونی ئاردی لاشەی هاراوی هاوریان ئەدا بە لووتما ، بە سەرەمریش ئاشەوان دەنگی دی ئەلی ئاش خالیەو سەرەتانە فەرموون ئەی خاوەن باراشەکان ، جا هەر ئەوەندەت زانی ئیمەیش سووریکمان خواردو ئاشەکە دانەویلەی ئیمەشی هاری . مەبەس لەم شیعرانەدا لە (ساقی) خوای گەورە ، وە لە (توزی ئارد) خولی لاشەی رزیو ، وە لە (ئاش) گەردوون ، وە لە (ئاشەوان) فریشتەی گیان کیشان ، وە لە (دانە) لەشە . واتە : هاوریان هەموو مردنو سەرەی ئیمەیش هاتووە .

(٧) کشتی : زەرعاتیك . کریابو : کرابی . جو : جوگە . چەمە : سەر چاوگە . چەم : چاو . نەدرابو : نەدرابی . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٨) نەیاوابو : پێنەگەیشتبی . بەردیش : بیبەن . بەو : بو ئەو . واتە : هەر کشتو کالیك لە هەر دەشتیکا کرابی ، مادەم بە فرمیسکی لە ترسی خوا دارژاو ئاو نەدرابی ، وە دەنکەکانی بەو ئاوە پێنەگەیشتبی ، لایقی ئەوە نیە بیبەنە ئەو ئاشە . لەم دوو شیعرەدا مەبەس لە (دەشت) لاشەی ئادەمیزاد ، وە لە (کشت) کردەوە ، وە لە (جوگا) سەرچاوەی خوا پەرستیە . واتە : تەنها کردەوەی چاك شایانی ئەوەیە ببریت بو ئەو دنیا .

(٩) بوون : بم . هورکەر : هەلکە . با بەی : با بیت . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پیکەوە دی .

ئەر صەد کشتەکەم ئاخر کارشەن
هەفتەکەی ئاخر نەو وەهارشەن (١٠)
بەلّام بەڵ تەڵ کەشێوە کەرۆ
جەی ئاخرەوە داناوێ وەرۆ (١١)
حەیفەن تۆ میراو سەرجۆی بادە بی
وە هەرکەس بە قەد کەفاف دادە بی (١٢)
من کشتم ڕووزەرد هام فەرزانش بۆ
دانەم ڕوو سیای هام دەردانش بۆ (١٣)

---

(١٠) ئەر صەد : هەرچەند . ئاخر کارشەن : دوایيەتی . نەو وەهار : بەهاری نوێ . کە لە ئاخرو ئوخری بەهارا باران ئەباریو گیای وشک بوو سەوز ئەکاتەوە ، ئەلین بەهار نوێ بووەتەوە .

(١١) کەشیوە : کەشیک . کەش کێشمانو هەڵچوونە . کەرو : بکا . داناو : دانە ئاو ، یەک باران کە بدا لە دەغڵو بێبووژێنیتەوە . وەرو : بخوا . واتە : دەسم دامێنت بە قوربان ئەو جوگەی شەرابە هەڵکە با پەی دەر پەی بیت بە سەر کشتو کاڵی منـدا ؛ تا هەرچەند ئاخرو ئوخریەتیو دوا هەفتەی بەهاری نوێیەتی ، لقەکانی هەڵچنو لەم دوا دواییەدا ئاوێ بخونەوە . مەبەسی ئەوەیە هەرچەند عومرم گەیشتووەتە ئاخری ، وە تا ئیستا ئیشیکی باشم نەبوە ، با بـە بی کردەوەیەکی چاک نەمرم ؛ تەوفیقم بدەو کارێک بکە چاکەیەک بکەویتە ریزی کردەوەکانمەوە .

(١٢) میراو : ئەوەی سەرپەرشتیی ئاوی جوگاکان ئەکاو دابەشی ئەکا بە سەر زەرعات کەرانا . بادە : مەی . کەفاف : ئەوەندەی بەش بکا . دادەبی : دابێتت . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دی .

(١٣) واتە : حەیفە تو میراوی جوگەی مەی بێو بە هەر کەست بەشی حاڵی خوی دابی ، کەچی من بی بەش بکەیت ، منیش دەغڵەکەم وشک ببێو ببی بە پووش ، وە دانەویلەی سـەر خەرمانەکەم ڕەش بێتەوە . مەبەسی ئەوەیە حەیفە تو هەموو شتت بە دەس بێو ؛ کەچی منیش بە هوی بـەد کرداریمەوە ڕوو زەردی لای هاوڕیانو ڕوو ڕەشی حزووری تو ببم . مەولەوی بە هینانی وشەی (ڕوو زەرد) و (ڕوو سیا) بەرامبەر (کشت) و (دانە) ئیشارەتی بو ئەوە کردووە کە دەغڵ ئەگەر بارانی نەبوو . ساقەکەی زەرد ئەبێو گوڵەکەی ڕەش ئەبێتەوەو دەنکەکانی ئەبن بە کوێرەوە .

(١)

چون چیهره‌ی خه‌یاڵ ڕوخساره‌که‌ی وێش
نه تۆی په‌رده‌ی دڵ مه‌عدوومی‌ی دڵ ڕێش (٢)
نمانا جه‌مین شای سۆسه‌ن خاڵان
که‌م که‌م جه گۆشه‌ی لای سیا ماڵان (٣)
زه‌مین منه‌ت‌بار پا منیاو مه‌ویه‌رد
جار جار وه ڕووی ناز باوه‌شێن مه‌که‌رد (٤)

— ٥ —

(١) مه‌وله‌وی به‌م قه‌سیده‌یه ته‌عریفی نازاریکی جاف ئه‌کا که له‌دیوی ده‌واره‌وه خوی ده‌رخستووه .

(٢) چیهره : ڕوو . نه تۆی : له ناو . مه‌عنای ئه‌م شیعره‌و شیعری دوایی پیکه‌وه دی .

(٣) نمانا : ده‌ری خست . جه‌مین : جبین ، ناو چاو . سوسه‌ن : گوڵیکی په‌مه‌یی توخه له کوێستانه‌کانا ئه‌روی . سیا مال : ده‌وار . واتـه : شای سوسه‌ن خاله‌کان ورده ورده له پشتی ده‌واره‌وه خوی پیشان دا ، وه لـه دیمه‌نی ڕوخساری خوی ئه‌چوو له دڵی کون کونی بووی مه‌عدوومی‌دا . مه‌وله‌وی وای داناوه که ئه‌و نازاره ئه‌وه‌نده شوخ‌و جوانه هیچ شتیك نی‌یه بو ئه‌وه ده‌س بدا پی‌ی بشوبهێنری جگه له وینه‌ی خوی له دڵی ئه‌مدا . له‌م دوو شیعره‌دا ته‌شبیهی (محسوس) کراوه به (معقول) واته وینه‌ی راسته قینه‌ی یار له په‌نا ده‌وارا ته‌شبیه کراوه به وینه خه‌یاڵی‌یه‌که‌ی له دڵی مه‌وله‌وی‌دا ، وه ئه‌و ده‌واره ره‌شه‌ی که یار خوی له‌دیویه‌وه ده‌رخستووه ، ته‌شبیه کراوه به دڵی بریندارو ره‌ش بووه‌وه‌ی مه‌وله‌وی . به پی‌ی ئه‌م ته‌شبیهه ئه‌بی وینه خه‌یاڵی‌یه‌که‌ی ئه‌و نازاره لـه دڵی مه‌وله‌وی‌دا ، جوانتر بی له وینه‌ی راسته قینه‌ی خوی . وه ئه‌بی دڵی مه‌وله‌وی له ده‌وار زیاتر ره‌ش بووبیته‌وه . ئه‌م جوره ته‌شبیهه لای ئه‌دیبه‌کان ته‌شبیهیکی زور جوان‌و په‌سه‌نده .

(٤) منیا : دای ئه‌نا . مه‌ویه‌رد : تی‌ئه‌په‌ری . مه‌که‌رد : ئه‌ی‌کرد . مه‌عنای ئه‌م شیعره به‌سراوه به شیعری دوایی‌یه‌وه .

باوەشێن مەکەرد ئەو صەفحەی بێ گەرد
نازکیش جە باد ئیحتیاط مەکەرد (٥)
نە تۆی تاریکی تای شەدەی بێ گەرد
لەطافەت چون ئاو حەیات مەوەرد (٦)
غەریب بیم چەنیم کەرەم نمانا :
وە سەوقات پەرێم خەدەنگێ شانا (٧)
ئەر صەد چون یاران گیان تەسلیم کەردم
خاس بی پەی یادگار خەدەنگێ بەردم (٨)

---

(٥) نازکیش : ناسکی‌ی . باد : با . واتە : منەتی ئەنایە سەر زەوی‌و پی‌ی پیا ئەناو تی‌ئەپەری . جار جاریکیش لە رووی نازەوە روخساری بی گەردی خوی باوەشین ئەکرد ، روخساری ئەوەندە ناسك بوو ناسکی‌یەکەی ئەترسا کە شنەی بای باوەشینەکە زیانی پی بگەیەنی .

(٦) تا : تال . لەطافەت : ناسکی . مەوج مەوەرد : شەپولی ئەدا . واتە : لە ناو تالە رەشەکانی پووشینە بی گەردەکەیەوە ناسکی شەپولی ئەدا وەك چون ئاوی حەیات لە تاریکایی‌یەکەی‌دا شەپول ئەدا . لەم شیعرەدا مەولەوی تەشبیهی ناسکی‌ی کردووە بە ئاوی حەیات ؛ وە تەشبیهی تالە رەشەکانی سەرو پووشینی یاری کردووە بەو تاریکایی‌یەی کە ئەلین ئاوی حەیاتی تیایە .

(٧) بیم : بووم . چەنیم : لە گەلم . نمانا : پیشانی دا . سەوقات : دیاری . پەریم : بوم . شانا : وەشاندی . واتە : غەریب بووم پیاوەتی‌ی لە گەل کردم ، تیریکی بە دیاری بو وەشاندم .

(٨) واتە : هەرچەند منیش وەکوو یاران گیانم تەسلیم کردو کوژرام . بەلام هەر باش بوو تیریکم لە گەل خوم برد بو یادگار .

چەمان هەم قامەت کەیفم ، خەمبارەن
زەردی نە ڕووی دڵ زەوقم دیارەن (١)
تەوق خەم گەردەن شەوقەکەم بەستەن
کەف پای شادیم خار تێ شکستەن (٢)
ساقی ، سا دەخیل جام مەی وە کەف
دەرۆیش ، ئامانەن کەفێ نە ڕووی دەف (٣)
خۆ نەوی فرسەت جارێ نە جاران
هەر پۆس وە مشت بیم پەی دین یاران (٤)
چەپ گەرد جە خاتر وێش هەرگیز نەوێەرد
کەی بی جامێمان پڕ جە بادە کەرد (٥)

(١) چەمان : چەمیودتەوە . ڕێێی تێنەچی (چمان) بی بە مەعنا (ئەڵێی ـ کانە) واتە : بالای کەیفو شادیم لە خەفەتدا چەمیوەتەوە . یان : ئەڵێی بالای کەیفم خەفەتبارە . وە زەردی بە سەر ڕوخساری دڵی زەوقمەوە دیارە .

(٢) کەف : لەپ . خار : درك . واتە : تەوقی خەمو خەفەت چووەتە ئەستوی شەوقم . لەپی پێی خوشیشم درکی تیا شکاوەتەوە .

(٣) کەف : لەم شیعرەدا مەبەس لێی لەپی دەستە . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(٤) نەوی : نەبوو . پۆس وە مشت : ئەوەی دەس کیشی چەرمی لە دەستایە ، بەو ڕەنج بەرانە ئەڵین کە دەس کیشیکی چەرم لە دەس ئەکەنو درك ئەدوورنەوە . دین : چاو پی کەوتن . واتە : دەخیلتم ئەی ساقی کە پیالەی مەی ئەگیڕی . پیالەیەکمان بدەڕی . تۆیش ئەی دەرۆیش دەسی بدە لە دەفەکەتو هەندیکمان بو لێدە ، خو جاریکیان هەڵمان بو هەڵنەکەوتو هەمیشە هەر لە ڕەنج کێشانا بووین بو چاو پی کەوتنی یار .

(٥) خاتر : خەیال . نەوێەرد : لای نەدا . واتە : فەڵەك هەرگیز لە خەیالی خوی لای نەدا ، وە جارێك نەبوو کە پیالەیەکمان بو پر بکا لە مەی .

ئێمەیچ با ساتێ بەزمێمان جەم بۆ
لادێ هەر خاسەن ئەر صەد کە کەم بۆ (٦)
من نالە ، تۆ دەف ، ئەو صافی یا دورد
هەنی فەرد ، دەرد مەینەت گەردەن ورد (٧)

(١) _ ٧ _

چێشش واچۆ مەعدووم خەستەی مەهجووریت
حاڵ دیدەو دڵ جە دەرد دووریت (٢)
بدیە بەو دەجلەی بێ کەنارەدا
ڕەوانەن وە بەین بەغدا شارەدا (٣)

---

(٦) واتە : با ئیمەیش تاویك کو ببینەودو کورمان گەرم کەین . ئەو تاوە هەرچەند کەمیش بی باشترە لە هیچ .

(٧) صافی : شەرابی بی گەرد . دورد : خەلتە . هەنی : ئینر . واتە : من ئەنالینم و تو دەف لێدەو ساقیێش شەرابی بی گەرد یا خلتەی بنی پیالەی دوستانمان بە سەرا بگیری ، شیعری دەردو مەینەتتی ملی بشکێو گوری گوم بی . مەولەوی لەم شیعرەدا دەوری خوێو ساقیێو دەرویشی دیاری کردووە لە ئاهەنگەکەدا .

_ ٧ _

(١) مەولەوی لە ١٢٩٢ی هیجریدا ئەم پارچە هەڵبەستەی نووسیوە بو مەحموود پاشای جاف کە ئەو کاتە مالی لە بەغدا بووە لە وەرامی نامەیەکیا کە بو هەوال پرسینی مەولەوی‌ی ناردبوو .

(٢) چیشش واچو : بلی چی . واتە : منی گرفتاری دەردی دووریت . بلیم چیو چونت بو باس بکەم کە دیدەو دلم لە تاو دەردی فیراقت چی‌یان لی هاتووە .

(٣) بدیە : بروانە . بی کەنار : بی قەراخ . مەبەس گەورەیی دەجلەو زوری‌ی ئاویەتی . ڕەوانەن : بە سافی ئەروا . مەعنای ئەم شیعرەو سە شیعری دوایی پیکەوە دی .

سەیر کەر ئەو گەرماو شەرارەی تاوە
هوەیدان هامن جە لای بەغداوە (٤)
ئەو ئاخر وشکاو ئەسرین دیدەم
ئێد دما نەفەس دڵەی خەم دیدەم (٥)
جەو گەرماو جەو ئاو بەرگوزیدەکەم
تەفتیش کەر حاڵات دڵەو دیدەکەم (٦)

— ٨ —

چەم پەی فەرش پات موژەش چون خارەن
بەڵام چێش کەرۆ چارش ناچارەن (١)
چەنی تاوۆ تەرك پا بۆست کەردەن
سەوگەندش وە زوڵف سیای تۆ وەردەن (٢)

---

(٤) هوەیدا : ئاشکرا . هامن : هاوین .
(٥) نەفەس : هەناسە . دیدە : دیتوو .
(٦) بەرگوزیدە : هەلبژاردە . واتە : سەیریکی ئەو دەجلە پانو پورە بکە- کە بە ناوەراستی بەغدادا تێئەپەری ، وە سرنجی بدەرە تینی گەرمای هاوینانی. بەغدا ، ئەویان دوا تکی فرمیسکی چاوەکانمەو ئیتر وشکاویان هاتووە ، ئەمیشیان. دوا هەناسەی دلە خەفەتبارەکەمە . جا بەو گەرمای بەغداو ئاوی دەجلەدا بزانە حالی دلو چاوم چونەو لێی ورد ببەرەوە تێئەگەی لە چیێام .

— ٨ —

(١) چێش کەرو : چی بکا . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی. پێکەوە دێ .
(٢) چەنی تاوو : چون ئەتوانی . سەوگەند : سوین . واتە : هەرچەند- چاوەکانم بو ئەوە ناشین لە بەر پیتا بکەون چونکە برژانگەکانیان وەك درك- وانو قاچت بڕیندار ئەکەن ، بەڵام چاریان ناچارە چونکە سوێندیان بە زوڵفی. رەشی تو خواردووە کە ئەبێ قاچت ماچ کەن لەبەرئەوە کە زوڵفەکانت ئەوەێندە- دڕیژن گەیشتوونەتە قاچت ، وە ناتوانن دەس لەو سوێنەیان هەلگرن .

چون شەماڵەی نوور گڕ گڕانمە
پەی پاس ماران زەنگ زڕانمە (١)

- ٩ -

(١) شەماڵەی نوور : کرمیکە هاوینان دەرئەکەوی‌و بە شەو لە دووردوە تیشک ئەداتەوە ، پی‌یشی ئەلین (گو ئەستیرە) . گر گران : گەران‌و درەوشانەوە . زەنگ زران : زەنگ لی‌دان . لە کوردەواریدا عادەتە زەنگلە ئەکەنە ملی بەران لە ناو رانا بو ئەوەی مار گوێی لە دەنگی بی‌و نزیکی رانەکە نەکەوێتەوە ، چونکە وا مەشهوورە مار کە گوێی لە زرەی زەنگلە بوو دوور ئەکەوێتەوە . واتە : چرای عەشق‌و خوشەویستیم بە دەستەوەیە‌و وەک گو ئەستیرە بە دەورتا ئەسوورێمەوە‌و بە گورانی وتن زەنگ لی ئەدەم‌و ماری بەدکارانت لی دوور ئەخەمەوە .



— ١ —

خورشید سەمای شیرین جەمالآن
ڕەشك ئەفزای گرۆی دیدە غەزالآن (١)
دانەی شەو چراغ خەزانەی هەستی
مەزەی نەشئەی عەشق بادە پەرستی (٢)
دەرگای مەدینەی حوسن مەحبووبی
نوور ئەفزای دیدەی جەرگەی یەعقووبی (٣)

— ١ —

(١) خورشید : خور . سەما : سماء ، ئاسمان . ڕەشك ئەفزا : داخو خەفەت زیادکەر . گرو : گروه ، کومەل . واتە : ئەی بریسکەدار وەك ڕۆژ بە ئاسمانی جوانانەوە ، ئەی زیادکەری داخو خەفەتی ئەو جوان خاسانەی کە چاویان وەك چاوی ئاسك وایە . هوی وەصف کردنی ئەو خوشەویستە بە زیادکەری داخو خەفەتی جوانان لە بەر ئەوەیە کە ئەوەندە جوانە . هەرچەند ئەوان سەیری ئەکەن بەخیلی‌ی پی ئەبەن‌و داخی دلیان زیاد ئەبی .

(٢) دانە : گەوهەر . شەو چراغ : شەو وەك چرا ئەدرەوشیتەوە . هەستی : بوون ، گیتی . واتە : ئەی گەوهەری شەو درەوشاوە لە گەنجینەی گیتی‌دا ، ئەی ئەوەی کە بو دلداری وەك مەزە وای بو مەی خور . مەبەسی ئەوەیە وەك چون مەی خواردنەوە بی مەزە نابی ، جیهانی خوشەویستی‌یش ئەمی تیا نەبی بە هیچ دانانری .

(٣) مەدینە : شار . نوور ئەفزا : ڕووناکی زیاد کەر . جەرگە : کور . کومەل . یەعقووبی : ئەوانەی موشتاقی چاو پی کەوتنی یارن . وەك چون حەزرەتی یەعقووب موشتاقی چاو پی کەوتنی یوسفی کوری بوو . واتە : ئەی دەرگای شاری خوشەویست بوون لە بەر جوانی ، ئەی زیاد کەری ڕووناکی‌ی چاوی ئەوانەی چاوەڕوانی‌ی یار ئەکەن . مەولەوی تەشبیهی یەکەمی لەم شیعرەی لەو حەدیثە وەرگرتووە کە پیغەمبەر فەرموویەتی (انا مدینة العلم و علي بابها) واتە : من دەرگای شاری زانستم . وە عەلی دەرگاکەیەتی . وە تەشبیهی دووهەمیشی لە مەسەلەکەی حەزرەتی یوسف وەرگرتووە کە لە قورئانا ئەفەرمویت یەعقووب بە هوی گوم بوونی یوسفی کوریەوە کویر بووبوو . بەلام هەر کە یوسف کراسەکەی خوی لە میسرەوە بونارد بینای بە چاویاو چاوی ڕوشن بووەوە

خودا وه‌ تۆش دان بالّای عه‌رعه‌ری
هه‌ر لایق وه‌ تۆن شێوه‌ی دڵبه‌ری (٤)
کالّای شیرینی وه‌ بالّات بڕیان
تاس مه‌حبووبیت نه‌ عالّه‌م زڕیان (٥)
نیگای خوماریت خه‌مبارم که‌رده‌ن
ژار مار ده‌رد وه‌ دڵدا به‌رده‌ن (٦)
به‌ وێنه‌ی نه‌چیر زامان ئاوه‌رده‌م
نێشن گوللووله‌ی خه‌مباری وه‌رده‌م (٧)
په‌له‌ په‌ل په‌ی گیان نه‌ ده‌س تۆ به‌رده‌ن
په‌نام وه‌ په‌نای فیراقت که‌رده‌ن (٨)
ئیسه‌ بێ ئامان خه‌سته‌ی هیجرانم
سه‌رکه‌رده‌ن هوونا‌و نه‌ تۆی زامانم (٩)

---

(٤) وه‌ توش دان : به‌ توی داوه‌ . عه‌رعه‌ری : وه‌ك عه‌رعه‌ر که‌ داریکی به‌رزه‌ وه‌ك چنار .

(٥) بریان : براوه‌ . تاس : ته‌پل . زریان : زراوه‌ . واته‌ : کالای جوان چاکی براوه‌ به‌ بالاتۆ ناو بانگی خوشه‌ویستیت له‌ جیهانا ده‌نگی داوه‌ته‌وه‌ .

(٦) نیگا : روانین . خوماری : مه‌ستانه‌ . به‌رده‌ن : بردووه‌ .

(٧) گولووله‌ : گوللە . واته‌ : وه‌ك نه‌چیری راو بریندار بووم‌و ئازاری گوللە‌ی خه‌فه‌تم چه‌شتووه‌ .

(٨) به‌رده‌ن : رزگار کردن . واته‌ : بو ئه‌وه‌ی به‌ تیری چاوت گرفتار نه‌بم‌و گیانم رزگار که‌م له‌ ده‌ستت ، به‌ هه‌له‌ داوان په‌نام برده‌ به‌ر دوور که‌وتنه‌وه‌ لیت .

(٩) واته‌ : که‌چی ئیستا تووشی ده‌ردی بی ئامانی دووریت بووم‌و خویناو له‌ زامه‌کانمه‌وه‌ لیشاوی کردووه‌ .

نه صەبرم چەنی دووریت مەسازۆ
نه وەصڵت وه مەیل دڵم نەوازۆ (١٠)
نه یارای خەیاڵ وەصاڵ تۆمەن
نه تاب دووریی خەیاڵ تۆمەن (١١)
دڵ مەندەن نه بەین خۆف‌و ڕجادا
مەزانۆ ڕاش کام یاوۆ ئەو لادا (١٢)
مەرتۆ وه کەرەم تەشریف باوەری
یا وه لای وەصڵت ڕابەریش کەری (١٣)
وەر نه ، ئازیزم ، قەسەم وه نامەت
سەرگەردان مەبۆ تا ڕۆژی قیامەت (١٤)

---

(١٠) چەنی : له گەل . مەسازو : ئەسازینی . نەوازو : ئەلاوێنیتەوە . واتە : نه سەبری من‌و دووریی تو پیکەوه ئەگونجین ، وه نه وەصڵیشت به خوشەویستیی‌یەوه دل نەواییم ئەکا .

(١١) یارا : ماوەو فرسەت . تاب : توانا . واتە : نه فرسەتم هەیە بیر له وەصڵت بکەمەوه ، وه نه توانای ئەودم هەیە دوور بم له خەیاڵ کردنەوه لیت .

(١٢) مەندەن : ماوەتەوه . مەزانو : نازانی . یاوو : ئەگات . واتە : دڵم ماتڵ ماوه له نیوانی ترسی نەگەیشتن به تووهیوای گەیشتن‌دا . وه نازانی ریگای ئەچیته سەر کامیان .

(١٣) باوەری : بینیت . واتە : مەگەر یا تو به پیاوەتیی خوت تەشریف بینی بو لای ، یا ریگای پیشان دەی که له کوی‌وه ئەگاته گەیشتن به تو .

(١٤) نامەت : نامت ، ناوت . واتە : ئەگینا گیانەکەم قەسەم به ناوت . دلم تا ڕوژی قیامەت به سەرگەردانی ئەمینیتەوه . ئەش‌گونجی ، نامەت ، نەبی (نامت) بی ، وه (قیامەت) نەبی (قیامت) بی به مەعنا ، ڕاست بوونەوەت . بەم پی مەعنای شیعرەکه بەم جورە ئەبی : ئەگینا ئازیزە قەسەم به ناوت ، دلم تا ئەو ڕوژەی تو هەڵئەسیتەوه بیی بو لای ، هەر سەرگەردان ئەبی .

خامەی سەراوێز نە چای سیایي
مەڕێزۆ ئەسرین شەکوای جیایي (٢)
نامەی صەد شکەنج وە هەم پێچ وەردەن
چون من سەرتاپاش شکستەی دەردەن (٣)
دەوات دووی سیاش جە دەم مەخێزۆ
نامە سیا خاك وە سەر مەڕێزۆ (٤)

- ٢ -

(١) مەولەوی ئەم غەزەلەی بو برادەرێکی نووسیوە ، گلەیي تیا ئەکا لە چەرخی روزگار بـە بونەی ئەوەوە کـە ماڵەکەی ئاگری تێچوودو کتێبو هەڵبەستەکانی سووتاون .

(٢) خامە : قەڵەم . سەراویز : سەرەوخوار . چا : چاڵ . مەریزو : ئەریژی . واتە : قەڵەمەکەم کە سەرەوخوار بووەتەوەو کەوتوودتە ناو چاڵی رەشی شووشەی مەرەکەب ، لە داخی دووریی دوست ئەگریو سکالای حاڵی خوی ئەنووسی . مەبەس لە گریانەکەی ئەوەتە کە مەرەکەب لە نروکەکەی ئەتکی .

(٣) شکەنج : شکاندنەوە . قەد کردن . وەردەن : خواردووە . واتـە : کاغەزەکەم کە ئەوەندە دوورو دریژە صـەد جار قەد کراوە ، پیچی خواردووە بە یەکاو وەك من هەموو لەشی لە تاو دەرد تیك شکاوە .

(٤) دەوات : شووشەی مەرەکـەب . دوو : دووکـەڵ . مەخیزو : هەڵئەسی . واتە : شووشەی مەرەکەبەکەم دووکەڵی رەشی لە دەم دەرئەچی ، کاغەزەکەشم خولە رەشە ئەکا بـە سەری خویا . مەولەوی لـەم شیعرەدا ئیشارەت بو ئەوە ئەکا کە جاران لە حوجرەکانا بە مەردکەبی رەش ئەیاننووسی ، هەندی جار کە مەرەکەبەکە ماوەیەك بە کار نەهینرایە ، کە قەڵەمیان تیا را بدایە ، هەڵیکی رەشی لی هەڵئەسا . هەروەها نووسراو کە وشك نەبوایەتەوە خولیان پیا ئەکرد تا وشکی بکاتەوە ، ئەنجا خولەکەیان دائەوەراند .

دەوات دووی دەروون گێج دان وە هەمدا
لیقە وێش کێشان وە لیتەی خەمدا (٥)
خامە شەق وەردەن دەم مە کەردەوە
زار زار مەنالۆ وە دەم دەردەوە (٦)
مەوات هەی ئاوات واستە کەی جەستەم
هەی مۆمیایی پێشەی شکستەم (٧)
کام زام بی جە تۆ من نەویم نەصیب
جەفا هەر وە من ، وەفا پەی ڕەقیب (٨)
زامان تاونان هوونا وان جۆ جۆ
دەرد وە بان دەرد یە جە دووری تۆ (٩)

---

(٥) لیقە : جاران کە بە مەرەکەبی رەش ئەیان‌نووسی پارچە پەرویەکیان هەخستە ناو شووشەکەی بو ئەوەی مەرەکەبەکە هەلمژی تا درەنگ تەواو ببی ، هو پارچە پەرویەیان ئەوت لیقە . واتە : دووکەلی ناو دەواتەکەم خوی داوە بە یەکاو ، لیقەکەی ناویشی خوی هەلژەندووە لە قورو لیتەی خەم کە هەرەکەبەکەیە .

(٦) شەق وەردەن : شەقی بردووە . زار زار : بە خەفەتەوە . مەنالو : هەنالینی . مەعنای ئەم شیعردو دوو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(٧) مەوات : ئەیوت . مومیایی : دەرمانیکە جاران بو گیرساندنەودی یسقانی شکاو بە کاریان ئەهینا . پیشە : ئیسقان .

(٨) واتە : قەلەمەکەم شەقی بردووە ، دەمی ئەکردەودو بە دەم دەردەوە هە عاجزیەوە ئەی‌نالاندو ئەیوت ئەی دوستە ئاوات بو خوازراوەکەم ، ئەی برسینەردەوەی ئیسقانی شکاوم ، من کام دەردم تووش نەهات لە ریگای تووە . چی تویش وەفات هەر بو بەدکار بوو ، وەبو من هەر ئیشو ئازارت هەبوو .

(٩) تاونان : تواندووەتەوە . جو : جوگە . یە : ئەمە . واتە : زامەکانم خویناوی لەشمیان تواندووەتەودو جوگەیان لی هەلکردووە ، ئیستەش وا ئیشی دووری تو دەرد لە سەر دەرد کەوتووە بە سەرما .

بڕیان تای ڕوباب قافیه خوانیم

نەمەندەن تاقەت عیبارەت زانیم (١٠)

دەمەی هەناسەی گەرم تارەکەم

نە کوورەی دەروون پڕ جەخارەکەم (١١)

ئایر دان حوجرەی دڵەی پڕ دەردم

سۆچنان کتاو مەجموعەی فەردم (١٢)

---

(١٠) بریان : پچراوە . تا : تال . روباب : ئالەتیکی موسیقایە . قافیە : شیعر . نەمەندەن : نەماوە . واتە : ژیی موسیقای شیعر دانانم پچراوەو تاقەتی تیگەیشتنی نووسراوم نەماوە . لەم شیعرەدا تەشبیهی شیعر دانان کراوە بە رەبابە لیدان ، هەروەك رەبابە کە ژیکەی پچرا ئیتر پیی لی نادری ئەمیش ئەو هیزەی نەماوە کە پالی پیوە ئەنا بو شیعر وتن .

(١١) دەمە : تین . نار : ئاگر . جەخار : زووخاو . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(١٢) سوچنان : سووتاندوویە . کتاو : کتاب ، کتیب . واتە : تینی بوقی گەرمی دەروونە پر زووخاوەکەم ئاگری بەرداوەتە حوجرەی دلی پر دەردمو هەرچی شیعری تیا بووە هەمووی سووتاندووە ، ئیتر هیچ شیعرم بو نایەت . مەولەوی بەم جورە ئیشارەت ئەکا بو سووتانی کەشکولی شیعرەکانی ، وە دەری ئەخا کە ئەو کارەساتە ناخوشە چ کاریکی کردبوە سەر دلو هەستی .

ریکەوتیکی سەیر : هیشتا لە چاپکردنی فورمەی پیش ئەم فورمەیە نەبووبوینەوە چاپخانەی نەجاح کە ئەم دیوانەی تیا لە چاپ ئەدری ئاگری تیچوو ، وە چەند بەند کاغەزو چەند فورمەی ئەم کتیبەشی تیا سووتا .

(١) ـ ٣ ـ

خاڵۆی مەنزڵ چی ، سەرکردەکەی دەرد
تەمام بە تۆ بی ، ئای یە چێشت کەرد (٢)
وەختێ بەو گەردەن سیم صافەوە
چون وەش غەزاڵان وە بۆی نافەوە (٣)
دەور مدا وە پێچ ئەو کاوو بەردە
بۆ بەخشانیش بێ ئەی هەرد بەو هەردە (٤)
ئەو بۆ جەو تەرەف صوب نەسیم ماوەرد
هەر جە دووڕەوە زام ساڕێژش مەکەرد (٥)

ـ ٣ ـ

(١) لەم قەسیدەوە وا دەرئەکەوی کە لە لاواندنەوەی لاوێك لە شێخەکانی (پەنجە) و (پاپاڵە)دا وترابێ ؛ وە ئەو لاوە لە زەردو مایەکەود کەوتبێتە خوارو لەشی تێك شکابێو برابێتەوە بو ماڵو لەوی مردبێ . وە وا دەرئەکەوی کە ئەم کارەساتە لە سەفەرێکی راوا رووی دابێ ، وە مەوڵەوی بەم قەسیدەیە گلەیی لە کابرای بنەی راوچیەکان بکا کە بوچی ئاگاداری ئەو کورە نەبوو تا وای بە سەر هات .

(٢) واتە : ئەی خاڵوی سەرپەرشتی کەری بنەی راوچیەکانو ئەی سەرکردەی دەردو مەینەت ، من بە تەمای تو بووم کە ئاگات لەو کورە بێ . کەچی گوێت نەدایە تا بو خوی وای بە سەر هات .. تو خوا خاڵو تو ئەوە چێت کرد ؟

(٣) سیم : زیو . ناف : ناوك . مەبەس بونی میسکە کە پارچە خوێنێکی مەیوە لە لای ناوکی هەندی جوری ئاسکەوە . مەعنای ئەم شیعردو دوو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ .

(٤) کاو : بەرزایی . بو بەخشانی : بون بلاو کردنەوە .

(٥) ماوەرد : ئەیهێنا . واتە : کاتێك کە ئەو لاوە گەردن وەك شووشی زیوی بێ گەردە ، بەو پێچو زەردو مایەدا ئەسوورایەوە ؛ وە بونی خوشی بلاو ئەکردەوە بە هەردەکانا ، وەك ئاسکی خوتەن کە بونی میسکی لێوە بێت ، بای نەسیمی بەیانیانیش لەو سەرەوە ئەو بونەی ئەهیناو ئەیدا بە لووتمانا ، وە هەر لە دووڕەوە برینەکانمانی ساریش ئەکرد .

خەیلێ دێرت کەرد ، ئافەرین چەپ گەرد
بەو بۆ دڵ شاد بیم ئەویشت لابەرد (٦)
ئیسە ئەو گەنجە ، بەو لارو لەنجە
ڕەنجە کەرد پەنجە ، شی پەرێ (پەنجە) (٧)
ئیسە تەن وەی زام ، دڵ وەی خەریکی
دیدار وەی دووری ، مەرگ وەی نزیکی (٨)
ئەو لا کێ بەروون ئەی ڕاو تەدبیرە
ئاخ جەی تەدبیرە ، داخ جەی تەقدیرە (٩)
خەیر ، مەینەت زەدەی جە گیان هەراسان
بەختە سیاکەی وێش زووتەر ناسان (١٠)

---

(٦) دیرت کەرد : پەلەت کرد . واتە : ئافەرین چەپ گەرد بو کاری کردت ؛ ئیمە دڵان بەو بونە خوش بوو ؛ ئەویشت بە پەلەپەل لابرد . ئەشگونجی (دیرت کەرد) نەبی (ویرت کەرد) بی ، واتە : بیرت کردەوە تا ئەو بەلایەت بو دوزینەوە .

(٧) ڕەنجە کەرد : ئەزیەتی دا . پەری : بو . پەنجە : دێیەکە لە ناوچەی (دیواندەرە) لە کوردستانی ئێران . واتە : ئیستە ئەو لاوە بەو لارەو لەنجەوە پەنجەی پێی خوی ئەزیەت داو ڕویشتەوە بو پەنجە .

(٨) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دواییەوە .

(٩) ئەو لا : بو لای . بەروون : بەرم . واتە : ئیستا کە ئەو لاوە ڕوییو منیش لەشم ئەوەندە بریندارەو دلم ئەوەندە مەشغوولەو دیتنی ئەویش ئەوەندە دوورەو مەرگم ئەوەندە نزیکە ، ئەبی ئەم پرسو ڕاو سکالای حالە بەرمە لای کی .. هەی هاوار لەم مەسەلەیەو لەم قەزاو قەدەرە کە بە سەر منا هات .

(١٠) خەیر : نە . ناسان : ناسیوە . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری پاشەوەیدا دیت .

پەی فەنای ئەو هەم جە دووریی دڵبەر
نەك جارێ ، چوار جار ، (الله اكبر) (١١)

— ٤ —

خاڵۆ چون تەدبیر دەرد زانات نەوی
هانام كەرد ئەو تۆ تەوانات نەوی (١)
نەتاوات وێت دەی وە مەودای وەیدا
گێج بدەی نە گێج دەریای بێ پەیدا (٢)
ها خودام ، وە حەق شادەتم ئاوەرد
خاڵۆت گێج مەوج دەریای هەواش كەرد (٣)

---

(١١) واتە : نەخەیر ، با باسی تەگبیر كردنو چارە دوزینەوە نەكەین . چونكە ئەم گرفتاری مەینەتە كە هەراسان بووە لە گیانی خوی — مەبەسی خویەتی — بەختی رەشی خوی زووتر ناسیوە . كەواتە ئەبی لە بەر فەوتانی ئەویش بە هوی دەردی دووریی دولبەرەوە . لە جیاتیی جاری . چوار جار (الله اكبر) بكەین . مەبەسی ئەوەیە ئەبی نویژی مردووی لە سەر بكری كە چوار جار (الله أكبر)ی تیایە ؛ وەك چون لە سەر جەنازەی ئەو لاوە پەنجەیی‌یە كرا .

— ٤ —

(١) زانا : زانین . هانا : هاوار . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە .

(٢) مەودا : نووكی تیژ . واتە : خاڵو گیان لە بەر ئەوە كە چارەی دەردی عەشقت نەئەزانی ، زورم پی وتی خوشەویستی ئەركیكی قورسە لە عوودەی نایەیت ؛ وە زور دەسەو دامینت بووم كە دەسی لی هەڵگری . بەڵام بە گویت نەكردم ، كەچی نەشتتوانی خوت بدەی بە سەر نووكی تیژی شیری دەردو مەینەتا ، وە لە دەلیای بی بنی عەشقا مەلەوانی بكەی .

(٣) شادەت : شهادت ، أشهد أن لا اله الا الله . هەواش : خوشەویستیی ئەو . واتە : خوایە ، وا شایەتیمانی بە حەقم هیناو باوەرم كرد كە خاڵوت سەرگەردان كردووە بە دەم شەپولی دەلیای خوشەویستی‌یەوە . لە شیعرەكانی پاشەوەدا دیسانەوە مەولەوی رووی قسە وەرئەچەرخینیتەوە بو لای خاڵو و لە گەلی ئەكەویتەوە دوین ..

جه ‌ٔکه‌ناره‌وه سه‌عی که‌رده‌ت بۆ
هه‌وڵ پل‌و پووش ئاو ئاوه‌رده‌ت بۆ (٤)
په‌ی چێشش ، خاڵۆکه‌ی ده‌روون جه هوون که‌یل
خه‌یلێن ئه‌جزای مه‌یل له‌یله‌که‌ی پڕ مه‌یل (٥)
ئامێته‌ن وه جزو ڕێزه‌ی مه‌جنوون‌دا
حه‌یفه‌ن ئاو به‌رۆش وه تووناى تووندا (٦)

— ٥ —

خه‌رامان ئاما نه تۆی په‌رده‌وه
نیقاب جه صه‌فحه‌ی جه‌مین که‌رده‌وه (١)
چیهره‌ی دڵه‌ی زار خووی گه‌رمی پێدا
عه‌کسش هوه‌یدا منمانا تێدا (٢)

---

(٤) که‌نار : قه‌راخ ئاو . واته : ئیسته‌ش مادەم تووش هاتووی‌و شه‌پولی دەلیای خوشه‌ویستی فرێی داویته که‌ناره‌وه ، هه‌ول بده به‌لکو ئه‌مه خوایه دەست گیر ببی له پل‌و پووشی لافاو هیناو ، وه خوت رزگار بکه‌ی .

(٥) مه‌عنای ئه‌م شیعره‌و شیعری دوایی پیکه‌وه دی .

(٦) ئامیته : تیکه‌ل . ریزه : ورده . تووناى توون : گیژی ئاوی ناو شیو . واته : له به‌ر چی ؟ چونکه ئه‌ی خالوی دەروون پر له خوین ، دەمیکه توسقاله‌کانی خوشه‌ویستی‌ی له‌یلی پر مه‌یل تیکه‌ل بوون له گه‌ل ورده پارچه‌ی له‌شی مه‌جنوونا ، که تویت ، له به‌ر ئه‌وه حه‌یفه ئاو ئه‌و له‌شه به‌ری‌و لـه گیژی خویا نوقمی کاو توسقاله‌کانی خوشه‌ویستی‌ی له‌یلیشی له گه‌لا بفه‌وتی .

— ٥ —

(١) خه‌رامان : ئافره‌تی به له‌نجه‌و لار . نیقاب : په‌چه . صه‌فحه : ته‌خت . واته : یار به له‌نجه‌و لاره‌وه هات ، عاباو په‌چه‌ی دادابوه‌وه ، کـه گه‌یشته به‌ره‌وه په‌رده‌ی له سه‌ر ته‌ختی رووی خوی لا دا .

(٢) هوه‌یدا : ئاشکرا . واته : رووی دله‌ی خه‌فه‌تبارم له گه‌رمای خوی ئاره‌قی به ناو چاوی یار کرد ، وه وینه‌ی به ئاشکرا له ته‌ویلیا ده‌رکه‌وت .

باوەشێن مەکەرد ئەو صەفحەی بێ گەرد
نازکیش جە باد ئیحتیاط مەکەرد (٣)
نە تۆی ئاینەی جەمین چون گوڵ
کەم مەکەرد نم نم خووی ڕوخسار دڵ (٤)

خەمە فرسەتێ ساتێ ، وە بێ خەم
گەرد پالاکەش بگێروون وە چەم (١)
چەرخ چەپ چەنیم ڕاس بەستەن کەڵەك
مەر من سەنگم دان وە مینای فەڵەك (٢)

---

(٣) واتە : ئەویش لە بەر گەرما باوەشینی ڕووی بی گەردی خوی ئەکرد . دەمو چاوی ئەوەندە ناسك بوو ئەترسا بای باوەشینەکە زیانی پی بگەیەنی . ئەم شیعرە لە قەسیدەیەکی تریشا هەبوو . مەولەوی ئەوەی هەیە جار بە جار شیعریك یا نیوە شیعریك لە زیاتر لە یەك قەسیدەدا ئەلیتەوە .

(٤) واتە : بە هوی باوەشین کردنەکەیەوە نمی ئارەقی ڕووی دڵی بە سەر ڕووی خویەوە کەم کردەوە .

(١) خەمە : ئەی خەم . پالا : کەوش . بگیروون : بگرم . واتە : ئەی خەم سەعاتیك مولەتم بدە با بە بی خەم توزی کەوشەکانی بە چاو بگرم . یا بگرمە چاوم .

(٢) چەنیم:لە گەلم . بەستەن کەلەك :کەلەکی چنیوە . مەبەسی لەوەیە بنیاتی دوژمنایەتیی ناوە . مەر : مەگەر ، بوچی . سەنگ : بەرد . مینا : شووشە . واتە : چەرخی چەپگەرد بە ڕاستی بنیاتی دوژمنایەتیی ناوە لە گەلما . نازانم بوچی وا ئەکا خو من بەردم نەداوە بە شووشەی ئاسمانا .

چەپ‌گەرد نمازۆ ساتێ فەراغەت
ئەی خوا یا وەصڵ ، یا مەرگ ، یا تاقەت (٣)

-٧- (١)

خەیر بۆ ، هەم فەڵەك کام خەیاڵ کەردەن
دیسان من پەی شەڕ وە یاد ئاوەردەن (٢)
دیارەن ئەساس دووری مسازۆ
وە باڵام کاڵای خەمان موورازۆ (٣)
داخۆم دووی دووریی کێشش ها نە سەردا
دیسان من مدۆ وە ڕووی چەمەردا (٤)

-٨-

خەیلێوەن خەریك زاکەی زەحمەتم
بەڵکو وە ڕا بۆ بەرشۆ عوسرەتم (١)

---

(٣) نمازو : نایەلی . واتە : چەرخی چەپ‌گەرد نایەلیت سەعاتیك بو خوم بحەسیمەوە ، سا خوایە یا بمگەیەنە بە یار ، یا بمکوژە ، یا سەبووریم بدە .

-٧-

(١) مەولەوی ، جاریکیان خەبەری بو دینن کە دوستیکی لە سەرەمەرگایە وە بانگی ئەکەن کە بچی بو لای ، ئەویش بەو موناسەبەتەوە ئەم شیعرانە ئەڵی :
(٢) واتە : خوا بە خیری بگیری ، ئەبی دیسان فەلەك خەیالی چی‌ی لە دلا بی ، وا ئەمجارەش منی بو شەر کەوتووەتەوە یاد ..
(٣) ئەساس : بنچینە . مسازو : دروست ئەکا . موورازو : ئەدووری . واتە : وا دیارە بناغەی دوور خستنەوەی دوستیکی تریش دائەمەزرینی‌و بەرگی خەم‌و مەینەت ئەبری بە باڵای من .
(٤) کێش : کی‌ی . چەمەر : شین‌و زاری . واتە : ئاخو ئەبی خەیالی دوور خستنەوەی کی‌ی لە سەرا بی ، وا دیسان من ئەخاتەوە کوری شین‌و زاری .

-٨-

(١) خەیلیوەن : دەمیکە . زاکە : هاوار . وە را بو : بکەوبتە ری . بەرشو : دەرچی . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

قەڵەك وە بەختم مەگەس مكيانۆ
وە ڕاكەی ڕەحمەت هەم ديس مڕيانۆ (٢)

خەيالآن شەو ، هيجرانان ڕۆ
قامەت خەم كەردەن چون چەميلەی چۆ (١)
دڵ بی‌يەن وە دار سەركەل لای وەشت
چەمەڕای وايێن ڕيشەش بێ وە دەشت (٢)

---

(٢) مەگەس : ميش . مكيانو : ئەنيری . راكەی : ريگاكەی . هەم ديس : ديسانەوە . مريانو : ئەريي ، پيسايي ئەكا . واتە : دەميكە سەرم قالە بە دەس هاوارو نالەی زەحمەتەوە ئەمەوی بيخەمە ری‌و دووری بخەمەوە تا نارەحەتيم نەمينی ، كەچی لە چارەی رەشی منا فەڵەك ميشيك ئەنيری ريگاكە پيس ئەكاتەوە تا مەينەتەكەم ريگای رويشتنی نەبی . هەروەها لە گەل ئەم مەعنايەدا مەولەوی مەعنايەكی تريشی مەبەس بووە . كە ئەوەتە : دەميكە خەريكی تيپی (زی ای (زەحمەت)م نوختەكەی ئەكرينم تا بيكەم بە (ری)و ببی بە (رەحمەت) بەڵكو مەينەتم لە كول ببيتەوە ، كەچی لە بەختی رەشما چەرخی چەپگەرد ميشيك ئەنيری گوو ئەكا بە (ری) كەداو ئەی‌كاتەوە بە (زی) و (رەحمەت) ئەبيتەوە بە (زەحمەت) .

(٢) وەشت : باران . وايين : بايەكە . واتە : دلم وەك داريكی لی هاتووە كە بە سەر يالیكەوە بی نە شوينيكا كە باران بنەكەی كەندر كردبی‌و ريشەكەی

(١) رو : روژ . چو : دار . واتە : بير كردنەوەی شەوو دووری‌ی روژ بالاميان وەك داری چەماوە چەماندووەتەوە .
دەرخستبی ، وە چاوەری‌ی بايەك بيت هەڵكات‌و ريشە كيشی كا .

— ۱۰ — (۱)

خاك وه دەس زۆر زنجیرم كەردەن
یاد هەمڕازان جه یادم بەردەن (۲)
هاو قەد خاكو سەنگ وه جەسەم بارەن
نه ڕاگەی جواب ، نه جای گوفتارەن (۳)

— ۱۱ — (۱)

خاڵۆ خاڵۆتەن ، كەم واچه خاڵۆ
خاڵۆ دەم وه بان خاڵانت ماڵۆ (۲)
شەرت بۆ من جه داخ خاڵۆ خاڵۆی تۆ
وێم كەروو وه كوڕ چواردە ساڵەی نۆ (۳)

— ۱۰ —

(۱) مەولەوی ئەم دوو شیعرەی له كاتیكا وتووه كه خەریكی خەندەق لی دان بووه بو خانوو ؛ وەرامی دوستیكی پی ئەداتەوه كه گلەیی لی كردبوو له سەر ئەوه كه خستبوویه پشت گوی .

(۲) مەعنای هەر دوو شیعرەكه پیكەوه دیت .

(۳) هاو قەد : به ئەندازەی بالام . راگه : ریگا . واته : خاك به دەستی زوڕو توانای خوم گرفتاری كردووم‌و یادی برادەرانی له بیر بردوومەتەوه ، ئیستا وا به بەرزیی بالام خاكو بەرد له سەرم كەلەكەی كردووه ، نه ریگەم هەیه وەرامی بدەمەوه ، وه نه ماوەم هەیه قسه بكەم . مەولەوی لەم دوو شیعرەیا خوی شوبهاندووه به مردوو له گورا كه ماوەی قسه كردن‌و توانای وەرام دانەوەی نەبی .

— ۱۱ —

(۱) مەولەوی پیش ماره كردنی عەنبەر خاتوونی خیزانی ، چووه بو مالی باوكی تا چاوی پی بكەوی بزانی ئاخو دلی ئەی‌گری یا نه . لەوی داوای ئاوو دویەك ئەكا له عەنبەر خان تا بەو بیانووەوه ببینی ، عەنبەرخان كه ئاوو دوكەی ئەداته دەست پی‌ی ئەلی (فەرموو خالو) ، ئەمیش بەو موناسەبەتەوه ئەم دوو شیعره ئەلی :

(۲) واچه : بلی . مالو : بمالی ؛ بكوتی . واته : خالو خالوی چیته ؛ بەس بلی خالو ، یا خوا خالو دەمی بمالی به سەر خالەكانتا .

(۳) كەروو : بكەم . نو : نوی ، تازه . واته : شەرت بی له داخی خالو خالوی تو ، خوم بكەمەوه به كوریكی تازەی چواردە ساڵان .

-١٢-[1]

خاست فەرماوان ئەربابەکەی خەم
ساکن نە گۆشەی باڵەخانەی چەم (٢)

-١٣-

خەرمانی خەمان ها وە کەل باوە
شەنکەر یەکێکە دوو شەن وە لاوە (١)

---

(١) جاریکیان مەولەوی لە سنە ئەبی ، بە بەردەمی بالەخانەی یەکیك لە ئەعیانەکانا تێئەپەری کە لە سەر روخی رووباریك بووە . یەکیك لـە ژنە ئەعیانەکان لە پەنجەرەوە سەیری خوارەوە ئەکا ، ئەو ژنە شاعیرە بووەو ناوی (زیبا خانم) بووە ، کە چاوی بە مەولەوی ئەکەوی بانگی ئەکاو ئەم شیعرەی بو ئەڵی :

هەر کاتیت زانا چەم دا وە هەمدا
بالەخانەی چەم دا وە رووی چەمدا

واتە : هەر ئەوەندەت زانی خوا ئەم چەمەی دا بە یەکاو لافاوی هەلساندو ئەم بالەخانەی سەرچەمەی دا بە سەر چەمەکەداو بردی ، یان کاتیکت زانی خوا چاوی مەیلی دا بە یەکاو پیلووی چاومانی هینایەوە بە سەر چاوماناو مراندینی . مەولەویش بەم شیعرەی خوارەوە وەرامی ئەداتەوە .

(٢) فەرماوان : فەرموو . ئەرباب : خاوەن . واتە : قسەکەت راستەو چاکت فەرموو ئەی خەم پەروەری دلداران ، ئەی لە گوشەی بالەخانەی سەرچەما دانیشتوو ، یان ئەی لە گوشەی چاوما جێگرتوو .

(١) مەبەس لە (خەرمانی خەمان) رووی یارە کە خرە وەك خەرمان وە لە جوانیدا بووە بە مایەی خەفەتی دلی دلداران ، وە مەبەس لە (کەلی با) گەردنی بەرزی یارە کە هەمیشە شەمال ئەیگریتەوە ، وە مەبەس لە (شەن کەر) بای شەماڵە کە زولفەکانی تیك ئەدا ، وە لە (دوو شەن) زولفەکانیەتی کـە بای شەمال هەلیانئەسوورینی . واتـە : بای شەمال زولفەکانی یار ئەجوولینیو رووی روناکی دەرئەخاو لەوەوە خەمو خەفەت بلاو ئەکاتەوە بە سەر دلدارانا .

تیپی وال

(١) ـ ١ ـ

دڵەی دڵ وە مەی مەیل لەیلێ کەیل
مەحرەم وە ڕازان خەڵوەت خانەی لەیل (٢)
لانە حەڵقەی زوڵف عەنبەر بۆی شەو ڕەنگ
هام دەم جای تەنگ ئەڵحەد سەرای سەنگ (٣)
پەروانەی مەزار ئەو ئاوات واستەم
تەرجەمەی حاڵات پەشێوی جەستەم (٤)
عەرز کەر وە لەیلا وە صەد خەمەوە
چەم وە نمەوە ، دڵ وە تەمەوە : (٥)
دێوانەکەت دیم بڵێسەش بەرز بی
بەرزی بڵێسەش هەر سات صەد تەرز بی (٦)

(١) مەوڵەوی ئەم قەسیدەشی لە لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونی خیزانیا وتووە .

(٢) کەیل : پر . واتە : ئەی دڵەکەم کە پر بووی لە شەرابی حەز کردن لە لەیل ، وە مەحرەمی رازی ژووری تایبەتیی ئەوی کە گوریەتی . مەبەستی ئەوەیە ئەی دڵەکەم کە لە گەڵ لەیلا چوویتە گور .

(٣) لانە : هیلانە . جا : جێ . واتە : ئەی دڵەکەم کە لە سەر ئەڵقەی زوڵفی ڕەشی بون خوشی یار هیلانەت کردووەو بووی بە هاوڕێی جێگە تەنگەکەی کە ئەڵحەدی گورە بەردینەکەیەتی .

(٤) مەزار : زیارەتگا ، گورستان . واتە : ئەی دڵەکەم کە وەک پەروانە بە دەوری گوری ئەو یارە ئاوات، بو خوازراوەما ئەسووریتەوەو بووی بە تەرجومانی حاڵی جەستەی پەشیوم لای ئەو .

(٥) مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ .

(٦) واتە : بە دڵی خەفەتبارو چاوی پر فرمێسکو دڵی تەماوی یەوە عەرزی لەیل بکە چاوم بە دڵدارە شیت بووەکەی کەوت گری تێبەربووەو وە هەر سەعاتە بە صەد جور گرەکەی ئەچوو بە ئاسمانا .

وە هەر تەرزێ لەیل ملاوناوە
دڵەی سەنگ سەخت متاوناوە (٧)
گا گۆیا مەویەرد ئیند مەویەردەوە
گا موات وە دەم ئێشی دەردەوە : (٨)
ئای جە ئێشی تەن جە گیان جیای من
ئای جە لوای تۆو ئەو شۆن دیای من (٩)
سەختێی ئێشی دەرد بەدحاڵیم لایێ
وای بێ تۆ مەنزڵ گشت خاڵیم لایێ (١٠)
وە هەر مەنزڵداو هەر ڕاگوزەردا
هەر دەست حەسرەت مدا وە سەردا : (١١)
چێشەن موینوون مەنزڵ بێ تۆ بۆ
بێ هۆشم ، خەو بۆ ، ڕاس بۆ ، درۆ بۆ (١٢)

---

(٧) ملاوناوە : ئەلاواندەوە . متاوناوە : ئەتاواندەوە . واتە : هەرچون لەیلی ئەلاواندەوە دلی بەردی رەقی ئەکرد بە ئاو .

(٨) گا : گاە ، جاروبار . مەویەرد : تێئەپەری ، ئەمرد . مەویەردەوە : ئەبوورەوە . موات : ئەیوت . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دێ .

(٩) لوا : ڕویشتن . ئەو شون : بە دوادا . دیا : ڕوانین . واتە : جاروبار ئەوەند ئەبوورەوە ئەتوت مردووە ، جاروباریش کە هوشی ئەهاتەوە بە خویا بە دەم دەردەوە ئەیوت هاوار لە ئیشو ئازاری لەشی بی گیانی من ، هاوار لە تاو ڕویشتنی تۆو بە دوادا ڕوانینی من ..

(١٠) واتە : ئەیوت لە لایەکەوە ئیشی دەردم زۆر سەختە ، وە لە لایەکی ترەوە ماڵەکەم بە بی تۆ چۆل بووە ، وە هاواری بوو لە دەس ئەم حاڵە .

(١١) مدا : ئەدا . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دێ .

(١٢) موینوون : ئەبینم . واتە : لە هەموو مەنزڵیکو ڕێگوزەرێکی تودا هەر دەستی داخو حەسرەتی ئەدا بە سەریاو ئەیوت چیێە وا ئەبینم مال توی تیا نیت ، نازانم هوشم لە خوم نیێە ، یان خەو ئەبینم ، وە ئەمەی ئەیبینم ڕاستە یان درویە .

گا تێکەڵ مەکەرد چەنی دەرد وێشی
فەرد هام فەردش چەنی فەرد وێشی (١٣)
موات : فیداش بام یە جای شیرینەن
گوزەرگای ئەو شۆخ زوڵف عەنبەرینەن (١٤)
جە بالای ئەی سەنگ پا ئاوەردەوە
بەرقەی ناز جە ڕووی ئەو شەنگ کەردەوە (١٥)
جەو جاسووس گاوە ، بەو خەدەنگەوە
دڵ تلنا وە زام هەزار ڕەنگەوە (١٦)
جەو سەردەشتەوە گوڵاو ڕێزان کەرد
سارا بۆی عەنبەر سارا هەرزان کەرد (١٧)
چۆگە جەلای جام جەبهەی جەماڵدا
بەرگەشتی وە بەخت بەدر کەماڵ دا (١٨)

---

(١٣) چەنی : لە گەل . واتە : جارجاریش لە گەل دەردو ئیشی خویا شیعری (فەرهاد)ی هاوریی تیکەلی شیعری خوی ئەکرد . ناوەڕوکی شیعری پاش ئەم شیعرە لە سەر زوبانی فەرهاد وتراوە لە چیروکی (شیرین و فەرهاد)دا ، مەبەسی مەولەوییش ئەوەیە کە ئەلی شیعری خوی و فەرهادی تیکەل ئەکرد .

(١٤) واتە : ئەی وت بە قوربانی بم ئەمە جیگەی شیرینەو گوزەرگەی ئەو شوخەیە کە بونی زولفی وەك عەنبەر خوش بوو .

(١٥) بەرقە : برقع ، سەرپوش . واتە : وەختی خوی ئەو شەنگە پی‌ی لە سەر ئەو بەردە هەڵهینایەوەو سەرپوشی نازی لە سەر ڕووی خوی لا دا .

(١٦) تلنا : تلاندەوە . واتە : لەو جاسووسگەی ڕاوچی‌یانەوە بە تیری نیگای خوی دلی گرفتاری هەزار ڕەنگ زام کرد .

(١٧) واتە : لەو تەختانە بەرزەوە ئاردقی ڕووی خوی هەڵپرژاند کە وەك گولاو بون خوش بوو ، وە ئەو دەشتە بە هوی بونی ئەو ئاردقەوە بونی عەنبەری تیا هەرزان بوو .

(١٨) چوگە : لەوی . واتە : لەوی ئاوینەی تەویلی جوانی خوی پاك کردەوەو بەختی مانگی چواردە شەوەی شیواند .

چێگە حوقەی ڕاز شیرین کەردەوە
تام تاڵی‌ی دەرد دووری بەردەوە (١٩)
گوزەرگەی جیلوەی لەیل بێ حەد بەو تەرز
زایەڵەی مەجنوون جە عەد ڕەد بەو تەرز (٢٠)
چۆن کەروون تەقریر پەی سەرکار تۆ
نە تۆ بژنەوی نە دۆس دار تۆ (٢١)
مەعدووم چون قەزا ئاما جە ناکاو
دانا چون نادان وزۆ وە گەرداو (٢٢)

---

(١٩) چیگە : لیرە . حوقە : قوتووی نوقل . واتە : لیرەش دەمی کردەوەو دەسی کرد بە قسەی وەك شەکر شیرین ، وە تامی ناخوشی دەردی دووری‌ی لە دڵانا نەهیشت .

(٢٠) حەد : ئەندازە . عەد : ژمارە . ڕەد : تەجاوەز کردوو . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٢١) کەروون : بکەم . تەقریر : باس کردن . سەرکار : سەر گەورەی خزمەتکارانی ئاغاو وەکیلی لە دیهاتەکانیا . بژنەوی : ببیسی . واتە : گوزەرگەی خو دەرخستنی لەیل بەو چەشنە لە ئەندازە بە دەر بوو ، وە هاوارو نالەی مەجنوونیش ئەوەندە زور بوو لە ژمارە نەئەهات ، ئیتر من چون بتوانم باسی ئەمە بکەم بۆ سەرکارەکەی تو ؟ حالەکە ئەوەندە ناخوشە یا خوا نە خوت ببیسی‌و نە دوس‌دارت . لە ئەدەبی کونا باوە بو ریز گرتن لە قسە لە گەل کراوو نامە بو نیراو ، ڕووی قسە ئەکریتە خزمەتکارەکەی ، گوایە قسە کەرەکە یا نامە نووسەکە خوی بە شایانی ئەوە نازانی ڕاستەوخو قسە لە گەل ئەو بکا . لیرەشا هەر بەو جورە مەولەوی داوای لە دلی خوی کردووە کە ڕووی قسەی بکاتە سەر نوکەرانی یار ، وە خوی بە شایانی ئەوە نەزانی کە ڕاستەوخو بوی باس کا .

(٢٢) وزو : ئەخاتە : لیرەوە مەولەوی ڕووی قسە وەرئەچەرخینیتەوە بو سەر خوی ، وە بە خوی ئەڵی قەزاو قەدەری خوا کە لە ناکاو هات عاقڵو بی عەقل وەك یەك ڕاپیچ ئەکاو ئەیانخاتە گەرداوەوە .

عیرفانه‌که‌ت کۆن ، فامت کۆ شی‌یه‌ن
ئای پەی جیلوەی دۆس نیهایەت نی‌یه‌ن (٢٣)
ئارۆ یەك جیلوەش هیا نه ڕووی کاردا
فەردا چێشن ئەو یەك جیلوەش دیار دا (٢٤)
لا ، بەڵ ئەو جیلوەی ڕوو نه پەنهانی
نەوعه ظهوورێن ، زاناش ویجدانی (٢٥)
چ ماتەمێوەن پات بی‌یەن پێوه
داناو مەخشووشی کێ دی‌یەن پێوه (٢٦)
ئەو جیلوه کەردەن ئەر شی وه تاقی
ئێد جیلوه کەردەن سوراحی‌و ساقی (٢٧)

---

(٢٣) کون : له کوی‌یه . کو شی‌یەن : بو کوی چووه . مەعنای ئەم شیعرەو شیعرەکانی پاشەودی پیکەوه دی .
(٢٤) ئارو : ئەمرو . فەردا : سبەی . دیار دا : دەرخست .
(٢٥) لا : نەخەیر . بەل : بەلکو . زاناش : تی‌گەیشتن‌و لی حالی بوونی .
(٢٦) کی دی‌یەن : کی دیویه . پیوه : به یەکەوه .
(٢٧) شی : به سەر چوو . تاقی : تەحقیق ، راستی . سوراحی : کاسەی مەی . مەبەس شەرابی مەرگه . واته : ئەوه عەقل‌و تی‌گەیشتنت چی به سەر هاتووه ، بوچی نازانی لوتفی خوا برانەوەی بو نی‌یه ، ئەمرو خو دەرخستنیکی له ناوایه ، که ئەوه نەما سبەینی یەکیکی تری دیته ڕووی کار ، بەلکو هەرگیز هەر له ناو ناچی ، وه گوم بوونی هەر لوتفیکی له راستیدا جورە دەرکەوتنیکی‌تریەتی که پیاوی خاوەن باوەڕو دەروون پاك هەستی پی ئەکا . کەواته بوچی قاچت کەوتووەته بەر داوی خەم‌و خەفەت ، وه کی دیویه پیاوی تی‌گەیشتوو وا سەری لی بشیوی . ئەگەر ئەمرو لوتفی خوا ــ که له ژیانی عەنبەر خاتوونا دیمەنی دیاری ئەدا ــ نەمابی ، وا له شیودیەکی ترا دەرکەوت که نوشاندنی شەرابی مەرگه پی‌ی ، له لایەن مەی‌گیریکەوه که فریشتەی گیان کیشانه .

ئەش‌گونجی مەبەسی ئەودبی ئەمرو لوتفی خوا له ژیانی عەنبەر خاتوونا دەرئەکەوی‌و له قیامەتا له زیندوو کردنەوەی‌دا ، وه ئەگەر ئەم و خوا بیباتەوه بو خوی له قیامەتا ئەی‌داتەوەو پیکەوه له بەهەشتا مەی نوشی ئەکەنەوه . .

ـ ٢ ـ (١)

دڵ تەم کەردەوە گرتەوە کاوان
دیسان دووی نامەی تۆش وە لا یاوان (٢)
مەضموون : هەوای مەرگ ، زامداری‌ی تیرت
پەنهانی‌ی قاتیل ، دەواو ، تەدبیرت (٣)
لاڵ بوون پەی مەینەت جەستەی خەستەکەت
بمروون پەرێ زام جێ نەڕەستەکەت (٤)
منو تۆ بەڵاو زامان ئاوەردەن
نە چەشمەی حەیات ئاومان وەردەن (٥)
خەیاڵ خامەن ئینە تۆ کەردەن
پەی ما نمەبۆ جیایي وە مەردەن (٦)

---

(١) مەولەوی ئەم غەزەلەی لە وەرامی دوستیکیا نووسیوە کە نامەیەکی بو ناردبوو ، وە لەو نامەیەی‌دا سکالای حالی خوی کردبوو .

(٢) یاوان : گەیشتووە . واتــە : دلم تەمی کردووەتەوەو تەمــەکەی بەرزایي‌یەکانی داگرتووە ، چونکە دیسانەوە دووکەڵی نامەی توی پی گەیشتووە .

(٣) مەضموون : ناوەرۆك . هەوا : ئارەزوو . واتە : ناوەرۆکی کاغەزەکەت ئەوەبوو بە تیر گرفتاری‌و نازانی کی بریندار‌ی کردووی‌و دەرمانت کامەیەو چارت چی‌یە ، لە بەر ئەوە ئاواتی مەرگی خوت ئەخوازی .

(٤) پەری : بو . جی نەرستە : لی رزگار نەبوو . واتە : لال بم بو مەینەتی لەشی بیمارت‌و بمرم بو ئەو زامەی لی‌ی رزگار نەبوویت . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (بمروون) نووسراوە (مروون) .

(٥) چەشمە : کانی . وەردەن : خواردووەتەوە . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایي‌یەوە .

(٦) ئینە : ئەمە . پەیما : بومان . واتە : منو تو لە روژی ئەزەلا دەردو بەڵامان گرتووەتە خومان‌و لە سەرچاوەی ئاوی حەیات ئاومان خواردووەتەوە ، کەواتە تو شوین خەیالی خاو کەوتووی کە ئەتەوی بمری ، وە ئیمە بە مەرگ رزگارمان نابی لەم ژیانەی ئیستامان .

هاچه‌ند هه‌وات دا وه گێج بێ پەی
یمری‌و بنالێ گیان تەسلیم نه‌که‌ی (۷)
تازه وارگەی عەشق مەنزڵ که‌رده‌نی
هەوەسیای هاژەی باڵ ده‌رده‌نی (۸)
خصووص بەو جەستەی خەستەی مەهجووری
که‌فته‌نی نه پێچ ڕای دوەی دووری (۹)
هۆشت نه تۆی کاخ دەماخ فیراره‌ن
وەرنه چ خێره‌ن قاتیل دیاره‌ن (۱۰)
کێ بۆ چون خەده‌نگ ناز هەوا ده‌رۆ
هەریه‌ند بزانی جەوپەڕ بویه‌رۆ (۱۱)

---

(۷) هەوات دا : فرەت دا . گیج بی پەی : گیژی بی بن .

(۸) وارگه : هەوارگه . هەوەسیا : حەپەساو . واته : بویه که‌وتوویته پەله‌قاژه چونکه تازه هەوارگەی عەشقت کردووه به مەنزڵو حەپەساوی لە هاژەی بالی دەردو مەینەت .

(۹) که‌فته‌نی : که‌وتوویته . واته : به تایبەتی بەم لەشەتەوه که نەخوشی دەردی دوور که‌وتنەوەی دوستە ، ریت که‌وتووەته قەمچو پیچی ریگای تەم داگرتووی دووری . له هەندی نوسخەدا له جیاتی‌ی (مەهجووری) نووسراوه (رەنجووری) واته : مەینەتباری ، وه لە جیاتی‌ی (دوەی) نووسراوه (دەورەی) واته : لوفەدار .

(۱۰) نه تو : له ناو . کاخ : باله خانه . واته : له بەر ئەوه که تازه دلداری‌و حەپەساوی ، فامو تی‌گەیشتنت باله خانەی میشکتیان به جی هیشتووه . ئەگینا چ خیرته ئەلی‌ی قاتلەکەم دیار نی‌یه ، دیاره کی‌یه ، دوستە چالاکه دەس راستەکەی خومانه که هەموومان ئەی‌ناسین . .

(۱۱) هەوا دەرو : فری دا . بویەرو : تی‌پەری . واته : کی بی غەیرەز ئەو هەر که تیری نازی تەقاند ئەوەنده بزانی لەودیوی نیشانەکەوه دەرچی ؟

کێ بۆ بەو جەمین نەزاکەت چون گوڵ
خەیمەش هۆر بدا نە پای دەشت دڵ (١٢)
کێ بۆ پێکۆ دڵ زام نەسرەفتەش
یەکێو کوشتەش ، ئێد ئەو زەمین کەفتەش (١٣)»
ئەر ڕستگاریت جەو دەرد ئومێدەن
دەوای خەلاصیو تەدبیرت ئێدەن (١٤)
مەبۆ وەخت سەخت زامان ئاوەردەت
ڕەماو پەلە پەل هەردەو هەرد کەردەت (١٥)
پەی چێش تا ئیسە لێت مەعلووم نییەن
صەیاد جە واکوژ درێغش نییەن (١٦)

---

(١٢) خەیمە : خیوەت ، دەوار . پا : بنار . واتە : کی بی لەو بەولاوە بەو ناو چاوە وەك گول ناسکەیەوە لە بناری دەشتی دلی عاشقانا دوەار هەلدا ؟

(١٣) پیکو : بپیکی . نەسرەفتە : نەسرەوتوو . یەکیو : یەکیك . واتە : کی بی لەو زیاتر دلی بریندارە زام نەسرەوتووەکەی خوی بداتە بەر تیر ، وە یەکیك بکوژیو یەکیکی تر بدا بە عەرزا ؟

(١٤) رستگاری : رزگار بوون . ئیدەن : ئەمەیە . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایي پیکەوە دی .

(١٥) مەبو : نابی . ڕەما : راکردن . واتە : ئەگەر بە تەمای لەو دەردە رزگار ببی دەرمانی رزگار بوونو تەگبیرت ئەوەیە نابی لە کاتیکا کە ئەو دوستە زامیکی سەختت لی ئەکا تو را بکەیتو پەلەپەل بکەویتە هەردەو هەرد کردن ، چونکە تا تو زیاتر را بکەیت خوینت زورتر لی ئەڕژیو ئەویش شوین پیت هەلئەگریو ئەتدوزیتەوەو تیریکی ترت پیوە ئەنی ، بەلام ئەگەر لە شوینی خوتا بکەوی وا ئەزانی مردوویتو وازت لی دینی . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (مەبو) نووسراوە (نەبو) واتە : نابی .

(١٦) واکوژ : دیسانەوە کوشتنەوە . واتە : بوچی تا ئیستا نەتزانیوە کە راوچی دریغی ناکا لە دووبارە کردنەوەی کوشتنی نەچیر ؟

بەڵام یە ڕەویەی ئیبتیدای مەشقەن
خیلاف شێوەی تاویای عەشقەن (١٧)
دەخیل سەرسەخت بەر هەر بکەر بازی
نازی دڵ سەرد بۆ جە تیر ئەندازی (١٨)
نە دڵەی پڕ ذەوق کۆ نە نەچیردا
های لەزەت دارۆ تیر وە شۆن تیردا (١٩)

-٣-[1]

دڵە ، ڕاگەکەت خەیلێ تاریکەن
پردەکە سەختەن ، خەیلێ باریکەن (٢)

---

(١٧) یە : ئەمە . ڕەویە : ئوسوول . تاویا : تواوە . واتە : بەڵام ئەم جۆرە ناخوش بوونی زامی دوستو بە دوای دەرمانا گەڕانە . ڕەوشتی ئەوانەیە کە تازە فێری دلداری بوون و هێشتا تیا قاڵ نەبوون . وە لە گەڵ شێوەی ئەو کەسانەدا یەک ناکەوی کە لە عەشقا تواونەتەوە .

(١٨) بازی : یاری و گاڵتە . نازی : نەیەڵی . مەعنای ئەم شێعرە بەسراوە بە شێعری دوایی یەوە .

(١٩) لەزەت دارو : بە لەزەتە . شۆن : دوای . واتە : دەخیلێ بە هەر سەرسەختو کەڵەڕەق بەو بو خوت یاری بکە . وە مەبەڵە دوست دڵی سارد ببیتەوە لە تیر هاوێشتن . چونکە لە دڵی پڕ زەوقی کۆنە عاشقا زۆر شێکی خۆشو بە لەزەتە یار یەک لە دوای یەک تیری پێوە بنێ . مەبەستی ئەوەیە دلداری قاڵ بوو هەتا زورتر ئازار بچێژی لە یارەوە زیاتر لەزەتی پێ ئەگات .

(١) مەولەوی لەم قەسیدەدا لومەی خوی ئەکاو سامی ڕۆژی قیامەت دێنیتەوە بەرچاو ؛ وە خوی بانگ ئەکا بو خوا پەرستیو بەندەگی ڕاست .

(٢) ڕاگەکەت : ڕێگاکەت ؛ مەبەس گوریەتی کە ڕێگایە بو قیامەت . خەیلی : گەلێک . پردەکە : مەبەس پردی صیراطە . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی (خەیلی) ای دووهەم نووسراوە (یەکجار) .

سارای هیدایەت تاریك مەوینووون
ڕای نەجات یەکجار باریك مەوینووون (٣)
چۆڵە چراوێ پەرێ وێت ساز دەر
وە قەد توانای وێت باربەندی کەر (٤)
ئەر گونا ڕای ڕاس بەردەنی جە ویر
شۆن پای کردار هام فەردان هۆرگیر (٥)
بەڵ لەو دیوانەدا دێوانەی سەرشێت
خەجاڵەتیی بەزم یاران نەیۆ پێت (٦)
باریێ ئەر غەفڵەت دام تەندەن نە ڕێت
نییەنی وە تەنگ شەرمەساریی وێت (٧)
یاد ئەو سەروەر وە دەروون باوەر
ئەر واچان پەنەش نەو بەزم مەحشەر : (٨)

---

(٣) سارا : سەحرا ، دەشت . هیدایەت : ری بە دەرکردن . مەوینووون : ئەبینم . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (یەکجار) نووسراوە (یەکسەر) .
(٤) چولە چراو : چرای بچکولە ، بە قوتیلە ئەلین . پەری : بو . باربەندی. کەر : بار بپیچەرەوە . واتە : قوتیلەیەك پەیدا کە بو خوتو ئەوەندەی پیت. ئەکری کولو بار بپیچەرەوە . مەبەسی لە خو ئامادە کردنە بو ئەو دنیا .
(٥) گونا : گوناە . واتە : ئەگەر گوناح ریی راستی لە یاد بردوویتەوە شوبن پیی کردەوەی باشی هاوریان هەلگرە .
(٦) بەل : بەلکو . نەیو : نەیەت . پیت : بوت . واتە : بەلکو لە دیوانی. روژی حیساب‌دا ، هەی دیوانەی سەرشیت ، لە کوری بەزمو رابواردنی یاراندا خەجالەتی نەیەت بە سەرتا .
(٧) باری : لە سوورەتیکا . دام : داو . تەندەن : تەنیوە . مەعنای ئەم. شیعرەو دوو شیعری پاشەوە پیکەوە دی .
(٨) باوەر : بینە . واچان : بلین . پەنەش : پیی . نەو : لەو .

یه مەنسووب تۆن ئینه کردەشەن
چەنی توانای سەر هۆردەردەشەن (۹)
ئەو بە شەرمەوە مدیۆ بە وەردا
من مشیۆ کام خاك کەروون وە سەردا (۱۰)
ئیسە موینی چێش پەنەم ئامان
هانا هاوارەن های نەی چی ئامان (۱۱)
جفت مەعصیەت ، جە تاعەت تاقم
ڕوو سیای مەجلیس جەرگەی عشاقم (۱۲)
بینای وجوودم خەجڵەت ئەساسەن
بەختم موخالیف ، نامەدیم ڕاسەن (۱۳)

---

(۹) یە : ئەمە . ئینە : ئەمە . هوردەردە : هەڵبرین . واتە : وە ئەگەر لە سوورەتیکا بی ئاگایی‌و قیامەت لە بیر چوونەوە داوی لە ریتا تەندوودو تویش بە تەنگی شەرمەزاری‌ی خوتەوە نیت ، هەر هیچ نەبی ئەوە بینە یادی خوت کە لە روژی مەحشەرا بە پیغەمبەر بلین ئەمە سەر بە تویە کەچی ئەودش کردەودیەتی . .

(۱۰) مدیو : ئەروانی . بە وەردا : بە بەردەمی خویا . مشیو : ئەشی . واتە : ئەو کاتە ئەو لە شەرمانا سەر دائەنەوینی ، جا ئەبی من خاکی کوی بکەم بە سەری خوما .

(۱۱) موینی : ئەبینی . واتە : ئیستا ئەبینی چیم بە سەر هاتووە ، هاوار هەی شمشال ژەن بگەرە فریام .

(۱۲) جفت : جووت . مەعصیەت : گوناه . واتە : لە گەڵ تاوانا بووم بە هاو جووت‌و تاك کەوتووم لە خوا پەرستی‌و دوورەشی کوری ئەنجومەنی دلداران بووم .

(۱۳) موخالیف : پیچەوانە . نامەدی : بو نەهاتن . واتە : بنچینەی بوونم لە سەر خەجالەتی دامەزراوەو بەختم یار نی‌یەو نەگبەتیمە .

صەبای هەناسەم نە دەروون صەد تەرز
کەردەن کڵپەی نار ئیبراهیمی بەرز (١٤)
پەنجەت بەو نەغمەی بین وە تینەوە
باوەرە ئەی بەیت وە حەزینەوە : (١٥)
سەهلەن من ڕوو زەرد سەر نە وەرەنان
ئای مایەی تەصدیع پەیغەممەرەنان (١٦)

دڵ دیار نییەن های نەکەردەبۆ
وە خزمەت ئازیز تەشریف بەردەبۆ (١)
جەو دما من داد وە لای کێ بەروون
نا بەڵەد تەنیا ڕا چۆن دەرکەروون (٢)

---

(١٤) صەبا : بای بەیانی . نار ئیبراهیمی : ئاگری بە تینی وەك ئەودی نەمروود کردیەوەو ئیبراهیمی تی فری دا . واتە : هەناسەی وەك بای صەبا بە تەوژمم بە هەزار جور کلپەی ئاگری بە تینی دەروونمی بەرز کردەوە .

(١٥) باوەرە : بینە . واتە : کاکەی نەیچی پەنجە بخەرە سەر نەیەکەتو دەمی پیوە نیو بە ئاوازە بەرزو بە هیزەکەت بە خەفەتباریەوە ئەم شیعرەم بو بلی .

(١٦) سەر نە وەرەنان : سەر دانەویوم . واتە : قەیدی نییە من خوم روو زەردمو سەرم دانەواندووە ، بەڵام ئاخ بووم بە مایەی زەحمەت کیشانی پیغەمبەر (درووی خوای لی بی) .

(١) نەکەردەبو : نەیکردبی ؛ ناشی .

(٢) جەودما : لەمەوەپاش . بەروون : بەرم . را : ری . وەرکەروون : دەرکەم . واتە : دلەکەم شارەزای ریگای مالی یار بوو ؛ کە ئەوم لە کیس چوو ئیتر من بە تەنیا چون ری دەرکەم .

پای دڵ سفتەی دەرد سەرهەردان سەختەن
وێت یاونەوە های نەسیم وەختەن (٣)
بکیان پەرێ من دڵ ئەو دماوە
وێت ، وێت ئاسایي بشۆ وە ڕاوە (٤)
مسپاروت وە دەس کزەی تاسەی وێم
وە دووی گێجە لوول صوب هەناسەی وێم (٥)
چون یاوای وە لای باڵا عەرعەر تەرز
پەرساش جواو دەر وە زایەڵەی بەرز (٦)
گلاراوش بی چەنی ئێش چەم
مەوات‌و مەوەرد خەم وە کووزەی خەم (٧)
چەم جە ئێش دەرد مەحرومی‌ی پاڵات
نمەنمانۆ عەکس خەیاڵ باڵات (٨)

---

(٣) سفتە : سووتاو . یاونەوە : بگەیەنەرەوە . واتە : پی‌ی دلم بە ئاگری دەرد سووتاوەو سەر هەردەکانیش سەختن ناتوانی پیایانا بروا . دەسا نەسیم دەسم دامینت وەختیەتی خوت بگەیەنەرەوە لام .

(٤) بکیان : بنیرە . بشو : برو . واتــە : دلەکەم بو بگیرەوە دواوەو . خویشت خوت ئاسایي بە ری‌ی خوتا برو ..

(٥) مسپاروت : ئەتسپیرم . واتە : ئەتسپیرم بە کزەی بیر کردنەوەو تاسەم بو یار ؛ وە ئەتدەمە دەسی گەردەلوولی هەناسەی بەیانیانم .

(٦) چون : کە . یاوای : گەیشتی . پەرساش : پرسی . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایي پیکەوە دی .

(٧) مەوەرد : ئەی‌خوارد . کووزە : گوزە .

(٨) نمەنمانو : نانوینی . واتە : کە گەیشتیتە لای ئەو بالا بەرزەو هەوالی منی لی پرسیت ، بە دەنگی بەرز هاوار بکەو وەرامی بدەرەوە بلی لە بەر چاو ئیشە گلاراوی پی کەوتبوو ، گوزەی خەمو مەینەتی نابوو بە سەریەوەو ئەی خواردەوەو ئەی‌وت چاوم لە تاو ئیشی دووری‌ی توزی کەوشەکانت وینەی خەیالی بالاتی تیا دەرناکەوی .

پەردەی لێلایي گرتەن دوو دیدە
خەڵوەتەن سا بۆ هەی بەرگوزیدە (٩)
دیدەم تاو سەیل هووناوان وەر دا
ها ئاو بە دەردا ئاما جە سەردا (١٠)
دڵ یەند جۆش گەرم خەمان دان پێدا
سەمەندەر لانەش مەگێرۆ تێدا (١١)
فیدات بوون ئازیز جەمین پەڕەی گوڵ
دووریت کارێ کەرد ئانە چەم ، ئێد دڵ (١٢)
حاڵ چینە تەنگتەر نیەن پێم ئامان
قەدەم ڕەنجە کەر ئامان صەد ئامان (١٣)

---

٩١) گرتەن : گرتووە . بو : وەرە . بەرگوزیدە : هەلبژاردە . واتە : پەردەی لیلایي هاتووە بە سەر چاوەکانما ، فرسەتە ئازیز وەرە کەس لەوی نیە .

(١٠) وەردا : بەردا . واتە : چاوەکانم لافاوی بە تاوی خوێناویان بەردا، ئەوەتا ئاو لە سەرەوە هاتو لە دەرگاوە دەرچوو .

(١١) پیدا : پیایا . سەمەندەر : پەلەوەریکە ئەلین لە ناو ئاگرا هیلکە ئەکا . مەگیرو : ئەگری . واتە : جوشی گەرمای خەمو خەفەتئەوەندە داویە بە دلما ، وای لی هاتووە سەمەندەر کردوویە بە هیلانەی خوی . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی (پیدا) و (تیدا) نووسراوە (پیشدا) و (تیشدا) ، وە لە جیاتی (لانەش) نووسراوە (لانە) .

(١٢) ئانە : ئەوە . واتە : ئازیزە ناو چاو وەك گولەکەم ، بە قوربانت بم ، دووریت کاریکی لی کردم ئەوە حالی دلو دیدەمە کە ئەیبینی .

(١٣) چینە : لەمە . ڕەنجەکەر : ئەزیەت بدە . واتە : گیانە دەسم دامینت هەرگیز وەزعم لەمە ناخوشتر نابی ، ئەزیەتی قاچی خوت بدەو وەرە لام .

چون جەستەی خەستەی مەینەتان مایە
بەڵکم دیدەو دڵ نەشان وە زایە (١٤)
دیدە سورمەی تۆز پالاکەت ناسەن
دڵ جای دەردتەن مەندەیشا خاسەن (١٥)

(١) ـ ٥ ـ

دەرمان زامان دەردە کەی کاریم
هامڕاز نالەی شەوان بێدارێم
ڕاحەتیی جەستەی مەینەت بارە کەم
تەسکینیی دڵەی پڕ جەخارە کەم
نامەو هدیەیی دۆسانەت یاوا
تەصدیعت کێشا خەیلێ ماڵ ئاوا
ڕەویەی بوزورگیت وە جا ئاوەردەن
غەریب نەوازیت وە پیشە کەردەن

---

(١٤) نەشان : نەچن . زایە : ضایع ، فەوتاو . واتە : بەنکو دیدەو دلیشم نەفەوتین وەك لەشی نەخوشم فەوتا کە بووبوو بە مایەی خەمو خەفەت بوم .

(١٥) سورمە : کلە . مەندەیشا : مانەوەیان . واتە : چاوم تۆزی کەوشەکانی تو ئەناسیو کردوویە بە کلە بو خوی ، دلیشم جیگای دەردو بەلای تویە ، لە بەر ئەوە مانەوەیان چاکترە .

(١) مەولەوی ئەم غەزەلەی بو دوستیکی نووسیوە کە دیاریەکی بوی ناردبوو ، دووریش نیە ئەو دوستە شیخی تەویلە بووبێ .

یەلّام بینایيم ، من دۆس گیانیم
نەك چون بێ شەرتان نانی‌و زوبانیم (٢)
دلّم وە مۆبەت مەیل تۆ شادەن
ئەی تەعارفە جە لام زیادەن (٣)
خصووص من صەرعی‌و لێوەو وێڵ تۆم
سەودایي خەمبار ئەڕاگێڵ تۆم (٤)
پەی تۆ خاطرم پڕ نێشو خارەن
پەی تۆ زیندەگیم چون ژار مارەن (٥)
دەروونم دایم جە هوون کەیل تۆن
حەیاتم وە شەوق هەوای مەیل تۆن (٦)
هەرگا دیم وە چەم شێوەی بالّاکەت
بۆسام خاك پاو گەرد پالّاکەت (٧)

---

(٢) بینایيم : ئەی ڕووناکی‌ی چاوم . نانی‌و زوبانی : ئەو دوستەیە کە هەر بە زمان ، وە بە هیوای وەرگرتنی دەسکەوتیك دوستت بی .
(٣) موبەت : محبت ، خوشەویستی . تەعارف : خۆ ناساندن ، مەبەس دیاری ناردنە .
(٤) صەرعی : ف دار . لیوە : کەف چەرین . ئەراگیل : بە دوادا گەراو ، لە بنچینەدا دوو وشەیە (ئەرا) واتە (بۆ) وە (گیل) واتە (گەشت) . لە هەندی نوسخەدا نیوەی دووهەمی ئەم شیعرە بەم جورە نووسراوە :
سەودای ئەراگیل لەعل لیـــل توم
واتە : نەخوش کەوتووی گەرانم بە دوای لەعلی لیلی لیوی تودا .
(٥) خاطر : دل . نیش : ئیش . زیندەگی : ژیان .
(٦) هوون : خوین . کەیل : پر . هەوا : ئارەزوو .
(٧) گا : کات . بوسام : ماچم کرد .

ئانه گرد مایه‌ی کامه‌رانی‌مه‌ن (۸)

وه‌ر نه ئیسه من هوون دڵ وه‌رده
ئانه گرد وه‌شی‌و شادمانی‌مه‌ن

قامه‌ت سه‌نگی‌بار خه‌مان خه‌م که‌رده (۹)

ده‌روون وه مه‌ودای دووریت بی‌یه‌ن ڕێش
هه‌ی خاکم وه سه‌ر بسه‌وقاتم په‌ی چێش (۱۰)

ـ ٦ ـ (۱)

دڵه ، وه‌رده‌ی نه‌فس گوناه ئاوه‌رده
صیفه‌ت نه ڕووی ذات وه په‌رده که‌رده (۲)

---

(۸) ئانه : ئه‌وه . گرد : هه‌موو . وه‌شی : خوشی .

(۹) وه‌رنه : ئه‌گینا . وه‌رده : خواردوو . خه‌م : چه‌ماوه . مه‌عنای ئه‌م شیعره له گه‌ل شیعری دواییدا دی .

(۱۰) مه‌ودا : تیغ . ریش : بریندار . سه‌وقات : دیاری . واته : ئه‌گینا ئیستا من که خوینی دلی خوم ئه‌خوم‌و باری قورسی خه‌م‌و مه‌ینه‌ت پشتمی چه‌ماندووه‌ته‌وه‌و ده‌روونم به تیغی تیژی دووریت بریندار بووه ، هه‌ی قورم به سه‌ر ، دیاریم بو چی‌یه ؟

(۱) مه‌وله‌وی له‌م قه‌سیده‌دا له گه‌ل دلی خوی ئه‌دوی‌و تانه‌ی لی ئه‌دا .

(۲) وه‌رده : خوراو . ئاوه‌رده : هیناو . واته : ئه‌ی دل که نه‌فسی گوناهبار خواردوویتی ، وه صیفه‌تی خوات کردووه به په‌رده به ڕووی ذاتیه‌وه . مه‌به‌سی ئه‌وه‌یه که صیفه‌تی (به‌خشنده‌یي خوا)ت کردووه به قه‌لغان ، وه به‌و بیانووه‌وه خوات له به‌ر چاوی خوت لا بردووه‌و ده‌ست کردووه به گوناح کردن .

جه ڕووی بێ شەرمی پەردەت درێدەوە
هیچ نەویت وە تەنگ ئەودیم پەردەوە (٣)
سەتاری لاو دا وە یانەتەدا
کەریمی شوومی وە شانەتەدا (٤)
کردم وە عامیی ڕەحمەتەکەی وێش
وادەی بەزم گەرم خزمەتەکەی وێش (٥)
وێەرد ، نەزاناش سیوای ئەو هەنی
ئاخ زانایی ئەو چێشکەری چەنی (٦)
نەو دەمدا جە یاد کردەی وێەردەم
جە حاڵەت سەخت وە دۆزەخ بەردەم (٧)

---

(٣) دردەوە : دادری . نەویت : نەبوویت . ئەودیو : ئەودیو . واتە : لە بەر بی شەرمیو بی عاریی خوت پەردەی حەیات لە سەر ڕووی خوت لا دا ؛ وە هیچ بە تەنگی ئەو خواوە نەبووی کە وا لەودیوی پەردەی غەیبەوە ، وە بە هەموو شتیکت ئەزانی . یان : نەبووی بە تەنگی ئەوەوە کە لەودیوی پەردەی حەیاوە خوت هەی کە هەموو گیانت گوناحەو عالەم پیت ئەزانی .

(٤) لاو : لافاو . شانە : شان . واتە : یا خوا بەخشندەیی خوا لافاو بینی بە سەر مالەکەتاو نەگبەتی بدا بە شانتا .

(٥) عامی : هەموو کەس گرەوە . وێش : خوی . مەعنای ئەم شیعر بەسراوە بە شیعری دوایی یەوە .

(٦) وێەرد : بوورد . هەنی : هەیت . واتە : وا فەرزمان کرد لە کاتی بەزمی گەرمی بە حوزووری خوا گەیشتندا ئەو بە ڕەحمەتی فراوانی خوت لیت بووردو لەو بەولاوە کەس نەیزانی تو هەیت ، باشە خو خوا خوت پیت نەزانی ؛ ئەی لە حوزووری ئەوا چون ڕووت دی سەر بەرز کەیتەوە
(٧) نەو : لەو . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پیکەوە دی

هەر دەلالەتێش مەلالەتێوەن
هەر لوتفێش پەرێم خەجاڵەتێوەن (٨)
هەوای وەش نەسیم وەصڵو حضووری
سەموومەن پەرێم چون شنۆی دووری (٩)
های نایي نایێ ، مطرب مەقامێ
مغنی تەرزێ ، ساقی یا جامێ (١٠)
تا دەماخ نەی بەزم نەشئەیێ سانۆ
مانۆ ، تا ئەبەد وە جیا مانۆ (١١)
شنۆش نەی دەمدا ، نەی دڵەی تەنگدا
ڕیشەی ویر غەیر بدۆ وە هەمدا
بەڵ دڵەی چەند سااڵ ئینتیظارە کەش،
لەزەتێ بەرۆ جە دیدارە کەش (١٢)

---

(٨) دەلالەت : دل دانەوە .

(٩) سەموم : بای سەبوون . واتە : لەو کاتەدا کە بیر ئەکەمەوە لە کردەوەی رابوردووم و لەو وەزعە ناخوشەم کە ئەبی بە هوی چوونە دوزەخم ، ئا لەو کاتەدا هەر دڵدانەوەیەکم لە لایەنی خوای گەورەوە هوی شەرمەزاریەکە بوم ، وە هەر لوتفیکی خوا لە گەلم ئەبی بە مایەی خەجالەتی بوم ، وە هەوای خوشی بە خزمەت گەیشتن وەک بای سەبوون وایە بوم لەشم ئەسووتینی ، چونکە خوم بە شایانی ئەو بە خزمەت گەیشتن و لوتف و دل دانەوەیە نازانم .

(١٠) نایي : نەی ژەن .

(١١) سانو : وەربگری . مانو : بمینیتەوە . مانو : ئەمینیتەوە . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایي پیکەوە دی .

(١٢) بەرو : ببا . واتە : بو ئەوەی دەماخم نەشەیەکی وا لەم بەزمە وەرگری ، تا (ئەبەد) بە تەنیا ئەمینیتەوە ، هەر بمینیتەوە ، وە شنەی ئەو بەزمە ریشەی داری بیر کردنەوە لە غەیری خوا لە دلی خەفەتبارما هەڵکەنی و نەی هیلیتەوە ، تا دلە چەند سال چاوەروانی کردووەکەم لەزەتی وەربگری لە دیداری خواو رووی بی چاوی پی بکەوی .

(١) ـ ٧ ـ

دڵه پڕ چینه‌ن پێشانی‌ی شه‌وقت
پۆس مه‌رده‌ن وه بان ڕوخسار زه‌وقت (٢)
شادیت مواچی ئازیزش مه‌رده‌ن
که‌یفه‌که‌ت ماچی له‌یلشِ گوم که‌رده‌ن (٣)
گومانم وه‌ی ڕه‌نگ زامت نه‌سره‌وته‌ن
کۆچ خێڵخانه‌ی (ئه‌حمه‌د) دوورکه‌وته‌ن (٤)
نه‌واتم ده‌خیل ئامان صه‌د ئامان
وێت مه‌ده‌ر وه مه‌یل نه‌و تووڵ نه‌مامان (٥)
وه‌س وه ته‌مای وه‌صڵ مه‌زاقت شاد بۆ
ژار مار ده‌رد دووریت وه یاد بۆ (٦)

ـ ٧ ـ

(١) مه‌وله‌وی ئه‌م قه‌سیده‌یه‌ی به بونه‌ی کوچ کردنی ئه‌حمه‌د به‌گی برای حه‌مه پاشای جانه‌وه وتووه که چووه بو مه‌ریوان بو هاوینه خوری .

(٢) پر چینه‌ن : پره له چرچ‌و لوچ . پیشانی : ناو چاوان . پوس : پیست . واته : ئه‌ی دل ناوچاوانی شه‌وقت لوچی زوری تی‌که‌وتووه ، وه پیستی ڕووت وشك بوودته‌وه به سه‌ر ددم‌و چاوی ئاردزووتا ، مه‌به‌س له خه‌فه‌تباری‌یه .

(٣) مواچی ، ماچی : ئه‌لییت . له هه‌ندی نوسخه‌دا نیوه شیعری دووهه‌می ئه‌م شیعره به‌م جوره نووسراوه :

که‌یفت مواچی له‌یلش کوچ که‌رده‌ن

(٤) گومانم : وا گومان ئه‌به‌م . نه‌سره‌وته‌ن : نه‌سره‌وتووه . واته : وا بزانم بوی‌ه وا زامت ناسره‌وی چونکه بنه‌و بارگه‌ی ئه‌حمه‌د به‌گ دوور که‌وتووته‌وه .

(٥) نه‌واتم : نه‌م‌وت . وێت مه‌ده‌ر : خوت مه‌ده . مه‌عنای ئه‌م شیعره‌و سه شیعری دوایی پیکه‌وه دی .

(٦) وه‌س : به‌س . مه‌زاق : چه‌شتن ، مه‌به‌س له دله .

نەژنەفتی چەنەم صەد جار دادم کەرد
ئیسە های گەردش گەردوون چەپ گەرد (٧)
وە تای قەڵماسك تنیای سەردیی مەیل
ئەو هۆردا پەی حەی ، تۆ پەی کۆی دوجەیل (٨)
سا خاسەن ئەمجار شووم سیا بەخت
تۆ ئالوودەی دەرد ، من زامان سەخت (٩)
ساقی گەرد کۆچ یاران دیارەن
هاومالاڵن پەرێم نە ئینتیظارەن (١٠)
من خۆ تەنیا ماڵ ، وامەندەی دڵ تەنگ
بێ کەس ، بار سەنگی ، پای بارەبەر لەنگ (١١)

---

(٧) نەژنەفتی : نەتبیست . چەنەم : لیم .

(٨) قەلماسك : قوچەقانی . تنیا : تەنراو . هوردا : هەڵدا . حەی : خیلەکەی لەیل . دوجەیل : شوینەکەی مەجنوون . واتە : چەند دەسەو دامینت بووم کە خوت نەخەیتە داوی خوشەویستیی بالا بەرزانەودو . چەندم پی وتی دلت بە وەصلیان خوش مەکەو ژاری ماری دووریت لە یاد بی ، کەچی هەرچەند دادم کرد گویت نەدایە ، وا ئیستا گەردوون وەك بەرد خستنیە ناو قوچەقانیی لە کەم مەیلی تەنراوو هەر یەکەی فری دانە شوینیك کە بە زەحمەت بتوانن بگەنەوە یەك .

(٩) سیا بەخت : چارە رەش . ئالوودە : گرفتار . واتە : جا چاکت کرد ئەی دلەی شوومی چارە رەش خوتت گرفتاری دەردو منیشت گیرودەی برینی نابار کرد .

(١٠) پەریم : بوم . مەولەوی لەم شیعرەوە رووی قسە لە دلیەوە وەرئەگیرێتە سەر ساقی ، وە داوای لی ئەکا بگاتە فریای . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە .

(١١) وامەندە : داماو . بارەبەر : ولاخ . لەنگ : شەل .

مەرتۆ وە هەی هەی نەشئەی جام مەی
نەی ڕای پلەی سەخت فەریاد ڕەسیم کەی
سا پێم دەر جامێ منیچ چون یاران
هەی کەروون ئەو کۆچ تا سەر هەواران (١٢)

(١) ـ ٨ ـ

دڵە چەند مەستیت جەم بی نە سەردا
چەند کار ئارۆت وستەو ڕۆی فەردا (٢)

---

(١٢) منیچ : منیش . کەروون : بکەم . ئەو : لـە . واتە : ساقی ، ئەوەتا توزی کاروانی یاران دیارەو چاوەریم ئەکەن ؛ منیش تەنیا مال ماومەتەوە بە دل تەنگیەوە ؛ کەسم نییەو کوچو بارم قورسەو پیی ولاخەکەیشم شەلە ، کە ئەمە ئەوپەری داماوییە .. جا لە وەزعیکی وا ناخوشا مەگەر تو بە نەشەی جامی مەیەکەت ـ کە وەك هورەی کوچ کردوو وایە ـ لەم پلە ری سەختەدا بگەیتە فریام ؛ سا بو خوا پیالەیەك مەیم بدەری با منیش وەك یاران دەس کەم بە هورە کردنو بخورمە کوچو بارەکەمو بروم تا ئەگەمە سەر هەوارەکان . مەولەوی لەم شیعرانەیدا هورەی کاروانیی شوبهاندووە بە مەی لەوەدا کە وەك چون مەی یارمەتیی خەفەتبار ئەدا بو ئاسان کردنی مەینەتەکەی ، هورەیش یارمەتیی کاروانی ئەدا لە بریتی ریگاو گەیشتنە جێدا .

ـ ٨ ـ

(١) مەولەوی لەم قەسیدەشا هەر بە سەر نەفسی خوێدا دێتو لومەی ئەکاو لە خوا ئەپاریتەوە کە لێی ببووری .

(٢) ئارو : ئەمرو . وستەو : خستەوە . واتە : ئای ئـەی دل چەند مەستی کوبووەتەوە لە سەرتاو چەند ئیشی ئەمروت ئەخەیتە سبەینی . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (چەند) نووسراوە (یەند) واتە : ئەمەندە .

شەرتێوم نیەن جە بێ شەرتی تۆ
ڕوو سیای تۆبەی صەد فەردا نەبۆ (٣)
نەکەفتی ئەو ڕا پەی حەق پەرستی
تا بی وە هەمتای مەستی پای سستی (٤)
پیری حەڵقە سان خەم پەنەم وەردەن
پەی دەرگای عەدەم ئامادەم کەردەن (٥)
سەروەخت ئەدای ئەمانەتمەن
نەشر سیاهەی خیانەتمەن (٦)
مغنی ، تەنخوای من وە نەوایێ
وەی چەند فەردەوە هۆردەر صەدایێ : (٧)
یا ڕەبی نەی شەو تاریکەی فانی
هەر تۆ وە کردەی بەدیم مزانی (٨)

---

(٣) شەرتیوم : شەرتیکم . واتە : بە هوی بی شەرتی تووە شەرتیکم تێیە روو ڕەشی لای تۆبەی صەد سبەینی نەبووبی . مەبەسی ئەوەیە هەرچی شەرت ئەکەم کە خراپە نەکەمو تۆبە لەو خراپانە ئەکەم ، بۆ سبەینی ئەو شەرتە ئەشکینم و دیسانەوە تۆبە ئەکەمەوەو شەرتەکەم لە حوزووری ئەو تۆبانەدا روو ڕەش ئەبی .

(٤) نەکەفتی ئەو را : نەکەوتیتە ری . بی : بوو . واتە : نەکەوتیتە ڕی حەق پەرستی تا پیری بوو بە هاوڕێی سەرخۆشیەکەت و کەڵکت پیوە نەما .

(٥) حەڵقەسان : وەک ئەڵقە . واتە : پیری وەک ئەڵقە چەماندوومیەتەوەو ئامادەی کردووم بمکوتی بە دەرگای نەبوونیدا کە گورە . چەند جوانە لێرەدا مەولەوی ئەڵقەو دەرگای خستووەتە یەک ، چونکە ئەڵقە بە دەرگادا ئەکوترێ .

(٦) ئەدا : دانەوە . نەشر : بڵاوکردنەوە . سیاهە : لیستە .

(٧) تەنخوا : لە جیاتی . نەوا : ئاواز . صەدا : دەنگ .

(٨) واتە : خوایە لەم تاریکە شەوەی دنیای فانیدا هەر تو شاردزای کردەوەی خراپمی .

ئای ، سوبح مەحشەر سەرئەفگەندە وێم
شەرمندەی حضوور خوداو بەندە وێم (٩)
بە ڕەحمەکەی وێت فەرد تەنیای تاك
بەشق مەشق عەشق دڵ پاکان پاك (١٠)
بەو فەصڵ فیراق خاطر پڕ خاران
بەو دیای دمای یەکتڕی یاران (١١)
ئەر صەد تاوانم جە حەد ئەودەڕەن
دەفتەرم جە ڕووی وێم سیاتەڕەن
تۆ بوبەر جە من جە پڕ ئینسافی
من ڕوو زەردی وێم کافیبەن کافی (١٢)

(١) ـ ٩ ـ

دڵە ، تەب خاڵەت وە لێو مەوینوون
حاڵەتت یەکجار پەشێو مەوینوون (٢)

---

(٩) سەرئەفگەندە : سەر داخستوو . وێم : خوم .

(١٠) بەشق : بو خاتری . واتە : ئەی خوای تاك و تەنیا سوێندت ئەدەم بە ڕەحمی خوت ، وە لە بەر خاتری مەشقی دلداری پاکی دل پاکان . .

(١١) دیا : چاو بە یەك کەوتنەوە . دما : دوایي . واتە : خوایە سوێندت ئەدەم بە کاتی لە یەك جیا بوونەوەی دوستە دل پر درکەکان ، وە بە کاتی بە یەك گەیشتنەوەی لەوەوپاشیان .

(١٢) ئەرصەد : هەرچەند . ئەو دەڕەن : بە دەرە .

(١٣) بویە : ببوورە . کافیبەن : بەسە . مەولەوی بە عادەتەکەی خوی لەم قەسیدەدا چەند شیعریکی وتەوە کە لە شوینی تریشا وتبوونی .

ـ ٩ ـ

(١) مەولەوی لەم قەسیدەشا هەر لە گەل نەفسی خوی قسە ئەکا .

(٢) دلە : ئەی دل . تەب خالە : خالی تی ، ئەو زیتکانەیە بە سەر لیوی تادارەوە پەیدا ئەبن . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایيیەوە .

کەردەنیش وە تەیر هەڵۆ هۆش بەردە
ناکەردە کەردە ، کەردە ناکەردە (٣)
ڕجات گا بەی دیم ، گا بەو دیمەدا
ها نە گەردەلوول باد بیمەدا (٤)
ها نەکەردەبۆت تۆ یەت کەردەبۆ
پێچ عەقیدەت وە دڵ بەردەبۆ (٥)
پەی چێش هەرکۆ وەصف وەش نیگارانەن
چەنی عەقیدەی دڵ ئەوگارانەن (٦)
تۆ ظەننت چێشەن ئەویچ بەو تەورەن :
ئەر مەیلەن ، مەیلەن ، وەر جەورەن ، جەورەن

---

(٣) کەردەنیش : کردوویتی . واتە : ئەی دل ئەبینم وەك تادار زیتکەت بە سەر لیوەودیەو حالت یەگجار پەشیوە ؛ وە وەك باللداری هەلو فراندوو هوشت لا نەماوەو بە جوری سەرت لی تیك چووە ئەوەی نەتکردووە وا ئەزانی کردووتە ؛ وە ئەوەی کردووتە لە یادت چووەتەوە .

(٤) بەیدیم : بەمدیو . بیم : ترس . واتە : تەمای ردحمەتی خوات کەوتووەتە بەر گەردەلوولی بای ترس ؛ وە وەك پووش تاویك بەمدیوو تاویك بەودیوا ئەکەوی . مەولەوی لەم شیعرەدا ئەوپەری وردیی بە کار هیناوە چونکە مروڤ خوی لە بەینی ترسو تەمادا ئەبی ؛ کەچی ئەم هاتووە تەماکەی خستووەتە بەینی ترسو تەما .

(٥) یەت : ئەمەت . پیچ : گری . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە سە شیعری پاشەوە .

(٦) هەرکو : لە هەرکوی . وەش نیگار : جوان چاك . چەنی : لە گەل . ئەوگار : گرفتار .

ستارەی ڕجات هەر دەم دارۆ سوو
دەماخ شاد وە بۆی (ولا تيأسوا) (٧)
وێەردە وێەرد ، هەوڵێ پەی باقی
ئەمجار یە دەرویشش ، یە نەیچیو ساقی (٨)
هۆش وە صەدای دەف ، گۆش وە نەوای نەی
دەس وە شیشەوە ، لێو وە جام مەی
صەفات جەفا دۆ وە قەفای هەستی
نۆشا نۆشت بۆ دەواچەی مەستی (٩)
وە کردە وەفام ئەر گا ناوەردەن
باك نیێەن وەفام وە باوەڕ کەردەن (١٠)

---

(٧) ستارە : ئەستێرە . دارو : بیبی . سوو : تیشك . و لا تیأسوا : بەشێکە لە ئایەتێکی قورئان مەعناکەی ئەوەیە بی تەما مەبن لە ردحمەتی خوا . واتە : ئەی دل دەسم دامینت نەکەی باوەرت لەق ببیو گرێی تی‌کەوی ، چونکە صیفەتی جوان چاکان بە پێی باوەری دلدارەکانیانە پێیان ، ئەوان گومانی چێیان پی بەرن ئەوانیش بەو جورە ئەبن ، ئەگەر بە تەمای خوشەویستی بن خوشیان ئەوین ، وە ئەگەر بە تەمای سزا بن سزایان ئەدەن .

(٨) وێەردە : بە سەر چوو . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوە پێکەوە دێ .

(٩) دو : بدا . قەفا : پشتی مل . دەواچە : دەرمان . واتە : ئەوەی بە سەر چوو بە سەر چوو ، هەولی بو پاشماوەی عومرت بدە ، ئەوە دەف ژەنو شمشال لێدەرو مەیگێر ، نوبەتە لە گەلیان ، هوش بدە بە دەنگی دەفو گوێ بدەرە ئاوازی شمشالو شیشەی مەی بگرە بە دەستەوەو جامی مەی بنێ بە لیوتەوە ، تا شادیت شەقازلەیەك بدا لە بنا ملی بوونو دەرمانی مەستی نوشی گیانت ببیو گیتیت لە بیر بچێتەوە .

(١٠) واتە : ئەگەر جار جار بە کردەوە وەفام نەهێنابێتەدێ ، قەید ناکاو ترسم نیێە ، چونکە وەفام کردووە بە باوەری خوم . ئەم شیعرە ئیشارەتە بو حەدیثی پیغەمبەر کە فەرموویەتی (لا یضر مع الایمان ذنب) واتە : لە گەڵ باوەردا گوناح زیان ناگەیەنێو موسولمان لە موسولمانەتی ناخات .

(١) ـ ١٠ ـ

ده‌رد وه بان ده‌رد زامان كاری
گرد جه لام جه‌م بی ، یه ته‌شریف ماری (٢)
ئای یه چێشت كه‌رد ته‌شریفت ناوه‌رد
ده‌ردت دا وه ده‌رد ، منت ماته‌م كه‌رد (٣)
ئیسه‌یچه دیده‌م چه‌م ها وه ڕاوه
هه‌ڵای سه‌روه‌شم به‌و ته‌مه‌ناوه (٤)
ئه‌مرت موطاعه‌ن (اطعنا) وه‌ندم
دوعای چه‌مه زه‌خم جه پیران سه‌ندم (٥)

---

(١) مه‌وله‌وی ئه‌م قه‌سیده‌یه‌ی بو ئامینه خان ناوێك نووسیوه كه یه‌كێك بووه له كچه به‌گزاده‌كانی جاف ، وه به هوی شیر خواردنه‌وه مه‌حره‌م بووه به مه‌وله‌وی . ئامینه خان گفتی دابوو به مه‌وله‌وی كه بچی سه‌ری لی بدا . به‌ڵام پاشان بوی ئه‌نووسی كه ناتوانی بچی بو لای ، وه داوای دوعایه‌كی چاوه‌زاری لی ئه‌كا ، مه‌وله‌وی‌ش دوعاكه‌ی بو ئه‌نیری له گه‌ڵ ئه‌م پارچه هه‌ڵبه‌سته‌دا .

(٢) ماری : ئه‌هینی . واته : ده‌ردی كاری‌ی زامه‌كانم و ده‌ردی چاوه‌روانی كردن هه‌موو كوبوونه‌وه له سه‌رم به هوی ئه‌وه‌وه كه بریار بوو ته‌شریفت بینی .

(٣) واته : ئای ئه‌وه چیت كرد ته‌شریفت نه‌هیناو ده‌ردت دا به ده‌رده‌كانم و خوێشمت خه‌فه‌تبار كرد .

(٤) ئیسه‌یچه : ئیستاش . هه‌ڵای : هێشتا . واته : ئیستاش هێشتا هه‌ر چاوم له ڕێته‌و سه‌رخوشی هیوای هاتنتم .

(٥) موطاع : به‌گوی‌كراو . اطعنا : به‌گوێمان‌كرد ، ئیشارته به ئایه‌تی (سمعنا واطعنا) . وه‌ندم : خوێندم . چه‌مه زه‌خم : چاوه‌زار . واته : فه‌رمانت ڕه‌وایه‌و هه‌ر كه بیستم وتم به سه‌ر چاو ، وه چووم دوعای چاوه‌زارم بووه‌رگرتی له شێخ .

تەعویذ بەند پڕیشەی دڵەی صەد پارەم
بەرگش پەڕەی جەرگ وە دەرد ئاوارەم (٦)
حافظ بۆ وە عەشق مەستان یا هوو
بپێچەش نە دەور باهووی بێ ئاهوو (٧)
ئینە عادەتێن وە ظاهیر ئامان
وەر نە هەی سەرخێڵ نازك ئەندامان (٨)
تۆ ئینند نازکیت جە حەد وێەردەن
بینایي خەیاڵ ڕاگەش گوم کەردەن (٩)
صەفات خەجاڵەت دان وە جام جەم
دیدەی بەد مەر عەکس وێش بدیۆ وە چەم (١٠)

---

(٦) تەعویذ بەند : بەنی بەستنی نووشتە . پارە : پارچە . مەولەوی لەم شیعرەو شیعری دواییدا لە ئامینە خان ئەگەیەنی کە چی بکا لە دوعاکە . واتە : ریشەی دلە صەد پارچە بووەکەم بهونەرەوەو بیکە بە قەیتان بو بەستنی دوعاکە ؛ وە پەرەی جگەری دەردەدارم بکە بە بەرگو دوعاکەی پیوە بپیچە .

(٧) حافظ : پاریزگار . بپیچەش : بیپیچەرەوە . یا هوو : ئەی خوا . باهوو : قول . ئاهوو : عەیب . واتە : خوا بکا بو خاتری عەشقی ئەو پیاو چاکانەی کە سەرمەستی هاوار لە خوان ؛ ئەو دوعایە پاریزگاریت بکا . ئەنجا ئەڵێ : دوعاکە بپیچە بە دەوری قولتا .

(٨) وەرنە : ئەگینا . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوە پیکەوە دی .

(٩) ئینند : ئەمەندە . واتە : ئەم دوعا نووسینە شتیکە بووە بە عادەتو هویەکی ظاهیریە ، ئەگینا ئەی سەرقافلەی جوان خاسان جوانیی تو ئەوەندە لە ئەندازە لای داوە هەتاوەکو چاوی خەیالیش ریگای گوم کردووەو نات‌دوزیتەوە .

(١٠) دیدەی بەد : چاوی پیس . بدیو : ببینی . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

دیدەی بەد دەردش نا دیاری بۆ
جە کۆ موینۆت تا لێت کاری بۆ ؟ (١١)

- ١١ -

دەورێ دەر ساقی وە لای مەحزوو ندا
لەیل ئاسا بویەر وە لای مەجنوو ندا (١)
جامێ جە صەهبای دیای بالاکەت
ئالوودەی غوبار تۆز پالاکەت (٢)
بەو نازو عیشوە وێت پێم دەرەوە
جەستەی پەژموردەم ئیحیا کەرەوە (٣)
جەی (قلب الاسد) تاوسان دووری
فێناك کەرەوە جەستەی مەهجووری (٤)

---

(١١) جەکو : لەکوی : واتە : پاکیو بێگەردیی رووی تو ئاوینەکەی جەمشیدی خەجالەت کردووە کە هەموو شتیکی تیا بە دی ئەکرا . ئیتر چاوی پیس کە سەیری تو بکا مەگەر هەر رووی خوی لە ناو چاوتا ببینیتەوە . کەواتە ـ خوا تووشی دەردیکی بکا کەس سەری لی دەرنەچی ـ چون ئەتوانی بتبینی تا کارت لی بکا ؟

- ١١ -

(١) واتە : ئەی مەیگیر سووری بخو بە لای منی حەفەتباراو . وەك لەیل بە لای منی مەجنوونا تیپەرە .

(٢) صەهبا : صهباء ، مەی . دیا : دیتن . ئالوودە : تێکەل . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دی .

(٣) پەژموردە : سیسو ژاکاو . واتە : بە نازو عیشودوە پیالەیەك شەرابی دیتنی بالای خوتم بدەری بەو شەرتە کە توزی کەوشەکاتتی تێکەل بووبی . وە بەو پیالە شەرابە لاشەی سیس بووم ببووژینەرەوە .

(٤) قلب الاسد : ناوەراستی هاوین کاتیك کە رۆژ ئەچیتە برجی ئەسەدەوە . تاوسان : هاوین : مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

بەڵکم شەرارەی نائیرەی فیراق
نەسۆچنۆ تەمام سەوزەی ئیشتیاق (٥)
بەڵام بەو شەرتە مەیلت مودام بۆ
منیچ بەو مەیلە دنیام وە کام بۆ (٦)
نەك غەزاڵ ئاسا دیاو ڕەمت بۆ
گا مەیل شادی ، گا ماتەمت بۆ (٧)
ئیتر کافی بۆ جەورو جەفاکەت
بەڵ تا وە سەر بۆ مەیلو وەفاکەت (٨)
ئەرچەند هەفتەیێ عومرم مەندەبۆ
بەڵکم دووریی تۆ لێم نەسەندەبۆ (٩)

ـ ١٢ ـ [1]

دووریت دیارەن چەند صاحیب نێشەن
تۆی دەروون وە خار نێشێوتەر ڕێشەن (٢)

---

(٥) نایرە : نائیرە ، ئاگر . نەسوچنو : نەسووتینی . سەوزە : شینایی . واتە : لەم قرچەی هاوینی گەرمی دووریەدا بە شەرابی دیتنت لەشم نینك کەردوە ، بەڵکو بزیسکەی ئاگری جیایی شینایی سوزم بە تەواوی نەسووتینی .
(٦) مودام : دەوامدار . وە کام : بە ئارەزوو .
(٧) غەزال : ئاسك . ڕەم : ڕاکردن . واتە : نەك وەك ئاسك هەر خوت دەرخەیتو ڕاکەیت . .
(٨) تا وە سەر بو : تا سەر بی .
(٩) مەندەبو : مابی . لیم نەسەندەبو : لیم نەسینی .

ـ ١٢ ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەشی لە لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونی خیزانیا وتووە .
(٢) خار : درك . نیشیوتەر : ئیشیکیتر . مەعنای ئەم شیعرە بەسراود بە شیعری دوایی یەوە .

هەرچی بوینوون شێوەی تۆ پێشەن
دڵ وە هەتیتەی حەسرەتدا کێشەن (٣)
هەر ماهێ نەو بۆ حاڵم پەشێوەن
چون هیلال شێوەی ئەبرۆی تۆش پێوەن (٤)
نە شەو ڕاحەتم ، نە ڕۆ دڵشادم
شەو زوڵفو ڕۆ ڕووت مەوزۆ ئەو یادم (٥)
شمشادو نەرگس وەنەوشەی چەمەن
سەیرشان ئازار بینایي چەمەن (٦)
ئاد مارۆ بە ویر تەرزەکەی باڵات
ئەو دیدەی مەستت ، ئێد خاڵ ئاڵات (٧)

---

(٣) پیشەن : پیوەیەتی . هەتیتە : تەختە داریکە شاڵی بە تۆندی پیوە ئەپیچن بو ئەوەی دەق بگری . کیشەن : ڕاکێشەرە . واتە : هەرچەند کە دیارە ئێشو ئازاری دووریت چەند زووڕە ، بەڵام من جگەرم بە درکی ئازاریکی تر بریندار بووە کە ئەویش ئەوەتە هەرچی ببینم شێوەی توی پێوەبی دڵم لە دار هەتیتەی داخو خەفەت ئەکێشی .

(٤) ماە : مانگ . نەو : نوێ ، تازە . واتە : هەر مانگی نوێ ببێتەوە من حاڵم تێك ئەچی ، چونکە مانگی یەکشەوە لە بڕوی تو ئەچی .

(٥) مەوزو : ئەخاتە . واتە : نە بە شەوو نە بە ڕۆژ ڕەحەتیم نی‌یە . چونکە شەوی تاریك زوڵفی ڕەشت دینیتەوە یادمو ڕۆژی ڕووناك ڕووی درەوشاوەت .

(٦) شمشاد : داریکی بەرزە . سەیرشان : تەماشا کردنیان . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایي‌یەوە .

(٧) ئاد : ئەو . مارو : دینی . ئاڵا : ئاڵ . واتە : تەماشا کردنی دار شمشاڵو نەرگسو وەنەوشەی باخەکان ئازاری چاوم ئەدا . چونکە دار شمشاڵەکە بااڵتم دینیتەوە یادو ، نیرگسەکە چاوی مەستتو وەنەوشەکە خاڵی ئاڵت .

سۆچنۆم حەسرەت دەرد جیاییت
نەك چون بڵێسەی یاد تەنیاییت (٨)
وە مەرگت ، دیدەم ، هام نە گوزەردا
منیچ لام لای تۆن ئارۆ یا فەردا (٩)
مطرب مەقامێ دەردم ناچارەن
ساقی یا جامێ دۆس ئینتیظارەن (١٠)

ـ ١٣ ـ [1]

دەلیل وادەی سەرسەراوە کەم
بینایي دیدەی شەو بێ خاوە کەم (٢)

---

(٨) سوچنوم : ئەمسووتینی . واتـە : راستە داخی دەردی جیاییت ئەمسووتینی ، بەڵام ناگاتە ئەندازەی ئیشی یاد کردنەوەی تەنیاییت لە گورا .

(٩) تون : تویە . ئارو : ئەمرو . واتە : ئازیز قەسەم بە مەرگت منیش لە سـەر رویشتنم ، وە ئەمرو بێو سبەی بی شوینم لای تویـەو ئەمرمو دیمە لات .

(١٠) ناچارەن : چار ناکری . واتە : کاکەی گورانی بێژ صـەدای مەرگم هەلدە . چونکە دەردم بی دەرمانە . کاکەی مەیگیر تویش پیالەیەك شـەرابی مەرگم بدەری . چونکە یار چاوەروانمە با بمرمو بروم بو لای .

(١) جاریکیان شیخی بهأ الدین ئەنیری بە دوای مەولەوی‌دا بو ئەوەی بە سـەفەر بینیری بو شوینیك‌و ئیشیکی پی بسپیری ، مەولەوی‌یش پێی ناکری بروا . لە وەراما ئەم پارچە هەلبەستە بو شیخ ئەنیری .

(٢) وادەی سـەر سـەراو : کاتی بردن بو سـەر ئاو بو شورین پاش مردن . واتە : ئەی ری نموونی کەرم لە کاتی مردنما . ئەی بینایي چاوەکانم کە شـەو خەویان نی‌یە .

ڕەفیق سەرحەد ئەقلیم دەردان
ناخودای کەشتیی بەحرەکەی هیجران (٣)
ئوستاد تەعلیم دەرس مەجنوونیم
دەس گیر ڕاگەی سەختیو زەبوونیم (٤)
شەمع بەزمگەی مەهجووریو دووری
میعمار ئەساس پایەی سەبووری (٥)
مەصقەلچیی سەواد ئاینەکەی دڵ
غەواص دانەی دەریاچەی موشکوڵ (٦)
خەم نە وەخت بەزم فەرمان فەرماشەن
شادیم ئەلوەدای جە لەیل جیاشەن (٧)

---

(٣) سەرحەد : سنوور . ئەقلیم : ولات . ناخودا : کەشتیەوان . واتە : ئەی هاوریم لە سنووری ولاتی دەردو مەیناتا کە ئەمپاریزی ، وە ئەی کەشتیەوانی ناو دەلیای دووری کە ئەمگەیەنیتە جی .

(٤) ئوستاد : ماموستا . مەجنوونی : عاشق بوون وەك مەجنوون . واتە : ئەی ماموستایەك کە دەرسی عەشقت فیر کردم ..

(٥) شەمع : موم . میعمار : وەستا بەنای بەناوبانگ . واتە : ئەی ڕوون کەرەوەی دلم لە کاتیکا کە بە هوی دووریی دوستانەوە دنیام لی تاریك ئەبی . وە ئەی دروست کەری بنچینەی دیواری خو ڕاگرتنو بوردەباریم .

(٦) مەصقەلچی : سپیکەرەوە . سەواد : ڕەشایی . غەواص : ئەوەی خوی لە بنی دەلیادا نوقم ئەکاو گەوهەر دەردینی . واتە : ئەی ڕوشن کەرەوەی ئاوینەی ڕەش بووەوەی دلم ، وە ئەی دەرهینەری گەوهەری مەعنا لە دەلیای ئەو باسە عیلمیانەدا کە زانینیان گرانە .

(٧) فەرمان فەرما : حوکمران . ئەلوەدا : الوداع ، مالاوایی . واتە : خەمو مەینەت وا لە بەزمی فەرمان ڕەوایی و سەردارید ا ، وە شادی خەریکی مالاوایی کردنە بە بونەی جیا بوونەوەیەوە لە من ..

من خۆ پای خەمان سامان سام کەردەن
دەك بمرم هانات بە من ئاوەردەن (٨)
وە مەرگت دایم زامم هەر بە سۆن
دەرد وێم کەمەن ئەمجار نۆبەی تۆن (٩)
پێسە مزانی هیچم کەم نیەن
وێران یانەکەم وێت وە چەم دیەن (١٠)

 (١)

دەخیلم خاڵۆ زەدەی زام سەخت
حاڵ شێوێنەکەی مەعدوومیی بەدبەخت (٢)

---

(٨) سامانسا : تەخت وەك زەوی . واتە : قاچی خەفەت منی لە گەل زەویدا تەخت کردووەو پلیشاندوومیەتەوە ، کەچی تویش هانات هیناوەتە منی بی دەسەلات کە ئەو ئیشەت بو بکەم .

(٩) سو : سوی . واتە : قەسەم بە مەرگت زامی دلم هەمیشە سوی پیا دیتەوە ، ئەنجا بە مەعناوە ئەلی : دەردی خوم کەمەو هەر هی توی ناتەواوە . با ئەویشی بیتە سەر .

(١٠) پیسە مزانی : وائەزانی . دیەن : دیوە . واتە : وائەزانی هیچم کەم نیەو حالم ریكو پیکەو لە سەر خویەتی ، خو تو بە چاوی خوت ماڵە ویرانەکەمت دیوەو ئەزانی چونە ، ئیتر چون تەکلیفی وام لی ئەکەی ؟

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بو شیخ یوسفی نوسمەیي برادەری نووسیوە لە وەرامی نامەیەکی ئەوا کە هاواری لە دەس وەزعی خوی کردووە تیایا ، وە داوای چارەی کردووە لیی .

(٢) زەدە : لیدراو . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایي پیکەوە دیت .

ڕاز ڕێزەی شەکەر ، شای شەکەر ڕازان
فتیلە پەی زام کەسێ مسازان (٣)
وەختێ دڵ وە تیر مەینەتان ڕێش بۆ
جەو دما تەمای ساڕێشی پێش بۆ (٤)
خۆ جای پەیکانان ژار وەردەکەی تۆ
تا بەر پەڕەی دڵ پەی کەردەکەی تۆ (٥)
وەختێ فوارەی هوناوان پێشەن
زوخاو جۆش بدۆ ، ئانە ساڕێشەن (٦)
دەرگای مەینەتان جای نەدامەتەن
ناسۆریش یاد ئار ڕۆی قیامەتەن (٧)

---

(٣) راز : قسە . ریزە : وردە . فتیلە : پەرویەکی لوول دراوە جاران ئەیان‌کرد بە ناو برینا بو پاك کردنەوەی زووخو کیمەکەی . مسازان : دروست ئەکەن .

(٤) جەودما : لەوەوپاش . پیش : پێی . واتە : دەسم دامینت ئەی خالوی گرفتاری زامی سەخت ، وە ئەی ناخوش کەری حالی من بە دەنگو باسی گرفتاریت ، وە ئەی کەسیك کە قسەت وەك وردە شەکر وایەو شای شیرین گوفتارانی ، فتیلە بو زامی کەسیك دروست ئەکری کە ئەگەر دلی بە تیری مەینەت بریندار بووبی بە تەما بی لەوەوپاش ساریش ببی . خو تویش لەوانە نیت .

(٥) پەیکان : تیر . پەی‌کەردە : بریوو کون‌کردوو . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٦) ئانە : ئەوە . واتە : خو ساریش بوونی راستە قینەی جیگای تیرە زەهراوی‌یەکانی تو کە تا پەرەی دڵتی سمیوە ، کاتیك ئەبیت کە فوارەی خویناوی لیوە بچیت بە ئاسماناو زووخاوی لیوە هەڵقوڵی .

(٧) نەدامەت : پەشیمان بوونەوە . یاد ئار : بیر خەرەوە . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

فتیله پەی چێشں ڕۆ وه یانەم ڕۆ
یەك جار داد نه دەس ئیستیغناکەی تۆ (۸)
تۆ پیرت بازەم دڵ وەشی‌ی دڵەن
غەم زەدەی زامان وەشیش موشکوڵەن (۹)

دیاکەی وه شەرم جه پەنجەرەی ناز
تا تا ڕیشەی جەرگ بەراوەرد وه گاز (۱)
پەترۆی زامەکەم هەم لا بەردەوه
وەخت بی ساڕێش بێ تازەش کەردەوه
تیرێ هەوا دا وه پەنجەی بێ‌گەرد
دا نه پەڕەی دڵ تا سۆفار ویەرد (۲)

---

(۱۸) واته : کرانەوەی دەمی زام وەك دەرگا وایه بو پیـا رویشتنی، پەشیمان بوونەوه له گوناه ، به ناسور کەوتنەوەشی روژی قیامەت دینیتەوه، یاد . کەواته بوچی ئەتەوی فتیله بخەیته دەمی زامتەوه ، هەی قور به مالی منا بدری ، وه هاوار له دەس بی باکی‌ی تو که ناتەوی دەمی زامت گراوه بی، تا هەمیشه قیامەتت بخاتەوه یاد .

(۹) بازەم : لیم‌گەری . وەشیش : چاك بوونەوەی . واته : بو خاتری، پیرەکەت لیم‌گەری ، چونکه ئەمه که ئەلییت فتیله بو برینەکەت، دروست بکەم ، مەگەر هەر کەلکی دل خوش کردنتی پیوه بی ، ئەگینا چاك بوونەوەی گرفتاری، زامی عەشق زور زەحمەته ..

(۱) دیاکەی : سەیر کردنەکەی . واته : یار که به شەرمەوه له پەنجەرەی، نازەوه سەیری کردم ، تالەکانی ریشەی جەرگمی یەك یەك به گازی سرنجی، دەرکیشا .

(۲) نه : له . سوفار : ئەو پەڕەیه که به بتی تیرەوەیه . واته : به پەنجه بی‌گەردەکانی تیریکی تی‌تەقاندم دای له پەڕەی دڵم وەتا بزانم چەقی ..

لاو هوون گۆلاو دەروونم کەرد کەیل
سەرواز کەرد جۆشا نە دیدەم چون سەیل (٣)
خاشاك هەستیم هۆرگرت جە ناو بەرد
وستش نە گێجاو تەنووڕەکەی دەرد (٤)
ئیسە ها نە تۆی بەحرەکەی بێ پەی
ساقی جەو جامە ، یا ، ها دات بە کەی (٥)
وە قەترەی منیچ ئاویاری کەر
مەست بوو تا مەحشەر سەر باروو ئەو بەر (٦)

---

(٣) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەی و نیودی یەکەمی شیعری پاشترەوە .

(٤) خاشاك : پڵو پووش . وستش : خستیە . تەنووڕە : ئەو شوینەیە کە ئاوی رووبارەکان لوولی تیا ئەخواو پڵو پووشی تیا نوقم ئەکا ، چونکە شوینەکە خوی بنی قوولە .

(٥) ها : وا . جەو : لەو . یا ، ها : ئا ئەوەی . کەی : کەیخەسرەو . مەعنای نیوە شیعری دووهەمی ئەم شیعرە لە گەل مەعنای شیعری پاشەوەیدا دی . واتە : لافاوی خوین گولاوی دەروونمی پر کردو لیشاوی کردو بە خور لە چاومەوە هاتە خوارو لەشی وەك پڵوپووش سووکمی هەڵگرتو لەو ناوەیدا نەهیشت ، خستیە گیژی تەنووڕەی دەردو مەینەتەوە ، وە ئیستا لە ناو دەلیای بی بندایە .

(٦) ئاویاری : ئاو دان . بارو : بینیتە . ئەوبەر : دەرەوە . واتە : کاکەی مەیگیر بە قەترە ئاویك لەو جامەی دات بە کەیخەسرەو منیش ئاو بدە بو ئەوەی تا روژی مەحشەر سەرخوش ببم و ئەو کاتە سەر بەرز کەمەوە . لە ئەفسانەی کونا ئەگیرنەوە کە کەیخەسرەوی شای ئیران سەودای نەمردن دابووی لە کەللەی ، وە بە دوای (ئاوی حەیات) ا ئەگەرا . مەشهوورێشە ئاوی حەیات لە تاریکایی‌دایە ، ئەویش جاریکیان لە گەرانەکەیا ڕێی ئەکەوێتە ئەشکەوتیکی تاریکی بی پایان ، وە پیا ئەروات و سەر نایەنێتە دواوە ..

-١٦-

دیدەم وە دیدەت شای شیرین چەمان
فیراقت قامەت کەردەن وە کەمان (١)
مەزاق یەند تاڵی دووری تۆ چەشتەن
هوونناوەکەی چەم سەرزەمین ڕەشتەن (٢)
سەر پەیکانەکەت بڕیەن ڕشتەی دڵ
وە ناسۆر کەفتەن دایم مدۆ چڵ (٣)
سەمتوور سینەم وە زایەڵەی بەرز
مەژەنۆ نەوای دووریت وە صەد تەرز (٤)
بڵێسەی کوورەی دەروون گرتەن تاو
نە بۆتەی خەمدا دەروون کەرد وە ئاو (٥)

- ١٦ -

(١) کەمان : کەوان . واتە : چاوەکەم ئەی شای چاو جوانان ، قەسەم بە جوانیت دووریت بالامی وەك کەوان چەماندووەتەوە .

(٢) مەزاق : چەش ، مەبەس دلە . چەشتەن : چەشتووە . ڕەشتەن : ڕەنگی کردووە . واتە : دلم ئەوەندە تاڵی دووری توی چەشتووە ، لە خەفەتانا چاوم خویناوی لی ئەڕژی ، وە ئەو خویناوەی چاوم ڕووی زەوی ڕەنگ کردووە .

(٣) بڕیەن : بڕیوە . واتە : نووکی تیرەکەت تاڵی دڵی بڕیوە ، ئیستا ئەویش بە ناسور کەوتووەتەوە هەر چل ئەداو ژان ئەکا .

(٤) مەژەنو : ئەژەنی ، لی ئەدا . واتە : سازو سەمتووری سنگم بە هاواری بەرز بە صەد جور ئاوازی دووری لی ئەدا .

(٥) بوتە : کوورەی تواندنەوەی زیرو زیوو شتی وا . واتە : بلیسەی کوورەی دەروونم تاوی سەندووەو دڵی لە کوورەی خەفەتدا تواندووەتەوەو کردوویە بە ئاو .

گلاراوه‌که‌ی جه تۆ جیامه‌ن
وه‌خت لواکه‌ی ئه‌وه‌نامامه‌ن (٦)
پووشه‌که‌ی هه‌ستیم ، گیاکه‌ی پای چه‌م
وای نیستی‌ی فه‌نا به‌ردش په‌ی عه‌ده‌م (٧)

دڵه‌ی خه‌م خه‌یاڵ جۆش ئاوه‌رده‌وه
مه‌عدووم هه‌م هه‌وای (زه‌هاو) که‌رده‌وه (٢)
زرنگه‌ی صه‌دای ساز جه ڕیشه‌ی ئه‌عزام
که‌مانچه ده‌ستوور ماوه‌رۆ مه‌قام (٣)

---

(٦) لوا : رویشتن . ئه‌وه‌نامامه‌ن : نه‌گه‌رانه‌وه دوا . واته : بویه گلاراوم پی که‌وتووه چونکه له تو جیا بوومه‌ته‌وه‌و ده‌می رویشتنی بی گه‌رانه‌وه‌مه .

(٧) وا : با . نیستی : نه‌بوون . به‌ردش : بردی . واته : له‌شم که وه‌ك پووش‌و گیای رزیوی گوی چه‌مان وایه ، بای له ناو بردن هه‌ڵی گرت‌و بردی بو جیهانی نه‌بوونی .

(١) مه‌وله‌وی ئه‌م پارچه شیعره‌ی بـه بونه‌ی یاد کردنه‌وه‌ی هه‌ندی برادەری زه‌هاوی‌یه‌وه وتووه .

(٢) زه‌هاو : ناوچه‌یه‌که به ناوی گه‌وره دی‌یه‌که‌وه ناو نراوه لـه سه‌ر سنووری عیراق‌و ئیران له نیوانی خانه‌قین‌و قه‌سردا . واته : دله‌که‌م که له به‌ر زوری‌ی خه‌م‌و خه‌فه‌تی خوی هه‌میشه بیر له خه‌فه‌ت ئه‌کاته‌وه . دیسانه‌وه هاته‌وه جوش‌و منیش خه‌یالی سه‌فه‌ری زه‌هاوم که‌وتووه‌ته سه‌ر .

(٣) ساز : ئاله‌تیکی موسیقایه . که‌مانچه : ئاله‌تیکی تری موسیقایه . ده‌ستوور : به ده‌ستووری ، وه‌ك . ماوه‌رو : دینی . واته : زرنگه‌ی ده‌نگ دانه‌وه‌ی ئه‌و سازه‌ی که دروست کراوه له ریشه‌ی ئه‌ندامانی له‌شم ، وه‌ك که‌مانچه ئاوازی لی دی . مه‌وله‌وی له‌م شیعره‌دا له‌شی خوی شوبهاندووه به ساز ، وه ده‌ماره‌کانی له‌شی شوبهاندووه به تاله‌کانی ژی‌ی سازه‌که ، وه له به‌ر زوری‌ی ئازاری له‌شی ، زریکه‌یه‌کی بـه خه‌یال بو داناوه‌و ئـه‌و زریکه‌یه‌ی شوبهاندووه به‌و ئاوازه‌ی له که‌مانچه به‌رز ئه‌بیته‌وه .

بانگ ڕسواییم جه عاڵەم بەرزەن
زیندەگیم زیاد ، مەردەنم فەرزەن
لەت لەت جەرگم (عومان) عەینەین
پڕ کەردەن ، بڕیان بوخار (بەحرەین) (٤)
بەو تەور تەن غەرقەن نە گێج هوو ندا
ماچی موورێوەن ها نە (جەیحوون)دا (٥)
ئیمشەو وە هەر حاڵ شەو وە ڕۆ بەروون
ئەی خودا سا مەرگ سەحەر چێش کەروون (٦)

---

(٤) عومان : ناوچەیەکە لە گوێی دەلیای عەرەبا لـە خوار خەلیجی بەسرەوە ، وە ئەو بەشەی دەلیای عەرەب کە ئەکەوێتە سەر سنووری ئەو ناوچەیە بە دەلیای عومان ناوبانگی دەرکردووە . بەحرەین : چەند جەزیرە وردەیەکە لە ناو خەلیجی بەسرەدا . مەعنای ئەم شیعرە لـە گەل شیعری دواییدا دی .

(٥) ماچی : ئەلی . موورێودن : میروولەیەکە . جەیحوون : رووباریکی گەورەیە لە تورکستانی سوڤیەتی . مەولەوی لەم دوو شیعرەدا چاوەکانی خوی شوبهاندووە بە دەلیای عومانو بەحرەین ، وە فرمێسکی سوێری خوی داناوە بە ئاوی دەلیا ، وە بریاریشی داوە کە وەک چون دەلیا هەلمو بوخاری لێهەلئەسی ، چاوەکانیشی کە ئەوسا فرمێسکیان تیابوو هەلیان لی هەلئەسا ، جا ئەلی : لە تاو زوری دەردو ئازار ئەوەندە گریاوم فرمێسکی چاوەکانم بووە بە خوین ، هەر ئەلی پارچە پارچەی جگەرم لە کاسەی چاوما گیرساوەتەوە ، لەشیشم خەلتانی خوین بووەو لە دەلیای خوینا خنکاوە ئەلی میروولەیەکە لە ناو رووباری جەیحووندا کە دیارە بە هیچ کلوجێک دیاری نادا .

(٦) بەروون : ئەبەم . واتە : ئەمشەو هەرچون بی ئەتوانم ڕۆژ بکەمەوە ، بەڵام خوایە گیان سبەینی چی بکەم ، وە بەم حاڵەوە چون بتوانم بڕوم بۆ زەهاو ؟

(١) ـ ١٨ ـ

دنیا نه گێجاو تاریکه شەو بی
جەلاو ڕۆشنیش جه لا چون خەو بی (٢)
ناگا شۆڵەی خۆر صوب فەردا ، فەڕ دا
وه سەر بەرز هەرد وه دەشتو دەردا (٣)
تەك دا تاریکی ئەو لای تەریکی
ئاڵەم چەنی نوور کەرد هام شەریکی (٤)
دنیایێ مەویەرد وه عەیش شیرین
صاحیب دین دیدەش بی وه صاحیب دین (٥)

---

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە پیا هەلدانو لاواندنەودی شیخ عبدالرحمان خالصی تالەبانیدا وتووه .

(٢) واتە : دنیا لە گیژاوی تاریکە شەودا بوو ، وە روشنیو شەوق دانەوەی وەك خەو ئەهاتە بەرچاو ، چونکە دەورو بەری کەرکووك کەسیکی وای تیا نەبوو ریڕنموونیی خەلك بکا بو ریگای راست .

(٣) ناگا : لە ناکاو . شولە : شعلە ، تیشك . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە .

(٤) ئاڵەم : عالەم ، خەلك . واتە : کوتوپر تیشکی روژی بەیانی دای لە سەر هەردە بەرزەکانو لە دەشتو دەر ، وە دنیای روون کردەودو تاریکی پالی دا بە پالی تەنهایيو کەنارە گیریەوەو گیتی لە گەل روونا کیدا بوون بە هاوبەش .. مەبەس پەیدا بوونی شیخ عبدالرحمانە .

(٥) مەویەرد : تیئەپەری . دین : ئایین . دین : دینتن . واتە دنیایەکی خوش تیئەپەری ، وە چاوی هەر پیاویکی دیندار بینا بووبوو ، هەموو شتیکی ئەبینی .

ئەو شۆڵە دیسان مەیل ئاوەردەوە
ئەو لای پەردەوە تەشریف بەردەوە (٦)
دل پەی تەءریخ وات وە دەم دەردەوە :
ئەی وای وەی دنیاش تاریك کەردەوە (٧)

(١) ـ ١٩ ـ

دیدەم نەو نەمام نەوتووڵ ساوا
نامەت پەی خەرجی وە لا من یاوا (٢)
ئەمرت دڵگیرەن ، فەرموودەت خاسەن
بێ شك ماهەنی ماهانەت ڕاسەن (٣)

---

(٦) واتە : بەڵام دیسانەوە ئەو تیشکە لای دایەوەو کەوتەوە پشتی پەردەو ئاوا بوو .

(٧) وات : وتی . واتە : دل لە میژووی وەفاتیا بە دەم دەردەوە ئەو نیوە شیعرەی وت کە مەعناکەی ئەوەیە هاوار دنیای تاریك کردەوە . ئەو نیوە شیعرە بە پێی ژمارەی ئەبجەدی وە بە شیعرەی نووسینی کون (ای وای وی دنیاش تاریك کردوە) ئەکاتە ١٢٧٧ کە سالی کوچ کردنی شیخ عبدالرحمانە .

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە وەرامی نامەی شیخ عەزیزی جانەوەرەیی برادەریا نووسیوە کە ناردبوویە لای پارەی بو بنیری ، لە کاتێکا کە هەردووکیان لە فەقێیەتیدا بوون .

(٢) واتە : ئازیزە نەونەمامەکەم نامەکەتم پێگەیشت کە بو خەرجیت نووسیبوو .

(٣) واتە : جوانت فەرموەو ئەمرت لە سەر سەرم ، تو خوت چونکە وەك مانگی پیویستە مانگانەت بدریتی . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی (دلگیرەن) نووسراوە (موطاعەن) .

بەڵام جە دووریت هۆشم ڕەم کەزدەن
ئاگاهیم نیەن چەن ڕۆ ویەردەن (٤)
هەر ئێد مزانوون ئازیز گیان تۆ
نەدیەنم وە چەم هەڵای ماە نۆ (٥)
شیرین ڕایەتم ، خاصەی سەرکارم
بێ وادە زوڵمەن بدەی ئازارم (٦)
هەرگا دیم هیلال ئەو ئەبرۆی سێوەنگ
یە سیم ئەسرین ، یە ئەشرەفیی ڕەنگ (٧)

دڵە وادەی صوبح نەو وەهارانەن
وەخت ئاگاهیی دەردەدارانەن (١)

---

(٤) ڕەم کەردەن : هەلاتووە . واتە بەلام لە تاو دەردی دووریی تو هوشم لا نەماوەو نازانم چەند ڕۆژ لە مانگ بە سەر چووە .
(٥) هەلای : هیشتا . واتە : ئازیز بە گیانت قەسەم هەر ئەوەندە ئەزانم هیشتا مانگی نویم بە چاوی خوم نەدیوە .
(٦) ڕایەت : ڕەعیەت . خاصەی سەرکار : نوکەری تایبەتیی ئاغا . واتە : ڕەعیەتیکی فەرمانبەرمو نوکەریکی تایبەتیم ، زوڵمە بی وادە ئازارم بدەی .
(٧) سیوەنگ : ڕەشو پەیوەست . سیم : زیو . ئەشرەفی : لیرەی زەرد . واتە : هەرکات مانگی نویی بروی ڕەش پەیوەستی تۆم دی ، فرمێسکی وەك زیوو ڕەنگی وەك ئەشرەفی زەردت پیشکەش ئەکەم . مەبەسی ئەوەیە هەرکات خوت هاتیتەوە بە ڕەنگی زەردمەوە لە خوشییانا ئەگریم بە سەرتاو فرمێسك ئەڕیژمو مانگانەت ئەدەمی .

(١) ئاگاهی : وریا بوونەوە . واتە : ئەی دل کاتی بەیانیی بەهاری نویە ، وە دەمی وریا بوونەوەی دەردەدارانە .

هەر کەسێ دانش نەفامش نەبۆ
بینیی عیرفانش زوکامش نەبۆ (٢)
گوروفتیی دەماخ نەدابۆ پەرداخ
پەی پەی بۆی ئازیز مەیۆش وە دەماخ (٣)
جەی بۆی گیان بەخشە بێ بەش مەمانە
ئەی سوبحە خاسە وە فرسەت زانە (٤)
تۆ دیای وە شۆن چەند صوبح نۆدا
کەو چەند صوبح بدیۆ وە شۆن تۆدا (٥)

دەرویێش ئەهل خەم هەر یەند جەم مەبۆ
پای کاو دەروون هەر یەند تەم مەبۆ (١)

---

(٢) بینی : لووت . زوکام : هەلامەت . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە .

(٣) گوروفتیی دەماخ : لووت‌گیران . مەیوش : دیت . واتە : هەرکەس ئەقلی بی ئەقلانی نەبی‌و لووتی تی‌گەیشتنی تووشی هەلامەت نەهاتبی‌و لە گەرمەی لووت گیرانا نەبی ؛ پەیتا پەیتا بونی ئازیز دیتە لووتی .

(٤) واتە : خوت بی‌بەش مەکە لەو بونە گیان‌بەخشەو ئەم بەیانی‌یە بە فرسەت بزانە ؛ خوا پەرستی‌یەکی تیا بکە .

(٥) دیای : روانیت . شون : شوین ؛ دوا . کەو : ئاخو . بدیو : بروانی . واتە : تو بە دوای چەند بەیانیتا روانی‌و چەند روژت بردە سەرو خوت مایتەوە . ئاخو چەند بەیانی‌یش بە دوای تودا بروانی پاش مردنت ؟

(١) مەبو : نەبی . واتە : کاکەی دەفژەن چاوەروانی چیت ؛ خەفەتباران هەر ئەوەندە کو ئەبنەوەو بناری شاخی دەروون هەر ئەوەندە تەم دای‌ئەگری .

کام زامەت مەندەن دڵ پێشی نەئێشۆ
کام خەفەت مەندەن جەسەم نەکێشۆ (٢)
هەنی چێشی واچوون چۆن مەکەرۆ چوون
گەرد ئاردەشان ئاسیای گەردوون (٣)
یەند تۆز مەینەت جە دڵ جا کەردەن
بینایي خەیاڵ بااڵش گوم کەردەن (٤)
سا دەی سەرپەنجەت پەی دەف بەرەوە
ڕووی یاد بااڵش مەخسەڵ دەرەوە (٥)

-٢٢-

دیارەن دیدەم هەم دەرد نۆمەن
ئەمجاریش جە نۆ ئارەزووی تۆمەن (١)
جە گۆشەی مزگی تەنیایي پڕ دەرد
نیشتەبێم خەیاڵ دەرمانم مەکەرد (٢)

---

(٢) واتە : کام زەحمەت ماوە دڵم بە هوێەوە ژان نەکا . وە کام خەفەت ماوە لەشم هەڵنەگری ؟

(٣) هەنی : ئیتر . ئاردەشان : ئەو ئاردەی کە ئاش لە ژێر بەردەکەیەوە ئەیکاتە دەر . ئاسیا : ئاش . واتە : ئیتر من بڵێم چیو توزی ئاردی ئاشی گەردوون چی ماوە پێمی بکا ؟

(٤) واتە : ئەوەندە توزی مەینەتی جی کردووەتەوە لە دڵما . هەتاوەکو بە چاوی خەیاڵیش باڵای یارم بو نادوزرێتەوە .

(٥) مەخسەڵ : ڕوشن ، لە (مغسول) دوە وەرگیراوە . واتە : کەواتە هەی دەرویش سەر پەنجەت بەرەوە بو دەفەکەتو دەفیکمان بو ڵێدە تا خەمو خەفەت لە دڵمانا نەمێنیو ڕووی یادی باڵای یارم بو ڕوشن کەرەوە .

(١) نو : تازە .

(٢) مزگی : مزگەوت . نیشتە بێم : دانیشتبووم .

ناگا مەیلەکەت عەودش کەردەوە
دیسان نێشی دەرد دا وە دەردەوە (٣)
هیجرانت دەردان جە لام جەم کەردەن
هەر جوزوێم پەی وێش خەریك دەردەن (٤)
دەرد کۆنەو نۆ یەك سەر جەم بی‌یەن
سەرتاپام جە دەرد هیچ خالّی نی‌یەن

- ٢٣ -

دەك فەڵەك چون من دەردت کاری بۆ
زامت پڕ نە ئێش نا دیاری بۆ
جەفای نەو نەمام صەفات هۆرکێشۆ
خاترت وە نێش حەسرەتان بێشۆ (١)
ساتێ بێ خەم بی جەستەی جەفاکێش
ویارا وە شاد چەنی یار وێش (٢)
وەخت بی لێلاّویت بگێڕۆ چەمان
تا ئاخر دووریت وست نە بەینمان (٣)

---

(٣) عەود : گەرانەوە . واتە : لە ناکاو ئارەزووی دیتنت هاتەوە بـە دلما ؛ وە دیسانەوە دەردیکی تری سەرەرای دەردەکانی خوم کرد .

(٤) جوزو : جزء ، پارچە . واتە : دووریت هەزار دەردی کوکردووەتەوە لە سەرم ، وە ئیستا هەر ئەندامیکی لەشم بو خوی گرفتاری دەردیکە .

(١) بیشو : بی‌یەشیت . واتە : یا خوا ئازاری دەردەکەت نەونەمامی شادیت لە بن‌هەلکەنی‌و دلت بە ئیشی داخەوە بیتە ژان .

(٢) ویارا : وەختی ئەبردە سەر . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە .

(٣) بگیرو : دابگری . وست : خستە . واتە : لەشی مەینەتبارم تاویك بە خوشی وەختی لە گەل یار بردە سەر ، کەچی تو لە بەخیلی‌دا وەخت بوو کویرایيت دابیت‌و لە یەکت جوی کردینەوە .

- ٢٤ -

دڵ یەند وە ئایر دووریی‌ی تۆ تاوان
سا ڕاسەن کزەش وە لات نەیاوان (١)
وەی من پەی صەفای یاران هام دەم
ئای پەی ئەو سەیران ماردمو کەڵ ڕەم (٢)
یاران گردین شین وە تووناى تووندا
هەر خەیاڵ مەندەن نە تۆی دەروونداا (٣)

- ٢٥ - (١)

دڵ ، ئەر چی شەماڵ قەدیمی یارەن ،
پەی شنۆی زلان یار جە نزارەن (٢)

- ٢٤ -

(١) تاوان : تواوەتەوە . نەیاوان : نەگەیشتووە . واتە : دلم ئەوندە بە ئاگری دووریی‌ی تو هەلقرچاوە تەرایي لی براوە ؛ کەواتە راستە کزەی هەلقرچانەکەی نەگەیشتووەتە لای تو .

(٢) واتە : ئاخ بو رابواردنەکەی جاران لە گەل یاران‌و هاوری‌یان . وە داخ بو سەیران کردنەکانمان کە پیکەوە تفەنگمان هەلئەگرت‌و ئەچووین بو راوە کەل .

(٣) شین : رویشتن . واتە : یاران هەموویان تووناو تووان کەوتن‌و مردن ، ئیستا هەر یاد کردنەوەیان ماوە .

- ٢٥ -

(١) مەولەوی جاریکیان لە گەل برادەریکی لە شوینیکی نسرما دانەنیشی . تاقمیکی تر لەولاوە بانگی ئەکەن بو نایەیتە ئیرە شەماڵ ئەی‌گریتەوە . ئەویش لە وەرامیانا ئەم دوو شیعرە ئەڵی :

(٢) زلان : رەشەبا . واتە : هەرچەند شەماڵ دوستی کونە ؛ بەڵام دل بو وەرگرتنی شنەی رەشەبای لومەی یار لەم شوینەدا دانیشتووە .

بەڵام کۆن تاقەت دین دڵدارم
ئەو مەهـ چیهرەسان ، من کەتانوارم (٣)

-٢٦-[1]

داخۆ چەند وە دەس نازك نەوهاڵان
ئامۆشۆت کەردەن پەی دلێ ماڵان (٢)
ئیسە ها چون من پەشێوت بی حاڵ
کەفتەنی نە خاك مەکەرات پاماڵ (٣)

-٢٧-

دڵ بیەن وە دار سەرکەل لای وەشت
لافاوان ئامان ڕیشەش وست وە دەشت (١)

---

(٣) کون : کوا . مەهـ چیهرەسان : ڕوو وەك مانگ . کەتان : جورە پارچەیەکە ئەلین ئەگەر تیشکی مانگە شەو لێی بدا دائەرزی . واتە : بەڵام لە گەل ئەوەشا من کوا توانای چاو پێکەوتنی یارم هەیە کە ئەو ڕووی وەك مانگ وایەو من وەك کەتان وام ، وە هەر کە سەیرم بکا دائەفرەقیم .

- ٢٦ -

(١) مەولەوی بەم دوو شیعرە قسە لە گەل گوزە شکاویك ئەکا .
(٢) نەوهال : تازە هەلچوو . دلی : ناو . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە .
(٣) کەفتەنی : کەوتووی . مەکەرات : ئەتکەن . واتە : گوزەکە ئاخو چەند جار بـە دەستی یارانی تازە پێگەیشتووەوە هاتو چوی ناو مالانت کردووە ؛ کەچی ئیستا وەك من حالت پەشیو بووەو کەوتوویتە سەر عەرزو خەلکی ئەتسوونەوە بە پێیان .

- ٢٧ -

(١) وەشت : باران . وست : خستە . واتە : دلم وەك داریکی لی هاتووە کە بە بەرزایی‌یەکەوە بی‌و باران لێی‌دابی‌و لافاو هاتبی ریشەکەی خستبیتە دەر .

چەمەڕای وایێن نەسیم بدۆ لێش
ڕیشەکەنش کۆ ساکن بۆ پەی وێش (٢)

-٢٨-

دیسان دەس چەرخ هەم ها نە کاردا
تای تانتەی دووریش وستەن وە داردا (١)

-٢٩-

دیدەن دیدار غەزالەی وەرمن
چێدما یاران وەرمەن پەرێ من (١)

-٣٠-[1]

دەفتەری لەوحی قەزات لە بەرە
خەفەتت جەهلی خاوەن دەفتەرە (٢)

---

(٢) کو : بکا . واتە : ئیستا چاوەروانی بایەکە لێی بداو ریشەکەی لە بن هەلکەنی ، تا بو یەگجاری بو خوی دامرکیتەوە .

- ٢٨ -

(١) تانتە : تان . واتە : دیسانەوە دەستی گەردوون کەوتووەتەوە کارو تانی پارچەی دوور خستنەوەی دوستانی بەستووەتە دارو ئەیەوی پوی بو بکاو قوماشی لە یەک کردنمان بچنی .

- ٢٩ -

(١) غەزالە : غەزال ، ئاسک . وەرمن : دێیەکە لە ناوچەی شەمیران لە قەزای هەلەبجە . چی دما : لەمەوپاش . وەرم : خەوی دیتن . واتە : لە ئیستە بە دواوە مەگەر لە خەوما چاوم بە یارە وەرمنیە وەک ئاسک جوانەکەم بکەوی .

- ٣٠ -

(١) مەولەوی جاریکیان لە گەل (قەمەر) ناویکا ئەکەویتە مشتو مر لە سەر نویژ ، پێی ئەلی بوچی نویژ ناکەی ؟ ئەویش ئەلی چونکە لە دەفتەری عیلمی خوادا تێپەریوە کە من نویژ ناکەم ، خواستو زانراوی خوایش نابی پیچەوانەی یەک بن ، کەواتە خوا خوێ نایەوی من نویژ بکەم ، مەولەوێش لە وەرامیا ئەم شیعرە ئەلی .

(٢) واتە : دەفتەری لەوحی قەزاو قەدەری خوات لە بەردو ئەزانی تیا نووسراوە نویژ ناکەی ، وە ئەترسی ئەگەر نویژ بکەی خوا بە نەزان دەرچی ؟! بیانوویەکی هیچو پووچو بی جێیە ..

-٣١-

دزه‌كه‌ى زه‌هاو زاو زۆ كه‌رده‌ن

هه‌ر دزێ حه‌و دز پەى وێشى ئاوه‌رده‌ن (١)

-٣٢-

دیده‌م (ڕێژاو)ه ، ڕوخسارم (زه‌رده)ن

جه داخ (یاران) ، (پیران)م كه‌رده‌ن (١)

- ٣١ -

(١) جاریكیان له دانیشتنیكا باسی ئه‌وه ئه‌كری كه ناوچه‌ی زه‌هاو دزی زوری تیایه ، مه‌وله‌وێیش به‌و بونه‌یه‌وه ئه‌م شیعره ئه‌لی .

(٢) زاو زو : زاو زی . واته : دزی زه‌هاو زاو زێیان كردووه ، وه هه‌ر دزیكیان حه‌وت دزی لێكه‌وتووه‌ته‌وه . كوكردنه‌وه‌ی (زه‌هاو) و (زاو زو) كه له وشه‌و مه‌عنادا نزیكن له یه‌ك ، شتیكی جوانه .

- ٣٢ -

(١) ریژاو : فرمیسك‌ڕیژ . پیران : ئه‌وه‌ته كه منال له ئه‌نجامی گریانی زورا له تك ئه‌چێو ده‌نگی ده‌رنایه‌ت . واته : چاوم فرمیسك ئه‌ڕیژێو ره‌نگم زه‌رد بووه ، وه له داخی دووری‌ی یاران ئه‌وه‌نده گریاوم ده‌نگم ده‌رنایه‌ت . ئه‌و وشانه‌ی كه له شیعره‌كه‌دا خستوومانته‌ته ناو كه‌وان ، ناوی چوار دین له ناوچه‌ی (زه‌هاو) له سه‌ر ڕێی جارانی جافه كوچه‌ڕێیه‌كانا . مه‌وله‌وی زور دلی به‌ند بووه به‌و دیهاته‌وه ، وه له‌م شیعره‌یدا ئیشاره‌تی بو كردوون .

تیپو پری

ڕۆژ فکر بەخت سیای وێم مەکەرد :
پەی چێشش هەر پەستی پەرێ من ئاوەرد (١)
یاران گشت کەیف وەش ، صەفا فراوان
یەك یەك وە ئەعلای مەقامان یاوان (٢)
گرد سەرشار مەی لەقا نماوە
هەر من بەستەی خاك چەم ئەو دماوە (٣)
جەو فکرەدا بیم یەك هام دەرد وێم
ڕێزە بلووری قەدیمش دا پێم (٤)
ئاما وە جواو ڕێزەی قەدیم سالّ
بە زوبان حالّ فەصیح‌تەر جە قالّ (٥)

— ١ —

(١) روی : روژی . واتە : روژی لە روژان بیرم لە بەختی رەشی خوم ئەکردەوە کە بوچی هەر نوشوستی‌ی بو من هینا ؟

(٢) یاوان : گەیشتوون . واتە : بیرم لەوە ئەکردەوە کە چون وا یاران هەموو دلشادن‌و گەیشتوونەتە پایەی بەرز ؟

(٣) سەرشار : مەست . لەقا : لقاء ، گەیشتن . نما : پیشان‌دەر . بەستە : بەسراو . واتە : وە چون ئەوان هەموو سەرخوشی شەرابی گەیشتن بە یارن ، وە هەر من بەسراومەتەوە بە خاکەوەو بو دواوە ئەروانم ؟

(٤) بیم : بووم . ریزە : وردە . بلوور : شووشە . واتە : لەو بیر کردنەوەدا بووم هاوری‌یەکی هاودەردم پارچە شووشەیەکی کونی دایە دەستم .

(٥) جواو : جواب ، دەنگ . قال : قسەی دەم . واتە : پارچە شووشە کونەکە بە زوبانی حال ، کە فەسیح‌تر بوو لە قسەی دەم ، هاتە دەنگ .

وات : من سەنگێ بیم کەفتەی هەواران
بێ قەدرو قیمەت نارەوای شاران (٦)
گرتم نە گەردەن بێ باك و شادان
بەلای پیك سەخت کوورەی ئوستادان (٧)
ورد بیم جۆشم وەرد تاویامەوە
تا وە ڕوتبەی بەرز سەر نیامەوە (٨)
عالەمێ تازە دیم هوەیدا بی
شەخسێ عەجیوتەر جە من پەیدا بی (٩)
بیم وە بلووری پڕ جە صەفاو نوور
لایق وە صوحبەت بەزم سەلم و توور (١٠)
گا جای (ماء الورد) عەتر عەبیر بیم
بۆ بەخش دەماخ شا تا وەزیر بیم (١١)

---

(٦) کەفتە : داکەوتوو . هەوار : مەنزلگەی کوێستانی . واتە : وتی من بەردیکی بی قیمەت بووم لە هەواڕە کونیك کەوتبووم .

(٧) پیك : ئاسنیکی ئەستووری دریژە بەردی پی ئەشکێنن . واتە : بە دلشادی وە بی ترس نارەحەتی بەر پیك دان و خستنە کوورەی وەستایانم قوبوول کرد .

(٨) سەر نیامەوە : سەرم نایەوە . واتە : بە پیکەکە ورد بووم و لە کوورەکەدا کولام و توامەوە تا گەیشتمە پایەیەکی بلند .

(٩) هوەیدا : ئاشکرا . واتە : دیم عالەمیکی تر دەرکەوت و شەخسیکی عاجباتی ترم لی دەرچوو .

(١٠) سەلم و توور : دوو پاشای کونی ئێران بوون کە هەمیشە شەڕیان بووە . واتە : بووم بە شووشەیەکی پرشنگداری وا شایانی کوری بەزمی سەلم و توور بی .

(١١) ماء الورد : گولاو . واتە : جار جار گولاویان تێ ئەکردم و بونی خوشم ئەدا بە لووتی پاشاو وەزیرانا .

گا ماوای صەهبای کۆنەی پڕ تەءثیر
نەشئە بەخش حاڵ پەی بوڕناو پەی پیر (١٢)
نە جەرگەی یاران شۆخ دیدە مەس
مەکەردم گەردش مەشیم دەس وە دەس (١٣)
جەو بێ قیمەتی وە قیمەت یاوام
وە پایەی ڕوتبەی عالی سەر ساوام (١٤)
دەورەی دووبارەی ڕای حەق هەرکەس دیش
بۆی باخچەی ئەبەد مەیۆ نە بینیش (١٥)
جەو بۆنۆ ئەو نوور هەڵای تاقیی‌یەن
نە ڕێزەی منداً بەرقش باقیی‌یەن (١٦)

---

(١٢) بورنا : لاو . واتە : جارجاریش شەرابی کونی کاریگەریان تی ئەکردم کە دلی پیرو لاو ئەژینیتەوە .

(١٣) مەشیم : ئەچووم . واتە : لە کوری یارە چاو مەستەکانا ئەگەرام‌و دەسەو دەسیان پی ئەکردم .

(١٤) یاوام : گەیشتم . سەرساوام : سەرم هەڵسوی . واتە : لەو بی قیمەتی‌یەی جارانەوە بووم بە شتیکی بە نرخ‌و گەیشتمە پایەی بلند .

(١٥) دیش : دیتی . واتە : هەرکەس خولی دووهەمی ری‌ی حەقی خوی ببینی ، هەمیشە بونی باخچەی نەمری لە لووتی دی . ئەم شیعرە ئیشارەتە بو فەرموودەی حەزرەتی عیسا کە فەرمویەتی : (لن یلج ملکوت السماوات من لم یولد مرتین) واتە : هەرکەس دوو جار لـە دایك نەبووبی پی نانیتە بارەگای پایە بەرزی‌و لە خوا نزیك بوونەوە . جاری یەکەمیان لە دایك بوونی عادەتی‌یە ، جاری دووەمیشیان ئەوەیە ریگای راست بدوزیتەوەو بکەویتە سەر خوا پەرستی کە وەك ئەوەیە جاریکی‌تر هاتبیتە دنیاوە .

(١٦) جەو بونو : بەو هویەوە . تاقی‌یەن : تەحقیقە ، راستە هەیە . بەرق : تیشك . واتە : جا بە هوی ئەوەوە کە من خولی دووهەمی ریگای راستی خوم دیوە ، هیشتا ئەو تیشکەم تیا ماوە .

مەعدوومیی سەرشار بەزم دڵ ڕێشی
تا تۆیچ چون یاران تەصدیع نەکێشی (١٧)
نەگری وە گەردەن چی ها نە ڕێتدا
پا نەنیەی وە سەر وجوود وێتدا (١٨)
کەی مەشی نە سیلك یاران هەم دەم
کەی ڕوتبەی عالی مەوینی وە چەم (١٩)
هەرکەس تولد دوو بارەش نیەن
ئەلبەت سەعادەت ستارەش نیەن (٢٠)
ها نە ئەشکەنجەی پەستیی نەنگەدا
تا مەنزڵ گێرۆ نە سای سەنگەدا (٢١)

(١) ـ ٢ ـ

---

(١٧) مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(١٨) پا نەنیەی : پی نەنییت .

(١٩) مەشی : ئەچی . سیلك : ریز . واتە : ئەی مەعدوومی کە سەرخوشی شەرابی دل بریندارییت ، تویش تا وەك یاران زەحمەت نەکیشی و . هەرچیت بیتە ری پیی رازی نەبی و دەس لە خوت هەڵنەگری ؛ چون ئەچیتە ریزی هاوریکانت ، وە چون پایەی بلند بە چاوی خوت ئەبینی ؟

(٢٠) تولد : لە دایك بوون . سەعادەت ستارە : ئەستیرەی بەختیاری . واتە : هەرکەس بو جاری دووهەم لە دایك نەبیتەوە بی گومان نابی بە خاوەنی ئەستیرەی بەختیاری .

(٢١) ئەشکەنجە : جەرو مەنگەنە . گیرو : ئەگری . سا : سیبەر . واتە : لە ناو جەرو مەنگەنەی عەیب و عارا ئەمینیتەوە تا ئەمری و ئەچیتە گور .

ـ ٢ ـ

(١) مەولەوی بەم قەسیدەیە قسە لە گەل (خواجە حافظی شیرازی) ئەکا ، وە دیوانەکەی ئەگریتەوە بە نیازی ئەوە کە بزانی بوچی نامەی یار دیار نیەیە .

ڕا جەعفەر ئاباد سارای گەرم مەیل
مەنزڵ شیراز شار سەودای عەشق لەیل (٢)
دەس‌و دیم وە ئاو ڕوکن ئاباد شەوق
ئیمام میحراب سەر مصلای ذەوق (٣)
خواجەی سەر حەڵقەی بەزمەکەی (ألست)
دەماخ وە نەشئەی بادەی فەنا مەست (٤)
خەیلێوەن ئازیز ، شای نەو نەمامان
پەی شیفای زامان نامەش نەیامان (٥)

---

(٢) جەعفەر ئاباد : گەرەکیکە لە شیراز . سارا : صحراء ، دەشت . واتە : ئەی‌کەسی کە ریگای‌گوزەرت جەعفەر ئاباده کە دەشتی گەرمی ئارەزووی یارانە ؛ وە ئەی‌کەسی کە مەنزلت شاری شیرازە کە کەلکەلەی عەشقی لەیلە . مەبەسی ئەوەیە ئەی حافظی دلدار کە کەلکەلەی دیتنی یارت ئەکەوێتە سەر ؛ وە بە دەشتی گەرمی خوشەویستیدا ئەروی بو لای .

(٣) دەس‌ودیم : دەس‌نوێژ . روکن ئاباد : سەرچاوەو کانیاویکە لە شیراز . مصلا : گەردکیکە لە شیراز . واتە : ئەی‌کەسی کە بە ئاوی روکن ئابادی سوزی دلداران دەس‌نوێژت گرتووە ، وە لە میحرابی مصلای ئارەزوویانا پیش نوێژیت کردووە . مەبەسی ئەوەیە ئەی‌کەسی کە پیویستی‌یەکانی خوشەویستیت جی‌بەجی کردووەو سەر قافلەی دلدارانی . مەولەوی لەم دوو شیعرەدا ئیشارەت بو چەند شیعریکی حافظ ئەکا کە ناوی ئەو شوینانەی کوکردووەتەوە تیایاندا ؛ وە بە بونەی ئەوەوە کە حافظ شیرازی‌یەو ئەو شوینانەش لە شیرازان ؛ ناویانی هیناوە .

(٤) ألست : ئیشارەتە بو ئایەتی (ألست بربکم ؟ قالوا : بلی) . فەنا : فناء فی الله ؛ توانەوە لە خوشەویستی‌ی خوادا . واتە : ئەی‌کەسی کە لە روژی پرسیارەکەی خوادا لە ناو موسولمانانا سەرحەلقە بووی ، وە ئەی‌کەسی کە مەست بووی بە نەشەی بای توانەوە لە خوشەویستی‌ی خوادا .

(٥) واتە : ئازیزم دەمیکە یار نامەی بو نەناردووم تا زامەکانمی پی چاک ببیتەوە .

هیچ نەبەردەن نام خەستەی دەردەکەش
نەکەردەن خەیاڵ مەینەت وەردەکەش (٦)
یادش گوزەرگای دڵ جە ویر بەردەن
مەیلش ڕای خاتر فەرامۆش کەردەن (٧)
ساتێ وە ساڵێ جە لام وێەردەن
هەرەس وە ماڵم ماچی دڵ سەردەن (٨)
دڵ بێ ئارامەن دایم مدۆ چڵ
من هەر مواچوون پەی دڵ وەشی دڵ : (٩)
من تاڵەم وە تام تاڵی تاڵ وەردە
گەرد بەدبەختیم وە ڕووداً مەردە (١٠)

---

(٦) واتە : بە هیچ جوری ناوی منی گرفتاری دەردو مەینەتی خوێ نەهێناوەو بیری لیم نەکردووەتەوە .

(٧) واتە : یادی ، ئەوەی لە بیر چووەتەوە کە بە دلما تێبپەری . وە مەیلی ویگای دلی منی خستووەتە پشت گوی . مەبەسی ئەوەیە نایەلی هیچ نەبی یادی بگاتە خەیالم ، وە دلم ئارەزووی بکا .

(٨) هەرەس : کە لە کوێستانەکانا بەفر زور ئەباری‌و کومەل ئەکا . بەهار بنەکەی فش ئەبی‌و لە جیگەکەی خوی ئەخلیسکی‌و کومەلی خاك‌و بەرد لە گەل خوی تل ئەدا . ئەوە پێی ئەلین هەرەس . گەلی جاریش وا ئەبی ئەو هەرەسە دیت بە سەر ئاوایی‌یەکا وە چەند مالی لی ویران ئەکا . واتە : لە تاو دووری‌ی یار هەر سەعاتیکم بە سالی لی بە سەر چووە . ئەی هەرەس بە مالم وا بزانم یار دلی سارد بووەتەوە .

(٩) مواچوون : ئەلیم . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دوایدا دێ .

(١٠) تالە : طالع ، بەخت . تال وەردە ؛ تال دراوە . واتە : دلم لە تاوانا ئارامی نەماوە هەمیشە چل ئەدا ، وە لە ناچاری‌دا بو دلخوشی دانەوەی خوم ئەلیم بەختم بە دەرمانی تالی تال دراوەو توزی بەدبەختی نیشتووە لە رووم . وا ئازیز هەوالم ناپرسی .

نام نه سەر زوان شیرینش تاڵم
نام پەی خاترش گەردەن خەیاڵم (١١)
نەدارۆ تاقەت تەحریرم خامەش
مەپێچۆ وە هەم جە دەردم نامەش (١٢)
ماوای دڵ گەرمیش جە حەد بەرشیەن
لایق وە مەنزڵ یاد ئەو نیەن (١٣)
خاترم یەند خار مەینەت ها تێشدا
پای مەیلش زەحمەت بویەرۆ پێشدا (١٤)
صەد دەلیل ماروون نیەن فەراقەت
جە من های تامڵ ، جە ئەو کۆن تاقەت (١٥)
بۆ بەشق ئەو جام ، ئەو بەزم ، ئەو جەم
بێ مەیلیی ئازیز نەوینی وە چەم (١٦)

---

(١١) نام : یاوەکو . واتە : یان من تالم بە سەر زوبانی شیرینیەوە ، وە ئەگەر ناوم بینی ناو دەمی تاڵ ئەبی ، وە یان خەیالم توزاویە وە ئەگەر بیت بە خەیالما توزاوی ئەبی .

(١٢) واتە : قەلەمەکەی توانای نووسینی نیە بو من ، وە خویشی لە بەر نەگبەتیی من کاغەز دەق ناکا تا بومی بنیری .

(١٣) واتە : دلم کە جیگای ئەوە گەرمای لە ئەندازە دەرچووەو بو ئەوە ناشی ببی بە جیگەی یادی ئەو چونکە ئەی‌سووتینی .

(١٤) بویەرو : تی‌بپەری . واتە : دلم ئەوەندەی درکی مەینەت تیایە زەحمەتە پی‌ی ئاردزووی ئەوی پیا بروا چونکە لەوانەیە بریندار بکا .

(١٥) ماروون : دینمەوە . نەراقەت : فەراغەت . دەس بەتالی . تامل : سەبرو چاوەروانی . واتە : چەند دەلیل دینمەوە بو دلم کەوا یار دەسی ناگا نامە بنووسی ، لی‌ی بودستەو سەبر کە ، کەچی ئەو هەر ئەلی لە کوی ئەتوانم خوم راگرم .

(١٦) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بەسە شیعری پاشەوە .

مزانی چەنیم چەم هاوە ڕاوە

ئەر وەی زوو مەیۆ پەیکێ جە لاوە (١٧)

ماوەرۆ نامەی جام جەمینەکەم

دیدەی دنیاو دین ، دنیاو دینەکەم (١٨)

یەك غەزەل مەطلەع (مژدە ئەی دڵ) بۆ

باوەر ، بەڵ پەی دڵ تەسکین حاصڵ بۆ (١٩)

---

(١٧) مزانی : ئەزانی . مەیو : دیت . پەیك : فروستادە .

(١٨) ماوەرو : دینی . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی ماوەرو نووسراوە (باوەرو) واتە : بینی .

(١٩) مەطلەع : یەکەم شیعری قەسیدە . مژدە ئەی دل : ئیشارەیە بۆ شیعری یەکەمی قەسیدەیەکی حافظ کە ناوەرۆکەکەی مژدەی هاتنی یارە . ئەو شیعرە بەم جورەیە :

مژدە ای دل کە مسیحا نفسی می آید

کە ز انفاس خوشش بوی کسی می آید

باوەر : بینە . واتە : خواجە حافظ ـ یا خوا هەرگیز وەك من بی مەیلی ئازیز بە چاوی خوت نەبینی ـ تو خوت ئەزانی من چەند چاوەڕوانی نامەی یارم ، بۆیە سوێندت ئەدەم بە عەشقی ئەو پیالە شەرابە کە خواردووتەتەوە ، ئەو کوری ئاهەنگەی کە تیایا بەشدار بووی و ، ئەو کومەڵەی لە گەلیانا بوویت . ئەگەر ئەزانی بەم زوانە فروستادەیەك دیت وە نامەی یارە ناو چاو وەك ئاوینەکەمم بۆ دینی ـ کە چاوی دنیاو دینمە . بەڵکو هەر دنیاو دینمە ـ قەسیدەیەکم بۆ بیتەوە کە سەرەتاکەی (مژدە ای دل) بی ، بەڵکو دڵم تۆزی ئوقرە بگری .

وەر بۆ نەیشەڵلاڵ لمێش تێکەڵ بۆ
خواجە تۆ پیرت با هەر موجمەڵ بۆ (٢٠)
چ حاجەت صەریح تۆ بواچی پێم
من زووم شناسا بەخت سیای وێم (٢١)

(١) _٣_

ڕەفیق مەحرەم عیجزو سروورم
حەکیمەکەی ئێش زام ناسۆرم (٢)

---

(٢٠) وەر بۆ : وە ئەگەر بیتوو . نەیشەللا : خوا نەخواستە . لمیش : لمیکی . موجمەل . کورت . واتە : وە ئەگەر بیتوو خوا نەخواستە ئەو شیعرەی کە بوم دیتەوە بێگەرد نەبێو مژدەی هاتنی یار بە روشنی نەدا بە دەستمەوە ، تو سەری پیرەکەت ؛ حافظ ، بە قسەیەکی کورت ئەو خەبەرە ناخوشەم بدەرێ با کەم دڵم سوێی پیا بیتەوە . مەوڵەوێ لە گەڵئەم مەعنایەدا مەعنایەکی تریشی مەبەس بووە ، کە ئەوەتە (نەیشەللا) لە (نە) و (یشاء الله) دروست بووبێ وە لە جیاتێی (لم) بخوێنرێتەوە (لەم) کە حەرفی نەفیە ، واتە : وە ئەگەر بیتوو لە (یشاء الله) کەدا (لـەم) یك تیکەڵ ببێو ببێ بە . (لم یشأ الله) . . مەبەسی ئەوەیە ئەگەر هاتوو خوا موقەدەری نەکرد کاغەزی یارم بۆ بێت . . تاد .

(٢١) بواچی : بڵێیت . شناسا : ناسی . واتە : پێوێست نێیە بە ئاشکرا ئەو خەبەرە ناخوشەم بدەیتێ چونکە من زوو بەختێ رەشی خوم ناسیوەو ئەزانم نامەی یارم بۆ نایەت .

(١) مەوڵەوێ ئـەم قەسیدەیەی بۆ جەنابی شێخ سراج الدینی تەویلە نووسیوە .

(٢) واتە : ئەی هاوڕێی مەحرەمی خوشێو ناخوشیم ، وە ئەی تیمار کەرێ برینی بە ناسۆر کەوتووم .

ئاویارەکەی سەوزەی ئارەزووم
دانا بە گردین ڕاز کۆنەو نۆم (٣)
دەماخ وە نەشئەی سەر بەرزان کەیل
مورشید میراو سەر جۆی بادەی لەیل (٤)
ئەنیس مەجلیس عەیش‌و نیشاطم
دەسگیر ڕاگەی هات‌و نەهاتم (٥)
جڵەوکێش ذەوق ئاهووی ڕەوێڵم
بەزم ئارای مەجلیس کەمەن وە پێڵم (٦)
وە مەرگت یەند خەم جە لام بی‌یەن جەم
لاو هوون گرتەن پای شەرم مەحکەم (٧)

---

(٣) ئاویار : ئاو دیر . دانا : ئاگادار . واتە : ئەی ئاودێرەکەی پەلە دەغلی هیوام ؛ وە ئەی شارەزای هەموو رازیکی کۆن‌و تازەم .

(٤) واتە : ئەی‌کەسی کە لووتت پر بووە لە بۆنی خۆشی پایەی بەرزی بە خوا گەیشتن . وە ئەی ری پیشان دەری کە وەك میراوی جوگەی شەرابی خوشەویستی وای .

(٥) ئەنیس : ئولفەت پیوەگیراو . واتە : ئەی هاودەمی مەجلیسی خۆشیم . وە ئەی دەسگیرم لە ریگای هات‌و نەهاتدا .

(٦) ڕەویل : گەلە . پیل : کەلەکە . واتە : ئەی ڕاکێشەری جڵەوی ئارەزووی گەلە ئاسکەکان کە مەنسووبەکانن ئەیان‌هێنیتەوە سەر ریگای ڕاست . وە ئەی ڕازینەردەوەی مەجلیسی ئەوانەی کەمەندیان بەستووە بۆ عیبادەت . لە تەریقەتی نەقشبەندی‌یا ئوسوولە سوفی‌یەکان دەستەو ئەژنو دانەنیشن وە قایشیك لە پشتیانەوە دینن‌و لە سەر ئەژنویان تۆندی ئەکەن .

(٧) واتە : قەسەم بە مەرگت ئەوەندە خەم‌و خەفەت کێ بووەتەوە لام . وە ئەوەندە گریاوم‌و لە جیاتی‌ی فرمێسك خوین لە چاوم هاتووە . ئیستا لافاوی خوین پی‌ی شەرمی بەستووم‌و ناتوانم بجوولیمەوە .

زنجیر مەینەت پای گوڕێز بەستەن
مارەکەی دووریت ڕیشەی دڵ گەستەن (٨)
سامان سام کەردەن دەردەکەی فیراق
بۆی تاڵیی دووریم مەیۆ نە مەزاق (٩)
جەوساوە ئازیز لێم نا دیارەن
سەیر کائینات نە دیدەم خارەن (١٠)
ئامۆشۆی یانەم کەردەن ویانە
یەکسانەن جە لام قەومو بێگانە (١١)
ئیلتیجام بە تۆن جای هانامەنی
نە بەیدای هیجران ڕەهـ نومامەنی (١٢)
یەکجار تەن خەستەی زارو ڕەنجووریم
دڵ ڕێزە ڕێزەی کارد مەهجووریم (١٣)

---

(٨) گوریز : راکردن . گەستەن : گەستووە . واتە : زنجیری مەینەت پێی راکردنی بەستووم‌و ماری دووریت ریشەی دلی گەستووم .

(٩) مەیو : دیت . واتە : دەردی دووری لەگەل زەوی تەختی کردووم‌و ئیستا بونی تالیی دووری لە دەمم دی .

(١٠) واتە : لەو کاتەوە کە ئازیزم لی دیار نییە ، هەرچی سەیری خەلك بکەم وا ئەزانم درك ئەچی بە چاوما .

(١١) ویانە : بیانوو . واتـە : ئاموشوی مالم کردووە بـە بیانوو بو دەرنەکەوتن ، ئەگینا قەوم‌و بیگانە وەك یەکن لە لام .

(١٢) ئیلتیجا : پەنا . هانا : دەسەو دامین بوون . بەیدا : بیداء ، دەشت . واتە : پەنام بە تویەو دەسەو دامینی تو بووم ، چونکە توی لە دەشتی دووریا ریگام پیشان ئەدەی .

(١٣) واتە : لەشم بە هوی نەخوشییەوە یەگجار نارەحەتە ، وە دلم بە چەقوی دووری پارچە پارچە بووە .

گرمەی کوورەی دەرد کۆی تاقەت تاوان
بۆی سفتەی جەرگم وە گەردوون یاوان (١٤)
هەر ڕۆ جەیحوونێ مەڕێزۆ نە چەم
سارای دڵ بیەن وە هووناو چەم (١٥)
هەر ساتێ دەردێ سزا مدۆ پێم
یەك ئان زیندەگیم حەرام بیەن لێم (١٦)
دەخیل تا هالاّ تەن نەویەن وە گەرد
سفتەش نەبەردەن وە ناڵەکەی دەرد (١٧)
ڕجا کەر (احمد) لوطفش بۆ چەنیم
خەجاڵەتی بەرز (کریم) نەیۆ پێم (١٨)
وەر نە ها مردم ، تۆ بای سلاّمەت
با هەر بمانۆ تا ڕۆژی قیامەت (١٩)

---

(١٤) واتە : گرمە گرمی کوورەی دەردم کیوی سەبرو بوزدە باریمی تواندووەتەوە ؛ وە بونی جگەری سووتاوم بە هەموو لایەکا بلاو بووەتەوە .

(١٥) مەریزو : ئەریژی . واتە : هەر ڕۆژی ئەوەندەی چەمی جەیحوون فرمیسك لە چاوەکانم ئەڕژی ؛ وە تەختانی دلم بووە بە چەمی خویناو .

(١٦) مدو : ئەدا . واتە : هەر تاویك دەردیك سزام ئەدا . وە واە لی هاتووە بە یەگجاری ژیانم لی حەرام بووە .

(١٧) هالا : هیشتا . سفتە : سووتاو . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (نەبەردەن) نووسراوە (نەوەردەن) واتە : نەخواردووە .

(١٨) واتە : دەخیلتم تا لاشەم نەبوە بە توزو . دەرد خولەمیشەکەی بە دەم نالی ئەسپی خویەوە نەداوە بە با ، تکا بکە بەلکو پیغەمبەر ا درووەدی خوای لی بی) لوتفی لە گەلم ببی‌و شەفاعەتم بو بکا ؛ بەلکو خەجالەتی حوزووری خوا نەبم لە قیامەتا .

(١٩) بای : بیت . واتە : ئەگەر وا ناکەی وا ئەوا من مردم . تو سەلامەت بی ، با دەردو مەینەتەکەشم تا ڕۆژی قیامەت بمینیتەوە .

ڕەمەزان طلووع صوبح شادیشەن
شوال شام شووم نا مرادیشەن (٢)
دەردینە شوال ، ئای زام سەختە من
تالّە شووم شوال ، ئای بەدبەختە من (٣)
غورڕە ، غورڕەی ئەو ، صەفاش پەی غەیری
ئازیز قیبلەی من ، وەفاش پەی غەیری (٤)
های مغنی تار حەنجەرەی وەش تەرز
وە سەر پەنجەی ناز باوەرە ئەو لەرز (٥)

---

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە شەویکی جەژنی ڕەمەزانا وتووە .

(٢) واتە : ڕەمەزان ، کاتی دەرکەوتنی بەرەبەیانی شادی‌یەتی ، چونکە ڕۆژی جەژن لە ڕۆژەکانی خوی نی‌یە کەچی بە ناوی ئەویشەوە دەرئەچی ، شەشەلانیش ئیوارەی نەگبەتی بە ئاوات نەگەیشتنیەتی ، چونکە ڕۆژی جەژن لە ڕۆژەکانی ئەوە کەچی خەلکی لی‌یان‌دابڕیوەو داویانە بە ڕەمەزان .

(٣) دەردینە : دەرداوی . تالە : طالع ، بەخت . واتە : ئای دەردەدار شەشەلانو ، ئای گرفتاری زامی سەخت خوم ! ئای چارەڕەش شەشەلانو ئای بەدبەخت خوم ! هوی ئەم بەدبەختی‌یەی ئەمو شەشەلانیش لە شیعری پاشەوەدا باس کراوە .

(٤) غورە : سەرەتای مانگ . واتە : سەری مانگ هی شەشەلانە ، کەچی خوشی‌یەکەی بو بیگانەیە کە ڕەمەزانە ، ئازیزیش قیبلەی منە ، کەچی وەفای بو بەدکارانە .

(٥) باوەڕە : بینەرە . واتە : کاکەی گورانی بیژ تارەکەت بە دەستی ناز هەلگرەو ڕووی پیا کەو ئاوازیکی خوشمان بو لی‌بدە .

من ئاسا یاد کەر جەرگەی وێەردە
یاران مەرحووم دەرد دڵ وەردە (٦)
بەو لەرەی دڵ سۆز وە چگەرەوە
مەضموون ئەوان تەکرار کەرەوە (٧)
ئاخ ، منو شوال هەردوو هام فەردیم
هەر دوو گرفتار ئێش یەك دەردیم (٨)
غوڕەی ئەو قیبلەی من وە یەك تارەن
وە نام ئێمەو کام ئەغیارەن (٩)

ڕیاضەت کێشان ٠٠ ڕیاضەت کێشان سیدان خاص ڕیاضەت کێشان (٢)

(٦) واتە : بە عادەتەکەی خوم کومەلی هاوریانی کوچ کردووی دەردی دل خواردوو بینەرەوە یاد .

(٧) دل سوز : دل سوتین . ئەوان : شیعرەکانی پیشوو . واتە : بەو لەرە دلو جەرگ سووتینەی دەنگت ناوەروکی شیعرەکانی پیشەوەمان بو دووبارە کەرەوە کە بریتیبە لەم دوو شیعرەی دواوە .

(٩) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە .

(٩) تار : تەرح ، جور . واتە : ئاخ منو شەشەلان هەردووکمان هاوریی یەکینو گرفتاری یەك دەردین ، سەرەتای ئەوو قیبلەی من وەك یەك وان ، بە ناو هی ئیمەن ، کەچی لە راستیدا خیرو بیریان بو بیگانەیە ..

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەی بو خوا حافیزی کردن لە فەقیکانی هاوریی وتووە کە لە ئیرانەوە هاتووە بو عیراق بو خویندن .

(٢) ریاضەت کیشان : ئەهلی تصوف ئوسوولیانە بە هەموو جوری نەفسی خویان ئەزیەت ئەدەن بو ئەوەی لە خراپە پاك ببیتەوە . بو نموونە

جەماعەت ، قەومان ، ڕای خەیر ئەندێشان
جەرگەی هامسەران ، دڵ ڕێشان ، خوێشان (٣)
ها هەوای تەحصیل دڵ وە جۆش ئاوەرد
نصیو عەزم سەیر ولاتانش کەرد (٤)
ئەر جارێ ڕاگەم غەڵەت کەردەبۆ
ڕام وە سەر ئاداب هیچ نەبەردەبۆ (٥)
کەسێ خاترش جە من ئێشا بۆ
یا خود ڕەنجێوەش پەرێم کێشابۆ
گەردەنم ئازاد بکەران ئارۆ
گرد وە دڵ ڕوخسەت بدەران ئارۆ (٦)

چل شەوی خشت روژی بە دەنکە خورمایەك قنیات ئەکەن ، بەوانە ئەلین ریاضە ئەکێشن . جا چونکە فەقیکانیش لە پیناوی خویندنا هەموو جورە مەینەتیك قوبوول ئەکەن مەولەوی بە ریاضەت کێشی ناو بردوون . واتە : ئەی ریاضەت کێشەکان ؛ ئەی لە ناو ریاضەت کێشەکانا تایبەتیو لە هەموان گەورەتر . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیِ (سەیدان) نووسراوە (سەیاران) واتە : گەروکە تایبەتیەکانی دەستەی ریاضەت کێشەکان ؛ چونکە فەقی بەملاو بەولادا ئەگەرین بو خویندن .

(٣) رای خەیر ئەندێشان : ئەوانەی بیر لە ریِ خیر ئەکەنەوە .

(٤) هەوا : ئارەزوو . تەحصیل : خویندن . نصیو : نصیب ؛ بەختو چارە . واتە : ئارەزووی خویندن دلی هیناوەتە جوش ، وە بەختم عەزمی کرد کە بروم بو سەیری ولاتان .

(٥) راگەم : ریگام . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٦) بکەران : بکەن . واتە : ئەگەر جاریك ریگام لی تیك چووبیو نەچووبمەوە سەر ئوستوولو پەیرەوی گومەل ، یان یەکیك دلی لیم ئێشابی ، یان رەنجیکی کێشابی بوم ؛ ئیوە ئەمرو گەردنم ئازاد بکەنو هەمووتان بە دل ئیزنم بدەن بروم .

عەزمم پەرێ سەیر عیراقەن ئارۆ
بنیشدێ وە خەیر فیراقەن ئارۆ (٧)
دنیا فانیی‌یەن هەر مبۆ مەردەن
لازمەن کەردەن ئازادی کەردەن (٨)

(١) ـ ٦ ـ

ڕۆشنیی‌ی دیدەم ، سەرمایەی ژینم
مەزەی بەزم کەیف دڵەی خەمینم
سا کە من بێ تۆ نەسپەردم ئەروا
سەر نەنیام نە سای ئەڵحەد بێ پەروا (٢)
چۆن واچوون وەفام ها نە تۆی دڵدا
وەفام هەم جەرگم بدەن وە چڵدا (٣)
تاقیق من جە سەنگ سەرسەختیم بالاڵن
مەزرەعەی خارج ئینسانیم کالاڵن (٤)

---

(٧) پەری : بو . بنیشدی : دانیشن .
(٨) مبو : ئەبی . واتە : دنیا بەقای بو نی‌یەو مردن لە ری‌دایەو پیویستە گەردنی یەکتر ئازاد بکەین .

ـ ٦ ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە لاواندنەوەی منالیکیا وتووە کە ناوی محمد بووە .
(٢) نەسپەردم : نەم‌سپارد . ئەروا : ئەرواح ، گیان . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە .
(٣) واچوون : بلیم . واتە : من کە پاش مەرگی تو گیانم نەسپاردو بی ترس سەرم نەنایەوە لە ژیر سایەی بەردی ئەلحەدا ، چون بوم هەیە بلیم بە وەفام ، ئەی خوا وەفاو جەرگم بدا بە چلی داری مەینەتا .
(٤) تاقیق : تەحقیق ، دیار . کالان : کیلاوە . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە .

وەر نە من وەی تەور کێشام سزاو دەرد
ئەگەر سەنگ بیا مەکەردش وە گەرد (٥)
دەك ئەجەل وە دام هیجران بەستەبۆ
سەرتاپاش وە نێش زامان خەستە بۆ (٦)
پێم نەنۆشا مەی پیاڵەی مەردەن
ئیستە من ، سەر ژان ، دڵ سەردان کەردەن (٧)

ـ ٧ ـ [1]

ڕیشێ چەنی من نەیۆ وە حضوور
مبۆ بتاشووش تا وە نەفخ صوور (٢)

---

(٥) بیا : بوایە . واتە : دیارە سەرسەختیی من لە هی بەرد زیاترە ، وە من کێلگەیەکم کیلاوە لە سنووری توانای ئادەمیزاد بە دەرە ، ئەگینا ئەم هەموو دەردو سزایەی من کێشاومە ئەگەر بەرد بێکێشایە لە ژیر باریا وردو خاش ئەبوو ؛ وە ئەبوو بە تۆز .

(٦) بەستەبو : ببەسرێتەوە . مەعنای ئەم شیعرەش بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە .

(٧) واتە : دەك خوایە ئەجەل بە داوی دووری ببەسرێتەوەو سەرتاپای بە ئێشی زام گرفتار ببی ، وا شەرابی مەرگی پێنەنۆشاندم‌و سەری بەم جورە هینامە ژان‌و دڵی سارد کردمەوە .

ـ ٧ ـ

(١) مەولەوی جاریکیان لە سەردەمی فەقێیەتیدا ، بە پیچەوانەی ئوسوولی فەقێکانی ئەو سەردەمە ، ڕیشی ئەتاشی . هاوڕێکانیشی نارەزایی پیشان ئەدەن لەم ڕیش تاشینەی ؛ ئەویش بەم شیعرە بیانوویان بۆ دێنیتەوە .

(٢) نەیۆ : نەیەتە . بتاشووش : بێتاشم . نەفخ : فوو پیا کردن . صوور : شاخێکە مەلائیکەیەکی تایبەتی ـ کە ناوی ئیسرافیلە ـ لە قیامەتا دوو جار فووی پیا ئەکا ؛ لە جاری یەکەمیانا هەموو زیندوویەك ئەمرینی وە لە جاری دووهەمیانا هەرچی مردووە زیندووی ئەکاتەوە . واتە : ڕیشێك لە گەل منڵا نەیەتە حزووری خوا ؛ ئەبێ تا ئیسرافیل فوو ئەکا بە شاخەکەیا هەر بێتاشم .


تیپی زی

(١) ـ ١ ـ

زیلەی تەڵمیت‌بار کۆچ نەوهاڵان
تەءثیرش نی‌یەن ئیمسااڵن چون سااڵن (٢)
یەقینەن سەر خێڵ نازك نەمامان
نەکەردەن هەوای هەوارگەی دامان (٣)
بەڵێ یە نامەی دڵ پێ ئێشاکەش
یە کزەی دەروون حەسرەت کێشاکەش (٤)
ئەو سینە سیم وەنگ ، ئاینەی جەم ڕەنگ
منمانۆ هەوەس نە دڵ دای خەدەنگ (٥)

---

(١) مەولەوی ئەم غەزەلەی بو دوستیکی نووسیوە کە پایز داهاتووەو ئەو هەر لە کویستان ماوەتەوە .

(٢) زیلە : هەراو دەنگە دەنگ . تەلیت‌بار : کوچەری‌یەکان دوو چیغ بەمدیوو ئەودیوی ولاخەوە ئەبەستن ، پشتی ولاخەکە وەك تەختانی لی دی ، جیگەو بانی لە سەر رائەخەنو منالو ژنی لە سەر سوار ئەکەن ، بەوە ئەلین تەلیت‌بار . نەوهال : تازە پی‌گەیشتوو . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

(٣) دامان : داوین ، بنار . واتە : ئەمسال وەك سالان دەنگی کوچو باری یاران نایەت ، وا دیارە سەر قافلەی نەونەمامە شوخەکان ئارەزووی گەرمەسیری نەکردووەو لە کویستان ناگەریتەوە .

(٤) واتە : بەڵی راستە نایەتە خوار ، ئەوەش نامە دل بریندار کەرەکەی کە ئەو خەبەردی تیا نووسیوە ، ئەمەش کزەی دەروونی من کە بە هوی ئەوەوە زدحمەتم کێشاوە ، وە نیشانەی نەگەرانەوەی ئەوە .

(٥) سیم وەنگ : لە زیو چوو . منمانو : ئەنوینی . دای : دانی . واتە : ئەو خوشەویستە کە وەك زیو سپی‌یەو وەك ئاوینەکەی جەمشید روشنە ، ئارەزووی وایە تیر بنی بە دڵەوە ، بویە ئەو نامەیەی بو نووسیم .

حەسرەتا حەسرەت ، های یە چێش کەردی
چون جێ ویەردی پێشدا ویەردی (٦)
نم مدۆ مادەی نامش ئەو نامە
ئاو دندان ئاسا ، دندان خامە (٧)
نەمەندەن قووەت سەرمایە تێشدا
هەرسێ بێ نە ڕا هۆرمەگنۆ پێشدا (٨)
پووش ئایریچم جای نەسیم نیەن
هۆرکەردەو یەردەیم تا وە لاش شیەن (٩)

---

(٦) حەسرەتا : داخەکەم . جی : لێرەوە . ویەردی : تیەڕیت . واتە : ئای داخی بە جەرگم ئەوە چیت کرد ؟ تو کە لێرەوە تیەڕیت بە ناو دلی منا تیەڕیت ، ئیتر چون دلت هات تیری پیوە بنیی ؟

(٧) مەولەوی لێرەدا وا دائەنی کە یەکێك پیی وتووە مامدم ئەو نایەتەوە لە کویستان ، تو بو هەولی نادەی بو چاری ئەم دەردی دووریە . ئەمیش لە وەراما ئەلی یا ئەبی نامەی بو بنووسم ؛ یا یەکێك هەلم‌گریو بمبا بو لای . هیچ کامیش لەمانە لە توانادا نین ؛ وە دیت هوی لە توانادا نەبوونی ئەم دوو چارەیە لە سە شیعرا روون ئەکاتەوە کە یەکیکیان ئەم شیعرەیە تیایا ئەلیت : ناتوانم نامەی بو بنووسم چونکە هەرچەند لە کاغەزەکەدا ناوی بیت قەلەمەکەم سوێی پیا دیتەوەو لە درزی نووکەکەیەوە فرمیسك ئەڕێژی ، وەك چون کەسیك ناوی شتیکی خوشی لا بەرن ئاو ئەزیتە دەمیو لە نیوانی دانەکانیەوە دەرتەچێ .

(٨) هەرسی : فرمیسکیك . هورمەگنو : هەلئەکەوی . واتە : لە بەر ئەوە قەلەمەکەم هیزو پیزی تیا نەماوە ، وە ئەگەر بیتوو کاتیك کە بە سەر قاقەزا ئەروا ، دلوپە فرمیسکیکی خوی بیتە ڕێی لێی هەلئەکەوی .

(٩) هورکەردە : هەلکردن . شیەن : بەسەرچووە . واتە : وەك ناتوانە نامەی بو بنووسم ، کەسیش ناتوانی هەلم‌گری بمبا . چونکە لە بەر سوزی یار بووم بە پووشیکی ئاگر تیچوو ، وە بای نەسیم ناتوانی هەلکاو بمبا .

پایز زەڕ ، یەخ جام ، چارشێوێ هەی تەم
دێرەن سوارەن نەو عرووس خەم (١٠)
مطرب ، یە کارەن ، مەر سیا سەنگی
من بەی حاڵەوە ، تۆ وەی بێ دەنگی
جە تەنخوای نەی بەزم خەم وەیلانەوە
هۆردەر ئەی چەند فەرد وە دیلانەوە : (١١)
بە وەردەی زامدا دڵ تاقەت بێزا
هەرچی بی یەکسەر وە چەمدا ڕێزا (١٢)
ئەر هەڵای ڕەمەق مەندەن وە تەنش
بێ مەیلیت لیباس کەردەن بەدەنش (١٣)

---

(١٠) دیرەن : درەنگە . نەوعرووس : نەوبووك . واتە : مادەم نە پیم کرا کاغەزی بو بنووسم ، وە نە لە تواناشا بوو کەس بمبا بو لای ، ئەبی لە جیاتی‌ی خوم خەمو خەفەتەکەم بنیرم . کەواتە : ئەی پایز تو لە گەلای زەردی وەریوی درەختەکان لیرە بەندیك بهونەرەوە بو سەری ، تویش ئەی سەهول ببە بە ئاوینە بو ئەوەی لە پیشیەوە راتگرن ، ئەی تەمو مژی شاخەکان تویش ببە بە چارشیوو سەری داپوشە .

(١١) وەیلانەوە : بلاوینەرەوە . دیلان : نقامیکی کونی کوردیی‌یە لە کاتی بووك بردنا ئەوتری . واتە : کاکەی ئاهەنگگیر لە جیاتی‌ی شمشالی ئەم ئاهەنگی بووك سوار کردنە دەس کە بە لاواندنەوەی خەمو بە نقامی دیلان ئەم چەند شیعرەم بو بلی .

(١٢) وەردە : خوراو . بیزا : بیزرا . ریزا : داوەری . واتە : سەبرو تاقەتی دل نەماو بەو شوینانەدا کە تیری یار کونکونی کردبوون هەموی رویشتو گشتی بوو بە فرمیسکو لە چاویەوە دارژایە خوار .

(١٣) رەمەق : نیوەگیان . واتە : ئەگەر هیشتا نیوەگیانیك لە لەشیا مابی هی ئەوەیە بی مەیلیت وەك بەرگ دەوری داوەو نایەلی ئەو نیوەگیانەش دەرچی ، ئەگینا دەمیك بوو مردبوو .

چون خەیاڵ وە ماچ پات خۆش حاڵ مەبی
کاش جە کۆن ئەو بەخت لەب تەب خاڵ مەبی (١٤)
یەند دیان وەو ڕا تۆ مەی نە پێشدا
دیدەی دڵ نیگا نەمەندەن تێشدا (١٥)
مەعدووم خەم مایەی فیکرە کەت بەردەن
یا پەی دڵوەشی وێت غەڵەت کەردەن (١٦)
تۆو ئیستە تەشریف ئازیز گیانی
سفتەنو تەءثیر ئاو حەیوانی (١٧)

---

(١٤) کاش : خوزگە . واتە : مادەم خەیاڵی بە ماچ کردنی پیت دڵشاد ئەبی ، کوا خوا ئەوەی لە گەل بکردایە بهاتیتایەتە خەوی تا پیت ماچ کاو کە ڕاچنی لیوی هەڵزری وەك تادار ، یان کوا بەختی بووایە لیوی بهاتایە بو لات بو ماچ کردنی پیت وە لە ریگادا تلوقی بکردایە .

(١٥) دیان : ڕوانیویە . مەی : دیت . واتە : چاوی دڵی ئەوەندەی ڕوانیوە بو ئەو ریگایەی تو پیایا دیت ، هیزی بینینی خوی هەموو خەرج کردووەو هیچی تیا نەماوە .

(١٦) مەولەوی لەم شیعرەوە دیسانەوە ئەگەریتەوە سەر قسە کردن لە گەل خوی . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(١٧) واتە : ئەری ئەوە مەولەوی خەم فکرو هوشی لا نەهێشتووی . یان هەر بو دلخوشی دانەوەی دلی خوت وا خوت هەڵئەخەڵەتینی و بە تەمای دێتنی دوستی ؟ ئەگینا تازە تووە هاتنەوەی دوست ئەوەندە دوورن لە یەکەوە ، وەك سووتاو بە ئاوی حەیات زیندوو بکریتەوە کە نە دەسی کەس ئەکەوی . وە نە سوودیشی هەیە .

سرنج : خوینەر ، بی‌گومان ، لەم قەسیدەدا هەست بەوە ئەکا کە تا ڕادەیەك بە زور نووسینراوە بە یەکەوە ، وە مەعناکان وشکی‌یەکیان تیایە . لە ڕاستیدا لە تیکرای چەند نوسخەوە ئەم قەسیدەیە بەم چەشنە کوکراوەتەوە . ئیمە بی‌گومانین لەوەدا کە ئەم قەسیدەیە لە ئەنجامی خراپ نووسینەوەو ئەگونجاوی‌ی شیوەی نووسینی کونی کوردی‌یەوە چەند هەڵەی تی‌کەوتووە . لە بەر ئەوە هیوامان وایە ئەگەر کەسیك نوسخەیەکی تر شك ببا ــ چ بو ئەم قەسیدەیەو چ بو قەسیدەکانی تر ــ بومانی بنیری . بەڵکو خوا یار بی ئەگەر جاریکی‌تر لە چاپمان دایەوە لەمەی ئیستا ڕاستترو پوختتر بی .

زووسانەن وەی ڕەنگ وە گەردوون یاوان
گێجیای لوول گێج کڵێڵەی کاوان (١)
بەنابانشی بورج بەرزە دیاران
سفید کاری کەرد تاقچەی موغاران (٢)
چ شیرین زەڕگەر تۆف هەوای سەرد
گۆشواڕە نە گۆش نەونەمامان کەرد (٣)
پەی نیگای باڵای مەحبووب بێ گەرد
یەخ ئاینە گرت ، تەم چارشێو ئاوەرد (٤)

---

(١) گیجیا : خول خواردوو . لوول گیج : گەردەلوول . کلیلە : بەفری، لا شان . واتە : زستانە ؛ بویە وا بەفری با گیژ داوی لا شانی شاخە بەرزەکان. گەیشتووەتە ئاسمان .

(٢) بورج : قەڵا . دیار : ولات ؛ مەبەس شاخەکانە . موغار : ئەشکەوت .. واتە : باش وەستای قەڵای شاخە بەرزەکان ــ کە دەستی قودرەتی خوایە ــ دەرگای ئەشکەوتەکانی سپی کاری کردووە .

(٣) زەرگەر : زەرنگەر . گوشواڕە : گوواڕە .. واتە ماشەللا توفی هەوای سارد کە بووە بە زەرنگەر و ئیش لە گەلای داڕەکانا ئەکا کە وەك زیر زەرد هەلگەڕاون . گوواڕەیەکی چەند جوانی کردە گوێی نەونەمامەکان .. مەبەسی ئەوەیە چەند جوان گەلای زەردی بە لق و پوپی درەختەکانا شور کردەوە .

(٤) نیگا : تەماشا کردن . واتە : توفی زستان بو تەماشا کردنی بالای نەونەمامی گوواڕە لە گوێ کردوو ؛ سەهولی بو گرتووە لە باتی ئاوینەو تەمی بو کردووە بە چارشێو .

ئەی مەحبووب خاس ، وەی بینای تەمام
منالّۆ پەی بەزم ساقی‌و شیشەو جام (٥)
ساقی ، باك نی‌یەن جە سەردی‌ی (دەی) ، دەی
هەوا وەش کەردەن نەشئەی نۆشای مەی (٦)
ئاخر سەرمەشقەن پەرێ مەی‌خواران
واردەی ویەردەی ویاردەی یاران (٧)
چون نە دڵ شنۆی مەزەی مەی داران
بدیە چۆن وە تۆی لۆنگێ مەویاران (٨)
زوانەکەی سۆز ، دەسەکەی نالّە
بکیانۆ ، ڕێزۆ ، ڕەحمەت ، پیالّە (٩)

---

(٥) منالو : ئەنالینی . واتە : ئەم خوشەویستە جوانەو ئەم کوشکە سپی‌کاری کراوە هاواریانەو داوای کوری مەی‌خواردنەوە ئەکەن .

(٦) دەی : یەکەم مانگی زستانە . واتە : کاکەی مەی‌گێر زوو کە دەس کە بە مەی‌گیران ، ترست نەبی لە سەرمای زستان ؛ نەشەی مەی خوازدنەوەی تاقمەکانی پیش ئیمە هەوای خوش کردووە .

(٧) وارده : خواردن . ویەرده : پاشماوە . ویارده : بە جی هیلراو . واتە : چونکە خواردنەوەی پاشماوەی بەجی‌هیلراوی یارە مەی‌خورەکان ئەبی بە سەرمەشق بو ئیمەی تازە مەی‌خور .

(٨) داران : هەیانە . بدیە : بروانە . لونگ : بەرمالی سەرشانی هەژار . مەویاران : بە سەر ئەبەن . واتە : سەیر کە چونکە مەزەی مەی لە دلیانایە . لە قەبرا بە توی‌ی کفنی رائەبویرن .

(٩) بکیانو : بنیری . ریزو : بریژی . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

ڕەحمەت وە ڕووی خاك ڕستگاران‌دا
پیالّە وە دەم ئینتیظاران‌دا (١٠)
دێرەن با ئێمەیچ نەی گوزەرەوە
جامێ وە دەس نێین ، دەس وە سەرەوە (١١)

---

(١٠) واتە : مادەم کە ئەوان مردوون‌و ئیمەش بــە ریوەین ، با زمانی سوزی خوشەویستی ڕەحمەت بنیری بو گوری رزگار بووەکان ، وە دەسی نالە پیالەی مەی بریژیتە دەمی ئەوانەی چاوەڕوانن . لە شیعری یەکەمی ئەم دوو شیعرەدا بە هونەری بەدیع (لف‌و نشر) هــەیە ؛ وە وای لی دیتەوە (زوانەکەی سوز بکیانو ڕەحمەت ؛ دەسەکەی نالە بریزو پیالە) .

(١١) واتە : کاکەی مەی‌گیر زوو کە ؛ با ئیمەیش بەم ری‌گوزەرەی ژیاندا پیالەیەك بگرین بە دەستمانەوە ؛ دەستی تەسلیم بوون بنیینە سەر سەرمان‌و خومان بدەین بە دەس مەرگەوە .

ٹیپی سین

(١) ـ ١ ـ

سەردار زومرەی مصیبەت کێشان
فەرمان فەرمای مولّك دەروون پڕ ئێشان (٢)
بادەی خەم وەردەی مەرگ ناکامان
زام ناسۆرکەفتەی دەروون پڕ زامان (٣)
پەردەی دڵ وە نێش مەودای خەم پارە
چار نەبردەی دەرد دڵەی بێچارە (٤)
وەختێ سەیڵ چەم دەروون پڕ خاران
تاو مەوەست چون تاو ئەوەڵ بەهاران (٥)
بۆی کزەی کەواو جەرگم چون جاران
هەم ، وەی ، تەم مەوست ئەو ڕووی ستاران (٦)

ـ ١ ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە لاواندنەوەی زانایەکی گەورەدا نووسیوە، وە بو باوکی ئەو زانایەی ناردووە کە خەبەری مەرگی کورەکەی بو مەولەوی ناردبوو . داخەکەم نەمزانی زاناکە کێیە .

(٢) زومرە : تاقم . فەرمان فەرما : حوکمران . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی (مصیبەت) نووسراوە (فەلاکەت) .

(٣) واتە : ئەی شەرابی مەرگی منالی ناکام چەشتوو ، وە ئەی لە ناو دەروون زامارداندا زام بە ناسور کەوتوو .

(٤) پارە : لەتلەت . واتە : ئەی کەسی کە دلت بە ئیشی تیغی خەفەت لەت بووەو چارەت بو دەردی دلی بەسەزمانت نەدوزیوەتەوە .

(٥) تاو مەوەست : تاوی ئەبەست . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٦) کەواو : کەباب . هەم : خەفەت . وەی : هاوار . ستاران : ئەستێرەکان . واتە : کاتیك کە لافاوی فرمیسکی دەروون بریندارەکان وەك بارانی بە تاوی نیسان ئەرژا ، بونی کزەی کەبابی جەرگی منیش رووی ئاسمانی بە تەم دائەپوشی .

بۆ پڕووز جەرگ قرچەی پارچەی دڵ
بۆی هوون جۆشیای دەروون پڕ چڵ (٧)
ئێد چون تۆف سەخت تەم وست ئەو کووان
ئەو وێنەی لافاو باڵای تۆ ڕەوان (٨)
هەناسەی سیای سەرد دڵسۆزی
بەرد مدا وە بەرد (برد العجوز)ی (٩)
یانێ نامەکەی خەم ئینشا کەردە
مەرقووم قەڵەم وە خەم شەق وەردە (١٠)
شۆڵە دا وە گڕ شەرارەی نارم
دەمیاو جۆش دا دڵەی خەمبارم (١١)

---

(٧) جوشیا : هاتووە جوش . مەعنای ئەم شیعردو شیعری دوایی پیکەوە دی

(٨) وست : خستی . کووان : کیوەکان . ڕەوان : ساف ڕەو . واتە : بو پروزی جەرگم‌و قرچەی پارچەی دلی سووتاوم وەك تونی سەخت شاخەکانیان بە تەم دائەپوشی ، بونی خوینی لیشاو کردووی لەشیشم کە هەمیشە لە تاو ئازار چل ئەدا ، وەك لافاوی باڵای تو ساف ئەرویشت . لە ئەدەبی کونا هەیە تەشبیهی باڵای دوست کراوە بە لافاو لە مەنگی‌و خوش ڕەوی‌دا .

(٩) بەرد (ی دووهەم) : سەرما . برد العجوز : برجی پیرەژن . حەوت ڕوژی ئاخری زستان . واتە : هەناسەی ساردم کە لە دلیکی ڕەشی سووتاوەوە دەرئەچی ، ئەوەندە سارد بوو بەردی ئەدا بە سەرمای برجی پیرەژندا . وە ئەو لە چاویا هیچ نەبوو .

(١٠) مەرقووم : نووسراو . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

(١١) شوله : شعله ، بلیسە . شەراره : بزیسك . دەمیا : دەماندی . واتە : مەبەسم لەم بەیانی وەزع ناخوشی‌یەم ئەوەیە نامەکەت کە خەفەت دای‌نابوو ، وە قەلەمی بە هوی خەمەوە لەت بوو نووسیبووی ؛ بلیسەی بە گری ئاگری دەروونم سەندو دلی خەمبارمی دەماندو هینایە جوش .

من وەر جە ئامای نامەی زگاریت
زووتەر جە خەبەر کۆس دیاریت (١٢)
خاترم چەند ڕۆ خەستەی خەمان بی
چەمانم چون تاف صاف چەمان بی (١٣)
جە ئامای نامەت چەمەریم بەرز بی
شادیم شێویا ، شینم صەد تەرز بی (١٤)
شەمع شام شووم ماتەم هۆرگڕیا
تای تەل سەمتوور شادیو زەوق بڕیا (١٥)
شای شادیم شکیا ، سوپای خەم جەم بی
بەیداخ دەماخ شێوەی ماتەم بی (١٦)

---

(١٢) وەر : بەر ، پیش . زگاری : عاجزی . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دواییەوە .

(١٣) واتە : من خوم بەر لە هاتنی نامەکەت کە ئەو خەبەرە ناخوشەت تیا نووسیبوو ، وە بەر لە گەیشتنی خەبەری کوس کەوتنت ، چەند ڕۆژ بوو دڵم خەفەتبار بوو ، وە چاوم وەک چەم فرمێسکی سافی لی ئەڕژا .

(١٤) چەمەری : شیوەن . شیویا : تێکچوو . واتە : کە نامەکەت هات هاوارو شیوەنم بەرز بووەوە و شادیم تێکچوو ، وە شینو گریانم بوو بە صەد جور .

(١٥) شام : ئیوارە . هورگریا : هەڵگرا . لە کوردستانا عادەت بوو یەکەم شەوی پاش مردنی کەسێک شەمعێک یان قوتیلەیەکیان لە جیگای شوردنەکەیا دائەگیرساند ، ئەیانوت ڕوحیانەتەکەی سەر لەو شوینە ئەدا وە ئەگەر ببینی هیچیان تیا دانەگیرساندووە دڵگران ئەبیو ئەڵی کوتوپڕ لە بیریان چوومەتەوە . جا مەولەوێش ئەڵی : بە هاتنی نامەکەت چرای ئیوارەی ئەگبەتیو خەفەتم داگیرساو تالی سازو سەمتووری خوشیم پچڕا .

(١٦) شکیا : شکستی خوارد . واتە : شای شادیم بەزیو سوپای خەفەت کومەڵی کردو بەیداخی بێدەماخیم داگیرایە خوار بو نیشانەی خەمباری .

دەخیل بیم وە نوطق خەمان لاڵ کەردەم
لالاّم جە خەیاڵ خەم غارەت بەردەم (١٧)
نا مەرد ، یە وادەی شین بێ شۆمەن
هیچ کۆسم نیەن ، یە کۆس نۆمەن (١٨)
سا دەی ، هەی پەی کەی هەر یەك جە لایێ
باوەرین ئەو ساز شیوەن صەدایێ (١٩)
خەیاڵ غەمگین بی ، نوطق ئاما وە دەنگ
ئێد موات وە سۆز زایلەی صەد ڕەنگ : (٢٠)
ناکام أیام کامەرانیم ڕۆ
بەر نەوەردەی باغ نەوجوانیم ڕۆ (٢١)

---

(١٧) نوطق : دەنگ . غارەت : تالان . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە دوو شیعری پاشەوە .

(١٨) بی شو : لە ئەندازە دەرچوو . یە : ئەمە .

(١٩) باوەرین : بینین . واتە : کە نامەکەت هات دەسەو داوینی زمانم بووم کە خەم لالی کردبوو ، وە لالامەوە لە خەیالم کە خەم بە تالان بردبووی . پیم وتن نامەردینە ئیستە من وادەی زاریو شینی بی ئەندازەمە . وە تا ئیستا هیچ کوسم نەکەوتووە ئەمە یەکەم جارە کوسم بکەوی . کەواتە ئیتر ئیوە خوتانتان بو کەی هەڵگرتووە ، با هەرکاممان لە لایەکەوە دەنگیك دەربینین لە سازی شیوەنو زاری .

(٢٠) موات : ئەیوت . واتە : خەیالم خەفەتبار بوو هیچی پی نەوترا . بەڵام نوتقم هاتە دەنگو بە سوزیکی صەد جوری ئەم لاواندنەوەی خوارەوەی وت .

(٢١) أیام : روژان . بەر نەوەردە : بەر نەخواردوو . واتە : ئای . بە روژی کامەرانی نەگەیشتووەکەم رو .. ئای . بەری درەختی جوانی نەخواردووەکەم رو ..

شاب شێخ عەشق یەکتای فەردم ڕۆ
وە ناکام مەردەی دڵ پڕ دەردم ڕۆ (٢٢)
کەنگەرەی ئەیوان کاخ دینم ڕۆ
تورەی لای تەڵای ڕای یەقینم ڕۆ (٢٣)
حەللال عوقدەی ڕاگەی شەرعم ڕۆ
ڕەهنومای طەریق جادەی وەرعم ڕۆ (٢٤)
کێ نە تەفاسیر قورئان بدۆ دەم
کێ بۆ ئەحادیث ڕەسوول کەرۆ جەم
کێ وە (صرف) و (نحو) خاتر کەرۆ مەحو
کێ وادەی طاعەت دەم بدۆ نە صەحو (٢٥)

---

(٢٢) شاب : لاو . ناکام : نا وەخت . واتە : ئای ، لاوە بی هاوتاکەم ڕو کە لە عەشقی خوادا پیر بووبوو ..

(٢٣) کەنگەرە : هیلالی . کاخ : کوشك . تورە : موری شاهانە کە لە سەر لیرەی عوسمانی لی ئەدرا . واتە : ئای ، هیلالییەکەی هەیوانی کوشکی دینم ڕو .. ئای ، مورەکەی سەر لیرەی ڕیی خوا ناسینم ڕو ..

(٢٤) حەللال عوقدە : گریکەرەوە . وەرع : خو لە گوناە پاراستن .

(٢٥) صەحو : هوشیاری . مەولەوی لەم شیعرەوە بە پیی پلەکانی خویندنی فەقی ناوی هەندی لەو عیلمانەو لەو کتیبانە دینی کە لە حوجرەدا ئەخوینرین ، بو پیشاندانی پایەی زانستی شیخی کوچ کردوو . واتە : ئیتر کی بی دلی خوی بفەوتینی بە خەریك بوونی (صەرف) و (نەحو)ەوە ، وە کی لە وەختی خوا پەرستیدا ئاگای لە خوی بیو دەم لە هوشیاری بدا . مەولەوی بویە شانازی بەم سیفەتەی شیخی کوچ کردووەوە ئەکا ، چونکە هەندی لەوانەی کە ئیدیمای پایەی بلند ئەکەن لە خوا ناسینا ، جاروبار لە کاتی عیبادەتا ئەکەونە (شطحات) وتن کە لە نیوانی زانایانی دینا گفتوگویەکی زوری لە سەر پەیدا بووە ئاخو حوکمی چیە .

هەنی کێ (آداب) وە ئاداب وانۆ
کێ عیلم (منطق) جە منطق زانۆ (٢٦)
(مطول) پەی کێ طوول دۆ عیبارەت
با (مختصر) بۆ وە بێ ئیشارەت (٢٧)
کێ وە قووەی عیلم زەکای حەق بینی
دەم بدۆ نە کونە عیلم (چەقمینی) (٢٨)
فەقێ بێ تەدریس ، مەدرەسە بێ زەوق
مزگی بێ ئیمام ، جەماعەت بێ شەوق
عالمان بێ فکر ، شاعیران ماتەم
نازك خەیالان غەرق دەریای خەم

---

(٢٦) هەنی : ئیتر . آداب : عیلمیکە باسی شیوەی موناقەشە کردن ئەکا . ئاداب : ئوسوول . وانو : بخوینی . منطق : عیلمیکە ئامانجی جوی کردنەوەی بیری راستە لە بیری چەوت . منطق (ی دووهەم) : قسە . زانو : بزانی . واتە : ئیتر کی بی بە پێی ئوسوول عیلمی ئاداب بخوینی و لە قسەی خەلکا عیلمی منطق بزانی و راست و چەوتیان لە یەك بکاتەوە .

(٢٧) مطول : کتیبیکی گەوردیە لە عیلمی بەلاغەدا شەرحی تلخیص المعانی)یە مەلای زورزان ئەیلیتەوە و فەقێی زیردك ئەیخوینی . دو : بدا . واتە : ئیتر کتیبی مطول بو کام زانا دریژە بدا بە جوملەکانی . دەسا مادەم ئەو نەما با کورت بیتەوە و ئیشارەتی تیا نەبی بو سەرچاوە زانیاریەکان . وشەی (مختصر) ئیشارەتە بو شەرحیکی تری کورتی تلخیص المعانی کە مەلاکانی پلەی دووهەم ئەیلینەوە و فەقێی پلەی دووهەم ئەیخوینی .

(٢٨) زەکا : ذکاء ، زیرەکی . کنە : ماهیت ؛ چیێەتی . چەقمینی : کتیبیکە لە عیلمی فەلەکیاتدا فاضلی رومی نووسیویە . واتە : کی بی بە هیزی زیرەکیی حەق بینین چەقمینی بزانی و بزانی فەلەکیات لە راستیدا چیێە .

میرزام چون بێ وەخت وە ناکام دڵ
وەر جە من تەشریف بەردی وە تۆی گڵ
شاد بی وە حووران خاصەی جینانی
تەمەنای وێت بی لەقای سوبحانی (٢٩)
مەنزڵ موبارەك ، بێ هەمتات یار بۆ
شەفا خوات ڕەسوول خاصەی موختار بۆ (٣٠)
بێ زەحمەت جە هەول مەحشەر ئازاد بی
وە لوطف ئێزەد ڕەحمانی شاد بی

ـ ٢ ـ [1]

سەرشار صەهبای بەزم موناجات
مەلجەی ئیلتیجای ئەرباب حاجات (٢)
جای ڕجای جەرگەی پادشاو دەرووێش
بارەگاو پەنا پەی بێگانەو خوێش (٣)

---

(٢٩) حووران : حوریەکان . جینان : بەهەشت . ئەم شیعرە شیعری پیشوو تەواو ئەکا . واتە خوا شادت بکا بە حوریە تایبەتیەکانی بەهەشت ، تو خوت حەزت ئەکرد بە حزووری خوا بگەی .

(٣٠) بی هەمتا : مەبەس خوای گەورەیە . شەفاخوا : شەفاعەتکەر .

ـ ٢ ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەی لە سەر قەبری (باوە یادگار) وتووە کە یەکیکە لە ئیمامزادەکان .

(٢) موناجات : پارانەوە . مەلجە : ملجأ ، پەنا پی براو .

(٣) جا : جی . جەرگە : کور ، تاقم . پەی : بو .

ئاهووی خوتەنیی فەیض ئیلاهی
نافەی ناف ڕاهی جە مەهـ تا ماهی (٤)
شکۆفەی وەش‌بۆی ڕەیحانەی ڕەسوول
نەوباوەی نەمام طیبەی (بەتوول) (٥)
سەرو سایەدار نیشاندەی وەلی
یەعنی یادگار (مرتضی عەلی) (٦)
وە ڕەوضەتانا هەر نوور واران بۆ
تا دەفع ظولمەت دیدەی یاران بۆ (٧)

---

(٤) خوتەن : ناوچەیەکە لە تورکستان بە ئاسکی میسك هەڵگر ناوبانگی دەرکردووە . ناف : ناوك . راهی : ناو دەرکردوو . واتە : ئەی ئاسکەکەی خوتەن ــ مەبەس لێی فەیزو بەرەکەتی خوایە ــ کە ناوبانگی بونی خوشی میسکی ژیر ناوکت لە ئاسمانەوە تا بنی ئەرزی گرتووەتەوە .

(٥) شکوفە : گوپکەی تازە دەرچووی درەخت . نەوباوە : خەلفی نوێ . طیبە : پاك . بەتوول : ئافرەتیکە حەیزی پیا نەیەت ، لەقەبی حەزرەتی فاطمەی کچی پیغەمبەرە دروودی خوای لە سەر بی . واتە : ئەی گوپکەی بون خوشی ریحانەی پیغەمبەر ، وە ئەی تازە خەلفی درەختی پاکی حەزرەتی فاطمە . مەولەوی دانانی سیفەتی (طیبە)ی بو (نەمام) لە ئایەتی (کشجرة طیبة اصلها ثابت وفرعها فی السماء) وەرگرتووە .

(٦) سایە : سیبەر . نیشاندە : دەس‌نیژ . وەلی : دوست ؛ مەبەس لێی حەزرەتی عەلییە ، کە لەقەبی (ولی الله)یە . لە وشەی (یادگار)دا بە پێی عیلمی بەدیع (تەوریە) هەیە ، چونکە مەعنای نزیکی مەبەس نییە کە ئەوەتە لە گەل (باوە یادگار) قسە ئەکا ، بەلکو مەبەس (یادگار)ی بە مەعنا (بیر خەرەوە) یە .

(٧) ڕەوضە : قەبر . واران : باران . لەم شیعرەوە وادەرئەکەوی کە مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە سەردەمی کویریدا وتووە .

هەوای سایەتان هەر مەمدوود مانۆ
سەبوون بوردەی جورم نەك زەرەر سانۆ (٨)
نا پوختەکاریو شەرمەساریی من
خەجڵەت غەفڵەت گوناەکاریی من
کەفتەن وە هەمدا یەند زۆر ئاوەردەن
ڕووی ڕجام وە پای بارەگات کەردەن
تۆ چون جە ئەولاد ئەمجاد مەولای (٩)
پەی ڕجا وە جا ، پەی هیممەت ئەولای
زاریو زگاریو زوێری کەردم
وە بارگەی پاکت پەنا ئاوەردم
ئامام سەر نیایام وە بارەگاوە
غەریو ، مو سفید وە ڕووی سیاوە (١٠)
تەن مەعصیەتبار ، دەروون پڕ جە دەرد
دیدە تەڕ ، لەب خوشك ، دڵگەرم ، نەفەس سەرد

---

(٨) مەمدوود : دریژ . مانو : بمینیتەوە . سەبوون بوردە : ئەوەی بای سەبوون بردبیتی . سەبوون بایەکی گەرمە لە هەرکەس بدا ئەیپرووکینی . جورم : گوناە . سانو : بینی . واتە : یا خوا هەوای سایەتان هەر فراوان بی بو ئەوەی سەبوون بردووانی گوناە لە بەریا بحەسینەوەو زەرەر نەیەنن .

(٩) ئەمجاد : جەمعی مەجیدە بە مەعنا خاوەن شکو . مەولا : مەبەس حەزرەتی عەلییە چونکە لە حەدیثا وتراوە (من کنت مولاه ، فهذا علی مولاه) واتە هەرکەس من گەورەی بم ئەبی عەلییش گەورەی بی . وە جی : بە جی . ئەولا : اولی ، شایانتر .

(١٠) سەر نیایام : سەرم نا . غەریو : غەریب .

های چەند پلەی سەخت ها نە ڕێمەدا
جە ڕووی ئیلتیفات بدیە پێمەدا (١١)
یەڵکم جە ڕووی ئەو ئیلتیفاتەوە
مەولام حازر بۆ وە نەجاتەوە
دەس شای مەردان مەدەدکارم بۆ
پلە ئەو پلە ئەو دەسوارم بۆ (١٢)
مەعصیەت نیەن چون هیچ صەدمەتێ
خەیلێ مەلوولم ، یا پیر هیممەتێ (١٣)
هیممەتت باعیث ڕستگاری بۆ
یار بۆ ، دیار بۆ ، یادگاری بۆ (١٤)

ـ ٣ ـ [1]

ساقی ئاوەردەو گرد کیاستێنین
وریا بەردێنو کردە ئاستێنین (٢)

---

(١١) ریمەدا : ریمدا . بدیە : بروانە . پیمەدا : پیمدا .

(١٢) مەدەدکار : یارمەتیدەر . دەسوار : وەک ددس . واتە : بەڵکو دەسی شای مەردان کە حەزرەتی عەلییە ؛ یارمەتیم بداو لە پلەکانی ڕێگەی سەختەکەما وەک دەستم وابی بومو سەرم خاتە سەر .

(١٣) صەدمەت : مەینەت . واتە : بویە ئەپاریمەود چونکە گوناە وەک هیچ مەینەتیکیتر وانییە .

(١٤) یادگاری : بو یادگار بشی ؛ وە لەوانە بی کە لە پیاویکی گەوردی وەک (باوە یادگار) بوەشیتەوە .

ـ ٣ ـ

(١) مەولەوی لەم قەسیدەدا گلەیی لە بیوەفایی دنیا ئەکا .

(٢) کیاستین : ڕەوانەکراو . وریا : خوراو . بەردی : بردوو . ئاستین : بەجی هیل . واتە : کاکەی ساقی ئیمە بە زور هینراوینە ئەم دنیا ؛ وە لییەود ڕەوانە ئەکرین ، چیمان خواردبی هەر ئەومان ددس کەوتوودو بردوومانە بو خومان ، چیشمان دروست کردبی لە پاشمان بەجیئەمینی بو نەودو میراتگر .

حاڵ ماضی ئاسا ها نه گوزەردا
مقیم مسافر ڕەنگ نه سەفەردا (٣)
کاروان سەرای کۆن دەور دنیای دوون
جه بارگەی یاران وه چۆڵ مەوینوون (٤)
قافڵه کۆچ کەردەن ، بەرزەن دەنگ زەنگ
وڕان حوجرەی خان وجوود سەنگ به سەنگ (٥)
هۆسای تای شاوڵ دانش وه مشتی
بەنا باشی‌ی بورج دیواران گشتی (٦)
قەدەم ڕەنجەکەر وه لای کارەوه
بنچینەم وه تەرح مەی هۆرداڕەوه (٧)

---

(٣) ماضی : رابوردوو . مقیم : نیشتەجی . واته : ئێستامان به ریوەیه تی‌ئەپەری وەك لەمەوپێشمان تی‌پەری ، نیشتەجی‌یشمان وەك سەفەری وایه چونکه هەر دەقیقەیەك له ژیانمان بروا نزیك ئەبینەوه له ڕوژی مەرگ .

(٤) دوون : بی‌قابیلەت . واته : ئەبینم ئەم دنیایه کـه وەك کاروان سەرایەکی بی‌قابیلەت وایه ، بارو بارگەی یارانی تیا نەماوه چونکه ڕویشتوون‌و مردوون .

(٥) وران : ڕووخاوه . سەنگ : بەرد . واته : کاروانی یاران کوچی کردووەو دەنگی زەنگی بەرز بووەتەوەو حوجرەی خانی لەشمان بەرد بـه بەردی ڕووخاوه .

(٦) هوسا : وەستا . شاول : ئاسنیکی سه سووچه وەستا بەنا له سەر دیوارەوه به پەتیکەوه شوری ئەکاته خوار بو ئەوەی راستی‌و چەوتی‌ی دیوارەکەی بو دەرکەوی . مەعنای ئەم شیعره بەسراوه به شیعری دوایی‌یەوه .

(٧) ڕەنجەکەر : ئەزیەت بده . هورداڕەوه : هەڵدەڕەوه . واته : ئەی وەستا بەنا که تالی شاولی خوا ناسینت به دەستەوەیه ، وه باش وەستای بەرز کردنەوەی هەموو دیواریکی ، زەحمەت بکیشه تەشریف بینه بو سەر ئیش ، وه به مەی ڕەنگی خانووەکەم بریژەو بنچینەکەی دیاری بکه .

عەمارەتێوەن بیناش باقی بۆ
ئاو مەی ، خاك دووردی ، بەناش ساقی بۆ (٨)

سەر حەڵقەی فیرقەی نازك خەیاڵان
دێباچەی کیتاب صاحێب کەماڵان (٢)
جیلوەی جەلای دۆس تەدریج پەی یاران
مبۆ ، تا وە قەدر تاقەت بویاران (٣)
گا وە تبسم بەیضا بێزەوە
گا وە تکلم شەهد ئامێزەوە (٤)

---

(٨) واتە : چونکە تەنها ئەو کوشکە ناروخی و ئەمینێەوە کە مەی گرابی بە ئاوی قورگرتنەوە بوی ، وە خەلتەی شەرابی بو گرابی بە قور . وە مەی گیر بیناکەی دروست بکا .

(١) مەولەی ئەم شیعرانەی لە وەلامی دوستیکیا وتووە گلەیی لێوە کردبوو کە مورشیدەکەی زور تەئثیری تی ناکا . ئەمیش هوی ئەو کێە تەئثیریەی بو روون ئەکاتەوە .

(٢) سەرحەلقە : لە تەریقەتی نەقشبەندیدا ئوستوولە سوفیەکان حەلقە ئەبەستن بو (خەتم) ، ئەو کەسەی کە دوعا تایبەتی بەکانی خەتمەکە ئەخوێنی پێی ئەلین (سەرحەلقە) . دیباچە : سەرەتای کتیب .

(٣) بویاران : رابویرن . واتە : بویە تەئثیری پیر کەم کەم دەرئەکەوی بو مریدان ، تا ئەوانیش ئەوەندەی توانای خویان وەرگرن .

(٤) گا : گاه ، جارجار . تبسم : زەردەخەنە . بەیضابیز : سپی لەبەر چاوخەر . شەهدئامیز : تیکەل بە هەنگوین .

تبسم وه ناز ظوڵمەت زەداوە
تکلم وه ڕاز وەحشەت فزاوە (٥)
ئەر دەس پەی نیقاب تەمام بەردەوە
جە ڕوخسارەی وێش پەردەش درێدەوە (٦)
فەنا پەی عاڵەم پا منیۆ ئەو پێش
باقی ئەو مبۆ ، وێش ممانۆ ، وێش (٧)

— ٥ —

سەرلەتەرەی خەم خول ئاوەردەوە
تای کرژ مەینەت دووباد کەردەوە (١)
مقدمەی خەم تاڵی مەزاقەن
دەك وە خەیر نەیۆ وادەی فیراقەن (٢)

---

(٥) زەدا : لابەرو پاك‌کەرەوە . فزا : زیادکەر . واتە : زەردەخەنەکەی لە گەل نازپکی وادا ئەبی کە تاریکی بردوینیتەوە ، وە قسە کردنەکەی بە شتی وا ئەبی کە دەردی دووری زورتر بچەژینی بە دلی دلدار بە عادەتی یارانی بی، باك ، یان زورتری دوور خاتەوە لە بیگانە .

(٦) نیقاب : پەچە . دردەوە : دادری . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە .

(٧) ممانو : ئەمینیتەوە . واتە : ئەگینا ئەگەر ئەو دوستە بە یەگجاری پەردە لە رووی خوی هەڵمالی‌و خوی دەرخا بو مرید ، هەموو عالەم ئەفەوتینی‌و تەنها خوی ئەمینیتەوەو بەس .

— ٥ —

(١) سەرلەتەرە : سەرەتەشی . کرژ : بادراو . دووباد : دووبارە بادراو . واتە : سەرەتەشی‌ی خەم‌و مەینەت کەوتەوە خول خواردن‌و تالی بادراوی، مەینەتی جاریکی تریش بادایەوە .

(٢) مقدمە : نیشانەو سەرەتا . نەیو : نەیەت . واتە : نیشانەی ئەوەش، کە سەرەتەشی‌ی خەم کەوتووەتەوە خول خواردن‌و سەرەتای خەم دەرکەوتووە، ئەوەتە کە دەمم تالە ؛ دەك سا خوا بە خیری نەهینی وا دیارە وادەی جیا بوونەودمە لە دوستان .

-٦-

سەر وە بان عەین عەینم خەم وەردەن
هوون چون چەشمەی عەین نە عەین سەرکەردەن (١)
یەند دەردو ئاهم عەین کەردەن بێ نوور
وەختەن هەشت کەم بۆ نە پەنجەی مەشهوور (٢)

-٧-

سیاییم ئاوەرد ، سفیدیم پێ ڕەشت
هەفتم کەردەوە ، گرێم دا لە هەشت (١)

-٨-

سفیدیم ئاوەرد ، سیاییم پێ ڕەشت
هەفتم کەردەوە ، ڕوو نیام لە هەشت (١)

-٦-

(١) عەین (ی یەکەم) : خوی ــ نەفس ــ . عەین (ی دووهەم) : ئەژنو . عەین (ی سێهەم) : ئاو . عەین (ی چواردم) : چاو . واتە : سەرم دانەوێوە بە سەر ئەژنوم خوێدا ، وە خوین وەک سەرچاوەی ئاو لە چاوەکانمەوە سەری کردووە .

(٢) واتە : داخو دەرد بە ئەندازەیەک ڕووناکیی چاومی کەم کردووە . لەوانەیە ڕوژی ڕووناکم لی ببی بە شەو . وە هەشت ڕکاتی نوێژی نیوەڕۆ عەسر نەمینی لە ناو پێنج فەرزەدا ، چونکە بە شەوا تەنیا نوێژی مەغریبو عیشاو بەیانی هەیە ، ئەو دوو نوێژەکە هی ڕۆژن ، کە ڕۆژ نەما خو دیارە وەختەکەیان ناگوێزرێتەوە بو شەو .

-٧-

(١) واتە : ڕەشیی گوناهم هیناو دەفتەری سپیو پاکی کردەوەی خومە پی ڕەش کردەوەو ، حەوت دەرگاکەی دوزەخم کردەود بو خومو هەشت دەرگاکەی بەهەشتم لە ڕووی خوما داخست .

-٨-

(١) واتە : ڕەنگی سپیم هیناو مووە ڕەشەکانی خومە پی سپی کردو دەرگای گریی حەوتەمی عومرم کردەوەو ڕووم کردە گریی هەشتەم .

(١) ـ ٩ ـ

سازش نه مابەین ئارو پووش کەمەن
وەر نه هانامەن نەفەس یەك دەمەن (٢)

ـ ١٠ ـ

سەنگیی سەنگو خاك نه سەر دۆشم بۆ
مەر ئەوسا مەیلت فەرامۆشم بۆ (١)

ـ ٩ ـ

(١) جاریکیان دوستیك به مەولەوی‌ی وتووه که فوویەك له ئاگر بکا ، ئەویش بەم شیعرە وەرامی داوەتەوە .

(٢) سازش : گونجان . واتە : من لەشم وشك بووەتەوە وەك پووش‌و دەروونیشم وەك ئاگر گەرمە ، ئەگەر فوو بکەم خوم گرم تی ئەچی ، چونکه ئاگرو پووش پیکەوە نایان‌کری ، ئەگەر وا نەبوایە بوچی فووم نەئەکرد ، فوو کردن هەناسەیەکی تی ئەچی .

ـ ١٠ ـ

(١) سەنگی : قورسایي . دوش : کول . واتە : مەگەر کاتیك له بیرم بچیتەوە که قورسایی بەردو خولی قەبر بنیشیتە سەر کولم .



— ١ — [1]

شێخ دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی
یاگەی حەقیقەت جیلوەی ئەحمەدی (٢)
جە شەو و هەوارگەی فەنا وێەردە
پای هەردەی بەقا یاتاغگە کەردە (٣)
متصف بە وەصف شأنی و صفاتی
مشرف بە فەیض تجلای ذاتی (٤)
خەلیفەی صەدای (أدن) شنەفتە
بەڵەد نە سارای ئەطوار هەفتە (٥)

— ١ —

(١) مەولەی ئەم قەسیدەیەی لە وەلامی نامەیەکی شیخی سراج‌الدینا وتووە کە گلەیی کردبوو لێی بوچی نامەی بو نانووسی .

(٢) بەهرە : خوا داو . سەرمەدی : نەبراوە . واتە : ئەی شیخی کە لە بەش و بەهرەی نەبراوەدا دەولەمەندی ، وە جیگای دەرکەوتنی نووری راستەقینەی پیغەمبەری .

(٣) شەو هەوارگە : ئەو شوینانەی کە کوچەری بە ناچاری ئەیکەن بە مەنزل . یاتاغگە : جیگای یاتاغ . واتە ئەی شیخی کە عالەمی فەوتانت بەجێهێشتووەو لە عالەمی مانەوەی هەمیشەییدا جیگات گرتووە .

(٤) واتە : ئەی شیخی کە ئەوصافی فیعلی و ذاتیت هەیە ، وە بەرەکەتی دەرکەوتنی نووری ذاتی خوا لێی‌داوی . ئەوصافی فیعلی ئەو صیفەتانەن کە مەعنای کردن بگەیەنن وەک ری پیشان دان و یارمەتی دان ، ئەوصافی ذاتیش ئەو صیفەتانەن کە لە شەخس خوێدا هەن ، وە لەو لا نادەن وەک زانین و توانا .

(٥) أدن : نزیک بەرەوە . مەبەس لەوەیە کە خوا لە شەوی میعراجا بە پیغەمبەری فەرمووە لێی نزیک ببیتەوە . ئەطوار هەفتە : حەوت حالەکە . ئەهلی تصوف ئەلین مرید ئەبی بە حەوت حالدا تێبپەری تا ببی بە مورشیدی کامل ، حەوت حالەکەش ئەمانەیە : تەصفیەی روح ، تەصفیەی قەلب ، سر ، خەفی ، ئەخفا ، نەفس ، طەبیعەت . واتە : ئەی شیخی کە جێنشینی ئەو پیغەمبەرەی کە بانگی (نزیک بەرەوە)ی بیستووە لە خوا ، وە لە مەیدانی ئەو حەوت حالەدا شارەزای کە بە سەر مریدا تێئەپەری .

واسیطه‌ی ڕاگه‌ی به‌ین عیلمو عه‌ین
صاحیب جناحین یه‌عنی ذی النورین (٦)
پیر پاك جه گه‌رد خاك ناسووتی
مه‌نزڵگه‌ی سه‌ربه‌رز سه‌ر مه‌له‌کووتی (٧)
دڵ وه نه‌وای به‌زم جه‌به‌رووت ئاوا
سێراو سه‌راو لاهووتی ماوا (٨)
(جسما لدینا ، روحا لدیه)
دائیره‌ی ته‌مام (منه الیه) (٩)
بێ ته‌لوین نه سای ته‌مکین‌دا مه‌کین
(روح الله روحه آمین) (١٠)

---

(٦) واته : بو خوا ناسین دوو ریگا هه‌یه ، ریگای زانست که هی زانایانه ؛ وه ریگای له حه‌قیقه‌ت گه‌یشتن که هی ئه‌هلی تصوفه ، وه به هوی تووه ریگای یه‌که‌میان ئه‌به‌سری بـه ریگای دووهه‌مه‌وه ؛ وه زانایان شـارەزای ریگای دووهه‌میش ئه‌بن ، وه تو خاوه‌نی دوو بالی که عیلمی ظاهیرو باطینه . مه‌وله‌وی نه‌زاکه‌تیکی جوانی کردووه له دانانی صیفه‌تی (ذی النورین) دا که له‌قه‌بی حه‌زره‌تی عثمانی خه‌لیفه‌ی سه‌هه‌مه بو شیخی سراج الدین که ئه‌ویش ناوی (عثمان) بووه .

(٧) ناسووت : جیهانی ئاده‌می‌زاد . مه‌له‌کووت : جیهانی مه‌لائیکه‌تان . واته : ئه‌ی شیخی که گه‌ردو خولی جیهانی ئاده‌می‌زادت پیوه نه‌ماوه ، وه له سه‌رووی جیهانی مه‌لائیکه‌تانه‌وه جیگات بو خوت دروست کردووه .

(٨) نه‌وا : ئاوازه . جه‌به‌رووت : هیزی خوا . سیراو : تیراو . لاهووت : خوایي . واته : ئه‌ی شیخی که دلت به ئاوازه‌ی به‌زمی ته‌ئثیری خوا ئاوه‌دانه ؛ وه کانیاوی نه‌رمانی خوات کردووه به جیگه‌ی خوت‌و لی‌ی تیراو بووی .

(٩) واته : ئه‌ی شیخی که به له‌ش لای ئیمه‌و به دل لای خوای ؛ وه دائیره‌ی مه‌عنه‌ویات له خوته‌وه ده‌س پی ئه‌کاو له خوتا دوایي دی .

(١٠) ته‌لوین : ره‌نگ‌کردن ، مه‌به‌س گورینی وه‌زعه . ته‌مکین : جی‌گرتن . مه‌کین : جی‌گرتوو . واته : ئه‌ی شیخی که له سیبه‌ری دامه‌زراوی‌و نه‌گورانی وه‌زعدا جیگات گرتووه ، خوا گیانت تواناترو به‌هیزتر کات .

نامەی ڕۆح ئەفزای شیرینت یاوا
دڵ وە مەردومەك دوو دیدەش ساوا (١١)
تۆی دەروون وە نوور صەفا دا پەرداخ
بۆی ئاشنایيم دا نە ڕووی دەماخ (١٢)
دەرگای حوقەی لاڵ دانەت شکاوان
جە ڕووی لوطفەوە ئینەت فەرماوان : (١٣)
یا کاغەز بڕیان ، یا مەلاّ مەردەن
یا خۆ عارتەن دۆس وە یاد کەردەن
غەمگین مەنیشە غەم بدەر وە باد
فەڵەك نمازۆ کەس وە خاطر شاد (١٤)
ئەوەڵ من کێنان ، وجوودم جە کۆن
واچوون دۆسەنان شەرت قەبوولّ تۆن (١٥) .

---

(١١) مەردومەك : بیبیلەی چاو . واتــە : نامە گیان بەهیزکەرەکەت گەیشت ، دلم هینای بە بیبیلەی چاوەکانیا .

(١٢) واتە : بە تیشکی خوشی ناوی دلی بووژاندمەوەو بونی ئاشنایي کرد بە لووتما .

(١٣) حوقە : سندووق . لال : لەعل . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە دوو شیعری پاشەوە .

(١٤) واتە : دەرگای سندووقی دەنکە لەعلت شکاندووە کە لە ڕووی لوتفەوە فەرموتە یا کاغەز براوە تا لێی بنووسی بوم ، یا مەلا مردووە تا بینووسی ، یا عەیبت لی دی یادی دوستانت بکەیتەوە ؟ وە فەرموتە بــە خەفەتباری دامەنیشەو خەمت بدە بە با ، چونکە فەڵەك کەس بە دڵشادی ناهیلیتەوە .

(١٥) کینان : کیم . کون : کوێیە . واچوو : بڵیم . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە .

ئەر وە بێگانە وەر خوێشم زانی
تۆ حەساوەنی وە هەر چیم وانی (١٦)
دووەم ، چون کەسێ گەدایي کێشی بۆ
یاد تواضع خەصڵەت وێشی بۆ (١٧)
ئەر بارۆ نە دڵ تواضع کەردەن
هەر عادەت وێشی وە جا ئاوەردەن (١٨)
بەڵام هەر کەسێ شێخی میسالەن
عادەت ئیستیغناو شێوەش جەلالەن (١٩)
ئەر جار جارێ نام چون منێ بەرۆ
خرق العادەتێ ظاهیر مەکەرۆ (٢٠)

---

(١٦) زانی : بزانی . حەساودنی : حسیبی . وانی : بخوینیتەوە . مەولەوی بەم شیعرانە وەلامی گلەیي شیخ ئەداتەوەو ئەلی : یەکەم من چیم تا بلیم دوستی تومو نامەت بو بنووسم ، شەرت ئەوەیە تو بە دوستی خوتم پەسەند کەی ، چونکە هەر تو حسیبی بە دوستم دانی‌ی یا بە بیگانە .

(١٧) کیش : پەیرەو . تواضع : خو بە کەم دانان . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایي‌یەوە .

(١٨) بارو : بینی . واتە : دووهەم ، ئەگەر هەژاریکی وەك منی خو بە کەم زانیو بی‌یەوی نامە بنووسی‌و خوی بە کەم بداتە قەڵەم ، ئەوە شتیکی سەیری نەکردووە ، چونکە رەوشتی خوی هیناوەتە دی .

(١٩) شیخی : شیخەکەی من . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشـــەوە .

(٢٠) بەرو : ببا . خرق العادة : شتی لە عادەت بە دەر . واتە : بەڵام هەرکەس وەك شیخەکەی من وابی‌و بی ئیحتیاج بی لە خەڵك‌و خوی نەداتە قەرەیان ، ئەگەر جار جاری ناوی یەکیکی وەك منی بیر بکەوێتەوەو نامەیەکم بو بنووسی ، ئەوە شتیکی کردووە لە دەسی کەس نەیەت .

ئەر ڕاضیت وە یاد خەستەی دڵگیری
یا شێخ تۆ دایم نەقش ضەمیری (٢١)
چ حاجەتەن دەس پەی قەڵەم بەروون
یادم نمەشی چەنیت یاد کەروون (٢٢)
پەی کەسێ خاسەن نامەی جە حوب کەیل
تازە بسانۆ وضوو جە جۆی مەیل (٢٣)
خۆ من هەر جە زوو وە مەیلت مەستم
هەر جان فیداکەی ڕۆکەی (ألست)م (٢٤)
سێیەم ، خەمگینیم جە دەس خەجڵەتەن
خەجڵەتم جە دەس سەختیی غەفڵەتەن (٢٥)
یاران وێنەی صاف مەی ، وە کامەوە
ویەردەن ، چون دورد هەر من مامەوە (٢٦)

---

(٢١) ضەمیر : دل . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٢٢) نمەشی : ناچیت . چەنیت : چونت . واتە : یاشیخ ئەگەر رازیت منی گرفتاری دەردی خەفەتباری یادت بکەمەوە ، ئەوە بزانە کە تو هەمیشە لە دلما نەخش کراویو لە یادم ناچی ، ئیتر هیچ پیویست نییە دەس بەرم بو قەلەم نامەت بو بنووسم .

(٢٣) بسانو : بگری . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری پاشەوەیدایە .

(٢٤) واتە : بو کەسی باشە نامەی پر لە رازی خوشەویستی بنووسی کە تازە لە سەرچاوەی خوشەویستی دەسنویژی گرتبی ، خو من هەر لە کونەوە سەرخوشی خوشەویستیی توم و لە ئەزەلەوە گیان فیدام .

(٢٥) واتە : هوی سەهەمی نامە نەنووسینم ئەوەتە لە بەر خەجالەتیی خوم خەفەتبارمو توانای نووسینم نییە ، بویەش خەجالەتم چونکە زور بی ئاگام لە خواو لە قەبرو قیامەت .

(٢٦) واتە : یاران وەک شەرابی پاک بەسەرچوون ، هەر من ماومەتەوە وەک خلتەی بنی کووپە .

گیای پەژموردەی تەژنەکەی بێ شۆم
چەمەڕای وارای هەور لوتف تۆم (٢٧)
تۆ دەس وە ڕەشحەی ڕەحمەت پەیاپەی
من وەی پڕ خاوی حەیفەن یە تا کەی (٢٨)
تەنیای حەقیقی نەردێ بشانۆ
منو تۆ جە دەس منو تۆ سانۆ (٢٩)
تۆ بێ تۆ لوطفت پەی من زیاد بۆ
من بێ من ڕۆحم وە خزمەت شاد بۆ (٣٠)

-٢- (١)

شەماڵ ئەرجووم هەن هەی وە فیدات بام
وە سەرگەرد باڵ شانای هەوات بام (٢)

---

(٢٧) پەژموردە : سیس بوو . واتە : من وەك گیایەکی سیس بووی لە رادە بەدەر تینووم لی هاتووە ، چاوەروانی بارانی لوتفی توم .

(٢٨) ڕەشحە : نم . واتە : نمی نەبراوەی ڕەحمەت بە دەس تووەیەو منیش بەم جورە خەوم لێکەوتووە ، بوچی چەند دلوپیك ناپڕژینی لە دەمو چاوم تا هوشم بیتەوە بە خوما ؟

(٢٩) بشانو : بوەشینی . سانو : بسینی . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوە پیکەوە دی .

(٣٠) واتە : هیوام وایە تەنیای راستەقینە کە خوایە ، زاری هەڵدا منو تو لە من ــ منو تو ــ تو رزگار بکا ، بەڵکو تو هەر لە خوتەوە لوتفت لە گەڵ من زیاد ببیو منیش بە بی ئاگای خوم ڕوحم بگاتە خزمەتت .

-٢-

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بو دوستیکی نووسیوە کە ناوی (مەلا خەیال) بووەو لە (پاوە) دانیشتووە .

(٢) ئەرجوو : تکا . بال شانا : بال ڕاوەشاندن . مەعنای ئەم شیعرەو سە شیعری پاشەوەی پیکەوە دی . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی (هەی) نووسراوە (خیز) بەمەعنا (هەلسە) .

جەستە خەستەی خار خەم خەلّاتەنان
بەیدا پێو گێڵ دوور ولّاتەنان (٣)
شاخو داخو زاخ چۆڵو هۆڵو کاو
سەر بەردو سەر هەرد ساراو سەر سەراو (٤)
طەی کەر وە پڕتاو مدرات نەبۆ
چون دووی هەناسەم شەوان تا بە ڕۆ (٥)
سەر بەرکەر نە سەر کۆی ئاتەشگاوە
بدیە وە مەسکەن (خانەگا) و (پاوە) (٦)
زار زارو خاس خاس وە زار بناڵە
جا گێر نە سەر ئەوج قولەی (قەزاڵە) (٧)

---

(٣) گیل : گەشت . خەم خەلاتەنان : خەمم بە خەلات دراوەتی . لە هەندی نوسخەدا نووسراوە (هەردە پیوگیل ..) وە لە هەندیکی ترا نووسراوە (بادە پیو گیل) .

(٤) زاخ : وردە بەردی لێژایی شاخەکان . کاو : بەرزایی .

(٥) پرتاو : پەلە . مدرا : وەستان . دوو : دووکەل . واتە : شەمال بە قوربانی خوتو بال وەشاندنت بم بە ئاسمانەوە ، لەشم بە درکو دالی دووری بریندار بووەو خەمو خەفەت بووە بە خەلاتمو دەشتی دوور ولاتان ئەپیوم ، تکام وایە تو بە پەلە هەلکەی ، وە وەک دووکەلی هەناسەم چون گەیشتووەتە هەموو لایەک توش بە شەوو بە ڕۆژ نەوەستی هەموو لایەکم بو بگەرێیت .

(٦) ئاتەشگا : شاخیکە لە نزیکی پاوەوە . بدیە : بروانە . خانەگا : دێیەکە لە نزیکی پاوە لە هەورامانی لەهون . مەعنای ئەم شیعرەو چوار شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(٧) قەزالە : شاخیکە کەوتووەتە پشتی خانەگاوە ، تاقی کراوەتەوە هەرەوەختی بای ببی ئەیکا بە هەورو بارانی لی ئەباری .

تا جه هەر کۆ بۆ تەمان موان جەم
نەو جەمدا زاری مەکەران وە چەم (٨)
سا ماچان یاران ئینە چێشی بیەن
(قەزاڵە) نالاڵش چون جاران نیەن
یەکسان دڵ بەی ڕەنگ پەرێشان جەستەن
هەر کۆ هەن نەشئەی مەعدوومیی خەستەن (٩)
ئانا جە گرۆی جەرگەی هام سەران
(خەیاڵ) گرۆی دانەی دڵبەران (١٠)
چ خێرەن نامەرد مەر نمەزانی
وە لای وێتەوە تۆی دۆس گیانی (١١)

---

(٨) موان : ئەبن . مەکەران : ئەکەن . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (تا جە هەر کو بو) نووسراوە (تا جە سەر هەر کو) واتە تا لە سەر هەر کیویکەوە .

(٩) یەکسان : یەگجاری . هەر کو هەن : لە هەرکوی بی . واتە : لە سەر شاخی ئاتەشگاوە سەر دەربینەو سەیریکی خانەگاو پاوە بکەو لووتکەی قەزاڵە بکە بە جیی خوتو بە عاجزییەوە دەس‌کە بە نالینیکی بە سوز ، جا لە هەر کیویکدا تەم هەبی دیتو لەوی کو ئەبنەوەو دەس ئەکەن بە گریان ، دوستانیش ئەلین ئەبی ئەم نالە نالەی قەزاڵە هی چی بی ، بی‌گومان بونی مەعدوومیی پیوەیە وا یەگجاری دلی بەم جورەی لیهاتووەو لەشیی پەریشانە .

(١٠) گرو (ی یەکەم) : گروە ، کومەڵ . گرو (ی دووهەم) : لە (گرەویدە)ی فارسی وەرگیراوە ، کەسیکە دلی بەسرابی بە شتیکەوە . واتە : مەلا خەیالي دوستم کە دلی بەسراوە بە دانە خالی دولبەرانەوە ، لە ناو کوری ئەو دوستانەدایە .

(١١) نمەزانی : نازانی . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

مەعدوومیی خەم کێشی خەم زەدەی خەمبار
زەرد دەرد سەخت دووریی بالای یار
یەن دەرد بێ حەد جە لاش جەم بەستەن
تەصدیع جە گەردەن ئەزراییل وستەن (١٢)
عەلاوە ئەو بار وێشی وەنەش بارەن
خصووص جە یاگێشی جاکەش دیارەن (١٣)
بەو دەردان سەخت گرد کاریەوە
هەر ئێد مواچۆن وە زاریەوە : (١٤)
دڵ سفتەی بریان زوخاڵیە وێم
خەموە خەم خەیاڵ خەیاڵیە وێم (١٥)

---

(١٢) ئەزراییل : عیزرائیل ، فریشتەی گیانکێشان . وستەن : خستووە . واتە : پێی بڵی هەی بە نامەردت نەکەن ، ئەوە چیتە ، خو تو لای خَوت دوستی گیانی بە گیانیی مەعدوومیت ، ئەوە نازانی ئەو دوستە خەفەتبارە خەم لیداوە خەم هەڵگرتووەت کە بە هوی دەردی دووریەوە زەرد هەڵگەراوە ، ئەوەندەی مەینەت بە سەرا کەوتووە پیویستی بەوە نەماوە کە عیزرائیل خوی ماندوو بکا بروا گیانی بکێشی .

(١٣) یاگی : جێگا . واتە : سەرەرای ئەو بارەی سەرشانی ، خوێشی لی بووە بە بار ، وە بە تایبەتی وای لی هاتووە ئەگەر سەیری جێگاکەی بکەی خوی نابینی تیایا ، وە تەنها جێگەکەی دیارە .

(١٤) گرد : گشت . مواچون : ئەڵێ . واتــە : بەو هەموو دەردە کاریانەیەوە هەر ئەمە ئەڵی بە دەم گریانەوە . وتراوەکەی لە دوو شیعری پاشەوەدا باس کراوە .

(١٥) بریان : گوشتی سوورەوەکراو . زوخاڵی : خەڵووز رەنگ . واتە : ئای لە من کە دڵم سووتاوەو وەك گوشتێکی سوورەوەکراوی وام لی هاتووە کە لە سەر ئاگر دانەگیرابی تا سووتابێو وەك خەڵووزی لی هاتبی .. ئای خەم بە سەر خەما کەوتوو خوم .. ئای هەر تاوێك خەیاڵێك کردوو خوم ..

هەترسوون بمروون جە داخ یاران
هەر بتلوون وە دەرد چون دەردەداران (١٦)

ـ٣ـ (١)

شەماڵ ، دارانەن ٠٠ شەماڵ ، دارانەن ٠٠
زەردیی ڕەنگ نە ڕووی وەڵگ دارانەن (٢)
تەمەن ، گەردەلوول ، بادەن ، بارانەن
بێزیای وارگەی سەر کۆسارانەن (٣)
هەوای سیاماڵ وێنەی جارانەن
پەی سەمت زەهاو زەردەو یارانەن (٤)
هەو هەوو بەو بەو تەڵمیت بارانەن
گەرمیی بەزم نەزم سەر هەوارانەن (٥)

---

(١٦) بمروون : بمرم . بتلوون : بتلیمەوە .

ـ ٣ ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە پاوە وتووە لە کاتی هاتنە خوارەودی جافدا لە کویستانی (دالەهو)وە بو دەشتی زەهاو .
(٢) وەلگ : گەلا . واتە : ئەی شەمال سەرە هاتووەتە سەر درەختەکان . وە ڕەنگی زەرد نیشتووە لە ڕووی گەلادارەکان .
(٣) بیزیا : دل لی بیرزان . وارگە : هەوار .
(٤) سیامال : دەوار . سەمت : لا . (زەردە) و (یاران) : دوو دین لە ناوچەی زەهاو . واتە : دیسانەوە وەك جاران دەوارنشینەکان ئارەزووی چوون ئەکەن بو زەهاوو زەردەو یاران .
(٥) هەو هەو : هو هوی خورین لە ولاخ . بەوبەو : وەرە وەرە . واتە : دەنگە دەنگی لە ولاخ خورینی کوچەریەکان دیت ، وە ئاهەنگی ئاوازەو گورانیی سەر هەوارەکان گەرمە .

نظارەی ڕای ڕاز شەکەروارانەن
فەصڵ سەیر صەید میرشکارانەن (٦)
چ خێرەن نامەرد مەر جە خاوەنی
بێ خۆف جە لوای ڕای زەهاوەنی (٧)
شۆ وە لای ئەو شۆخ جەمین پەڕەی گوڵ
دەوای دەرد سەخت پەی دەرمان دڵ (٨)
مدیۆ وە فیرقەی زەلیلان خێڵ
دیار نییەن مەعدووم لۆنگ خەم وە پێڵ (٩)
مەپرسۆ حاڵم ، ئێدش دەر جواو
واچە ئەو فەقیر سفتەی دڵ کەواو (١٠)

---

(٦) نظارە : روانین . میرشکار : سەرکردەی تیپی ڕاوچییان ، مەبەس لەو ڕاوچییانەیە کە بە بنەو بارخانەوە ئەچن بو ڕاو . واتە : وادەی بە ڕیدا لاکردنەوەی جوان چاکانە بو قسە ، وە کاتی تەماشای ڕاوە ئاسکی ڕاوچییە پوشتەو پەرداخەکانە .

(٧) لوا : ڕویشتن . واتە : هەی شەمالی نامەرد ئەوە چیتە ، خەوت لێکەوتووە ، وا هیچ ترسی ئەوەت لە دڵدا نییە کە دوست کویستانی بەجێهیشتووەو ڕیگای زەهاوی گرتووەتە بەر .

(٨) شو : برو . دەرمان : تیمارکردن . واتە : برو بو لای ئەو دوستە کە دەرمانی تیمار کردنی هەموو دەردیکی سەختی دلە .

(٩) مدیو : ئەروانی . لونگ : بەرماڵە شر . پیل : شان . واتە : کە سەیری تاقمی هەژارانی خیلەکە ئەکا من نابینی کە بەرمالی خەمم کردووەتە شانم .

(١٠) واچە : بلی . مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دواییدا دی .

ئانا دەور مدۆ وە (شاهۆ) کۆوە
وە سزای دووری‌ی دیدار تۆوە (١١)
هەر یەك چەنی یەك وادەشا کەردەن
وادەشان ڕاسەن تا وە ڕۆی مەردەن (١٢)
ئەو ، تا سایەی بەرد ، ئەو ، تا بۆ وە گەرد
ئەو تەمو ئەو خەم ، ئەو سەردی ، ئەو دەرد (١٣)
خۆلاصەی کەلام نوور دیدەی دڵ
شیفای ئێشو نێشی زامان پێ حاصڵ (١٤)
سەوزەی حەیاتم ڕستەی وەفای تۆن
ئەر وەفات نەبۆ زیندەگیم جە کۆن (١٥)

---

(١١) واتە : کە ئەحوالی پرسیم وای وەرام بدەرەوە بلی ئەو هەژارە دل وەك کەباب برژاوە ، لە تاو دەردی دووری‌ی تو هەر خول ئەخوا بە دەوری کیوی شاهودا .

(١٢) مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(١٣) واتە : مەعدوومی‌و شاهو گفتیان کردووە بە یەك ؛ وە ئەو گفتەیان ناشکینن تا ئەم ئەچیتە ژیر سیبەری بەردی ئەلحەدو ئەو لە روژی قیامەتا ئەبی بە توز ، بریاریان داوە شاهو تەمو سەرمای لی نەبری‌و مەعدوومی خەمی لە دل دەرنەچی‌و لەشی بی دەرد نەبی . مەولەوی کە ئەڵی (تا شاهو ئەبی بە توز) ئیشارەت بو ئەو ئایەتە ئەکا کە ئەڵی (و تکون الجبال کالعہن المنفوش) واتە : شاخەکان وەك لوکەی شی‌کراوەیان لی دی .

(١٤) مەعنای ئەم شیعرەش لەگەل شیعری دواییدا دی .

(١٥) رستە : رواو . واتە : بە کورتی ئازیزەکەم کە دەرمانی هەموو دەردیکمی ، پەلە سەوزەی ژیانم بە ئاوی وەفای تو رواوە . ئەگەر تو وەفات نەبی من چون ئەژیم .

شەماڵ داخان ٠٠ شەماڵ داخان ٠٠
شەماڵ ، یا کۆگەرد ، گرد یاگە داخان ٠٠ (١)
شانە شانای تای تورەی وەر زاخان
مڵەمای باڵای نەوتووڵ باخان (٢)
هانام تۆ خودا ، پەنام ئاوردەن
ها ، نام خودام سا پەوکە بەردەن (٣)
جە وێ بەرگ گشت ، کشت هەوادەرنی
هەوای زامەت کەر ، زام دەواکەرنی (٤)
بدیە وە مدرای سەیل ئەسر چەم
فیدای باڵات بام هەی شەماڵ تۆ هەم (٥)

---

(١) داخان : کیوەکان . کۆگەرد : کیوانگەر . واتە : ئەی شەمالی، سەرکیوەکان کە هەموو ئەو شوینانە ئەگەریت کە جاران یاریان تیا دانەنیشت ، وە ئیستا بوون بە جیگای خەم و مەینەت ، چونکە ئەو ڕۆژانەمان ئەخەنەوە یاد ..

(٢) شانا : وەشین . وەرزاخان : گیای لاپاڵی تاش و بەردەکان . ملەما : نەرمکەر . واتە : ئەی شەمال کە ئەچی بە ناو گیای لاتاش و بەردەکانا ، وەک شانە بچی بە ناو زوڵفی لوولی یاری باڵابەرزا ، وە لقە تازە ڕواوەکانی ناوباخەکان نەرم ئەکەیتەوە .

(٣) هانا : هاوار . پەوکە : بویە . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی و نیوەی یەکەمی شیعری پاشتر پیکەوە دی .

(٤) وی : خوت . کشت : کشتوکاڵ .

(٥) بدیە : بڕوانە . مدرا : وەستان . ئەسر : فرمیسک . واتە : تۆ خوا هاوارم بۆ هیناوی سەیریکی وەستانی لافاوی فرمیسکی چاوەکانم بکە .. بویە ناوی خوا دینم چونکە تۆ خوت کردووە بە جڵ و بەرگ بۆ هەموو شتی ، وە باوەشینکەری کشتوکاڵی و ئارەزووی زەحمەت دانی دڵداران ئەکەی و تیماری زامەکانیشیان ئەکەی .. بە کورتی چونکە دەردو دەرمان هەموو لە خوتەوەیە . مەعنای نیوەی دووهەمی ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پیکەوە دی .

ئەر نیمە شەو بۆ ، وەر نیمە شەو بۆ
نیمە خەو ، پڕ خەو نە نیمە خەو بۆ (٦)
وێت دەر وە نەرمی نە تۆی یەمانی
نەو تورِەی مانی ئاو حەیوانی (٧)
سا ئەوسا نە خاو چون بێدار مەبۆ
جە ئەو سات ئەو سات ئاشکار مەبۆ (٨)
مدیۆ ، مدیەی چێشن ، شەماڵ چێشن مدیۆ
مەپەرسۆ چێشەن های شەماڵ جە نۆ (٩)
بدیە وە سەختیی سزای ئێشو نێشن
هەنی واچوون چێشن ، شەماڵ واچی چێشن (١٠)

---

(٦) ودر : پیش . نە نیمەخەو بو : نیوەخەو نەبی .

(٧) یەمانی : جورە قوماشیکە . مانی : هونەرمەندیکی بەناوبانگ بووە نەخشی زور جوانی کێشاوە . واتە : بە قوربانت بم شەمال ئەوەشم بو بکە برو بو لای یار ، وەخت نیوەشەو بی یا بەر لە نیوەشەو بی ، وە یار لە پرخەی خەوا بی یا تازە خەوی لێکەوتبی ، گوی مەدەری بە ئارامی لە ژیر لیفە یەمەنییەکەیەوە خوت بدە لە زولفە لوولەکانی کە ئەلیی موری توغرایەو مانی نەخشی کێشاوەو بە سەر ئاوی حەیاتەودیە کە رووبەتی .

(٨) خاو : خەو . سات : سەعات . واتە : جا ئەو کاتە کە لە خەو خەبەری ئەبیتەوە ، لەو سەعاتەدا لە جوانیی ئەو یارە سەرسام ئەبی ودڵ سەعاتی قیامەتت هاتبیتە بەر چاو .

(٩) مدیە : روانین . واتە : ئەروانی ، چون روانینی ؟ بو چی ئەروانی : لیت ئەپرسی ئەلی : ئەوە شەمال دیسانەوە چی رووی داوە وا هاتووی ؟

(١٠) هەنی : لەمە زیاتر . واتە : شەمال چیت پی بلیم تا تویش بەوی بلییت ، خوت سەیری سزای ئێشو ئازارم بکەو حالی ببە کە چونی وەرام بدەیتەوە .

ئەر هەر مواچی واچە : چێشش واچوون
واچوون ئێد واچە : وە سەرگەردت بوون (١١)
ڕام گنا ناکام وە ناکامداڕێ
چەنی ؟ چەنی خار ، چەنی خار ؟ خاڕێ (١٢)
ئیبتیدا مەعرووض پەی نەظەر ، وە خەو
ئەر وینۆ گەردێ دەرد سەختیی ئەو (١٣)
ئەر صەد جاڕێ بۆ نەو نەمام ، نەو دەشت
فەرقێ نمەبۆ پەی لوای بەهەشت (١٤)

---

(١١) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە شیعری پاشەوەیەوە .

(١٢) رام گنا : ریم کەوتە . ناکام : بە بی مەبەست بوون . چەنی(ی یەکەم) : چون . چەنی (ی دووهەم) : لەگەل . واتە : ئەگەر هەر ئەلیی : بلی چی بلیم ؟ ئەلیم : ئەمە بلی : بە قوربانت بم بە ریکەوت ریم کەوتە لای دلداریکی وا دلیکی بە مراد نەگەیشتووی هەبوو ، ئەگەر پرسی : چون بو ؟ بلی : درکی خەمو مەینەتی پیوە بوو ، وە ئەگەر پرسی : درکەکەی چون درکی بوو ؟ بلی : درکیکی وابوو لە باس کردن نەئەهات .

(١٣) وینو : ببینی . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

(١٤) نمەبو : نابی . بو ئەوەی بە باشی لە مەعنای ئەم دوو شیعرە بگەین ئەبی لە پیشا ئەوە بزانین کە خوا لە ئایەتیکا فەرموویەتی : (أفلا ینظرون الی الابل کیف خلقت) واتە : ئەوە خەلك سەیری وشتر ناکەن چون دروەست کراوە ، تا لەوەوە باوەر بە گەورەیی خوا بکەن ، وە ئەم ئایەتە یەکەمی ریزە ئایەتیکە کە چەند شتیکیان تیا پیشان دراوە بو سەیر کردنو بیر کردنەوە بە هویانەوە لە گەورەیی خوا . هەروەها لە ئایەتیکی ترا فەرموویەتی : (ولا یدخلون الجنة حتی یلج الجمل فی سم الخیاط) واتە : کافرەکان ناچنە بەهەشت تا وشتر نەچی بە کونی دەرزیدا . جا کە ئەمان زانی ئەتوانین بە باشی لە مەبەسی مەولەوی بگەین . مەولەوی بە شەمال ئەلی : بلی بە یار ، وشتر کە یەکەم شتە پیشان دراوە بو ئەوەی سەیری بکریو بە هویەوە بیر لە گەورەیی خوا بکریتەوە ، ئەگەر بیتوو بە خەو ئەوەندەی توزیك لە مەینەت باریی دوستەکەت ببینی ، ئەوەندە باریكو لەرو لاواز ئەبی ، ئەگەر مەسەلەی بە کونی دەرزیا چوونەکە لە جیاتیی جاری صەد جار بی پیا ئەروا ، وە ئیتر لە دەشتی مەحشەرا جیاوازی نامینی لە نیوانی کافرو موسولمانا بو چوونە بەهەشت .

تەمام دەوایي جە دەستت پێتەن
هەنی نەوەشی بە دەست وێتەن (١٥)

شەرارەی کوورەی دەروون پڕ جۆش
دیگ چەمەی چەم ئاوەرد وە خرۆش (١)
سەرکەردەن هوو ناو نە ڕووی ڕوخسارم
کەردەن وە شەتاو جەستەی خەمبارم (٢)
وەلوەلەی لوولەی پێشەی ئازای چاك
یاوا وە سەرین نۆ پەردەی ئەفلاك (٣)
پەرێم مەگرەوان أنس و جن و حوور
نالّە مەکەران جە دەرگای غەفوور (٤)

---

(١٥) نەوەشی : نەخوشی . واتە : هەموو دەرمانیك لە دەستی خوتایەو بە خوتە ؛ هەروەك نەخوش خستنیشت بە دەستە ؛ کەواتە فریای کەوەو چاری کە . .

(١) دیگ : مەنجەل . چەمە : سەرچاوە . خروش : کول . واتە : بلیسەی تەنووری دەروونی بە جوشم مەنجەلە ئاوی سەرچاوەی چاومی هینایە کول و فرمیسکی بە خور لی رژاند .

(٢) واتە : خویناو لە چاومەوە لیشاوی کردووەو لەشی خەمبارمی وەك شەتاو لی کردووە .

(٣) وەلوەلە : ئاوازە . پیشە : ئیسقان . چاك : لەتلەت . واتە : دەنگی شمشالی ئیسقانی تیكشکاوی لەشم گەیشتووەتە ئاسمانی حەوتەم و عەرش و کورسی .

(٤) مەگرەوان : ئەگرین . واتە : ئادەمیزادو جنوکەو حوری یەکانی بەهەشت بوم ئەگرین و ئەپارینەوە بوم لە قاپی ی خوا .

مەلاڵان یەك یەك پەرێ ڕزگاریم
پەرێ ساڕێژیی زامان کاریم (٥)
تۆ نە تۆی حیجاب ئیستیغنا مەدهۆش
نە حەجلەی خاوگای ڕاحەتی خامۆش (٦)
نەیاوان هێمان وە لات فەریادم
نەزانات وە دەرد دادو بێدادم (٧)
سا گۆش دەر ساتێ وەی زیرو بەمدا
بویەر وە باڵین ئەهل ماتەمدا (٨)
تا لێت مەعلووم بۆ سەختیی هیجرانت
بزانی وە دەرد خەستەی زامانت
بەڵکم ڕەحم خەیر باوەری وە دڵ
ساتێ پەی دەروون تەسکین بۆ حاصڵ (٩)

---

(٥) واتە : هەموویان ئەلالینەوە بەلکو رزگار بم‌و زامە کاریگەرەکانم ساریش ببن .

(٦) حیجاب : پەردە . حەجلە : پەردەیەکە دائەدریتەوە بووکی تێ ئەچی . خاوگا : جیگەی خەو . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دواییەوە .

(٧) هیمان : هیشتا . واتە : کەچی تو لە ناو پەردەی بێباکیدای‌و ئاگات لە کەس نییە ، وە لە سەر جیگای رابواردن و نووستنی خوتا خوت مات کردووە ، هیشتا هاوارو فغانی منت پێنەگەیشتووەو پیت نەزانیوە .

(٨) زیرو بەم : ئالەتیکی موسیقایە . بویەر : رابووردە . باڵین : ژوورسەر . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دواییە پیکەوە دی .

(٩) باوەری : بینی . واتە : مادەم بە حالی منت نەزانیوە ، تاویك گوی بگرە لە سازو سەمتووری هاوارو نالەم ، وە بە لای جیگەی خەفەتبارانا تێپەرە ؛ تا بزانی دەردی دووریت چەند نارەحەتەو تێبگەی ئەوەی کە بە زامی تو بریندار بووە لە چ حالیکدایە ؛ بەلکو بەزەییت پیا بیتەوەو کاری بکەی تاوی بحەسیتەوە .

چینه زیاتەر ، شای نەونەمامان
بێ ئینسافی‌یەن جەفای بێ سامان (١٠)

ـ٦ـ (١)

شی ئەو صەفاو سەیر دیدەن یاران
لوا ئەو دووری‌و ئەو وەصڵ یاران (٢)
ئێد نە ئەو دەورەن هەر ماماو مەویەرد
ئەمجار وە ڕاسی چەپ‌گەرد شانا نەرد (٣)
وەخت تماشای سەوزەی شەتاوان
سەیر شکۆفەی پای لارە کاوان (٤)

---

(١٠) چینە : لەمە . واتە : شای تازە پی‌گەیشتووەکان ئینساف نی‌یە لەمە زیاتر سزای بدەی .

ـ٦ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە بەغداوە نووسیوە بۆ کاك ئەحمەدی خەسرەو چاوەش (ئەحمەد پریسی) کە لە شارەزوور بووە .

(٢) شی : بەسەرچوو . واتە : ئەو کەیف‌و ئاهەنگەی جارانی چاوپی‌کەوتنی یاران بەسەرچوو ، وە ئەوە نەما کە لە یار دوور بکەوینەوەو بە تەما بین پی‌ی بگەینەوە .

(٣) ماما : ئەهات . واتە : ئیستا زەمانی ئەوسا نی‌یە کە ناخوشیمان بە سەرا ئەهات‌و تی‌ئەپەری ، ئیستا گەردوون بە یەگجاری زاری ناخوشی‌ی هەڵداوە ، وە جاریکی تر خوشی نابینینەوە .

(٤) شکوفە : گوپکەی درەخت .. پا : داوین . لارەکاوان : لیژایی شاخە بەرزەکان . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

ههداره نهو بهزم شکۆفان جهم جهم
ههنی شکۆفه دیدهنی وه چهم (٥)
ههوج دهجلهی چهم طوغیان کهردهوه
گێج هوون دڵ جۆش ئاوهردهوه (٦)
ئهو سارای بهغداش ئاوهردهن وه تهنگ
ئێد کهردهن سارای کهربهلا ڕهنگ ڕهنگ
ئهو جه ئهندازهی کهشتی بهرشیهن
ئێد بۆی هوون مدۆ ، ڕای گوزهر نیهن (٧)
ئهر نامه نامان قاصید نهیاوان
بینایي دیدهم مهگێره تاوان (٨)
ڕاویارماتهم ، گرد دهروون تهنگهن
قافڵهم تا قام قیامهت لهنگهن (٩)

---

(٥) واته : بههاران له کاتی تهماشا کردنی سهوزایي گوی شهتاوهکانو سهیری گوپکه دهختی داوینی چیاکانا ، له کاتیکا که گوپکهی دهخت کومهل کومهل ههلئهتوقین ، تو به هوی خهمباریتهوه لـه بهر دووریی دوستان ، سهیری ئهو گوپکانه مهکهو لهزهت له دیمهنی بههار وهرمهگره .

(٦) طوغیان : سهرکردن . گیج : ئاوی تهنووره کردوو . مهعنای ئهم شیعرهو دوو شیعری دوایي پیکهوه دی .

(٧) واته : شهپولی فرمیسکی چاوهکانم وهك ئاوی دهجله ههلساوه ، وه خوینی دلم هاتووهته کول ، ئهویان دهشتی بهغدای داگرتووهو لهوهدا نهماوه کهشتی به سهریا بگهری ، ئهمیشیان سهحرای کهربهلای سوور کردووه ، وه له بهر بونی خوین ریی هاتوچو کردن براوه .

(٨) قاصید : نامـه ههلگر . مهعنای ئهم شیعره لهگـهل شیعری دوایدا دی .

(٩) راویار : ریبوار . قام : بهرپا بوون . واته : ئازیز گلهییم لیمهکه ئهگـهر نامهمتان بو نههاتبیو فروسـتاده نهگهیشتبیته بـهرهوه ، چونکه ریبوارهکان ههموو دل تهنگو خهفهتبارن ، وه کاروانم ههمیشه شهلهو دهرهنگ ئهگاته جی .

ـ ٧ ـ (١)

شیفای ئێشو نێش ئەی زامان سەخت
ضیای دیدەو دڵ مەعدوومیی بەدبەخت (٢)
دەستەی وەنەوشەی پەڵدێزت یاوا
بۆش بۆی وەفای لەیل نە دەماخ ساوا (٣)
گەرد دەرد ڕێش دەروون بەردەوە
عەشقەکەی قەدیم تازە کەردەوە (٤)
سەودای وەنەوشەی پەڵدێز باخان
هەوای گوڵاڵان سەرکاوان زاخان (٥)
پەی کەسێ خاسەن ئەوەڵ دەردش بۆ
ئیبتیدای خێزیای دوود سەردش بۆ (٦)

ـ ٧ ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بو شیخی ضیاألدین نووسیوە لە ودرامی ئەوەدا کە ئەو چەپکەیەك وەنەوشەی بو ناردبوو .

(٢) ئەی : ئەم . ضیا : روشنی ، ئیشارەیشە بو لەقەبی ضیأ الدین .

(٣) واتە : چەپکە وەنەوشە پەل سەوزە توخەکەت گەیشت ، بونە خوشەکەی بونی وەفای لەیلی دا لە لووتم . مەبەس لە لەیل شیخی ضیأ الدین خویەتی .

(٤) واتە : توزی دەردی دلە بیمارەکەمی لابرد ..

(٥) سەودا : ئارەزوو . مەعنای ئەم شیعرەو سە شیعری پاشەوە پیکەوە دی .

(٦) خیزیا : هەلسان .

كەرۆ مەشق عەشق وێنەی منالان
گا سەیر كاوان ، گا بۆی گولالان
نەك چون من صەرعی سادار مەردە
لافاو دەردان دڵ وێران كەردە (٧)
كووڕەی عەشق دڵ هەر یەند جۆش وەردەن
گولاڵەم چون وێم فەرامۆش كەردەن (٨)

(١) ـ ٨ ـ

شادی گەرد خەم چۆن نەدۆ وە باد
خەم چۆن وە یاگەی شادی نەبۆ شاد (٢)
ئازیز ، وە كەرەم من تەڵەب كەردەن
من دەرد دووری تەوانام بەردەن (٣)

---

(٧) صەرعی : فیدار . سادار : كەسیكە هەر لە خویەوە لە هوشی خوی بچی . واتە : ئارەزوو كردنی وەنەوشەی پەل دیزی ناوباخەكانو حەز كردن لە گولی سەربەرزایيو زەردو ماكان بو كەسی باشە كە سەرەتای دەردەدار بوونو هەلسانی دووكەلی هەناسەی ساردی بی ، وە وەك منالان تازە فیری دلداری ببیو تاویك بو شاخەكان بروانیو تاویك بونی گول بكا ، نەك وەك منی فی داری بی هوشی مردوو كە لافاوی دەرد دلی ویران كردووم .

(٨) واتە : من تەنووری عەشقم ئەوەندە بە تاوە ، لە تاوا گولیشم وەك خوم لە بیر چووەتەوە .

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بە بونەی ئەوەوە نووسیوە كە جاریكیان دوستیكی ناردبووی بە دوایا بچی بو لای .

(٢) نەدو : نەدا . واتە : شادی چون گەردی خەم نەدا بە با ، وە خەم چون شاد نەبی بە جیگە ناخوشەكەی جارانی شادی .

(٣) واتە : منكە دەردی دووری توانای لی سەندووم ، ئازیز بە لوتفی خوی بانگی كردووم .

دڵ چۆن وەش نەبۆ ، گیان چۆن نەتاوۆ
لەیل ئینتیظار بۆ ، مەجنوون نەیاوۆ (٤)
بێ ئەمرێی فەرمان ئازیز تا وە کەی
های دەرۆیش ، نەێچی، مەێچی، دەف ، مەی، نەي (٥)
بەڵ باڵ بەیداخ تاقەت ئەو پا بۆ
بۆی تەءثیر بەزم بەدرەقەی ڕا بۆ (٦)
دەف ئاسا بەو سۆز نالەو صەداوە
ڕوو ئەو یاران بوو ، پشت ئەو دماوە (٧)
دەس گێروو نە سەر صەدای نەی پەی پەی
تا وە ئینتیهای ئەو سەر صەدای نەی (٨)
چون پیاڵەی صاف دەروون جە مەی کەیل
بنمانوو خاس خاس عەکس چیهرەی لەیل (٩)

---

(٤) نەتاوو : نەتویتەوە . واتە : جاران مەجنوون ئەبوو چاوەروانی لەیل بوایە ، ئیستە کە لەیل چاوەروان بێو مەجنوون نەگاتە بەرەوە ، ئەبێ دل یەگجار شاد بێو گیان لە خوشێدا بتویتەوە .

(٥) واتە : تاکەی بێ فەرمانێی ئازیز بکەمو نەچم بو لای ، دەرویش دەسم دامینت زووکە بدە لە دەفەکەت ، کاکەی شمشاڵژەن تویش شمشاڵەکەت بنێ بە دەمتەوە ، با ساقێیش دەسکا بە مەێگیران .

(٦) ئەوپابو : ڕاست بیتەوە . بەدرەقە : ڕەوانە کراو . واتە : بەڵکو باڵی بەیداخی تاقەتم ڕاست بیتەوەو بونی کارتێکردنی نەم ئاهەنگە لە گەڵما بکەوێتە ڕێ .

(٧) واتە : بەڵکو بە هوێ سوزی نالەو دەنگی دەفەوە هیزم بیتەوە بە بەڕاو وەك دەف ڕوو بکەمە یاران‌و پشت بکەمە دواوە .

(٨) دەسگێروو : دەس بگرم . واتە : وە لە سەر ئاوازی نەیەکە چین چین هەڵپەڕم تا لی ئەبیتەوە .

(٩) بنمانوو : بنوێنم . واتە : وە عەکسی ڕووی لەیلم تیا دەرکەوێ وەك لە پیاڵەی سافی پر لە مەێدا دەرئەکەوێ .

ـ ٩ ـ [1]

شووڕای عاشووران دیسان بەزمش بەست
(موحەڕەم) ئاما (مەحرەم) شی نە دەست (٢)
ئەو خەریك نە چۆڵ شار عەدەمدا
من نە (کەربەلا)ی سارای ماتەمدا (٣)
ئەو (یەزید) مەرگ وە ئەسیر بەردە
من زادەی (زیاد) خەم یەقیر کەردە (٤)

ـ ٩ ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەشی لە لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونی خیزانیا وتووە کە وا دیارە لە مانگی موحەرەمدا مردووە .

(٢) عاشوورا : ڕۆژی دەهەمی مانگی موحەرەم کە یادی کوشتنی حەزرەتی حسەینە . موحەرەم : یەکەم مانگی سالی هیجری . واتە : وا دیسان قەرەبالغی سنگکوتانی ڕۆژی عاشوورا پەیدا بووەوە و مانگی موحەرەم هات ، وە من مەحرەمەکەی خوم لەکیس چوو کە خیزانمە .

(٣) کەربەلا : شاریکە لە ناوەڕاستی عیراقدا حەزرەتی حسەینی تیا شەهید کراوە . واتە : عەنبەر خاتوون لە دەشتی چولی شاری فەوتاوی و نەبوونیدا داماوە ، منیش ئەوەندە خەفەتبارم ئەلی لە سەحرایەکی خەفەتا کەوتووم کە ئەوەندەی کەربەلا ، لە ڕۆژی کوشتنی حەزرەتی حسەیندا ، خەم و خەفەتی تیایە .

(٤) یەزید : کوری مەعاویە ، ئەوەی لەشکری کردە سەر حەزرەتی حسەین و کوشتیان . زادەی زیاد : ئەوەی لە زیاد کەوتووەتەوە ، مەبەس عبیداللەی کوری زیادە کە فەرمانداری لەشکرەکەی یەزید بوو . یەقیر : گیر خواردوو . واتە : ئەو مەرگ بە دیل بردوویەتی کە وەك یەزید وایە ، منیش خەم گیری پی خواردووم کە وەك عبیداللەی کوری زیادە .

بازارەن ، وادەی مامەڵەن ، ساقی
هەی بگرە فانی ، وەی بدەر باقی (٥)
ڕۆ ، (حسەین) ئاسا فەردا کە ڕۆ بۆ
داخۆم سەر جە کۆ ، لاشەم جە کۆ بۆ (٦)

— ١٠ —

شەریك نالەی شەوان بێدارێم
مەڵهەمەکەی ئێش زامان کارێم
مەحرەم حەرەم کەعبەی مەقصوودم
ڕەهنومای طەریق یاگەی سجوودم (١)
بە مەرگت دایم خدێم زاریەن
ڕەفیقم نالەی شەو بیداریەن (٢)

---

(٥) ساقی : مەبەس لێی خوایە . واتە : خوایە ئەم جیهانە وەك بازار وایە جیگای مامەلە کردنە ، شتی فەوتاومان لی وەربگرە کە ژیانی ئەم دنیایەیە ، وە لە بەرامبەریا شتی نەبراوەمان بدەری کە ژیانی هەمیشەیی بەهەشتە .

(٦) واتە : هەی ڕو .. سبەینی کە ڕۆژ بووەوە ئاخۆم منیش وەك حەزرەتی حسەین سەرم بکەوێتە کوێو لاشەم بکەوێتە کوێ .

مەولەوی لەم قەسیدەیەدا ئیشارەتی بۆ کارەساتەکەی حەزرەتی حسەین کرد کە لە ڕۆژی دەی موحەرەمی سالی ٤٠ی هیجریدا ، عبیداللەی کوڕی زیاد ، فەرماندەری لەشکری یەزید لە دەشتی کەربەلادا گەماروی داو سەری بریو سەرەکەی نارد بۆ شام بۆ یەزید .

— ١٠ —

(١) واتە : وەك چون حەرەمی کەعبە بە تایبەتی نەبی بۆ کەس ناکرێتەوە ئامانجەکانی منیش هەر تۆ پێیان ئەزانیو شارەزایانی ، وە تۆ ڕیگای جیگای سوجدە بردنم پیشان ئەدەی . مەبەسی لە سەردانەواندنە بۆ خوشەویستی

(٢) خدی : خوو .

خەریکم نە گێنج بەحر موشکوڵدا
هەر دەردەن مەیۆ مشۆ وە دڵدا (٣)

ـ ١١ ـ (١)

شنەفتم دوور با لەیل زوکامشەن
دیشوار بالای نەونەمامشەن (٢)
هەنارەکەی دڵ پڕ جە دانەی ئێش
پیشیای کوورەی نار عەشق وێش (٣)
بە مەودای موژگان سۆراخش کەرۆ
وە گەرمی نیشان دەماخش دەرۆ (٤)

---

(٣) مشو : ئەچی . واتە : لە گیژی دەلیای گیروگرفتا گیرم خواردووەو، هەر تاوی دەردیکی تازە دی ئەچی بە دلما .

ـ ١١ ـ

(١) مەولەوی ئەم چەند شیعرەی بو دوستیکی ناردووە کە هەلامەتی بووە ، دەرمانی تیا پیشان ئەدا بو هەلامەتەکەی .

(٢) دیشوار : گیروگرفت . واتە : بیستوومە لەیل ، دوور بی لێی ، هەلامەتیەتی وە بالای نەونەمامی نارەحەتە .

(٣) پیشیا : پیشاو . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٤) موژگان : برو . سوراخ : کون . دەرو : بدا . واتە : دلەی وەک هەنارم کە پرە لە دەنکی ئیشو ئازار ، لە ناو تەنووری ئاگری عەشقی خویا بپیشینی ، وە بە تیغی برژانگی خوی کونی کاو بونەکەی هەلمژی چاک ئەبیتەوە . بە کورتی هەناری بپیشینیو کونی بکاو بونی پیوە بکا .

(١) ـ ١٢ ـ

شنەفتم گیانم بالا تووڵ نەی
ئیرادەت کەردەن چەنی خەستەت بەی (٢)
مەگەر پای تەدبیر بەدبەختی ڕێش بۆ
گیان هەوای صوحبەت جەستەکەم پێش بۆ
وەرنە شێتە وێم ، دڵوەشیی دڵەن
گیان جە تەن بەرشی ئاماش موشکوڵەن (٣)

ـ ١٢ ـ

(١) مەولەوی ئەم چەند شیعرەی بە بونەی ئەوەوە نووسیودکە دوستیکی نیازی بووە لە گەلیا بروا بو سەفەریك ، ئەمیش ئەوەی زور پی خوش بووە .

(٢) گیانم : گیانەکەم . نەی : قامیش . بەی : بێیت . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (خەستەت) نووسراوە (هاوری) . مەعنای ئەم شیعرەو شیعرەکانی پاشەوە پیکەوە دی .

(٣) شیتە : شیتوکە ، نەفام . بەرشی : دەرچوو . واتە : ئازیزە بالا وەك قامیش بەرزەکەم بیستوومە وێستووتە لە گەل منی دەردەداری خوتا بێیت ، بەلام مەگەر قاچی تەگبیر کردنی بەدبەختی شکابی ، تو کە گیانمت لایە بتەوی ببی بە هاوریی لەشم ، ئەگینا قور بە سەرم مەگەر بەم جورە هیوایانە هەر دلی خوم خوش کەم ، چونکە گیان کە لە لەش دەرچوو زەحمەتە جاریکیتر بگەریتەوە بو لای .

پیپی صاب

صەد پەرێم دایم خەم بەستەن کەڵەك
ئاخ هەر یەکجار داخ تۆ سەوزەن فەڵەك (١)
مەپێکی ناکاو جە نیمەڕادا
نیگای ئارەزوو وە تمنادا (٢)
کام سەر ، شام تەمای تاج کەێت نەکەرد
صوبح دەم وە تاج سەر نەێت نەکەرد (٣)
کێ بی کێ مەجلیس شادی نیاوە
پۆس کەللەش وە دەف تۆ دەنگ نەداوە ؟ (٤)
مەعدووم ، ئەر زەڕەی شێوەی فاماتەن
بە فام قەرینەی لوات ئاماتەن (٥)

— ١ —

(١) واتە : هەرچەند خەمو مەینەت کەلەکی فروفیلی بو ناومەتەوە ، بەلام فەلەك داخی تو یەکجار سەوزە ، چونکە ئەگەر تو نەبی بە سەرباری ئازارم خەم لە عودەم نایەت .

(٢) مەپیکی : ئەبەستی . تمنا : هیوای شتی دوور . واتە : هەر کاتی ئادەمیزاد ئارەزووی شتیکی ئاسان بکا ، بەر لەوەی بگا بەو ئارەزووەی ، تو لە ناوەراستی ریگادا جێبەجی بوونی ئەبەستی بە مەرجیکی واوە کە نەیەتەدی .

(٣) شام : ئیوارە . صوبح دەم . دەمی بەیانی . نەی : رم . واتە : کام سەر بوو تو لە ئیوارەدا تەماعی لە سەر نانی تاجی کەیت نەنایە بەری و بو سبەینی خویت نەکرد بە تاج بە سەر نووکی رمەوە ؟

(٤) نیاوە : نایەوە . پوس : پیست . واتە : کێ بوو ئاهەنگی شادیی گیراو پاشان پیستی کەللەی بە دەفی تووە دەنگی نەدایەوە ؟

(٥) فاما : تێگەیشتن . فام : عەقل . واتە : مەعدوومی ئەگەر ئەودندەی توزی نیشانەی تێگەیشتنت پیوەبی ، ئەبی بە عەقل ئەوە بزانی کە هاتنە دنیات نیشانەی مردنتە .

ئەی ڕا ڕای خەتەر ڕاویارانەن
سفیدیش غوبار کەللەی یارانەن (٦)
بورکەش چای دیدەی پڕ هوونارو دڵ
میل ، باڵای بێ گیان وامەندەی خجڵ (٧)
ها صەف پێکان پۆس کەللەی هامدەمان
کەللەبڕ پەی پۆس کەللەمان تەمان (٨)
هۆردەر چەنی سۆز دەروون پڕ نێش
فەریاد ئەو ساقیو ئەو نەیچیو دەرۆیش (٩)
صەدای دەفو نەی بەیۆ نە گۆشت
نەشئەی مەی بەخشۆ حەیات وە هۆشت (١٠)

---

(٦) سفیدی : سپیەتی . واتە : ئەم ریگای دنیایە ریگایەکی مەترسیدارە بو ریبواران ؛ وە توزە سپیەکەی توزی کەللەی یارانە کە مردوون .

(٧) بورکە : چالاو . میل : ئەو دارەی کە جاران لە سەر ریگا دایان ئەچەقاند بو ئەوەی ریبوار ری ون نەکا . وامەندە : داماو . واتە : چالاوەکانی ڕووی زەوی چالی چاوی مردووەکانە پرە لە خویناوی دلیان ، دارە داچەقینراوەکانیش بالای داماوی بێگیانیانە .

(٨) صەف پیکان : ریزی بەستووە . واتە : پیستی کەللەی هاوریان ڕیزکراوەو ؛ سەربڕ چاوەڕیی ئیمەشە سەرمان ببڕیو کەللەمان بگورویتەوە .

(٩) مەولەوی لێرەدا دوابەدوای ئەو قسانەی لە گەل خویو فەلەکدا کردی ، بە خوی ئەلی : مادەم فەلەك ئەمە کردەوەیەتی لە گەلمان ، بە سوزی دەروونی دەردەدارتەوە بانگی مەیگیرو شمشال ژەنو دەرویشی دەفزەن بکە .

(١٠) بەیو : بیت . بەخشو : ببەخشی . واتە : با دەنگی دەفی دەرویشو شمشالی شمشالژەن بیتە گویت ، وە نەشەی مەیەکەیش هوشت بژیینیتەوە .

بویەر جە سای تەرز دەفو نەیەوە
وە زات مەستیی نەشئەی مەیەوە (١١)
تا کەی کەنۆ دەست چەرخ چەپ ئەندێشی
پۆس کەللەت ناکاو پەی پۆس کەللەی وێشی (١٢)

-٢-

صوبحەن ، بۆی گوڵان میاونۆم نەسیم
وێنەی وای ڕەحمەت خەزانەی کەریم (١)
صەحراو دەشتو دەر بەهەشت منمانۆ
مۆرەی هەوای وەش وە شەش دەر شانۆ (٢)
جە هەر تەرەفدا موینوون گوڵزار
ڕەنگ ڕەنگ مەدرەوشۆ بە وێنەی دڵدار (٣)

---

(١١) واتە : بەو ئازایەتییەوە کە پەیدا ئەبی لە سەرخوش بوون بە نەشەی مەی ، لە سایەی شیوەی لێدانی دەفو شمشالا تێپەڕە .

(١٢) کەنو : هەلکەنی . واتە : ئیتر بزانین کەی دەستی گەردوونی نیاز خراپ پیستی کەللەت ئەگروی‌و ئەی‌کا بە پیست بو کەللەی تەپلەکەی‌و ئەی‌کوتیتەوە .

-٢-

(١) میاونوم : پیم‌ئەگەیەنی . وا : با .

(٢) منمانو : ئەنوینی . واتە : نەسیم هەموو لایەك ودك بەهەشت ئەنوینی ، وە نەردی هەوای خوش بە هەر شەش قورنەی دنیادا هەڵئەخا . شەش قورنەکە سەر ، خوار ، راست ، چەپ ، بەر ، دوا .

(٣) موینوون : ئەبینم . مەدرەوشو : ئەدرەوشیتەوە .

لاله گەردەن کەچ تۆی دیدە ڕەشتەن
گۆیا عەکس یار وە ڕووشدا وەشتەن (٤)
چەمەن هام لیباس سەوز ڕەنگ پۆشان
وەفراو چون ئەسرین دیدەی من جۆشان (٥)
جەمادو نەبات گرد شادیشانەن
جەماڵ ڕۆژ عید ئازادیشانەن (٦)
تەمام ڕووی دنیا جە شادی کەیلەن
دڵ نەبۆ پەشێو فیراق لەیلەن
سەهلەن بەهارم دۆزەخ ئاسا بۆ
بەهەشتم بێ دۆس دۆزەخ نما بۆ (٧)
وەر نە دۆزەخدا یارم دڵبەر بۆ
پەی من ئار نە تۆی گوڵشەن وەشتەر بۆ (٨)

---

(٤) لاله : گولیکی ناوچاو ڕەشە . ڕەشتەن : ڕەشتووە . وەشتەن : باریوە . واتە : لاله گەردنی کەچکردووەو ناوچاوی خوی ڕەشتووە ، ئەلیی عەکسی یاری بە ڕوودا باریوە

(٥) چەمەن : چیمەن . جوشان : هاتووەتە جوش .

(٦) جەماد : دارو بەرد . نەبات : ئەوەی بڕوی . واتە : دارو بەردو دڕەخت هەموویان شادیانە ، وە بە بونەی ڕۆژی جەژنی ئازاد بوونەوە لە جەوری زستان خویان جوان کردووە .

(٧) واتە : شتیکی ئاسانە لە بەر دووریی لەیل بەهارم لی ببی بە دۆزەخ ، وە بەهەشتم وەك دۆزەخ وابی .

(٨) ئار : ئاگر . وەشتەر : خۆشتر . واتە : ئەگینا ئەگەر لە دۆزەخدا دولبەر یارم بی ، ئاگر خۆشتر ئەبی لام لە ناو باخچەی گول .

دڵ دوو زنجیرەی زوڵف نیگارەن
وە سەیر سەوزەو سەحراش چ کارەن (٩)

ـ ٣ ـ (١)

صەدای های هیلال هام فەردان مەیۆ
زەمزەمەی تەکبیر هام دەردان مەیۆ (٢)
یەکێ هام ڕەفیق دۆس دڵدۆزەن
یەکێ مەست کەیف جەژن پیرۆزەن (٣)
من نەبوون شادیم جێ بێزار بیەن
گەرد وە سەر من ، کەس دیار نیەن (٤)
شەوم تاڵەی شووم ، هیلالم قامەت
شەفەق هوون دڵ ، مەنزڵگە زامەت (٥)

---

(٩) واتە : دڵم بەسراوە بە دوو زنجیری زولفی یارەوە ، ئیتر چیەتی بە سەیری سەوزەو سەحراوە .

ـ ٣ ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بە بونی جەژنی ڕەمەزانەوە وتووە .
(٢) واتە : دەنگی (ئای ئەوە مانگ .. ئەوە مانگ)ی هاوریانو ، نالەی (الله اکبر) کردنی برادەران دیت .
(٣) دڵدوز : ئەوەی دل ئەدووری بە خویا . واتە : سەیری خەڵك ئەکەی یەکیك هاوریی دوستیکە دلی دووریوە بە خویا ، یەکیکی تریش بە خوشیو ئاهەنگی جەژنی پیروز مەست بووە . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (دڵدوزەن) نووسراوە (دڵسوزەن) .
(٤) واتە : من نەبی شادیم لی بیزار بووەو هیچ نایەت بە لامەوە ، هەی قور بە سەرم وا کەسم نیەو بیکەس کەووتووم .
(٥) واتە : لە جیاتیی شەوی جەژن چارەی ڕەشی ، وە لە جیاتیی مانگی یەکشەوە بالای چەمیوە ، وە لە جیاتیی ئاسوی سووری ئیوارەی جەژن خوینی دل ، وە لە جیاتیی مەنزلگەی شەوی جەژن زەحمەت شك ئەبەم .

تەکبیرم نەوای زام مەهجووری
دەسم هەمئاغۆش زام ڕەنجووری (٦)
جەژنو جەژنانەم هەر یەك جەردەیێ
بەردەوە پەی هەرد ، مطرب پەردەیێ (٧)
لەرزەی ڕیشەی دڵ ، سەمتووری دەستوور
وەزن طەبع تار پڕ سۆزەی سەمتوور (٨)
واچە بەو مەقام ئەڵواناتەوە :
هەی داد ٠٠ هەی بێ داد مەعدووم واتەوە : (٩)
خەستەی خار خەم ، خەم خەیاڵ وێم
وە کزەی دەروون تەن زوخاڵ وێم

---

(٦) نــەوا : ئاوازە . هــەمئاغوش : هاوباوەش . واتە : لــە جیاتیی (الله اکبر)ی بەیانیی جەژن هاوارمە لە تاو ئیشی زامی دووری ، وە لــە جیاتیی ئەوەی دەس بخەمە دەسی خەلك بو جەژنە پیروزە دەسم باوەشی کردووە بە زامی گرفتاریدا .

(٧) پەردە : نقام . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشــەوە پیکەوە دی .

(٨) واتە : جەردە جەژنو جەژنانەمی فراندووە بو گیو ، سا توخوا کاکەی گورانیبێژ نقامیکم بو بلی ببی بە مایەی لەرزینەوەی ریشــەی دلەکەم کە هەمیشــە وەك سەمتوور دەنگی لیوە دی ؛ وە ئاوازەکەی لە سەر شیوەی تار بیو پر بی لەو جوشو سوزەی کە لە سەمتوور هەستی پی ئەکری .

(٩) ئەلوانات : ڕەنگاوڕەنگت . واتەوە : وتیەوە . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشــەوە پیکەوە دی .

بێ ئەبڕۆی هیلال نەو نیهاڵ وێم
نیەت نا دروست ، عید بەتاڵ وێم (١٠)

صەد دووری چون دڵ مەعدوومیی دڵتەنگ
مارۆ ئەو فریاد دڵەی سەخت سەنگ (٢)
سزان ئەر گێڕۆ تەم دڵەی کاوان
هەور نەو وە جان ڕێزۆ هوونەاوان (٣)
بەڵام ، تاقەتێ ، های هەورە ئامان
ها نە سەفەردا شای نەونەمامان (٤)

---

(١٠) نەونیهال : تازە داچەقینراو . واتە : بەو نقامە رەنگاورەنگەتەوە پیی بڵی هەی داد هەی بێداد مەعدوومی دیسانەوە وتیەوە : ئای بریندارم درکی خەفەت خوم .. ئای هەمیشە بیر لە خوم کەرەوە خوم .. ئای بە هوی کزەی دەروونەوە لەش بوو بە خەلووز خوم .. ئای لەبەر نەبوونی مانگی یەکشەوەی بروی یاری نەونەمام ، ڕۆژوو دانەمەزراوو جەژن بەتاڵ خوم ..

(١) مەوڵەوی ئەم قەسیدەیەی بە بۆنەی سەفەر کردنی دوستیکیەوە وتووە .

(٢) مارو : دینیتە : مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٣) سزان : شایانە . گیرو : دابگری . ریزو : بریژی ..

(٤) واتە : ئەی هەور هەرچەند دووریی یار دڵی بەردی ڕەقیش دینیتە دەنگ ، وەک منی خەفەتباری هیناوەتە دەنگ ، وە حەقە ئەگەر تەم دڵی شاخەکان دابگریو تویش لە گیانتەوە خویناو ببارینی ، بەڵام تو کەمیک خوت ڕاگرەو باران مەبارینە چونکە یار بە ڕیوەیە ..

نازکیش چون ناز جه حەد بەرشی‌یەن
خاتردارێش کەر وێنەی کەس نی‌یەن (٥)
وێش چۆن حەوسەڵەی وەشتو تەم دارۆ
یادش نە دڵدا زەحمەت مویارۆ (٦)
پەی بار خاتر ئەو شیرین شێوە
چ حاجەت وەی تەم ، وەی سەیل ئێوە (٧)
وەسەن دووی بەدەن جە گیان جیای من
وەسەن سەیل چەم بەخت سیای من (٨)

---

(٥) واتە : ناسکی‌ی یار وەك نازەکەی ، زور زیاد لە ئەندازە دەرچووە ، دڵی راگرە ئەو وەك کەس نی‌یە .

(٦) دارو : هەیەتی . مویارو : تی‌ئەپەری . واتە : یار ، وا لەوی یادی بە زەحمەت بە دڵی منا تی‌ئەپەری کە تەمی مەینەت دای‌گرتووە ، ئیتر خوی چون حەوسەڵەی ببی تەم دای‌بگری‌و بارانی بە سەرا ببارێ ؟

(٧) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە .

(٨) واتە : ئەی هەور ئەگەر هەر سووری لە سەر باران باراندن‌و تەم کردن بە سەر یارا ، ئەوا بو باری دڵی ئەو پیویست ناکا خوت تەم‌و بارانی بنیریتە سەر ، دووکەڵی لەشی لـــە گیان جیا بووەوەی من‌و لافاوی چاوی چارەڕەشم بەسە .

تیپی ضاد

— ١ — (١)

ضیای دڵ نامەت وە لای دڵڕێشان
یاواو ڕەنگین کەرد بەزم دەرووێشان (٢)
شنەفتم پەرێت ڕاس گێڵاڵ چەپ گەرد
بە وەصڵ لەیلا شادمانت کەرد (٣)
دڵ وە نزیکی هەر یەند مەسروور بی
جە سزای مەینەت ڕای دووری دوور بی (٤)
پەرێ تۆ ڕاحەت ، پەرێ من زامەت
وەردەبێم هەردوو تا ڕۆژی قیامەت (٥)
تۆ نە تۆی باخچەی وەصڵ دڵبەردا
من نە پێچ گێج دەریای خەتەردا (٦)

— ١ —

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بو شیخی ضیاالدین نووسیوە لە وەرامی نامەیەکی ئەوا کە مژدەی هاتنەوەی دوستیکی تیا بووە .

(٢) واتە : ئەی ڕووناکی‌ی دلم ، نامەکەت کە بو منی دل بریندارت نووسیبوو گەیشت ، وە کوری ئاهەنگی هەژارانی خوش کرد .

(٣) گیلا : وەرگەرا . واتە : بیستم گەردوونی چەپگەرد بو تو راست دەرچوو ، وە بە وەصڵی یار دلشادی کردی .

(٤) واتە : دلم بە نزیك کەوتنەوەت لە لەیل یەگجار شادمان بوو ، وە دوور کەوتەوە لە چەشتنی سزا بە بونەی ڕیگا دووری‌ی تووە .

(٥) وەردەبیم : بخوین . واتە : یا خوا تا ڕوژی قیامەت تو هەر ڕەحەت بی‌و من مەینەت بچێژم .

(٦) واتە : تو لە باخچەی وەصڵی یارا ڕابویری‌و من لە گێژو تەنووڕەی دەڵیای خەتەردا وەختم بەرمە سەر .



فەڵەك بێ فرسەت ٠٠ فەڵەك بێ فرسەت ٠٠
ئەی چەرخ چەپ گەرد ، بێ سەبرو فرسەت (١)
غدار بەدکار ، بێ وادەو بەینەت
پڕ جەورو ستەم بێ میهرو مۆبەت (٢)
فەڵەك ، وە بەختم چ نەردێ شانای
نامەی حەیاتم وە هیچ نەوانای (٣)
مەزرەعەی شادیم دای وە فەنادا
پووشەکەی جەستەم وە سۆزەی بادا (٤)
ئازیزم جە من بێگانە کەردی
شەرت دۆسیمان جە بەین لابەردی (٥)
عەهدو مۆبەتت نە ویرش بەردەن
نە مەرهەم زام ، نە دەوای دەردەن (٦)

— ١ —

(١) بی فرسەت : ماوە نەدەر . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی (بێ، سەبرو فرسەت) هەر (فەلەك بی فرسەت) دووبارە کراوەتەوە .
(٢) وادە : وەعدە ، بەلین . بەینەت : بەین ، میانە . میهر : خوشەویستی .
(٣) نەوانای : نەتخوێندەوە . واتە : ئای فەلەك چ نەردیکت هەڵدا بو بەختی من ، لاپەرەی میژووی ژیانمت بە هیچ نەخوێندەوەو گویت نەدایە .
(٤) واتە : کیلگەی شادیو خوشەویستیمت فەوتاندو ، لەشی وەك پووش باریك بوومت دا بە دەم باوە .
(٥) واتە : ئازیزمت لێکردم بە بیگانەو مەرجی دوستایەتیت لە نیوانماندا نەهێشت .
(٦) واتە : بەلینو خوشەویستیت لە یادی دوست بردووەتەوە ، ئیستا نە مەلهەم ئەنیتە سەر زامەکەم وە نە دەرمانی دەردم ئەکا .

فیراقش فەرقم تا وە پەنجەی پام
ڕەگو ڕیشەو پۆس جیا کەرد تەمام (٧)
لافاو ئەسرین نە چەم هۆرێزا
وەڵگەکەی سەر تەڵ حەیاتم ڕێزا (٨)
هەر ئازام پەی وێش شێنو زاریشەن
لاڵەو ناڵەی سەخت زام کاریشەن (٩)
تۆ بێ وەفاییت جە حەد بەرشیەن
باکت جە فەریاد مەزڵوومان نیەن
یەند ئازارم دای بێ ئەروام کەردی
وەسەن جەفاو جەور بێ مەیلیو سەردی (١٠)
شوهرەی مەجنوونیم لوان وە عاڵەم
کافر مەگرەوۆ پەی شوومیی تاڵەم (١١)

---

(٧) فەرق : تەوقەسەر . واتە : دووریی ئەو یارە ڕەگو ریشەو پیستی لەشمی لە تەوقی سەرمەوە تا پەنجەی پیم هەموو لە یەك کردووەتەوە .

(٨) هوریزا : هەلسا . تەل : لق . ریزا : وەری . واتە : لافاوی فرمیسك لە چاومەوە هەلساو گەلای سەر تەلی ژیانمی وەراند .

(٩) واتە : ئیستا هەر ئەندامیکی لەشم بو خوی شین ئەکاو لە تاو ئیشی زامی سەخت نالەو هاواریەتی .

(١٠) واتە : ئەوەندەت ئازار دام گیانت لا نەهیشتم ، ئیتر با بەس بی سزادانو بیوەفایی کردن .

(١١) شوهرە : شهرت ، ناوبانگ . لوان : رویشتووە . مەگرەوو : ئەگری .

ڕەحمێ کەر ئازیز جە هیجر حاڵت
مانوو پەی تەواف ئاسانەی ماڵت (١٢)

ـ ٢ ـ [1]

فەسڵ نەو پایز تازە کەردەن مەیل
شەماڵ هەرزان کەرد ڕشتەی نەو سوەیل (٢)
گێج سەرکاوان جە سەردی بین کەیل
بۆ مدان چون بۆی بێ وەفایي لەیل (٣)
ئازیز تاقەت شی ئاخر نەفەسەن
ڕەحمێ کەر ئامان ئیستیغنا وەسەن (٤)
بەرکەنار کزەی دەروون پڕ داخان
پەی تۆ تەصدیعەن سەردیی لەیلاخان (٥)

---

(١٢) واتە : ئازیز ڕەحمیکم پی بکە لە تاو دووریی تو نەمرم ، بەڵکو بمینمەوە بو زیارەت کردنی بەردەرگای ماڵەکەت .

ـ ٢ ـ

(١) مەوڵەوی ئەم قەسیدەیەی بو دوستیکی نووسیوە کە پایز داهاتووەو ئەو هەر لە کویستان ماوەتەوە .

(٢) ڕشتە : ڕەنگکراو . واتە : پایزی نوی مەیلی تازە کردووەتەوەو هاتووەتەوە ، شەمالیش گەلای ئەستیرەی سیوەیل زەرد کردووی وەراندووەو هەرزانی کردووە لە بن دارەکانا . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (شەمال) نووسراوە (رزان) بە مەعنا داوەرین .

(٣) مدان : ئەدەن . واتە : چاڵو شیوی شاخەکان پربوون لە سەرما ، وە وەك بیوەفایي لەیل چون بونی دی ، ئەوانیش بونی سەرمایان لی دی .

(٤) شی : چوو . واتە : ئازیز دوا هەناسەمەو تاقەتم نەماوە ، کەم بی پەروا بە لە گەلم ڕەحمیکم پی بکە .

(٥) بەرکەنار : بیخەرە لاوە . واتە : چش گوی مەدە بە کزەی دەروونی دوستە داخ لە دلەکان ، ئەگەر لە بەر خاتری ئەوان ناگەریتەوە ، هیچ نەبی لە بەر ئەوە بگەریرەوە کە کویستان سارەوو نارەحەتە بوت .

جه قه‌تاره‌ی خێڵ دیده سیاوان
باقی هه‌وارگه‌ی گه‌رمیان ئاوان (٦)
گه‌رمه‌سێر دڵ مه‌عدوومی نه‌بۆ
وارگه‌ش خاڵی‌یه‌ن قیبله‌م دوور جه تۆ (٧)
کۆچێ که‌ر وه خه‌یر مه‌نزڵ وه مه‌نزڵ
تا قه‌دیم وارگه‌ی گه‌رمیان دڵ (٨)
نه‌یاوایي ، های ساقی ، زۆر ئاوه‌رد
ته‌فاوت نه به‌ین وه‌صف ئازیز که‌رد (٩)
نمه‌دۆ نه چه‌م تار دڵه‌ی ته‌نگ
بێ وه‌فایي دۆس صه‌فاو وه‌فا ڕه‌نگ (١٠)

---

(٦) ئاوان : ئاوه‌دانه . مه‌عنای ئه‌م شیعره‌و شیعری پاشه‌وه‌ی پیکه‌وه دی .

(٧) وارگه : هه‌وارگه . واته : هه‌وارگه‌کانی گه‌رمیان هه‌موو ئاوه‌دان بوونه‌ته‌وه به ریزی یارانی چاورەش ، هه‌ر گه‌رمیانی دلی من چوله‌چونکه توی تیا نیت .

(٨) واته : که‌واته ئازیز به خیر کوچ بکه‌و مه‌نزل به مه‌نزل بکه‌وه ری تۆ ئه‌گه‌یته دلم که هه‌واری گه‌رمه‌سیری خوته .

(٩) نه‌یاوایي : تی‌نه‌گه‌یشتن . مه‌وله‌وی لێره‌وه رووی قسه‌ی وه‌رئه‌چه‌رخینی‌و ئه‌لی : کاکه‌ی مه‌ی‌گیر تی‌نه‌گه‌یشتن زوری بو هاوردووم بوێ جیاوازیم خسته نیوانی سروشته‌کانی یار که باسی بی‌وه‌فایي ئه‌وم کرد ، ئه‌گینا ئه‌بی دلدار فه‌رق نه‌کا له نیوانی هیچ سروشتیکی یاراو هه‌موی پی خوش بی .

(١٠) نمه‌دو : دیاری نادا . تار : تاریك . واته : له‌به‌رئه‌وه‌یه که تی‌نه‌گه‌یشتن زوری بو هیناوم ، وا وه‌فاو بی‌وه‌فایي یار له چاوی تاریکی دله‌ی خه‌فه‌تبارما وه‌ك یه‌ك نانوینن .

چون تەمام نە تەم غەفڵەتەنان گوم
سا مەی ، نەك وە جام ، های وە خوم وە خوم (١١)
تا یەكسەر مایەی خامیم بسانۆ
چون جەماڵ جەلال جە لام بنمانۆ (١٢)

-٣-

فەڵەك مشناسووت كارت چەپ گەردەن
دەست درازەن پەی زامان كەردەن (١)
چیش مبۆ ئەی زام نە دڵ نەدەری
مەحرووم وڵات قیبلەم نەكەری ؟ (٢)
پەی تۆ دیدەنیی شەم دیدارەكەش
پەی تۆ گۆشدای ڕاز شەكەرواڕەكەش (٣)
بەڵام با وەس بۆ ئەی تاڵەی شوومە
بازەم دڵوەشم وەی بەروبوومە (٤)

---

(١١) خوم : كووپە . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیكەوەدی .

(١٢) خامی : تی‌نەگەیشتووی . بسانو : لی‌بسینی . جەمال : سروشتی میهرەبانی . جەلال : سروشتی بی‌وەفایی . واتە : كاكەی مەی‌گیر لەبەرئەوە كە بە تەواوی لە دەلیای نەزانیدا خنكاوم ، دەس‌كە بە مەی دەرخواردانم ، بەڵام بە كووپە نەك بە پیك ، بەڵكو بە یەكجاری هویەكانی تی‌گەیشتنم لی بسەنی ، وە سروشتی بی‌وەفایی لەیلم وەك وەفاو میهرەبانی لە لا بنوینی .

-٣-

(١) مشناسووت : ئەتناسم . درازەن : دریژە .

(٢) نەدەری : نەدەی . واتە : چی ئەبی ئەم زامە نەكەی لە دلم ، وە بی‌بەشم نەكەی لە ولاتی یار ؟

(٣) شەم : شەمع ، موم . گوش دا : گویچكە شل‌كردن . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پیكەوە دی .

(٤) بازەم : لیم‌گەری . واتە : چش با چاو پی‌كەوتنی شەمعی رووی یارو ، گوی شل كردن بو قسەی وەك شەكر شیرینی ، بو تو بی ، بەڵام با ئەم چارە رەشی‌یەی منیش بەس بی ، بیلە لیرە بمینمەوە ، چونكە دلم خوشە بەم ولاتە .

پەی فێنکی‌ی دڵ هەراسانەکەش
کافی‌یەن تەواف ڕای ئاسانەکەش (٥)
ئازیز ، کام هوون بی دیدەم پێ نەڕەشت ؟
یا کام زووخاو بی دەروونم نەچەشت ؟ (٦)
یا دڵ کام مەینەت زامت نەکێشا ؟
وە کام قیمەی دەرد جەرگم نەئێشا ؟ (٧)
وەسەن کۆن تاقەت ، بڕیان سەبووری
مەتاوون کەروون گفتوگۆی دووری (٨)
ئاخر ئازیزم تەوانام چۆنەن
تەوەن نی‌یەنان دڵ گۆشتو هوونەن (٩)
ئایر دان بەو تەور مۆبەت سەرای دڵ
مەیلەکەت مەندەن بێ مەسکەن خجڵ (١٠)

---

(٥) واتە : زیارەتکردنی ریگای بەرمالیان بەسە بو فینك بوونەوەی دلم کە بە هوی ئەوەوە ماندوو بووە .

(٦) واتە : گیانەکەم کام خوین بوو چاوم پی نەرشتو بە چاوما نەهاتە خوار ؛ وە کام زووخاو بوو دەروونم نەی‌چەشت ؟

(٧) واتە : یان دلم مەینەتی کام زامی دەستی توی نەکیشاو ؛ کام دەرد بوو جەرگم نەبوو بە قیمە لە ژیریاو پی‌یەوە ئیشی نەکرد ؟

(٨) کون : کوا . بریان : براوە . مەتاوون : ناتوانم .

(٩) تەوەن : بەرد . واتە : ئاخر ئازیز چون بتوانم قسە بکەم . خو من بەرد نیم ، دلم گوشتو خوینە ، گوشتو خوینیش هەر ئەوەندەی لە توانادا هەیە .

(١٠) خجل : داماو . واتە : بە جوریك ئاگرت ناوە بە دلمەوە کە جیگەی خوشەویستی‌ی تویە ، کول‌وکوت دامراندووەتەوەو ، خوشەویستیت لە بەر بی‌جیگەیی داماوە .

فەریادم وە تۆن ٠٠ فەردیام وە تۆن،
هانا هەی ئازیز فەریادم وە تۆن (١)
دەردم گرانەن ، ئەڵوەدام بێ شۆن
شیفام ئینتیظار مەیل بالای تۆن (٢)
ڕەحمێ کەر وە دڵ خەستەی زارەکەت
بدیە وە ڕوخسار بێ قەرارەکەت (٣)
زەردم ، زاییفم ، بێ خوردو خوابم
سەرگەردان وێڵ بێ صەبرو تابم (٤)
خۆراکم خەفەت ، ژینم مەینەتەن
وە مەرگت حەیات وە لام زەحمەتەن
مەر تۆ وە ڕەحمەت بێ پایان وێت
وە لوطفو کەرەم نومایان وێت (٥)

---

(١) فەریاد : هاوار .

(٢) ئەلوەدا : الوداع ، مالاوايي . مەیل : لاکردنەوە . واتە : دەردم گرانەو مالاوايي کردنم بو بەجێهیشتنی دنیا لە ئەندازە دەرچووە ، وە چاك بوونەوەم چاوەروانی لاکردنەوەیەکە لە بالای تووە . مەبەسی ئەوەیە ئەگەر لایەك بکەیتەوە لە لاما چاك ئەبمەوە و نامرم .

(٣) واتە : ڕەحمی بکە بە دوستە نەخوشەکەت کە هەمیشە خەفەتبارە وت ، وە بروانە بە ڕووی خوشەویستەکەتا کە ئارامی لی براوە بوت .

(٤) بی خورد : ئەوەی هیچی پی نەخوری . خواب : نووستن . تاب : توانا .

(٥) نومایان : ئاشکرا . مەعنای ئەم شیعرە بە سە شیعری پاشەوە بەسراوە .

جامێ جەو بادەی وەصڵ دیدارت
جەو قەهقەهەی مەی شیشەی ڕوخسارت (٦)
بە وێنەی جاران سا پێم دەرەوە
عیسەوی ئاسا ئیحیام کەرەوە (٧)

— ٥ — (١)

فەڵەك ، کام تیر بی نەدات نە دەروون
جە کام زامانت شکایەت کەروون (٢)
چون بێ حەدەن زام دەس تۆ کەردە
ڕووکەروون ئەو لای دۆس وێەردە (٣)

---

(٦) قەهقەهە : قاقای پیکەنین . مەبەس لە قرمەی دەمی کووپەی شەرابە لە کاتی شەراب لی داکردنیا .

(٧) عیسەوی ئاسا : بە شیوەکەی حەزرەتی عیسا . واتە : مەگەر تو بە ڕەحمەتی نەبراوەی خوتو بە لوتفی ئاشکرات وەك جاری جاران جامیکم بدەیتی لە شەرابی وەصلی بالاتو لە قرمەی شووشەی شەرابی ڕووت ؛ وە وەك حەزرەتی عیسا چون مردووی زیندوو ئەکردەوە ، تویش من زیندوو بکەیتەوە . لە شیعری یەکەمو سەهەمی ئەم سە شیعرەدا ناکۆکیەك هەیە لە نیوانی (مەر تو) و (پیمدەرەوە) و (ئیحیام کەرەوە) دا ؛ ڕەنگە هەلەی ئەوانە بی کە نوسخە کونەکانیان نووسیوەتەوە . ڕاست کردنەوەی ئەم ناکۆکیە بەوە ئەبی شیعری ئاخری بەم جورە بوایە :

بە وینەی جاران پیم بدەریوە
عیسەوی ئاسا ئیحیام کەریوە

— ٥ —

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە سەر قەبری دوستیکی وتووە کە نەمانتوانی بزانین کیە ، وە میژووی مردنی تیا باس کردووە بە پێی حەرفی ئەبجەد .

(٢) نەدات : نەتدا . شکایەت : شکات .

(٣) وێەردە : بەسەرچوو . واتە : لەبەرئەوە کە زامی توکردوو ئەوندە زورە لە ژمارە نایەت ، وا باشە ڕوو بکەم بە لای دوستی کوچ کردووەوە .

ئازیز ، تۆ هەرچەند بێ مەیلی کەردی
وە بێ من تەشریف ئەو حضوور بەردی (٤)
من تەنیایي تۆ مدۆ ئازارم
جە ناماییي وێم خەجاڵەت‌بارم (٥)
ئای بێ وەفا وێم من ڕاحەت وەش ڕەنگ
تۆ دڵ‌تەنگ ، بێ‌ڕەنگ ، نە سای سەرد سەنگ (٦)
ئەی جەستەی خەستەم ڕەویەش نەفاما
دڵ وە زیارەت مەزارت ئاما (٧)
دەروون وە سۆزش ئایر نماوە
زوان پەی تەریخ پڕ جە دوعاوە (٨)
بە ئامین جە شەڕ دۆزەخ ئازاد بی
وە سەیر ڕەحمەت ئەبەدی شاد بی (٩)

---

(٤) مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

(٥) نامایی : نەهاتن . واتە : ئازیز هەرچەند تو بی مەیلیت کردو بی من تەشریفت برد بو حوزووری خوا ، من لە بەر ئەو بی‌مەیلی‌یەی تو عاجز نیم ، لەوە دڵگرانم کە تو تەنیایت ، وە شەرمەزارم چونکە لە گەلت نەهاتم .

(٦) واتە : ئای بی وەفا خوم ، ئیستا من ڕەحەتم‌و ڕەنگم خوشە ، تویش دڵگرانی‌و لە ژیر سیبەری بەردی قەبرا ڕەنگ لە ڕووت براوە .

(٧) مەزار : زیارەتگا ، قەبر . واتە : ئەم جەستە بریندارەی من ڕەوشتی نەفامی تا لە گەلتا بی بو ئەو دنیا ، وا دلم هاتە سەر قەبرەکەت بو زیارەت .

(٨) واتە : دەروونم بە سوزیکی ئاگرینەوەو ، زمانم بە دەم دوعا کردنەوە بوت ، ئەم شیعرەی دواوەیان وت کە ژمارەی حەرفەکانی نیوەی یەکەمی ، سالی مردنت ئەگریتەوە .

(٩) واتە : خوا بە قوبوول کردنی دوعای ئیمە لە شەری دوزەخ ئازادت بکا ، وە دلت خوش بکا بە تەماشا کردنی ڕەحمەتی نەبراوەی خوی . نیوەی یەکەمی ئەم شیعرە بە پێی حەرفی ئەبجەد ، وە لە سەر شیوەی نووسینی کونی کوردی (بە آمین جە شر دوزخ آزاد بی) ئەکاتە ١٢٥٨ کە ئەبی سالی مردنی ئەو دوستەی مەولەوی بووبی .

سیپی قاف

ـ ١ ـ (١)

قیبلەم تۆم نە دڵ ٠٠ قیبلەم تۆم نە دڵ
تا ڕۆی قیامەت هەر تۆم ها نە دڵ (٢)
فیدای شێوەت بام جەمێ پەڕەی گوڵ
دڵ جە تاسەی تۆ دایم مدۆ چڵ
ماتم وێنەی سەنگ ، زەردم چون خەزان
دایم پێچ مدەو چون ماران گەزان
گەستەی مار خاسەن ساتێ دوو ساتەن
ئەر نەمرۆ زیندەی ڕووی سەر بساتەن (٣)
ئەما من دەردم چون دەردەداران
دایم هەر وە سۆن چون گەستەی ماران (٤)
جە هیجران تۆ هەر سات مەرگمەن
قەترە قەترەی زووخ نە ڕووی جەرگمەن (٥)
کاشکی هەر ڕۆ یەك سیاماڕێ
هەر دوو پام مەگەست چەند جار نەك جارێ (٦)

ـ ١ ـ

(١) ئەم قەسیدەیەم تەنها لە نوسخەکەی (شیخ جافری سید صادق) دا دیوە ، شیوەی لەوە ناچی کە هی مەولەوی بی ، بەلام هەر نووسیمەوە چونکە بە هی ئەو درابوە قەلەم ، وە ئەگەر راست بی هی ئەو بی ، ئەبی لە سەرەتای شیعر وتنیا وتبێتی .

(٢) توم نە دل : تو لە ناو دلمای .

(٣) واتە : ماران گەستە حالی زور باشترە لە من ، چەند سەعاتیك ئازار ئەچێژی ، پاشان یا ئەمری یا چاك ئەبیتەوەو وەك جارانی لی دیتەوە .

(٤) واتە : بەلام من هەمیشە وەك ماران گەستە وامو سویم پیا دیتەوە ..

(٥) زووخ : کیم .

(٦) کاشکی : خوزگە . ڕو : ڕوژ . مەگەست : بگەستایە .

سەر منیام وە سای گڵکۆی تازەوە
چەنی حەسرەتان بێ ئەندازەوە (٧)
نەك بەی تەور دیدەم مەردەی زیندە ڕەنگ
هەر ساتێ صەد جار سەر مدۆم وە سەنگ (٨)
پەشێوو مەلوول ئیمان هەردەنان
ڕۆێ تا صەد جار پەی تۆ مەردەنان (٩)
فیدای وەفات بام یا وەفات نیەن
یا خود بەدکاران مانیعت بیەن
قیبلەم تۆ خوداو گشت پەیغەمەران
ئەگەر مەیلت هەن وێنەی دڵبەران
بکیانە پەرێم گاهێ پەیامێ
بنویسە وە لام دوعاو سەلامێ (١٠)

---

(٧) سەر منیام : سەرم ئەنا . گڵکو : کومەڵە گڵی سەر قەبر . واتە : بە داخەوە لە سیبەری کومەڵەگڵی قەبری تازە هەڵکەنراوا دانرامایە .

(٨) واتە : نەك وەك ئیستا کە بە سەر زیندووم‌و لە راستیدا وەك مردوو وام ، وە داخ‌و خەفەت هەر سەعاتی صەد جار سەرم ئەدا بە بەردا .

(٩) ئیمان هەردەنان : ئیمانم لا نەماوەو داویەتە هەرد ، مەبەسی ئەوەیە لە بەر نارەحەتی ئاگای لە هیچ نەماوە . روی : روژی . مەردەنان : مردووم .

(١٠) لەو نوسخەدا کە ئەم قەسیدەیەمان لی وەرگرت ، لە پاش ئەم شیعردوە دوو شیعری تر هەبوو کە لە مەعنادا جیاوازیەکی وایان نەبوو لەم شیعردو شیعری پیشەوەی . لە بەر ئەوە لەویدا هەڵمان گرت‌و لیرەدا پیشانی ئەدەین ، وە لامان وایە دانەر ویستبیتی یا ئەو دوو شیعرەکە هەڵگری‌و ئەمانیان لە جی دانی ، یا بە پیچەوانەوە . ئەمەش دوو شیعرەکە :

سا ئەر زەرەی مەیل دلداری پیتەن
دیدەم چەمەرای دەلیل ریتەن
یا دەلالەتی ، یا وە پەیامی
بکیانە پەریم دوعاو سەلامی

یا وەس بنیشوو ماتو پەشێو حاڵ
یا وەس بکێشوو هەناسان کاڵ
پەی چێش بێ مەیلیت کەردەن وە پیشە
گاهێ تۆپچ پەی من ئاهێ بکێشە
باقی والسلام ، قیبلەی میحرابم
بڵێسەش بەرزەن جەرگ کەبابم

ـ ٢ ـ (١)

قوربان ! قوربانەن ، جەژنەن ، شادی‌یەن
دەس نە گەردەنەن ، ڕۆی ئازادی‌یەن (٢)
هەی دەس بۆس دەس بۆس وەش نیگارانەن
خەیر ، پا بۆس پا بۆس خاتر دارانەن (٣)
کۆن کوشتی‌و ، باردێی گوڵ جەمینانەن
هەی سەر ، هەی ئەرواح دڵ خەمینانەن (٤)
هەر کەس گیان وە کەف پەی نیگارێوەن
هەر یەك قوربانی‌ی وەفادارێوەن (٥)

ـ ٢ ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بە بونەی جەژنی قوربانەوە وتووە .

(٢) قوربانەن : جەژنی قوربانە .

(٣) دەس بوس : دەس ماچ کردن .

(٤) کوشتی : حەیوانی بو سەربرین ئامادە کراو . باردی : بیهینن . واتە : وادەی ئەوەتە کە یارە جوانەکان بپرسن کوا حەیوانی قوربانی ؟ بیهینن با سەری ببرین ، دلدارانی خەفەتباریش بلین فەرموون ئەوە سەرو گیانمان لە بەر دەستانایە .

(٥) مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

سیوای سەودایي هەراسانەکەت
مەحرووم جە کەفتەی پای ئاسانەکەت (٦)
نە پەی چەم سورمەی گەرد پالّاتەن
نە پەی گیان قوربان بەژن بالّاتەن (٧)
مەرد پەی (ئۆسا دەی) بێ دریّغەکەت
بسم الله تەکبیر دەس بە تێغەکەت (٨)
پەی قوربان کەردەی نالّە نەی ڕەنگ بەی
چێشش مبۆ ئەر بەی ؟ وەی پەی من ئەر نەی (٩)
سا تۆیچ من وەرە ، وە قوربانی کە
من وە قوربانیی ڕای ڕەبانی کە (١٠)

---

(٦) سیوا : بیجگە . کەفتە : کەوتن . واتە : هەرکەس بگری گیانی خوی ناوەتە سەر دەستی بو جوانیك ، وە خوی کردووە بە قوربانی بو یاریك ، منی نەخوشی گرفتارت نەبی کە بی بەش بووم لە کەوتن لە بەر قاپیی‌یەکەتا .

(٧) واتە : نە چاوم ، توزی کەوشەکانتی دەس ئەکەوی بیکا بە کلەی خوی ، وە نە بو گیانم ئەلوی کە ببی بە قوربانیی بەژنو بالات . مەولەوی لیرەدا ئیشارەت بو ئەوە ئەکا کە ئوسوولە حەیوانی قوربانی پیش سەربرینی چاوی ئەریژن .

(٨) ئوسا دەی : وەستا دەی دەس پی بکە . واتە : مردم بو ئەوە بفەرمووی بە قەساب خوی ئامادە کاو کیردەکەی بگری بە دەستیەوەو دەس‌کا بە (بسم الله) و (الله اکبر) کردن بو سەر برینم . ئوسوول وایە لە کاتی سەر برینی حەیوانی قوربانیدا قەسابەکە ئەلی (بسم الله والله اکبر) .

(٩) مبو : ئەبی . واتە : چی ئەبی ئەگەر بی‌یت منی نالە وەك قامیشی ؛ ڕەنگ وەك بەی زەرد ، بکەی بە قوربانی ؟ هاوار بو من ئەگەر نەیەیت .

(١٠) وەرە : بەرخ . ڕەبانی : خوایي . واتە : سا تویش منی بەرخ بکە بە قوربانیی ڕیگای خوا پەرستی .

ئەوسا تۆپچ پەی وێت خەیرێت کەردەبۆ
منیچ کەمتەر زووخ دەردم وەردەبۆ (١١)
مەعدوومیی بەدبەخت نا تەمامەنی
ڕاسەن بێ دەوڵەت خەیاڵ خامەنی (١٢)
قوربانی مشیۆ جە عەیب بەری بۆ
فیدایي پەسەند ڕای دڵبەری بۆ (١٣)
تۆ پا شکستەی بەرد هەردەی دەرد
چەم کۆر مەینەت ، تەن زایف ، ڕەنگ زەرد (١٤)
خەیاڵێت کەردەن جە ڕووی نادانی
چ لایق وە تۆن ڕوتبەی قوربانی (١٥)

ـ ٣ ـ [1]

قیبلەم کەردەنی ٠٠ قیبلەم کەردەنی
جە نامەت بەی تەور ئیظهار کەردەنی (٢)

---

(١١) واتە : ئەگەر ئەوە بکەیت خیریك ئەکەی بو خوت‌و کاریك ئەکەی منیش کەمتر زووخ‌و کیمی دەرد بچێژم .

(١٢) لێرەوە مەولەوی دەس ئەکا بە وەرام دانەوەی خوی‌و ئەلی : هەی بەدبەخت تو زور ناتەواوو بی‌کارەی ، وە خەیالت خاوە .

(١٣) مشیو : ئەبی . واتە : قوربانی ئەبی عەیبی پیوە نەبی‌و لە ڕێی دلداری‌دا پیش‌مەرگەیەکی پەسەند کراو بی .

(١٤) واتە : تو بە بەردی شاخ‌و هەردی دەرد قاچەکانت شکاون ، وە چاوت لە بەر مەینەت کوێر بووەو لەرو لاوازی‌و ڕەنگت زەردە ، ئیتر چون بو قوربانی دەس ئەدەیت ؟

(١٥) واتە : لە ڕووی بێ ئەقڵی‌یەوە ئەم خەیاڵەت کردووە ، کەی تو لایقی ئەوەی پایەی قوربانیت بدرێتی .

ـ ٣ ـ

(١) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە وەڵامی دوستیکیا نووسیوە کە نامەی بو نووسیبوو ؛ وە گلەیي لی کردبوو تیایدا کە دلی سارد .

(٢) کەردەنی : کردووتە . ئیظهار کەردەنی : دەرت بڕیوە .

نویسیابێ لێش تۆ دڵ سەردەنی
دڵ هەر یەکێوەن تۆ وێت بەردەنی (٣)
دوو حاڵەن جە لات زنجیرت کەردەن
ئەر گەرمی گەرمەن ، وەر سەردی سەردەن (٤)
ئیتر تۆ جە کەس مەپەرسە خەبەر
بینایيم ، نەزەر وە حاڵ وێت کەر (٥)
ڕاستش هەر ئێدەن ئیظهارم کەردەن
قەسەم بەو کەسە نەزاو نەمەرگەن (٦)
شەرتم شەرتێوەن مەجنوون شەرت کەردەن
لەیل من تۆنی تا وە ڕۆی مەردەن (٧)
تۆ خواجەمەنی ، من کەمتەر غوڵام
پەی تۆ غوڵامم ، باقی والسلام (٨)

---

(٣) نویسیابی : نووسرابوو . لیش : لی . بەردەنی : بردووتە .

(٤) وەر : وە ئەگەر . واتە : دڵم دوو حاڵی هەیەو هەردوو حاڵەکەی بەسراوە بە خوتەوە ، ئەگەر تو بە سوزی بو من ؛ ئەوا ئەمیش گەرمە ؛ وە ئەگەر بی مەیلی ، دیارە ئەمیش سارەدە .

(٥) واتە : کە ئەوەت زانی ئیتر لە کەس مەپرسە ؛ سەیری دڵی خوت بکە حاڵی من ئەزانی وە تی ئەگەی بە وەفام یا وەفام نیە .

(٦) نەزا : کەسێک لە کەس پەیدا نەبووبی . نەمەرگ : ئەوەی هەرگیز نەمری ؛ مەبەس خوایە .

(٧) واتە : شەرتم هەر یەک شەرتە ؛ لەو جوردیە کە مەجنوون لە گەل لەیلی کرد ؛ تویش لەیلی منی تا ئەو ڕۆژەی ئەمرین .

(٨) خواجە : خاوەنی بەندە . غوڵام : بەندە .

قوربان ، ئەر چەندێ نامام وە لاتان
چەم ڕۆشن نەوی وە گەرد پاتان (١)
هەی ڕۆ نەواچان ئەو غەم پەروەردە
ئەڵبەت مەیلمان نە دڵ بەرکەردە (٢)
خەیر وەڵڵا تا گیان نە تۆی قەفەس بۆ
کەمکەم ئامۆشۆی ئامای نەفەس بۆ (٣)
حەیاتم وە مەیل بالای یارانەن
مەیلم هەر ئەو مەیل هەردە جارانەن (٤)

---

(١) نامام : نەهاتم . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

(٢) نەواچان : نەلین . واتە : قوربان لە بەر ئەوە کە ماوەیەکە نەهاتووم، بو لاتانو توزی ریگاتان چاومی ڕوشن نەکردووەتەوە ، نەفەرموون ئەڵبەتە ئەو پەروەردەی دەستی خەمە مەیلی ئیمەی لە دل دەرکردووە .

(٣) قەفەس : مەبەس لەشە یا قەفەزەی سنگ . مەعنای ئەم شیعرەش لە گەل شیعری دواییدا دی .

(٤) هەردە جاران : جارانی پیشوو . واتە : نەوەللا هەرگیز وا تێنەگەی کە مەیلم کەم بووەتەوە ، تا گیانم لە قەفەزی لەشما مابێو کەمکەم ماوەی هەناسە دانم ببی ، هەر بە خوشەویستیی بالای یاران ئەژیم و خوشەویستیم هەر خوشەویستیی یەکەی جارانە .

ـ ٥ ـ [1]

قوولەی بایەقوش صوب وە هەردەوە
زام کۆنەو نۆم تازە کەردەوە (٢)

ـ ٦ ـ [1]

قسەیێ ئەکەم بە ڕێو جێ وێ
کە لەیلێ نەوو ، با بەییجێ وێ (٢)

ـ ٥ ـ

(١) وا مەشهوورە بایەقوش لە هەر لایەك بخوینی نیشانەی ویران بوونی ئەو شوینەیە . مەولەویش جاریکیان گوێی لە خویندنی بایەقوشیك بووە بە شاخیکەوە ، بەو بونەوە ئەم شیعرەی وتووە .

(٢) مەبەسی ئەوەیە بە هوی خویندنی بایەقوشەوە ڕۆژانی ڕابوردووی کەوتەوە یاد کە لە ئەنجامی خویندنی بایەقوشەوە ڕێو شوینی یاران هەمووی تیکچوو ، وە بوو بە هەوارگە کون .

ـ ٦ ـ

(١) ئەحمەد پریسی دوو خوشکی بووە (لەیلی) و (بەهیجە) ، مەولەویش حەزی لە لەیلی کردووە بیهینی ، بەلام ئەو شووی کردووە بە یەکیکی تر ، ئەنجا مەولەوی ئەیەوی بەهیجەی خوشکی بینی ، وە بو خوازبینی ئەم شیعرە ئەنووسی بو کاکەی .

(٢) واتە : کە لەیلیم دەس نەکەوت ئەم خوشکەکەتم بدەڕی . ئەحمەد پریسیش لە وەڕاما بوی ئەنووسیتەوە :

قسەیي ئەکەی بی ڕێو جی وی
تو کە مەجنوونی ، چون بەییجی وی ؟

واتە : مەجنوون ئەبی لە لەیلی بەولاوە کەسی نەوی ، ئیتر تو چون داوای بەهیجە ئەکەی ؟


تلیپی کاف

— ١ — (١)

کۆن ئەو دڵ دیدەش بەرایي بدۆ
وە گەرمیاندا یدیۆ وە بێ تۆ (٢)
کۆن ئەو چەم بێ تۆ بەو ڕەنگ دڵشاد بۆ
سەیر مەنزڵگەی ئێلاخش یاد بۆ (٣)
داخ پەی تۆ چ تەور بێ ڕەحمی کریان
ئێلات پەی ئێلاخ باز ئیذنش دریان (٤)
هەوای وەرکاوان چەنی تۆ وەش بی
صەدای شەتاوان چەنی تۆ وەش بی (٥)
تای چین چنوور پای تاف بەفراو
هەر وە تۆ مەکەفت نە دەورەی کلاو (٦)

— ١ —

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەشی لە لاواندنەوەی عبدالرحمانی کوڕی مەحموودی یاروەیسا وتووە .

(٢) بدو : بدا . واتە : لە کوێیە ئەو دلەی چاوی بەرایي بدا بڕوانی بێ گەرمیان کە توی تیا نەبی .

(٣) واتە : لە کوێیە ئەو چاوەی ئەوەندە دلی خوش بی تەماشا کردنی کویستانی لە یاد بی .

(٤) ئیلات : عەشایر . باز : دیسانەوە . واتە : داخی بە جەرگم چ بی ڕەحمیەکیان لە گەل کردووی ، بە بی تو ئیزنی چوونە کویستانیان داوەتەوە بە عەشایرەکان .

(٥) وەرکاوان : پێینی شاخەکان . صەدا : هاژە .

(٦) مەکەفت : ئەکەوت . واتە : هەر بە تو ئەکەوت لە داوینی تانگەی بەفراوەکانا چلی چنوور بکەیتەوەو بە دەوری کلاوەکەتا بیکەی بە سەرتا .

هەر گوڵ پەی دەماخ بۆ عەنبەرین بی
دەستش هەر وە دەس تۆوە شیرین بی (۷)
ئیسە کێن پەی سەیر دڵ نە ئاهەنگ بۆ
وە بێ تۆ دیدەم مەر دڵ جە سەنگ بۆ (۸)
کاڵای ماتەمیت پەی ئاڵەم سەندەن
دەشتان گشت زیندان هەربەندان بەندەن (۹)
هەوارگە ماتەم ، گوزەرگە بێ ڕەنگ
شۆنەکەم پڕ خەم ، سەیرانگە دڵ تەنگ (۱۰)
خوێشان پەرێشان پەلاس نە گەردەن
تو خوا بازەشان چون تۆشا مەردەن (۱۱)

---

(۷) واتە : هەر گولیکی بونخوش ، وەختی جوان ئەبوو دەسی بە دەسی تووە بی . ئەشگونجی (دەسش) نەبی (دەسەش) بی ، واتە : وەختی جوان ئەبوو چەپکەکەی بە دەسی تووە بوایە .

(۸) واتە : ئیستا کێیە دلی ئارەزووی لە تەماشا کردن بی ، ئازیز مەگەر دل بەرد بی بە بی تو ئەو ئارەزووە بکا ؟

(۹) ئاڵەم : عالەم . هەربەندان : جیگاکانی بەستنەوەی ولاخ . بەند : دەرگا داخراو . واتە : بە مردنت جلو بەرگی مەینەتت بو عالەم کریوە ، وە دەرو دەشت هەمو وەك زیندانیان لێهاتووەو کەس ناگەری پیایاناو دەرگای تەویلەی ولاخەکان داخراوە کەس ناچی بو راو .

(۱۰) شون : شوین . واتە : هەوارگەکان ماتەم دای‌گرتوونو ریگا ڕەنگی تیا نێیە ، چونکە ئەوانەی پیا ئەرون هەموو ڕەش پوشن ، جیگاکەی منیش پرە لە خەم .

(۱۱) پەلاس : جلی ئەستوور کە هەژاران لە بەری ئەکەن . بازەشان : لێیان‌گەری . واتە : کەس‌وکارت هەمویان خەفەتبارنو پەلاسیکیان داوە بە شانیانا ، تو خوا لێیان گەری باخەفەتبار بن چونکە تویان مردووی .

بێ تۆ کاروبار بەرتەرەف مەندەن
سەرکار پاشا بێ مەسرەف مەندەن (١٢)
بەزم هامفەردان بێ زەوقەن بێ تۆ
نەزم هامدەردان بێ شەوقەن بێ تۆ (١٣)
پات وە تۆی پەردەی پێواری کێشان
جە کام هامدەمێ خاترت ئێشان ؟ (١٤)

ـ ٢ ـ [1]

کام سارا صەد ڕەنگ نوور پێدا وەشتەن
کشتش کشت دەشت هەر هەشت بەهەشتەن (٢)
فەضای سایەی عەرش دانای جەلیلەن ،
یا بارەگای پاك (سید خلیل)ەن ؟ (٣)

---

(١٢) بەرتەرەف : خراوە لا . واتە : بە هوی نەمانی تووە ئێش‌و کار هەمووی پەکی‌کەوتووەو سەرەکارەکانی مەحموود پاشا بێ‌مەسرەف ماونەتەوە . ئەمە ئیشارەتە بو ئەوە کە عبدالرحمن خەزنەداری پاشا بووە .

(١٣) بەزم : ئاهەنگ . نەزم : گورانی .

(١٤) پیوار : خاك . واتە : پیت‌کیشاوەتە ژیر پەردەی خاکەوە : نازانم دلت لە کی ئیشاوە وا ئەمەت کرد ؟

ـ ٢ ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە سەر مەرقەدی (سید خلیل) وتووە کە یەکیکە لە ئیمامزادەکان وە لە نزیکی قەلای شیروانە نیژراوە. بە بۆنەی ئەوەوە وتوویەتی کە لە گەل جەنازەی قادر بەگی کوری کەیخەسرەو بەگی جاف چووە بو ئەوی . ئەو قادر بەگە بە گولەی ویل کوژرابوو .

(٢) وەشتەن : باریوە . کشت : زەرعات . مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری دواییدا دی .

(٣) دانا : زانا . جەلیل : مەبەس خوایە . واتە : چ دەشتیکە ئەم دەشتە کە صەد جور نووری پیا باریوەو سەوزە گیای وەك سەوزە گیای دەشتی هەر هەشت بەهەشتەکە وایە ، تەختانی بەر عەرشی خوای‌گەوردیە ، یا بارەگای پاکی سید خلیلە ؟

ئەسرار پەردەی غەیب مەحرەم پەیك،
سایەی خودایي ، سلام علیك (٤)
کردەم نا لایق ئەر وە سلاّوەن
ڕووزەردیم موحتاج وە یەك جواوەن (٥)
شەر یەك شەفیعێش پەی وێش ئاوەردەن
من خەجالەتیی وێم شەفیع کەردەن (٦)
یەکێ جە دۆسان بەو زام نۆوە
سەر نیان وە خاك ئاسانەی تۆوە (٧)
میهمان غەریو کەرەمسەرای تۆن
موحتاج وە ڕێزەی سفرەی ڕجای تۆن (٨)
درێغی مەکەر ، ئامان صەد ئامان
مەفەرما میهمان بێ تۆشە ئامان (٩)
یا خەلیل ، دەخیل کێ عادەت کەردەن
تۆشە وە دەرگای کەریمان بەردەن ؟ (١٠)

---

(٤) پەیك : فروستادە . مەولەوی لیرەوە رووی قسە ئەکاتە سید خلیل و بی ئەلی : سەلامی خوات لی بی ئەی فروستادەی مەحرەم بە نهینی یەکانی خودیوی پەردەی عالەمی غەیب ، وە ئەی سیبەری خوا بە سەر خەلکەوە .

(٥) واتە : هەرچەند بە کردەوەم شایانی ئەوە نیم رووم بی سەلامت لی بکەم ، بەلام خەجالەتباری و ڕووزەردیم پیویستی بە وەرام دانەوەیەکە لە تووە .

(٦) شەفیع : تکاکار .

(٧) واتە : یەکی لە دوستەکانمان بە زامی تازەوە لە سەر خاکی بەردەرگای تۆ سەری داناوە .

(٨) غەریو : غەریب . ریزە : وردەنان . واتە : میوانیکی غەریبە لە دیوەخانی بە دەس و دەهەندەی تودا ، وە موحتاجی وردە نانی سەر سفرەی بکاکردنی تویە بوی .

(٩) مەفەرما : مەفەرموو . ئامان : هاتووە .

(١٠) توشە : تویشوو . بەردن : بردن .

-٣-

کزەی چزەی زام گرپەی گڕەی دڵ
داخ دووریی دۆس دوور کەفتە مەنزڵ (١)
شەرارەی ئاهیر دڵەی پڕ دەردم
تەپو دووی دووکەڵ هەناسەی سەردم (٢)
جە شەرارەی نار دڵەی پڕ جە خەم
سۆچیا تەمام هەر هەفت پەردەی چەم (٣)
بۆی کزەی کەباب سۆز سینەی ڕێش
قرچەی برێشتەی جەرگ جەفاکێش (٤)
جۆش سەماوەر دیگ دڵەی تەنگ
لوولەی فوارەی فرمێسك صەد ڕەنگ (٥)
واڕاوش چون تاف ڕیشەی هەستیم بەرد
ڕیشەی کۆتەرەی جەرگم بەراوەرد (٦)
دڵ جە دەروواندا کەردەن وە بوریان
وە مەرگت قەسەم تاسەی تۆم کریان (٧)

-٣-

(١) دوورکەفتە مەنزل : مال دوورکەوتوودوود .

(٢) ئاهیر : ئاگر . تەپودوو : بەرز بوونەوە . مەبەستی هاوارکردنە لە دەستی ئەمانە .

(٣) سووچیا : سووتا . هەفت پەردەی چەم : حەوت پەردەی چاو ؛ زانایانی پزیشکیی کون ئەلین چاو حەوت پەردەی هەیە .

(٤) بریشتە : برژاو . واتە : قرچەی جەرگی جەفاکیشی برژاو .

(٥) دیگ : مەنجەل . واتە : هاتنە کولی مەنجەلی دلەی تەنگم وەك سەماوەر ..

(٦) واڕاو : ئاوی سەرکردووی گوی حەوز . هەستی : بوون . بەراوەرد : دەریهینا .

(٧) بوریان : بوریانی ، قاورمە . تاسە : بیرو ئیشتیاق . کریان : کراوە .

— ٤ —

کام حاڵەت باروون وە سەر خامەدا
تەن چون تای نەیەن نە تۆی جامەدا (١)
پێچیان بێ جان ڕەمەق ڕەمیدەم
سەرگەردان نە گێج بەحرەین دیدەم (٢)
ئەر ڕەقیب چون خەس نەیۆ وە دیدەم
پێم وەشەن گێجاو دەریای خەم (٣)

— ٥ —

کورپە ئەگریجان تووك طاوس تار
سەوزە کلاڵفان چون ڕشتەی زەنار (١)

— ٤ —

(١) باروون : بینم . نەی : دەزوو . واتە : باسی کام حالی ناخوشم بینم بە سەر نووکی قەلەمداو بینووسم ؟ لەشم لە ناو جلەکانما وەك تالە دەزوو لەرو لاواز بووە .

(٢) پیچیان : پیچراوە . جان : گیان . ڕەمەق : دوا هەناسە . ڕەمیدە : هەلاتوو . واتە : لەشم وەك تالی دەزوو پیچراوەتەوەو نیوەگیانیگم بوو ئەویش هەلات ، وا ئیستا لە گیژی دەلیای فرمیسکی چاوەکانما سەرگەردان بووم .

(٣) خەس : پڵوپووش . واتە : لەگەل ئەوەشا ئەگەر بەدکار وەك پڵوپووشی سەر دەلیا ، نەکەویتە بەرچاوم ، پیم خوشە هەر لە گیژاوی دەلیای خەما سوور بخوم .

— ٥ —

(١) تار : ڕەنگ . ڕشتە : هونراوە . زەنار : پشتینیکی تایبەتی بووە مەسیحییەکان بەستوویانەتە پشت . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

پەخش بی‌یەن وە بان قورص قەمەردا
گا وە ڕووی میحراو ، گا وە حەجەردا (٢)
هەر لادێ صەد جار دڵەی پڕ جە دەرد
بەو زەنارەوە تەوافش مەکەرد (٣)

---

(٢) قەمەر : مانگ ؛ مەبەس رووی یارە . میحراو : محراب ، مەبەس بروی یارە . حەجەر : حجر الاسود ، بەزدیکە لە دیواری کەعبەدا لە ئەنجامی ماچ کردنی زوردا رەش بووەتەوە ، مەبەس لێی خالی رەشی رووی یارە . واتە : مووی ئەگریجە تازە رواوەکانی یار کە وەك پەری تاوس بە هەزار رەنگ ئەدرەوشیتەوەو لە کلافەی لوول دراوی سەوزو زەناری هونراوە ئەچی ؛ بە سەر توپی رووی خرو جوانیا بلاو بووەتەوە ، وە تاویك بە سەر برویا ئەکەوێو تاویکی تر بە سەر خالی رەشی رووی .

(٣) واتە : دڵەی دەردەدارم هەر تاوی صەد جار ئەچوو بو تەوافی ئەو ئەگریجانە هەرچەند وەك زەناری ملی ئاگر پەرست وابوو .

شیپی گاف

(١) ـ ١ ـ

گەرد ئالوودەن دەور مەزار لەیلێ
ئاوپاشیو مالاّش لازمەن خەیلێ (٢)
خادمیی توربەت نازك ئەندامان
پەی دیدەو موژگان مەعدوومی ئامان (٣)
ئاوپاشیی ، ڕەویەی دیدەی نم دیدەم
مالاّش ، وەظیفەی موژەی نمیدەم (٤)
گەردێ نێ وە ڕووی یانەی نۆشەدا
یا خەوشێ وە حەوش عەنبەر بۆشەدا (٥)
پاس نازکیی لەیل یاگەی وێشەن
جای موشاهەدەی قەیس دڵڕیشەن (٦)

---

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەشی لە لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونی خیزانیا وتووە .

(٢) گەردئالوودە : توزاوی . مەزار : زیارەتگا ، گور . ئاوپاشی : ئاورشین . واتە : دەورو پشتی قەبری لەیل توزاویبە ، زور پیویستە ئاورشین بکریو گسك بدری .

(٣) توربەت : خاك ، قەبر . موژگان : بژرانگەکان . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە .

(٤) نمیدە : چەماوە . واتە : خزمەت کردنی قەبری یارانی جوان چاك بو چاوو بروی مەعدوومی هاتووە ، چاوی فرمیسکاویم ئاورشینی بکاو برژانگی چەماوەم گسکی بداو بیمالی .

(٥) نی : نەیەت . خەوش : پڵوپووش . واتە : بو ئەوەی توز نەنیشیتە سەر مالی تازەی و ، حەوشی بون خوشی خەوشو خالی تیا کو نەبیتەوە .

(٦) واتە : پاسی ناسکیو نازاریی لەیل شتیکە لە جیی خویایەتی ، چونکە جیگای چاو پیکەوتنی مەجنوونی دل بریندارە . ئەشگونجی (نازکی) نەبی (نازگەی) بی ، واتە : پاسی جیگە نازەکەی لەیل .. تاد .

بەڵ بالای ئالاش وە صەد خەمو چەم
باز وینوون بێ خەم وەی چەم یا ئەو چەم (٧)
مەعدووم تاو یاو دووری زۆر ئاوەرد
تاویاو بینای قسەی پەشێو کەرد (٨)
ماخۆلیای یاو ئینە خدێشەن
وەر نە ئەی خەیاڵ پەرێشان چێشەن (٩)
فەصڵ وەصڵ بەزم خاصەی نەدیمان
خاوێ بی ویەرد ، دیمان نە دیمان (١٠)
بەتاڵەن هەوای دۆس کۆچ کەردە
مەحاڵەن ئامای عومر ویەردە (١١)
بنیش نە گێجاو دەریای بێ پەیدا
نە گۆشەی حوجرەی سەفینەی مەیدا (١٢)

---

(٧) ئالا : جوانو رازاوە . خەمو چەم : لار بوونەوەو چەمینەوە . واتە : بەڵکو دیسانەوە یا بە چاوی سەر وە یا بە چاوی دل ، بە صەد سەر دانەواندنو چەمینەوەوە بالای رازاوەو جوانی یار ببینم .

(٨) یاو : تای تیو لەرز . تاویاو : توایەوە . واتە : مەعدوومی تاوی تی زوری بو هیناو توایەوەو دەسی کرد بە قسەی بی ریو جی .

(٩) ماخولیا : نەخوشیەکە هەرکەس تووشی ببی لە هیچ کوی ئوقرە ناگری ، مەبەس سەر لی شیوانە . خدی : خوو . واتە : سەر لی شیوانی نەخوشیی تا ئەمە خوویەتی قسە بە پیاو ئەبزرکینی ، ئەگینا ئەم قسە بیجییانە چییە ؟

(١٠) فەصل : سەردەم . نەدیمان : هاوریبانی رابواردن . خاو : خەو . واتە : روژانی گەیشتن بە کوری ئاهەنگی برادەران خەوی بوو بە سەر چوو ، دیمانو نەماندی ..

(١١) هەوا : ئارەزوو . ئاما : گەرانەوە . واتە : خەیالیکی پووچە ئینسان ئارەزووی دوستی کوچ کردوو بکا ، وە مەحالە تازە عومری بە سەر چوو بگەریتەوە .

(١٢) بنیش : دانیشە . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پیکەوە دی .

ڕووت ڕووت ئەو جیلوەی ستارە کەر ڕاس
با خودا وە أخلاص ، ناخودا مەناس (١٣)
تا باد مراد نە پێوارەوە
کەی بدۆت ئاخر ئەو کەنارەوە (١٤)

ـ ٢ ـ [1]

گۆشەی ئاتەشخان دڵەی پڕ جە ئێش
پزیسکەی داخان ئایر وەردا تێش (٢)
دوود ماردومان دوود نە فەرقم بەرد
هەوای کەڵڕەمان خۆ پامانم کەرد (٣)

---

(١٣) ڕووت (ی یەکەم) ڕووی خوت . ڕووت (ی دووەم) بە تەنها .. ستارە : ئەستێرە . ناخودا : کەشتیەوان .

(١٤) پیوار : وشکانی . بدوت : بتدا . واتە : تازە ئێستر لە سووچێکی ژووری کەشتیی سەرخوشیدا دانیشە لە ناو گیژاوی دەلیای بی بنی قەزاو قەدەری خوادا ، وە ڕووت تەنها بکەرە تیشکی ئەستێرەی ئاسمان کە بریتیە لە شوکرانە بژیریی خوا بو ئەوەی ری دەرکەی ، وە لە گەل خوای خوتا دلپاك بەو کەشتیەوان مەناسە ، تا بزانین کەی بای بە هیوا گەیشتن لە وشکانەوە هەڵئەکاو کەشتیەکەت ئەخاتە گەرو ئەتداتە قەراخ ئاوو رزگارت ئەکا لەو دەردو بەلایە .

ـ ٢ ـ

(١) مەولەوی ئەم غەزەلەی لە وەرامی دوستیکیا نووسیوە کە دەعوەتی مەولەوییی کردبوو لە گەلی بروا بو ڕاو .

(٢) ئاتەشخان : ئاگردان . داخ : شاخ . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٣) دوو : دووکەل . فەرق : کەللە سەر . واتە : پزیسکی شاخەکان ئاگری بەردایە سووچی ئاگردانی دلم ، وە دووکەلی تفەنگە ماردومەکان دووکەلی لە کەللەی سەرم دەرکردو کردی بە توز ، وە ئارەزووی ڕەوگە کەلەکان بە یەکجاری تەفرو تووناى کردم .

پێچ مدەو چەنی زامان کاری
نە پای ئامام هەن نە ڕستگاری (٤)
فەڵەك کەی بەرشوون بێ خەم نە دەستت
چێشم کەرد ، کەی بیم وە باوەکوشتت (٥)
ئەر چون غەمزەی دۆس پڕ جە ئێشو دەرد
چون فرسەت بازان پێشدەستی یەش کەرد (٦)
ساڕێش مبۆ زام دووری‌ی تۆ کەردە
مەکەرمێ سەیران چەن وەخت ویەردە (٧)
وەر فرسەت نەدا فەڵەك وێنەی وێش
تۆ سڵامەت بی ئەر من نەبوو چێش ؟ (٨)

---

(٤) واتە : بە دەم زامی کاریگەرەوە تل ئەخوم ، وە نە پی‌ی هاتنم هەیە بیم بو لاتان ، وە نە بە مردن رزگار ئەبم لە مەینەت .

(٥) بەرشوون : دەرچم . واتە : فەلەك کەی بی‌خەم لە دەستت دەرچم ، من چیم کرد وا ئەوەندە لە گەلم خراپ بووی ئەلی‌ی باوکتم کوشتووە .

(٦) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە .

(٧) مەکەرمی : ئەکەین . واتە : ئەگەر هاتوو فەلەکی ستەمکار ، بە چەشنی غەمزەی دوستی پر لە ئیشو دەرد کە جار جار بەزەیي بە دلدارا دیتەوە ، جاری لە جاران وەك هەڵباز دەس پیشخەری‌یەکی کردو پیش ئەوەی من رزگار ببم ئەو رزگاری کردم ، ئەو کاتە زامی دووری‌ی تو ساریش ئەبی‌و لە جیاتی‌ی ئەو هەموو ماوە بە سەر چووە سەیران ئەکەین‌و رائەبویرین .

(٨) واتە : وە ئەگەر بە عادەتەکەی خوی مولەتی نەدام ، گوی مەدەری خوت سەلامەت بی ؛ برو بو راوی خوت قەیدی چی‌یە با منت لە گەل نەبم .

ـ ٣ ـ (١)

گوم بی چون خورشید ئەو نە پڕ تەودا
گوم بی ئەهل عیلم نە شۆڵەی ئەودا (٢)
نار مەکەرد وە سەر دڵسازانەدا
نادر بی جە ناو هامڕازانەدا (٣)
بنویس وە هوو ناو دڵ نە پەڕەی، جەرگ :
(نادر شێخ علی) پەی تەءریخ مەرگ (٤)

ـ ٤ ـ

گێج ئالاّنی‌ی ها بە دۆشەوە
وە قولاپ چەنگ ئاهیر نۆشەوە (١)

ـ ٣ ـ

(١) مەولەوی ئەم چەند شیعرەی لە لاواندنەوەو میژووی وەفاتی شیخ علی‌ی تەویلەیی‌دا وتووە کە خەلیفەی شیخ عثمان سراج الدین بووە .

(٢) واتە : شیخ علي وەك خور گوم بوو لـە تیشکی خویا ؛ وە ئەهلی عیلمیش ، کە وەك ئەستیرە وان لە تاریکایي گومراییدا ؛ لە شەوقی روژی ئەوا گوم بوون .

(٣) نار : ئاگر . نادر : نایاب . واتە : ئاگری بەرئەدایە دلی ئەو پیاوانەی خوا کە دلی خەلك ریكئەخەن ، وە لە ناو هاوری‌یاندا هاوتای نەبوو .

(٤) واتە : لە میژووی مردنیا بە خویناوی دل لە پەرەی جەرگم بنووسە (نادر شیخ علی) کە بە تیپی ئەبجەد ئەکاتە ١٢٧٥ .

ـ ٤ ـ

(١) گیج ئالانی : ماری لە خو ئالاوی سر . دوش : کول : سەرشان . چەنگ : لار . واتە : یار قژیکی وەك ماری لە خو ئالاوی سری پیودیە بە سەر شانیا بلاوی کردووەتەوە ، بە داوینیکی لوولی واوە ئاگر بەر ئەداتە دلی دوست وەك قولاپی چەماوەی لە ئاگرا سوورەوە کراو .

دوو ئەبرۆی سیای موژان چڕیدە
نە ڕای بەندەگیش قەترانی دیدە (٢)

ـ ٥ ـ (١)

گەرمیی کوورەی مەیل قەیس چۆڵگەردەن
تەئثیر نە تۆی دڵ لەیلێ ئاوەردەن (٢)
بەڵ نە تاو ڕەقیب وە دەرد مەشهوورەن
وەرنە دەردو لەیل هەی نە یەك دوورەن (٣)

---

(٢) چریدە : چرو پر . قەترانی : رەش . واتە : دوو بروی رەشی ئەو یارە برژانگ پرە لە رەشیدا گەیشتوونەتە رادەیەك چاوە قەترانییەکانی بوون بە خزمەتکاریان .

(١) جاریکیان لەیلیی خوشکیی ئەحمەد پریسی نەخوش ئەبی ، کاکیشی بەو بونەوە ئەم دوو شیعرە ئەلی :

لەیلی شیفای زام مەجنوون بەختانەن
شیرینیش دەوای فەرهاد ڕەختانەن
حەیف نییەن فەلەك چەواشەی چەپگەرد
شیفا وە ئازار ، دەوایی وە دەرد ؟

واتە : لەیلی شیفایە بو زامی ئەوانەی بەختیان وەك بەختی مەجنوون وایەو عاشقی بوون ، وە شیرینییەکەی دەرمانە بو ئەوانەی چەرخیان وەك فەرهاد بو ریکەوتووە . جا تو خوا هەی گەردوونی سەرلاری چەپگەرد حەیف نییە شیفا تووشی ئازارو دەرمان تووشی دەرد بکەی ؟

مەولەویش بو وەرام دانەوەی شیعرەکانی ئەحمەد ئەم دوو شیعرە ئەلی :

(٢) واتە : گەرمیی کوورەی ئارەزووی مەجنوونی چولگەردە کاری کردووەتە سەر دلی لەیلیو نەخوشی خستووە ، ئەگینا لە خویا نەخوشیی نییە .

(٣) واتە : بەلکو لە تاو بەدکار وا ناوبانگی نەخوش کەوتنی دەرچووە ، ئەگینا دەردو لەیل زور لە یەك دوورن .

-٦- (١)

گۆشەی سیاماڵ هۆرداو دیاوە
چون مانگ نە گۆشەی هەور سیاوە (٢)
بە خودا قەسەم پاسەم ئومێدەن
(حور مقصورات فی الخیام) ئێدەن (٣)

-٧-

گەر ذەرەی شعوور هەیە پێتەوە
کە وتیان خودا ئەبڕێتەوە (١)

-٦-


(١) مەولەوی جاریکیان ئەروا بو دیدەنی‌ی مەحمود پاشای جاف ، کە ئەگاتە بەرەوە خانمیکی جوان لای دەوارەکە بەرز ئەکاتەوە سەیریکی مەولەوی‌و هاوری‌کانی ئەکا ، مەولەوی‌یش کە ئەمە ئەبینی ئەم دوو شیعرە ئەلی .

(٢) سیامال : رەشمال ، دەوار . هوردا : هەلدایەوە . دیاوە : روانی . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٣) پاسەم : وەهام . واتە : گوشەی دەوارەکەی هەلدایەوەو وەک مانگ لە سووچی پەلە هەوری رەشەوە دەرکەوی ، روانی . قەسەم بە خوا هیوام وایە خوا ئەمەی مەبەس بووبی کە لە قورئانا تەعریفی حوری‌یەکانی بەهەشتی کردووەو فەرموویەتی (حور مقصورات فی الخیام) یەعنی : بەهەشتی‌یەکان چەند حوری‌یەکیان هەیە هەمیشە لە ناو خیوەتان‌و هەرگیز لی‌ی دەرناچن .

-٧-

(١) واتە : ئەگەر توسقالی هەست‌و تی‌گەیشتنت پیوەبی ، لە کاری خوادا قسە ناکەی چونکە کە وتیان (خوا) ئیتر هیچی تیا نامینی‌و ئەبی ئادەمی‌زاد پی‌ی رەزامەند بی .


تیپی رام

(١) ـ ١ ـ

لوای بینایي دیدەی دەرویشان
ئاسان کەرد جە لام مصیبەت کێشان (٢)
خەم ، خەفەت ، مەینەت ، هەناسان سەرد
هەرکام مەیۆ ، بۆ ، صەفاییش ئاوەرد (٣)
ئەر کەفتەو مەحشەر دین جەماڵت
وەر نمەدۆ دڵ دامنەی خەیاڵت (٤)
ناپەیدای تەوەن دوور بێ سەفەرەن
سەفەر بێ لەشکر لەشکر بێ سەرەن (٥)
مەیدان نە دیدەی سوپایي تارەن
شۆڵەی تاس کلاو تۆ نە پێوارەن (٦)

ـ ١ ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە لاواندنەوەی قادر بەگی کەیخەسرەو بەگی جافا وتووە کە بە گوللەی ویل کوژراوە .

(٢) لوا : رویشتن .. واتە : رویشتنو مردنی قادر بەگ کە بینایي دیدەی هەژاران بووە ، هەموو دەردو مەینەتیکی لا ئاسان کردم ؛ چونکە لە هەمووبان سەختتر بوو .

(٣) مەیو : دیت . بو : بیت . واتە : ئیتر لەمەوپاش خەمو خەفەتو مەینەتو هەناسەی سارد هەر کامیان دیت بە خیر بیت ترسم لێی نیە .

(٤) کەفتەو : کەوتەوە . دین : دیتن . وەر نمەدو : بەرنادا . واتە : هەرچەند چاو پێکەوتنی جوانیت کەوتەوە ئەو دنیا ، بەلام دلم داوینەی بێ لی کردنەوەت بەرنادا .

(٥) ناپەیدا : دیار نەبوو . تەوەن : بەرد . واتە : ئەو کەسەی کە دیار نیە و کەوتووەتە ژیر بەردی ئەلحەد ، بە بی ئەوەی چوونی بو سەفەر دوور کەوتووەتەوە لیمان ، وە بی لەشکر سەفەری کردووەو لەشکرەکەی بی سەفەر ماوەتەوە .

(٦) تار : تاریك . شوله : شعله ، تیشك . تاس کلاو : کلاوی ئاسنین کە لە جەنگا ئەکریتە سەر .. واتە : لەبەرئەوە کە تاس کلاوەکەی تو کەوتووەتە ژیر خاك و دیار نیە تا دنیا رووون بکاتەوە ، مەیدانی جەنگ لە ڕووی لەشکر تاریك بووە ..

تا فەڵەك مەودای نەی تۆ شاردەوە
داوودی ڕەواج پەیدا کەردەوە (٧)
تا شێر بەیداخ تۆ ئاما وە بەر
نە گۆشەی بێشەی نەی فەوج لەشکەر (٨)
دلێران (یا شێر ئامان) موانان
شێران وێنەی شێر بەیداخ منمانان (٩)
ئیسە عام کەردەن مەرگت دلێری
شێر بەیداخان منمانان شێری (١٠)
وەهار نەو گوڵان نە تۆی خاك بەرکەرد
جە بەدبەختیی من تۆ وە تۆی خاك بەرد (١١)

---

(٧) مەودا : تیژی . نەی : رم . داوودی : جوریکی بە نرخی، گرانی زریبە . واتــە : تا مابووی رمی تیژت هەموو کراسیکی زریی ئەسمی ، لەبەرئەوە کراسی زری کەلکی هیچی نەئەگرتو کەس نەیئەکری ، بەلام هەر کە تو نەمایتو رمە تیژەکەت نەما لە ناوا ، کراس زریی داوودی ڕەواجی پەیدا کردەوە .

(٨) شیر بەیداخ : ئیشارەتە بو ئەوە کە جاران ئالای جافەکان وینەی شیریکی پیوە بووە . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوە پیکەوە دی .

(٩) موانان : ئەخوینن . منمانان : ئەنوینن . واتە : تا لە سووچی دارستانی کومەلە رمی تیپی لەشکرەکەتەوە شیری بەیداخەکەت دەرئەکەوت ، قارەمانان هەموو (ئامان هەی شیر) یان بوو ، وە سەریان بو دائەنەواندی ، وە وەك وینەی شیری سەر بەیداخەکە بی گیانو هیچ لی نەهاتوو بوون .

(١٠) واتە : کەچی ئیستا مردنی تو ئازایی بلاو کردووەتەوەو شیری سەر بەیداخەکان کە لە وینەیەکی ڕووت بەولاوە نین ، خویان بە شیری راستەقینە ئــەزانن .

(١١) واتە : بەهار گولی نویی لە ناو خاك هینایە دەرەوە ، کەچی لــە بەدبەختیی منا توی خستە ناو خاك کە گولی منی . لەم شیعرەوە وا دیارە کە قادر بەگ لە بەهارا کوژراوە .

وادەی خاو نیی‌یەن ، وادەی شکارەن
دەشتەکەی پای هەرد (شاکەل) دیارەن (١٢)
یەو هیلال نالّ کومەیت خۆش دەو
مانگ شادی‌و زەوق هەردان بکەر نەو (١٣)
حەلق جەیرانان تەشنەگی بێ شۆن
ئینتیظار ئاو صاف تێغ تۆن (١٤)
تاریك بی شەوگار شەو زیندەداران
گیریا تەمام بەدر ڕوخساران (١٥)
شێویا یانەی دەروون پڕ خاران
کنیا دەستەی زوڵف شیرین نیگاران (١٦)

---

(١٢) شاکەل : دی‌یەکە لە ناوچەی شیروانە لە قەزای کفری . واتە : وادەی خەوی مەرگ نیی‌یە ، وەختی ڕاوە ، هەستە دەشتی داوینی هەردەکانی شاکەل دیارە کە جیگای ڕاوتە .

(١٣) کومەیت : ئەسپی کویت . خوش‌دەو : باش غارکەر . نەو : نوی . واتە : هەستە سوار بە بچو بو ڕاو ، وە بە نەخشی نالی ئەسپە کویتە خوش غارەکەت کە لە مانگی یەکشەوە ئەچی ، هەردەکان نیشانە بکەو . مانگی شادی‌و زەوقیان تیا تازە کەرەوە .

(١٤) حەلق : قورگ . جەیران : ئاسك . تەشنەگی : تینوویەتی . واتە : تینوویەتی‌ی قورگی ئاسکەکان لە ڕادە دەرچووە ، چاودڕوانی ئاوی سافی تیغی تون کە بدەی لە گەردنیان‌و خوینیان برژی‌و قورگیان تەر ببی .

(١٥) شەو زیندەداران : ئەوانەی شەونشینی ئەکەن . بەدر : مانگی چواردە . واتە : بە هوی مەرگتەوە شەوی شەونشینی‌کەران تاریك بوو . چونکە تو مایەی ڕووناکی‌ی شەویان بووی وە تویش نەمای ، وە بە تەواوی مانگی چواردەی ڕووی نازاران گیرا .

(١٦) کنیا : هەڵکەنرا . واتە : خانووی ئەو دوستانەی کە دڵیان بو تو پڕە لە درك ، ویران بوو ، وە نازاران لە بەر مردنی تو ئەوەندە گریان چەپکی زوڵفی خویانیان لە بن هەڵکیشا .

سیاماڵ ماتەم ، سەرکۆمار دڵتەنگ
طەلەبە پەشێو ، مەدرەسە بێ دەنگ (١٧)
هیچ دیار نییەن کەست جە ویر بۆ
مشیۆ گەرمیان خاکش دڵگیر بۆ (١٨)
هەر ساڵێ چەند وەخت سەر هەرد لەیلاخ
وە بۆی هام دەمیت دەماخ مەکەرد چاخ (١٩)
دڵەی گەرمیان نەو چەند وەختەدا
مەسۆچیا وە جۆش دووریی سەختەدا (٢٠)
ئاخر گەرمیان سارێشش کەرد زامت
بی وە هام دەمت تا ڕۆی قیامت (٢١)
دەرد گەرمیان وە ئێلاخ یاوا
گەرمیان وە حاڵ ئێلاخ دڵ تاوا (٢٢)

---

(١٧) سەرکومار : سەروکی هوز . واتە : بە هوی مەرگی تووە ناو دەوارەکان تەعزیەیەو سەروک هوزەکان خەفەتبارنو فەقیکان پەشیونو حوجرەکانیان دەنگی خویندنی لیوە نایەت .

(١٨) مشیو : ئەشی . واتە : لەوە ناچی کەست لە بیر بیو نیازت هەبی سەرکەوی بو کویستان ، وا دیارە ئەمسال گەرمیان خاکی دلگیرە بویە وا بە جیی ناهیلیت .

(١٩) چاخ : قەلەو . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٢٠) نەو : لەو . مەسوچیا : ئەسووتا . واتە : سەر هەردی کویستانەکان هەر سالی چەند مانگیك دەماخی خویان بە هاوریەتیی تو قەلەو ئەکردەوە ، بە لەو چەند مانگەدا گەرمیان لە تاو جوشی سەختی دووریی تو ئاگری تی بەر ئەبوو ؛ وە ئەسووتا .

(٢١) قیام : زیندوو بوونەوە . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پشەوەیەوە .

(٢٢) تاوا : توایەوە . واتە : ئاخری گەرمیان زامی دووریتیی ساریژ کردو گرتیتیە لای خوی تا ڕوژی قیامەت ، کویستانیش تووشی دەردەکەی جارانی گەرمیان بووە ؛ وە ئەوەندەی بەزەیی بە کویستانا هاتەوە دلی توایەوە بوی .

مەرگ بێ وادەت عەجەب ڕەنگێ ڕەشت
شین وست ئەو دنیا ، شادی ئەو بەهەشت (٢٣)
دنیا شینشەن نیەنی تێشدا
بەهەشت شادیشەن مەگێڵی پێشدا (٢٤)
نازاران پڕ داخ تۆ تەشریفت بەرد
حووران وە پەرداخ تۆ تەشریفت بەرد (٢٥)
هەر یەند ڕۆ ڕۆم کەرد ڕۆم نەبڕیاوە
ئای ڕۆم بڕیاوە ، ڕۆم نەبڕیاوە (٢٦)
تا کەی چەنی شین ڕۆ وە سەر بەروون
با وە سۆز دڵ دوعایێ کەروون (٢٧)
ئەر ئێمە مەحرووم دینت بیم یەکسەر
تۆ شاد بی وە دین خوداو پەیغەمبەر (٢٨)

---

(٢٣) وست : خستە . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٢٤) نیەنی : نیت . مەگیلی : ئەگەریت . واتە : مەرگی ناوەختت ڕەنگیکی سەیری ڕشت ، شینی خستە دنیاو بەهەشتی پر کرد لە خوشی . ئیستا دنیا شینو زاریەتی چونکە توی تیا نیت ، بەهەشتیش شادیەتی چونکە تو پیایا ئەگەریت .

(٢٥) واتە : جوانان دلیان پرە لە داخو خەفەت ، حوریەکانیش خویان ڕازاندووەتەوە ، چونکە تو ئەم دنیات بەجێهیشتو چووی بو بەهەشت .

(٢٦) رو (ی یەکەمو سەهەم) : رو رو . رو (ی دوەم) : ڕۆژ . واتە : ئەوەندە ڕو ڕوم کرد ڕۆژم دوایی هات ، کەچی ڕو ڕوم هەر نەبرایەوە .

(٢٧) کەروون : بکەم . واتە : تا کەی ڕۆژم بە شین کردنەوە بەرمە سەر ، با بە سوزی دلەوە دوعایەك بکەم . دوعاکە لە شیعری پاشەوەدا دیت .

(٢٨) بیم : بووین . واتە : هەرچەند ئیمە تیکرا لە دیتنت بی بەش بووین . قەیدی نیە ، خوا بکا تو شاد ببی بە بە خزمەت گەیشتنی خواو پیغەمبەر .

ـ ٢ ـ (١)

لوقمه‌که‌ی ماساو قووڵ ده‌ریای مه‌یل
لوخت سای کۆڵه‌ی سارای ده‌رد له‌یل (٢)
یاوا پێم نامه‌ی وه‌ش ته‌حریره‌که‌ت
ئینشای ده‌روون سۆز پڕ ته‌ئثیره‌که‌ت (٣)
حاصڵش نه‌بۆ فه‌رامۆشیمان
واده‌ی به‌زم گه‌رم باده نۆشیمان (٤)
چه‌نی هام فه‌رد گه‌رد جیایي شی‌یه‌ن
من‌و تۆ جه به‌ین من‌و تۆ نی‌یه‌ن (٥)

---

(١) مه‌وله‌وی ئـه‌م پارچه هه‌لبه‌سته‌ی لـه وه‌لامی (یونس) ناویکی ئاشنایا وتووه .

(٢) ماساو : ماسی . لوخت : رووت‌و قووت . کوله : کووله‌که . مه‌عنای ئه‌م شیعره به‌سراوه به شیعری پاشه‌وه‌یه‌وه .

(٣) واته : ئه‌ی پاروی ده‌می ماسی‌ی ناو ده‌لیای قوولی خوشه‌ویستی ، وه ئه‌ی به رووت‌و قووتی داکه‌وتوو له سیبه‌ری دار کووله‌که‌ی چه‌شتنی ده‌ردو مه‌ینه‌تی له‌یلدا . مه‌وله‌وی له شیعری یه‌که‌مدا ئیشاره‌تی بو حیکایه‌ته‌که‌ی حه‌زره‌تی یونس کرد که قه‌ومه‌که‌ی فری‌یان دایه ناو ده‌لیاو ماسی قووتی داو پاشان هه‌لی هینایه‌وه‌و فری‌ی دایه گوی ئاو ، ئه‌ویش به رووتی له سیبه‌ری دار کووله‌که‌یه‌کا لی‌ی راکشا . .

(٤) حاصل : پوخته . واته : پوخته‌ی نامه‌که‌ت ئه‌وه‌بوو له کاتی ئاهه‌نگی گه‌رمی مه‌ی خواردنه‌وه‌دا له بیرت نه‌چین . مه‌وله‌وی له شیعره‌کانی له‌مه‌وپاشدا وه‌رامی قسه‌کانی ئه‌و ئه‌داته‌وه .

(٥) شی‌یه‌ن : نه‌ماوه . واته : له گه‌ل هاوری‌یه‌کی وه‌کو تودا توزی جیایي نه‌ماوه ، وه له نیوانی من‌و تودا من ـ من‌و تو ـ تو نی‌یه .

ساقی جام وه دەم ئەی یەك مەڕێزۆ
نەشئەی مەی نە دڵ ئەو یەك مەخێزۆ (٦)
بەڵ نەی تەن ئەی گیان تۆنی کەری عەزم
مەی نۆشی‌و ، جەستەی من زەمین بەزم (٧)
چون کەوت ئەو دەورەی پیاڵەی بێ گەرد
نە ڕووی ئەی زەمین نەقش ئەی چەند فەرد : (٨)
بەزمەن ، یاران مەست بادەی باقی‌یەن
مەعدووم ئەرزەکەی بەزم ساقی‌یەن (٩)
یا باڵای ساقی وەی لادا خەمێ
یا جام جەو باقی پەی زەمین نمێ (١٠)

---

(٦) مەریزو : دائەکا . مەخیزو : هەڵئەستی . واتە : منو تو ئەوندە یەکین ، مەی‌گیر مەی ئەکاتە دەمی یەکیکمان ، ئەوی ترمان نەشەی خواردنەوە لە دلی بەرز ئەبیتەوە .

(٧) واتە : گیانەکەم ، بەلکو توی لە لەشی منا نیازی مەی خواردنەوە ئەکەیت ، وە لاشەی من جیگای ئاهەنگی خواردنەودیە .

(٨) واتە : چونکە لە گیرانی پیالەی شەرابی بێگەردەوە نەخشی ئەم دوو شیعرەی پاشەوە کەوتە سەر زەوی کە جەستەی منە .

(٩) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە .

(١٠) خەمی : لار بوونەودیەك . واتە : ئاهەنگی خواردنەودیە .. یاران سەرخوشی شەرابی خوشەویستی‌ی هەرگیز نەبراودن ، مەولەوی‌یش مەیدانی بەزمی مەی‌گیرە .. سا تو خوا کاکەی مەی‌گیر لایەك بەملادا بکەردوەو پەرداخیکمان بدەری .. تویش ئەی پەرداخی مەی لەو پاشماودیەی بنەکەت دلوپی بریژە بە سەر زەوی‌یەکەدا کە جەستەی مەعدوومی‌یە .

ـ ٣ ـ [1]

له صه‌دای (نه‌بات) له چریکه‌ی (فه‌ره‌ج)
له سه‌ر مه‌لاو شێخ نه‌ماوه حه‌ره‌ج (٢)

ـ ٣ ـ

(١) مه‌وله‌وی روژیکیان له هه‌له‌بجه به لای زه‌ماوه‌ندیکا تێ‌ئه‌په‌ڕی ؛ سه‌یر ئه‌کا ژنیکی ده‌نگ خوشی (نه‌بات) ناو گورانی بو ژنانی هه‌لپه‌ڕکێ‌کەر ئه‌لی ؛ له‌ولاشه‌وه پیاویکی ده‌نگ خوشی (فه‌ره‌ج) ناو گورانی بو پیاوان ئه‌لی .. لایان ئه‌وه‌ستی‌و ده‌س ئه‌کا به سه‌یر کردنیان، وه بو پاساودانی ئه‌و سه‌یر کردنه‌ی نامه‌حره‌م ئه‌م شیعره ئه‌لی .

(٢) واته : له خوشی‌ی ده‌نگی (نه‌بات) و چریکه‌ی (فه‌ره‌ج) دا مه‌لاو شیخ هه‌موو شیت بوون ، وه هه‌رچی بکه‌ن گله‌یی‌یان لی ناکری ؛ چونکه شیت ته‌کلیفی له سه‌ر نی‌یه .


تیپی میم

من پێسەم زانا تۆ پڕ مەیلەنی
دەروون جە بادەی مۆبەت کەیلەنی (٢)
دووی کووڕەی دووریت مشۆ وە تووندا
بەردت دان وە پای وەفای مەجنووندا (٣)
ئیسە دیدەکەم ئێد دیاریەن
ئەر چێوێت کەم بۆ وەفاداریەن (٤)
ئامۆشۆی وە گەرم یاران گیانی
وە بار خاطر نازك مزانی (٥)
بۆی بێ وەفاییت چون بۆی وەرزاخان
مدۆ نە دەماخ بەختان قولاخان (٦)

— ١ —

(١) مەولەوی لەم قەسیدەیەدا گلەیي لە بی وەفایي دوستیکی ئەکا .

(٢) پیسەم زانا : وامزانی . واتە : من وامزانی تو زور بە وەفای ؛ بەڵام دەروونت پڕە لە بادەی خوشەویستی .

(٣) مشو : ئەچی . واتە : وامزانی لە تاو دووریی دوستان دووکەڵی کووڕەی شەوق و سوزت تووناوتوون رویشتووە ، وە ئەوەندە بە وەفای بەردت داوە بە قاچی وەفای مەجنووندا ، وە وەفای ئەو لە چاو هی تودا هیچ نییە .

(٤) چیویت : شتیکت . واتە : ئیستا دەرکەوتووە ئەگەر شتیکت کەم بی هەر وەفایە ، وە هیچ وەفات نییە .

(٥) واتە : هاتوچو کردنی گەرمی دوستان بە باری سەر دلی ناسکت ئەزانی .

(٦) قولاخ : بەرەللا . واتە : بونی بی وەفاییت وەك بونی زەردوماکان ئەدا بە لووتی ئەو دوستانەدا کە بەختیان ویل بووە .

شەرت بۆ تا وەی دەرد دڵەی تەنگەوە،
سەر بنیەو وە سای سیا سەنگەوە (۷)
هەنی پێشانی ڕەنگ وە خەزان دەر
پای ئاسانەکەت نەگێڕۆ نە زەڕ (۸)
دیدەی کۆر هیجر بالای بێ خەوشت
نەوینۆ سورمەی گەردەکەی کەوشت (۹)
جە شنۆی نالەی شەو سۆز زاری
سەگ ئاسانەت نەبۆش بێداری (۱۰)
چەم نم نەدۆ تۆز حەریم چون جاران
هەرزان کەڕۆ باد دەوا پەی یاران (۱۱)

---

(۷) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

(۸) پیشانی : ناو چاو . زەر : زیر ، ئالتوون . واتە : شەرت بی تا بەم دەردەی دلەی خەفەتبارمەوە ئەچمە ژیر خاك ، ناوچاوی لە خەفەتا زەرد بووم کە وای لێ هاتووە ڕەنگی زەرد ئەبەخشی بە گەلای پایزان ، جاریکیتر بەردەرگاکەت نەگریتە زیر . مەبەسی لەوەیە سەر نەنیتە سەر خاکی بەردەرگایان .

(۹) واتە : مەرج بی تا ئەمرم جاریکیتر چاوم کە لە دووریی بالای بی عەیبی تودا کوێر بووە ، خولی ژیر کەوشەکەت لە جیاتیی کلە بە خویەوە نەبینی .

(۱۰) واتە : وە ئەبی سەگی بەردەرگات لە نالەی شەونخوونیی من خەبەری نەبیتەوە ، مەبەسی ئەوەیە ئەبی لە تاو دووری نەنالینی .

(۱۱) حەریم : حەوش . باد : با . واتە : وە ئەبی چاوم فرمێسك نەڕیژی و توزی حەوشەکەت ئاورشین نەکا ، بو ئەوەی دەرمان هەرزان کا بو یاران و ئەو توزە بینی بە ڕوومانا .

جه سای دووی دەروون سەودایي بێ شۆ
نەڕەنجۆ صەفحەی لای سەوزەی وەش بۆ (١٢)
دایم هەوای پار پڕ بەینەتت بۆ
نەوینی کەسێ جای مەینەتت بۆ (١٣)
بڵێسەت بەرزان بگێرۆ پەڕێم
هەر بواچی ئاخ پەی داخداریی وێم (١٤)
من وێڵ وێڵ گێڵوو هەردەو هەردەوە
هەر دەرد بۆ بدۆم وە دەم دەردەوە (١٥)
تا ڕێزۆ وە خاك دڵ چون پڕ داخان
چەند داخ شین وە خاك ، ئێدیش بان داخان (١٦)

---

(١٢) نەرەنجو : نەرەنجی ، ئازاری پی نەگا . واتە : وە ئەبی لە سیبەری دووکەڵی دەروونی نەخوشی لە ئەندازە دەرچوومە تەختی ڕووی لای زوڵفی بون خوشت ئەزیەتی نەبی . مەبەسی ئەوەیە لە بەر دەردی دووری هەناسە هەڵناکیشی لە ڕوویا .

(١٣) واتە : با تویش هەمیشە ئارەزووی دیتنی دوستی بە وەفات بی‌و کەس شك نەبەی سکاڵای دەردو مەینەتی خوتی لا بکەی .

(١٤) بواچی : بڵێی . واتــە : وە با بلیــەی گــەرمی دڵت لووتکەو بەرزایي‌یەکان بگری لە تاو دووریم ، وە هەر ئاخ هەڵبکیشی بوم .

(١٥) بدوم : بمــدا . مەعنای ئــەم شیعرە بەسراوە بــە شیعری پاشەوەیەوە .

(١٦) ریزو : داوەری . شین : ڕویشتن . واتە : منیش بە ویلی بــە هەردەکانا بگەریم‌و دەرد بمدا بە دەم دەردی تۆوە تا دڵم وەك دڵی دوستە دڵ پر داخەکان بوەریتە خاك ، قەیدی نی‌یە هەزاران داخ براونەتە گڵ ، با داخەکانی دڵی منیش بچنە سەر ئەو داخانە .

(١) ـ ٢ ـ

ماتەمیو وەهار ؟ بێ شەوقیو نەو گوڵ ؟
مەلوولیو گوڵزار ؟ بێ ذەوقیو بوڵبوڵ ؟ (٢)
صوب بۆی وەش نەسیم چون هەردە جاران
نمەدۆ نە کاخ دەروون یاران (٣)
داخۆ نەی سەروەخت فەضای وەهاردا
کام تەم نە سەر هەرد قەزا دیار دا (٤)
صەدای (های دێبای خەمان) هەرزانەن
صەلای واوەیلای بادام تەرزانەن (٥)

---

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە لاواندنەوەی ئەمنە خانی کچی قادر بەگی کەیخەسرەو بەگی جافا وتووە کە خیزانی بارام بەگی جاف بووە ، وە لە ١٢٩٠ی هیجریدامردووە .

(٢) واتە : ئەمانە موناسەبەتیان بە یەکەوە نییە ، نازانم چون یەکیان گرتووە ؟

(٣) واتە : بونی خوشی نەسیم ئیستا وەك جاران بە بەیانیانا نادا لە کوشکی دەروونی یاران .

(٤) داخو : ئاخو . واتە : ئاخو لەم دەمی بەهارە فراوانەدا کام تەم دیاریی داوە بە سەر هەردی قەزاو قەدەرەوە .

(٥) دیبا : پارچە . واتە : هاواری (هەی پارچەی خەفەت) بە زوری ئەبیسریو دەنگی شینو زاری کردنی یارەکان کە بالایان بەرزە وەك لقی بادەم ، دنیای پر کردووە . مەبەسی ئەوەیە بە هوی مردنی ئەمنە خانەوە ئەبی دوستان بەرگی عازیەتی لە بەر کەن ، لە بەر ئەوە فروشیار جلی رەشیان بە زوری هیناوە بو فروشتن .

مەر گوڵشەن حوسن شای گوڵ ئەندامان
جە وەیشوومەی مەرگ خەزانش ئامان (٦)
ئەو باڵای ئاڵای تەرز سەهی سەرو
پێوە هێلانەی دڵان چون تەزەرو (٧)
کنیاو خەمیاوە وە دەم ڕێشەوە
تەزەرو ئاسا نیشت وە سای وێشەوە (٨)
تای بەڕەزای شەنگ عەنبەر بۆی شەو ڕەنگ
پەخش بی نە ڕووی تاش ئەڵحەد سەرای سەنگ (٩)،
ئەو کۆی نەزاکەت وە ناز پەروەردە
لەطافەت جە بەرگ حەریر ڕەم کەردە (١٠)

---

(٦) مەر : تمەز . گولشەن : باخچە . وەیشوومە : بای سارد . واتە : تمەز ئەمە هەموو هی ئەوەیە باخچەی جوانیی یار کە شای نازارە لەش وەك گولەکانە ، بە هوی بای ساردی مەرگەوە پایزی هاتووەو گەلاکانی وەریوە .

(٧) سەهی سەرو : دار سەروی سیبەر . تەزەرو : جورە چولەکەیەکە بە سەروەوە ئەنیشیتەوە . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٨) کنیا : هەلکەنرا . خەمیاوە : چەمیەوە . واتە : بالای ڕەنگاو ڕەنگی کە وەك دار سەروی سیبەر هەلچووەو دلی دوستان وەك چولەکە هیلانەیان پیوە کردووە ، بە دەم دەردەوە هەلکەنراو کەوتو وەك چولەکەی تەزەرو لە سیبەرەکەی خویا نیشتەوە . مەشهوورە ئەم چولەکەیە لە سەر دارەوە سەیری سیبەری خوی ئەکاو ریك دیتە سەری ئەنیشیتەوە .

(٩) بەرەزا : گیایەکە بە لا پالی بەردو تاشەوە ئەروی . شەنگ : جوان . واتە : تالی زولفی جوانو ڕەشو بون خوشی وەك بەرەزای سەر بەرزان بە سەر تاشە بەردی ئەلحەدی قەبرەکەیا بلاو بووەوە .

(١٠) کو : کوگا . ڕەم کەردە : هەلاتوو . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

نه تۆی جامەی خاك حالاّتش چۆن بۆ
دەك چەرخە بەختت هەر نیل گوون بۆ (١١)
باڵ چەم هوردا نەرگس نەی دەمدا
چ خێر بی تۆ چەم نیای وە هەمدا (١٢)
چێش بی خێڵ خانەی وێت جە یاد بەردی
ڕووی تەڵمیت ئەو خێڵ جۆری‌یان کەردی (١٣)
ڕاسەن هەمڕازی‌ی جۆری‌یان وەشەن
پەی عەشرەت دووریت دەردێ سەرکەشەن (١٤)
بارێ تۆو صەفاو سەیران‌و گوڵ گەشت
هەمسایەی جۆری‌و سەردەشت بەهەشت (١٥)
عەشرەت وە پێچش وە زامەتەوە
وەو زام تا قام قیامەتەوە (١٦)

---

(١١) تو : ناو . نیل‌گوون : نیل رەنگ ، مەبەس لیلە . واتە : ئاخوم ئەو خانمە کە کوگای ناسکی بوو ، وە بە ناز پەروەردە کرابوو ، وە ناسکی‌یەکەی لە رادەیەکا بوو لە پەرەی ئاوریشم تەریزی ئەکرد ، ئاخوم ئیستا حالی لە ناو کراسی خاك‌و خولا چون بی . دەك چەرخی فەلەك ، خوا هەمیشە بەختت تاریك کا وا ئەم پەنەت دا .

(١٢) نیای : نات . واتە : لەم دەمی بەهارەدا کە نیرگس بالی چاوی خوی داو پشکووت ، تو چ خیرت بوو وا چاوت نا بە یەکدا ؟

(١٣) واتە : چی بوو وا جیگای خیلەکەی خوتت لە بیر بردەوەو رووی بارگەت بەرەو خیلی حوری‌یەکان وەرچەرخاندو رویشتی بو بەهەشت ؟

(١٤) واتە : بەلی ، راستە هاوری‌یەتی‌ی حوری‌یەکان خوشە ، بەلام دووریشت دەردیکی سەختە بو عەشرەت‌و کەس‌وکارت .

(١٥) باری : ئیتر . واتە : ئیتر تو بو خوت رائەبویری‌و گەشت‌و سەیران ئەکەی‌و هاومالی حوری‌یەکانی لە تەختانی بەهەشتا .

(١٦) پیچش : خو پیچ دان لــە تاو ئازار . واتە : کەس‌وکارەکەیشت بە دەم ئیش‌و ئازارەوە هەر خویان پیچ ئەدەن ، وە تا روژی قیامەت بە دەم ئەو دەردەوە ئەنالینن .

(١) ـ ٣ ـ

مایەی ئێش‌و نێش گشت زامان سەخت
بازووی تەوانای بەرگەشتەگی‌ی بەخت (٢)
ڕاسەن خۆ فەڵەك چەواشەی چەپ‌گەرد
پەی دووری‌ی بالآت شانا مۆرەی نەرد
بەڵام گیانەکەم حەیفەن پەرێ تۆ
بێشەرتیت بەی تەور نە عام مەشهوور بۆ
من بیم خڕیدار کالای بالآکەت
من بیم وە سەرگەرد گەرد پالآکەت (٣)
باعیث گەرمی‌ی بازاڕت من بیم
جەلای ئاینەی ڕوخسارت من بیم
من سکەم وە نام مەحبووبیت لێدا
من ڕەواجم دا وە شارو دێدا
ئاخر پەی ئەغیار جە من ویەردی
ئای بێ بەڵا بی ، ئانە چێشی کەردی (٤)

ـ ٣ ـ

(١) لەم قەسیدەدا مەولەوی گلەیي لە بی وەفایي دوستیکی دوور کەوتووەوە ئەکا . ئەم قەسیدەیە هەرچەند لە دیوانەکانا بە ناوی مەولەوی‌یەوە نووسراوە ، بەڵام شیوەو ناوەرۆکەکەی لە هی (بولبول) ئەچی کە قەسیدەیەکی تریشیمان بلاو کردەوە گلەیی تیا کردوو لە مەولەوی چونکە کچی خوی نەدابوویە .

(٢) بازوو : قول . بەرگەشتەگی : وەرگەڕانەوە . واتە : ئەی دوستی کە بووی بە بنچینەو هوی هەموو ئیش‌و برینیکی نابار بو من ، وە بووی بە قولی بەهیزو بەختم وەرئەگیرتەوە .

(٣) بیم : بووم . خریدار : کریار .

(٤) ئەغیار : بیگانە . ویەردی : دەست هەڵگرت .

مسپاروت وه سۆز هەناسان سەرد
وە جۆش‌و خرۆش دڵەی پڕ جە دەرد (٥)
تەپ‌و دووی دووکەڵ هەناسەت بەرز بۆ
نااڵەت چون نااڵەم جە هەزار تەرز بۆ
هەر شەو سەیل هەرس وە ڕووی ڕوخساردا
تۆف تۆفانش بۆ وە هەر دیاردا (٦)
خەدەنگ چل چەنگ شۆت وە جگەردا
پەنجەی بەدبەختیت بدەی وە سەردا (٧)
تا بەڵ نەو سەردەم بەیۆ وە یادت
ڕەنج بێ سامان بەردەی فەرهادت (٨)

مەرگت دێوەلوول خەمان دێونان
بونیاد خەرمان عیرفان شێونان (٢)

---

(٥) مسپاروت : ئەتسپێرم .

(٦) واتە : یاخوا هەموو شەوی لافاوی فرمێسك بە سەر دەم‌و چاوتا لافاو بکاو بە هەموو لایەکا بلاو ببیتەوە .

(٧) چل چەنگ : ئەو تیرەی کە چل پەرەی پیوەیە بو ئەوەی لەشی بریندار بە تەواوی دارزینی . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە .

(٨) بەیو : بیت . بەردە : براو . واتە : یاخوا تیری چل سەر بچی بە جگەرتاو لە بەدبەختی‌یا بدەی بە سەری خوتا ، بەڵکو لەو وەختەدا ڕەنجی بی‌کەڵك‌و براوی منت بیتەوە یاد کە وەك فەرهاد بە بی سوود ڕەنجم بو دای . مەبەسی لەوەیە کە دەردەدار حالی دەردەدار ئەزانی ، وە تا ئەویش گرفتار نەبی لە حالی ئەم نازانی .

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەشی لە لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونی خیزانیا وتووە .

(٢) دیوەلوول : گیژەلووکە . دیونان : ئالوزاندووە . بونیاد : بنەرەت . شیونان : تیك‌داوە . واتە : مردنی تو گیژەلووکەی خەم‌و مەینەتی لە دڵم ئالوزاندووەو ، بنچینەی هەستمی تیك‌داوە .

جه دیده‌و ده‌ماخ ، جه گۆش‌و گه‌رده‌ن
دووریت نمه‌ز کام زامدارته‌ر که‌رده‌ن (٣)
دیده پەی ڕوخسار خورشیدواره‌که‌ت
یا ده‌ماخ پەی بۆی عه‌نبه‌رباره‌که‌ت (٤)
گۆش پەی شنۆی ڕاز ڕێزه‌ی شه‌که‌ر ڕێز
یا گه‌رده‌ن پەی به‌ند حه‌ڵقه‌ی زوڵف دێز (٥)
خێڵ‌خانه‌ی مه‌ینه‌ت یه‌ند ئاماو شی‌یه‌ن
وه صه‌فحه‌ی دڵدا سۆهان ساو بی‌یه‌ن (٦)
هیچ به‌ند نمه‌بۆ پای به‌ڵاش پێوه
وه‌ر نه هه‌ی شاباز شۆخ شه‌م شێوه
جه کۆ مه‌عدوومی ئه‌و تاقه‌ت دارۆ
ساتێ وه بێ دین بااڵت بویارۆ (٧)

---

(٣) ده‌ماخ : لووت . نمه‌ز : نازانم . واته : نازانم دووریت له‌م چوار ئه‌ندامه‌ی له‌شما ، چاوم‌و لووتم‌و گویم‌و گه‌ردنم ، کامیانی زورتر بریندار کردووه . مه‌به‌سی ئه‌وه‌یه به هوی مه‌رگی عه‌نبه‌ر خاتوونه‌وه ئه‌و چوار ئه‌ندامه‌ی ئه‌وه‌نده بریندار بوون نازانی کامیان له‌وی‌تریان بریندارتره .

(٤) خورشیدوار : ره‌نگ وه‌ك ڕوژ . مه‌عنای ئه‌م شیعره‌و شیعری پاشه‌وه‌ی پیکه‌وه دی .

(٥) شنو : بیستن . ریزه : ورده . دیز : ره‌ش . واته : چاوم بویه بریندارە چونکه بینینی ڕووی وه‌ك ڕوژتی لی براوه ، وه لووتم له‌به‌ر ئه‌وه که بونی وه‌ك عه‌نبه‌ر خوشتی پیا ناچیته‌وه ، وه گویم چونکه قسه‌ی شیرینت نابیسیته‌وه که ورده شه‌کری لی ئه‌وه‌ری ، ملیشم به هوی ئه‌وه‌وه که جاریکی تر زنجیری زولفی ره‌شتی لی نائالی .

(٦) سوهان : هه‌سان . ساو : ساف . مه‌عنای ئه‌م شیعره‌و دوو شیعری پاشه‌وه‌ی پیکه‌وه دی .

(٧) دارو : هه‌یه‌تی . بویارو : به‌ریته سه‌ر . واته : منیش بویه هیشتا ماوم چونکه کاروانی مه‌ینه‌ت ئه‌وه‌نده هات‌و چوی کردووه به سه‌ر ته‌ختی دڵما ، وه‌ك چه‌قوی ساف بووی له هه‌سان چووه‌وه‌ی لی هاتووه‌و پی‌ی به‌ڵا ڕاگیر نابی پی‌یه‌وه ، ئه‌گینا ئه‌ی شابازی شوخی وه‌ك شه‌مع پرشنگدار ، من که‌ی توانای ئه‌وه‌م هه‌یه سه‌عاتیك به‌رمه سه‌ر بی دیتنی باڵای تو ؟

قەزا وە صەد تەرز بەلاّ بارِیشەن
دڵ هەم هەر دەمێ تەرزێ زارِیشەن (٨)
چێشِ بی ، هامدەردان دەروون جە خەم کەیل ؟
ئەو بالاّو چیهرەو خاڵو زوڵف لەیل (٩)
تۆمەی سەرو گوڵ وەنەوشەو سونبوڵ
شاناش باخەوان ئەجەل وە تۆی گڵ (١٠)
تا دیسان ئەر قەیس وە مودارا بۆ
نە کام وەهارا چەمەنئارا بۆ (١١)

— ٥ —

من خەریك ئێش زام جیایي
نیشتەی گۆشەی تار مزگیی تەنیایي (١)

---

(٨) واتە : قەزاو قەدەر بە صەد جور بەلا ئەبارِینی بە سەرما ، وە دلم هەر تاوی بە جوری ئەکرووزِینیتەوە .

(٩) نیوەی یەکەمی ئەم شیعرە پرسیارەو نیوەی دووهەمی لە گەل دوو شیعری پاشەوەیدا وەرامی پرسیارەکەن ، وە مەعنای هەر سیانیان پیکەوە دی .

(١٠) تومە : توو . سونبول : ریحانە . شاناش : وەشاندی .

(١١) قەیس : مەجنوونی لەیلا . ئارا : رازِینەرەوە . واتە : هاودەردە دل پر لە داخەکان چی رووی داوە وا بەلاو مەینەت لە ئاسمانەوە ئەباریو دل بە صەد جور دائەگری . وەرامی پرسیارەکەی ئەمەیە ئەلی بالاو روخسارو خالو زولفی لەیل کە یەکەمیان تووی داری سەروو دووهەمیان تووی گولو سەهەمیان تووی وەنەوشەو چوارەمیان تووی ریحانەیە ، باخەوانی ئەجەل وەشاندنی بە ناو خاکا ، تا ئەگەر قەیسی دلداری بتوانی خۆی بگری ، بەڵکو لە بەهاریکا دیسانەوە بروِینەوەو چیمەنی رووی زەوی برازِیننەوە .

— ٥ —

(١) نیشتە : دانیشتوو . تار : تاریك . مزگی : مزگەوت . واتە : من دەسم گیراوە بە ئیشو ئازاری زامی جیایيیەوە ، وە لە سووچی تاریکی مزگەوتی تەنیایيدا دانیشتووم .

گا مەشغووڵ زام ، گا خەریك دەرد
گا ڕەفیق خەم ، گا هەناسەی سەرد
گا سەر مەکەرۆ هوون نە چەمەی چەم
گا گا مەویەرۆ سێلاو نە دیدەم (٢)
گا زام ناسۆر هیجران مدۆ چڵ
گا یاوۆ وە عەرش ئاەو ناڵەی دڵ (٣)
گا نێشی دووری مدۆم ژار مار
گا تیر فیراق مەکەرۆم لەتار (٤)
نە هاوزوانێ دڵداریم کەرۆ
نە هاوقەتارێ دەس‌باریم دەرۆ (٥)
نە حەکیمێوەن کەرۆ دەوای دەرد
نە طەبیبێوەن جە دڵ لادۆ دەرد (٦)
سا ئیسە ساقی جەمین جام جەم
وادەی ئاماتەن وە بان دیدەم (٧)

---

(٢) سەر مەکەرو : سەرئەکا . چەمە : سەرچاوە . مەویەرو : ئەروا . سیلاو : لافاو .

(٣) ناسور : ئەو زامەی بووبی بە تیراوی‌و چاك نەبیتەوە . مدو چل : چل ئەدا . یاوو : ئەگات .

(٤) مدوم : ئەمداتی . لەتار : پارچە پارچە .

(٥) دەس باری : دەس دانە بار . دەرو : بدا . واتە : نە هاو زوانیکم هەیە دلم بداتەوە ؛ وە نە هاوکاروانیکم هەیە لە تەنگانەدا دەسیك بداتە بارەکەم .

(٦) کەرو : بکا . لا دو : لابدا .

(٧) ئاما : هاتن . واتە : ئیستا کاکەی مەی‌گیر کە ناوچاوت وەك ئاوینەکەی جەمشید هەموو شتیکی تیا دەرئەکەوی ، وادەی هاتنتە ، فەرموو بە سەر چاوم بی‌ی .

دەورێ دەر وە جام بادەی پڕ جە مەیل
بەڵ دەروون جە مەیل بالّات ببۆ کەیل (٨)
جە ماسیوای تۆ فارغ بۆ حالّم
بەڵ نەدۆم ئازار شووم خەیالّم (٩)
یەك دڵ بوو چەنی عەشق دیدارت
گیان کەروو فیدای دیدەی خومارت (١٠)

ـ ٦ ـ [1]

موبارەکت بۆ بەزم نەو وە خەیر
تو خوا تەنخوای من خاس خاس بکەر سەیر (٢)

---

(٨) واتە : سووری بخو بە سەرمانا بە جامی شەرابی پر لە خوشەویستیتەوە بەڵکو دەروونم پر ببی لە ئارەزووی بالات .

(٩) فارغ : خالی . واتە : وە بەڵکو بەو جامی شەرابە وا سەرخوش ببم دلم لە تو بەولاوە کەسی تیا نەبی‌و خەیالی خراپ ئازارم نەدا .

(١٠) واتە : وە یەك دل ببمەوە لە گەل عەشقی دیداری تۆداو گیانم بکەم بە قوربانی چاوی مەستت .

ـ ٦ ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بو مەحموود پاشای جاف نووسیوە بە بونەی شایی‌و زەماوەندی ژن هینانیەوە . وەك لە حسەین بەگی حەسەن بەگی جافم بیستووە ئەم زەماوەندە بو یەکەم ژن هینانی مەحموود پاشا بووە کە ئەمنە خانی کچی قادر بەگی روستەم بەگی وەلەدبەگی‌ی هیناوە ، وە لەو شایی‌یەدا ئافرەتیکی گورانی‌بیژی خەلکی (کەرەند) کە ناوی (تاوس) بووە گورانی‌ی بو ژنان وتووە .

(٢) تەنخوا : لە جیاتی . واتە : ئەم شایی‌یە تازەت پیروز بی‌و ببی بە مایەی پیروزی بوت ، تو خوا تو لە جیاتی‌ی من باش سەیری هەلپەرکی‌کەرەکان بکە .

سێر کەر تەماشای ئەو جەمین جامان
وە خصووص ئازیز شای نەونەمامان (٣)
وەخت ئامۆشۆی ئاماو لواشەن
تەرزەکەی وە بەرز دەورەی سەماشەن (٤)
گرمەی نقارەو لرفەی شەروالان
خشپەی پامووڕەو زرنگەی خرخالان (٥)
چریکەی سرناو پریکەی خەندە
پەشێوی‌ی زوڵفان ڕیشەی دڵ کەندە (٦)
ئیشارەی وە ناز لەبخەندەی وە نەرم
نمانای خالان نە تۆی پەردەی شەرم (٧)
سەرچۆپی وە ناز قۆڵ هوردای دەسماڵ
بریقەی شیشەو لەرەی لیمۆی کاڵ (٨)

---

(٣) سیر : تیر . جام : ئاوینە . واتە : تیر تەماشای ئەو نازارانە بکە کە ڕوویان وەک ئاوینە ڕوشنە ، وە بە تایبەتی سەیری ڕووی دوست بکە کە شای جوانە تازە هەلچووەکانە .

(٤) واتە : چونکە لەم شایی‌یەدا وەختی هاتو چویەتی ، وە کاتی بەزمی سوور خواردنی سەما کردنیەتی .

(٥) نقارە : ئالەتیکی موسیقای میللی‌یە . لرفە : خشە . شەروال : ژیرکراس . پامووڕە : مووڕووی پی ، خشلیکە ئافرەت لە پی‌ی ئەکا . خرخال : بازنە .

(٦) خەندە : پیکەنین . کەندە : هەلکەن .

(٧) نمانا : دەرکەوتن .

(٨) هوردا : هەلتەکاندن . شیشە : مووڕووی مل .

وورشەی ستارە نەو زوڵف بووم زەڕ
چون قەوس‌و قەزەح گرتەن دەور وەر (٩)
جەو بەزم شیرین منیش کەر وە یاد
بەزمتان جەم بۆ دایم وە دڵشاد (١٠)
من وێم زووم زانان تاڵەم پەشێوەن
ڕەفیقم مەینەت ، ئەنیسم دێوەن (١١)
خودا وە تۆش دان سەیر نەمامان
وە من ڕەنگ زەردی‌و نااڵەی بێ سامان

(١) ـ ٧ ـ

مناڕە ، صەدای صەڵاش صەد تەرزەن
مزگی ، جە شادی دەماخش بەرزەن (٢)

---

(٩) ستارە : ئەستێرە . بووم : جیگا . قەوس‌و قەزەح : هەسوونە زیرینە . وەر : خور . مەوڵەوی لەم شیعرەدا تەشبیهی ڕووی جوانانی کردووە بە ڕۆژ ، وە ژێر زوڵفیان بە زێر ، وە ورشەی زوڵف‌و بریقەی گول‌و ئەستێرە زیوینەکانی سەر زوڵف‌و زەردەی تەنشتی گونایان بە هەسوونە زیرینە کە لە پاش باران دەرئەکەوی ، بارانەکەش دڵوپەی ئارەقی ماندوو بوونی هەڵپەرینیانە . . واتە : ورشەی ئەستێرەی سەر زوڵفی یاران کە بە سەر لاجانگی زەردی وەك زێرەوەیە ، وەك هەسوونە زێرینە دەوری ڕووی وەك ڕۆژیانیانی گرتووە .

(١٠) جەو : لەو . کەر : بکە . جەم : جەمع ، کۆمەڵ .

(١١) وێم : خوم . تاڵە : طالع ، بەخت . ئەنیس : هاودەنگ .

(١) مەوڵەوی ئەم قەسیدەیەی لە مانگیکی ڕەمەزانا وتووە .

(٢) واتە : مناڕەی مزگەوتەکان صەد جور صەڵاو بانگیان لێ بەرز ئەبێتەوە ، مزگەوتەکانیش لە خوشیدا دەماخیان بەرزە .

مەی نە خوم چون من نە خەم ئەسیرەن
مەیخانە صەفاش خەیلێ دڵگیرەن (٣)
لوولەی تەراویح وەش وەش مدۆ دەنگ
بێ ئاهەنگەن تار تەموورەی ئاهەنگ (٤)
مەرحەبای لیباس تاعەت پۆشانەن
ئەلوەدای کاس کاس بادە نۆشانەن (٥)
ساقی ، سا صەد جار وە نازت نازوو
هوردەر وە گوڵ بانگ صەدای (وامتازوا) (٦)

---

(٣) خوم : کووپەی مەی . واتە : شەرابیش بە هوی رەمەزانەوە لە کووپەدا ماوەتەوە ، ودك من کە گیروودەی خەم بووم . مەیخانەیش خوشی تیا نیە چونکە کەسی تی ناچی بو خواردنەوە .

(٤) لوولە : شمشال . تەراویح : نویژیکی تایبەتیی بیستو سە رکاتیە بە رەمەزانا پاش نویژی عیشا ئەکری ، وە لە نیوانی هەردوو رکاتیکیا دوعایەکی تایبەتی ئەخوینری . ئاهەنگ (ی یەکەم) : خوشی . تار ، تەموورە : دوو ئالەتی موسیقای میللین . ئاهەنگ (ی دووهەم) : شایلوغان . واتە : شمشالی تەراویح خوش خوش دەنگی لیوە دیو تارو تەموورەی ئاهەنگو رابواردن خوشیی لی براوە .

(٥) واتە : کاتی مەرحەباو بە خیر هاتنی ئەوانەیە کە جلو بەرگی تاعەت ئەپوشن ، وە دەمی مالاوایی کردنە لە پیالەی مەی بو مەیخورەکان . وشەی (مەرحەبا) و (ئەلوەدا) ئیشارەتن بو ئەوە کە لە نیوەی یەکەمی مانگی رەمەزانا لە کاتی نویژی تەراویحا ئەلین (مرحبا .. مرحبا أیا شهر رمضان) وە لە نیوەی دووهەمیا ئەلین (الوداع .. الوداع أیا شهر رمضان) .

(٦) نازوو : بنازم . گولبانگ : ئاوازی گەرمو بە جوش . وامتازوا : بەشیکە لە ئایەتی (وامتازوا الیوم ایها المجرمون) کە لە روژی قیامەتا بە تاوانباران ئەوتری ، وە مەعنای ئەوەیە ئەی تاوانباران ئەمرو ئیوە جوی ببنەوەو لا کەون . واتە : کاکەی مەیگیر یا خوا صەد جار بنازم بەو نازەتا کە داوتە پیم ، هاوارو بانگی (وامتازوا الیوم ..) هەلدە تا ئەوانەی روژوویان گرتووەو ئەوانەی نەیانگرتووە لە یەك جوی ببنەوە . مەبەسی ئەوەیە رەمەزان دوایی بینە ، چونکە بە هاتنی جەژن دیاری ئەدا کی خواپەرست بووەو کی تاوانبار . لە شیعرەکانی پاشەوەدا چونیەتیی دوایی هینانی رەمەزان باس ئەکا .

طرەت نە ڕووی خاڵ جەبین سەراوێز
پیاڵەت چون جام (کەچ دارو مەڕێز). (۷)
ستارەت نە شەو طرەی قەترانی
هوەیداو پەنهان شەمس پێشانی (۸)
هیلال نە پای شەو نەسیم بۆی نافدا
بنمان نەو شەفەق بادەکەی سافدا (۹)
هەی هیلال ، هەی عید ، خێزۆ جە یاران
وە ڕەغم گرۆی پەرهێزگاران (۱۰)
شادی دەر وە دڵ لای مەیخواراندا
خەفەت دەر وە جەرگ ڕۆزەداراندا (۱۱)

---

(۷) طرە : زولف . سەراویز : سەربەرەوخوار . کەچ دارو مەریز : جوملەیەکی فارسییە بە مەعنا لاری بگرەو مەیڕیژە . واتە : بو پیشانداني مانگی شەوی جەژن زولفت بە سەر ڕووی خالەکەی ناوچاوانتا دابدەرەود . وە چاوە گەورەکانت بینە سەر شیوەی ئاور دانەوە وەك پیالە شەرابی کە لار کرابیتەوە بەلام نەهیلری برژی .

(۸) قەترانی : ڕەش . پیشانی : ناوچاو . واتە : قولاپە زیوینەکانی سەر زولفە ڕەشەکانت دەرخە وەك ئەستیرەی تاریکەشەو با ڕوژی ڕووت دەرنەکەوی .

(۹) نافە : میسکی بون خوش . شەفەق : سوورایي قەراغی ئاسمان بە ئیوارانا . واتە : لە داوینی ئەو شەودا کە زولفەکانتەو ، شنەی بونی میسکی لێدی ، لە سوورایي پیالەی شەرابی سافدا کە چاوتە ، مانگی یەکشەوەمان پیشان بدە کە بروتە .

(۱۰) خیزو : بەرز بیتەوە . واتە : با بە کویرایي چاوی پاریزکەران هاواری (ئای ئەوە مانگ .. ئەمشەو جەژنە) بەرز بیتەوە لە دوستانەوە .

(۱۱) روزە : روژوو . واتە : دلی مەیخوران خوشکە بە بەرەللا کردنی توانای خواردنەوە ، وە جەرگی روژووەوانەکان پر کە لە خەفەت کە نایانەوێ هەرگیز ڕەمەزان دوایي بی .

(١) —٨—

مەیلت ئارەزووی ئەغیار کەردەیێ
چێشش خامەکەت نام مەعدووم بەردەیێ (٢)
بێ منەت جە مەیل ئامای نامەتم
مەمنوون جە وەفای ڕەشحەی خامەتم (٣)
پەرسایێت چۆنی ؟ وێت غەڵەت کەردەن
مەر نمەزانی دووریت چ دەردەن (٤)
گەرمێی بڵێسەی دەروون دەماخ
دێوەلوول ئاخ دڵەی پڕ جە داخ (٥)
ئەو بەرد نم نە چەم دیدەی پڕ جە دەرد
ئێد مالاّ ڕووی حەرف خەیاڵ بێ گەرد (٦)

—٨—

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە گەل نامەیەکی بی نوختەدا لە وەلامی نامەیەکی حەمە پاشای جافدا نووسیوە کە لە بارەی ئیشی کەسیکەوە بوی ناردبوو . مەولەوی لە وەرامەکەیا بە حەمە پاشا ئەلی تو نەتویستووە نامەم بو بنووسی ، بەلام ئیشی ئەم پیاوە ناچاری کردووی .

(٢) چیش : کەچی . واتە : خوشویستنی تو ئارەزووی بیگانەی کردبوو ، کەچی قەلەمەکەت ناوی هینابووم .

(٣) ڕەشحە : پڕژ . واتە : منەتی ئارەزووی هاتنی نامەت هەلناگرم چونکە بە هوی ئیشی خەلکەوە بووە ، بەلام مەمنوونی وەفای پڕژی قەلەمەکەتم کە ناومی نووسی .

(٤) واتە : پرسیارت کردبوو کە چونم ، بەلام تو خوتت بە غەلەتا بردووە ، بوچی نازانی دووریت چون دەردیکە تووشم هاتووە .

(٥) دیوەلوول : گیژەلووکە . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوە پیکەوە دی .

(٦) بەرد : بردی . مالا : مالیوە . واتە : گەرمێی بلیسەی ناو دەماخم تەرایی نەهیشتووە لە چاوە پر دەردەکانما ، وە گیژەلووکەکەی ئاخو هەناسە هەلکیشانی دلەی پر داخم ڕووی ئەو حەرفانەی مالیوە کە لە خەیالی ساف و بێ گەردمان .

نه قەترەی ئەسرین مەندەن نە چەمدا
نە نوختە نە حەرف ئینشای ماتەمدا (٧)
عەرضە شاهیدەن خاس بدیە پێشدا
حەرف نوختەدار نەمەندەن تێشدا (٨)

مامۆسای سەر ئێل شیرین کەلامان
تەشریف خەیرت باوەر وە لامان (٢)
نە شنۆی بەدکار ، نە بۆی بەدوازەن
وەحشی‌یان هەمڕاز ، تەیران دەم سازەن (٣)

---

(٧) ئەسرین : فرمیسك . مەندەن : ماوە . واتە : لەبەر ئەوە نە دلوپەیەك فرمیسك لە چاوما ماوە ، وە نە حەرفەکانی نامەکەم کە باسی خەفەتبارییم ئەکا نوختەیان پیوە ماوە .

(٨) عەرضە : نامە . بدیە : بروانە . واتە : نامەکەم شایەتمە ؛ باش سەیری بکە حەرفی نوختەداری تیا نەماوە . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (نەمەندەن) نووسراوە (مەوینی) بە مەعنا نابینی . ئەو نامەیە کە مەولەوی لەم قەسیدەیا ئیشارەتی بو کردووە بە زمانی فارسی نووسراوە ؛ وە چەند دیریکی عەرەبی‌یشی تیایە . نوسخەیەکیم لایە لە گەل چەند نامەیەکی‌تری نووسراوی مەولەویدا .

(١) مەولەوی بەم قەسیدەیە یەکی لە دوستەکانی بانگ کردووە بروا بو لای رابواردن ، وە باسی خوشی‌ی شوینەکەی خوی بو کردووە .

(٢) ئیل : خیل . باوەر : بینە .

(٣) بەدواز : بەدخواە . واتە : نە شنوی بەدکار هەیە لەم شوینەدا کە منی تیام ، وە نە بونی بەدخوای تیایە . هاودەنگ‌و هاوریمان بالدارو گیاندارە. کیوی‌یەکانن .

شەتاوان چون سەیل دیدەمەن جاری
پێچ مدان چەنی زامان کاری (٤)
تۆ نە سەرگوزەشت سزای دەرد لەیل
من نە حیکایەت ئازیز بێ مەیل (٥)
ساتێ پەی وێما بنیشمێ وە شاد
بەو ڕازانەوە خەم بدەین وە باد (٦)
تا فەڵەك دیسان نەی ڕاگوزەردا
بوینمێ چێشش ها نە ژێر سەردا (٧)

— ١٠ — (١)

مامۆسای شیرین ، شۆخ دیدە مەست
جە مەکتەبخانەی مەدرەسەی (ألست) (٢)

---

(٤) واتە : چەمەکان وەك ئاوی چاوم زورو ڕەوانن ، وە بە زامی کاریگەری خویانەوە پیچ ئەخون . مەولـەوی لەم قەسیدەیەدا خەیالیکی وردی بەکار هیناوە ، وە بریاری داوە کە هەرچی پیچ بخوا لەبەر ئەوەیە کە ئازاری هەیە ، وە چەمەکانیش بویە پیچو لارن چونکە ئازاریان هەیە ، ئەبی ئەم ئازارە خەیالییەی چەمەکان بـە هوی دوورکەوتنەوەی ئـەو جوانانەوە بی کە لـە قەراغیانا سەیرانیان کردووە .

(٥) مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٦) ویما : خومان . بنیشمی : دانیشین . راز : قسە .

(٧) وینمی : ببینین . چیش : چی . واتە : تو سەرگوزەشتی دەردو ئازاری لەیلی خوتم بو بگیرەرەوەو منیش باسی ئازیزی بێمەیلی خومت بو ئەکەم ، وە سەعاتی پیکەوە دانەنیشین بەو قسانە خەممان ئەدەین بە با ، تا بزانین فەلەك لەم دنیایەدا چیتری لە ژیر سەرایە بومان .

— ١٠ —

(١) مەولەوی بەم چەند شیعرە قسە لە گەل ماموستایەك ئەکا کە دەرزی بە شوخیك وتووە .

(٢) مەکتەبخانە : قوتابخانە . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پیکەوە دی .

دیده‌ش مه‌کته‌بی‌ی قه‌ده‌ر سزا دا
نیم نیگاش تالیم طفل قه‌زا دا (٣)
سه‌ر نووك موژه‌ش مه‌که‌ردش ته‌قریر
ڕاستی په‌ی تیر ته‌دبیر ته‌قدیر (٤)
تۆ په‌ی ته‌علیمش نه ڕای جه‌خته‌نی
ئه‌لبه‌ت یا سه‌رسه‌خت یا به‌دبه‌خته‌نی (٥)

— ١١ — (١)

مه‌جنوونه‌که‌ی وێڵ شه‌یدای باڵای تۆ
سه‌لام کیانا وه خاکپای تۆ (٢)
وێش جه تاو ده‌رد بار خه‌مان به‌رد
جاده‌ی مه‌ینه‌ت گرت ، وێڵ بی هه‌رد ئه‌و هه‌رد (٣)

---

(٣) مه‌کته‌بی : قوتابی . نیم نیگا : لاچاو . تالیم : ته‌علیم ، فێرکردن .

(٤) ته‌قریر : روون کردنه‌وه‌ی ده‌رس . واته : ئه‌ی ماموستای شیرین ئه‌م شوخه چاومه‌سته که تو ده‌رسی پی ئه‌لییت ، چاوی له قوتابخانه‌ی روژی ئه‌زه‌لا سزای قوتابی‌یه‌کی ئه‌دا که قه‌ده‌ره ، وه تیلی چاوی منالی قه‌ده‌ری فێر ئه‌کرد که چون تووشی خه‌لك بیت ، وه نووکی برژانگی ده‌رسی راست رویشتن‌و لا نه‌دانی فێری تیری قه‌ده‌ر ئاراسته کردن ئه‌کرد .

(٥) جه‌خت : ره‌نج‌دان . واته : که‌چی تو ئیستا خوت ئه‌زیه‌ت ئه‌ده‌ی بو فێر کردنی ، ئه‌لبه‌ت یا سه‌رسه‌ختی یا به‌دبه‌ختی ، ئه‌گینا تو له کوی‌و ده‌رس وتنه‌وه به یه‌کیکی وا له کوی ؟

(١) مه‌وله‌وی ئه‌م چه‌ند شیعره‌ی بو دوستیکی ناردووه بو ده‌ربرینی خوشه‌ویستی‌ی خوی .

(٢) کیانا : ناردی . واته : عاشقه مه‌جنوونه‌که‌ت که شه‌یدات بووه‌و به دوای باڵاتا ویل بووه ، سه‌لام ئه‌نیری بو خاکی به‌ری پیت .

(٣) واته : خوی له تاو ده‌ردو ئازار نه‌یتوانی بیت ، باری خه‌می ناوه‌ته سه‌ر شانی‌و ریگه‌ی مه‌ینه‌تی گرتووه‌ته به‌رو که‌وتووه‌ته هه‌رده‌و هه‌رد کردن .

دڵ ئەمێرشەن جە لات ئەسیرەن

چون تاوان‌کاران بەند زنجیرەن (٤)

ئامان صەد ئامان خاس نیگاش دارە

وەر نە ئاروفتەن زوو مبۆ پارە (٥)

مەنزڵگەی دیدەم ئاوپاشی کەردەن

چەشمەنداز بەرز بێ تۆزو گەردەن (١)

شێوەت با بەیۆ ئەر مەیلش بارۆ

بەڵام بویەرۆ ئەر بەد بویارۆ (٢)

---

(٤) واتە : دلەکەی کە نەرمانرەوایەتی ، لای تو ویلەو وەك تاوانباران زنجیر کراوە .

(٥) ئاروفتە : دارزاو . پارە : پارچە . واتە : دەخیلتم چاك ئاگات لێبێ ئەگینا داوەشاوە زوو دائەفرەقێو پارچە پارچە ئەبی .

(١) ئاوپاشی : ئاورشین . چەشمەنداز : چەشم ئەنداز ، جیگای بەرزی چاو لیوە خستن . مەعنای هەردوو شیعرەکە پیکەوە دی .

(٢) بەیو : بیت . بارو : بینی . بویارو : رابویری . واتە : مەنزلگەی چاوم ئاورشین کردووەو جیگەیەکی بەرزەو بو تەماشا لیوە کردن زور خوشە ، هیچ توزی تیا نییە . وینەی ناسکت ئەگەر مەیلی هەیە با بیتە ناو چاوەکانم ، وە ئەگەر شوینەکەی لا خراپ بوو ، وە ناخوشی رابوارد ریگای ئەدەم بروا .

ـ ١٣ ـ [1]

من كه دڵ دايم نه واوەيلمەن
غەرق موتالاّی خاڵ لەيلمەن (٢)
چ باك تانەی تەوەن تاومەن
شەوق موتالاّی ڕووی كتاومەن ؟! (٣)

(١) مەولەوی بەم دوو شيعرە بەربەرەكانیی دوو شيعری (مەلاقاسم) ناويكی كردووە كە وتوويەتی :

هەرگا من پيكياى پەيكانی لەيل وام
جە بێمەيلیی لەيل وەتەن دوجەيل وام
چ باك بەدیی بەدكارانمەن
چ پەروای تانەی ئەغيارانمەن

واتە : مادەم من پيكراوی تيری لەيل بم ، وە لەبەر بێمەيلیی لەيل وەتەنم كيوی دوجەيل بی ، ئيتر باكم چيە لە خراپیی ئەو كەسانەی خراپەم ئەلين ، وە لە كوی ماوەی موبالات كردنم هەيە بە تانەو تەشەری بيگانە ؟

(٢) واوەيل : هاوارو شين . مەعنای ئەم شيعرەو شيعری دوايی پيكەوە دی .

(٣) تەوەنتاو : بەرد توينەرەوە . موتالا : مطالعە ، چاو پياگيران . واتە : من كە دلم هەميشە لە گريانو واوەيلادا بی ، وە غەرقی موتالای خالی روخساری لەيل بم ، چ باكيكم هەيە لەو تانەو تەشەرانەی كە بەرد ئەتوينەوە ، وە لە كوی ماوەی موتالای پەردی كتيبم هەيە ؟

تیپی نووس

(١) ـ ١ ـ

نامه‌كه‌ت پەی چێش ؟ پەرێ دەوای دەرد
یاوا خاس وانام موتالەعەم كەرد (٢)
ئاخ ، داخان نیشاط جه بێخ كەندە وێم
ڕای تەدبیر كەس پێ نەمەندە وێم (٣)
سەرەتای زوخاو نه جەرگم سەر دان
بەیدێ پێمەوە یاران ، هام فەردان (٤)
هاوار یانێ های خاڵۆم نەشنەفتەن
جه نۆ كۆسێ تەر خاستەرم كەفتەن (٥)
دیدە كەم ماچان بێوەفاییش كەرد
شەرتو عەهد بەین وەرین جه یاد بەرد (٦)

ـ ١ ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە وەلامی قەسیدەیەكی خالوی كوماسیدا نووسیوە ، كە سكالای دەردی عەشقی بو مەولەوی كردبوو تیایا . وەد سوزی دلی خوی دەربڕیبوو ، وە چاری لی ویستبوو .

(٢) وانام : خویندمەوە . واتە : نامەكەت گەیشتو بە باشی خویندمەوەو تی‌گەیشتم بو چیت نووسیبوو ؟ داوای دەرمانی دەردت تیدا كردبوو .

(٣) واتە : داخی بە جەرگم نارەحەتی داری جم‌وجوولی لە بن هەلكەندووم‌و ڕیگای تەگبیر كردنم بو كەس نەماوە .

(٤) بەیدی : وەرن . واتە : برادەرینە ، فریام‌كەون سەردتای زووخاو سەری‌داوە لە جەرگم .

(٥) واتە : هەی هاوار وا دیارە هیشتا خالوی كوماسی نەیزانیوە من بەم نزیكانە كوستیكی گەورەترم كەوتووە ، وا داوای چارەو تەگبیرم لی ئەكا . لە شیعرەكانی پاشەوەیدا باسی ئەو كوستە كەوتووەی ئەكا .

(٦) ماچان : ئەلین . واتە : وا بلاوە كە ئازیزم بێوەفایی كردووەو گفت‌و پەیمانی نیوانمانی خستووەتە پشتگوی . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (جه یاد بەرد) نووسراوە (گردش مەرد) واتە هەمووی شكاند .

زیاد بی سەردیی پەی غەم کەیلەکەش
کەم بی گەرمیی تاو کوورەی مەیلەکەش (۷)
هەوای دۆس نۆش وە دەروون ئاوەرد
سفتەکەی کۆنەش یەکجار جە ویر بەرد (۸)
دیدەکەم تۆ مەیل خەستەت زەروور بێ
ئەی بێشەرتیە فرە چێت دوور بێ (۹)
خەیلێ واتم خەیچ ئێش زامم مەرد
ئای کولناتەوە ئینە چێشت کەرد (۱۰)
بەزەییت ناما بەی زاریمەدا
وەی نالّەی شەوان یێداریمەدا
وەی دلّەی پڕ ئێش پڕ زوخاومەدا
وەی هەناسەی گەرم تەوەنتاومەدا (۱۱)

---

(۷) واتە : ساردیی ئەو زیاد بووە لە گەل منا کە دلم بە هویەوە پرە لە خەفەت ، وە تینی گەرمای کوورەی مەیلی کەمی کردووە .

(۸) هەوا : ئارەزوو . سفتە : سووتاو . واتــە : ئارەزووی دوستی تازەی گرتووەتە دل و دلدارە سووتاوە کونەکەی بە یەکجاری لە یاد بردووەتەوە .

(۹) فرە : زور . چیت : لیت . لیرەدا مەولەوی بە هونەری (التفات) زووی قسە لە خالوی کوماسیەوە وەرئەچەرخینیتە سەر دوست و پیی ئەلی : نازیزم ، تو پیویست بوو گرفتارەکەی خوتت خوش بوی ، ئەم بێشەرتیە زور دوور بوو لیتەوە .

(۱۰) خەیچ : ئوخەی . کولناتەوە . کولاندتەوە . واتە : زورم وت ئوخەی ئیشی زامەکەم دامردەوە ، ئای ئەوە چیت کرد وا کولاندتەوە .

(۱۱) تەوەنتاو : بەرد توینەوە . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (دلەی پر ئیش) نووسراوە (جەستەی پر هوون) ، وە لە جیاتیی (هەناسەی گەرم) نووسراوە (هەناسەی سەرد) .

من دڵم وه تیر تۆ ئێشا ، یا ئەو
من جەفاو مەینەت تۆ کێشام ، یا ئەو (١٢)
من وێم وه سەرگەرد یالاّت کەرد ، یا ئەو
من وێم فیدای خاك پالاّت کەرد ، یا ئەو
جه بەدبەختیی وێم وەنەش وارۆ سەنگ
زانام بێمەیلی ئەما نەك وەی ڕەنگ (١٣)
من هیچ بەرکەنار ، ئەحوالّم مەپرس
خۆ قیامەت هەن جه خودا بترس (١٤)
خالّۆ دەرد دڵ بێنیهایەتەن
شکایەت نییەن ، یه حیکایەتەن (١٥)
ئاوایي پەی غەیر ، وێران مالّه وێم
عالّەم شیرین کام ، مەزاق تالّه وێم (١٦)

---

(١٢) واتە : یو دوستیکی تازە بوچی وات لێهات ؟ بوچی من بووم دلم ئیشا بە تیری تو یا ئەو ؟ وە من بووم دەردو مەینەتی توم کیشا یا ئەو ؟

(١٣) وەنەش وارو : لێی بباری . واتە : یاخوا لەبەر بەدبەختیی خوم بەرد بباری لە بەختم .. من ئەمزانی بێمەیلی بەلام نەمئەزانی بەم جورەی .

(١٤) بەرکەنار : بخەرە لاوە ، وشەیەکی فارسییە . واتە : چۆن لە من گویم مەدەریو مەبەستت نەبم ، بەلام خو قیامەتو لێپرسینەوە هەیە بوچی لە خوا ناترسی ؟

(١٥) یە : ئەمە . مەولەوی لێرەوە ڕووی قسە ئەکاتەوە خالوی کوماسیو پێیئەلی : خالوگیان دەردی دلی من بڕانەوەی نییە ، ئەم قسانەش کە ئەیکەم سەرگوزەشتەیە ئەیگێرمەوە ، شکاتی حال نییە ، چونکە ڕەوا نییە دلدار شکات لە دوستی بکا .

(١٦) واتە : ئاوەدانیی حالو مال هەر بو بێگانەکانە ؛ منیش کە ئەو هەموو مافەم بە سەر یارەوە هەیە مالم وێران بووە ، هەروەها هەموو کەس دەمی شیرینەو هەر من تامی دەمم تالو ناخوشە .

ناوەش پێ حەرام ، وەش حەرامە وێم
شادی پێ نوقصان ، غەم تەمامە وێم (١٧)
هەڵۆ زەدەکەی ترسیاگە وێم
درۆ بۆ یا ڕاس هەوەسیاگە وێم (١٨)
چ وەخت ئامای ئینشای فەردت بێ
چ وادەی داوای دەوای دەردت بێ (١٩)
گلاراو مەرگ چێگەو چۆگەمەن
دەخیل تەدبیرێ جارێ نۆگەمەن (٢٠)

ـ ٢ ـ [1]

نەسیم مەحرەم مابەین یاران
ماچان وەهارەن سەوزەن دیاران (٢)

---

(١٧) واتە : شتی ناخوشم بو حەلالەو خوشیم لی حەرامە ، وە شادیم، کەمەوکورتەو خەمو خەفەتم تەواوە .

(١٨) ترسیاگ : ترساو . هەوەسیاگ : حەپەساو . واتە : ئای وەك چولەکەی هەلو لیداو ترساو خوم ، وە بە راس بی یا بە درو بی حەپەساوو سەر لی تیکچوو خوم ..

(١٩) واتە : خالو گیان ئەمکاتی نارەحەتیو بێئیسراحەتییەی دل کەی بو. ئەوە ئەشیا تو هەلبەستی تیا دانیێتو بومی بنیری وە داوای تەگبیرم لی بکەی. بو دەرمانی دەرد ؟ لە هەندی نوسخەدا لـە جیاتیی (چ وادەی داوای) نووسراوە (چ وەختو وادەی) .

(٢٠) چیگەو چوگە : لیرەو لەوی . نوگە : نوبە . واتە : ئیستا من خوم، گلاراوم پیکەوتووەو ئەمدیوو ئەودیو ئەکەمو ئەمرم ، کەواتە جاری نوبەی. منە تو تەگبیریکم بو بکەی .

ـ ٢ ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بو (شیخ عەزیزی جانەوەرەیي) نووسیوە ، وە وای بریار داوە کە ئەبی نەسیم بوی بەری .

(٢) مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایي پیکەوە دی .

گیان وه بێ‌تاقەت موینوون ئارۆ
ظاهرا هەوای لای ئازیز دارۆ (٣)
ئامێتەی خەیاڵ ئەو دڵ‌پەسەندەن
ئێڵاخیچ هەڵای کەمێ یەخ‌بەندەن (٤)
زەحمەت وه خەیاڵ ئەو ئازیز مەدەر
وەر نەیۆ گیان ، هیچ ، به وێت تەشریف بەر (٥)
چون یاوای پەرساش به نااڵە عەرزکەر :
دیم تەن سفتەکەی خەستەی زام خەتەر (٦)
دڵ دەروون هەر یەك وه دەس خامەیێ
ئینشا کەردەبێ توغرا نامەیێ (٧)

---

(٣) واتە : ئەی بای نەسیمی بەیانیان کە مەحرەمی بو هاتوچو لە نیوانی دوستانا ، ئەلین بەهاردو دەشت‌ودەر سەوز بووەو وادەی وەزینی تویە . منیش وام دیتە بەرچاو گیانم ئەمرو بێتاقەت بێو ئارەزووی وابی بچی بو لای شیخ عزیزی جانەوەریي .

(٤) ئامیتە : تیکەل . هەڵای : هیشتا . یەخ : سەهوڵ . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دواییش پیکەوه دی .

(٥) مەددر : مەدە . نەیو : نەیەت . واتە : بەڵام لەبەر ئەوە کە گیانم تیکەل بووە لە گـەل خەیاڵی ئازیز ، وە کویستانیش هیشتا ساردە . زور ئازاری مەدەو رای‌مەکیشـە بو لای خوت ، ئەگەر بە ئاسانی لە گەڵتا هات ئەوە باشـە ، ئەگینا خوت بە تەنیا برووە ئەم نامەیەی بو بەرە .

(٦) یاوای : گەیشتی . واتە : کە گەیشتێو هەوالی منی پی پرسیت ، بنالینەو عەرزی بکە بلی چاوم بە دلدارە لەش سووتاوە نەخوشـەکەت کەوت کە برینیکی مەترسی لێکراوی پیوەیە .

(٧) خامە : قەڵەم . واتە : دڵو دەروونی هەریەکی قەڵەمیکیان بـە دەستەوە بوو ، وە نامەیەکی مور لەسەریان نووسیبوو . لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتێی (توغرا) نووسراوە (سوزش) واتە نامەیەکی بە سوز .

دڵش کەردەبێ وە دوو (هو) مەرقووم
دەروونش وە هوون (محبك معدوم) (٨)
ئەر تەصدیع نەبۆ وە جان فیدای وێت
گۆش دەر سەوادش بوانوون پەرێت : (٩)
وە نام دەرمان زامان موشکۆڵ
جە نەوای بوڵبوڵ جە ئیستیغنای گوڵ (١٠)
(بعد) وە دیدەت شای نەونەمامان
هەر ئێد مژنەوو وەهارێ ئامان (١١)

---

(٨) دوو : دووکەل . مەرقووم : نووسراو . واتە : دلی ؛ بە دووکەلی هەناسەی بە سوزی خوی لە سەر نامەکە نووسیبووی (هو) . دەروونیشی بە خوینی خوی لە خواریەوە ئیمزای نامەکـەی کردبوو ، وە نووسیبووی (محبك معدوم) بە مەعنا (خوشەویستت : مەعدوومی) . جاران ئوسوول وابوو لە سەری نامەوە ئەنووسرا (هو) کە ئیشارەتە بو ناوی خوا .

(٩) سەواد : رەشایی . بوانوون : بخوینمەوە . واتە : بلی بە ئازیز ئەگەر سەرت نایەشی گوی شڵکە بو ئەم گیان فیدای خوتە با نووسراوی ناو نامەکەت بو بخوینمەوە .

(١٠) موشکل : گیرپیوەخواردوو . واتە : بلی لـە باتیی (بسم الله الرحمن الرحیم) لە سەرەتای نامەکەوە نووسیویە دەس ئەکەین بەم نامەیە بە بەرەکەتی ناوی کەسیکەوە کە دەرمانی ئەو برینە خەتەرناکانەیە کە پەیدا ئەبن لە نالەو فغانی بولبولو لە بێباکیی گولەوە . جاران ئوسوول بوو لـە سەری نامەوە جار جار بسم الله ئەنووسرا .

(١١) مژنەوو : ئەبیسم . واتە : لـە پاش دەسکردن بە نامەکە ، بلی ئازیزی شای نەونەمامان بە چاوت قەسەم هەر ئەوەندە ئەبیسم کە بەهار هاتووە . لە شیوەی نامە نووسینو کتیب دانانی کونا پاش تەواو بوونی هینانی ناوی خواو سوپاس کردنیو سەلەوات دان لە پیغەمبەرو ئالو ئەصحابی ، ئەنووسرا (وبعد) .

تاستەنش هەوای نەوبەهاران پێم
تەماشای وەهار حاڵەتەکەی وێم (١٢)
شەتاوم هوونا‌و دیدەی پڕ دەردەن
نەسیمم شنۆی هەناسەی سەردەن (١٣)
غونچەی نەشکوفتەم زام کاریەن
بوڵبوڵم ناڵەی دڵ ئەوگاریەن (١٤)
والحاصڵ سەموم بای تاڵەی سستیم
پەژمردە کەردەن وەهار هەستیم (١٥)
تا واچی خەرمان خەم وە کۆنانێ
وە کەیف دەماخ دووری‌ی تۆنانێ (١٦)
خصووص چون خەبەر میاونانێ
گوڵان ، بوڵبوڵان ، ملاونانێ (١٧)
من وێم موینوون خاتر زیزەنان
مەحرووم بۆی گوڵ ڕووی ئازیزەنان (١٨)

---

(١٢) ناستەنش : نەی‌هیشتووە . واتە : سەیری بەهاری ئەحوالی خوم ئارەزووی نەوبەهاری لا نەهیشتووم . لە دوو شیعری پاشەوەدا باسی بەهارەکەی خوی ئەکا چون بەهاریکە .

(١٣) شنو : شنە .

(١٤) نەشکوفتە : نەپشکووتوو . ئەوگاری : گرفتاری .

(١٥) پەژموردە : سیس . واتە : بە کورتی بای بەدبەختیم بەهاری ژیانمی شین کردووە .

(١٦) واتە : تا بلێی خەرمانی خەمو خەفەتم کومەڵەو بە ئاردزووی دوژمنم کە بریتی‌یە لە دووری‌ی تو .

(١٧) میاونانی : پیم‌ئەگەیەنن . ملاونانی : ئەلاوینەوە . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(١٨) زیز : عاجز .

مکیانۆ ڕەحمەت حەسرەت وە کۆکۆ
ڕەحمەت پەی جەناب دەرد دووری‌ی تۆ (١٩)
کوورەی ئارەزوو جۆش سەختشەن
ئای بێمەیل ، ئاوێ ، دەخیل وەختشەن (٢٠)
ئاخر نەك ئێمەیچ داخ نە دڵێنمێ ؟
سۆچیای ئایر چون تۆکڵێنمێ ؟ (٢١)
تۆ پەی نیشتمان ، من پەی سەودای تۆ
هەردوو بنااڵێن وە گریەو ڕۆ ڕۆ (٢٢)

---

(١٩) کوکو : کومەڵکومەل . واتە : بە تایبەتی لەوکاتەدا کە خەبەرم ئەدەنی وا گول بولبول ئەلاوینیتەوە ، من هەست ئەکەم کـە خەفەتبارم و بێبەشم لە بونی گول کە رووی یارە . لەبەرئەوە ، داخی نەلاواندنەوەم لـە لایەنی تووە ، بە کومەل ڕەحمەت ئەنیری بو دەردی دووریت ، چونکە هیچ نەبی کە دوور بی لیم خەفەتی ئەوە ناخوم بوچی نامڵاوینیتەوە .

(٢٠) مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (ئای بێمەیل ئاوی) نووسراوە (ئاخ پەی سیلاوی) . سیلاو : لافاو .

(٢١) نەك : بە مەعنا (بوچی نە)یە ، ئیستیفهامی ئینکاری‌یە . سوچیا : سووتاو . توکل : تویکل . واتە : کوورەی ئارەزووی دیدارت جوشی سەندووە ، ئای دەخیلم ئاوی وەصلی پیا بکە ، وەختیەتی ، با دابمرێتەوە ، ئاخر بوچی ئیمەیش داخ لە دل نین‌و وەك تویکلی سووتاومان لی نەهاتووە ؟

(٢٢) نیشتمان : مەبەس لە دلی مەولەوی‌یە کە جیگای خەیالی دوستە . واتە : کەوابوو با هەردووکمان دەس‌کەین بە گریان‌و نالین ؛ تو بو دلی من کە جیگای خەیالتەو منیش بو ئاردزووی تو .

(١) _ ٣ _

نامەی نەفتینت یەكڕۆ باد ئاوەرد
كڵپەی بڵێسەی كوورەم زیاد كەرد (٢)
دەڵاڵەت جۆشۆ چون ڕۆی ئازادی
گەرمەی گەرم نەزم بەزم پڕ شادی (٣)
صەدای (لاو هەی لاو) ، زڕەی زەڕزنجیر
سڵسڵەو بانیسەر بەندزرێو لاگیر (٤)

- ٣ -

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەشی لە وەلامی قەسیدەیەكی ئەحمەد بەگی كوماسیدا نووسیوە كە باسی شایی‌و زەماوەندیكی گەرمی تیا نووسیبوو بو مەولەوی ، وەداخ‌و حەسرەتی پیشان‌دابوو كەوا مەولەوی لەو شایی‌یەدا نەبوە .

(٢) نەفتین : نەوتاوی . واتە : روژیكیان با نامەی نەوتاویتی هیناو دای بە رووما ، لەوەوە كلپەی بلیسەی كوورەی دەروونم زیاتر بوو .

(٣) دەلالەت : میهرەبانی . جوشو : دیتەكول . واتە : نامەكەت میهرەبانی‌و خوشەویستی‌ی لیوە هەڵنەقولی ، وەك روژی جەژن كە روژی گەردن ئازایی‌كردنی خەلكە لە یەكتر ، وە كوری گەرمی گورانی وتن‌و هەلپەركی‌ی پڕ زەوق‌و شادی‌یە . لە شیعرەكانی پاش ئەم شیعرەدا مەولەوی وەصفیكی جوانی دیمەنی هەلپەركی ئەكا بو ئیشارەت بەو شایی‌و هەلپەركی‌یەی خالوی كوماسی باسی كردبوو لە نامەكەیا ، وە خەفەتباری‌ی خوی پیشان دابوو كە مەولەوی تیایا نەبوە .

(٤) لاو هەی لاو : گورانی‌یەكی كونە لە سەر ئاوازەی هەڵپەڕیون . زەرزنجیر : زنجیری ئالتوون كە ئافرەتان ئەیدەی لە خویان . سلسلە : خشلیكە ژنان ئەیدەن لە بەرشەدە . بانیسەر : پینج لیرەیی یا پینج قرانی كە ژنان ئەیاندووری بە ناوەراستی كلاوا . بەندزری : هونراوەیەكی زیوە شەدەی پی قایم ئەكری . لاگیرە : هونراوەیەكی‌تری زیوە تاكە تارانی‌ی پیا كراوە ژنان ئەیدەن لەملاو لەولای كلاو زەر یا سەروپیچ .

زیلەی گوارەو زرنگەی زەنگڵەی زەڕ
لەرزەی نەونەمام ، لەرەی لیمۆی تەڕ (٥)
شەوق زەرقو بەرق فەرق زەڕ کلاّو
ورشەو پرشەی خۆی کوڵم بۆگولاّو (٦)
شەقەو تەقەی گەرم ، چەپڵەو چیڵەی نەرم
چریکەی وە ناز ، تریکەی وە شەرم (٧)
سەمای دەسماڵان ، ڕەمای نەوهاڵان
نەمای مەلالان ، نمای وەشحاڵان (٨)

---

(٥) زیلە : زرە . زەنگلە : ئەو زریو لیرانەی بەربوونەتەوە بـە گوی زیرینی سەر سوخمەوە . لیموی تەر : مەبەس مەمکی کچە هەلپەرکی‌کەرەکانە . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (گوارە) نووسراوە (تەلای گوش) واتـە ئالتوونی گویچکە کە هـەر گوارە ئەگریتەوە ، وە لـە هەندیکی‌ترا نووسراوە (تیتەی گوش) بە مەعنا خشلی گویچکە . وە لە هەندی نوسخەی‌ترا یەکسەر شیعرەکە بەمجورە نووسراوە :

زیلەی زایەلەی زرنگەی پویلەی هەی
کەوانەی دیانەی زەنگلەو لەرەی بەی

زایەلە : دەنگ . پویلە : مەلەوانی موورو شیلانو کارەبا . کەوانە : چەمینەوە . دیانە : قولاپ . بەی : مەبەس مەمکی کچانی هەلپەرکی‌کەرە .

(٦) فەرق : تەوقەسەر . زەرکلاو : کلاوزەر کە لیرەو تاکەتارانی‌ی پیا دادووراوە . خوی : ئارەق .

(٧) چیلە : پیکەنین . چریکە : ئاوازی بەرزی مەقام وتن . تریکە : پیکەنینی پرو ناسك .

(٨) سەما : لەرە . دەسمال : دەسەسری دەسی سەرچوپی‌کیش . رەما : راکردن . نەوهال : نەونەمام ، مەبەس منالانی بەرگەرەکە کـە بە دەوری هەلپەرکی‌کەرانا دین‌و دەچن . نەما : نەمان . نما : خونواندن .

چفەی گەردەن کەچ ، مەرگ من چێشش واچ
خاین وە خەفەت ، نەزان جگەر پاچ (٩)

---

(٩) چفە : چپە ، قسەی نهینی لە ژیر لیوەوە . گەردەنکەچ : ئەوەی ملی لار کردووەتەوە بو چپەکردن . چیش واچ : چیوت . جگەرپاچ : جگەر لەتکەر . واتە : دیمەنیکیتری هەلپەرکی مل لارکردنەوەی هەلپەرکیکەرانەو چپەکردنیانە کە لەولاوە ئەمونەو لە یەك ئەپرسن تو مەرگی من چیان وت ، وە پیاوی بەدکار خەفەت دایئەگریو ئەوەی نەزانی چپەکەرەکان چیان وتوە جگەری لە داخا لەت ئەبی .

لە هەندی نوسخەدا ئەم شیعرە بەم جورە نووسراوە :

چفەی بیوادەی نیازان نازان
بندەسیی دادەنگ بازن نە بازان

نیازان نازان : ئەوانەی نیازی نازکردنیان هەیە . بندەسی : لە بندەس کوتان بو داوای بیدەنگ بوون . بازن نە بازان : ئەوانەی بازنگیان لە قولایە .

لە نوسخەیەکیترا لە جیاتیی (چفە) راستەوخو نووسراوە (چپە) وە لە جیاتیی (نیازان) نووسراوە (نەزاکەت) واتە ئەوانەی بە نەزاکەتەوە نازئەکەن . لە نوسخەیەکیتریشا هەر لە جیاتیی (نیازان) نووسراوە (تەیاران) واتە ئەوانەی نازیان تەواوە ، وە لە نوسخەیەکیترا لە جیاتیی (دادەنگ) نووسراوە (نازك) وە لە جیاتیی (بازن نە بازان) نووسراوە (بازان یا نازان) بە مەعنا بیلن یا نەیەلن ، واتە : دیمەنیکیتری هەلپەرکی ئەوەتە هەندی لە هەلپەرکیکەرەکان بە شیوەیەکی ناسك دەسئەدەنە بنبالی هەندیکیتریان ، وە دوودلن لەوە کە ئاخو بیلن یا نەیەلن . مەعنا دوزینەوە بو ئەم هەموو نوسخانە وەنەبی نیشانەی ئەوەبی کە هەمویان راستن ، چونکە کەمجار وا ریئەکەوی مەولەوی خوی شیعرەکەی بە چەند جور گوریبیو جورەکانی پیشەوەشی هیشتبیتەوە . بەلام لەبەر ئەوە کە نوسخەی دەستووسی مەولەوی خویمان چنگ نەکەوت ناچار بووین هەموو نوسخەکان دانیین هەرچەند هەندیکیشیان لە نووسینەوەی بە غەلەت پەیدا بوون ، خویشمان ئەومان پەسەند کردووە کە لە شیعرەکانا نووسیومانە ، خویندەواریش بوی هەیە بە بیری خوی کام مەعنا پەسەند ئەکا بیکا تا هەرکاتی کە نوسخەی راستەقینە پەیدا ئەبی .

لاره‌ی قه‌تاره‌ی لاو شه‌ده‌لاران
ئیشاره‌ی که‌م که‌م په‌نجه وشاران (۱۰)
شاخه‌ی شریخه‌ی خشڵ نیمه‌ڕه‌نگ
فڕه‌ی فۆته‌ی شۆڕ ، پاژنۆی گوڵه‌نگ چه‌نگ (۱۱)
خشه‌و خشپه‌ی خاس ، ترپه‌ی په‌نجه‌ی که‌وش
عیشوه‌و نه‌زاکه‌ت ، گریشمه‌ی بێخه‌وش (۱۲)
وه لیمۆی ئاڵای کاڵای باڵای شه‌نگ
قرچه‌و چۆقه‌ی جه‌رگ ، دڵ وه خه‌مان ته‌نگ (۱۳)
خه‌میاو چه‌میای ناز نیمچه کناچان
ده‌نگ هه‌ی شاباش نه‌وجوان واچان (۱٤)
شاباش شادیی شه‌یدای شاباشان
خاس‌خاس کزه‌ی سۆز ده‌روون خاش‌خاشان (۱۵)

---

(۱۰) لاره : سه‌رلارکردنـــه‌وه . قه‌تاره : ریز . لاو : جوان . په‌نجه وشاران : په‌نجه وشاردن . واته : دیمه‌نیکی‌تری هه‌لپه‌رکی خو لارکردنه‌وه‌ی ریزی جوانه‌کانه‌و ئیشاره‌کردنیانه بو یه‌ك به په‌نجه وشاردنیکی سووك .

(۱۱) شاخه : ده‌نگ . نیمه ره‌نگ : کال . فوته : سه‌رپوش . پاژنو : ئه‌و کیشه‌ی که ئه‌کریته کول‌و تا عاستی ئه‌ژنو دائه‌گری . گوله‌نگ چه‌نگ : گوله‌نگ لار .

(۱۲) عیشوه : ناز . گریشمه : روانین به لاچاو .

(۱۳) واته : دیمه‌نیکی‌تری هه‌لپه‌رکی هه‌لقرچان‌و له‌رزه‌له‌رزی جه‌رگی دلداران‌و خه‌فه‌تبار بوونی دلیانه ، یان هه‌لقرچانی جه‌رگی دوسته دل‌ته‌نگه‌کانه ، به هوی ئه‌و مه‌مکانه‌وه که به‌ربوونه‌ته‌وه به پارچه‌ی بالای جوانی یارانا .

(۱٤) خه‌میا : لاربوونه‌وه . چه‌میا : خو چه‌ماندنه‌وه . نیمچه‌کناچان : ئه‌و کچانه‌ی که هیشتا به ته‌واوی پی‌نه‌گه‌یشتوون . واچان : ئه‌یلین .

(۱۵) خاش خاش : تیك‌شکاوو ورد بوو . واته : دیمه‌نیکی‌تری هه‌لپه‌رکی ، له خوشی‌یا شاباش‌کردنی ئه‌و که‌سانه‌یه که شه‌یدای شاباش کردن بوون ، وه سوزو کزه‌و هه‌ناسه هه‌لکیشانی ئه‌وانه‌یه که دلیان بریندارە .

یاران ، یاوەران ، های دەردەداران
بەیدێ بکەردێ من سەنگەباران (١٦)
جە نەحسیی تاڵەو جە بەدئیقبالیم
هەرکۆ فرسەتەن من یاگە خالیم (١٧)
ڕوو ئەو شیوەنان دەی ئەجەل بۆرێ
نەو بەزم شیرین مایەی هەر شۆرێ (١٨)
تا وەی ڕەنگ زەرد چون خەزانەوە
سیم ساف هەرس کەس نەزانەوە (١٩)
هەرلایێ بادەی شەوقێوەم وەردا
یەکسەر سەر چون گیان شاباشم کەردا (٢٠)

---

(١٦) یاوەر : یارمەتیدەر . بەیدی : وەرن . بکەردی : بکەن . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (یاران ، یاوەران) نووسراوە (عەزیزان . خویشان) .

(١٧) تالە : طالع ، بەخت . یاگە : جیگا . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (نەحسی) نووسراوە (سەختی) وە لە هەندیکیترا نووسراوە (شوومی) . هەروەها لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (هەرکو فرسەتەن) نووسراوە (نە هەرجا بەزمەن) . لە نوسخەیەکی تریشا شیعرەکە تیکرا بەمجورە نووسراوە :

یە گشت جە شوومیو بیئیقبالیەن
وادەی حاسلات یاگەم خالیەن

(١٨) بوری : وەرەوە . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (شیرین) نووسراوە (شادی) . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(١٩) سیم : زیو . هەرس : فرمیسك .

(٢٠) وەردا : بخواردایە . کەردا : بکردایە . واتە : ئەی خوا مەرگم بدا ، من لەم کوری ئاهەنگو شادیەدا رووم لە شیوەنو زاریە ، تا بەم رەنگە زەردەمەوە کە ئەلیی رەنگی گەلای پایزە ، وە بەم دلوپە فرمیسکە کەس پینەزانیوانەمەوە کە ئەلیی زیوی بیگەردن ، هەر تاویك پیالەیەك شەرابی شەوقم بخواردایەتەوە ، سەرو گیانم بە جاری بکردایە بە شاباش بو یاران . لە هەندی نوسخەدا ئەم شیعرە بەم جورەیە :

جەودما بادەی مەشق عەشقش بودردام
تا گیان یەکسەر شاواش بکەردام

واتە : پاشان شەرابی فیر بوونی عەشقی یارم بخواردایەتەوە ، تا بە یەگجاری گیانم بکردایە بە شاباشی ئەو .

خاڵۆ گیان نامان پەی نەونەمامان
گیان دان وە مۆبەت ، پەی مەعدووم ئامان (٢١)

نەوای کەژاوەی لەیلێ نازانەن
سەرەتای تەڵمیت شیرین ڕازانەن (٢)
وەی ڕۆی دمای کۆچ مەجنوون بەختانەن
نااڵەی فەرهادی زامەت سەختانەن (٣)

---

(٢١) لەم شیعرەدا مەولەوی وەرامی قسەیەکی خالوی کوماسی ئەداتەوە کە لە قەسیدەکەیا بو مەولەوی نووسیبوو گوایە لەو شایی‌یەدا چەند نەوجوان خویان ئەکرد بە قوربانی‌و شاباش . مەولەوی ئەلی : خالوکەم ، گیان بەخت کردن ئیشی نەونەمامان نی‌یە ، ئیشی مەعدوومی‌یە لە خوشەویستیدا گیانی خوی بکا بە شاباش . لە هەندی نوسخەدا نیوەی دووهەمی ئەم شیعرە بەم جورەیە :

گیان دادەن پەی تووپەی مەعدووم ئامان

دادەن : دان .

ـ ٤ ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە کاتی کوچ‌کردنی جافەکانا بو کویستان ، وتووە .

(٢) واتە : دەنگی ئەو کەژاوانە دیت کە ئەوەندە جوانن نازاران پی‌یان ئەنازن ، وە سەرەتای تەلمیتی یارە قسە خوشەکان دیاری‌ی داوە . تەلمیت : ئەو جیگەو بانەیە کە بە سەر پشتی ولاخەوە تەخت ئەکری‌و لە سەری دائەنیشن .

(٣) دما : دوا . واتە : بە هوی کوچ‌کردنی یارانەوە دەنگی هاوارو ڕو ڕوی ئەو دلدارانە دیت کە بەختیان وەك بەختی مەجنوون ڕەشە ، وە نالەی وەك نالەی فەرهاد سەختی ئەو کەسانە بەرگوی ئەکەوی کە گرفتاری زامی سەخت بوون .

چون شێویا لانەی دڵان پڕ داخان
جۆق جۆق سیاماڵ شین پەی لەیلاخان (٤)
سەرعێڵ عەرزم هەن لا بکەرەوە
خێڵخانەی دڵان ها لە بەرەوە (٥)
ماڵاتش سەرجەم وە دەرد ئەوگارەن
هەردو هەوارگەش مافەتەدارەن (٦)
دەوڵەتمەندەنی لا بدەر چەنەش
ماڵاتو حەشام وێت مەدەر وەنەش (٧)
کۆچ خێرت بۆ ئیمساڵ چون ساڵان
تا لای ئێڵبەگی ئێڵ نەوهاڵان (٨)

---

(٤) شیویا : تیكچوو . جوق جوق : پول پول . شین : رویشتن . واتە : ئەم رو روو نالە نالە بە هوی ئەوەوەیە کە هیلانەی دلدارە داخ لە دڵەکان رووخاو دەواری رەشی دوستان کەوتە ری بو کویستان .

(٥) لیرەوە مەولەوی رووی قسە ئەکاتە سەرعیلی کوچ کردووەکانو ئاموژگاریی ئەکا . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دواوە پیکەوە دی .

(٦) ئەوگار : گرفتار . مافەتە : دەرد کە ئەکەویتە ناو حەیوان .

(٧) چەنەش : لی . حەشام : قەرەبالغ . وەنەش : پیایا . واتە : کاکەی سەرعیل قسەیەکم هەیە ئەمەوی عەرزتی بکەم ، لابکەرەوەو گویم بو شڵکە ، یار کە جیگای هوزی دلانە لە پیشەوەیە ، مەرومالاتەکەشی کە کومەڵی دلدارەکانیەتی ، هەموو گرفتاری دەرد بوون ، وە دەوروبەرو ناوچەکەی دەردەدارە ، چونکە هەرکەس نزیکی بکەویتەوە بە دەردی خوشەویستی گرفتاری ئەکا ، تویش مەرومالاتیکی زورت هەیە ئاگات لی بی خوتی لی لادەو ئەو مەرومالاتەت مەدە بە قەلبەی ناوچەکەی ئەودا .

(٨) ئیلبەگی : گەورەی عەشرەت . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

وەختێ چون سالاّن وە دەروون ئاوەرد
پووشانەی دلاّن لەوەڕیای ئەو هەرد (٩)
پرسان کۆن چێشەن پووشانەش نامان
چون تالاّن بەردان جواو دەر ئامان (١٠)
نە دیدەی شادی دیدەنیش خار بی
جە ئاشنایییش تاقەت بێزار بی (١١)
گێج مەدا سەبوون شارەزوور دڵ
سیروان هوو ناو دەروونش گوڵگوڵ (١٢)
واژاوش مەویەرد نە دەماخ دەم دەم
تاف مەوەست سەراو چەرخ زەڵم چەم (١٣)

---

(٩) پووشانە : مافی پووش کە حەیوان خواردوویەتی‌و خاوەن شوین لە خاوەن حەیوانی ئەسینی . لەوەریا : لەوەران .

(١٠) کون : لەکوێیە . واتە : کوچی خێرت بی ئەمسالیش وەك سالان برو تا ئەگەیتە لای سەروکی عەشرەتی نازارە تازە پێگەیشتووەکان ، کە گەیشتیتە لای‌و وەك سالان بیری کردەوەو داوای پووشانەی ئەو دلانەی کرد کە لە هەریمی یارا لەوەراون ، وە باسی منی کردو وتی کوا بوچی ئەمسال پووشانەی نەهاتووە ، دەسم دامینت تو لە جیاتیی من وەك یەکیك مالی تالان کرابی وەرامی بدەرەوەو پێی بلی .. واتەکەی لە شیعرەکانی لەمەو پاشدا باس کراوە .

(١١) واتە : بلی حالی ئەوەندە خراپ بوو چاو پێکەوتنی وەك درك وابوو لە چاوی شادمانیدا ، وە لە توانای (توانا) دا نەبوو ئاشنایەتیی لە گەل بکا .

(١٢) سەبوون : بایەکی گەرمە لەوانەیە لە هەرکەس بدا بیپرووکینی . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێکەوە دی .

(١٣) واژاو : ئاوی زیادی سەرکردوو . چەرخ : چەم ، بویە وای پێ ئەلین چونکە بە ریگای رویشتنیا گەلیك پیچ ئەخوا . زەلم : چەمیکە ←

عەدەمش نە پووش هەستی مەکەرد ساف
منمانا چون خەس هەستیش نە ڕووی تاف (١٤)
هەوای هاژەی تاف بەردەبێ هۆشم
یەلّام ئەی چەند بەیت ئاما نە گۆشم : (١٥)
ئای بەختم توغیان وێران ماڵیشەن
گەرمەسێر دڵ سیاسالیشەن (١٦)
کۆز سۆچیای دەروون پڕ دەرد
مالّات شادیم یەکسەر قڕان کەرد (١٧)

سەرچاوەکەی لە دێی زەلمە لە بناری شارەزوورو داوینی ملەی مەلەخورد لە نزیکی خورمالەوە . سەراو : سەراوی سوبحان ئاغا ، کانیاوو ئەستیلێک لە نزیکی سەید صادقەوە لە شارەزوور . واتە : هەناسەی گەرمی دڵی کە وەک بای سەبوونی شارەزوور بە تینە ، گیژی ئەخوارد ، وە خوێناوی دەروونی کە ئەوەندەی ئاوی سیروان زورە ، هاتبوە کوڵ ، وە ئەو خوێناوەی دەروونی تاو بە تاو لە زوریاندا لە لووتیەوە سەری ئەکردو ئاوی وەک چەمی زەلم تافگەی ئەبەست بو سەراوی سوبحان ئاغا . مەولەوی لەم دوو شیعرەدا وردەکاریەکی جوانی کردووە کە (سیروان)و (زەلم)و (سەراو)و (شارەزوور)ی کوکردووەتەوە ، لە لایەکەوە لەبەرئەوە کە ئەم سە ئاوە لە شارەزوورن ، وە لە لایەکیترەوە لەبەرئەوە کە شارەزوور ڕێگای گوزەری جافەکان بووە .

(١٤) خەس : پووش و پەلاش . واتە : تافگەی ئاوی چاوی بە جۆرێک تابووتی کردبوو ، نەبوونی کردبوو بە ئەسڵ ، وە لە پووشی بوونی پاک کردبوودوە . ئیتر بوونی وەک پووش و پەلاش بە سەر ئاوی تافگەوە ئەهاتو ئەچوو .

(١٥) ماما : ئەهاتە . واتە : هەوای هاژەی تافگەی ئاوی چاوی هوشی لا نەهێشتبووم ، هەر ئەوەندەبوو گوێم لەم چەند شیعرەوە بوو لە لەشی وەک پووشیەوە بە سەر ئاوی تافگەکەوە . شیعرەکان ئەمانەی پاشەوەن .

(١٦) گەرمەسێر : گەرمیان . سیاسالی : سالی نەهاتی و بێبارانی .

(١٧) کوز : جێگای کارو بەرخ . واتە : دەروونی پڕ دەردم وەک کوزی سووتاوی لێهاتووە ، شادی و خوشیێشم لانەماوەو وەک مەرو مالات قڕانی کردووە .

کزەی ڕەشەبای هەناسان سەرد.
سیاماڵ عەیش تەختە تەختە کەرد (١٨)
هاومالاڵان یاوان بە وارگەی جاران
من بێ بارەبەر مەندەی هەواران (١٩)
جەورەکەی سەرئێل خەم بێ شومارەن
خێڵخانەم بەرپێچ تا خێڵ ئەوخوازەن (٢٠)

ـ ٥ ـ (١)

نەتیجەی پاك دین شێخ سازانی
خاس وەتەن نە دڵ مەعدووم سازانی (٢)

---

(١٨) واتە : کزەی ڕەشەبای هەناسەی ساردم دەواری ژیانمی تێکداو تەختەکانی لە یەك کردەوە .

(١٩) یاوان : گەیشتوون . مەندە : ماوەو پاشکەوتوو . واتە : هاومالەکانم هەموو گەیشتنە هەوارگەی کوێستانی پیشوویان ، من نەبی لەبەر بێبارەبەری لە جێی خوما ماومەتەوە .

(٢٠) بەرپێچ : پێچراوە . واتە : جەورو ستەمی سەرعیلی خەمو خەفەت لە ژمارە نایەت ، لەبەرئەوە من ناتوانم بڕوم بو کوێستان وە دەوارم بە پێچراوەیي لە جێی خویا ماوە تا خێل دێتە خوارو ئەگەڕێتەوە بو گەرمیان .

ـ ٥ ـ

(١) مەولەوی بەم قەسیدەیە قسە لە گەل شێخ مومنی سازانی ئەکا کە پارچە شووشەیەکی دابوە دەستی ، وە داوای لێکردبوو بزانی سەرگوزەشتەی چیەو بوی بگێڕیتەوە .

(٢) سازان : دێیەکە لە قەراغ چەمی سیروان لە ڕوژەلاتی عەبایەلیەوە لە قەزای هەلەبجە . سازانی : دروستت کردووە . واتە : ئەی نەوەی ئایینپاکی پیری سازان ، تو بە هوی خووڕەوشتی بەرزتەوە زور باش لە ناو دلما جێگەت بو خوت دروست کردووە .

پەرسام حسب الامر گوزەشتەی ئەحواڵ
جواو دا ڕێزەی شیشەی قەدیم ساڵ : (٣)
ظەرفێ بیم نە تۆی وەخت شامەوە
چون ستارەی صوبح مەدرەوشامەوە (٤)
پەی گوڵاوپاشیو نەشئەی بەزم کەی
گا پڕ گوڵاو بیم ، گا سەرشار مەی (٥)
گا وە سەر ڕەفەی زەڕین تاقەوە
گا وە دەس ساقیی سیمین ساقەوە (٦)
گا نە سەرپەنجەی بانووی بێ نیقاب
چون سوەیل ڕەونەق پەنجەی ئافتاب (٧)

---

(٣) ریزە : وردە . واتە : بە پێی فەرموودەکەت سەرگوزەشتەی ئەو پارچە شووشە کونەم پرسی لە خوی ، ئەویش وەرامی دامەوە وتی . وتەکەی لە شیعرەکانی پاشەوەدا باس کراوە .

(٤) شام : ئیواران . ستارە : ئەستێرە . واتە : پیالەیەك بووم ئەوەندە جوانو بریقەدار بووم لە کاتی ئیواراندا کە دنیا تاریك ئەبوو ودك ئەستێرەی بەرەبەیان ئەدرەوشامەوە .

(٥) گولاو پاش : گولاو پرژاندن . کەی : کەیخەسرەو ، مەبەس پادشاهانو گەورەگەورانە . واتە : لە کوری بەزمی پادشاهانا جار جار پر ئەبووم لە گولاو ، گولاویان تیا هەلئەپرژاندم ، وە جار جار پر ئەبووم لە شەرابو تیامیانا ئەخواردەوە .

(٦) زەرین تاق : تاقی زیرین . سیمین ساق : ساق ودك زیو سپیو جوان .

(٧) بانوو : خانم . نیقاب : سەرپوش . سوەیل : ئەستێرەیەکی پایزەی سپیە بەر لە ڕۆژ هەلدی . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی ..

نه بەزم شیرین خوسرەوان دەور
مامام نە گەردش هەر ساتێ صەد تەور (٨)
گولاو مەپاشام وە ڕووی یاراندا
بادە مەبەخشام وە مەی‌خواراندا (٩)
گا گەردەن نە دەس نازك ئەندامان
گا دەس نە گەردەن ژەرەژ خەرامان (١٠)
گاهێ ڕوو وە ڕووی لەیلێ ئەندازان
گاهێ لەب وە لەب شای شیرین ڕازان (١١)
هەستیم بێشومار مەستیم وە کۆ بی
توغیانم چون تاف جوانی‌ی تۆ بی (١٢)

---

(٨) مامام : ئەهاتمە .

(٩) مەپاشام : ئەمپرژاند . مەبەخشام : ئەمبەخشی . واتە : جاروبار نە کوری شادمانی‌ی پادشاهانا بە سەرپەنجەی خانمانی چارشیو لاداوەوە ئەگەرام گولاوم ئەپرژاند بە رووی دوستاناو شەرابم دابەش ئەکرد بە سەر مەی‌خورەکانا . لە کوکردنەوەی (شیرین)و (خوسرەو)دا بە عیلمی بەدیع جونەری (تەوریە) هەیە .

(١٠) ژەرەژ : کەو . خەرامان : لەنجەو لار . واتە : جار جار ملم بە دەستی ناسك ئەندامانەوە ئەبوو ، جارجاریش دەستم لە ملی ئەو جوانانەدا ئەبوو کە وەك کەو بە لەنجەولار ئەرون . مەبەستی لەوەیە کاتیك کە ئەینین بە دەمیانەوە ملەکەی ئەکەویتە عاستی ملیان .

(١١) واتە : جار جار بە دەستی ئەوانەوە ئەبووم کە لە جوانیدا لەیلیان ئاوەتە لاوە یا فرەیان داوەتە بەر پی ، وە رووبەرووبان رائەگیرام ، جار جاریش لیوم بە لیوی شای قسە خوشانەوە ئەبوو .

(١٢) واتە : بوونم لە ئەندازە بە دەرو مەستیم کومەل بوو ، وە خو لێ بایی بوونم ئەوەندە زور بوو وەك تافی جوانی‌ی تو وابوو .

جه ڕووی نادانی ئەو بەزمو ئەو جەم
وە جاویدانم منمانا وە چەم (١٣)
فەڵەك شی وە قین جەورو ستەمدا
ئەو بەزمو ئەو زەوق گشت دا وە هەمدا (١٤)
منیچ وەی تەرزە وە صەد پارە کەرد
هەر پارە پەرێم صەد پەژارە کەرد (١٥)
مەعدوومی عامەن بەڵاو دەردو بیم
ئەوەڵ قاروورەی شکستە من نیم (١٦)
هوشیار بەر میوەی مەستی غەفڵەتەن
غەفڵەت سەرمایەی هەزار خەجڵەتەن (١٧)
هاکا دەست چەرخ هەم ستێزە کەرد
چون من شیشەی تۆپچ ڕێزە ڕێزە کەرد (١٨)

---

(١٣) جاویدان : هەرگیز نەبراوە . منمانا : ئەنواند . واتە : لە بەر تی‌نەگەیشتنی خوم ئەو بەزمو ئاهەنگو کومەڵەم وا ئەهاتە بەرچاو کە هەرگیز دوایی نایەت .

(١٤) واتە : گەردوون لیم چوو بە قیناو ئەو هەموو بەزمو ئاهەنگەی تیك دا .

(١٥) پارە : پارچە . پەریم : بوم . واتە : منی بەم جورە کرد بە صەد پارچەوە ، وە بو هەر پارچەیەکم صەد خەمو مەینەتی دروست کرد .

(١٦) قاروورە : کاسەی شووشە . واتە : هەی مەعدوومی . دەردو بەلا نەك هەر من ، بەلکو هەمووکەسی گرتووەتەوە ، وە من یەکەمین شووشەیەك نیم شکابم . ئەمە ئیشارەتە بو مەسەلەی مەشهووری عەرەبی (لیست أول قارورة کسرت فی الاسلام) .

(١٧) واتە : وشیار بەرەوە ئەنجامی مەستی بی‌ئاگایی‌یەو بی‌ئاگاییش سەرچاوەی هەزار جور خەجالەتی‌یە .

(١٨) ستیزە : رقەبەری . واتە : هەر ئەوەندەت‌زانی دەستی گەردوون لە گەل تویش کەوتە رقەبەرە ، وە وەك منی وردو خاش کرد شووشەی تویشی وا لی‌کرد .

(١) ـ ٦ ـ

نه هات‌و نه‌هات دڵ ماته‌ن ئیمشه‌و
ئه‌ڵبه‌ت شنۆی شه‌و به‌راته‌ن ئیمشه‌و (٢)
سیاهه‌ی ده‌فته‌ر میرزای ئه‌زه‌له‌ن
زیادی‌و نوقسان ڕزق‌و ئه‌جه‌له‌ن (٣)
ئه‌و ها وه به‌رات بێ ئه‌ندازه‌وه
ئێد وه ته‌علیقه‌ی عومر تازه‌وه (٤)
که‌سێ قووتش نوقڵ ڕاز یاوه‌ره‌ن
یه‌کێ زینده‌گیش وه‌صڵ دڵبه‌ره‌ن (٥)

---

(١) مه‌وله‌وی ئه‌م قه‌سیده‌یه‌ی له شه‌وی به‌رات (١٥ی شه‌عبان) ا وتووه .

(٢) هات‌و نه‌هات : وشه‌یه‌که له کاتیکا به‌کار ئه‌هێنری که ئینسان چاوه‌روانی ده‌رکه‌وتنی که‌سێك بی‌و ئه‌و که‌سه دیار نه‌بی . واته : دلم ئه‌مشه‌و ماته چاوه‌روانی ده‌رکه‌وتنی دوسته ، وادیاره بای شه‌وی به‌راته ئه‌دا لیم بویه دلم وا چاوه‌روانی‌ی دوست ئه‌کا . مه‌شهووره له شه‌وی به‌راتا خوا رزق‌و روزی‌و مه‌رگ‌و ژیانی هه‌رکه‌س له ده‌فته‌ری قه‌زاو قه‌ده‌ری خویا دیاری ئه‌کا . مه‌وله‌وی‌یش له‌م شیعرانه‌دا ئیشاره بو ئه‌وه ئه‌کا .

(٣) میرزا : نووسه‌ر ، مه‌به‌س له میرزای ئه‌زه‌ل خوایه که له ئه‌زه‌لا چاره‌نووسی هه‌موو که‌سێکی له ده‌فته‌ری قه‌زاو قه‌ده‌ری خویا نووسیوه . واته : ئه‌مشه‌و شه‌وی سیاهه‌گرتنه‌وه‌ی زیادو که‌م‌کردنی رزق‌و روزی‌و ژیان‌و مه‌رگه له لایه‌ن خواوه .

(٤) ته‌علیقه : هه‌لواسراو . واته : یه‌کێك به‌راتی بی ئه‌ندازه‌ی به ده‌سته‌وه‌یه‌و یه‌کێکی‌تر سه‌ر له نوێ عومری بو نووسراوه‌ته‌وه‌و فه‌رمانه‌که‌ی کردووه‌ته ملی .

(٥) واته : یه‌کێك قسه‌ی وه‌ك نوقل شیرینی یاران خوراکیه‌تی‌و یه‌کێکی‌تر به وه‌صڵی یار ئه‌ژی .

هانا هامدەردان چێشش مەکەردێ پێم
من دیام نە ڕووی تەقسیمِ نامەی وێم (٦)
ژار دووریی دۆس ئازیزەن نۆشم
نمەیۆ ڕازان شیرین نە گۆشم (٧)
یانێ جە شوومیی بەخت سیای من
ئیمشەو لەرزان تووڵ تووڵ تاڵای من (٨)
وەڵگ زیندەگیم ها وە هەواوە
دیمادیمشەن وە بای فەناوە (٩)
ئەلوەدای تەڕیخ کامەرانیمەن
نیشانەی ئاخر زیندەگانیمەن
یاران وێەردن نۆبەمەن دەی دەی
ئیسە وە کارەن ساقی نەشئەی مەی (١٠)

---

(٦) دیام : روانیم . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٧) نمەیو : نایەت . واتە : دەخیلتانم ئەی هاودەردەکانم چیم لی ئەکەن ، من سەیری دەفتەری چارەنووسی خومم کرد بزانم خوا چی بو داناوم لەم شەوی بەراتەدا ، سەیرم کرد ئەبی ژاری دووریی دوست بنوشمو قسەی خوشم پەرگوی نەکەوی .

(٨) تووڵ (ی یەکەم) : لق . تووڵ (ی دووەم) : نەمام . تالا : طالع ، بەخت . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(٩) وەڵگ : گەلا . دیمادیم : دیوەودیو . واتە : مەبەسم ئەوەیە بە هوی شوومیی چارەی ڕەشمەوە لقوپوپی درەختی بەختم کەوتووەتە لەرە ، وە گەلای ژیانم بە ئاسمانەوە بای لەناوچوون ئەمدیوو ئەودیوی پی ئەکا . وە کەوتوومەتە مالاوایی کردن لە بەختیاریو نیشانەی مەرگم دیاریی داوە .

(١٠) وێەردن : بەسەرچوون . مەولەوی لێرەوە بە ئوسوولەکەی خوی پەنا ئەباتەوە بەر ساقیو مەی ، وە ئەڵی : هاوریان هەموو مردنو سەرە هاتووەتە سەر منیش ، کەواتە کاکەی مەیگێر ئیستە کاتی خویەتی پیالەیەک شەرابم بدەری .

سا دەی تای دوگمەی یەخەی دڵپەسەند
ئازادکەر چون دڵ بێدەردان جە بەند (١١)
پەشێوکەر لانەی دڵان جە سەردا
گۆشەی عەرەقچین باوەر وە بەردا (١٢)
مایل بۆ کەمێ ئەو ئەو گۆشەی چەم
گۆشەی چەم ئەو جام ، جام ئەو ئەهل خەم
دەورت گەرد جەور دەوران دا وە باد
ناز واچۆ بنۆش ، غەمزەکەت نۆش باد (١٣)
تا فوارەی وشك لوولەی پێشەی ڕێش
هەریەك پرشەی زووخ هورشانۆ پەی وێش (١٤)
وە شنۆی نەشئەی مەستیم وانۆوە
یەك ئەمجار جە دەس هەستیم سانۆوە (١٥)

---

(١١) تا : تال . واتە : ئەو تالە دەزووەی کە ئالاوە لە قوپچەی سوخمەکەی سەر یەخە دڵگرتووەکەت ؛ بیکەرەوە ؛ وە وەك دڵی ئازادی ئەوانەی دەردیان نێیە لە بەندی ئازاد کە .

(١٢) لانەی دڵان : مەبەس لە زوڵفە کە هێلانەی دڵی عاشقانە . عەرەقچین : کڵاو . باوەر : بینە . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پێکەوە دی .

(١٣) واچو : بڵێ . بنوش : بنوشە . واتە : زوڵفەکانت لە سەردوە تیکبدەو کڵاوەکەت بینە پێشەوەو کەمێك لاری‌کەرەوە بو لای گوشەی چاوت ، گوشەی چاویشت لارکەرەوە بو لای پیالەی شەرابو پیالەکەش لارکەرەوە بو لای لیوی ئەو دڵدارانەی کە خەمی عەشقیان لە دڵایە تا ئەم هەڵسوورانەت بە پیالەی شەرابەوە گەردو توزی جەوری زەمانە بدا بە با ، بە جۆری کە نازت بڵێ بینوشەو غەمزەکەشت بڵێ نوشی گیانت بێ .

(١٤) پێشە : ئیسقان . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەودی پێکەوە دی .

(١٥) وانووە : بخوێنیتەوە . سانووە : بسەنیتەوە . واتە : بو ئەودی فوارەی وشکبووی لوولەی ئیسقانە بڕیندارەکانم ، هەر یەکە لە عاستی خوێ پڕژی زووخ فری بداتە دەرەوە ، وە بە شنەی ئەو پڕژ هەڵدانە بڕیاری مەستیم بخوێنیتەوەو بو یەگجاری لە دەستی بوون ڕزگارم بکا .

(١) ـ ٧ ـ

نمانای بەهەشت پێشانیی نووری
ئازیز وەی سفتەی دۆزەخ دووری (٢)
دووریت عەزابێ سازدابێ پەرێم
عەزابێو تەر دا ئاماو لوات پێم (٣)
ئای هەنی جەی دەرد کێ دەرمان سازۆ
وە هەمسایە ، سەگ کام دەرماڵ نازۆ (٤)
چەم وە گەرد ڕای کێ ڕۆشنا بۆ
لەب وە یاگە پای کێ ئاشنا بۆ (٥)
ڕۆی وەصڵت ئەر صەد زەروور نەفامەن
مزانام فەڵەك چەپ گەردش نامەن (٦)

---

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی پاش گەرانەوەی شیخی بهاالدین وتووە کە چووبوو بو دیدەنی .

(٢) نمانای : پیشانتدا . پیشانی : ناوچاو . نووری : نوورانی . واتە : ئازیز ناوچاوی نوورانیتت پیشاندا بەم سووتاوی دوزەخی دووریە .

(٣) واتە : دووریت عەزابیکی بو ساز دابووم ، ئیستاش هاتنو گەرانەوەکەت عەزابیکیتری بو ساز دام .

(٤) جەی : لەم . هەمسایە : دراوسی . نازو : بنازی . واتە : ئای ئیتر کی دەرمانی ئەم دەردی دوورکەوتنەوەیەتم بو ساز بکا ؛ وە من ئولفەت بە کی‌ی‌تر‌ەوە بگرم ؟ دیارە ناتوانم ئولفەت بە کەسی‌تر‌ەوە بگرم ؛ چونکە سەگی هیچ دەرمالی نانازی بە مالە دراوسی .

(٥) لەب : لیو . یاگە : جیگە . واتە : لەمەوپاش توزی ریگای کی ببی بە کلەو چاوم روشن بکاتەوە ، وە لیوم ژیرپێی کی ماچ بکاو شارەزای ببی . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (یاگە) نووسراوە (خاك) .

(٦) زەروور : پیاوی ناچارو ناعیلاج . مزانام : ئەمزانی . واتە : هەرچەند پیاوی داماوو ناچار عەقلی لە جی‌ی خویا نی‌یەو هیچ نافامی ، بەڵام من هەر کە بە تو گەیشتم ئەمزانی گەردوون ناوی چەپگەردەو هەمیشە بە ئارەزووی دل نابی .

قەڵەك داد جە دەرد بێدەواكەی تۆ
مغنی فەریاد ئەو نەواكەی تۆ (٧)
بوڵەندكەر مەقام (دڵسۆز) وە ڕاسی
تەنزیلەش فەردگەل خاڵۆی كۆماسی : (٨)
ڕۆی وەصڵت هەر بیم ئەی ڕووە پێم بێ
جەو بۆ نە هەر ڕۆ ڕۆ ڕۆ خدێم بێ (٩)
ئیسە ها فەڵەك نیشان دادەن پێم
ئاخ ترسیاگەكەی گیرئاوەردە وێم (١٠)
ئەمجار كێ تاقەت دووریی تۆ دارۆ
دەك بەرق غەزەب وە جەسەم وارۆ (١١)

---

(٧) ئەو : لە . مەعنای نیوەی دووهەمی ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشیەوە .

(٨) دلسوز : ئاوازیكی كونی كوردییە . تەنزیلە : وشەی دوعا ، لیرەدا مەبەس بەیتی گورانییە . واتە : كاكەی گورانیبێژ هاوار بو ئاوازە خوشەكەت ، تو خوا دەنگی لی هەلبرەو نقامی دلسوزمان بو بلی بە شیعری خالوی كوماسییەوە . شیعرەكانی خالو ئەم سیانەن كە لە پاش ئەم شیعرە دین .

(٩) بیم : ترس . واتە : ئەو ڕوژەی پیتگەیشتم ترسی ئەمڕوم لە دلا بوو ؛ لەبەرئەوە خووم دابوە هاوارو ڕو ڕو .

(١٠) واتە : وا ئیستا فەڵەك ئەوەی پیشان دام كە لێی ئەترسام ؛ ئای هاوار بو منی ترساوی گیرخواردوو .

(١١) دارو : هەیەتی . ئەم شیعرە لە قەسیدەیەكی تریشا رابوورد ، جەلام لەوی ئیشارەتمان نەكردبوو بو ئەوە كە هی خالوی كوماسییە .

(١) ـ ٨ ـ

نەی گەهوارەی دەور تای دەسرازە خەم
تا کەی سەرئەنگوشت غەفڵەت نە تۆی دەم (٢)
بازیت پێ وەردەن هەریەك وە لایێ
صەدای دایەنان وە لایەلایێ (٣)
های نە فەرقش هەن ئەو صەداو تەئثیر
تا ئەو لاونا ئەو مەزەو ئەو شیر (٤)
هەر طفلێ بێشك نەی بێشك خەفتەن
جەی دایە بڕیان بەو دایە جفتەن (٥)

ـ ٨ ـ

(١) وەك لە سەر نوسخەکەی مەلا خالیدی رەباتی نووسراوە ؛ مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بە بونەی مردنی دایکیەوە وتووە ، بەلام هیچ نیشانەی ئەوەی پیوە نیە کە بو لاواندنەوە بی ، وە لە هینانە یادی قەبرو قیامەت بەولاوە مرازیکیتری تیا دەرناکەوی .

(٢) گەهوارە : بیشکە . دەسرازە : ئەو پەتەی منالی پی توند ئەکەن لە بیشکەدا . ئەنگوشت : پەنجە . مەولەوی لەم قەسیدەدا روو ئەکاتە نەفسی خوی‌و ئەلی : تا کەی لە بیشکەی زەمانەدا کە تالی دەسرازەکەی لە خەم‌و خەفەت هونراوەتەوە ، سەرپەنجەی بێئاگایی ئەبەی بە دەمتا وەك منالی ساوا ؟

(٣) بازی : یاری . دایەن : ئەو ئافرەتەی کە راگیری ئەکەن بو شیر بە منال دان‌و بەخیوکردنی . لایە لایە : وشەیەکە دایك بە نقامیکی تایبەتی‌یەوە ئەیلی بو خەواندنی منال : واتە : دەنگی لایە لایەی دایەنەکان هەریەکی لە لایەکەوە هەلتئەخەلەتینی . مەبەس لە دایەن نەفس‌و شەیتانە .

(٤) های : وشەی وریاکردنەوەیە . لاونا : لاواندنەوە . واتە : دەنگی ئەو لایە لایەیە لە سەری ئینسانا ئەمینیتەوە‌و کاری خوی ئەکا تا ئەمری‌و لاواندنەوەی ناو قەبر ئەبیسی‌و مەزەو شیری ئەوی ئەچەژی .

(٥) واتە : بێگومان هەر منالیك لە بیشکەی گەردوونا خەوتبی لە دایکی ژیان ئەبرێتەوە‌و ئەنری بە بەری دایکی قەبرەوە .

وەس خاکبازی کەر بێدار بەر ئامان
بڕیانەوەی تۆیچ سەر وەختش ئامان (٦)
ها وە قەفاوە یەند شی بە وێدا
چەم بێ بینایی مدیۆ وە ڕێدا (٧)
قەزا وە قومار نە پای باختمەن
قامەت حەڵقە یەست وەخت تاختمەن (٨)
مطرب ، سازەکەت ئۆف چ وەش تەرز بی
ئەمجاریش وەك دەنگ مەجلیس هەر بەرز بی (٩)
تا کووڕەی زاریم بڵێسە سانۆ
داخ لوای وێم جە دڵ نەمانۆ
داد نمەدۆ داد شین ، مالوومەن لێم
دمای وێم پەڕیم هیچ کەس وێنەی وێم (١٠)

---

(٦) خاکبازی : یاری‌کردن بە خول . واتە : بەس یاری بکە بە خول ، دەخیلتم وریا بەرەوە ، وەختی برانەوەی تویش هاتووە لە مەمکی ژیان .

(٧) واتە : وریا بەرەوە ئەوەندە پشتت کوم بووەتەوە لەبەر پیری ، کە ئەروانی بە ریگادا چاوت هیچ نابینی . مەولەوی لە شیعرەکانی لەمەودواوە لە قسە لە گەل خو کردنەوە دیتە سەر قسە بە دەمی خووە کردن .

(٨) باخت : دوراندن . تاخت : تالان‌کردن . واتە : قەزاو قەدەر وەك قومارچی خوی ئامادە کردووە پیم‌بدورینی ، وە بالای راستم چەمیوەتەوەو وەختی تالان‌کرانی سامانی ژیانمە .

(٩) مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(١٠) واتە : کاکەی ئاهەنگ‌گیر ئوف ئاوازی سازەکەت چەند خوش بوو ، دەسا با ئەمجاریش وەك دەنگی کوری ئاهەنگی یاران بەرز بیتەوە ، بەڵکو کووڕەی گریانو زاریم بڵیسە بسەنیو داخی مەرگی خومم لە دلا نەمینی ، چونکە لیم ئاشکرایە پاش خوم شینو گریانی کەس بە سەرما وەك هی خوم کەڵکی نابی یوم ..

نازك تەدارەك فەصڵ وەهاران
شیرین ئارایش هەردەو کۆساران (١)
گوڵ چون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشان
وەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان (٢)
مدیان گوڵاڵان نە پای دەربەندان
ئەو یەکتەر وێنەی ئارەزوومەندان (٣)
چ خاس خاس شنیۆ نە ئێواراندا
سەوزە وە ڕووی خاك جەرگەی یاراندا (٤)
بوین ڕەعشەی وەجد دڵەی پاکشان
عەیان نە شنیای سەوزەی خاکشان (٥)

- ٩ -

(١) تەدارەك : خو ریکخستن . ئارایش : خو رازاندنەوە . واتە : نامەخوا فەسلی بەهار چەند ناسکەو جوان خوی ریکخستووە ؛ وە هەردو کویستانەکان چەند شیرین خویان رازاندووەتەوە . لە شیعرەکانی پاشەوەدا چەند وینەیەکی جوانی ئەم خو ریکخستنو خو رازاندنەوەیە باس ئەکا .
(٢) واتە : گول وەك ڕووی یار بەرگی ناسکی پوشیوە ؛ وە بەفراو وەك لافاوی چاوی من هاتووەتە جوش .
(٣) مدیان : ئەروانن . واتە : گوڵاڵەی داوینی دەربەندەکان وەك یارو دڵدار تەماشای یەکتر ئەکەن .
(٤) شنیو : ئەشنی . واتە : ئای گیای سەوزی سەر خاکی قەبری کومەڵی یاران بە ئیوارانا چەند جوان ئەشنیتەوە .
(٥) بوین : سەیرکە . ڕەعشە : لەرە . وەجد : خوشەویستی . عەیان : ئاشکرا . واتە : سەیرکە دڵە لەرزەی دڵداری خاوینیان بە ئاشکرا لە شنەی سەوزایی سەرقەبرەکانیانا دیارە .

جەی گۆشە خاستەر نیەن مەسکەنێ
ساقی گیان ئامان خومار ئەشکەنێ (٦)
هۆرێزە ، صوبحەن ، دڵ تازە خاوەن
شنۆی پای کاوەن ، گۆشەی سەراوەن (٧)
سەوزەی خاك پاك یاران هامفەرد
فرەمان وە فەرش بەزم وێمان کەرد (٨)
کەو سەوزەی ئێمەیچ نە کام هەردێ بۆ ؟
وە فەرش مەجلیس کام هامفەردێ بۆ ؟ (٩)

ـ ١٠ ـ (١)

نەتیجەی پاکان ، نەتیجەی پاکان
شێخ خاس خەیاڵ ، نەتیجەی پاکان (٢)

---

(٦) خومار ئەشکەن . سەرخوشی لابەر . واتە : کاکەی مەیگیر دەخیلتم. شوین لەم شوینە باشتر نابی پیالەیەك شەرابی بیرکردنەوەم بدەری چاری دەردی بیئاگایی خومی پی بکەم . مەولەوی لەم شیعرەدا تەعبیریکی زور وردی بەکارهیناوە کە شەرابی بە دەرمانی هوش کردنەوە داناوە ؛ وە مەبەستی لە بیهوشی گوی نەدانە بە پاش مردن .

(٧) هوریزە : هەلسە . واتە : کاکەی مەیگیر ، هەستە دل تازە لە خەو هەستاوە ، بەرەبەیانی زەوقو شادیەتی ، داوینی شاخەکان شنەیان دیتو شوینەکەمان گوی ئاوە ، با ماوەیەك بە خوشی رابویرین .

(٨) فرە : زور . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(٩) کەو : ئاخو . واتە ئیمە زور جار سەوزایی سەرخاکیپاکی گوری دوستانمان کرد بە فەرش بو ئاهەنگو رابواردنی خومانو لە سەری دانیشتین . ئاخو سەوزایی سەر گوری ئیمەیش لە کام هەردا بیتو ببی بە فەرشی ئاهەنگی کام دوستو برادەر ؟

ـ ١ ـ

(١) مەولەوی بەم قەسیدەیە قسە لە گەل شیخ حەسەنی سازانی نەکا کە یەکیك بووە لە پیاوانی خوا .

(٢) واتە : ئەی شیخی کە نەوەی پیاوانی پاك رەوشتو پاك باوەری ، وە بیرو نیازت چاکە ..

فەرەح بەخش حاڵ خاطر غەمناکان
دەرمان زامان خەڵتان نە خاکان (٣)
مەعدووم ئانا ها جە گیان تەواسان
کەیلەن جە خەیاڵ خاڵ خاسان (٤)
گرمەی کووڕەی دڵ صەد هەزار تەرزەن
گرمەی بڵێسەش نە عاڵەم بەرزەن
تۆ پەی چێشن ئامان ئیمانت هەردەن
ئەسپاب فەوتت ئامادە کەردەن (٥)
وەی دەمەی نەفەس بەدحاڵیەوە
وەی دڵەی پارەی زوخاڵیەوە (٦)
کووڕەی دەروونت وە جۆش ئاوەردەن
دووکەڵ جە گۆشەی فەڵەك سەرکەردەن (٧)

---

(٣) واتە : ئەی خوشکەری دلی دل خەفەتباران ، وە ئەی دەرمانی زامی ئەوانەی لە خوینا ئەتلینەوە .

(٤) ئانا : ئەوەتە . تەواسان : وەرز بووە .

(٥) واتە : تو بوچی ئیمانت لا نەماوەو لە خوا ناترسیو هوی لەناوبردنی مەعدوومیت فەراهەم کردووە ؟

(٦) دەمە : ئەو با سارەیە کە زستاتان لە سەر لووتکەی کیوەکان بەرز ئەبیتەوەو وردە پرووشی بەفر لە گەل خوی هەڵئەگریو ئەیدا بە رووی ریبواراو زور جار رەقی ئەکاتەوە . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(٧) واتە : لەگەل ئەوەشا کە مەعدوومی بە هوی بەدحاڵیەوە هەناسەی سارد هەڵئەکیشیو دلی پارچە پارچە بووەو رەش بووەتەوە ، تو تەنووری دەروونی خوتت داخستووەو دووکەڵ سەری کردووە لیو هەمو ئاسمانی گرتووەتەوە .

پەی کێ ئەی جەستەی وێت مەتاونی
زامەکەی مەعدووم هەم مەکاونی (٨)
من ئێش پڕ نێش دەروونم وەسەن
بۆ خەلاصم کەر حەسەن هەی حەسەن ! (٩)

— ١١ — (١)

نەسیم دووی دەروون چون هەردە جاران
ئیمجار دەر نە کاخ دەماخ یاران (٢)
واچە دیم وە چەم دێوانەکەی تۆ
ڕووش کەردەن نە ڕووی ئاسانەکەی تۆ (٣)
نامەی ئایرین دڵسۆزیت یاوا
بڵێسەم وە سای گەردوون سەر ساوا (٤)

---

(٨) مەتاونی : ئەتوێنیتەوە . مەکاونی : ئەکولێنیتەوە . واتە : ئەم لاشەی خوتە بو کی ئەتوێنیتەوەو زامی مەعدوومیێشی پی ئەکولێنیتەوە ؟

(٩) وەس : بەس . واتە : حەسەن ، من زامی پر ئیشو ئازاری دەروونی خومم بەسە ، دەردی خوێشتی مەکە بە سەربار ، وەرە رزگارم کە .

— ١١ —

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە وەرامی نامەیەکی شیخی بهاالدین‌دا نووسیوە .

(٢) واتە : ئەی بای نەسیم ئەمجاریش وەك جارەکانی‌تر برو دووکەڵی دەروونم بدە لە کوشکی بەرزی دەماخی دوست ، با تی‌بگات ئیستا ئاگری دەروونم چەند بە تاوە .

(٣) واتە : پێی بلی بە چاوی خوم دوستە شیت بووەکەتم دی رووی کردبوە بەردەرگای توو ئەی‌وت . واتەکەی لە شیعرەکانی لەمەوپاشدا دی .

(٤) واتە : نامە ئاگرینە پر لە دلسوزی‌یەکەت گەیشت ، وە ئاگری خوشەویستیمی بەتین‌تر کردو زوبانەی بلیسەی دەروونم خوی دا لە ئاسمان .

سۆچنا جەستەی زامەتان خەستە
لابەرد تۆی دەروون دڵەی دەرد گەستە (٥)
وەشی‌و شادی‌و زەوق پەی ئێمە نی‌یەن
جە دەسمان ڕشتەی ڕاحەتی شی‌یەن (٦)
دژمنی‌ی فەڵەك پێمان قەدیمەن
چەنیمان مەینەت قەدیم نەدیمەن (٧)
مەست بادەی کەف ڕۆزگارانیم
بێهۆش هیجران قەدیم یارانیم (٨)
نە دڵ ئەو دڵەن ، نە هۆش ئەو هۆشەن
نە فام ئەو فامەن ، نە گۆش ئەو گۆشەن (٩)
هەر کاتێ زانای فەڵەك نەردێ شەند
وێنەی هامجامان جامان وە جا مەند (١٠)

---

(٥) واتە : لەشی گرفتاری زەحمەتمی سووتاندو تویکی دڵی دەرد گەستوومی دامالی .

(٦) واتە : خوشی‌و شادی بو ئیمە نی‌یە ، ئیمە سەرددەزووی ڕەحەتی‌یشمان لە دەس دەرچووە .

(٧) واتە : ئیمە لە میژە دوژمنی گەردوونین‌و هاودەنگی دەردو مەینەتین .

(٨) واتە : سەرخوشی شەرابی دەستی ڕوزگارین‌و لەبەر دووری‌ی دۆستی کون هۆشمان لا نەماوە .

(٩) واتە : هیچمان وەك ئەوسا نەماوە .. نە دڵمان وەك جاران شادە . وە نە وەك جاران هۆشمان لە خومانە ، وە نە وەك ئەوسا تی‌ئەگەین‌و گویمان لە قسەو ڕازی دۆست ئەبی .

(١٠) واتە : هەر ئەوەندەت زانی گەردوون نەردیکی بو لەناوبردن ، ئیمەیش هەڵدا ، وە ئیمەیش وەك هاوری‌یان جی‌و شوینمان بە چوڵی مایەوە .

—١٢—(١)

نامەکەت یاوا کۆسم کەفتەوە
دڵەی ئاهیرین دا وە نەفتەوە
تا کەی تۆ بەو زام ، من وەی دەردەوە
تۆ بەو کاوەوە ، من بەی هەردەوە (٢)
تەشریف باوەرە جەرگەمان جەم بۆ
بەڵ وەی جەم خەمێ جە لامان کەم بۆ (٣)
بێسارانی‌یەن نە تۆی فەرد من :
(خەم چەنی خەمان زوو مبۆ ساکن) (٤)
هەناسەی سەردم نە دڵ خێزاوە
خێڵخانەی کەیفم هەوار بێزاوە (٥)
وەیشوومەی مەینەت تەم ئەنگێزاوە
وەڵگەکەی شادی سەرتەڵ ڕێزاوە (٦)

—١٢—

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە وەلامی نامەی شیخ عەزیزی جانەوەرەیی برادەریا نووسیوە کە لە کویستان بووە ، داوای گەرانەوەی لی ئەکا بو گەرمیان .

(٢) واتە : تاکەی تو گرفتاری زامی دووری‌و من گیرودەی دەردی ئیشتیاق بم ، وە تو لە کویستان بیت‌و من لە گەرمیان .

(٣) مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پیکەوە دی .

(٤) واتە : وەرە با کومەڵمان یەکبگریتەوە بەڵکو خەم‌و خەفەتی دڵمان کەم‌کاتەوە ، بە دەلیلی ئەو قسەیەی مەلا مصطفی‌ی بیسارانی کە خستوومەتە ناو شیعری خوم وە ئەلی ئەگەر خەمباران بکەونەیەک خەمەکەیان سووک ئەبی .

(٥) خیزاوە : بەرز بووەوە . بیزاوە : گواستیەوە . واتە : هەناسەی سارد لە دلم بەرز بووەوەو شادیم بارگەو بنەی پیچایەوە .

(٦) وەیشوومە : بای سەخت . ئەنگیزاوە : هەڵی‌ساندەوە . ڕیزاوە : داوەری‌یەوە . واتە : بای سەختی مەینەت تەمی هەڵکردو گەلای سەرچڵی خوشیم داوەری .

جۆی چەمەی شەوقم هەم یەخ کەردەوە
هەزرەعەی هەستیم شەڵتە بەردەوە (٧)
نەشئەی وەخت سەخت ئامای پاییزەن
یا شنۆی دووری‌ی بااڵی ئازیزەن (٨)

نامەی عەنبەر یۆت باد صوبح ئاوەرد
عەترش زامەکەی کۆنەم تازە کەرد (٢)
موتاڵەعەم کەرد وە دەم دەردەوە
جەفاکەی وەرین جە یاد بەردوە (٣)
مەفهووم بی تەحریر وەش تەقریرەکەش
مەعلووم بی جە لای خەستەی تیرەکەش (٤)

---

(١) مەولەوی جاریکیان نەخوش ئەکەوی ، شیخی بهاالدینیش نامەیەکی هەوال پرسی‌ی بو ئەنیری ، ئەمیش لە وەراما ئەم پارچە شیعرەی بو ئەنووسی .
(٢) واتە : بای بەیانی نامە بونخوشەکەتی بو هینام ، وە بونی ئەو نامەیەت زامی کونەمی تازە کردەوە .
(٣) وەرین : پیشوو . واتە : نامەکەتم بە دەم دەردەوە خویندەوە . ئەوەندەی دلشاد کردم ئیش‌و ئازاری کونی لە یادم بردەوە .
(٤) واتە : منی گرفتاری تیری ئەو ، حاڵی بووم لەو شتانەی لە نامەکەیا نووسرابوون‌و روون کرابوونەوە .

فیدای خامەت بام وە یادم کەردەن
یادم نمەشی تا وە ڕۆی مەردەن (٥)
بەڵام جە دووریت شای صاحیب شەرتان
دوود دڵ وە چەرخ هەفتەمین یاوان (٦)
دووریت چون ئەڵماس نیشتەن نە جەرگم
ها وەختەن بەیۆ وادەکەی مەرگم (٧)
داخ بااڵکەت بەروون وە گڵکۆ
وە هام باڵای وێم خاکم وە سەر یۆ (٨)

ناوەری وە دڵ ماوەروو نە دڵ :
من جە مەیل تۆ لادێ یۆ غافڵ (٢)

---

(٥) خامە : قەڵەم . نمەشی : ناچی . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(٦) واتە : بە قوربانی قەڵەمەکەت بم کە منی هیناوەتەوە یاد ، من تا ئەمرم تۆم لە بیر ناچی ، بەاڵم لە تاو دووریت دووکەڵی دڵم گەیوەتە ئاسمانی حەوتەم .

(٧) بەیۆ : بیت . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(٨) گڵکۆ : قەبر . واتە : ئازیزەکەم وەك ئەڵماس چون شووشە لەت ئەکا ، دووریت بەو جورە نیشتووەتە سەر جگەرمو لەتڵەتی کردووە ، ئەوەندەی ئەماوە وادەی مردنم دابیتو بە بەرزەی باڵام خاك بنیشیتە سەرم .

(١) وا دیارە مەوڵەوی بەم قەسیدەیە قسە لە گەڵ شیخی ضیاالدین ئەکا کە هەندێکەس وایان تێگەیاندبێ گوایە مەوڵەوی سارد لە گەڵیاو ئەمیش بەم قەسیدەیە پاکانە بو خوێ بکا .

(٢) ناوەری : نەهینی . ماوەروو : ئەهینم . لادێ : تاوێك . واتە : ئازیزەکەم نەکەی ئەوە بینی بە دڵتا کە من ئیستا ئەیهینم بە دڵما کە ئەوەتە من تاوێك لە خوشەویستیی تو بێئاگا ببم .

وه دیده‌ی مه‌خموور شیرین ته‌رز تۆ
وه نه‌شئه‌ی شێوه‌ی بالأی به‌رز تۆ (٣)
نه شێخ ، نه مه‌ڵلاّ ، نه قازی‌ی ڕووی شه‌رع
نه سۆفی‌و عابید ئه‌هل ته‌قواو وه‌رع
نی‌یه‌ن داخ تۆش نه‌بۆ نه تۆی دڵ
موشکوڵه‌ن ئازیز جه‌مین په‌ڕه‌ی گوڵ (٤)
وه تیر تانه‌ی ڕه‌قیب دڵسه‌نگ
بینایي دیده‌م خاتر مه‌که‌ر ته‌نگ (٥)
ئاریّ واجبه‌ن تانه‌ی به‌دکاران
په‌ی گه‌رمی‌ی بازار عه‌شق دڵداران (٦)
نصیو هه‌رکه‌س موبته‌لای یاره‌ن
زۆلانه‌ی زنجیر ، قه‌تڵ سێداره‌ن (٧)

---

(٣) مه‌خموور : مه‌ست . مه‌عنای ئه‌م شیعره‌و دوو شیعری پاشه‌وه‌ی پیکه‌وه دی .

(٤) واته : قه‌سه‌م به چاوه مه‌سته جوانه‌کانت‌و به له‌نجه‌ولاره‌ی بالای به‌رزت هیچ شیخ‌و مه‌لاو قازی‌و خواپه‌رستیك نی‌یه داخی عه‌شقی توی له دلا نه‌بی ، وه زور زه‌حمه‌ته شتی وا روو بدا .

(٥) ره‌قیب : به‌دکار . واته : بینایي دیده‌م دلی خوت ته‌نگ مه‌که به تیری تانه‌ی به‌دکاران که منت به بی‌وه‌فا له لا ئه‌ده‌نه قه‌له‌م .

(٦) ئاری : به‌لی . واته : چونکه دیاره تانه‌ی به‌دکار پیویسته بو گه‌رمی‌ی بازاری دلداری .

(٧) زولانه : ئه‌لقه‌ی گیرکراو له ئه‌لقه‌ی‌تر . سیدار : سیداره . واته : هه‌رکه‌س گرفتاری ده‌ردی خوشه‌ویستی بی ئه‌بی ئه‌لقه‌ی زنجیری زولفی یارو سیداره‌ی بالای به‌شی بی ، ئیتر چون له تانوونی به‌دکاران ئه‌ترسی .

ـ ١٥ ـ

(١) وەختی خوی (خانای قوبادی) کە شاعیریکی بەناوبانگی کوردە ، دوو شیعری وتووە ؛ پاش ئەویش شاعیریکیتر کە ناوبانگی (مەحرووم) بووە هاتووە بە چوار شیعر بەربەرەکانیی دوو شیعرەکەی خانای کردووە ، وە ئەو چوار شیعرەی خوی ناردووە بو مەولەوی تا بەراوردیان بکا لە گەل دوو شیعرەکەی خاناو بریار بدا کە کامیان بەرزترن . مەولەویش بەم شەش شیعرە وەرامی داوەتەوەو شیعرەکانی ئەوی لە هینەکانی خانا بە بەرزتر داناوە . جاری با شیعرەکانی خاناو مەحرووم پیشان بدەین . ئەمە دوو شیعرەکەی خانا :

بەرق سەیف ناز ئەبرو خەمینان
عەکس ماوی خال خورشید جەمینان
ئەر بگنو وە کوی قولەی قەزالە
مەکەروش وە بوول سفتەی صەد سالە

واتە : ئەگەر بیتوو تیشکی شیری نازی یارانی بروکەوانیو عەکسی خالی ئاویی جوانە ناوچاو وەك روژەکان ، بدا لە قولەی کیوی قەزانە ، ئەیسووتینیو وەك خولەکەوەی صەد سال لەمەوبەری لیئەکا .

ئەمەش چوار شیعرەکەی مەحرووم :

بەرق بەرقەی ناز عیشوە فروشان
چەخماخەی لەنجەی تەلا نە گوشان
بزیسکەی نیگای دیدە شابازان
بریقەی غەمزەی شەکەرین رازان
ئەر بگنو وە سەنگ جای تەجەللای نوور
مەکەروش وە گەرد چون سورمەی کوی توور
(مەعدووم) ؛ راس (خانا) سوزان عەشق بی
کەی وینەی (مەحرووم) هەر عەشقش مەشق بی ؟

واتە : ئەگەر بیتوو شەوق دانەوەی چارشیوی یارە نازارە نازفروشەکانو چەخماخەی لەنجەولاری گوارە زیرینەکانو تیشکی چاوی یارە چاوبازەکانو بریقەی ئیشارەتی شیرینگوفتارەکان ، لە جیاتیی نووری خوا بدا لە بەرد ، وەك بەردە سووتاوەکانی کیوی توور ئەیکا بە خول . مەعدووم ، راستە خانا سووتاوی عەشق بووە ؛ بەلام کەی هەمیشە وەك من هەر مەشقی عەشقی کردووە .

نەوباوەی خەیاڵ (مەحرووم) دانا
ڕەدیف لەطیف ظەریف (خانا) (٢)
یاوا وە دیدەی کەم‌بینام ساوا
جە نەو بینایي پەی دیدەم یاوا (٣)
پەیڕەوی (خانا)ت یاد ئاوەردەبێ
ئەو ئەسڵو وێت فەرع حەساو کەردەبێ (٤)
لاکین زادەی طەبع بۆ عەنبەرینت
دەس‌ڕێسە کەی فکر بیکر شیرینت (٥)
پەسەندیدەی فام عەقل دانا بێ
خاستەر جە خەیاڵ خاصەی (خانا) بێ (٦)
زیادە پەی فەرع وە سەر ئەسڵەدا
خاصەی واتەی تۆن جەی سەرفەصڵەدا (٧)

---

(٢) نەوباوە : تازە پەیدابوو . ڕەدیف : هاوچەشن . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

(٣) واتە : ئەو شیعرانەی کە بەرهەمی نوێی خەیالی (مەحرووم)ی زانان ، کە هاوچەشنیکی ناسکو جوانی خانای قوبادی‌یە ؛ پیم گەیشتنو سویمن بە چاوە کزوکویرەکانما ، سەرلەنوێ ڕوشنایي‌یان پێ‌گەیشتەوە .

(٤) واتە : شوێن‌کەوتنی خانای قوبادیت هینابوە خەیالی خوت ؛ وە ئەوت کردبوو بە ساقو خوتت کردبوو بە لقی ئەو .

(٥) زادە : پەیدابوو . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەویەوە .

(٦) واتە : بەڵام ئەو شیعرانەی کە لە زەوقی بونخوشی تو کەوتبوونەوە ؛ وە بە دەستی بیری بە خەیالی کەسا نەهاتووی تو ڕێڕابوون ؛ لای عەقڵو فامی ئینسانی زانا پەسەندو دڵگیر بوونو لە خەیاڵە تایبەتی‌یەکەی خانا جوانتر بوون .

(٧) واتە : سەرکەوتنی لق بە سەر ساقا لەم چەرخەدا بە تەنیا بو تو هەڵکەوتووەو بو کەسی‌تر نەڵواوە .

-١٦-(١)

نه نه‌ی‌خانه‌ی ته‌ن ئایر هۆرێزان
بزیسکه‌ی چه‌خماخ کام شه‌ش‌خان خێزان (٢)
کام دووده‌ن ڕووی دڵ باز هه‌م پۆشاوه
کام هوونه‌ن ده‌روون دیسان نۆشاوه (٣)
مه‌سره‌ف خه‌زانه‌ی ده‌رد په‌نهانی
خه‌م هۆشت به‌رده‌ن مه‌ر نمه‌زانی (٤)
شه‌راره‌ی تفه‌نگ به‌خت چاره‌ی تۆن
دوودی هوون زام جگه‌ر پاره‌ی تۆن (٥)

---

(١) مه‌وله‌وی ئه‌م قه‌سیده‌شی به زوبانی مه‌حوودی یاروه‌یسه‌وه وتووه له لاواندنه‌وه‌ی عبدالرحمانی کوریا ، که تا ئیستا چه‌ند قه‌سیده‌ی‌تریشمان له‌ لاواندنه‌وه‌یدا نووسی‌یه‌وه .

(٢) نه‌ی‌خانه : خانووی قامیش ، زنج . شه‌ش‌خان : جوره تفه‌نگیکی کونه . خیزان : به‌رز بووه‌ته‌وه . واته : ئاگر به‌ربووه‌ته زنجی له‌شم ، نازانم پزیسکه‌ی چه‌خماخی کام تفه‌نگی شه‌ش‌خانه به‌رز بووه‌ته‌وه ئه‌م ئاگره‌ی تی‌به‌رداوه ؟

(٣) دوود : دووکه‌ل . باز : دیسان . واته : نازانم کام دووکه‌ل بوو به‌رز بووه‌وو رووی دلی داپوشی‌یه‌وه ، وه کام خوین بوو دیسانه‌وه ده‌روونم نوشی‌یه‌وه ؟ وشه‌ی (دوود) و (هوون) ئیشاره‌تن بو دووکه‌لی ئاگری تفه‌نگه‌که‌و خوینی کوره کوژراوه‌که .

(٤) مه‌سره‌ف : خه‌زنه‌دار ، مه‌به‌س مه‌حوودی یاروه‌یسه وه ئیشاره‌تیشه بو ئه‌وه که خه‌زنه‌داری مه‌حوود پاشای جاف بووه . مه‌عنای ئه‌م شیعره‌و دوو شیعری پاشه‌وه‌ی پیکه‌وه دی .

(٥) چاره : ناوچاو . دوودی هوون : خوینی وه‌ك دووکه‌ل ره‌ش .

جەستەت سۆچنا دڵ ها نە تەمدا
نە دەروون جام جام هوون دان وە هەمدا (٦)
کوورەی دڵ گەرمەی جۆش سەختشەن
پەی فێنکی‌ی دڵ شیوەن وەختشەن (٧)

نەمەندەن خەیاڵ فەردان کەردەنم
فەرد ها بی وە تەوق شی نە گەردەنم (٢)
ئەر فەڵەك گەردش نەدا نە ڕووی بەخت
نەوستاش ئەو گێج گەردەلوول سەخت (٣)

---

(٦) واتە : ئەی خەزنەداری دەردو مەینەتی نهینی ، ئەوە خەم‌و خەفەت، هوشی لا نەهیشتووی ، بوچی نازانی بلیسەی تفەنگی بەخت‌و ناوچاوی خوتە. لەشی سووتاندووی‌و تەمی کردووە بە سەر دلتا ، وە خوێنی ڕەشێ زامی جەرگی. لەت‌لەت‌بووتە جام‌جام خوینی لە دەروونتا داوە بە یەکاو پی‌ی‌نوشاندووە .

(٧) واتە : بە هوی ئەم ئاگرو دووکەڵو خوینەوە کوورەی دلم لە گەرمەی جوشی سەختیابەتی ، وە ئیستا کاتی شیوەن کردنە بۆ ئەوەی دلم فینك بیتەوە . لە نوسخەکەی سید طاهری هاشمیدا لە پاش ئەم شیعرە دیتە سەر شیعرەکانی رو رو کە سەرەتاکەیان ئەمەیە :

پەردەی سەبووریم دریا ، ڕولە رو

بەڵام ئیمە ئەو شیعرانەمان لە ریزی پارچەیەکی‌ترا بلاو کردەوە لە تیپی (بی)دا کە ئەویش هەر بۆ لاواندنەوەی عبدالرحمان وتزابوو ، چونکە لە چەند نوسخەی‌تردا بەو جورە بوو .

(١) مەولەوی ئەم چەند شیعرەی بۆ دوستیکی ناردووە: کە گلەیی لی کردووە بوچی نامەی دیار نی‌یەو چەند شیعرێکیان بۆ نانێری .

(٢) شی : چوو . واتە : تاقەتی شیعر دانانم نەماوەو شیعر بوو بە تەوق‌و چووەگەردنم .

(٣) نەوستاش : نەی‌خستمە . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

ئارەزووی دیدار یارانم کەردەن
هەوای سەیرانم وە دڵ ئاوەردەن
بگێڵوون چەنی هامفەردان وە شاد
وە سەربەرزاندا خەم بدەون وە باد (٤)
وەر کوشتاش جە داخ نەدیەنیی یاران
چەند جار کوشتانێش ، ئێدیش چون جاران (٥)

ـ ١٨ ـ [1]

نە ئاهینگەرێ ، نە ئاهینگەرێ
ئارۆ ڕاگەم کەفت نە ئاهینگەرێ (٢)
دیم کە نیشتەبێ کان گەوهەرێ
پادەم مەدەمنا زوڵف عەنبەرێ (٣)

---

(٤) بگیلوون : بگەریم . بدەون : بدەم . واتە : ئەگەر فەلەك رووی بەختم توزاوی نەکاو نەمخاتە گیژی گەردەلوولی سەختەوە ، نیازم هەیە سەری لە دوستان بدەمو بە تەمام سەیرانیك بکەمو لە گەل هاوریاندا بە خوشی بگەریمو بە شاخەکانا خەم بدەم بە با .

(٥) کوشتاش : کوشتمی . نەدیەنی : نەدیتن . واتە : خو ئەگەر کوشتیشمی لە داخی نەبینینی یاران ، ئەوە ئیتر بلیم چی ، تا ئیستا چەند جار کوشتوومی ، با ئەمحاریش وەك جارەکانی پیشوو بی .

(١) مەولەوی لەم چەند شیعرەیا هەستی خوی ئەگیرتەوە بەرامبەر شاگرد ئاسنگەریکی جوان .

(٢) ئاهینگەر : ئاسنگەر . واتە : ئەمرو ریم کەوتە لای ئاسنگەریك .

(٣) پادەم : ئەو هەمانە پر لە فووەیە کە ئەیدەمینن بو ئاگر خوش کردن . مەدەمنا : ئەیدەماند . واتە : دیم جوانیکی زولف عەنبەرینی وەك کانی گەوهەر پیدەمەی ئەددماند .

فیدات بام ئۆسای پادەمە دەمەن
دەست وە دەم بۆ ، دەم بدەر وە مەن (٤)
هەی موسوڵمانان ئینە چ دەردەن
دەمە دەمانش دەم دەمین کەردەن (٥)
دەمەو کووڕەو نار هەر سێ بین نووڕە
نۆبەی مەعدوومەن وزاش نە کووڕە (٦)

ـ ١٩ ـ [1]

نەواتم عەرعەر سەهەند پەروەردە
باخەوانان داخ وە تۆی گڵ بەردە (٢)
خودنومایي لای باڵا نەمامان
وێت لادەر ئامان ، پەرێ تۆ نامان (٣)

---

(٤) مەولەوی لێرەدا رووی قسە ئەکاتە شاگردەکەو پێی‌ئەلی : وەستای هەمانە دەمین با دەست بە هەمانەکەوە بی بیدەمینی ، دەمیشت بدە بە من با ماچیکی بکەم .

(٥) دەمین : خویناوی . واتە : موسولمانینە ئەمە چ دەردیکە تووشی من هاتووە ، هەمانە دەماندنی ئەو جوانە دەممی خویناوی کردووە .

(٦) نووڕە : قسلی سووتاو . وزاش : بیخەنە . واتە : هەمانەکەو کووڕەی ئاگرەکەو ئاگرەکەی ناوی ، هەموو لە بەر جوانی‌ی ئەوشاگردە وەك قسلی سووتاویان لی‌هاتووە ، هەر من ماوم نوبەی منیش هاتووە بمخەنە ناو کووڕەکەوەو بمسووتینن .

(١) جاریکیان جوانیکی بالابەرز لای چناریکا ڕائەوەستی ، لەوکاتەدا بایەك هەڵئەکاو هەندی گەلای لی ئەخاتە خوار . مەولەوی‌یش بەم بونەیەوە ئەم چەند شیعرە ئەلیت .

(٢) سەهەند : سیبەر . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە .

(٣) خودنمایي : خونواندن . واتە : ئەی چناری لە سیبەردا پەروەردە بوو کە باخەوانان بە داختەوە مردوون ، پیم نەوتی خونواندن لە بەرامبەر جوانانی بالا وەك نەماما بو تو نەهاتووە ، دەخیلتم خوت لادە .

«دیت شنۆی غیرەت دیدە کەم خێزا
وەڵگە کەی سەر شاخ زیندەگیم ڕێزا (٤)
خاس بی دەرگای خەم پەی وێت کەردەوە
دوولەتیمان بۆ هەرچیت بەردەوە (٥)

(١) ـ ٢٠ ـ

نەوای نالەی دڵ وێنەی صەدای نەی
پیالەی زوخاو مەنۆشوو چون مەی (٢)
کەواو پارچەی جەرگ سینەی بڕێشتاو
ڕەحمت بۆ یە نەی ، یە مەی ، یە کەواو (٣)
هەر ئەساسێ هەن جە لام جەم بی یەن
گەرمی کزەی بەزم هیچش کەم نی یەن (٤)

---

(٤) خیزا : بەرز بووەوە . ریزا : داوەراند . واتە : دیت چون بای غیرەتی یارەکەم هەلی کردو گەلای سەرچلی ژیانتی داوەراند .

(٥) واتــە : باش بوو دەرگای خەمت لــە خوت کردەوە ، هەرچیت دەس کەوت دووکەرت بی لە نیوانمانا .

ـ ٢٠ ـ

(١) مەولەوی ئەم چەند شیعرەی بو دوستیکی نووسیوە کە هەندی کەبابی بو ناردبوو .

(٢) لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی (چون مەی) نووسراوە (پەی پەی) . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(٣) کەواو : کەباب . بریشتاو : برژاو . واتە : ئەو شتانەی کە هوی خوشی و رابواردنن بریتین لە ئاوازو مەی و کەباب ، من نالەی دلم وەك ئاوازی شمشال وایەو لە جیاتی شەرابیش پیالەی زووخاو ئەنوشم و پارچە جگەری ناو سینەی برژاویشم کەبابمە . دەسا میهرەبانیت ببی لە گەلم ئەمە ئاوازو مەی و کەباب .

(٤) واتە : هەموو هوینەکی رابواردنم لایەو هیچم کەم نی یە بو گەرمی کوری رابواردن .

تەصدیعت کێشان ، ساحیب شەرتو شۆن
چ ئیحتیاجێ وەی کەواو تۆن ؟ (٥)

(١) — ٢١ —

نامەی بێمەیلیم خامەت ڕەقەم کەرد
دوودیم جە دیدەی فەڵەك ئاو ئاوەرد (٢)
منو بێمەیلی ، چون واچی شەو ڕۆن
مەیلت نە دڵدا ، دڵ هەر جە لای تۆن (٣)
بێچارە وە تای زوڵفت گیر بیەن
ها نە پای تەڵدا جواوش نیەن (٤)

---

(٥) واتە : ئەی دوستی بەوەفا زەحمەتت کێشاوە کەبابت بو ناردووم ، من کەی پیویستم بە کەبابی تویە تا بوم بنیری .

— ٢١ —

(١) مەولەوی بەم سە شیعرە وەرامی گلەیی دوستیك ئەداتەود کە بوی نووسیبوو گوایە بیوەفایە لە گەلی .

(٢) واتە : قەلەمەکەت نامەی باسی بێمەیلیی منی نووسیبوو ، منیش ئەوەندە خەفەتبار بووم هەناسەی وەك دووکەل ڕەشم ئاوی لە چاوی گەردوون هیناو کردیە گریان .

(٣) واتە : توهمەتی بیوەفایی دانە پال من وەك ئەویە بە شەو بڵیی ڕۆژە .. تو مەیلت لە دڵایەو دلم هەر لە لای تویە .

(٤) واتە : دڵەی بەدبەختم بەسراوە بە داوینی زوڵفی تووەو لە سەر نەڵی تەڵگرافی زولفت گیری خواردووە چاوەڕوانی وەرامیکە لە تووە ، وە ناتوانی بیتەوە بو لای من . ئەم شیعرەمان لە تیپی (بی)دا بە تەنها نووسی چونکە لە نوسخە کونەکەی خومانا بە تەنها نووسرابوو ، کەچی دیمانەوە سەهەمی ئەم سە شیعرەشە ، لەبەرئەوە دیسانەوە نووسیمانەوە ، وە لامانوایە ئەمەیان راستە .

-٢٢-

نه تەن یادەکەی ئەو سیمین گەردەن
خەیڵێوەن هەر گیان خزمەتش کەردەن (١)
بەڵام نەی حەسرەت دووی جیایی‌دا
گومانم کەفتەن وە تەنیایی‌دا (٢)

-٢٣-

نزوول کێشا دەس بەختم نە ڕای بەد
پای ئەدەب نە ڕای عەدەد کەردم ڕەد (١)
ناگا وە فریب پشت پا دا لێم
من وست وە گێجاو قەلەندەری وێم (٢)

- ٢٢ -

(١) مەعنای هەردوو شیعرەکە پیکەوە دی

(٢) واتە : دەمیکە هەر گیانم خزمەتی یادی ئەو گەردن زیوینەی کردووە لە لەشما ، بەڵام لەم داخی دووکەڵی جیابوونەوەی گیانما لە لەشم ، وابزانم تەنیا کەوتووەو کەس نی‌یە خزمەتی بکا .

- ٢٣ -

(١) نزوول : کزی . واتە : بەدبەختی دەستی بەختمی بە ریگای خراپەدا ڕاکێشا ، وە پێی ئەدەبم لە ریگای ژمارە لای دا . مەبەسی ئەوەیە کردەوەی بی ئەدەبانەم لە ژمارە دەرچوو .

(٢) فریب : فریو ، هەڵخەڵەتاندن . قەلەندەری : بەرەڵلایی‌و بی‌سەروشوینی . واتە : لە ناکاو هەڵی‌خەڵەتاندم‌و پاش‌قولیکی دام‌و فری‌ی‌دامە گێژاوی بەرەڵلایی‌و بی‌سەروشوینی .

- ٢٤ - (١)

نه نازك خه‌یاڵ ئیسه ، نه مونشیم
په‌رده‌ی مابه‌ین بیم ، ویه‌ردم ، من شیم (٢)
ته‌ن وه دڵ ، دڵ جان ، جان بی وه جانان
مه‌نده‌ن وه جیلوه‌ی جه‌رگه‌ی جوانان (٣)

- ٢٥ -

نه تۆی حه‌ڵقه‌ی زوڵف دڵه‌ی شێت‌و وێت
شه‌رتش که‌رد هه‌نی دڵ نه‌ده‌رۆ پێت (١)
وه‌ختێ شۆڵه‌ی ڕووت ناگا دا دیار
ئه‌و قسه‌ی شه‌و بی ، ئێد شۆڵه‌ی نه‌هار (٢)

- ٢٤ -

(١) مه‌وله‌وی ئه‌م دوو شیعره‌ی بو دوستێك نووسیوه که داوای نامه‌یه‌ك یا پارچه هه‌ڵبه‌ستیکی لێکردووه بو لای (پیر) که قسه‌ی مه‌وله‌وی ڕه‌وا بووه لای تا ئیشیکی بو بکا ، ئه‌میش داخوازی‌یه‌که‌ی ئه‌و دوسته نایه‌نیته‌دی‌و بۆم دوو شیعره بیانووی بو دینیته‌وه .

(٢) مونشی : نووسه‌ر . واته : نه خه‌یالی ناسکم هه‌یه تا شیعر بڵیم : وه نه نووسه‌رم تا نامه‌ت بو بنووسم . من جاران به یه‌ك‌گه‌یینی پیرو مرید بووم ئه‌متوانی کاروباریان بو ڕاپه‌رینم ، به‌ڵام ئیستا فه‌وتاوم‌و به‌سه‌رچووم .

(٣) واته : له‌شم بووه به دڵ‌و دلیشم بووه به گیان‌و گیانیشم له دوستانا تواوه‌ته‌وه ، ئیستا ماوه‌ته‌وه سه‌ر ده‌رکه‌وتن‌و خونواندنی کوری جوانان که بتوانن به خاتر‌داری‌ی خویان شتی بکه‌ن .

- ٢٥ -

(١) واته : دله‌ی شێت‌وویتم که گرفتاری داوی زولفت بوو ؛ له ناو داوه‌که‌دا بریاری دا جاریکی‌تر مه‌یلت نه‌داتی .

(٢) شوله : شعله . نه‌هار : روژ . واته : که‌چی کاتی که له ناکاو تیشکی ڕووت ده‌رکه‌وت بریاره‌که‌ی دلم بوو به قسه‌ی شه‌وو تیشکی ڕووت بوو به تیشکی روژ ، مه‌شهووریشه (کلام اللیل یمحوه النهار) یه‌عنی که روژ بووه‌وه هه‌رچی قسه شه‌و کراوه هه‌مووی هه‌ڵئه‌وه‌شینیته‌وه .

-٢٦-

نوور ئەفشانیش کەرد وە دەشتو دەردا
مدرا وەراوەر وە ڕاگوزەردا (١)
وات نما وەختەن شای جەمینجامان
واتم بەڵێ خۆر وە قیبلە ئامان (٢)

-٢٧-

نە ڕۆ ئارامەن ، نە شەو خاومەن
چون چەم گل کەران گلاراومەن (١)

-٢٦-

(١) نوور ئەفشانی : نوور وەشاندن . مدرا : راوەستا . وەراوەر : بەرامبەر . واتە : یار تیشکی خوی بلاو کردەوە بە دەشتو دەرداو لە سەر ریما بەرامبەر راوەستا .

(٢) نما : نویژ . واتە : شای ناوچاو جوانان وتی وەختی نویژە ، منیش وتم بەڵی راستە چونکە خور کەوتووەتە لای قیبلەو وەختی نویژی نیوەرویە . مەبەس لە خورەکە رووی یارە کە لە بەرامبەریا راوەستاوە .

بەم موناسەبەتەوە جوانە ئەمە بگیرینەوە کە جاریکیان شیخی ضیاالدین لە بیارە پاش هەتاوکەوتن ئەچیتە سەر جیگای شیخ سەلیمی سنەیي سەیر ئەکا هیشتا هەڵنەساوە لە خەو ، هەڵئەسینیو پێیئەڵی :

آفتابت بر سر آمد بر نمیخیزی هنوز ؟

واتە : خور هاتە سەر سەرت هیشتا هەڵناسی لە خەو ؟ شیخ سەلیمیش لە وەراما ئەڵی :

بی تو روزم شب بدو چون آمدی شب گشت روز

واتە : بی تو روژم شەو بوو ، کە تو هاتی بوو بە روژ ..

-٢٧-

(١) واتە : نە بە روژ ئەحەسیمەوەو نە شەو خەوم لێئەکەوی ، هەمیشە ودك چاویشەدار گلاراوم پێکەوتووەو دیمو دەچم .


تیپی واو

ـ ١ ـ[1]

وه خیلافه‌وه‌ن یاران سه‌رمه‌س
ته‌قاضای زاتی‌ی طه‌بعم هه‌رچی هه‌س (٢)
جه‌ذبه‌ی ئاهینم ده‌ماخ دان پەرداخ
میقناتیز تۆی جام که‌رده‌ن وه یاتاخ (٣)
کاره‌با نه ده‌ور کام مده‌رۆ ده‌ور
نه ده‌وره‌ی موره‌ی کاره‌با کا ته‌ور (٤)
ئه‌ر گێروو وه کام کافووڕم که‌م که‌م
ئاو قه‌فاڵ وێش مه‌پێکۆ ده‌ردەم (٥)

ـ ١ ـ

(١) مه‌وله‌وی ئه‌م قه‌سیده‌یه‌ی له وه‌لامی نامه‌یه‌کی شیخی سراج الدینا وتووه که گله‌یي تیاکردبوو له مه‌وله‌وی که بی‌وه‌فایه له گه‌لی‌و خه‌به‌ری ناپرسی .

(٢) ته‌قاضا : خواست . طه‌بع : طه‌بیعه‌ت ، سروشت . واته : ئه‌ی یاره سه‌رخوشه‌کانم ، هه‌رچی خواست‌و ئاره‌زووی سروشتمه هه‌مووی به پیچه‌وانه‌ی ئه‌وه‌یه که ئه‌بوو وابوایه . له شیعره‌کانی پاشه‌وه‌دا ئه‌م پیچه‌وانه‌یي‌یه‌ زوون ئه‌کاته‌وه .

(٣) جه‌ذبه : راکیشان . ئاهین : ئاسن . واته : یاسای سروشت وایه که میقناتیز ئاسن رابکیشی بو لای خوی ، که‌چی ئیستا له‌شی وه‌ك ئاسنی من خوی ئاماده کردووه بو راکیشانی میقناتیزو میقناتیزیش ناو شووشه‌ی کردووه به جیگای خوی تا ئه‌و نه‌توانی رای‌کیشی . له هه‌ندی نوسخه‌دا له جیاتی‌ی (ئاهینم) نووسراوه (ئاسنم) .

(٤) کام : له‌شی وه‌ك کام . مده‌رو : ئه‌دا . موره : موورو . واته : یاسای سروشت وایه کاره‌با پووش هه‌ل‌بگری ، که‌چی ئیستا به ده‌وری له‌شی وه‌ك کا باریك‌بووی منا خول ئه‌خوا ، وه‌ك چون له راستیدا کا به ده‌وری موورووی کاره‌بادا خول ئه‌خوا .

(٥) کام : به فارسی واته ده‌م . کافوور : ماده‌یه‌کی سارده که‌سیك خوینی ووتی به‌ربی ئه‌ی‌خه‌نه سه‌ر ته‌ویلی بو ئه‌وه‌ی خوینه‌که‌ی بوه‌ستیته‌وه . قه‌فال : ده‌ماریکه له پشت‌مله‌وه له کاتی ته‌وژمی خوینا که‌له‌شاخی لی‌ئه‌گرن . مه‌پیکو : به‌رئه‌بی . ده‌ردەم : کوتووپر . واته : ئه‌گه‌ر توزیك کافوور بگرم به ده‌مه‌وه ئه‌وه‌نده گه‌رم ئه‌بی گورج خوینی ده‌ماری پشت‌ملی به‌رئه‌بی . له هه‌ندی نوسخه‌دا له جیاتی‌ی (که‌م‌که‌م) نووسراوه (وه‌که‌م) .

أنفیه‌که‌ی گه‌رد ڕای ده‌ردم هه‌وا
مه‌که‌ڕۆ ده‌ماخ ئه‌فلاتوون ده‌وا (٦)
گه‌رمیم تاف ساف وه سه‌رئه‌نده‌ردا
به‌سته‌ن وه ڕووی تاش نیمه‌که‌مه‌ردا (٧)

---

(٦) أنفیه : برنووتی . واته : توز بچی به لووتی هه‌رکه‌سیکا له‌وانه‌یه نه‌خوشی بخا ، که‌چی توزی ریگه‌ی ده‌ردی من هه‌وا وه‌ك برنووتی ئه‌یکا به لووتی ئه‌فلاتوونی حه‌کیمه‌وه‌و ده‌رمانی پی‌ئه‌کا .

(٧) سه‌رئه‌نده‌ر : له سه‌ره‌وه بو خوار . تاش : به‌ردی زلی لاشانی شاخه‌کان . نیمه‌که‌مه‌ر : ناوقه‌د . واته : جوشی گه‌رمای دلم ئه‌بوو وشکم کاته‌وه‌و بمسووتینی ، که‌چی تافی ئاوی سافی له چاوه‌کانمه‌وه ده‌رکرد بو خوار ، وه ئه‌و ئاوه گه‌رمه‌ی وه‌ك سه‌هول مه‌یاند به تاشه‌به‌ردی ناوقه‌دمه‌وه .

له هه‌ندی نوسخه‌دا له پاش ئه‌م شیعره ، شیعریك وه له هه‌ندیکی‌ترا ئه‌و شیعره‌و دوو شیعری‌تر هه‌یه . به‌لام هه‌رچی ورد بووینه‌وه په‌یوه‌ندیکمان نه‌دوزی‌یه‌وه ئه‌و سه شیعره ببه‌ستیته‌وه به‌م شوینه‌وه ، وه نه‌مانزانی ئاخو شیعری قه‌سیده‌یه‌کی‌ترن که‌وتوونه‌ته ئیره ، یان هه‌ر شیعری ئیره‌نو لی‌یان فه‌وتاوه بویه په‌یوه‌نده‌که‌یان نازانری . له‌به‌رئه‌وه نه‌مان‌خستنه ئه‌سلی کتیبه‌که ، وه هه‌ر لیره‌دا نووسیمانن‌ه‌وه . ئه‌مه‌ش ئه‌و سه شیعره :

چون هه‌رس دیده‌م وه ناکامه‌وه
شنه‌فتم ئازیز لواو ئامه‌وه
ئه‌وه‌ل صه‌دای نه‌ی مه‌رگه‌که‌م ئارو
وه‌ی دووه‌م نه‌فه‌س فه‌ردایي دارو
هه‌وای سازگار فه‌سل مه‌ینه‌ت وه‌خت
ماوه‌رو ده‌مده‌م شاده‌ی سه‌برو جه‌خت

ناکا : کوتووپر . ئامه‌وه : ئاماوه ، هاته‌وه . ئارو : ئه‌هینی . دارو : هه‌یه‌تی . ماوه‌رو : ئه‌هینی . شاده : شه‌هادەت ، شایه‌تی . سه‌بر : پژمه‌ی یه‌که‌م که مه‌شهووره نیشانه‌ی شه‌ره . جه‌خت : پژمه‌ی دووه‌م که نیشانه‌ی خیره . واته : وه‌ك چون فرمیسکی چاوم له ناکاوا ئه‌رژی ، هه‌روه‌ها کوتووپر بیستم ئازیز رویشت‌و هاته‌وه . رویشتنه‌که‌ی ئاوازه‌ی یه‌که‌م فووی روژی قیامه‌تی دا له گویم که هه‌موو که‌سیکی پی‌ئه‌مری ، هاتنه‌وه‌شی وه‌ك ئاوازه‌ی فووی

←

ئازیز یەقین عەکس وەش نامەکەی تۆن
سایەکەی صیفەت کەلامەکەی تۆن (٨)
نازوون وەی مەظهەر ، های های یە چێشەن
نەشئەی ئەو صیفەت ذاتیی تۆ پێشەن (٩)
جە نامای جواو ، جە بێوەفاییم
هەرچیت فەرماوان ڕاسەن ، بینایم (١٠)
ئەر وەفام مەبی پەی تۆ مەمەردم
خەیر مەبڕیابێ پەنجەی پای فەردم (١١)

دووەم بوو کە مردوو زیندوو ئەکاتەوە . هەوای ساردو سازگاری وەرزێ. مەینەت تاوتاو نیشانەی ناخوشی‌و خوشی پیشان ئەدا ، جاریك ئەمپژمینی ، یەك پژمەیش نیشانەی شەرە کە دوورکەوتنەوەی دوستە وەك ئەلین (سەبری مینا) جاریکی‌تریش ئەمپژمینی ، پژمەی دووهەمیش نیشانەی خیرە کە کەرانەوەی دوستە وەك ئەلین (کردی بە جەخت) . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (ئارو) نووسراوە (ئازو) واتە ئارەزوو ئەکا ، وە لە جیاتیی (دارو) نووسراوە (وازو) واتە ئەیەوی .

(٨) سایە : سیبەر . واتە : ئازیز ، بیگومان ئەم گورانی سروشتە کە، لە منا رووی‌داوە لە ئەنجامی هاتنی نامە خوشەکەی تووەیە ، وە سیبەری صیفەتی گونتاری تویە کە چون ئەگەر خوت حازر بی وەزعم ئەگوری ، بە نامە ناردنیش ئەتوانی وام لی بکەی .

(٩) نازوون : بنازم . مەظهەر : دەرکەوتن . یە : ئەمە . پیشەن : بیەتی . واتە : حەقمە بنازم بەم دەرکەوتنانەی بەرەکەتی تو .. ئەمە چ حالیکە رووی‌داوە لە من ، شنەی صیفەتە ذاتییەکانی توی پیوەیەو ئیستا من هەندی لەو صیفەتانەی توم تیا پەیدا بووە .

(١٠) ناما : نەهاتن . واتە : بینایي چاوم ، هەرچیت فەرموو لە بارەی، دەرام نەنووسینەوەی منو بێوەفاییمەوە هەمووی راستە .

(١١) مەمەردم : ئەمردم . مەبریابی : نەبرابوو . واتە : ئەگەر وەفام وایە ئەمردم بوت ، یان خو پەنجەی پیی شیعرم نەبرابوو تا چەند شیعریکت بۆ بنووسم . لە نوسخەیەکی‌ترا لە جیاتیی (مەبریابی) نووسراوە (مەمەریابی) واتە نەشکابوو .

ئازیزم نامه پێچ مدۆ چون مار
خامه‌ی چەم یەکێ ، ئەسرینان هەزار (١٢)
وێش دان نە سەرکەف کووپەی سیایي
پەی شەکوای عەرضەی دەرد جیایي (١٣)
وە خوا نە دووریت کۆتاییش ئاوەرد
نە گیان ئیختیار ماوای بەدەن کەرد (١٤)
بەڵام یادەکەت ناستەنش وێم پێم
وێم بەرکەرد ، نیشتەن وێش جە یاگەی وێم (١٥)
ئەجزای تەن یەکسەر جە شادمانی
نمەیۆش وە خاو صەد زیندەگانی (١٦)

---

(١٢) واتە : ئازیزەکەم ؛ کاغەز لە ئیشتیاقی هاتندا بو لات وەك مار پیچئەخوا ؛ قەلەمقامیشی چەمیش هەرچەند یەکیك بی . خو جوگەلەی فرمیسکی چاوم کە وەك قەلەم ریك بە رووما ئەرژیتە خوار ؛ هەزار قەلەمی لیپیکهاتووە .

(١٣) واتە : کووپەی خوینی جەرگیشم وەك شووشەی مەردکەبی ردش هەلچووەو گەیشتووەتە لیوار ؛ بو ئەودی عەرزوحالی شکاتی دووریتی پی بنووسری .

(١٤) واتە : نە دووریت دوایي هات ؛ وە نە گیانم لە لەشما ئوقردی ئەگرت ؛ ئەی ئیتر بوچی نامەت بو نەنووسم .. وەرامی ئەم پرسیارە لە شیعرەکانی پاشەوەدا روون ئەکاتەوە .

(١٥) واتە : ئەو هەموو هویانە هەبوون بو نامە نووسین . بەڵام یادت نەیهیشتبووم لای خوم وە دەری کردبووم لە لەشمو جیگەکەمی گرتبوەوە .

(١٦) نمەیو : نایەتە . خاو : خەو . واتە : بە هوی ئەوەوە کە یادی تو هاتە لەشمو جیگامی گرتەوە ؛ ئەندامەکانی لەشم لە خوشیاندا ژیانیشیان بیر ناکەویتەوە .

هەر جزوێم پەی وێش یەند سەرشار بی‌یەن
ئەی جزوم جەی جزو خەبەردار نی‌یەن (۱۷)
نە دڵ یاد ڕاز صەفحەی نامەشەن
نە سەرپەنجە هۆش گرتەی خامەشەن (۱۸)
یەند نە تۆی زەلکاو دەوات پر وەی
مدران منتظر وەڵگ ئاوەردەن نەی (۱۹)
نەی مدۆ صەدای دڵان پێ خەستە
وەڵگ مارۆشەوە بەستە وە بەستە (۲۰)
ئیسە یادتەن سزای خیطابەن
ئەر سزا وە ناز ، وەر وە عیتابەن (۲۱)

---

(۱۷) واتە : هەر ئەندامیکی لەشم ئەوەندە سەرخوش بووە هیچ کامیان ئاگای لەوی‌تریان نی‌یە .

(۱۸) راز : قسە . گرتە : گرتن . واتە : لەبەر سەرخوشی نە دل ئەوەی لە یادە قسە بنووسی لە سەر رووی قاقەز ، وە نە سەرپەنجەیشم هوش‌و فامی قەلەم گرتنی هەیە .

(۱۹) مدران : وەستاوە . وەلگ : گەلا . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پیکەوەدی .

(۲۰) مدو : ئەدا . ماروشەوە : ئەی‌هینیتەوە . واتە : قەلەمی قامیش ئەوەندە لە ناو زەلکاوی شووشەی مەرەکەبی پر لە مەیناتا ماوەتەوەو چاوەروانی‌ی نووسینی کردووە ، سەوز بووەو گەلای کردووە ، ئیستا قەلەمەکەم ئاوازەیەکی لیوەدیت صەد دل لە بیستنی نەخوش ئەکەویت ، گەلاکەشی بەستە بە بەستە ئەو ئاوازەی بو ئەسەنیتەوە .

(۲۱) سزا : شایان . واتە : مادەم گیانم لە لەشما نەماوەو یادی تو لەشی داگیر کردووم ، هەر یادەکەی خوت لایقی ئەوەیە قسەی لەگەل بکەی ، جا ئیتر قسەکەت لە رووی ناز‌ەوە بی یا لە رووی لومە کردنەوە .

نه نه ، سفته‌ی هیجر خاڵ ئاڵاتم
دۆزه‌خی‌ی دۆزه‌خ دووری‌ی باڵاتم (۲۲)
بویه‌ر جه مه‌نه‌یم شای نه‌و نه‌مامان
مه‌رده‌ن په‌ی گرۆی دۆزه‌خی نامان (۲۳)

ـ ۲ ـ (۱)

واده‌ی سفیدی شکۆفه‌ی پیرین
شکۆفه‌ی باخچه‌ی پیری دڵگیرین (۲)
شکۆفه‌ی باخچه‌ی پیری سفیده‌ن
سه‌رمایه‌ی میوه‌ی عیرفان هه‌ر ئێده‌ن (۳)

---

(۲۲) سفته : ســـووتاو . مه‌عنای ئـــه‌م شیعرەش له گـــه‌ل شیعری پاشـــه‌وه‌یدا دی .

(۲۳) مه‌نه‌یم : مانه‌ودم . مه‌وله‌وی لیره‌دا ده‌س له بیانووه‌که‌ی پیشـــه‌وه‌ی هه‌ڵئه‌گری‌و بیانوویه‌کی‌تر دینیته‌وه بو نامه نه‌نووسین وه ئه‌لی : ئازیزه‌کـــه‌م ، نه .. نه .. ئه‌م عوزرانه‌م که هینامنه‌وه پیویست نین چونکه من سووتاوی دووری‌ی خالی باڵا ره‌نگاوره‌نگه‌که‌ی تۆم‌و نیشته‌جی‌ی دوزه‌خی دووری‌ی باڵاتم ، ببووره لیم **کـــه ماوم‌و ئه‌ژیم ، مانه‌کـــه‌م لـــه‌به‌ر** ئه‌وه‌یه کـــه ئه‌هلی دوزه‌خ نامرن .

ـ ۲ ـ

(۱) مه‌وله‌وی ئه‌م قه‌سیده‌یه‌ی به بونه‌ی پیربوونی خوینه‌وه وتووه .

(۲) سفیدی : سپی‌یه‌تی . شکوفه : گوپکه‌ی دره‌خت که تازه پشکوتبی . واته : کاتی سپی‌بوونی موو گوپکه‌ی پشکووتووی داری پیری‌یه ، وه ئه‌و گوپگه پشکووتووه‌ی باخچه‌ی پیری مایه‌ی دلگیری‌و خه‌فه‌تباری‌یه .

(۳) واته : گوپکه‌ی پشکووتووی باخچه‌ی پیری که بریتی‌یه له مووه سپی‌یه‌کان ، وه هه‌ر ئه‌وه‌ش سه‌رمایه‌ی میوه‌ی تی‌گه‌یشتنه ؛ چونکه هه‌رکه‌س سه‌رو ریشی سپی ببی بیر له دواروژ ئه‌کاته‌وه‌و خوا ئه‌ناسی‌و خوی ئاماده ئه‌کا بو قه‌برو قیامه‌ت .

نه باخچه‌ی سونبوڵ تار مووی تاردا
سپی شکۆفه‌ی پیریم دیار دا (٤)
باقه‌ی زوێری‌و زاری‌و دڵگیریم
په‌ی په‌ی زیاد که‌رد په‌ژاره‌ی پیریم (٥)
ئاخر ڕۆژی وه‌هار نه‌وجوانیمه‌ن
ئه‌وه‌ڵڕۆژی پایز زینده‌گانیمه‌ن (٦)
هه‌ناسه‌م چون بای خه‌زان مه‌خێزۆ
په‌ی‌په‌ی به‌رگ شاخ شادیم مه‌ڕێزۆ (٧)
خه‌ده‌نگ بالأم چه‌مان که‌مان وه‌رد
ڕاست وه نیشانه‌ی فه‌نا ڕوو ئاوه‌رد (٨)
که‌م که‌م پیری خه‌م وه قامه‌ت مدۆ
ده‌مده‌م وه‌عده‌ی ڕۆژی قیامه‌ت مدۆ (٩)

---

(٤) سونبول : گول . تار(ی یه‌که‌م) : تال . تار(ی دووه‌م) : تاریك . واته : له باخه‌گولی تاله مووه ره‌شه‌کانما گوپکه‌ی پشکووتووی سپی دیاری‌ی دا که نیشانه‌ی پیریمه .

(٥) باقه : چه‌پك . واته : خه‌م‌و خه‌فه‌تی پیریم په‌ی‌ده‌رپه‌ی چه‌پکه‌ی عاجزی‌و خه‌فه‌تباریمی زیاد کرد .

(٦) واته : ئه‌مرو دواروژی به‌هاری جوانی‌و یه‌که‌م‌روژی پایزی ژیانمه .

(٧) مه‌خیزو : هه‌ڵئه‌سی . مه‌ریزو : دائه‌وه‌رینی . واته : هه‌ناسه‌م وه‌ك بای پایز دێت‌و په‌ی‌ده‌رپه‌ی گه‌لای لقی شادیم دائه‌وه‌رینی .

(٨) چه‌مان : چه‌میوه‌ته‌وه . واته : بالام که وه‌ك تیر راست بوو ، چه‌میوه‌ته‌وه‌و وه‌ك که‌وانی لی‌هاتووه‌و راست رووی کردووه‌ته نیشانی مردن . ئه‌وه‌ته که تیر ئاراسته‌ی نیشانیك ئه‌کری وه‌ك که‌وان دائه‌که‌وی‌و ئه‌دا له نیشانه‌که .

(٩) واته : پیری ورده ورده بالام ئه‌چه‌مینیته‌وه‌و په‌ی‌ده‌رپه‌ی وه‌عده‌ی قیامه‌تم ئه‌داتی .

پیری یەکسەر زۆر جە زانووم سەندەن
سەر وە گەردندا هەر وە زۆر مەندەن (١٠)
ساقی ، پام بەستەی زنجیر پیرین
دەسم دامانت وادەی دەس گیرین (١١)
چابوك بەو ڕەفتار بێدرەنگەوە
خەرامان بەو ناز بالای شەنگەوە (١٢)
جامت جەم ئاسا لەبڕێز کەر جە مەی
پێم نۆش کەر وە یاد بەزم ئارا کەی (١٣)
مەستی وە پیران جوانی مدۆ
هێز دووبارەی زرانی مدۆ (١٤)

---

(١٠) زانوو : ئەژنو .. واتە : پیری بە تەواوی هێزی لە ئەژنوم بڕیوەو هەر بە زور سەر ماوە بە ملمەوە .

(١١) بەستە : بەسراو . مەعنای ئەم شیعرەو سە شیعری پاشەودی پێکەوە دی .

(١٢) چابوك : چوستو چالاك . ڕەفتار : ڕویشتن . بێدرەنگ : بێ دواکەوتن . خەرامان : لەنجەولارەکەر .

(١٣) جەمئاسا : وەك جەمشید . ئەم وشەی (جەم)ە بو گەیاندنی هیچ مەعنایەك نەهێناوە جگە لە هاوجووتی لەگەل (جام) چونکە (جامی جەم) بەتاوبانگە ، هەرچەند مەعنای (جام) هەکەی ئێرەو (جام)ەکەی ئەوی جیان لە یەك . لەبڕیز : لە لیوارەکەی برژی . کەی : کەیخەسرەوی شای ئیران ، مەبەس گەورەگەورانە .

(١٤) زرانی : ئەژنو . واتــە : کاکەی مەیگیر پیم بــە زنجیری پیری بەسراوەتەوە ، دەخیلتم وەختی ئەوەیە بگەیتە فریام ، گورجوگول بەو بــە هەلەداوان بە لەنجەولار وەرە پیالەکەم بو پرکە لە شەرابو بە یادی کوری ئاهەنگی گەورەگەوران دەرخواردمی دە ، چونکە مەستی پیران جوان ئەکاتەوەو دووبارە هیز ئەداتەوە بەر ئەژنویان .

پێم‌دەر تا پەی‌پەی پێوە هەی کەروون
ڕای سەخت سارای مەحشەر طەی کەروون (١٥)
زرنگەی گۆش وێم پێم ماچۆ وە تاو
گاهێ خەبەردار ، گاهێ سەرحەساو (١٦)
من پەمەی غەفڵەت کەڕ کەردەن گۆشم
هیچ وە کەس نی‌یەن نە گۆش نە هۆشم (١٧)
نەی گوزەرگای تەنگ بازار چەپ‌گەرد
هەرکاتێ زانای ئەجەل سمکۆ کەرد (١٨)
مطرب بەو نەغمەی (شانازی)تەوە
یا بەو پەردەی پاك (حیجازی)تەوە (١٩)
بوڵەندکەر دڵسۆز صەدای دڵتەنگی
بەڵکم بێدار بوو جەی خاو سەنگی (٢٠)

---

(١٥) پیوە : بە دەمیەوە . هەی : هورە . واتــە : شەرابم بدەری تا پەی‌دەرپەی بە دەم خواردنەوەوە دەس‌کــەم بە هورەکردنو ریگای سەختی دەشتی مەحشەر ببرم .

(١٦) واتە : گویم ئەزرنگیتەوەو واتی‌ئەگەم ئەو زرنگانەوەیە بە دەنگی بەرز ئەقیرینی بەسەرماو جاریك پیم‌ئەلی (وریا بە) سبەی ئەمری‌و جاریکی‌تر پیم‌ئەلی کاتی (سەرژماردن)ی ئەو کردەوانەتە کە پیش خوت ئامادەت کردوون بو دواڕۆژت .

(١٧) پەمە : لوکە . واتە : بەڵام من پارچە لوکەی بی‌ئاگایی گوێی کەر کردووم ، وە نە گویم لە قسەی کەسەو نە هوشم لای کەسە .

(١٨) سمکو : سمکول ، پی بە زەویدا کوتان . واتە : لەم ری‌گوزەرە تەنگەی بازاری چەرخی کەچ‌ڕەفتارا هەر ئەوەندەت زانی ئەجەل پی‌ی‌کوتا بە زەوی‌داو هاتە سەرم .

(١٩) شانازی : نقامیکی کونە . حیجازی : نقامیکی کونی‌ترە . مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری پاشەوەی‌دا دیت .

(٢٠) واتە : کاکەی ئاهەنگ‌گێر لە سەر ئاوازی نقامی (شانازی) یان (حیجازی) دەنگ هەڵبرەو نقامیکی خەفەتبارمان بو بڵی بە جوری کە گر بەر بداتە دڵی ئینسان ، بەڵکو لەم خەوی قورسی بی‌ئاگایی‌یە بیدار ببمەوە .

های غەفڵەت تا کەی هامسەفەر وێەرد
بێدار بەر جە خاو کاروان وێەرد (٢١)

ـ ٣ ـ (١)

وەش ئامای هەی پەیك لای قەبیلەی لەیل
جەیب دڵ وە عەتر مەیل لەیلێ کەیل (٢)
وەختێ دووی دەردان مەوێەرد نە هەردان
جە کووڕەی ئایر دەرد بێدەردان (٣)
نامەی وێرانەی دڵان پێ ئاوا
جە ناکام یاوا ، بەڵام کام یاوا (٤)

---

(٢١) وێەرد : تێپەڕی . لەم شیعرەدا مەولەوی رووی قسە ئەکاتە خوێو ئەڵی : تا کەی وا بێئاگای ، هاوسەفەرەکانت هەموو مردن و بەسەرچوون .. لە خەو هەلسە درەنگە کاروان بەجێهێشتی .

ـ ٣ ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە وەرامی نامەیەکی شیخ تاج الدینی کوڕی حاجی شیخ عبدالرحمانی کوڕی شیخی سراج الدینا وتووە کە لە هەولێرەوە نووسیبووی بو مەولەوی کە لەو دەمەدا لە تەویلە بووە ، وەڵامی تەئیرو بەرەکەتی شیخی بهاالدینی مامی تیاکردبوو ، وە نووسیبووی ئەگەر بوم ڕێکەوی دیم بو زیارەتی تا لە نزیکەوە کەلکی لێوەرگرم .

(٢) پەیك : فروستادە . جەیب : بەروك . واتە : بەخێربێیت ئەی فروستادەی لای هوزی لەیلەوە هاتوو ، کە بەروکی دڵو دەروونت پڕە لە بونی خوشی خوشەویستیی یار .

(٣) دوو : دووکەڵ . مەوێەرد : تێئەپەڕی . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

(٤) یاوا (ی یەکەم) : گەیشت . یاوا (ی دووەم) : گەیشتن . واتە : کاتیك کە دووکەڵی دەردو مەینەت لە ئاگردانی هەرگیز دەرد لێدەرنەدراوەوە ـ کە دڵی دوستە خەفەتبارەکانە ـ بەرز بووبوەوە بو سەربەرزاییەکان ؛ نامەکەت کە مالی ویرانی دڵمان ئاوا ئەکاتەوە ، لە ناکاو گەیشتە دەستم ، بەڵام چون گەیشتنیك ؟

هەای وە فەرق دین زامداران تاج دای
شەریعەت مەیل لەیلێ ڕەواج دای (٥)
قات بی جە کەثرەت یاران هامدەم
گەرد کۆی دڵبەر خەبەر بەر پەی چەم (٦)
مەخموور کەر دەروون جە بادەی باقی
یانێ نەی جواو خاتیمەی ساقی (٧)
بەڵێ چون لەزەت تیر نازاران
تام نەدان ئەو دڵ بازیت شوماران (٨)
نازوون وەو غیرەت چ خاس پێت زانان
ماشەڵات وە حاڵ یاران پێ وانان (٩)

---

(٥) فەرق : تەوقەسەر . واتە : بەو نامەیەت تاجت نایە سەر تەوقەسەری دینی ئەوانەی گرفتاری زامی عەشقن ، وە ڕەواجت دا بە شەریعەتی خوشەویستی‌ی یار کە شیخی بهأ الدینە .

(٦) کەثرەت : زوری . واتە : کاکەی فروستادە خەبەر بدە بە چاو کە بە هوی کوبوونەوەی دوستانەوە بو گوی‌گرتن لە نامەکەی شیخ ، توزی بەردەرگای یار هەموو برایەوەو نەما تا چاو لە جیاتی‌ی کلە بەکاری‌بینی .

(٧) مەخموور : مەست . بادە : مەی . واتە : دلو دەروونت سەرخوش بکە بە پیالەی شەرابی نەبراوە کە ئەم وەرامەیە کە دواوەرامە لە منەوە بیبەی بو شیخ تاج‌الدین . جوملەی (خاتیمەی ساقی) ئیشارەتە بو ئەوە کاتی کە مەی‌گیر دواپیالەی هینا ئەوە وائەگەیەنی کە ئاهەنگ‌گیرەکان ئیتر بلاوەی لی‌بکەن‌و بگەڕینەوە بو شوینی خویان ، کەواتە ئەم جوملەیە ئیشارەتە بو ئەوە کە داوا لە فروستادەکە ئەکا زوو بگەڕیتەوە . وەرامەکەی مەولەوی ئەوەتە لە شیعرەکانی پاشەوەدا وتراوە .

(٨) بازی : گالتە . شماران : ژماردووە . واتە : لەمەوبەر لەبەرئەوە کە تامی تیری نازاران نەگەیشتبوە دلت ، ئیشی دلداریت بە گالتە ئەهاتە پیش‌چاو ، بەڵام ئیستا کە تووشی هاتی باوەڕت کرد .

(٩) ماشەلا : ماشاءالله ، وشەیەکە لە کاتی سەرسورمانا بەکار ئەهینری . واتە : بنازم بە غیرەتی یار بەرامبەر بەوە کە بە باشی پی‌ی‌زانیت‌و کاریکی لی‌کردی سەرت سور بمینی لە حالی دوستان .

هەوای کۆتایي نالەی وێت بی‌یەن
وە تیرێ هەنی ئاگاهیت نی‌یەن (١٠)
دڵ نالاڵن بی‌یەن نالاڵن پەی تیرەن
تیر سەرمایەی گیان ئالەم پیرەن (١١)
کۆتایي نی‌یەن دۆس وە نالەی دڵ
چون وەردۆ جە گیان دەس دڵەی خەجڵ (١٢)
نیشان ئەو بۆ دڵ نە جای خەدەنگ هوون
پەی وضوو حەوز حەوز بدۆ وە بیروون (١٣)
حەوزێ حەنەفی خاس پێش ڕەزا بۆ
نەك جەی شەرعەدا نمات قەزا بۆ (١٤)

---

(١٠) هەنی : ئیتر . واتە : بە هوی کورتی‌ی نالەی خوت‌و خونەگرتنتەوە بووە کە بە تەنیا تیری لە هوشی خوت چووی‌و ئاگات لە خوت نەماوە .

(١١) نالان(ی یەکەم) : نالەکەر . نالان(ی دووەم) : نالین . واتە : ئیستا کە هوشت هاتووەتەوە بە بەرتاو کەوتوویتە نالەنال ، بو تیر ئەنالینی لە دەستی ئەو دوستەوە کە سەرمایەی گیانی عالەمە کە پیرە .

(١٢) وەردو : بەردا . واتە : دوست هەرگیز دریغی ناکا لە نالەی دل‌و تیری پیوەئەنی ، هەر بەو مەرجە کە ئەو دلە شەرمەسارە دەس‌بەردار ببی لە گیانی خوی‌و لە خوی ببووری . کەواتە هەرکاتی تیری دوست کەم بی خەتای ئەو نی‌یە ، هی ئەوەیە دل بە راستی ئارەزووی تیر ناکا .

(١٣) بدو : بدا . بیروون : دەرەوە . واتە : نیشانەی ئەوە کە دلی عاشق دەس‌بەردار بووبی لە گیانی خوی ، ئەوەتە تیری دولبەر بـە جوریك کاری لی‌کردبی لە جیگەی تیرەکەوە ئەوەندە خوین هەلقولیبی بووبی بـە حەوزو عاشقەکە خوی دەس‌نویژی لی بگری .

(١٤) حەنەفی : ئەوانەی لە سەر پەیرەوی ئیمام (ابو حنیفه) ئەرون بە ریوە . نما : نویژ . واتە : ئەبی حەوزەکە ئەوەندە قوول بی حەنەفی‌یەکان پی‌ی رازی بن وە لایان وانەبی هەر دەس‌نویژیکی پی‌بگیری بەتالەو ئـەبی نویژەکە بە قەزا بگیریتەوە . شایانی باسە بە پی‌ی پەیرەوی ابو حنیفه دروست نی‌یە لە ئاوی وەستاوا دەس‌نویژ بگیری ئەگەر چالاوەکە دە گەز پان‌و دە گەز قوول نەبی بە گەزی قول .

چون تازەزامی هۆشت وبەردەن
وێت‌ئاسا خەیاڵ ئازیزت کەردەن (١٥)
ئەو جە کۆن ، دووری‌و نزیکی جە کۆن ؟
دووری‌و نزیکی وەصف من‌و تۆن (١٦)
مەنزڵش نی‌یەن ئەو قەوس ئەو خەدەنگ
کێ پەرساش یەکێ‌و صەدهەزار فەرسەنگ (١٧)
یەکێوەن هەروەخت نیشان ئامادەن
کێشاو بەرشی‌یەو ئەو نیشان‌دادەن (١٨)
ساقی زیادەی مەی زۆر ئاوەردەن
سڕ سەر بەردەن وەر نە سەر بەردەن (١٩)

---

(١٥) لیرەوە مەولەوی وەرامی ئەو قسەیەی شیخ تاج‌الدین ئەداتەوە کە وتبووی ئەگەر پیم‌بکری دیم بو زیارەتی مامم . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پیکەوەدی .

(١٦) واتە : تو لەبەرئەوە کە تازە دلداری‌و بەم زووانە بریندار کراوی‌و هوشت لا نەماوە ، خوت ئاسایی یادی مامت ئەکەیت ، ئەگینا ئەو لەکوی‌و دووری‌و نزیکی لەکوی ؟ بو پیاوی خوا دووری‌و نزیکی کەی هەیە ؟ دووری‌و نزیکی بو من‌و تویە ..

(١٧) فرسەنگ : فرسەق . واتە : ئەو تیرو کەوانی مەعنەوی‌ی ئازیزە ماواو مەنزلیکی تایبەتی‌ی نی‌یە ، هەرکەس پرسیاری لی‌کردی لە وەرامیا بلی فرسەقیك‌و صەدهەزار فرسەق بو ئەو وەك یەك وایە .

(١٨) کیشا : کیشانە دواوەی کەوان . بەرشی‌یە : دەرچوون . واتە : هەر ئەوەندە نیشان ئامادە کرابی بو لی‌دان ، ئەو کەوان راکیشان‌و تیر دەرچوون‌و نیشان پیکانی یەك شتەو لە یەك‌کاتا تەواو ئەبی .

(١٩) سڕ : هەست . لیرەوە مەولەوی بە عادەتەکەی خوی رووی قسە ئەکاتەوە ساقی .. مەعنای ئەم شیعرە لە گەل شیعری پاشەوەیدا دی .

تەنگە زەرفەنان هیلاکم مەکەر
ویسعەت مەشرەبی ، یا جام نیمپەڕ دەر (٢٠)

وادەی سەفەرەن ، های نەسیم ئامان
وە لای ئازیزا بویەر چوون جاران (٢)
تەقریر کەر ئەوەڵ بەو زوان حاڵ
سەلامو دوعای ئەو دوڕدانەی لاڵ (٣)
دووەم جە حاڵات پەشێوی‌ی حاڵم
جە شۆڕی‌ی بەختو وێرانی‌ی ماڵم (٤)
جە بێقەراری ، جە دەس دووری
جە بێئارامی ، جە ناسەبووری
جە سۆزەی شەرار نائیرەی هیجران
جە ناسۆڕی‌ی زام تیرەکەی موژگان (٥)

---

(٢٠) تەنگەزەرف : بی‌سەبر : ویسعەت مەشرەبی : دل‌فراوانی . واتە : کاکەی مەی‌گیر ئەم هەموو قسەیە کە کردم هی ئەوەبوو زوری‌ی شەرابەکەت عەقڵو هەستی نەهیشتووم ، هەرچەند هیشتا سەری نەبردووم‌و نەی‌کوشتووم . لەبەرئەوە سەبرو توانام نەماوە ئەزیەتم مەدە ، یا توزی دلم فراوان کە ، یا پیالەکەم تا نیوە بو تی‌کە تا بتوانم خوم راگرم .

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بو شیخ عەزیزی جانەوەرەیي برادەری نووسیوە .
(٢) ئازیز : مەبەس شیخ عەزیزە . بویەر : تی‌پەرە .
(٣) تەقریرکەر : عەرزکە . دوردانە : دانەی مرواری . لال : لەعل .
(٤) شۆری : شوومی .
(٥) شەرار : شەڕارە ، بلیسە . نائیرە : ئاگر . موژگان : برژانگ .

جه قرچه‌ی قاوه‌ی جه‌رگ جه‌فاکێش
جه وه‌لوه‌له‌ی ده‌رد ده‌روون پڕ ئێش (٦)
جه کزه‌ی هوو ناو نه چه‌م سه‌رکه‌رده‌م
جه سه‌نگینی‌ی بار قامه‌ت خه‌م‌وه‌رده‌م (٧)
جه بێ‌خاوی‌ی شه‌و ئه‌لوه‌دای سه‌حه‌ر
جه ناڵه‌ی ئه‌عزا ، جه سۆزه‌ی جگه‌ر (٨)
جه هاوار ته‌ن ، جه ئه‌لوه‌دای گیان
جه یاوای فه‌ڵه‌ك ناڵه‌ی (الامان) (٩)
یه‌ك یه‌ك به خضوور ئه‌و ڕۆح ڕه‌وان
عه‌رز که‌ر وه صه‌د شیرینی‌ی زوان
واچه یه‌ند زوخاو ده‌روونش وه‌رده‌ن
ئه‌سپاب مه‌رده‌ن ئاماده که‌رده‌ن (١٠)
به‌ڵ یاوۆ وه لام طه‌بیب ده‌ردم
مه‌رهه‌م دۆ نه ڕووی زامان سه‌ردم (١١)
جه‌و مه‌عجوون ئه‌جزای لوطف‌و مه‌یل وێش
ده‌وا دۆ په‌ی زام خه‌سته که‌ی دڵ ڕێش (١٢)

---

(٦) قاوه‌ی جه‌رگ : جه‌رگم که قرچه‌ی دی وه‌ك قاوه له کاتی برژاندنا .
وه‌لوه‌له : هاوارو فوغان .
(٧) چه‌م : چاو . سه‌نگینی : قورسی . خه‌م‌وه‌رده : چه‌میوه .
(٨) بی‌خاوی : بی‌خه‌وی . ئه‌لوه‌دا : مالاوایي ، مه‌به‌س هاوارو گریانه .
(٩) یاوای فه‌له‌ك : به ئاسمان گه‌یشتن .
(١٠) وه‌رده‌ن : خواردووه .
(١١) به‌ل : به‌لکو . یاوو : بگات . دو : بدات .
(١٢) مه‌عجوون : شیلراو ، مه‌لهه‌م .

وەهارەن ، سەیرەن ، سەوزەی دیاران
نم کەوت نە دیدەش چون شەوبێداران (٢)
پەی دڵەی مانیای دەروون مەلالان
سایە بەستەوە خەیمەی گوڵاڵان (٣)
بۆی یەخەی سەحەر پەی دەماخ دڵ
مانۆ وە نەسیم جێب جەمین گوڵ (٤)
چون دێوانەی شۆر ئازیز نە سەردا
شەتاو سەر هۆرگرت وە دەشتودەردا (٥)
تووڵانی چون هیجر خاتر پڕ دەردان
ڕەوان وێنەی وەصڵ گەردن بێ گەردان (٦)

ـ ٥ ـ

(١) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە سەرچاوەی زەلم وتووە کاتێک کە بەهار لە گەل هەندی دوستو برادەریا چووە بو ئەوی بو سەیران .

(٢) واتە : بەهارە ، وەختی تەماشایە ، سەوزەگیای دەشتو کیودکان ئاونگ نیشتووەتە سەرچاویان ، وەک پیاوانی خوا کە شەو ناخەونو بیر لە خوا ئەکەنەوەو فرمیسک لە چاویانا ئەدەرەوشیتەوە .

(٣) مانیا : ماندوو . واتە : خیوەتی گولالەکان سیبەریان کردووە بو دڵی ماندووی دل پر لە خەفەتەکان .

(٤) مانو : ئەشوبهی . جیب : سنگو بەرەک . واتە : بونی بەرەبەیان لە هەوای سنگو بەرەکی نازاران ئەچی لە خوشکردنی دەماخی دلدا .

(٥) شور : عەشق . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پیکەوەدی .

(٦) تووڵانی : دریژ . واتە : لافاوی بەهار سەری خوی هەڵگرتووە ریگای دەشتودەری گرتووەتە بەر وەک دلداریک کە عەشقی یار شێتی کردبی . وە دریژە وەک دووری‌ی یار لە دڵی عاشقی دەردەدارا ، وە سافو مەنگە وەک گەیشتن بە یاری گەردن بێ‌گەرد .

های جه شنۆی وەش ڕۆخ ئەفزای کاوان
ئای جه شاخەی تاف ساف سەراوان (٧)
نەك چون تاف چەم پڕ ئەسرین چەرخ
(بارك الله) چەرخ ، هەی ئافەرین چەرخ (٨)
چەنی جه هەستیی وێت تەواسایيت
چەنی جۆش عەشق مەجنوون ئاسایيت (٩)
بدیه چۆن هۆردان وه نامو نەنگدا
بێپەروا مدۆ وێش وه ڕووی سەنگدا (١٠)
های ساقی هەلای سەرمایەی خامی
نمەدۆم وه دەس ڕای نێکنامی (١١)
باوەرە وەش وەش سا دەی هەی پەی کەی
تاف قەلوەزەی ساف شیشەی مەی (١٢)

(٧) وەش : خوش . شاخه : هاره . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پیکەوەدی .
(٨) چەرخ : پیشان چەمی زەلم پیشیان وتووه چەرخ .
(٩) هەستی : بوون . تەواسایي : بیزاربوون . واته : ماشەللا له شنەی خوشی به گیان دەری سەرشاخەکانو له هارەی تافی سافو رەوانی ئاوەکان که له بەرزەوه دینەخوار ، بەلام نەك وەك هارەی تافی چەمی پر له فرمیسکی زەلم که هیچ چەمیکی پیا ناگاتەوه . ئەنجا رووئەکاتە زەلمو پێئەلی : ماشەللات لی بی هەی چەمی زەلم وه له بیزار بوونت له وجوودی خوتو له جوشی عەشقی مەجنوون ئاسایيت .
(١٠) هوردان : هەلیداوه . مدو : ئەدا . واته : سەیریکه چون عەیبەی ناوەته لاوەو له ناوو ناتوره ناترسیو بیپەروا خوی ئەدا بەو تاشو بەردانەدا .
(١١) هەلای : هیشتا . نیکنامی : ناوبانگباشی . مەعنای ئەم شیعره له گەل هی دوو شیعرەکەی پاشەوەیدا دی .
(١٢) باوەرە : بینه . قەلوەزه : قەلبەز ، تافگه .

هەوجش بنچینەم بدۆ وە هەمدا
هەستیم دۆ وە بەرد هەرد عەدەمدا (١٣)

ـ ٦ ـ (١)

وەفای چەرخ چەپ ، ڕاس بێتانوپۆن
جەفا بێ پایان ، دەردسەر بێشۆن (٢)
بەدی نێکی‌یەن ، نێکی بەدنامی
فاما شێتی‌یەن ، شێتی پڕفامی (٣)
سارای هیدایەت تاریك موینوون
ڕای نەجات یەکجار باریك موینوون (٤)
نالەم نەی‌ئاسا ئالەم گرت نە وەر
شیشەی مەی پەمەت نە گۆش بەراوەر (٥)

---

(١٣) دو : بدا . مەولەوی لیرەوە بە عادەتەکەی خوی هاوار ئەباتەوە بەر مەی‌گیرو پی‌ی‌ئەلی هیشتا سەرمایەی تی‌نەگەیشتنو بی‌سەلیقەیی نامداتە دەستی ریگای ناوبانگباشی ، کەواتە توخوت بوکەی هەلگرتووە زووکە لە تانگەی سافی شووشەی مەیەوە تافی مەی بەردەرەوە ، با شەپۆلی بنچینەی بوونم تیکومەکان بداو بمدا بە تاشو بەردی شاخی نەبوونیدا .

ـ ٦ ـ

(١) مەولەوی لەم قەسیدەیەدا گلەیی لە وەزعی زەمانە ئەکا .

(٢) بی‌شو : لەرادەبەدەر . واتە : وەفای گەردوون چەپەو ، راست تانوپوی نی‌یەو ، نارەحەتی دوایی نایەتو ، دەردی‌سەر لە ئەندازە بەدەرە .

(٣) بەدی : خراپە . نیکی : چاکە . فاما : تی‌گەیشتن .

(٤) سارا : صحراء ، دەشت . ئەم شیعرە لە قەسیدەیەکی‌تریشا هەبوو .

(٥) پەمە : لوکە . مەعنای ئەم شیعردو شیعری پاشەودی پیکەوە دی .

جه تۆ قەهقەهه ، جه پیالّه مەی
جه ساقی ها دەی ، جه ئێمه با بەی (٦)
مەڵلاّ جه کەثرەت لەوحش بۆ ساده
مەنسووخ نەزانۆ حەلاّڵی‌ی باده (٧)
زاهید مایەی هۆش هیچ نەمانۆ پێش
پەشێو بۆ تەقواش چون مێزەرەی وێش (٨)
من نەوون وه تەنگ نەفامی‌یەوه
وێم بدەون وه دەس بەدنامی‌یەوه (٩)
دێوانان ئاسا بجۆشوونەوه
بەڵاگەل چون مەی بنۆشوونەوه (١٠)

---

(٦) قەهقەهه : قاقای پیکەنین ، مەبەس مرقەی دەمی شووشەیه کاتیك کە شەرابی لی دائەکری . با بەی : بابیت . واته : نالەم وەك شمشال عالەمی گرتووەته بەر ، کەواته تو بوچی گویت لی نی‌یه ئەی شووشەی مەی تا بە فریام بگەی . دەسا لوکه له گویت دەرکەو برژیره ناو پیاله با گویم له قاقای دارژانەکەت بی‌و پیالەش پر ببی لیت‌و مەی‌گیر پیم‌بلی فەرموو بگرەو منیش لێم با بیت .

(٧) کەثردت : زوری . مەنسووخ : ئەو ئایەتەی که حوکمەکەی هەلوەشابیتەوه . واته : با ببی به قەردبالفیکی‌وا لەبەر زوری‌ی خەلکەکه مەلا هیچی لەبەر نەمینی‌و زانەزانی ئایەتی حەلالی‌ی مەی هەلوەشاوەتەوه . له سەردتای ئیسلاما مەی خواردنەوه حەرام نەبوه .

(٨) تەقوا : له خوا ترسان . واته : لەخواترسەکانیش تی‌گەیشتنیان نەمینی‌و له خوا نەترسانەکەیان وەك میزەرەکەی سەریان تیکچی .

(٩) نەوون : نەبم . بدەون : بدەم . واته : خویشم به تەنگی نەفامی‌یەوه نەمینم‌و خوم بدەمه دەستی بەدناوی .

(١٠) بجوشوونەوه : بیمه جوش . واته : وەك دیوانەکان بیمه جوش‌و وەك مەی دەردو بەلا نوش بکەم .

شەرارەی مەستیی مەی بەرشۆم نە دڵ
وەو چراخەوە یاوون وە مەنزڵ (١١)

ـ ٧ ـ [1]

وێش نمەوینۆ ، ئازیز ، خەمینت
دیارەن لێڵەن جام جەمینت (٢)
تاڵەن کام دڵ مەینەت گازە کەت
تام دووریشەن ڕێزەی ڕازە کەت (٣)
بەدبەختیی منەن وە یانەم هەرەس
ئازێزێ چون تۆ نمەگنۆم وە دەس (٤)
وەرنە شەم هەزار پەروانە دارۆ
ئەر یۆشا کەم بۆ پەروا نەدارۆ (٥)

---

(١١) چراخ : چرا . واتە : بلیسەی مەستی لە دلەوە بەرز بیتەوەو لەبەر ڕووناکیی ئەو چرایە لە دەشتی تاریکی ژیانما ری دەرکەم‌و بگەمە جی .

ـ ٧ ـ

(١) مەولەوی ئەم پارچە هەلبەستەی لە دیی (تەویلە) وتووە لە کاتیکا کە شیخ لە سەر سەفەر بووەو ئەمیش ویستوویەتی چاوی پی بکەوی‌و مالاوایی لی بکاو بگەڕیتەوە ، بەلام بوی ڕی‌نەکەوتووە .

(٢) نمەوینو : نابینی . واتە : ئازیز دوستە خەفەتبارەکەت خوی نابینی لە ناوچاوتا . مەبەسی ئەوەیە ئاوینەی تەویلی بە هوی نیازی سەنەرەوە لیل‌و توزاوی بووە .

(٣)واتە : دەمی دلی دوستە مەینەت گازلی‌گرتووەکەت تالەو ؛ وردە شەکری قسە خوشەکانت تامی دوورکەوتنەوە ئەدا .

(٤) نمەگنو : ناکەویتە . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

(٥) شەم : شەمع ، موم . یوشا : یەکیکیان . واتە : هەردس بە مالم ؛ نەگبەتیی منە وا ئازیزیکی وەك توم دەسگیر نابی تاویك لای دانیشم ؛ ئەگینا وەك شەمع هەزار پەروانەی بە دەورایە وە ئەگەر یەکیکیان دیار نەبی ئەو باکی نییە ؛ تویش ئەگەر منت لانەبی هیچ مەبەستت نییە تو زەرەر ناکەی من زەرەر ئەکەم .

ساقی ، دەس چەرخ هەر ها نە کاردا
تای تانتەی دووریش بەستەن وە داردا (٦)
سەروەخت هەستی جە دەس وەردامەن
تەدارەك خەیر ئارۆو فەردامەن (٧)
تەمامەن بەرات قەبضو حەواڵەم
دێرەن کەرەم کەر بدەر پیاڵەم (٨)
تا هیممەت وازوو وە یەك پەیمانە
خاڵی بۆ چێمەیچ گۆشەی مەیخانە (٩)

— ٨ —

وەهارەن ، سەوزەن ، ئاوەن ، سەرکاوەن
هاژەی وەفراوەن ، شاخەی شەتاوەن (١)

---

(٦) تانتە : تان . مەولەوی لیرەدا بە ئوسوولەکەی خوی رووی قسە ئەکاتە مەی‌گیرو پی‌ی‌ئەلی دەستی جولای گەردوون هەر لە کارایەو تالی تانی بەستووەتە دارو ئەیەوی پوکەی لی‌داو پارچەی دووریم بو دروست کا .

(٧) واتە : وەختی لە دەست‌دانی بوونمەو خوم ئامادە کردووە بو رویشتنی یەگجاری‌و لە ئەمروو سبەی‌دام .

(٨) بەرات : ئەو خەلاتەی گەورەگەوران ئەی‌بەخشن بە دەست‌و پیوەندی خویان . قەبض : وەرگرتن . دیر : درەنگ . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پیکەوەدی .

(٩) وازوو : بخوازم . پەیمانە : پیوانە . چیمەیچ : لە ئیمەیش . واتە : بەراتی خوم بە تەواوی دەسگیر بووە بە راستەوخوو بە حەواڵە بو سەر سەرکار ، وە هەر تەنیا پیاڵەی شەرابی مەرگم ماوە، دەرنگە ئەویشم بدەری با بە نوش‌کردنی داوای هیممەت‌و بەرەکەتتان لی بکەم‌و بروم‌و گوشەی مەیخانەی جیهان منیشی تیا نەمینی .

— ٨ —

(١) سەرکاو : شاخ . لە نوسخەیەکی‌ترا کە ٣٠ ـ ٤٠ سال لەمەوبەر خوم نووسیومەتەوە ئەم شیعرە بەم جورەیە :

ماچان وەهارەن سەوزەن سەحراو کو
گولشەنەن ، گولەن ، بولبولەن ، گول‌رو

گول‌رو : گول‌روان . بە پی‌ی ئەم نوسخەیە ئەبی ئەم قەسیدەیە لە (تیپی‌میم) دا بی .

ساقی‌یەن ، بادەن ، نەسیمەن ، بادەن
بوڵبوڵ جە دەورەی گوڵان ئازادەن (٢)
بەزمەن ، شادی‌یەن ، عەیشەن ، نیشاطەن
کەیفەن ، شۆخی‌یەن ، شەوقەن ، حەیاتەن (٣)
سەنگەن ، کۆسارەن ، سەرکووەن ، هەردەن
خەمەن ، مەینەتەن ، زوخاوەن ، دەردەن
هیجرەن ، دووری‌یەن ، عیجزەن ، فیراقەن
واوەیلاو شینەن ، نالەی عشاقەن
سەبزەن ، سۆسەنەن ، نەورۆز گوڵانەن
کەمەرەن ، هەردەن ، ملەن ، کەڵانەن (٤)
صەرعی‌یەن ، شەیدان ، نەجدەن ، مەجنوونەن
مەزاقەن ، جامەن ، پیالەی هوونەن (٥)

---

(٢) بادە : مەی . باد : با . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (دەوردی) دووسراوە (دووری‌ی) .

(٣) شوخی : گالتە . نوسخە باس‌کراوەکەی خوم لەمەوپاشی هیچ تیانی‌یە .

(٤) کەلان : کەلەکیوی‌یەکان .

(٥) صەرعی : فی‌دار . نەجد : شوینەکەی مەجنوونو لەیلا . ئەم هەسیدەیە دیارە ناتەواوە ، بەلام ناتەواوی‌یەکەیمان دەس‌نەکەوت . تەنها لەو نوسخەیەی خوما کە باسم‌کرد لە سەری دوادیریا نووسراوە (هەرکەس)و ناواو نەکراوە . دیارە ئەو نوسخەیەش کە من لەبەریم نووسیودتەوە شیواو وەو بویە شیعرەکەم تەواو پی‌نەنووسراوەتەوە . ئەبی ئەو (هەرکەس)ە ئەوە یون بکاتەوە کە هەرکەس بگری لە گەل یاری خوی لە خوشی‌و رابواردنایە من بی کە گیرودە بووم‌و .. تاد .

وەهارەن ، تەشریف خاڵخاسان پەی هەرد
کەم کەم جوانیش ئاوەرد ، پیریش بەرد (١)
جەمجەم سۆسەنان جە تاق تەوق وەردان
سەردان نە هەردان پەرێ هامفەردان (٢)
وە ڕووی زاخانداا چنوور لوول وەردەن
پەی پای گیان تۆڕدام ئامادە کەردەن (٣)
بەڕەزا بەو چین توغرای تاتاوە
شەماڵ مشانۆش ، یانی : وەیلاوە (٤)
نەرگس وە مەسمەس مدیۆ کێن ئەو کەس
گۆشەی چاك دڵ وەرنەدۆ جە دەس (٥)

(١) واتە : فەسلی بەهارە ، تەشریف بردنی جوانچاکەکان بو سەرشاخەکان بو سەیران کەمکەم دەشتودەری جوان کردەوەو پیری‌ی لابرد . مەبەس لە پیری سیپەتی‌ی سەرشاخەکانە لە زستانا .

(٢) تەوق : ئەلقە . واتە : کومەڵکومەل گولە سوسەن ئەلقەیان داوە لە تاقو مەغارەکاناو لە سەرشاخەکانا سەریان دەرهیناوە بو دیتنی ئاولەکانیان کە یان گولی‌ترن ، یان کچە جوانەکانن کە ئەچن بو کەژ .

(٣) واتە : چنوور بە زەردوماکانەوە لوولی خواردووەو داوی ناوەتەوە بو ئەوەی بئالی لە پی‌ی گیانو گیرودەی ئەو دیمەنە جوانانەی بکا .

(٤) بەرەزا : گیایەکی کویستانی‌یە بە تاشو بەردەوە ئەروی . واتە : بەرەزا کە ئەلی‌ی زولفی تالتالی یارە چین لە سەر چین نیشتووەتە سەر یەك ، شەماڵ ئەی‌لەرینیتەوە وەك بلی‌ی بە خەڵك بلی نزیکم مەکەون چونکە من لە زولفی یار ئەچمو کەس شایانی ئەوە نی‌یە سەیرم بکا .

(٥) مدیو : ئەروانی . چاك : داوین . واتە : نەرگس بە چاوی مەستەوە ئەروانی ، جا کی‌بی ئەوەی لە خوشی‌یانا سەرخوش نەبی‌و داوینی دلی خوی لە دەست بەرنەدا ؟

مەعدوومی ، غەفڵەت تا چەندو پەی چی
گۆشدەر وە ناڵەی سەحەرێی نەیچی (٦)

وەش ئامای وە خەیر هەی بەرگوزیدە
بۆ نە جای مەردوم جا گر نە دیدە (٢)
خەیلێن بینایي جە دیدەم ڕەمان
بەڵ صولحشا بۆ بینایيو چەمان (٣)

---

(٦) سەحەری : نقامیکی تایبەتیيە بە شمشال لێئەدەن . واتە : مەولەوی تاکەی لە خەوی بێئاگایي خەبەرت نابیتەوەو نازانی ئەم بەهارە خوشە هاتووە ، گوێ بگرە بو شمشاڵژەن کە بە شمشالەکەی ئاوازی سەحەریت بو لێئەداو ئەلی ..

ئەم قەسیدەیەش دیارە تەواو نییە ، پاشماوەکەشی کە بریتییە لە وتراوێ شمشاڵژەنەکە پارچەی ژمارە (٢٠)ە کە بە هەڵە لە (تیپی دال)دا بلاوکراوەتەوە . هوێ ئەم هەڵەیەش ئەوەبوو لەوکاتەدا کە تیپی دالمان ئامادە کرد هەموو ئەو نوسخانەی لامان بوون هەردوو پارچەکەیان بە جیا تیا نووسرابوەوە ، ئیمەیش هەستمان ئەکرد پارچەکە ناتەواوە ، بەڵام لە خومانەوە نەماننەتوانی پارچەیەکیتری بخەینە سەر ، تا لەم دوایيیەدا لە نوسخەیەکیترا دیمان هەردوو پارچەکە پیکەوە نووسراونەتەوەو ئەوەی تیپی دال لە ئاخری ئەم پارچەوەیە .

(١) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە بەخیرهاتنی دوستیکیا وتووە ، وادیارە لە سەردەمی کویریشیا وتوویە .

(٢) بەرگوزیدە : هەڵبژاردە . مەردوم : بیبیلەی چاو . واتە : خوش هاتیو بەخیر هاتی هەی دوستی هەڵبژاردەم ، وەرە لە جیاتیی بیبیلەی چاوم لە ناوچاوما دانیشە .

(٣) ڕەمان : ڕایکردووە . واتە : دەمیکە چاوم نابینی ، تو وەرە ناوچاوم و بە بە بینایي ، بەڵکو چاوم و بینایي ئاشت ببنەوەو بە تو ببینی .

ساقی ، ترس دەرد دووری‌ی جەمێ گوڵ
وەصڵم جێ کەردەن وە ژار قاتڵ (٤)
هەرکاتێت زانا فەڵەك کەڵەك بەست
دامنەکەی وەصڵم بەرداوە جە دەست (٥)
سا دەی وە جامێ دڵم بکەر شاد
بەڵکو بویاروو بەزمێ وە ئازاد (٦)
جە دەس بێگانان یاوون ڕەهایي
مەس بوون وە شنۆی مەی ئاشنایي (٧)

وەی من دیارەن پەنجەی تارمەن
سەروەخت هامن نەووەهارمەن (٢)

---

(٤) واتە : کاکەی مەی‌گیر ترسی دوورکەوتنەوەی ئەم دوستە جوانە تازەهاتووەم بەیەك‌گەیشتنەکەمانی لی‌کردووم بە زەهری کوشندە .

(٥) واتە : هەرئەوەندەت زانی گەردوون پیلانیکی بو نامەوەو داوینەی وەصلی لە دەس سەندم .

(٦) بویاروو : رابویرم . واتە : کەواتە وەرە بە پیالەیەك شەراب دلم شادکە بەلکو ماوەیەك بە ئازادی بەزم بگیرم‌و رابویرم .

(٧) ڕەهایي : رزگاری . واتە : رزگار ببم لە دەست بیگانەو بە شنەی شەرابی ئاشنایي دوست مەست ببم .

(١) مەولەوی لەم پارچە شیعرەدا سەرزەنشتی خوی ئەکا لە سەر بی‌ئاگایي لە نزیك بوونەوەی ڕوژی مەرگ‌و نەبوونی کردەوەی باش .

(٢) پەنجەی تار : سال بە حیسابی نوێبوونەوەی مانگ دوانزە مانگە ، ەە لەبەرئەوە کە مانگیك ٣٠ ڕوژو مانگیك ٢٩ ڕوژە ، سالی قەمەری ئەکاتە

صوبحم نه تۆی شەو مەخەنۆ وە کەردەم
وە کەردەکەی بەد عومر وێەردەم (٣)
پۆس کووس گۆش نم کێشان کەم کەم
ئەمسەرەو سەرەن دووربینەکەی چەم (٤)
خەم بیم یانێ های پێم مدۆ خەبەر :
نە دەرگای هەستی تەشریف بەر ئەو بەر (٥)

---

٣٥٤ روژ ، بەلام بە حیسابی هەلهاتنی روژ لە کەناری ئاسمانەوە لە یەکەم روژی بەهارا تا گەیشتنەوەی بە شوینەکەی بەهاری رابوردووی ٣٦٤ روژو چارەکە روژیکە . ئەم چارەکە روژە بە چوار سال ئەبی بە یەک روژ وە ئەو سالە پی‌ی‌ئەلین سالی کەبیسە وە ٣٦٥ روژ ئەبی . جا لەبەرئەوە کە ئەم ژمارەیە پینج روژی لە ژمارەی دائیرەی فەلەکی زیاترە کە ٣٦٠ دەرەجەیە ، ئەو پینج روژە زیادەیان لە حیسابی سالا بەجی‌هیشتووە . ئەم پینج روژە لە کوردی‌دا مەشهوورە بە (پینج روژەی تار) وە هەرچەند ئەتوانری لە هەر هەشیکی سالا دابنری ، عادەت‌وایە لە پاش ناوەراستی بەهارا دای‌ئەنین . هامن : هاوین . واتە : وادیارە ئەم چەند روژەی عومرم کە ماوە وەک پینجەی تار وایەو لە سەر هیچ حیساب نی‌یە ، کەچی هیشتا من ئەم هاوینی ژیانمە هە دەمی بەهار ئەزانم و لام‌وانی‌یە مەرگم نزیک بووەتەوە .

(٣) مەخەنو : پی‌ئەکەنی . واتە : بەرەبەیانم لە ناو تاریکایی شەوا بە نردەی بەدی عومری بەسەرچووم پی‌ئەکەنی . مەولەوی لەم شیعرەدا داینا‌وە نە تاریکایی شەو بریتی‌یە لە بەدکرداری‌ی خوی ، وە کە روونا‌کی لە ئاسووە یاری ئەدا ئەوە گەردوونە پی‌ی پی‌ئەکەنی .

(٤) پوس : پیست . کووس : تەپل . واتە : پیستی تەپلی گویم شی‌ی هەلهیناوەو هەرچی بیکوتن دەنگی لیوە نایەت . چاویشم وەک دووربینی مسەرو ئەوسەر گیراو شتی نزیک دوور ئەخاتەوە .

(٥) خەم : چەمیوە . واتە : پشتم کوماوەتەوە ؛ ئەمەش مەعنای ئەوەیە بەبەرم ئەداتی دانەوم‌و لە دەرگای بچکولەی بوونەوە دەرچم بو جیهانی بوونی .

جه حەد بەرشی‌یەن هەر یەند نزاریم
نەمەندەن تاقەت ڕای پەردەداریم (٦)

ـ ١٢ ـ [1]

وەختەن پیاڵەی دڵەی پڕ جە دەرد
پڕ کەی جە بادەی هەوای گەردنزەرد (٢)
چەنی گەرمی‌ی نەزم بەزم پڕ شادی
بویاری وە ڕەغم ئەی دنیای بادی (٣)
دایم صەدای ناز سەودای گۆشت بۆ
صەد چون مەعدوومی فەرامۆشت بۆ (٤)

---

(٦) نزاری : لەری‌و لاوازی . واتە : ماوەی ژیانم هەموو لە خزمەت پاشای ئارەزووبازیدا بردە سەر ، ئیستا ئەوەندە پیرو لەرولاواز بووم توانای پیش‌خزمەتیم نەماوە لە دیوەخانی پاشای ئارەزوو پەرستیدا . ئەمە ئیشارەتە بو ئەوە کە ئادەمزاد پیر بوو وە بە تەواوی لی‌کەوت خزمەتی ئارەزووی نەفسی پی‌ناکری ، نەك لەبەر پاکی‌و چاکی‌ی خوی ، بەڵکو لەبەر پەك‌کەوتن‌و هیز تیا نەمانی .

ـ ١٢ ـ

(١) مەوڵەوی لەم پارچە شیعرەیا گلەیي لە دوستیك ئەکا کە نیشانەی کەوتنە خوشی‌و بی‌وەفایي بەرامبەر بەم لیوە دیاری‌دابوو .

(٢) واتە : ئەوەندەی نەماوە بکەویتە خوشی‌و پیالەی دلە پر لە دەردەکەت پرکەی لە شەرابی خوشەویستی‌ی یاری گەردن زەرد .

(٣) بویاری : رابویری . بادی : براوە . واتە : لەگەل جوشی ئاوازەی بەزمی پر لە خوشی رابویری بە کویرایي چاوی ئەم دنیا براوەیە .

(٤) واتە : هەمیشە صەدای ناز بیستن ئاشنا بی بەگویت‌و صەدی وەك منت لە یاد بچی .

ـ ١٣ ـ (١)

وەی من پەی صەفای یاران هامدەم
ئای پەی ئەو سەیران ماردم‌و کەڵڕەم (٢)
یاران گردین شین وە تووناى تووندا
هەر خەیاڵ مەندەن نە تۆی دەروندا (٣)

ـ ١٤ ـ (١)

وەخت چەم نە چەم شێوەت دیار بی
جە لام فەصڵ وەصڵ بەزم ئەغیار بی (٢)
ئیسە لێلاێي گرتەن دوو دیدە
خەڵوەتەن ، سا بۆ ئەی بەرگوزیدە (٣)

---

(١) مەولەوی لەم دوو شیعرەدا هەناسە بو رابوردوو هەڵئەکیشی .
(٢) واتە : ئاخ بو رابواردنەکەی جارانمان لە گەل دوست‌و برادەران ، وە ئاخ بو سەیران‌کردنەکانمان کە ئەچووین بو راوەکەڵو تفەنگی ماردممان پی‌بوو .
(٣) واتە : دوستان هەموو تووناوتوون کەوتن‌و مردن ، ئیستا هەر یادیان ماوە لە دلمانا . هینانی وشەی توون ئیشارەتی تیایە بو ئەوە کە ئەچوون بو راوکردن بو (تووني بابا) کە نزیکە لە تاوەگوزی‌ی نشینگەی مەولەوی‌یەوە .

(١) مەولەوی ئەم دوو شیعرەی لە سەردەمی کویریدا بو شیخی بهاءالدین نووسیوە .
(٢) واتە : کاتیك کە چاوم هەبوو شیوەت لە ناوچاوما دەرئەکەوت ، لەبەرئەوە خوشی‌ی کاتی بە توگەیشتن و بیگانە بوو کە شیوەتە ، چونکە لە جیاتی‌ی ئەوەی من بتبینم وینەکەت کە لە ناوچاوما بوو ئەی‌بینیت ، وە ئەکەوتە نیوانمان‌و نەی‌ئەهیشت هەردوکمان بە تەنها رابویرین .
(٣) واتە : بەڵام ئیستا لیلاییم داهاتووەو شیوەت ناچیتە ناوچاوم تا ببی بە کوسپ لە نیوانمانا ، فرسەتە تاوبك وەرە لام پیکەوە دانیشین .

— ١٥ —

وەسەن ئەی مەخسەڵ دەور دیدەی مەست
ئەی ئاماو لوا صەد قەزا پێشەن (١)
ئارەزووت دڵ بی ئەوەڵ جارت بەرد
هەنی گیانەکەم مەتڵەبت چێشەن (٢)

(١) مەخسەل : روشن‌کردنەوە . واتە : با بەس بی ئەم جوان‌کردنەی دەوری چاوی مەست ، ئەم هات‌وچوتە بەم دیمەنە هەزار بەلای بە دەمەوەیە بو دوستان .

(٢) واتە : ئەگەر مەبەست وەرگرتنی دلە خو هەر یەکەم جار بردت ، ئیتر چیت ئەوی لیم ، وازم لی بینە .


تیپی ڈھیٔ

— ١ —

هامدەردان ئێشێ ٠٠ هامدەردان ئێشێ
پێمەوەن ئێشێ ، چ تەرزە ئێشێ (١)
ئێشێ پێچ چون ئێش وە ماران ڕێشێ
ئێشێ پڕ نێشێ ، ڕیشەی گیان کێشێ (٢)
چ ڕێشێ ، ئەژەر مەودای خەدەنگێ
ڕەهای شەصت تیر ، شەنگێ ، قەشەنگێ (٣)
ڕەعنا غەزالێ ، بالا شمشاڵێ
صاحیب کەماڵێ ، گەرد دڵ ماڵێ (٤)
لەیل ئاسا نازێ ، شیرین جەماڵێ
مەجنوون نیازێ ، فەرهاد ئەحوالێ (٥)
پەروانە سازش ، شەمسا سۆزشێ
گوڵئەندام نازش ، بەهرام شۆرشێ (٦)

— ١ —

(١) واتە : هەی‌هاوار هاودەردەکانم ئێشیکم پیوەیە ، بەڵام چون ئێشی !

(٢) پێچ : نارەحەت . واتە : ئێشیکی نارەحەتم پیوەیە وەك ئێشی ماران‌گەستە ، زوڕم ئازار ئەداو ریشەی گیانم دەرئەکێشی ..

(٣) مەودا : تیژی . ڕەها : بەربوو . شەصت : کەوان . لێرەوە مەولەوی دەس‌ئەکا بە باس‌کردنی سروشتی ئەو یارەی کە سەرچاوەی ئێش‌و ئازاریەتی ، ئەڵی : بڕینەکەم ئەنجامی تیژی‌ی نووکە تیریکە لە کەوانی یاریکی شوخ‌و شەنگ‌و قەشەنگەوە دەرچووە .

(٤) ڕەعنا : بی‌موبالات . واتە : وەك ئاسکی بی‌موبالات وایەو بالای بەرزە وەك شمشاڵ‌و بەویل‌و کەماڵەو گەردی دڵ گرتك ئەدا .

(٥) واتە : یاریکە وەك لەیل ناز ئەکاو وەك شیرین جوانەو نیازی دوستانەیە وەك نیازی مەجنوون‌و حاڵی بو دیتنی دوست وەك حاڵی فەرهاد وایە .

(٦) واتە : وەك پەروانە ئەساچینی‌و وەك موم ئەسووتی‌و نازارە وەك گوڵەندام‌و بەسوزە وەك بارام . بارام‌و گوڵەندام دوست‌و یاریك بوون چیرۆکی خوشەویستی‌یان لە ئەدەبی کونی کورددا بەناوبانگەو بە شیعر هونراوەتەوە .

خورشید ئەطواریێ ، نیلوفەرِ زەوقیێ
عەزرا عوزاریێ ، وامیقی شەوقیێ (٧)
پەری پەیکەریێ ، پای دڵ پەی کەریێ
خەمدەر ، خەمبەریێ ، دڵدەر ، دڵبەریێ (٨)
عەرەقچین نە تۆی سورمەدا غەرقیێ
وە فەرق فەرقیێ با زەوقو یەرقیێ (٩)
سەر وە دەسمالّیێ ، گەردن پڕ خالّیێ
دەس بازنە لالّیێ ، پا وە خڕخالّیێ (١٠)
پێشانی ماهیێ ، ئاهوو نیگاهیێ
گێسوو سیاهیێ ، دڵ مەنزڵگاهیێ (١١)
ڕوخسارو زوڵف صوبحو ڕەواحیێ
دیدەوو نیگا پیاڵەو ڕاحیێ (١٢)

---

(٧) خورشید : خور . ئەطوار : ڕەوشت . نیلوفەر : گولیکە وەك لاولاو ئەپیچری بە دارا . عوزار : زولف . واتە : وەك خور وایە هەر ڕوژی لە لایەکەوە سەر دەردینی وە وەك نیلوفەر خوی پەیوەند ئەکا بە هەموو کەسیکەوە ، وە زولفی وەك زولفی عەزرا جوانەو وەك وامیق بە سوزە . عەزراو وامیقیش دوستو دلداریکی مەشهوورن .

(٨) واتە : وەك پەیکەری پەری جوانەو پێی دل ئەبرێتەوەو خەم ئەدا بە دلی ئینسانو خەمی لا ناهیلیو دلی ئەداتیو دلی ئەفرینی . .

(٩) عەرەقچین : کلاو . فەرق : سەر . واتە : کلاوەکەی هەموو داپوشراوە بە سورمەو لەبەر زوریی لیرەو تاکەقرانیو شیلانو موورەو بە سەریەوە تیشك ئەداتەوە .

(١٠) واتە : مشکیو هەوریی بە سەرەوەیەو گەردنی پرە لە خالو بازنەی لەعلی لە دەسایەو پاوانەی کردووەتە پی .

(١١) پیشانی : ناوچاو . گیسوو : زولف . واتە : ناوچاوی ڕوشنە وەك مانگو وەك ئاسك لائەکاتەوەو زولفەکانی ڕەشنو دلی دوستانی کردووە بە جیگای خوی .

(١٢) ڕەواح : ئیوارە . ڕاح : مەی . واتە : یاریکە ڕوخساری وەك بەیانی ڕوشنەو زولفی وەك شەو تاریکەو چاوی وەك پیالەی مەی وایەو لاکردنەوەی وەك شەراب ئینسان مەست ئەکا .

ئەبرۆ موژگانێ ، تیرو کەوانی
صەد پەری نیشان پەرێ نیشانێ (١٣)
نەشئەدەر دەمێ ، بەزم ئارای جەمێ
عەنبەر پەرچەمێ ، پەرچەم وە خەمێ (١٤)
شەکەر زوبانێ ، غونچە دەهانێ
لوولوو ددانێ ، لەب لەعل کانێ (١٥)
پەنجە خامەیێ ، دلآن نامەیێ
ڕەقەم ڕەویەی سەیر ، عەشق عەلامەیێ (١٦)
طینەت نەظیفێ ، زینەت ظەریفێ
خەڵقی لەطیفێ ، خوڵقی شەریفێ (١٧)
میهری بەهارێ ، قەهری خەریفێ
بەشیر ڕەدیفێ ، نەذیر حەریفێ (١٨)

---

(١٣) واتە : برژانگو بروی وەك تیروکەوان وانو صەد جوانی وەك پەری ئەبن بە نیشانەی تیری .

(١٤) دەم : هەناسە . پەرچەم : زولف . خەم : لوول خواردوو . واتە : عەناسەی نەشە ئەدا بە مروڤو کوری دوستان ئەرازینیتەوەو زولفی وەك عەنبەر بونخوشەو لوولی خواردووە .

(١٥) دەهان : دەم . لوولوو : لوءلوء ، مرواری . لەب : لیو . واتە : زمانی شیرینەو دەمی وەك خونچە وایەو دانی ئەلی مرواریـیەو لیوی وەك ئاقیقی کان وایە .

(١٦) خامە : قەلەم . ڕەقەم : نووسین . واتە : پەنجەی وەك قەلەم وایەو دڵی دوستان کاغەزە لی ئەنووسیو نووسینەکەی لە بابەتی دلداری دا وەك ئەو نیشانانە وایە کە ئوسوول بوو لە ریگادا دائەچەقینران بو ری ون نەکردن .

(١٧) طینەت : ئەو گلەی لی دروستکراوە . خەلق : شیوە . خولق : ڕەوشت . واتە : لە خاکیکی پاك دروستکراوەو جوانی یەکی باشی هەیەو شیوەی ناسکەو ڕەوشتی بەرزە .

(١٨) میهر : مەیل . واتە : مەیلی کورتە وەك بەهارو قینی دریژە وەك پایزو وەك مژدەدەر وایە کەچی بە کردەوە ئینسان ئەترسینی .

شاهین کرداریّ ، تەڕلان تەواریّ
ژەرەژ ڕەفتاریّ ، تووتی گوفتاریّ (١٩)
شابازیّ ، شازیّ ، شاهان مومتازیّ
شاهیدیّ ، شۆڕیّ ، شۆڕڕو شەڕ سازیّ (٢٠)
پەنهانی گەنجیّ ، عەیانی ڕەنجیّ
صەد عیشوە سەنجیّ ، پڕ لارەو لەنجیّ (٢١)
ئاشنا بۆییّ ، بێگانە خۆییّ
بەهانە جۆییّ ، بەها نە جۆییّ (٢٢)
نزیکی ڕاییّ ، نووری صەفاییّ
دەیجووری وەحشیّ ، دووری جەفاییّ (٢٣)
سەروی تەزەرۆیّ ، گوڵی بوڵبوڵیّ
خوتەن وەتەنیّ ، لە سایە سڵیّ (٢٤)

---

(١٩) کردار : کردەوە ، ڕەوشت . تەرلان : چالاك . تەوار : بازی میچکە . ژەرەژ : کەو . واتە : لە ڕاوکردنی دوستا وەك شاهین چابوکەو وەك بازی میچکەی چالاك وایە هەمیشە لە نیچیر کردنی دلدارانایەو وەك کەو ئەروا بە ڕیداو وەك تووتی قسەی خوشە .

(٢٠) شاز : نایاب . شاهید : دلبەر . واتە : شابازیکی نایابە : هەلبژاردەی شاهانەو دلبەریکی پرشورەو بە جوانیی خوی ئاژاوە ئەنیتەوە لە ناو خەلکا .

(٢١) عەیان : ئاشکرا . سەنج : ریکخەر . واتە : خیروبیری پەنهانەو سزای ئاشکرایەو صەدجور عیشوەو ناز ریکئەخاو هەموو گیانی لاردو لەنجەیە .

(٢٢) بەها : نرخ . واتە : بونی ئاشنای لیدیو بیگانە لای وەك خویی وایەو بە دوای بیانوودا ئەگەریو بە مال رازی نابی لە دوست .

(٢٣) دەیجوور : تاریك . وەحش : تەنهایی . واتە : ریگای لای نزیکە کەچی دووری لیی مایەی نارەحەتیی‌یە ، وە ڕابواردن لە گەلیا مایەی ڕووناکیی دلەو تەریکەوتن لیی هوی دلتاریکیی‌یە .

(٢٤) تەزەرو : جورە کوتریکە . خوتەن : ناوچەیەکە لە تورکمانستان بە ئاسکی جوان ناوبانگی دەرکردووە . واتە : وەك کوتری تەزەرو وایە بە سەر داری سەروەوە لە بولبولی دەوری گول ئەچیو ئەلیی ئاسکی خوتەنەو لە سیبەری خوی سل ئەکاتەوەو دائەچلەکی .

شیرینێ ، تەڵخێ ، خوشکێ ، پڕ نمێ
غوڕەیێ ، سەلخێ ، سروورێ ، خەمێ (٢٥)
حۆری سروشتێ ، قەصری بەهەشتێ
زوڵف زەننارێ ، دەیری کەنشتێ (٢٦)
خەیاڵ پەشێوێ ، عاقلاڵن شێوێ
شێوە باگردچێو ، پاك جە گردچێوێ (٢٧)
هەر ئێشێ جە نێش تیر ئەوکەسەن
نە جای نەشئەی نۆش (نشأتین) وەسەن (٢٨)
سەردا وە هەمدا تانوپۆی جەرگم
نمانا مەحشەر غەرغەرەی مەرگم (٢٩)

---

(٢٥) تەلخ : تال . خوشك : وشك . غورە : سەرەتا . سەلخ : ئاخر . واتە : شیرینە لە کاتی پێگەیشتنیاو تالە لە کاتی دووریداو وشکە لە کاتی گوێنەدانیا بە دوستو نمدارە لە کاتی قسەکردنیا . دیتنی سەرەتای مانگی شادیێەو دووریێشی ئاخری ژینەو مایەی خوشیو ناخوشیێە .

(٢٦) زەننار : پشتینیکی رەشە گاورەکان ئەیبەستن . واتە : رەوشتی وەك حوری وایەو جیگاکەی لە بەهەشت ئەچیو زولفی رەشو دریژی وەك زەننار وایە لای دلدارانو مەسکەنەکەی وەك کەنشتەی عیسایی پیروزە لایان .

(٢٧) گردچیو : هەموشتی . واتە : خەیالی پەشیوە تاویك مەیلی هەیەو تاویك بیمەیلەو عاشقان تیكئەداو بە دیمەن لە هەموشتیك ئەچیو لە راستیشدا لە هیچ ناچی . مەبەست لەوەیە ئەتوانری بە دیمەن بە هەر شتیکی جوان بشوبهینری ، بەڵام لە راستیدا هیچی پێناگات .

(٢٨) نشأتین : هەردوو پەیدابوونەکە ، مەبەس لە هەردوو دنیایە . واتە : هەر ئیشیك هی نووکی تیژی تیری ئەو دوستە بی لە جیاتیی خواردنەوەی شەرابی هەردوو دنیا بەسە .

(٢٩) نمانا : دەرکەوت . مەحشەر : روژی قیامەت ، مەبەس مەینەتە . غەرغەرە : کاتی گیان دەرچوون . واتە : لە تاو ئیشی تیری ئەو دوستە تانوپوی جەرگم تیکچووەو مەینەتی کاتی گیان دەرچوونم دیاریی داوە .

بازدێم وەی زامەت ، وەی ئەندامەوە
بەڵ بەیان وە شۆن باز بێزامەوە (٣٠)

ـ ٢ ـ [1]

هانا ها ویەرد ٠٠ هانا ها ویەرد
خاڵۆکەم زمسان هانا ها ویەرد (٢)
وەهار هەوای (بەرد) جە سەرزەمین بەرد
تۆمەی گوڵاڵان وە چێو بەراوەرد (٣)
سۆزەی با وە خەت نەونیهالان دا
صەڵای بەڵای هاڵ دڵمەلالان دا (٤)

---

(٣٠) بازدیم : لیم‌گەرین . بەیان : بین . شون : نیشانە . بیزامەوە : بمدوزنەوە . واتە : لیم‌گەرین با بەم دەردو برینانەمەوە بتلیمەوە تا دوستان دینو بە دلوپە خوینەکانم ری‌بەدیي ئەکەنو ئەمدوزنەوە .

ـ ٢ ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە سنەوە بو شیخ یوسفی نوسمەیي نووسیوە .

(٢) هانا : هاوار . ویەرد : بەسەرچوو . زمسان : زستان .

(٣) بەرد (ی یەکەم) : سەرما . تومە : توو . چیو : چیلکە ، مەبەس ساقی گولە . واتە : بەهار هەوای ساردی لە سەرزەوی نەهیشتو تووی گولی لە ژیرخاکا پی‌گەیاندو کردی بە ساقو هینایەدەر . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (وە چیو بەراوەرد) نووسراوە (وە جوی وەرد ئاوەرد) واتە تووی گولەکانی هینایە ناو ئەو جوگایانەی کە بو گول دروستکراون .

(٤) سوزە : شنە . نەونیهال : نەونەمام . هال : حال . واتە : سوزەی بای شەمال دای بە گەلای نەمامەکاناو هاوارو بانگەوازی ناخوش حالی‌ی بە عاشقە خەمبارەکان بەرزکردەوە ، چونکە ئینسانی دلدار کە تەماشای گولو گیاو شنەی با بکا خەفەت لە دلیا زیاد ئەبی .

صوب شنۆی نەسیم دەس جە وێ وەردا
بۆی وەرکەمەر شەند وە وەرکەمەردا (٥)
چون دوو نە ڕووی دڵ پەرێ خاوێران
تەم جەم بی نە ڕووی ئاوان تاوێران (٦)
صەفای سەیران‌گای ساراو سەرهەردان
منالۆ پەی بەزم جەرگەی هام‌فەردان (٧)
نەك چون فەضای کەیف بەرگ‌سیاوان
سمکۆی سەر زاخڕ نە پای وەفراوان (٨)
من خۆ دوور جە تۆ چون مەردە مەردە
هەر هام نە خەیاڵ ساڵ وێەردە (٩)

---

(٥) وی : خوی . وەرکەمەر (ی یەکەم) : گیایەکی بون‌خوشە لە کویستانەکانا بە لاتاشەکانەوە ئەروی . شەند : وەشاندی . وەرکەمەر (ی دووەم) : پیشەوەی بەردو تاشەکان . واتە : بای بەیانی دەستی لە خوی بەرداو بونی گیای وەرکەمەری بلاو کردەوە بە رووی تاش‌و بەرکەمەرەکانا .

(٦) خاویر : خەوالوو . تاش‌و بەرد . واتە : وەك دووکەڵی رووی دلی یارە خەوالووەکان تەم کوبووەوە بە رووی ئاوو تاشە بەردەکانەوە .

(٧) منالو : ئەنالینی . مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دواییدا دی .

(٨) فەضا : مەیدان . بەرگ‌سیاوان : بەرگ‌رەشەکان ، مەبەس بزنەکوێیە . سمکو : سمکول ، پی بە زەویدا کوتان . زاخر : شوینیکە کە وردە بەردی هەبی . واتە : خوشی‌و رابواردنی سەیرانگاکانی دەشت‌و شاخ ئەنالینی بو ئاهەنگی کوری دوستان کە لێی‌براوە ، بەڵام ناگاتە رابواردنی مەیدانی کەیف‌کردنی بزنەکان کە لوقە ئەکەن بە سەر زیخی داوینی شاخەکانا کە بەفراوی تواوەی بە ناوا ئەروا ، چونکە ئەو هەر زور پەشیوە کە یادی دوستان ئەکاتەوە کە ئەهاتن بو راو .

(٩) مەردە : مردوو . مەعنای ئەم شیعرەش لەگەڵ شیعری دواییدا دی .

ئەساسەی نەچیر ماوەردم پەرێت
وێت تەیار مەکەرد ، چون کێ ، هەر چون وێت (١٠)
مەوینای ڕەزن مادەنیی کانی
مانی وە صەنعەت سەلیقەی (مانی) (١١)
صوب نە جاسووسگەی ملان سەرهەردان
چون سۆمای خورشید شۆڵە کەرد هەرزان (١٢)
مشانای وە پێڵ لوولەی دوور مەنزڵ
مووسەویی سەرتەڵ کارخانەی مووسڵ (١٣)

---

(١٠) ئەساسە : ئەسباب . تەیار : ئامادە . واتە : منیش دوور لە تو وەك کەسیك مردووی مردبی هەر یادی پار ئەکەمەود کە ئەسبابی ڕاوکردنم بو ئەهینایو تویش خوت ئامادە ئەکرد وەك خوت . مەولەوی لێردا ئەیەوی شیخ یوسف بشوبهینی بە کەسیکی ناوبانگ دەرکردوو لە ڕاوچیەتیدا . بەڵام بریار ئەدا کە کەس نییە پێی بشوبهینی ، لەبەرئەوە هەر ئەی شوبهینی بە خوی ، وە بەمە بەڵاغەتیکی جوان پیشان ئەدا . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (هەر) نووسراوە (مەر) واتە مەگەر .

(١١) مەوینای : ئەتبەست . ڕەزن : ئەسبابی چەك . مادەنی : جورە تفەنگیکە . کانی : لە کارخانە دەرچوو . مانی (ی یەکەم) : ئەشوبهای . مانی (ی دووەم) : وینەگریکی بەناوبانگ بووە . واتە : پیویستیی یەکانی تفەنگی کارخانەت ئەبەستە پشتتو ئەوەندە جوان بووی پییەود ئەتوت نیگاریکی مانی کیشاویتی .

(١٢) سوما : تروسکەی ڕووناکی . شولە : شوعلە ، تیشك . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پیکەوەدی .

(١٣) مشانای : ئەتخستە . پیل : قول . مووسەوی : مووساخانی ، جورە تفەنگیکە . سەرتەل : نایاب . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (پیل) نووسراوە (دوش) بە مەعنا کول .

خارای خانان تاق قوڵ لوول وەردە
چون نیگای دڵبەر هەزارە کەردە (١٤)
دروستیو هەڵمەت قەزاو خەیاڵتەور
نااڵەو نارو دوود ڕەعدو بەرقو هەور (١٥)
وەش دەماخ دڵ شاد بەو شکڵو شێوە
پێوە وەو جەستەی صەد سەودا پێوە (١٦)
خاوخاو پەی نەچیر چەم وە نیگاوە
تەكمەداین وە لای کۆی ئاتەشگاوە (١٧)
من ماتو بێدەنگ بێصەداو نااڵە
یەکێ بیم چون سەنگ قوڵەی قەزاڵە (١٨)

---

(١٤) خارا : جورە ئاسنیکی باشە تفەنگی لی دروست کراوە . هەزارەکەردە : هەزار پیکاو . واتە : بەیانیان هەر کە تیشکی ڕۆژ ڕووناکیی بلاو ئەکردەوە تو لەو شوینانەوە کە خوتت تیا مات ئەدا لە ملەو سەرهەردەکانا تفەنگی نایابی مووساخانیت ئەکردە شان کە لە کارخانەی مووسل دروست ئەکراو ، گوللەی تا ماوەیەکی دوور ئەڕوێشتو ، لە ئاسنی باش دروست کرابوو ، وە پشتەکەی خانخان نەخشی لی دروستکرابوو ، وە خانەکانی هیلالی بوون ، وە لوولەکەی قوولو لوولخواردوو بوو تا ئەگەیشتە کونەکەی تەسكتر ئەبوەوە ؛ وە وەك لاکردنەوەی یار چون هەزار دلدار ئەکوژی ئەویش هەزار نیچیری بە جاری ئەخست .

(١٥) دروستی : دەسڕاسی . واتە : دەسڕاسیت وەك تیری قەزاوقەدەڕو ، هەڵەتت وەك خەیاڵ گورج بوو ، نالەو ئاگری تفەنگەکەشت وەك نالەو تیشکی بڕووسکەو ، دووکەڵەکەی وەك هەور وابوو .

(١٦) پێوە (ی یەکەم) : بەیەکەوە . مەعنای ئەم شیعرە بەسڕاوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

(١٧) تەكمەداین : پاڵمانئەدا . ئاتەشگا : شاخیکە لە نزیکی پاوە . واتە : بە دلیکی شادو دەماخیکی خوشەوە ، تو بەو دیمەنە جوانەو من بەم لەشی گرفتاری هەزار دەردەمەوە پیکەوە وردە وردە ئەمانڕوانی بو بەدیکردنی نەچیرو تەکمان ئەدا بە لای شاخی ئاتەشگاوە .

(١٨) واتە : من هیچ دەنگم لینەئەهات وەك یەکیك بم لە بەردەکانی قولەی شاخی قەزاڵە کە ئەکەوێتە پشت خانەگای لای پاوەوە .

تۆ کەڵگەل ، گەڵگەل وە چەم مەکەردی
پارێز وە پای ڕێز ئەستەم مەبەردی (١٩)
مەگرتی شنۆی هەناسەت بێدەنگ
دووهاچەی چەتاڵ مەنیای نە ڕووی سەنگ (٢٠)
مشتگرتەو دیاو ئیشارەی ماشەك
تەقیاو پێکیاو کلاڤەی کەڵ یەك (٢١)
هەرلا هۆش مدای گۆش وە صەداوە
هەر سەنگێ پەی وێش دەنگێ مداوە (٢٢)
بازرە پڕتاو ، کۆ چون تل مەوەرد
هەر بەرد بی نەو هەرد مەهەڕد وێنەی گەرد (٢٣)

---

(١٩) ریز : وردە بەرد . واتە : تویش کومەڵکومەڵ کەلەکیویت ئەکردە چاوو بە ئاستەم پیتئەنایە سەر وردە بەردەکان تا خشەی لیوە نەیەت نەوەك کەلەکان هەست بکەنو دەرچن .

(٢٠) چەتال : ئەو پارچە ئاسنەیە کە بە ژیر هەندی تفەنگەوە هەیەو دوو پیچکەی پیوەیە ئەیانکەنەوەو لەسەر بەرد دایانئەنین بو ئەوە کە تفەنگەکە لە کاتی تەقاندنا بە دەستی کابرای تفەنگ تەقینەوە نەلەرزی ، دووهاچەکەشی ئەو دوو پیچکەیەیە . واتە : دەمی خوت ئەگرتو نەتئەهیشت هەناسەت دەرچی ، وە دوو پیچکەی چەتالی تفەنگەکەت لە سەر بەردەکە دائەناو ئامادە ئەبووی بو تەقەکردن .

(٢١) گرتە : گرتنەوە . دیا : روانین . ماشە : زامنەی تفەنگ . تەقیا : تەقینەوە . کلافە : لوولخواردن . واتە : مشتگرتنەوەتو روانینتو دەسبردنت بو زامنەی تفەنگو تەقینیو پیکرانی کەلەکەو تلبوونەوەی ؛ هەموو لە یەك کاتا تەواو ئەبوو .

(٢٢) مدای : بتدایە . واتە : سرنجت بدایەتە هەر لایەك گویت لیئەبوو هەر بەردی بو خوی دەنگی ئەدایەوە هی تەقەی تفەنگەکە .

(٢٣) بازرە : ئەو حەیوانەی بە شوینی خویا بگەریتەوە . کو : کومەلە بەرد . مەهەرد : ئەهارا . واتە : حەیوانی لە ترسی تەقە گەراوە دوا بە تاو رایئەکرد ، کە کومەلە بەردیش تلئەبوەوە بەردی ئەو شاخانە ئەهاراو ئەبوو بە توز .

دمای ئێد دڵ کەرد جە نەچیر حاشا
هەر سات مەکەردم نەوعێ تماشا (٢٤)
لەرزەی صەدتەرزەی سەوزەی دیاران
خەندەی شکۆفەی نەمامان داران (٢٥)
شنیای هەڵاڵان وە کۆە نووردا
پەخش بی چینچین وە ڕووی چنووردا (٢٦)
شادیو وەشیو عەیش چەمو خەم جەم بی
چێوێ جە لامان کەم بی هەر خەم بی (٢٧)
ئیسە وە ئەڵماس دووری دڵ کاوام
مەلال بەدحاڵ (ئەردەڵان) ماوام (٢٨)

---

(٢٤) واتە : پاش ئەوەی کە دل بیزار ئەبوو لە ڕاوکردن هەرتاوی بـە جوری تەماشام ئەکرد .

(٢٥) خەندە : پیکەنین . واتە : سەیری لەڕەی صەد جورەی سەوزایی شاخەکانم ئەکردو بو پیکەنینی گوپکەی نەمامەکانم ئەروانی . مەبەس لـە پیکەنینی گوپکەی دارەکان پشکووتووییانە .

(٢٦) کوە نوور : شاخی نوور ، شاخیکە لای پاوە بویە وا ناونراوە چونکە (پیر خدری شاهو) لەوی خەریکی خواپەرستی بووە . واتە : شنەی گوڵاڵەکانی شاخی نوور چینچین بڵاو بووبووەوە بە سەر چنووری شاخەکەدا . لە هەندی نوسخەدا نیوەی دووهەمی ئەم شیعرە بەمجورە نووسراوە :

پەخشان وە پای سەنگ وە ڕووی چنووردا

واتە : بە داوینی بەردەکانو بە سەر چنووردا بڵاو بووبووەوە .

(٢٧) چەمو خەم : چەمینەوەو لاربوونەوە ، مەبەس هەڵپەرکیو سەمایە . چیوی : شتیك . واتە : شادیو خوشیو ڕابواردنو هەڵپەرکی کوبووبوونەوە ، تەنها شتیکمان کەمبوو کە خەفەتە .

(٢٨) کاوام : قەڵەشاندم . ئەردەڵان : ناوی خیزانیکی بەناوبانگە لە سنە کە ساڵەها حوکمی کردووە لە زور لای کوردستانی ئێرانا ، لێرەدا مەبەست لێی شاری سنەیە کە پایتەختی حوکمی ئەو خیزانە بووە . واتە : بەڵام ئێستا بە ئەڵماسی دووری شووشەی دڵمم لەتکردووەو خەفەتبارمو حاڵم ناخوشـەو لـە سـنەم .

تۆ مەست بادەی دەردئەفگەن مەیل
من حەیران دەس نیگای بالای لەیل (٢٩)
نە ئەو سەیرانەو نە تۆ دیاری
سا بۆ بمانەو زام نەبۆ کاری (٣٠)

ـ ٣ ـ [1]

های شەماڵ چەند جار ڕا طەی کەردەنی
چەند تەشریف وە لای یاران بەردەنی (٢)
نە ئەمجارەی من چون ئەوجارانەن
نە ئازیز وێنەی ئیفتەر یارانەن (٣)
دەی سا شۆ بویەر نەو صوب سەحەردا
چون دووی هەناسەم وە (ئاوێدەر)دا (٤)

---

(٢٩) دەردئەفگەن : دەرد لابەر . واتە : تو بە شەرابی دەرد لابەری خوشەویستیی یار مەست بووی ، منیش حەیرانی دەستی تەماشاکردنی بالای لەیلم .

(٣٠) بمانە : بمینە . واتە : ئیستا نە ئەو سەیرانەی جاران هەیەو نە تویش دیاری ، سا وەرە بمینەو دەردت کاری نەبی ..

ـ ٣ ـ

(١) مەولەوی لە (بانە) فەقی ئەبی ، ئەبیسی کە شیخ عەزیزی جانەوەرەیی برادەری کە ئەویش لە مزگەوتی دارالاحسان ئەخوینی لە سنە ، ئاولەی دەرکردووە . بەو بونەیەوە ئەم پارچە هەلبەستەی بو ئەنیری .

(٢) مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پیکەوەدی .

(٣) ئیفتەر : ئەوانیتر . واتە : ئەی شەمال تو زورجار ریگات بریوەو چووی بو لای یاران ، بەلام نە ئەمجارەی من وەکو جارەکانیتر وایە ، وە نە شیخ عەزیزی برادەریشم وەك دوستانیتر وایە . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (ئیفتەر) نووسراوە (دیگەر) کە هەر یانی (تر) .

(٤) شو : برو . ئاویدەر : کیویکە لە جەنووبی ڕوژاوای سنەوە . واتە : دەسا برو بەیانی وەك تەمی هەناسەم بە سەر شاخی ئاویدەردا تیپەرە .

ساتێ تامڵ کەر ، بدیە درەنگێ
ئانا موینی ئاسمان ڕەنگێ (٥)
بووڵ کەردەن وە سەر هەر هەفت تارمدا
خصووص وە سەر بەخت چەرخ چارمدا (٦)
بورجش یەند بەرزەن (سعد اکبر)ەن
جە گردین بورجان شەرەفناك تەرەن (٧)
ستارەی تاڵەی مەینەت گازە کەم
خورشیدە کەی ئەوج بورج نازە کەم (٨)

---

(٥) تامل : چاوەروانی . بدیە : بروانە . موینی : ئەبینی . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(٦) بوول : خولەکەوە . تارم : قات ، مەبەس لە ئاسمانەکانە . چەرخ : ئاسمان . واتە : تاوی چاوەروانی بکەو کەمیك بروانە کوشکیکی وەك ئاسمان بەرز ، یا وەك ئاسمان شین ، ئەبینی ، ئەوەندە بەرزە خولەکەوەی کردووە بە سەر هەر حەوت ئاسمانەکەدا بویە وا ئاسمان شین ئەکاتەوە ، وە بە تایبەتی بە سەر بەختی ئاسمانی چوارەما کە بە پێی واتەی ریازیێە کونەکان ڕوژ بەوەوە بەندە . مەبەسی لەوەیە ئەو کەسەی لەم کوشکەدایە لە ڕوژی ئاسمانی چوارەم جوانترە .

(٧) بورج : قەلا ، وە بە ئیستیلاحی ریازیێەکان بەشیکە لە دوانزە بەشی دائیرەی فەلەك ، وە هەر بورجی سە بەشەو هەر بەشیکی دەرەجەیەکە . سعد اکبر : گەورەترین بەختیاری ، وە بە ئیستیلاحی ریازیێەکان بە ئەستیرەی موشتەری ئەلین . واتە : ئەو بالەخانەیە قەلایەکی تیایە گەورەترین بەختیاریێ پیوەیەو لە هەموو قەلایەك بەشەرەفترە چونکە ئازیزی تیایە .

(٨) هەسارە : ئەستیرە . ئەوج : لای ژوورەوە ، وە لای ریازیێەکان بریتیێە لە بەیەك گەیشتنی سەطحی سەرووی فەلەکی هەلگری ڕوژ بە سەطحی سەرووی فەلەکی هاوینەی فەلەکی هەشتەم کە پێیئەلین فەلەکی ممثل . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (هەسارە) نووسراوە (ستارە) . مەعنای ئەم شیعرە لەگەل شیعری دواییدا دی .

هما نه گۆشەی ئەوج خانەی شەرەفدا
نوور ئەفشانیشەن وە هەر تەرەفدا (٩)
طلووع‌و غرووب صوب ئێوارانەن
مەعاش‌و سەبات دەردەدارانەن (١٠)

---

(٩) خانەی شەرەف : شوینی گەورەیی ، وە لای ریازی‌یەکان دەرەجەی نوزدەهەمی بورجی حەمەلە . بە پێی قسەی ئەو ریازی‌یانە هەرکاتی رۆژ بگاتە دەرەجەی نوزدەهەمی بورجی حەمەل ، وە لە بەرابەری ئەستێرەی موشتەری‌یەوە بی‌و لە نوختەی ئەوجی فەلەکیشا بی وە بەم جورە هەل‌بیت ، ئەوکاتە بە پیرۆزترین کاتیکی هەلهاتنی رۆژ دائەنری . نوور ئەفشانی : بلاوکردنەوەی رووناکی . واتە : ئەستێرەی بەختە مەینەت گازلی‌گرتووەکەم‌و رۆژی سەربانی قەلای نازم کە بریتی‌یە لە شێخ عەزیز لە سووچی لای ژوورووی ئەو بالەخانە پر شەرافەتمەندی‌یەدا رووناکی بلاو ئەکاتەوە بە هەموولایەکدا .

مەولەوی لەم شیعرانەدا تەشبیهی مزگەوتی دار الاحسانی کردووە بە ئاسمان ، وە شێخ عەزیزی دوستی بە رۆژ ، وە بالەخانەی حوجرەکانی فەقیکان بە بورج ، وە حوجرە هەرەبەرزەکەی شێخ عەزیز بە نوختەی ئەوج ــ ئەگەر ئەوج لە عورفا بە خاوەن ئیمتیداد دانری ــ وە لەبەر ئەوە کە حوجرەی شێخ عەزیز ژووری ژمارە نوزدە بووە لە حوجرەکانی فەقیکانا ، دای‌ناوە بە خانەی شەرەف کە دەرەجەی نوزدەهەمی بورجی حەمەلە ، وە لەبەر ئەوە کە دوستان لە بەرابەریا دانیشتوون خزمەتی ئەکەن لەبەر نەخوشی ، ئەوانی داناوە بە ئەستێرەی موشتەری ، وە بریاری داوە کە ئەم لە خانەی شەرەف . وە لە پایەی سەعدی ئەکبەردایە .

لێرەدا هەرئەوەندە ئەوتری بو روون‌کردنەوەی ئەم ئیشارەت‌و تەشبیهانەی کە مەولەوی کردوونی لەم شیعرانەیدا ، چونکە تی‌گەیشتنی تەواوی ئەم وردەکاری‌یە پیویستی بە زانینی فەلەکیاتی کون هەیە .

لە کوکردنەوەی (ئاسمان)و (خورشید)و (بورج)و (ئەوج)و (سەعد)و (طالع)و (شەرەف)دا بە پێی عیلمی بەدیع هونەری (طباق) هەیە .

(١٠) مەعاش : مایەی ژیان . سەبات : ئیستراحەتی شەو . واتە : دەرکەوتنی ئەو دوستە لە سبەینانداا مایەی ژیانی دوستە دەردەدارەکانیەتی ، وە ئاوابوونی لە ئێواراندا مایەی حەسانەوەیانە . وشەی (مەعاش)و (سەبات) لەم شیعرەدا ئیشارەتە بو ئایەتی (وجعلنا النهار معاشا ، وجعلنا نومکم سباتا) .

بەڵام من جەستەم خەیڵێ بەدحاڵەن
لاڵ بوون مالوومەن ئەو نە وەبالەن (١١)
یانێ ئەو بالای تووڵ عەرعەر تەرز
مەشنیۆ وە باد صوب سەحەری لەرز (١٢)
چین کەفتەن نە ڕووی پێشانیش چون سیم
چون زنجیرەی ئاو وە شنۆی نەسیم (١٣)
نیم نیگاش هەوەس دڵدۆزیش نییەن
نازش دڵبەریش جە خاتر شییەن (١٤)
ئاوڵەش هوردان لاڵ یەمانی
وێنەی گۆی (حوباب) ئاو حەیوانی (١٥)
باغ مەحبووبیش جە سەر تا دامان
جە وەیشوومەی دەرد خەزانش ئامان (١٦)

---

(١١) لال بوون : لاڵبم . مالووم : مەعلووم . وەبال : نەگبەتی .

(١٢) واتە : کە ئەلیم شیخ عەزیز کەوتووەتە ناو دەلیای مەینەت ، مەبەسم ئەوەیە بالای وەك عەرعەر بەرزی ئەلەریتەوە بە دەم بای بەیانییەوە کە چوقەی لەرزە ، چونکە ئەوەی لەرزی بی هەموو لەشی وەك شورەبی ئەلەرزی .

(١٣) سیم : زیو . واتە : تەویلی وەك زیو سپی و جوانی گرژو چینچین بووە وەك ئاو کە با لێی ئەدا زنجیرە ئەکاو چینچین ئەبی و نەرمە شەپول ئەدا .

(١٤) دڵدوزی : دڵدوورینەوە . واتە : جاران کە ئەی روانی بو دلداران بەو روانینە دلیانی ئەدووریەوە ، بەڵام ئیستا بە هوی نەخوشییەوە تاقەتی روانینی نەماوە ، وە نازی دلبەرانەی لە بیر چووەتەوە .

(١٥) لال یەمانی : لە علی یەمەنی ، ئاقیق . حوباب : ئەو قولتەیەی پەیدا ئەبی لە سەر ئاو لە کاتی داکەوتنی دلوپی بارانا . واتە : ئاولەی دەرداوە ، دەنکەکانی ئەلێی ئاقیقی سوورە بە لەشیەوە ، وە لە قولتەی سەر ئاوی حەیات ئەچی .

(١٦) وەیشوومە : توفی سەرما . واتە : باخی جوانیی ئەو لە سەریەوە تا داوینی بە هوی بای ساردی نەخوشییەوە پایزی داهاتووە . مەبەستی لەوەیە کە لەشی تویکی هەلداوە ، وە ئەو تویکەی شوبهاندووە بە گەلای دار کە بوەری .

دەخیلم شەماڵ وەی گشت دەردەوە
شۆ وە خزمەتش وەی دووی سەردەوە (١٧)
دڵ جە دەماوەند گرەو بەردەبێ
دیدە دانەی ڕوب ڕیوەند وەردەبێ (١٨)
واچە کەفارەت بەژن بالاڵت بۆ
نەصیب ڕەقیب خاڵ ئالاڵت بۆ (١٩)
بدیە نەرگسان جە شەونم بین کەیل
پەرسا : کۆن ؟ عەرزکەر : قەیسەکەی دوجەیل (٢٠)
ها نە (بانە)دا بێ کەس کەفتەبێ
دیار بێ ئازار تۆ شنەفتەبێ (٢١)

---

(١٧) شو : برو . واتە : شەمال دەخیلتم بەم گشت دەردی دڵەو بەم دووکەلی هەناسەی ساردمەوە برو بو خزمەتی شیخ عەزیز .

(١٨) دەماوەند : شاخیکی بەرزە لە ئیران . روب : دوشاو . ریوەند : گیایەکە دوشاویکی سووری لێئەگرن‌و وشکی ئەکەنەوەو ئەیکەن بە دەنك‌و بو هەندی نەخوشی بەکاری دینن . واتە : پێی بلی لە تاو نەخوشیی تو دلی مەولەوی ئەوەندە تەم دایگرتبوو گرەوی لە کیوی دەماوەند بردبوەوە ، وە ئەوەندە گریابوو چاوی سوور بووبوو ئەتوت دەنکی دوشاوی ریوەندی خواردووە .

(١٩) واتە : دڵخوشیی بدەرەوەو پێیبلی خوا بکا ئەم نەخوشیە ببی بە کەفارەت بو رزگار بوونی لەشت لە سزای دوزەخ ، وە بەشی ئەو کەسانە بی کە ناحەزی خالی رەنگاو رەنگتن .

(٢٠) بدیە : بروانە . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

(٢١) واتە : بروانە بو چاوە نیرگسیەکانی کە لە خەفەتا پر بوون لە دلوپی فرمیسکی وەك شەونم ، کە هەوالی منی لێپرسیت‌و وتی لەکوێیە ، وەرامی بدەرەوە بلی مەولەوی کە بو تو وەك مەجنوون وایە کە لە دوجەیل دانەنیشت ، لە بانە بوو ، بێکەس کەوتبوو ، دیاربوو خەبەری نەخوشیی توی بیستبوو .

ئایر سەندەبێ جە گردین لاوە
پووشەکەی جەستەش وە (ئاربەبا)وە (٢٢)
مدیای گا پێچوەرد ، گا منامیاوە
جارجار جە نالەش مفامیاوە : (٢٣)
فەلەك داخ وە دڵ خەستەمدا بەردی
ژار دووریی گیان ئازیز پێموەردی (٢٤)
واتم سا ئەڵبەت تەمامت کەردەن
گیان ڕستگارم جە دمای مەردەن (٢٥)
چێشش دمای مەرگیش یەند بەدبەختەنان
گیان هەر نە ئازار دەرد سەختەنان (٢٦)

---

(٢٢) ئاربەبا : شاخیکە لە نزیکی بانەوە . واتە : لەشی باریکو بێهێزی لە هەموو لایەکەوە ئاگری تێبەربووبوو وەك پووش بە شاخی ئاربەباوە ئاگری تێبچی .

(٢٣) مدیای : ئەتروانی . منامیاوە : ئەنەوێیەوە . مفامیاوە : فەهم ئەکرا . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ .

(٢٤) پیموەردی : دەرخواردتدام . واتە : ئەگەر بوت بروانیایە ئەتدی تاویك لە تاو ئازار پیچی ئەخواردو تاویکیتر ئەچەمییەوە ، جارجاریش ئەینالاندو وا ئەهاتە بەرگوێ ئەیوت ئای گەردوون چەند داخت بڕد بە دڵی خەستەماو چەند ژاری دووریی ئازیزت دەرخواردام . لەم شیعرەوە تا دوا شیعر هەر قسەی مەولەوییە لەگەل گەردوون .

(٢٥) دما : پاش . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

(٢٦) چیش : کەچی . واتە : کە ئەو هەموو ئازارەت دام لە دڵی خوما وتم ئەڵبەت لێبوویتەوەو ئیتر پاش مردن بو خۆم ئەحەسیمەوە ، کەچی ئەوەندە بەدبەختم لە پاش مردنیش گیانم هەر بە دەم دەردی سەختەوە ئازار ئەچێژی .

یە سفتەی وە یاد هەرد ئەو هەردەن
یە گیان ئازیز زیز دەردەن (٢٧)
سەروەخت یەندی ڕای فەریادەن
ئینصافەن ، وەسەن ، فەڵەك دادەن (٢٨)
تەءثیرش نی‌یەن فەریاد جە لای تۆ
تا دەست قودرەت چەرخت نەشکنۆ (٢٩)

(١) — ٤ —

هامدەردان ئامان ئەر مەندەن هۆشم
صەدایێ وەشەن مەیۆ نە گۆشم (٢)
چمان زیڵەی زەنگ زەواری مەیۆ
زرنگەی قافڵەکەی وەهاری مەیۆ (٣)

---

(٢٧) زیز : عاجز .. واتە: ئەوەتە لە لایەکەوە لەشم سووتاوەو با خولەکەی بردووە بەم هەردو بەو هەردا ، وە لە لایەکی‌ترەوە ئازیزەکەم بە دەستی دەردو نەخوشی‌یەوە عاجزە ..

(٢٨) بەندی : گیران .. واتە : وادەی بەسرانی ریگای هاوارمە ، سا توخوا فەلەك داد ، ئیتر بەسە ئینسافت ببی .

(٢٩) نەشکنو : نەشکینی . واتە : بەڵام هاوارو داد سوودی نی‌یە لای تو تا دەسی قودرەتی خوا ئەم چەرخو هەلسوورانەت نەشکینیتە یەك .

— ٤ —

(١) مەولەوی جاریکیان گوێی لە دەنگی کاروانیکەوە ئەبی ، وە بەو موناسەبەتەوە بە خەیاڵ قافلەچی‌یەکە بانگ ئەکاو لەگەڵیا ئەکەوێتە گفتوگو . قسەکانی بەینی خوێو ئەو قافلەچی‌یەی لەم قەسیدەدا هونیوەتەوە . شیوەی قەسیدەکە لەوەئەچی لە ناوچەی زەهاو بووبی وتبیتی ، وە بو شیخ عەزیزی جانەوەرەیي نووسیبی .

(٢) مەیو : دیت . واتە : هاوەرینە ئەگەر هوشم لای خوم بی وائەزانم دەنگیکی خوشم دیتەگوی . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (هامدەردان) نووسراوە (هامسەران) .

(٣) چمان : وەك بلی‌ی . زەوار : کاروان ، لە (زواری)ی عەرەبی‌یەوە وەرگیراوە کە جەمعی (زائر)ە بە مەعنا زیارەتکەر . واتە : وەك‌بلی‌ی دەنگی زەنگی کاروانیکی بەهاری دیتە گویم .

قافڵەچی ئامان ، دادەن دەخیلم
بنەكدار خەم خەیلێ زەلیلم (٤)
نە ڕای تیجارەت ئەمیر وەلی
تۆ مایەی ڕەواج عەباسو عەلی (٥)
ساتێ قافڵەكەت ساكن نە سەیر بۆ
یەك عەرزێ دێرم : ئۆغرت خەیر بۆ (٦)
گێج زرێوار هەرسم مەوج وەردەن
سارای مەریوان تەمام هەڕ كەردەن (٧)
بازش هەناسەم صوب وەنەش دەرۆ
یەخ كەرۆ قەتار ئاسان بویەرۆ (٨)

---

(٤) بنەكدار : ئەوكەسەیە كە پیش كوچكردنی هوز ئەچیتە هەوارگە بو جێخوشكردنو ئامادە كردنی نانو خوراكو حەیوان لەوەراندن . مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پیكەوە دی .

(٥) ئەمیر وەلی : حەزرەتی عەلی كە مەشهوورە بە (امیر المؤمنین ولی الله) .

(٦) سەیر : ڕویشتن . دیرم : هەمە . واتە : دەخیلتم كاكەی كاروانچی ، من لیرە لەسەر مالی خەمو خەفەت دانیشتووم و زور زەلیلم ، سویندت ئەدەم بەوەی كە بووە بە مایەی ناوبانگ دەركردنی حەزرەتی عەلیو عەباس ، لەبەر خاتری بازرگانیی حەزرەتی عەلی توزی لیرە كاروانەكەت ڕاوەستینە قسەیەكم هەیە با پێتیبڵیم ، قسەكەشم ئەوەیە بو كوێئەچی ، جاری بمینەرەوە . لە ناو كاروانچییەكانی كوردستانی خواروودا باوە سوین بە بازرگانیی حەزرەتی عەلیو عەباس ئەخون .

(٧) زریوار : زریبار ،گومێكی گەورەیە لە دەشتی مەریوان زستانان ئەمەیيو سوارە بە سەریا غار ئەكەنو ئەچن بو ڕاو . هەر : قور . مەعنای ئەم شیعرە لەگەل شیعری پاشەوەیدا دی .

(٨) بازش : لێیگەری . یەخ : سەهول . واتە : زریباری فرمیسكم شەپولی داوەو دەشتی مەریوانی كردووە بە قور ، جاری مەرو تا بەیانی با هەناسەی ساردم بدا لەو دەشتەو كزری بكاتەوە بو ئەوەی ولاخەكانت نەچەقن .

ئەمجار وە سۆزەن موژەی جۆش وەردەم
سەرنووك قەڵەم ئاخ سۆراخ کەردەم (٩)
وە بەند دووباد مەینەت جگەر
بوورازە تاتای جەوالاّن یەکسەر (١٠)
قەیاسەی قایش پۆسەکەی جەستەم
حەڵقەی چەڵەمە پێشەی شکستەم (١١)
ڕەگ تەن تاڵی تاڵوەردەی سێوەنگ
یفەرمان یاران باران بدان تەنگ (١٢)
زەنگ دڵەی تەنگ زایەڵەی صەدڕەنگ
پێکیای تای دەرد ڕیشەی خەم گوڵەنگ (١٣)

---

(٩) قەلەم : ئەو بزمارە تیژەیە کە ئاسنگرەکان کلکی سووزنی پی کون ئەکەن . سوراخ : کون . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەش پیکەوە دی .

(١٠) بەند : بەن . بوورازە : بدووڕە . واتە : بە سوزنی جوش خواردووی برژانگیشم کە بە نووکی قەلەمی داخو خەفەت کون‌کراوە ، وە بە بەنی دوولوی مەینەت کە بەنی جەرگمە ، جەوالەکان یەکەیەکە بدووڕەوە .

(١١) قەیاسە : ئەو قایشەی بە ژیرسکی ولاخا ئەی‌هیننەوە بو قایم‌کردنی کوپانەکەی . چەلەمە : ئەو ئەلقە ئاسنەیە کە بەسەری قایشەکەوەیە وەك بەڕەزوانە بو توندکردنی قەیاسەکە . واتە : پیستی لەشم بکە بە قایش بو قەیاسەو ئیسقانی شکاویشم وەك ئەلقە داتاشەو بیکە بە چەلەمە بو توندکردنی قەیاسەکە .

(١٢) سیوەنگ : ڕەش‌پەیوەست . بفەرما : بفەرموو . واتە : بفەرموو دوستان دەمارەکانی لەشم کە بە دەرمانی تالی تال‌دراون‌و ڕەش‌بوونەتەوەو پیچراون بە یەکا ، بکەن بە گوریس ، وە بارو بارگەی پی شەتەك بدەن .

(١٣) پیکیا : هونراوە . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

وزان نه گەردەن بەرز پێشاهەنگ
بشۆ بدۆ دەنگ فرسەنگ وە فرسەنگ (١٤)
مەدەد یاعەلی پەی سەفەر کەر مەیل
مەنزڵ وە مەنزڵ تا مەنزڵگەی لەیل (١٥)
بەڵام هەر خاکێ جەو ئاسانەکەن
گەرد سفتەی گیان هەراسانەکەن (١٦)
ڕەحمت بۆ وادەی وستەی بارەکەت
نەبۆ وە پاشێڵ پای قەتارەکەت (١٧)
جە زێڵەی ئەو زەنگ چون خەبەردارەن
مەیۆ مشناسۆش ئاخر دیارەن (١٨)

---

(١٤) وزان : بخەنە . پیشاهەنگ : ولاخی سەرقافلە . بشو : بروا . واتە : دلەی خەفەتباریشم کە هەزار جورە ئاوازی لێئەبیتەوە ، وە بە تالی دەردو مەینەت هونراوەتەوە ، وە لە ریشەی خەم‌و خەفەت گولەنگی بو دروستکراوە ، بیکەنە ملی بەرزی ولاخی سەرقافلە تا هەر بروا بە ریداو فرسەق فرسەق دەنگ بداتەوە .

(١٥) مەدەد : یارمەتی ، وشەیەکە بو پیروزی ئەوتری لە ناو ئەوانەدا کە دەس ئەدەنە ئیشیك . واتە : ئەمجار هاواری بکەرە حەزرەتی عەلی‌و داوای یارمەتیی لێبکەو بکەوەرە ری مەنزل بە مەنزل برو تا ئەگەیتە مەنزلگەی دوست .

(١٦) ئاسانە : ئاستانە ، بەردەرگا . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

(١٧) وستە : خستن . واتە : بەلام هەر خاکیك لە بەردەرگای لەیلدا بی ئەوە خولی لەشی سووتاوی دلدارە لە گیان بیزاربووەکانە ، لەبەرئەوە بەرەحم بە لە کاتی بارخستناو ئاگات لێبی ئەو خاکە نەکەویتە ژیرپێی ولاخەکانتەو پێشیل نەکری .

(١٨) مەعنای ئەم شیعرەیش بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

مەپەرسۆ ئازیز پڕ وەفاو بەینەت
کۆن تیجارباشیی سەرقافڵەی مەینەت (١٩)
واچە مەر نەدیەت نەمام بێ گەرد
چێگە پارچەی گیان پایەندازت کەرد (٢٠)
یاد پایەنداز سەودای سەرش بی
مامەڵەی پارچەی گیانێوتەرش بی (٢١)
بەڵام جە تەءثیر جۆش بۆتەی دڵ
دەمەی هەناسەی دەروون پڕ چڵ (٢٢)
سیم قاڵ هەرس شەوان بێداریش
ئەشرەفیی پاکتاو ڕەنگ ڕوخساریش (٢٣)
ڕووکەش بی وە کفت هوون گوڵناری
وە مس منمانا جە لای بازاری (٢٤)

---

(١٩) تیجارباشی : باش بازرگان . واتە : ئازیزی بەوەفاو بەین بە هوی ئەوەوە کە دەنگی زەنگلەکە ئەناسیتەوەو ئاگاداری لێی ، دیارە دیت بو لاتانو . ئەپرسی باشبازرگانی سەرقافلەی مەینەت ــ کە منم ــ لەکوێیە ؟

(٢٠) چیگە : لیرە . پایەنداز : فرێدانە بەرپی . واتە : تویش لە وەراما پێیبلی بوچی خوت نەتدی لەم شوینەدا گیانی خوی فرێدایە بەرپیت ؟

(٢١) واتە : سەودای ئەوەی کەوتبوە سەر کە گیانیکیتریش پەیدا بکا بو خوێو ئەویش فری بداتە بەرپیت . لەبەر ئەوە خەریکی مامەلە کردن بوو .

(٢٢) بوتە : ئەو مەنجەلەی زەرگەر لە سەر ئاگری دائەنی بو تواندنەوەی زیرو زیو . مەعنای ئەم شیعرەو سە شیعری پاشەوەی پێکەوە دی .

(٢٣) سیم : زیو . قال : پوخت . ئەشرەفی : لیرە .

(٢٤) کفت : ئەو دەرمانەی ئەیدەن لە رووی هەر مادەیەك . هوون : خوین . گولنار . گولهەنار ، گولیکی سوورە . منمانا : ئەینواند .

بازارش کەساس ، ڕای بەندەرش بەند
کەس نمەواچۆ سەرمایەش وە چەند (٢٥)
وە بازارەدا وە بانگ بێشەرم
مەگێلاو مەوات وە زایەڵەی گەرم : (٢٦)
مایەم نارەواج ، دەروونم تەنگەن
قافڵەم تا قام قیامەت لەنگەن (٢٧)

— ٥ —

هامدەردان بەردەن ٠٠ هامدەردان بەردەن
ڕۆح‌و دڵو دین وە تاڵان بەردەن (١)
دەروون وە مەودای خەدەنگ ڕێش کەردەن
ڕیشەی سەبووریم تاتاکێش کەردەن (٢)

---

(٢٥) نمەواچو : نالی . واتە : بەڵام زیوی پوختی فرمیسکی شەونوخونی کیشان‌و ، ئالتوونی بێگەردی ڕەنگ‌و ڕووی ، لە تاو هاتنەکولی مەنجەڵی دڵو هەناسەی بەسوزی دەروونی ڕووکەش بووبوون بە خوینی وەك گوڵنار سووری جەرگی . لەبەر ئەوە لە بازارا وایانئەزانی زیرو زیو نیەو مسە ، وە بازاری وەستابوو ، وە ریگای هات‌وچوی کۆگای بازرگانیەکانی لێگیرابوو ، وە کەس لێی‌نەئەپرسیەوەو هیچی لێنەئەکری .

(٢٦) مەگێلا : ئەگەرا . مەعنای ئەم شیعرەش لەگەڵ شیعری پاشەوەیدا دی .

(٢٧) قام : بەرپابوون . واتە : ئەویش لە داخا بە بازارا ئەگەراو بە بێشەرم هاواری ئەکرد ئەی‌وت دەسمایەکەی دەستم ڕەواجی نیەو دلم تەنگەو تا دنیا دنیایە قافلەکەم لەنگەو ڕاست نابیتەوە .

— ٥ —

(١) واتە : هاوەردینە . . ڕوح‌و دڵو دینی بە تاڵان بردووم . لە شیعری چوارەمەوە دەسئەکا بە وەصفی ئەوەی کە بە تاڵانی بردووە .

(٢) واتە : دەروونمی بە نووکی تیژی بریندار کردووەو ریشەی سەبووریمی تاڵتاڵ دەرکیشاوە .

وه نێش پڕ ئێش ژار مار دەرد
سەراپای ئەعزام لەتار لەتار کەرد (٣)
وه نووك نەشتەر پۆڵایي فیراق
پڕ جه زام کەردەن دەروون موشتاق (٤)
جەمین قەمەرێ ، سیمین سیم‌بەرێ
موویي کەمەرێ ، شیرین دڵبەرێ (٥)
مشکینه خاڵێ ، یۆسف جەماڵێ
مەحبووب جەلالێ ، لەیل‌ئاسا حاڵێ (٦)
سەرو بااڵیێ ، حۆری نومایێ
خورشید جەلایێ ، غیلمان ئاسایێ (٧)
دیده غەزاڵێ ، نازك خەیاڵێ
دوڕدانه لاڵێ ، صاحیب کەماڵێ (٨)

---

(٣) واتە : بە ئیش‌و ئازاری زەهری ماری دەردی دووری، سەراپای لەشمی پارچە پارچە کردووە .

(٤) واتە : هەموولایەکی دەروونی پرسوزمی بە نووکی نەشتەری پولایینی جیایي زامار کردووە .

(٥) جەمین قەمەری : یاریکی ناوچاو وەك مانگ روشن . سیمین : سپی وەك زیو . سیم‌بەری : سنگ‌و بەروك تاکەقرانی پیا دادووراویك . مویي کەمەری : قەد وەك موو باریکیك .

(٦) مشکینه خالی : خاڵرەشیك وەك مشك کە پارچە خوینیکی وشك بووەوەیە لای ناوکی هەندی ئاسکەوە دائەکەوی وە هەڵئەگرن لەبەر بون‌خوشی . مەحبووب جەلالی : یاریکی وەك خوشەویستانی بی‌باك .

(٧) حوری نومایي : یاریکی دیمەن وەك حوری . خورشید جەلایي : وەك خور درەوشاوەیەك . غیلمان ئاسایي : غیلمان جەمعی (غولام)ە بە مەعنا منالی موو لێنەهاتوو . واتە : جوانیك وەك منالی موو لێنەهاتوو .

(٨) دیده غەزالی : چاو وەك چاوی ئاسك گەورەیەك . دوردانه : دوزی تاقانه کە زور گرانبەهایە . لال : لەعل ، بەردیکی گرانبەهای سوورە . واتە : دوستیکی وەك لەعلی نایاب .

قومری سەلّێ ، بوڵبوڵ نەوایێ
لاله لیوایێ ، ئاهوو نیگایێ (٩)
کەبك خەرامێ ، شابازی ڕامێ
تەزەروی نامێ ، هوما مەقامێ (١٠)
داوودی دەنگێ ، گوڵاڵە ڕەنگێ
شەدە قەشەنگێ ، قوماش فەرەنگێ (١١)
وەنەوشە بۆیێ ، گوڵغونچە جۆیێ
بەهانە جۆیێ ، کەعبەسا کۆیێ (١٢)

---

(٩) قومری صەلایي : دەنگ وەك کوتری قومری خوشیك . لاله : گولیکی سووره . لیوا : لواء ، ئالایي . واته : ئالایي دیاریەك وەك گولاله سووره . ئاهوو نیگاهی : وەك ئاسك لاکەرەوەیەك .

(١٠) کەبك : کەو . خەرام : لەنجەولار . واته : لەنجەولارکەریك وەك کەو . شابازی رامی : وەك شاباز هیي بوویك . رام به مەعنا هیيو دەسەمو بووه . تەزەروی نامی : خوش ئاوازەیەك وەك کوترە باریکە . نام به مەعنا ئاوازەیە . هوما مەقامی : باریکی وەك هوما به فەرو شکو . هوما بالداریکە ئەلین به سەر هەرکەسیکەوە بنیشیتەوە ئەبی به پاشا ..

(١١) داوودی دەنگی : دەنگ خوشیك وەك حەزرەتی داوود که ناوبانگی له دەنگ خوشیا دەرچووه . شەدە قەشەنگی : سەروپیچ جوانیك . قوماش فەرەنگی : پارچەی فەرەنگی لەبەرکەریك .

(١٢) گولغونچه جویي : به دوای خونچەی گولدا گەراویك ، یان جوانیکی وەك گول خونچەی گوی جوگا . بەهانه جویي : به دوای بەهانەدا گەراویك بو دلداران ، یان بەها نەجویي به مەعنا نرخ داوا نەکەری . کەعبەسا کویي : بەردەرگا وەك کەعبه پیروزیك . کو به مەعنا بەردەرگایه .

سولەیمان جاهێ ، جامجەم نیگاهێ
سکەندەر شاهێ ، دارا دەرگاهێ (١٣)
ڕەعنا سادەیێ ، نیگا بادەیێ
صەهبا نەشئەیێ ، پەری زادەیێ (١٤)
شۆخو شەنگ تەرزێ ، قەد قامەت بەرزێ
سنەوبەر لەرزێ ، ئیتاعەت فەرزێ (١٥)
هیجران دۆزەخێ ، ویصال بەهیشتێ
نازکگۆڵ ڕوخێ ، کەعبە کەنشتێ (١٦)
عیشوەو ناز دارێ ، یەکتا نیگارێ
حیلەو فەنکارێ ، گەرم بازارێ (١٧)
غونچە دەهانێ ، تووتی زوبانێ
صاحیب زەمانێ ، شەکەر ئەفشانێ (١٨)

---

(١٣) سولەیمان جاهی : خاوەن شکویەک وەک حەزرەتی سولەیمان .. جام جەم نیگاهی : زیرەکیکی وا وەک چون جەمشید شا لە ئاوینەکەیدا هەموو شتیکی ئەدی ئەمیش بە روانینیک لە هەموو شت ئەگا . سکەندەر شاهێ : پایەبەرزیکی وەک ئەسکەندەری ذوالقرنین . دارا دەرگاهی : دەرگا بەردللاو هاتوچو بە زوری پیاکراویکی وەک دارای شای ئیران .

(١٤) ڕەعنا سادەیي : بیکەشوفشیکی کەمتەرخەمی خو بە هیچەوە نەبەستوو . نیگا بادەیي : یاریکیوا روانینی وەک مەی ئینسان مەست ئەکا . صەهبا نەشئەیي : یاریکی وەک مەی نەشە بە دلگەیین . صەهبا : صهباء ، مەی .

(١٥) سنەوبەر لەرزی : وەک سنەوبەر لەریوەیەک .

(١٦) نازکگول روخی : روو وەکگول ناسکیک : کەعبە کەنشتی : جیو شوین وەک کەعبە پیروزیک .

(١٧) یەکتا نیگاری : وەک وینە جوانیکی تاقانە . نیگار وینەیە . گەرم بازاری : بازار گەرمیکی دلدار زور .

(١٨) دەهان : دەم . صاحیب زەمانی : گەورەیەکی زەمانە . شەکەر ئەفشانی : قسەی وەک شەکر شیرین بلاوکەرەوەیەک .

ڕەقیب دەمسازێ ، غەریب نەوازێ
نازەنین گازێ ، عاشق گودازێ (١٩)
ئەبرۆ کەمانێ ، پەیکان موژانێ
سەوڵ خەرامانێ ، مەولان نیشانێ (٢٠)
یەند تیر نیگای بێمەیلیش دا لێم
یەند ژار (سجە)ی هیجران وەردەنپێم (٢١)
ئەو کەردەن تەمام سەراپام چڵ چڵ
ئێد فەتار فەتار کەردەن جەرگو دڵ (٢٢)
خصووص شەرارەی خورشید دووری
ماران گاز کەردەن زەخم مەهجووری (٢٣)

---

(١٩) ڕەقیب دەمسازی : لەگەل بەدکار ڕیکەوتوویەک . نازەنین گازی کەسیکیوایە ئیشو ئازار گەیاندنی وەک هی نازاران لای دلدار خوشە . عاشق گودازی : دلدار توینەوەیەک . گوداز بە مەعنا توینەوەیە .

(٢٠) پەیکان موژانی : بژرانگ وەک تیرێک . سەول خەرامانی : لەنجەولا، کەرێک وەک سەول . سەول ڕواویکی بەرزی باخیپە ساقو گەلای مور گولیکی دربژکاری میزراحیی هەیە . مەولان نیشانی : خوا نیشانە کردوویەک یاخود ئاغا شیوەیەک .

(٢١) سجە : کولەماریکی کوشندەی سەرو کلک باریکو ناوقەد ئەستووڕە مەعنای ئەم شیعرە لەگەل شیعری پاشەوەیدا دی .

(٢٢) چل چل : کونکون . فەتار فەتار : دارزاو . واتە : ئەوەندە تیر ڕوانینی بێمەیلانەی لێداومو زەهری ماری دووریی دەرخوارددداوم ، بە تیرەکە سەرتاپای لەشمی کونکون کردووەو بە زەهرەکە جەرگو دڵم داڕەقاندووە .

(٢٣) واتە : بە تایبەتی بلیسەی خوری دووری خوراگازی بە زامەکانی لەشم کردووە .

مەر لابەرۆ ژار وە داروی ویصال
یا وە مەرهەم سێڵ زام کەرۆ پامال (٢٤)
وەرنە ئارەزووی ژیان مەحاڵەن
خەیاڵ حەیات فکرێ بەتاڵەن (٢٥)

-٦-[1]

هەرچەنی ناکاو دەماخم تەم بی
سیاهەور دوود نە کەللەم جەم بی (٢)
بەرقو بروسکەو تەم داش وە هەمدا
پلووسکەی سێڵاو ئامام وە چەمدا (٣)
خاشاك هەستیم لافاو بەردەوە
دەروون پێچش داو دڵ ویەردەوە (٤)

---

(٢٤) داروو : دەرمان . سیل : سیلاو . مەعنای ئەم شیعرەش لەگەڵ شیعری پاشەوەیدا دی .

(٢٥) واتە : مەگەر یار بە دەرمانی وەصل ژاری مارەکە دەرکا لە لەشم ، وە بە مەلهەم لافاوی زووخو کیمی زامەکانم نەهیلی ، ئەگینا مەحاڵە جاریکیتر بە تەمای ژیان بم ، وە شتیکی هیچوپووچ ئەبی بیری لیبکەمەوە .

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بو خالوی کوماسی ناردووە .

(٢) مەعنای ئەم شیعرەو سە شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(٣) بەرقو بروسکە : مەبەسی لەو تیشکانەیە لە چاوی ئینسانەوە دەرئەچی لە کاتی پژمەی زورو تونددا .

(٤) خاشاك : پڵوپووش . ویەردە : بووردەوە .

«ژانام هەم دیسان دڵ کۆس نۆشەن
گەردەلوولشەن ئارەزووی تۆشەن (٥)
جۆشش وەردەبێ چار وێم نەکەرد
وە هەرحاڵ نە بەین شەرتێمان وێەرد (٦)
نەك چەنی خەیاڵ قیبلەم بسازی
دەخیل تەن خەستەن وە جیاش نازی (٧)
سەرهەردەو سەرهەرد ، مەنزڵ ئەو مەنزڵ
دڵ ئەو شۆن تۆ ، من ئەو شۆن دڵ (٨)
دیم بەدعەهدیش کەرد هەوا سەندەوە
تەن حەسرەتمەند بی جیا مەندەوە (٩)

---

(٥) واتە : هەر کە لە ناکاوا تەم دەماخمی داگرتو هەوری رەشی دووکەل لە کەللەما کوبووەوە ، دەسمکرد بە پژمو هوورو چاوم تیشکی لێبووەوە بەرچاوم تاریك بوو ، وە فرمیسك بە خور بە چاوما هاتە خوارو پڵوپووشی لەشمی بردو دەروونم پیچی پیا هاتو دلم بوورەوە ، زانیم ئەوە هی ئەوەیە کە دیسانەوە دلم کوستی کەوتووەو کەوتووەتە گەردەلوولو ئارەزووی تویەتی .

(٦) واتە : دلم هاتبوە جوشو منیش هەرچیم کرد چارم پێنەکرا ، ناچار ریکەوتینو مەرجیکمان بو یەکتر کرد .

(٧) نەك : نەکەی . بسازی : ریکەوی . نازی : نەهیلی . واتە : پیموت لەگەلت دیم بو لای لەیل بەلام بەو شەرتە نەکەی لەگەل یادی دوستا ریکەوی و بروی و لەشی خەستەم بەجێبیلی .

(٨) شون : شوین . واتە : بە پێی ئەم شەرتە کەوتینەری لەم هەردەوە بو ئەو هەردو لەم مەنزلەوە بو ئەو مەنزل ، دل کەوتبوە دوای تو و منیش کەوتبوومە دوای ئەو .

(٩) بەدعەهدی : بێپەیمانی . هەوا سەندەوە : فری . واتە : کەچی دیم بە پیچەوانەی گفتەکەی خوی جوولایەوەو دایە شەقەی باڵو لەشمی خەفەتبار کردو بەجێی هیشت .

جه بێشه‌رتی‌ی دڵ زامه‌تم سه‌خته‌ن
وێت یاونه‌وه های نه‌سیم وه‌خته‌ن (١٠)
ڕه‌حمێ که‌ر وه حاڵ خه‌مان هه‌رزان‌دا
ته‌شریف به‌ر بدیه وه سه‌ربه‌رزان‌دا (١١)
هه‌ر جایێ چون به‌خت دوور نه‌وهاڵان
سیا بۆ تاریك جه سیاماڵان (١٢)
گێج دوود ئاخ هه‌واش پڕ که‌رده‌ن
ئانه یاتاخگه‌ی خاڵۆی هام‌فه‌رده‌ن (١٣)
گا گێج سه‌رسام نه گه‌رداوه‌دا
گا خه‌فته‌ن نه تۆی خه‌فه‌ت خاوه‌دا (١٤)

---

(١٠) یاونه‌وه : بگه‌یه‌نه‌وه . لیره‌وه مه‌وله‌وی رووی قسه ئه‌کاته بای نه‌سیم‌و پی‌ی‌ئه‌لی : به هوی بی‌وه‌فایي دله‌وه ده‌ردم زور گرانه ؛ وه‌ختیه‌تی بگه‌ره فریام .

(١١) واته : به‌زه‌یيت بیته‌وه به حالی منی خه‌م‌و خه‌فه‌ت زورداو ته‌شریف ببه بروانه به هه‌موو به‌رزایي‌یه‌کا .

(١٢) سیا : ره‌ش . مه‌عنای ئه‌م شیعره به‌سراوه به شیعری پاشه‌وه‌یه‌وه .

(١٣) واته : هه‌رجی‌یه‌ك ره‌ش بی وه‌ك به‌ختی عاشقانی دوور له یار ، وه به هوی زوری‌ی ده‌واره‌وه تاریك هه‌لگه‌رابی ، وه گیژه‌لووکه‌ی دووکه‌لی ئاخ هه‌لکیشان ئاسمانی ئه‌وی‌ی داگرتبی ، ئه‌وه جیگای خالوی کوماسی‌یه . له هه‌ندی نوسخه‌دا له جیاتی‌ی (خالوی هام‌فه‌رده‌ن) نووسراوه (گه‌رده‌ن بی‌گه‌رده‌ن) .

(١٤) گا : گاه ، جاریك . خه‌فته‌ن : نووستووه . واته : خالویش وه‌زعی وایه جارجار گیژو سه‌رسامه له ناو گه‌رداوی عه‌شقا ؛ جارجاریش خه‌وی خه‌فه‌تی لی‌که‌وتووه .

جه نەشئەی گەرمیی هەوای کوورەی مەیل
جای تینیش کەم کەم جه نم بیەن کەیل (١٥)
وێتئاسا وە نەرم وێت نە ڕووی نم دەر
بەو شنۆی فێنك دڵش بێدار کەر (١٦)
بەڵام شنیای تای سەر سورمەی بێ گەرد
ئازار نەدۆ هیچ وە سای گەردنزەرد (١٧)
مەپەرسۆ ، سێڵاو ئەسرینان تاوتاو
بڕێز وە ڕوودا ، ئێدش دەر جواو (١٨)
سفتەکەی سەرسام تەن ناتەوانا
دیم خەستەن کەفتەن هەر ئێد موانا : (١٩)

---

(١٥) جای تینی : جێی تینوویەتی کەوتن ، چالایي لامل . واتە : لەبەر نەشئەی گەرمای هەوای تەنووری ئارەزووی دوست ، لاملی کەم کەم ئارەقی کردووە . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی ی (نەشئەی) نووسراوە (تەشنەی) واتە لەبەر تینوویەتی .. تاد .

(١٦) مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(١٧) شنیا : شنە . واتە : ئەی نەسیم خوتئاسا بە نەرمی خوت بدە لە رووی ئارەقەکەی لاملی و بەو شنە فینکە کە پەیدا ئەبی لە خو دانت لە ئارەقەکە ، دلی خەبەر کەرەوە ، بەلام ئاگات لێبی خو لێدانەکەت وابی جوولانەوەی ریشووی سورمە بێگەردەکەی سەری ئازار نەگەیەنی بە گەردنی زەردی . مەبەسی ئەوەیە ریشووی سەروپێچەکەی نەلەرینیتەوە .

(١٨) بریز : بریژە . مەعنای ئەم شیعرەیش لەگەل شیعری پاشەوەیدا دی .

(١٩) سفتە : سووتاو . موانا : ئەخویندەوە . واتە : کە خەبەرت کردەوە دیارە پرسیارت لێئەکا ، تویش تاوتاو لافاوی فرمێسك لە چاوتەوە بریژەو لە وەڵاما پێیبڵی سووتاوە سەرسامە لەش هیز لێبڕاوەکەتم دی کەوتبوو هەر ئەمەی ئەوت . واتەکەی لە دوو شیعری پاشەوەدا دی .

یه سەختیی زامەت ، یه دەرد موشکوڵ
یه دووریی خاڵۆم ، یه بێشەرتیی دڵ (٢٠)
ئەجەل نیم ڕەمەق باقییەن سا دەی
جەودما بەختان مەوینانت پەی (٢١)

(١) ـ ٧ ـ

هەوای زمستان خەمان بەتاڵەن
وەرو هەرد دەرد دەروون خاڵخاڵەن (٢)
هاژەی تاف ساف شەتاوگەی شادی
صوب مەیۆ نە گۆش هۆش ئازادی (٣)

---

(٢٠) یه : ئەمه . واته : ئەیوت هەیهاوار ئەوه له لایەکەوه سەختیی دەردو مەینەت . . له لایەکیتریشەوه ئەوه دەردی چارنەکراو . . ئەوه دووریی خالوم . . ئەوه بیقەولیی دل . نازانم چیبکەم له تاو ئەم هەموو دەردو ئازاره . له هەندی نوسخەدا له جیاتیی (خالوم) نووسراوه (ئازیز) .

(٢١) مەوینانت پەی : نابینمبوت . واته : دەسا ئەی ئەجەل نیوەگیانیکم تیا ماوه تا فرسەته وەره سەرم گیانم بکیشه ، ئەگینا جاریکیتر هەلی وات بو هەلناکەوی و بەختی نابینمبوت . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (پەی) هەر (دەی) دووباره کراوەتەوه ، بەم پییه مەعنای (مەوینانت) ناتبینی ئەبی .

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی له وەرامی نامەیەکی شیخ عەزیزی جانەوەرەیي برادەریا نووسیوه که له بەهارا بوی نووسیبوو .

(٢) زمستان : زستان . واته : هەوای زستانی خەم بەتال بووەتەوەو بەفری هەردی دەردی دەروون پەلەپەله بووه .

(٣) واتە : بەیانیان هاژەی تافگەی سافی شادمانی دیتە گویی تیگەیشتنی ئازادی . مەبەس له ئازادی رزگار بوونه له سەرمای زستان .

بۆی شنۆی شنیای تای چنوور شەوق
مدۆ نە دەماخ پڕ پەرداخ زەوق (٤)
کەیفم دا وەشوەش دەستە وەستەی گوڵ
نە گۆشەی کلاّو ، نە پای دەشت دڵ (٥)
نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن
یا نەشئەی ئامای نامەی نیگارەن (٦)
یانێ : ئازیزم یە نامەی تۆ بۆ
یە ڕەشحەی حەیات سەر خامەی تۆ بۆ (٧)
ئەی ئەسرین گەرم تاوتاوە ڕاسەن
ئەی دڵەی پەی من هوونەاوە ڕاسەن (٨)
بێیەن ئەی وەفا ، وەی ئیستیغناییت
ئەی گەرمیی مۆبەت ، وەی ئاشنایییت (٩)

---

(٤) واتە : بونی شنەی چلی چنووری ئیشتیاق ئەدا لـە لووتی پر نیشاطی زەوقم .

(٥) وەستە : بەسراو . کلاو : لووتکەی بەرز . واتـە : چەپکەگولی بەسراوی سووچی لووتکەی شاخەکانو داوینی دەشتەکان پەیدەرپەی کەیفم زیاد ئەکا . ئەشتوانری مەعنای شیعرەکە بەمجورە لێبدرێتەوە : چەپکەگولی بە بەینی کلاوو پیچەدا کراوو لە عاستی دلا لە باخەلا دانراو ، پەیدەرپەی کەیفم زیاد ئەکا .

(٦) نیگار : وینە ، مەبەست لە دوستە . واتە : نازانم ئەمە نیشانەی نەورۆزو وادەی بەهارە ، یا نەشئەی هاتنی نامەی دوستە ؟

(٧) واتە : مەبەستم ئەوەیە بشی ئەمەی بۆمهاتووە نامەی تو بێو ، ئەو مەرەکەبەی پێیناوسراوە ئاوی حەیاتی سەرنووکی قەلەمی تو بی ؟

(٨) واتە : بشی راست بی تو تاوتاو لەبەر دووریی من فرمێسك بڕێژیو دلت بو من بووبی بە خویناو ؟

(٩) بێیەن : بووە . واتە : بووە ئەوەندە بەوەفا بی نامەی وام بو بنووسی ، کەچی لەولاشەوە ئەوەندە کەمتەرخەم بی لەگەلم ؟ مەعنای نیوەی دووهەمی ئەم شیعرە لەگەل شیعری دواییدا دی .

تاقی‌یەن یاران ، یا خاوم دی‌یەن
جە بەدبەختی‌ی وێم یاوەڕم نی‌یەن (١٠)
ڕوخسارێ وەختێ مەصقەڵ مدا وێش
وە شنۆی پارێز خەیاڵ مەبی ڕێش (١١)
ئەسرین جەرگش دەتن وە سەر نێشەدا
چەنیش دڵ ئامان ، ئامان پێشەدا (١٢)
ئەو دڵەی وێنەی پەڕەی گوڵ بێ گەرد
هەی خەم ، هەی نامەرد ، چەنیت مەلوول کەرد (١٣)

---

(١٠) تاقی‌یەن : تەحقیقە . واتە : برادەرینە ئاخو ئەم گەرمی‌ی خوشەویستی‌و ئەم ئاشنایی‌یە راستە یا خەوم دیوە ؟ من لە تاو بەدبەختی‌ی خوم باودرم نی‌یە راست بی .

(١١) مەسقەل : مصقل ، ئەوەی ژەنگی پی‌لائەبەن . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە .

(١٢) ئەسرین : فرمیسك . دەن : بدەن . واتە : ئەو روخسارەی ئازیز وەختی کە خوی جوان ئەکرد ئەوەندە ناسك ئەبوو ئەگەر خەیال بە پاریز بەلایا برویشتایە ئەو بە شنەی رویشتنەکەی بریندار ئەبوو ، ئیتر نازانم فرمیسکی چاوی ــ یاخوا جەرگی بدەن بە سەر نووکی نەشتەرا ــ چون دلی هاتووە پیایا دارژیتە خوارەوە ؟ لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی‌ی (روخساری ؛ نووسراوە (روخسارش) وە لە جیاتی‌ی (ویش) نووسراوە (لیش) وە لە جیاتی‌ی (جەرگش) نووسراوە (جەرگت) وە لە جیاتی‌ی (چەنیش) نووسراوە (چەنیت) . بەم پی‌یە ضەمیری (ش) ئەگەریتەوە بو دوست وە ضەمیری (ت) ئەگەریتەوە بو ئەسرین .

(١٣) واتە : ئەی خەم .. ئەی نامەرد چون دلی ئازیزت خەفەتبار کرد کە وەك پەرەی گول بی‌گەردە ؟

ئەوسا ئیستیغناو قین وە هەم ماوەرد
ئینسان بێ‌پەروا گیان تەسلیم مەکەرد (١٤)
ئیسە بۆ ئەی تاو هەرس چون سەیلە
ئەی ئیلتیفاتەو ئەی وەفاو مەیلە (١٥)
ئەی دڵەی نازك خەستەی خەمانە
گۆش‌دەرو بژنەو ، ئەمجار بمانە (١٦)

(١) -٨-

هەی‌هوو .. های چەندەن نامان خەبەرێ
تای تاقەت بڕیان ، نەسیم سەفەرێ (٢)
تا وە سەربەرزان هەرد لەیلاخان
وە خزمەت سەرئێل بڵند دەماخان (٣)

---

(١٤) وە هەم ماوەرد : تیکەلی ئەکرد . مەعنای ئەم شیعرە لەگەل شیعری پاشەوەیدا دی .

(١٥) بو : بلێی ببی . واتە : ئەوسا ئازیز بێباکی‌و قینی تیکەلی یەك ئەکرد ، ئینسان لە ترسانا بێپەروا گیانی ئەدا بە دەستەوە ، ئیستا بشی راست بی فرمیسك وەك لافاو بە تاو برژی لە چاوەکانی‌و ئەوەندە بەوەفاو مەیل بی‌و ئاگای لای دلدار بی .

(١٦) بژنەو : ببیسە . بمانە : بمینە . واتە : ئەی دلە ناسکەکەم کە چەند وەختە گرفتاری دەردی خەم‌و خەفەتی ، وەرە گوێبگرە بو ئەم قسە تازانەی دوست‌و گیانت دەرنەچی‌و نەمری !

(١) مەولەوی ئەم غەزەلەشی بو شیخ عەزیزی جانەوەرەیي نووسیوە .

(٢) نامان : نەهاتووە . بریان : پچڕاوە . واتە : ئەی‌هوو دەمیکە هیچ خەبەریکی دوستم بو نەهاتووە ، تالی سەبرو بوردەباریم پچڕاوە ، دەخیلتم بای نەسیم بکەوەرە ری .

(٣) لەیلاخ : ناوچەیەکە لە هەریمی سنە ، وە بە هەموو کویستانیکیش ئەلین . واتە : برو تا ئەگەیتە بەرزایي‌یەکانی شاخە کویستانی‌یەکان‌و ئەگەیتە خزمەتی سەرگەورەی دەماخ بەرزەکان .

تام ئەی زام سەخت جە تاڵی وارا
وە نەرم ئار وە لەفظ شیرین ویارا (٤)
واچە دیم مەویەرد ساتێ وە سالێ
موارا هەردەم حاڵێ وە حاڵێ (٥)
گا مەویەرد نە سەر هوون چەمەی چەم
تەکرار مەکەرد فەرد دێوانەکەی شەم : (٦)
سەیر سەربەرزان لەیلاخان کەردی
ئەی شەم حەیفت کەرد من جە یاد بەردی (٧)
گا مەوات دووریت درێغش نەکەرد
گەرمای گەرمیان کۆتاییش ناوەرد (٨)

---

(٤) وارا : باریو . ئار : بینە . ویارا : تێپەربوو . واتە : بە گفتیکی شیرینی وا کە بچی بە دلا ، وە بە شیودیەکی نەرم ناوی لە نەگبەتێیەوە باریوی منی لا بیە . ئەم بارینی ناوە ئیشارەتە بۆ ئەوە کە مەشهوورە (الاسماء تنزل من السماء) بە مەعنا ناو لە ئاسمانەوە ئەباریو نیشانەی پاشەرۆژی خاوەنەکەیەتی . مەبەسی ئەودیە من هەر لە ئەزەلا ناویکی وا بووە بە چارەنووسم کە نیشانەی ئەم بەدبەختیەم بی .

(٥) مەویەرد : بەسەریئەبرد . موارا : ئەیگوریەوە . واتە : چاوم پێکەوت سەعاتیکی بە سالی بە سەردا تێئەپەری ، وە هەر تاوی وەزعیکی ئەگوری بە وەزعیکیتر .

(٦) دیوانەکەی شەم : (وەلی دیوانە)ی شاعیری نەخوێندەوار کە عاشقی (شەم) بووە . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە .

(٧) واتە : تاویك بە سەر خوینی لە سەرچاوەی چاودوە هەلقولیوا تێئەپەریو شیعرەکەی وەلی دیوانەی ئەخوێندەوە کە ئەلی ئەی شەم بو خوت سەیری بەرزاییەکانی کویستانت کرد .. زور حەیفت کرد منت لە یادی خوت بردەوە .

(٨) مەوات : ئەیوت . واتە : تاویکیش ئەیوت دووریت هیچ دریغی لی نەکردم ، وە چی لە دەس هات کردی ، گەرمای گەرمیانیش هەر دوایی نەهات .

بەڵام ئەلحەق دڵ وە فریام یاوا
های یانەی سەردیی هەناسەش ئاوا (٩)
شەوان هامڕازەن ، ڕوان هاوماڵەن
(قلب الاسد)م قەوس سارااڵەن (١٠)
گا مەوات ئازیز ئای جە ئەوگاریم
ئای سبحان الله جە ئینتیظاریم (١١)
مژدەم بەڵ بەیۆ ناگا جە دەردا
نیگام وراستەن وە ڕاگوزەردا (١٢)
دڵ وە تەمامی نییەن نە جادا
خەریکەن نە بەین خۆف و ڕجادا (١٣)

---

(٩) واتە : بەڵام خوا حەقە دڵم گەیشتە فریام ، یاخوا مالی ساردیی هەناسەی ئاوا بی .

(١٠) قلب الاسد : ناوجەرگەی مانگی (ئەسەد) کە ناوەراست مانگی هاوینە . قەوس : ئاخر مانگی پایز . سارال : ناوچەیەکی کویستانییە ئەکەویتە ڕۆژاوای خواروی سنەوە . واتە : هەناسەی ساردی دڵ بە شەوو بە ڕۆژ لە گەڵم ، وە ناوەراستی هاوینی لی کردووم بە ئاخر مانگی پایز لە سارال کە دیارە چەند سارد ئەبی .

(١١) ئەوگاری : گرفتاری . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

(١٢) بەیۆ : بیت . وراستەن : دووریوە . واتە : تاویکیش ئەیوت ئای ئازیز چەند گرفتارم .. ئای پەنا بەخوا چەند چاوەروانیم کرد .. چاوم دووریوە بە ریگەکەدا بەڵکو یەکێك بیت مژدەی خوشی لیوەرگرم .

(١٣) مەعنای ئەم شیعرەش بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

داخۆم بە وەصڵێ لاونیمەوە
یا هەر وە هیجران تاونیمەوە (١٤)
یە کزەی دەروون گرفتاری ئەو
یە حاڵەت دەرد ئینتیظاری ئەو (١٥)
تەفصیلش وە سۆز حاڵی کەردم پێت
هەنی تۆ زانی چەنی ڕەحم وێت (١٦)

- ٩ -

هەرچەند هیجرانت یەند زۆر ئاوەردەن
عەزرائیل جە ڕەنج سەر ئازاد کەردەن (١)

---

(١٤) لاونیمەوە : بملاوینیتەوە . تاونیمەوە : بەتوینیتەوە . واتە : دلم بە تەواوی لە جێی خویا نییە ، وە خەریك ماوە لە نیوانی ترس و هیوادا ، نازانم ئاخو بە وەصڵی خوت دلم ئەدەیتەوە ، یا هەر وەك جاران بە ئاگری دووری ئەم تویتەوە ؟

(١٥) مەعنای ئەم شیعرەش لەگەڵ شیعری پاشەوەیدا دێ . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتێی (دەرد ئینتیظاری ئەو) نووسراوە (سەخت دل ئەوگاری ئەو) .

(١٦) زانی : ئەزانی . واتە : بڵی ئەوە کزەی دەروونی بە هوی گرفتار بوونیەوە بە عەشقی دوست ، ئەوەش دەردی چاوەروانی کردنی بو خەبەرو مژدەیەك ڵێیەوە .. وا بە سوزەوە بە دریژی حاڵیم کردی ڵێ ؛ ئیتر خوت ئەزانی ، ماوەتە سەر ڕەحمی خوت . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتێی (تەفصیلش وە سوز) نووسراوە (تەفصیلا دەستوور) . ئەم دوو شیعرەی دوایی پاشماوەی ئەو قسانە بوون کە مەولەوی بە نەسیمی وت بە شێخ عەزیزیان بڵی .

- ٩ -

(١) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

بەڵام دەردێوتەر جاگرتەن نە دڵ
نەك چون ئیفتەر دەرد دڵ پێشش مدۆ چڵ : (٢)
داخۆم جە تەنخوای دووی سفتەکەی وێت
چێشش بۆ وە سەیوان شەو تا ڕۆ پەرێت (٣)
جیاتیی موژەی سفتەی بالاکەت
چێشش بۆ وە جاڕووی گەرد پالاکەت (٤)
پا چون مەنیای ، دیدەم نە دیدەم
ئازار بی پەرێش موژەی نمدیدەم (٥)
دەك عومرم چون وەصڵ بالات تەمام بۆ
چێو بێ ئازار بۆ بشۆ پێش کام بۆ (٦)

---

(٢) ئیفتەر : تر . واتە : هەرچەند دووریی تو ئەوەندە زوری بو هیناوم پیویست بەوە نەماوە کە عیزرائیل خوی ئازار بدا بیت بو گیان کیشانم ، بەڵام دەردیکیتر لە دڵما جیگیر بووە دڵم چڵئەدا پییەوە ، وە لە هیچ دەردیکیتر ناچی .

(٣) سەیوان : سیبەر . واتە : دەردەکەم ئەوەتە بیر لەوە ئەکەمەوە ئاخوم کە مردم لە جیاتیی دووکەڵی لەشم کە بو تو سووتاوە چی بە شەوو ڕۆژ سیبەرت بو بکات ؟

(٤) جاروو : گسك . واتە : لە جیاتیی برژانگەکانی منی سووتاوی بالات چی گسکی توزی کەوشەکانت بدا ؟

(٥) مەنیای : ئەتنا . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

(٦) چیو : شت . بشو پیش : بچیپیایا . واتە : چاوەکەم کاتیك کە پی ناسکەکانت ئەنایە سەر چاوم ، برژانگە تەرەکانم ئازاریان پییان ئەگەیاند ، دەك عومرم نەمینی وەك وەصڵی بالات نییە ، پاش مردنی من ئەبی چی بی بە سەریا برویتو ئازار بە پیت نەگەیەنی ؟ لە هەندی نوسخەدا لە جیاتیی (بشو پیش) نووسراوە (بشیو پیش) بە مەعنا لایق بی بوی .

ڕوویێ چون سەرچەم نازش مەوج مەوەرد
جە سای دیای چەم دڵ مەگرتش گەرد (٧)
هەی ڕۆ سا ئیسە چەنی مەویارۆ
چێشش بۆ گەرد نەدۆو نیگاش بدارۆ (٨)
ئاخ مەیل تازەن پاسەکەردەن پێت
وەر نە کزەی دڵ سا نەشنەفتەبێت (٩)
منت شی جە ویر خاست کەرد دیدەم
بە وێت خاتر شاد خاست کەرد دیدەم (١٠)
سا هەر سۆزەی جۆش ئاە سەرد من
هەر کووڕەی پڕ تاو گەرم دەرد من (١١)
هەر وەفای دەمدەم ئاشنایي ئەو
هەر ئەو عەهدو شەرت ڕووبەڕایي ئەو (١٢)

---

(٧) دیا : روانین . مەعنای ئەم شیعرەش بەسراوە بە شیعری پاشەوە .

(٨) مەویارو : رائەبویری . واتە : روویەك کە ئەوەندە ناسك بوو نازی کە وەك سەرچاوە شەپولی ئەدا ، ئەگەر بە چاوی دلیش سەیرم بکردایە گەردی ئەگرت . ئیستا قور بە سەرم ئەبی چون رابویری پاش مردنی من . وە چی بی ئەگەر تەماشای بکا گەردیشی پی نەگریو راگیریشی‌کاو نەی‌توینیتەوە !

(٩) پاسە : وەها . وەرنە : ئەگینا . نەشنەفتەبێت : نەت‌بیستبوو . واتە : ئاخ ئازیزەکەم مەیلی دوستی تازەیە وای لی‌کردووی موبالاتت نەماوە ؛ ئەگینا بوچی گویت لە کزەی دلی من نەبوە ؟

(١٠) شی : چوو . واتە : ئازیز چاکت کرد منت لە یاد چوو . وە دلت بە خوت خوش کرد .

(١١) مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(١٢) ڕووبەڕایي : ڕووبەڕوو . واتە : دوستی تازەت گرتو منت لە یاد چوو ، جا توخوا هەر سوزەی جوشی هەناسەی ساردی منو کووڕەی گەرمو بە تاوی دەردم ، وە هەر وەفای تاوتاوو ئاشنایيو لە ڕووداگفتدانو لە پاشا پشت لی هەلکردنی دوستە تازەکەت .. هەر خوایان یەکەو بەراورد ناکرین بە یەك ..

هاى ڕەحمەت ئەو قەبر سەودايي كامڵ
سەرمەشق مەينەت (بێساران) مەنزڵ : (١٣)
يانەوێرانى هەر وە من ئامان
مەتاوو گرتەى كەسێوى دامان (١٤)

هامن ، ها ، منوار ، گەرميش جۆش ئاوەرد
فەزاى نەزم بەزم نەوگوڵاڵان بەرد (٢)
بووڵ وە يانەى جەم نەوگوڵاڵان شەند
چەمەن بێ نەواى نااڵەى بوڵبوڵ مەند (٣)

---

(١٣) سەودايي : دلدار . مەعناى ئەم شيعرەش بەسراوە بە شيعرى پاشەوەيەوە .

(١٤) كەسيوى : كەسيك . واتە : ڕەحمەت لە گورى دلدارى راستەقينەو سەرمەشقى دەردو مەينەت مەلا مصطفىى بيسارانى كە وتوويەتى مالويرانى هەر بو من هاتووە ؛ ناتوانم داوينى كەس بگرمو گلەيي لى بكەم . مەبەسى ئەوديە هەر خوم بەختم ڕەشە بويــە ياريش منى لــە ياد ئەچىو دوستى تازە ئەگرى .

(١) مەولەوى ئەم قەسيدەيەى بە بونەى داهاتنى هاوينەوە وتووە .

(٢) هامن : هاوين . منوار : وەك من . فەزا : دەشتايي . واتە : ئا ئەوەتە گەرماى هاوين وەك كووردى دلى من هاتە جوشو مەيدانى ئاهەنگى ريكوپيكى گولالەكانى فەوتاند .

(٣) بوول : خولەميش . شەند : وەشاندى . مەند : مايەوە . واتە : خولەميشى وەشاند بە سەر مالى تيكراى گولالە تازەكانا ، وە ميرگەكان بى ئاوازى نالەى بولبول مانەوە . مەبەسى لە خولەميش ئەوەتە گژوگيا وشك ئەبىو سپى هەلئەگەرىو وەك خولەميش ورد ئەبى .

تای بەڕەزای شەنگ نە سای موغاران
شێونا چون زوڵف تەعزیەداران (٤)
ها ، کاوان ، کاوان دڵ چون دڵڕێشان
هەڕ دان وە سەردا هەردان پەی وێشان (٥)
دووریت ئایر وست وە یانەکەی من
یانێ یانەی دڵ وێرانەکەی من (٦)
هەوا ئایرین ، سەروەخت ئایرین
دڵە ئایرین ، بەدبەخت ئایرین (٧)
وەی گشت ئایرەوە خەیاڵم خامەن
بەختم نا پوختەن فامم نەفامەن (٨)
وەی بڵێسەوە گەردێم باقیەن
وادەی ئایرین بادەی ساقیەن (٩)

---

(٤) شەنگ : جوان . موغار : ئەشکەوت . شیویا : تیکدا . واتە : هاوین تالی بەرەزای جوانی لە سیبەری ئەشکەوتەکانا تیکدا وەک ئافرەتانی عازیەتیدار کە قژی خویان ئەرنن‌و زولفیان تیکئەدەن .

(٥) کاوان (ی یەکەم) : بەرزاییەکان . کاوان (ی دووەم) : قەشاندوویە . هەر : قور . واتە : بەرزاییەکان وەک دل بریندارانن دڵیان لەت بووەو شاخەکان قوریان داوە بە سەریانا بو خویان . مەبەس لە دل لەت بوون ئەوەتە هەرز ئەقڵیشی لە هاوینا ، وە مەبەس لە قور بە سەرا دان ئەوەتە گژوگیایان پیوە نەماوەو هەر خاکەکەیان دیارە .

(٦) وست : بەردایە . واتە : دووریت ئاگری بەردایە مالی دڵە ویرانەکەم .

(٧) سەروەخت : وەرز . واتە : ئیستا چوار ئاگر دەوری داوم ؛ ئاگری ئارەزووی دوست‌و ئاگری وەرزی هاوین‌و ئاگری دڵم‌و ئاگری بەختی بەدم .

(٨) واتە : بە هوی ئەم گشت ئاگرەوە بە تەمای هەرچی بم خەیاڵی خاو ئەکەم ، وە بەختم ناپوختەو تی‌گەیشتنم تی‌نەگەیشتنە .

(٩) واتە : بە هوی بلیسەی ئەم هەموو ئاگرەوە سووتاوم‌و تەنیا کەمێک تۆزم لی ماوەتەوە ، ئەنجا نوبەی ئەوەیە مەی‌گیریش بە شەرابە ئاگرینەکەیەوە بیتە سەرم .

یەشق پیالەی مەست چاوەکەت
بەو پەشێوی‌ی چین پای کلاوەکەت (۱۰)
یا بەی مەی یەڵکم ئایر مەستی
سۆچنۆ یەکسەر خاشاك هەستی (۱۱)

(۱۰) بەشق : بە عەشقی . مەولەوی لەم شیعرەو شیعری پاشەوەیدا قسەی لەگەل مەی‌گیرە . مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پیکەوە دی .

(۱۱) بەی : بیت . سوچنو : بسووتینی . واتە : ئازیز سوێندت ئەدەم بە عەشقی پیالەی شەرابی چاوە مەستەکانتو بە تیکچوویی زولفەکانت لە داوینی سەرو پیچەکەتەوە ، پیالەیەك شەرابم بدەری ؛ بەلکو ئاگری سەرخوشی پڵوپووشی بوونم بە یەکجاری بسووتینیو رزگارم بکا . لە هەندی نوسخەدا نیودی یەکەمی شیعری دووهەم بەمجورە نووسراوە :

سا پیم‌دەر جامی ، بەل ئار مەستی

بەل : بەلکو . ئار : ئاگر .

(۱) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە وەلامی (مەلا نظام) ناویکی برادەریا نووسیوە کە ئەم سە شیعرەی خوارەوەی بو ناردبوو :

دلەی دیوانەم هیممەتش واستەن
ئامان ؛ ها ئامان تەن وە جا ئاستەن
چون کەفتەکاران دل ئەوشون تون
بەن وە تای رشتەی وی وە هوون تون
تەن چون سیاسەنگ نە هەوارانەن
پا شکستەی دەرد دمای یارانەن

واتە : دەخیلتم دلە شیتەکەم مالاوایی کردووە لیمو رویشتووە لەشمی بەجی‌هیشتووە . ئیستا لام‌وایە وەك داماوە لی‌کەوتووەکان کەوتووەتە دوای تو و بەسراوە بە تالەبەنی خو بە خوینا کردووی تووە ، لەشیشم وەك بەردی وەشەوەبووی ئاگردانی کوچەری‌یەکان لە هەوارگەکانا کەوتووە ، وە بە دەردی دوای یاران کەوتن قاچی شکاوە . تکام وایە دلەکەم بو بنیریتەوە با بیتەوە ناو لەشمو بحەسیمەوە .

هەی نظام نە زام نامەت تۆ لا بەرد.
ئای ئای سزاش داو قیامەتش کەرد (٢)
چەنی کزەی گەرم زایەڵەی موشکوڵ
ئیظهار کەردەبێت پەرێ ئامای دڵ (٣)
زۆر ئاوەردەن پێش ناسۆر زامان.
گۆیا جە لای تۆ وە لای من ئامان (٤)
مزانۆ هەرکەس جە عیرفان کەیلەن
هەر جنسێ چەنی جنس وێش مەیلەن (٥)
بێدەرد ئەو بێدەرد ، خەجڵ ئەو خەجڵ
گیان ئارەزووش گیان ، دڵ تەمەناش دڵ (٦)
نەدیەنم وە چەم ، ئاگاهیم نییەن
دڵەکەی منیچ خەیلێن بەرشییەن (٧)

---

(٢) تو : تویکل . واتە : ئەی مەلا نظام ، نامەکەت پەتروی سەر زامەکەمی هەلکەندو کولاندیەوە . . ئای ئازاری زامەکەمیداو قیامەتی بەرپا کرد .

(٣) ئاما : گەرانەوە . مەعنای ئەم نیوە شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشیەوە .

(٤) واتە : لەگەل کزەی بە سوزی هاواری نارەحەتا باسی گەرانەودی دلتت کردبوو گوایە زامی بەناسورکەوتووی زوری بو هیناوە ، لەبەر ئەوە لە لای تووە هاتووە بو لای من .

(٥) واتە : هەرکەس تیگەیشتنی ببی ئەزانی هەموکەسی ئارەزووی لە هاوچەشنی خویەتی .

(٦) خەجل : داماو .

(٧) نەدیەنم : نەمدیوە . بەرشییەن : دەرچووە .

ئەو نە ئاخو داخ ، ئێد هەناسەی سەرد
ئەو ئالوودەی خەم ، ئێد خەریك دەرد (٨)
ئەو هوونا‌و وە تاو ، ئێد ئەسرین چون سەیل
ئەو نە واوەیلا ، ئێد کۆ لەیل ، کۆ لەیل (٩)
مولاقاتشان کەو جە کام هەردەن
کام وێرانەشان ئاوەدان کەردەن (١٠)

-١٢-

ها تەن ئەلوەدای زیندەگانیش کەرد
قەدەم ڕەنجەکەر هامفەردەکەی فەرد (١)
لابەر تەختەی سەنگ ئەڵحەدسەرای ڕێش
جەمکەر گەرد خاك جەستە خەستەی وێش (٢)

---

(٨) واتە : دلی تو ئاخ هەڵئەکیشی‌و دلی من هەناسەی سارد .. دلی تو گرفتاری خەفەتە‌و دلی من تووشی دەرد .

(٩) واتە : دلی تو بە تاو خویناوی لی ئەچی‌و دلی من لافاوی فرمیسك ئەریژی .. دلی تو هاوارو فغانیەتی‌و دلی من هەر ئەپرسی ئەوە لەیل چی بەسەرهات ؟

(١٠) کەو : ئاخوم . واتە : ئاخوم لە کام شاخ‌و کیو یەکیان گرتبیتەوە، چ ویرانەیەکیان ئاوەدان کردبیتەوە .

(١) ئەلوەدا : الوداع ، مالاوايي . ڕەنجەکەر : ئەزیەت بدە . واتە : هاورێ تاقانەکەم وا لەشم مالاوايي لە ژیان کردو مردم ، زەحمەتی پێی خوت بدە وەرە بو سەر قەبرەکەم .

(٢) واتە : تەختە بەردی سەر ئەلحەدەکەی برا زامارەکەت هەلبرەو خوڵ لەشی کوکەرەوە کە نەخوشی عەشقی خویەتی .

ئامێتەن وە یاد بالای تورك تەڕ
یانێ نم ناکەن زوو مەبۆ وە هەڕ (٣)
دروس کەر نەو هەڕ شێوەی بوڵبوڵێ
بنیەش نە سەر شاخ گوڵێ یا چڵێ (٤)
یەڵکم ئەو صەیاد جە ناکاو جارێ
بویەرۆ پەی گەشت کوشت شکارێ (٥)
نەچیرگای وێشەن وە پارێز کەم کەم
بەڵەدەن ، مدیۆ ، مەکەرۆش وە چەم (٦)
خەدەنگێ هەنی هەوا دەرۆوە
پەرێ مەرگێو تەر ئیحیام کەرۆوە (٧)

---

(٣) ئامیتە : تیکەل . تورك تەر : ناسك وەك نازارانی تورك . واتە : خولی لەشم تیکەل بووە لەگەل یادی بالای تەرو پاراوی یار ، لەبەر ئەوە نم دارەو ئەبی بە قور .

(٤) نەو : لەو . واتە : لەو قورە وینەی بولبولیك دروست کەو لە سەر لقی گولیك یا چلی درەختیك دابنی .

(٥) بویەرو : تی پەری . کوشت : کوژراو . شکار : راو . واتە : بەلکو ئەو راوچی یەی گیانی دلداران جاری لە جاران لە ناکاو تی پەری بەو شوینەدا کە وینەی بولبولەکەی تیا دانراوە ، بو گەران بە دوای نیچیریکی راوا . لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی (وە ناکاو) نووسراوە (وە سالی) وە لە جیاتی (کوشت) نووسراوە (سەیری) .

(٦) مدیو : ئەروانی . مەکەروش وە چەم : بەدی ئەکا . واتە : چونکە ئەو ناوچەیە نەچیرگای خویەتی پاریز ئەگری و وردە وردە دیتە پیشەوە ، خوی شارەزایە وینەی بولبولەکە بەدی ئەکا .

(٧) هەوا دەرووە : فری داتەوە . واتە : وەك پیشان بە تیری عەشقی خوی کوشتمی ئەمجارەش تیریکی ترم تی تەقینی و زیندووم بکاتەوە بو مەرگیکی تر . مەبەسی ئەوەیە تیری ئەو زیندوو ئەکوژی و مردوو زیندوو ئەکاتەوە .

هەرساتێ صەدجار بەو تیر نەو تەرکەش
زیندەگیو مەردەن ئامان وەشەن وەش (٨)

- ١٣ -

های ڕەقیب ئەوشۆن دیدەم هیجرەت کەرد
عومر کێ وەیڕەنگ وە تاڵی ویەرد (١)
عومرەنی ئازیز ، هەر عادەت بییەن
کەس جە عومر وێش وەفاش نەدیەن (٢)
بەڵام ئاخر گیان شیرین دڵبەر
چون ملی وە صەبر ئازارم مەدەر (٣)
وەر نییەی وە تەنگ ئەی بەدبەختەوە
گل بدۆ وە دەم زام سەختەوە (٤)

---

(٨) تەرکەش : جیگای تیر . واتە : خوشە ئینسان سەعاتی صەدجار زیندوو بکریتەوەو بکوژری بە تیری تیردانی ئەو یارە .

- ١٣ -

(١) ڕەقیب : بەدکار . ئەوشون : بە دوای . واتە : ئازیزەکەم کوچی کردو بەدکاریش بە دوایا ڕویي ، ئەی هاوار عومری کی بەمجورە بە هیچو پووچ چووەتە سەر !

(٢) نەدیەن : نەدیوە . واتە : ئازیز لومەت ناکەم وا بەجیتهیشتم چونکە تو عومری منی ، وە تا ئیستاش هەروا بووە کەس وەفای لە عومری خوی نەدیوە .

(٣) ملی : ئەڕوی . واتە : دولبەرەکەم .. گیانە شیرینەکەم کە هەر هەر ئەڕوی توزی بە ئارام برو ئەزیەتم مەدە .

(٤) نییەی : نیت . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە . لە هەندی نوسخەدا نیوەی دووهەمی ئەم شیعرە بەمجورە نووسراوە :

گل بدوم وە دەم گیاندای سەختەوە

بدوم : بدەم . گیاندا : گیاندان .

چمان دڵ جمان چەنیت پەی سەفەر
زامارەن کەفتەن پاوەپاییش کەر (٥)

ـ ١٤ ـ (١)

هەوای (سەرسارا) وە خصووص وەتەن بۆ
ئەرچی صەفای ڕۆح ، ڕاحەتی‌ی تەن بۆ (٢)
بەڵام دووری‌ی تۆ یەند زۆر ئاوەردەن
دەردێ وە دەروون هامدەردان بەردەن
وە هەرجا تەشریف تۆ ئەرزانی‌یەن
هەر دیدە پەی تۆ (هەزارکانی)یەن (٣)

---

(٥) چمان : وائەزانم . جمان : جوولاوە . پاودپایي . واتە : ئەگەر بە تەنگ ئەم بەدبەختەوە نیت بە دەم زامەوە بتلیتەوە ، بە دەربەستی دڵەوە بە ، وائەزانم لە گەلتا کەوتووەتە ری ، بە پی‌ی ئەو برو چونکە زامارە کەوتووە .

ـ ١٤ ـ

(١) مەولەوی ئەم سە شیعرەی بو (شیخ حسەینی هەزارکانی‌یانی) نووسیوە .

(٢) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە دوو شیعری پاشەودیەوە . لە هەندی نوسخەدا نیوەی یەکەمی ئەم شیعرە بەمجورە نووسراوە :

هەرچەند سارال خصووص وەتەن بو

(٣) واتە : ناوچەی سارالی سەروو ، با نیشتمانی تایبەتی‌یشت بی‌و هەواکەی مایەی خوشی‌ی دڵو ڕەحەتی‌ی گیانت بی ، وەنەبی پیویست بی هەرلەوی دانیشی ، چونکە دووریت ئەوەندە زوری هیناوە بو دوستان وە دەروونیانی بە دەردیکی وا بردووە تەشریفت لە هەرکوی دانیشی لە خوشی‌یانا چاوی هەر دوستیك ئەوەندەی هەزار کانی فرمیسکی شادمانی‌ی لی‌ئەرژی ، یان وەك (هەزار کانی‌یان) بوت ئەبی بە جیگەو ماوا چونکە هینانی وشەی (هەزار کانی) ئیشارەتە بو ناوی دی‌کەی شیخ حسەین کە (هەزار کانی‌یان) بووە .

هەرچەند وێم زەدەی بادەی فیراقم
وە دین دیدەت خەیلێ موشتاقم (١)
بەلّام شیرینی جە لام تاڵی یەن
جات خاڵی نەبۆ جاگەت خاڵی یەن (٢)
ئەر وەصڵەن دادم پەرێ فیراقەن
وەر هیجرەن پەی وەصڵ تاقەتم تاقەن (٣)

—١٦— (١)

هەقت بەدەسەن کاربەدەس ئاسان
نەکێشانت جەور موژەی خاڵخاسان (٢)

---

(١) زەدە: پیکراو . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

(٢) واتە : هەرچەند گرفتاری دەردی جیاییم و گەلیك موشتاقی چاوپی کەوتنتم ، بەلام شیرینی ی گەیشتن بە تو بە تالی ئەزانم ، وە جیگایشت خالی نەبی هەر بە خالی ی ئەزانم .

(٣) واتە : چونکە ئەگەر لەگەلتا بم هاوارو فغان لە تاو ئەو روژە ئەکەم کە لیم جوی ئەبیتەوە ، وە ئەگەر لیت دوور بم سەبرم لانامینی و ئارەزووی وەصلت ئەکەم .

(١) ئەم چوارینەو چوارینەی پاشەوەی لە نوسخە دەسنووسەکەی خوما پیکەوە بوون وە بەشیك بوون لە پارچەی (گیج ئالانی) کە لە (تیپی گاف)دا لە ژیر ژمارەی (٤)دا بلاو کرایەوە ، بەلام دیم کە هیچ پەیوەندیان بەویوە نی یە ، وە لە نیوانی خویشیانا لە یەك پارچە ناچن ، لەبەر ئەوە وا لێرەدا هەرکامیانم بە سەربەخو بلاو کردەوە . دیاریشە کە ئەمەیان پاشماوەی پارچەیەکە بەلام نەمانتوانی شوینی راستەقینەی بدوزینەوە .

(٢) نەکیشانت : نەتکیشاوە .

ئەو دۆزەخ چێشەن عەزابش جە کۆن
دۆزەخ هەر دۆزەخ دووری‌ی بالای تۆن (٣)

ـ ١٧ ـ [1]

هیچ‌کەس نەواچۆ وە فەرهاد ڕەندەن
نەقش شیرینش نە ڕووی سەنگ کەندەن (٢)
دەك ڕێزان‌دەس با وەر جە گیان سەندەن
کێ ئەڵماس نە ڕووی دیدەی وێش شەندەن (٣)

---

(٣) ئەو دوزەخ : جەهەنمی ئەو دنیا . جەکون : لەکوی‌یە .

ـ ١٧ ـ

(١) ئەم چوارینەم بەوجورە بلاو کردەوە کە لە سەردەمی فەقی‌یەتیدا لە خوا لی‌خوش‌بوو مەلا سەیدحەکیمی خانەقیم بیستووە کە هەموو جاری بە سوزەوە ئەی‌خوێندەوە . لە نوسخە دەسنووسەکەی خوشما هەیە ، وە لە ئاخری پارچەی (گیج ئالانی)یەوەیە ، بەڵام وەك لە پەراویزی چوارینەی پیشوودا وتم ، لەبەر بی‌پەیوەندی‌ی نیوانیان لیم جوی کردەوە . لەو نوسخە دەسنووسەدا دوو جوملەی بە جوریکی‌تر لێرە ئیشارەتی بو ئەکەم .

(٢) رەند : زیرەك . کەندەن : هەلکەندووە . لە نوسخە دەسنووسەکەی خوما لە جیاتی‌ی (هیچ‌کەس نەواچو) نووسراوە (هەنی نەواچان) . بە پی‌ی ئەوە دیارە ئەبی ئەم‌چوارینەش پاشماوەی پارچە شیعرێك بی .

(٣) ریزان : داوەریو . شەندەن : وەشاندووە . واتە : کەس نەلیت فەرهاد عاشقیکی زیرەك بووە چونکە توانیویەتی وینەی شیرین لە سەر بەرد هەلکەنی ، یاخوا بەر لەوەی عیزرائیل گیانی بکیشی ، دەسی دارزی بو ئەو ئیشەی کردوویەتی ، تا ئیستا کی ئەلماسی داوە لە چاوی خوی ، ئەگەر ئەو زیرەك ئەبوو لەگەل شیرین ئەبوو بە یەك ، وە وینەکەی شیرینی بە شەخسی خوی دائەناو بە ئەلماس تی‌ی‌بەرنەئەبوو . لە نوسخە دەسنووسەکەما لە جیاتی‌ی (ریزان‌دەس با) نووسراوە (دەسش ریزو) .

- ١٨ -

هاڵ بەدهاڵ ، بەدەن هاڵیو هەواڵە
یانێ های چون سەنگ قولەی قەزاڵە (١)
موارۆ واران خەمان پێشەدا
هاڵای صەدای دەنگ تۆ ها تێشەدا (٢)

- ١٩ -

هیجرانت جە تەرح باد وەیشوومی
یەکایەك ئەوراق جەسەی مەعدوومی (١)
کەرد وە فەرش ڕای گوزەرگای یاران
بەرد پەی پای هەردان ساراو کۆساران (٢)

- ٢٠ -

هەرچی دیت وە چەم شی وە سەفەردا
هەرچی موینی ها نە گوزەردا (١)

- ١٨ -

(١) هال : حال . هالی : خالی . هەواڵە : چوڵوهول . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

(٢) موارو : ئەباری . هالای : هیشتا . واتە : حالم بەدحاڵەو لەشم چوڵوهولە هیزی تیا نەماوە ، وە وەك بەردی سەر قولەی قەزاڵە بارانی خەمی ئەباری ، کەچی هیشتا دەنگدانەوەی دەنگی توی لی نەبراوە .

- ١٩ -

(١) ئەوراق : جەمعی (ورق)ە بە مەعنا گەلا . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

(٢) بەرد : بردی . واتە : دووریت وەك بای توندی پایز یەکەیەکەی گەلای لەشی مەولەوێی وەراندو کردی بە فەرشی زێگای گوزەرکردنی یاراەو گەیاندیە داوینی دەشتو شاخەکان .

- ٢٠ -

(١) شی : چوو . موینی : ئەبینی . مەعنای هەردوو شیعرەکە پیکەوە دی .

کەس حاڵی نەبی وە هیچ نەفاما
ئەو پەیچێش وبەرد ، ئێد پەیچێش ئاما (٢)

- ٢١ -[1]

هەرکاتێ زانای کام وە دانەوە
شەو شەیتان مالاّ وە خەرمانەوە (٢)

- ٢٢ -[1]

هەرچیت دابووپێم یەکیەک دامەوە
حیساب حەشرت وا وە لامەوە (٢)

- ٢٣ -

هەریەند دڵ لەبڕێز خەیاڵ خاڵەن
جە خەیاڵ خاڵ ماچی خاڵخاڵەن (١)

---

(٢) واتە : هەرکەست لەمەوپێش دیوە ئەم دنیایەی بەجێهێشتووە ، وە هەرچی ئیستا ببینی بەریوەیە بەجێی‌بێلی ، کەسیش حاڵی نەبووە تێنەگەیشتووە ئەو بوچی مردو ئەم بوچی لەدایکبوو !

- ٢١ -

(١) مەولەوی لەم شیعرەدا ترسی خوی لە نەفس‌و شەیتان پیشان ئەدا .
(٢) مالا : مالێیەوە . واتە : هەرئەوەندەتزانی شەویک شەیتان هاتە سەر خەرمانی کردەوەم کاو دانی هەموو ماشێیەوەو بردی ..

- ٢٢ -

(١) مەولەوی لەم شیعرەدا لەگەل خوای گەورە قسە ئەکا .
(٢) واتە : خوایە هەرچیت پێدابووم یەکەیەکە هەمووم دایتەوە ، هیشتا حیسابی روژی حەشریشت بە سەرمەوەیە . مەبەستی لە پیربوونو لێکەوتن‌و مردنە .

- ٢٣ -

(١) لەبڕیز : ئەوەی لیوارەکەی لێبرژی . واتە : دلم ئەوەندە پر بووە لە خەیاڵی خاڵی یار ، لەبەر زوریێ خەیاڵ کردنەوە لە خاڵ ، ئەڵێی نوختە نوختەی لە سەر پەیدا بووە .

شیپی یِ

— ١ —

یاد زوڵف لوول شیرین نیگاران
خەیاڵ ئەبرۆی نازك نازاران (١)
ئەو بیەن وە چین صەفحەی پێشانیم
ئێد خەمچەمەکەی باڵای کەمانیم (٢)
فکر دانەی خاڵ ژەرەژ خەرامان
ئەندێشەی باڵای نەوڕەس نەمامان (٣)
ئەو تانەی دیدەی سۆمابێزمەن
ئێد دانەی ئەسرین وەتاوڕێزمەن (٤)
مطرب یە کەمان باڵای خەموەردەم
یە تار ئەسرین خەم کۆك ئاوەردەم (٥)

— ١ —

(١) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەودیەوە .

(٢) واتە : یادی زولفی لوولی یارانی وەك وینە جوان بووە بە لوح لەسەر تەختی تەویلم ، وە خەیال کردنەوە لە نازارە ناسکولەکان بووە بە هوی چەمینەوەی باڵام وەك کەوان .

(٣) ژەرەژ : کەو . ئەندیشە : بیر . مەعنای ئەم شیعردش بەسراوە بە شیعری پاشەودیەوە .

(٤) سۆمابیز : تروکایي لێبیزراو . ریز : دارژاو . واتە : بیرکردنەوە لە دانەی خاڵی جوانانی وەك کەو لەنجەولارەکەر بووە بە تانەی سەرچاوی تروکایي لێبیزراوم ؛ وە خەیاڵ کردنەوە لە باڵای نەمامە تازە پێگەیشتووەکان بووە بە فرمێسکی بەتاو دارژاوم . مەبەستی ئەوەیە فرمێسك لە چاوەکانیەوە ریك ئەرژیتە خوار وەك باڵای بەرزو قنجی یار .

(٥) یە : ئەمە . مەعنای ئەم شیعردش بەسراوە بە شیعری پاشەودیەوە .

سا دەی تەنخوای من وەی دەم دەردەوە
لێدر نەوایێ وەی چەند فەردەوە : (٦)
یا جە گونای من کەرەم ئاوانتەر
ڕەحمەت جە تاوان من فراوانتەر (٧)
هەر تۆنی وە تاق داناو تەوانا
تۆم هەنی ، هەنی ئەو کێم بۆ هانا (٨)
خەریك کردەی وێمو فەضڵ تۆم
ئێد متاونۆم ، ئەو ملاونۆم (٩)
بۆ بێ عەدالەت فەضڵت چەنیم بۆ
وەسێمەن خەجڵەت خزمەتەکەی تۆ (١٠)

---

(٦) واتە : کاکەی ئاهەنگگێر وەزعم زور ناخوشە ، بگرە ئەوە بالای چەمیودم بیکە بە کەمان ، ئەوەش فرمیسکی چوراوگە بەستووم کە خەم کوکی کردووە بیکە بە تار ، وە لە جیاتیی من لەم حالی بە دەرد گرفتار بوویمەدا ئاوازەیەکم بو لیدە بە دەم ئەم چەند شیعرەوە کە ئەمانەن لەمەوپاش دین .

(٧) ئاوانتەر : ئاوەدانتر ، زورتر . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بەوی پاشیەوە .

(٨) هەنی (ی یەکەم) : هەیت . هەنی (ی دووەم) : ئیتر . هانا : هاوار . واتە : ئەیخوایە کە بەخشندەگیت لە گوناهی من زورترە ، تەنها توی زاناو خاوەن دەسەلات ، منیش هەر تو شك ئەبەم ، لە تو بەولاوە پەنا بەرمە بەر کی ؟

(٩) واتە : لە نیوانی کردەوەی خومو فەضلی تودا داماوم ، ئەمیان ئەمتوینیتەوە لە خەجالەتیداو ئەویان ئەمڵاوینیتەوە تا نەترسم .

(١٠) وەسیمەن : بەسمە . خەجلەت : شەرمەزاری . مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری پاشەوەیدا دی .

پەردە جە ڕوخسار کەردەم لامەبەر
جە لای هامسەران ڕووسیام مەکەر (١١)
یەند بەرۆم خەجڵەت کەردەم بە وێدا
سەراپام طفلێ دەس مارۆ پێدا (١٢)
چون فکر فەضڵت پەردە نەوازۆ
جوانیم پیری ئاوات مەوازۆ (١٣)

(١) ـ ٢ ـ

یاشێخ ، هەڕگاوان مەیلەکەی لەیلێ
سەربەسەر وە گیان هەرزانەن خەیلێ (٢)

---

(١١) واتە : وەرە بە پێی داد لەگەڵم مەکە ؛ چونکە ئەگەر وام لەگەڵ بکەی ئەبی سزام بدەی لەبەرئەوە کە تاوانبارم . بە پێی لوتفی خوت لەگەڵم بجوولێرەوە ، ئەوەندەم بەسە کە شەرمەزاری حوزوورت بووم ؛ ئیتر پەردە لە ڕووی کردەوەم لامەدەو ڕوورەشی لای دوستانم مەکە .

(١٢) بەروم : ئەمبا . مارو : دینی . واتـە : شـەرمەزاریی کردەوەم ئەوەندە ئەمباتەوە بە قاوغی خوماو بچووکم ئەکاتەوە ؛ منالیك ئەتوانی دەس بینی بە سەراپای لەشما .

(١٣) نەوازو : نەیەوی : موازو : ئەخوازی . واتە : کاتیك کە نیازی لوتفت دەرکەوی‌و پەردە نەدا بە ڕووی خویا لە عاستی من . پیریم ئاواتی زەمانی جوانی ئەخوازی‌و ئەلی مادەم خوا بەخشندەیە خوزگە هەرگیز زەمانی لاویتی دوایي نەهاتایە .

ـ ٢ ـ

(١) مەولەوی جاریکیان لە خانەقای تەویلە میوان بووەو لە باڵەخانەکەی سەرچەمەکە دابەزیوە ـ کە دیوەخانی شیخی بهاالدین بووە ـ کات زستانو دنیا تەروتووشی بووەو ژوورەکەی مەولەوی دلوپەی کردووە . مەولەوییش بەم چـەند شیعرە داوای لـە شیخ کردووە کـە بان گوشیك بنیڕێ بانی ژوورەکە بگیڕی .

(٢) هەرگاوان : قوراوەکان . واتە : یاشیخ قوراویك کە بە هوی مەیلی لەیلیوە بپڕژی لە گیانی دلدار ، ئەوەندە بەنرخە ئەگەر سەربەسەر بیگوڕیتەوە بە گیانی خوی هیشتا بە هەرزان دەسی کەوتووە . کەواتە من لە دلوپە کردنی ژوورەکەم زویر نیم ، وە هەر کردوومە بە بیانوو بو ناردنی ئەم چەند شیعرە .

جووش کووره‌ی مه‌یل دڵستانی‌یه‌ن
ده‌واش هه‌وای فه‌رد زمستانی‌یه‌ن (٣)
ئۆسای بلوور به‌ند په‌نجه‌ره‌ی کاوان
ئاینه‌سازیش وست ئه‌و شه‌تاوان (٤)
وه‌روی به‌رد ئه‌و به‌ست گرد گوزه‌رگایێ
دووی ئازیزشه‌ن دڵ ئاهه‌ڕایێ (٥)
های نه ، دڵ لواو ئاماش په‌ی نی‌یه‌ن
مه‌کیانه‌ش په‌ی‌چێش نه‌سیم کۆ شی‌یه‌ن (٦)
نه‌سیم په‌نجه‌ی پات ئه‌ر سه‌ردی کێشان
بداره‌ش نه تۆی دڵ ده‌روون ڕێشان (٧)

---

(٣) دڵستانی : دڵسه‌ندن . واته : ئیستا کاتی جوش سه‌ندنی کووره‌ی خوشه‌ویستی‌یه که دل له ئینسان ئه‌سینی ، وه ئه‌و که‌ف‌وکوله به هه‌وای شیمری باسی زستان کردوو دائه‌مریته‌وه .

(٤) وست : خسته . واته : وه‌ستای شووشه تیخه‌ری په‌نجه‌ره‌ی شاخه‌کان ده‌سی کرد به ئاوینه دامه‌زراندن به‌سه‌ر چه‌مه‌کانیشا . مه‌به‌سی ئه‌وه‌یه ئه‌و خوایه‌ی که چوراوگه‌ی ئاوی سه‌رشاخ‌و ئه‌شکه‌وته‌کانی کرد به سه‌هول ، چه‌مه‌کانیشی مه‌یاند .

(٥) وه‌روی : به‌فر . به‌ردئه‌وبه‌ست : بردیه به‌ست ، دای‌پوشی . ئاهه‌را : ئه‌و ریگایه‌ی که به زه‌حمه‌ت پی‌ی‌بووتری ریگا . واته : به‌فر ریگاو بانه‌کانی هه‌موو داپوشیوه ، دل ئه‌گه‌ر تاقه ریگایه‌کی ببی بو لای یار بریتی‌یه له دووکه‌لی هه‌ناسه‌ی که هه‌لی‌ئه‌کیشی له تاو دووری‌ی ئه‌و .

(٦) مه‌کیانه‌ش : مه‌ی‌نیره . کوشی‌یه‌ن : بو کوی چووه . لیره‌وه مه‌وله‌وی ئه‌که‌ویته قسه له‌گه‌ل خوی‌و ئه‌لی نه‌که‌ی دل بنیری ، چونکه دل هات‌وچوی بو نی‌یه ، ئه‌ی نه‌سیم بو کوی چووه ، ئه‌و بانگ‌که بینیره .

(٧) بداره‌ش : بیخه‌ره . واته : نه‌سیم ، ئه‌گه‌ر په‌نجه‌ی پیت سه‌رمای بووه بیخه‌ره ناو دلی ده‌روون بریندارانه‌وه با گه‌رمی بیته‌وه . مه‌وله‌وی لیره‌دا ورده‌کاری‌یه‌کی جوانی کردووه که نه‌سیمی شوبهاندووه به ئینسان که به سه‌ر به‌فرا بروا پی‌ی سه‌رمای ئه‌بی ، نه‌سیمیش که به سه‌ر به‌فرا بوه‌زی دیوی سه‌ر به‌فره‌که‌ی هه‌وای ساردی به‌فره‌که وه‌رئه‌گری .

شۆن هەن نەی سەروەخت ، سازان پەی دەلیل
جە هەر سەربەرزێ هەرس دیدەم میل (٨)
بشۆ چون یاوای وەی دووی سەردەوە
بێپرسا بنالّ وەی دوو فەردەوە : (٩)
بالّاخانەی چەم دیوانەکەی تۆ
بانەناو وە گڵ ئاسانەکەی تۆ (١٠)
تکەش عاجز کەرد خەیالّت تێشدا
ئازیز بۆ جارێ پا بنیە پێشدا (١١)

---

(٨) شون : شوین . سازان : دروستی کردووە . میل : ئەو دارەی لە سەر ریگای بێنیشانە دای‌ئەچەقینن بو ئەوەی ریبوار ری ون نەکا . واتە : ئەگەر لەوە ئەترسی ریگات لی ون ببی ؛ مەترسە ، چونکە ریگاکە نیشانەی هەیە . لەم زستانەدا فرمیسکی چاوەکانم لە هەموو بەرزاییەکا نیشانەیەکی داناوە بو ریبەدیی کردن .

(٩) بشو : بچو . یاوای : گەیشتی . پرسا : پرس . بنال : بنالینە . واتە : برو بو لای دوست ، کە گەیشتیتە لای بەدەم هەناسەی سارددەوە بنالینەو ئەم دوو شیعرە بلی . دوو شیعرەکە ئەوانەی پاش ئەم شیعرەن .

(١٠) بانەناو : سواغدراو . مەعنای هەردوو شیعرەکە پیکەوە دی .

(١١) تکە : دلوپە . بنیە : بنی . واتە : بالەخانەی سەرچەم کە دیوەخانی تویەو بانەکەی بە خاکی بەردەرگاتان سواغ دراوە ، کەوتووەتە دلوپەکردن ، وە بە هوی ئەوەوە ناتوانین لە سەر ئوسوولی تەریقەتی نەقشبەندی خەیال لە تو بکەینەوە تیایاو (رابیطە)ت بکەین ، جاریك تەشریف بینە پێیەکی پێ بنی با دلوپە نەکاو بتوانین خەریکی بیرکردنەوەکەمان بین . ئەمە مەعنا دیاریەکەیەتی ، بەلام مەولەوی مەعنایەکی لەمە وردتریشی مەبەست بووە کە ئەوەتە بالەخانەی چاوی دلدارەکەت کە دلی دیوەخانی خوتەو هەمیشە توی تیایت ، وە بانەکەی بە خاکی بەردەرگاکەت سواق دراوە ــ مەبەسی لەودیە گوایە هەموو جاری پێی ئەنایە سەر چاوی ــ تكتك فرمیسکی لێئەرژی ؛ لەبەر

ـ ٣ ـ (١)

بیاران بەرشی یەن جە زێد وە زامن
گرد تەفرەقە بین چون خەیاڵ من (٢)
گەرد کۆچشان ئانا دیارەن
دەك لێلاوێت بۆ چۆنت قەرارەن (٣)
سەنگی بار هۆش ، پێشبار فامت
دەوار شادی ، چینخ ئارامت (٤)

ئەوە وینەت لە ناو چاوما عاجز بووە ـ چونکە کە چاو ئاو بکا وینەی هیچ بە سافی وەرناگری ـ سا ئازیز پی ناسکەکانت بنی بە سەر چاوەکانما با دامرکێنو فرمێسك نەرێژن . .

لە هەندی نوسخەدا شیعری یەکەم لەم دوو شیعرە بەمجورەیە :

بالەخانەی چەم دل دیوانەکەت
بانەناو وە خاك سەر ئاسانەکەت

واتە : بالەخانەی سەرچەم کە هی دوستە دل بو شیت بووەکەتە . وە بە پێی مەعنای دووەم بالەخانەی چاوی ئەو دوستە کە دلی شیت بووە بوت . . تاد .

ـ ٣ ـ

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە پاش مردنی ئەحمەد بەگی کوماسی وتووە ، وە قسە لەگەل خوی ئەکا تیایا .

(٢) زید : جیگای لەدایکبوون ، دنیا . واتە : دوستان هەموو مردنو گور گرتنیە باوەشو بوو بە زامنیان ، وە وەك خەیاڵە پەریشانەکەی من پرژو بلاو بوون .

(٣) واتە : توزی بارو کۆچیان دیارە ، ئەی تو چون خوت گرتووەو نەرویشتووی بە دوایانا ، دەك کویرایێت دایەت .

(٤) سەنگی بار : باری قورس کە کاروانچی لە کاروانا ئەیخەنە دواوە . پێشبار : شتومەکی سووك و هەرزانبەها کە ئەیخەنە پێشی کاروانەوە . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

لوان چەنی کۆچ خاڵۆکەی هامڤەرد
ئیستە بار وستەن نە هەوارگەی هەرد (٥)
تۆ چێشی مەکەری کەمهژش کەمفام
پەرێ عەیبو عار مەندەنی جە لام (٦)
سا چەنی ئەرواح یاوە وە یاران
با تەن بۆ وە سەنگ مەندەی هەواران (٧)

یاوا پێم نامەی شیرین خیتامەت
دەك دەك نەڕێزۆ سەرپەنجەی خامەت (٢)

---

(٥) لوان : رویشتووە . واتە : باری قورسو سووکی هوشو ئامتو ؛ دەوارو چیەتی شادیو ئارامیت لەگەل کوچو باری خالودا رویشتوونو ئیستا لە هەوارگەی دەردو مەینەتا باریان خستووە .

(٦) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشیەوە .

(٧) چەنی : لەگەل . یاوە : بگە . واتە : ئەی تی‌نەگەیشتوو ؛ تو بە تەنیا چی‌ئەکەی وا لیرە ماوی ؟ هەر بو عەیبو عار ماویتەوە لام ، هەلسە لەگەل گیانما بکەودەری‌و بگەردوە بە دوستان ، چش با لەشە ردش‌بوودوەکەم لیرە بەجی‌بمینی وەکو بەردی ژیر مەنجەل کە لە هەوارەکانا ئەمینیتەوە .

(١) مەولەوی ئەم چەند شیعرەی بو شیخی بهاألدین نووسیوە کە نامەیەکی بو ناردبوو ، وە تیایدای باس‌کردبوو کە شیخ ضیاألدینی برای لە ئیرانەوە گەراوەتەوە .

(٢) نەریزو : دانەوەری . واتە : نامە ئاخر خوشەکەتم پی‌گەیشت . یاخوا هەرگیز ئەو سەرپەنجانەت دانەرزین کە قەلەمەکەیان گرتبوو بە دەستەوە . وشەی (شیرین خیتامەت) ئیشارەتە بو ئایەتی (ختامه مسك) .

سیای سورمه‌ی خه‌ت نه دیده‌م شانا
بادره‌وشه‌ی وه‌ره‌ق خه‌مان ڕفانا (٣)
مه‌رهه‌م بی په‌ی زام ئه‌فعی‌یان گه‌سته‌م
ده‌وا بی په‌ی ده‌رد جه‌سته‌که‌ی خه‌سته‌م (٤)
ته‌سکین دا وه ئێش نێشه‌که‌ی دووری
وه دڵه‌ی سۆچیای نار مه‌هجووری (٥)
مه‌گه‌ر خوداوه‌ند که‌ره‌م که‌رده‌وه
ته‌فره‌قه‌ی یاران جه‌م ئاوه‌رده‌وه (٦)

یار وه‌فادار شه‌رتو به‌ین بێشۆ
چون نوور دیده‌ی مه‌عدوومی مه‌بۆ (٢)

---

(٣) شانا : وه‌شاندم . بادره‌وشه : باوه‌شین . رفانا : راوێنا . واته : مه‌ره‌که‌به ره‌شه‌که‌یم وه‌ك كله وه‌شاند به چاوما ، كاغه‌زه‌كه‌ش له جیاتی‌ی باوه‌شین خه‌می لی دوورخسته‌وه .

(٤) ئه‌فعی : مار . واته : نامه‌که‌ت بوو به مه‌لهه‌می زامی ماران‌گه‌سته‌م‌و ده‌رمانی ده‌ردی له‌شی بیمارم .

(٥) واته : ئیش‌و ئازاری نووکی تیژی دووریتی داسوكناندو ئیسراحه‌تی دا به دلم كه به ئاگری دووری سووتاوه .

(٦) واته : چونكه خوا لوتفی كردو دوستانی له‌یه‌كبووی یه‌كخسته‌وه .

(١) مه‌وله‌وی ئه‌م دوو شیعره‌ی به بونه‌ی كویربوونیه‌وه وتووه .

(٢) بی‌شو : بی‌ئه‌ندازه . مه‌عنای هه‌ردوو شیعره‌كه پیكه‌وه دی .

وەختێ بەندەی وێش بێحاڵ وە چەم دی
ئەسرین وە چەمدا ڕێزاو پەشێو بی (٣)

- ٦ -

یاران ، دڵداران نە تۆی دڵ داران
یێ یاد یاران ، یاران مەویاران (١)

---

(٣) واتە : یاری بەوەفای گفتو پەیمان لە ئەندازە بەدەر ڕاست وەك ڕووناکی‌ی چاوی من ئەبی ، کـە منی خولامی خوی دی حالم پەریشانە ، فرمیسکی بە چاوی خوی‌دا ڕژاندو تیکچوو . مەبەسی ئەوەیە چاوی بو بەشدار بوون لە نارەحەتی‌ی حالیا کویر بووە .

- ٦ -

(١) داران : ڕائەگرن . مەویاران : ڕانابویرن . واتە : عاشقە دلدارەکان یارەکانی خویان لە ناو دلیانا ڕائەگرن ، چونکە دوست بە بی یادی دوست ناتوانی بژی .

بێداری و ڕاست کردنەوە

(١) لە هەندی شوێنا بە هەلە (تەزەرو)مان بە (جورە چولەکەیەك) مەعنا لێداوەتەوە ، بەلام راستیەکەی (کوترە باریکە)یە .

(٢) لە لاپەرەی (٩٩)دا لە پارچە شیعری دووهەمی (تیپی پی)دا (رەسوول)ی (ئەی رەسوول)مان بە (عیزرائیلی مەلائیکەی گیان کێشان) مەعنا لێداوەتەوە . بەلام لە پاشا بومان دەرکەوت کە مەبەس (شێخ رەسوول)ی باپیرە گەورەی (سید طاهری هاشمی)یە کە تەدارەکی بەخاك سپاردنی (شێخ عبدالصمد)ی کردبوو کە لە نزیکی (دەولەت ئاوا) مار پیوەی دابوو ، وە کوشتبووی .

(٣) شیعری (شنەفتم ، گیانم بالا تووڵ نەی)و شیعرەکانی پاشەوەی کە لە لاپەرە (١٧١)دا بلاوکراونەتەوە لە داوینی پارچەی دووهەمی (تیپی چیم)دا ، بە هەلە کەوتوونەتە ئەوی . پاشان لە جێگەی راستی خویانا کە (تیپی شین)ە لە ژێر ژمارەی (١٢)دا بلاوکراونەتەوە .

(٤) لە لاپەرەی (٢٠١)دا دوو دێری حاشیەی شیعری یەکەمی پارچەی نوهەمی (تیپی خی) بە هەلە لە نیوانی دێری دووهەمو سەهەمی حاشیەی شیعری دووهەمی ئەو پارچەیەدا دانراون .

(٥) لە لاپەرەی (٢٢١)دا نیوەی یەکەمی شیعری هەشتەمی پارچەی پێنجەمی (تیپی دال) بە هەلە کەوتووەتە نیوانی هەردوو نیوەکەی شیعری نوهەمەوە .